خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن    بابان ئەنوەر




# ناسیۆنالیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك وەرگێڕ

2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

4

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# ناسیۆنالیزم

بابەت: فکری
وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- زریان رەحیم- ئاسان عەبدوڵڵا
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2018
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 6000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 255 )

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07709556990 - 0533220180**
**سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1006 )ی ساڵی2018ی پێدراوە




# ناسیۆنالیزم

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک وەرگێڕ

2018

پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

4

# پێڕست


(1) دەربارەی چەمکی ناسیۆنالیزم.......................................... سەمیر ئەمین ..... 9

(2) سەردەمی ناسیۆنالیزم نەتەوە چییە؟ ........................................ ئێرنست گێلنەر ..... 43

(3) سەرچاوەکانی ئاگایی نەتەوەیی.......................................... بێندکت ئەندرسۆن ..... 55

(4) ناسیۆنالیزم و کۆتاییەکانی سەدەی بیست........................... ئێریک هۆبزباوم ..... 81

(5) دەوڵەت-نەتەوە، ناسیۆنالیزم، مافی چارەنووس.............. فالح عەبدولجەبار..... 127

(6)ناسیۆنالیزم و ململانێی چینەکان............ماکسیم ڕۆدنسۆن و ئێرنست مەندڵ..... 142

(7) پرسی نەتەوەکان.......................................................... ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ..... 219

(8) مارکسیزم و پرسی نەتەوەیی.............سەنتەری لێکۆڵینەوەی REVSOC ..... 236

(9) تیۆری سۆسیالیستی و بزووتنەوەی نەتەوەیی......سدریک جی ڕۆبنسۆن ..... 254

(10) چین و نەتەوە لەدوای «مانیفێستی کۆمۆنیزم»ەوە ..........هێنری لۆڤیفرە ..... 272

(11) ئیسلام و ناسیۆنالیزم: بەردەوامیی و پێکناکۆکییەکان........سامی زوبەیدە ..... 294

(12) میللەت و ناسیۆنالیزم لە سەردەمی بەجیهانیبووندا.........ئێریک هۆبزباوم ..... 332

(13) ڕاسیزم و ناسیۆنالیزم ...............................................ئێتین بالیبار ..... 350

(14)ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایی و ناسیۆنالیزمی خۆرهەڵاتی..بێندکت ئەندرسۆن..... 422

## پرۆژەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان

پرۆژەیەکی نوێی دەزگـای ئایدیایە و خۆی لە زنجیرە کتێبێکی گەورەدا دەبینێتەوە، هەر کتێبێک تایبەتە بە چەمکێک، هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکە دەخـاتـەڕوو و لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە پێناسەیەکی تێروتەسەلی لەسەر دەنووسرێت یان وەردەگێڕدرێت و ڕاڤە و شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت. پاڵنەری ئەم پرۆژەیە هەر بەتەنها ئەو بۆشاییە فکرییە گەورەیە نییە کە لەناو کایەی فەرهەنگی و فەلسەفیی کوردییدا هەیە، بەڵکو هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی هەڵە بۆیان، پاڵنەرێکی گەورەتری ئەم پرۆژەیەیە.

ئەگەر تەماشای مێژووی هاتنی چەمک و زاراوەکان بکەین بۆناو زمانی کوردی، ڕەنگە بە باشی هەست بەوە بکەین کە هەریەکێکیان لە سەرەتادا بە فۆڕم و ناوەڕۆکێکی تاڕادەیەک جیاواز لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە هاتووە، بەڵکو بەشی زۆریان بەدووریش نەبوون لە شێواندن و هەڵەتێگەیشتن و بەهەڵە بەکارهێنان، کە هەموو ئەم لادانانەش بەهۆی کاریگەرییە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریانهەڵداوە. هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هەتاوەکو ئێستا بەهەڵە و نەشارەزایی بە شان و باڵی هەندێک چەمکدا هەڵدەدرێت و هێرشی بێ بنەماش دەکرێتە سەر هەندێک چەمکی دیکە.

ئەوەی زیاتر بۆتە مەیدانی ئەم شێواندن و هەڵەخوێندنەوەیە، ناوەندە ‹ئەکادیمی و فەرهەنگی›یەکانن. ساڵانە دەیان خوێندکار

بەشەکانی فەلسەفە و زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئابووری و ...هتد تەواودەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی مێژووی هزری مرۆڤایەتی؛ نەک هەر ئاشنا نین بە چەمکە بنەڕەتییەکانی ئەو زانستەی خۆیان پسپۆڕن تێیدا، بەڵکو بە هەڵە ئەو چەمکانەیان وەرگرتووە کە گوایە چەند ساڵێک خوێندویانە و کاریان لەسەر کردووە و توێژینەوەیان لەسەر نووسیوە. لەڕاستیدا دەبوو ئێستا خوێندنەوەی جیاواز و لێکدژ و تازە بۆ ئەم چەمکانە بکرایە و کۆڕی ڕەخنەیی و نووسینی زانستیی بەپێزیان لەسەر بنووسرایە و قۆناغی ناساندنیان تێبپەڕاندایە؛ بەڵام بەداخەوە هێشتا لە قۆناغێکداین کە دەبێت دەیان کتێبیان لەسەر بنووسین و وەربگێڕین، هەتاوەکو ئەو چەمکانەدەناسێنین.

دەزگای ئایدیا وەک هەمیشە چاوی بۆ کەلێنەکانی کایەی فکری و فەلسەفیی ناو زمانی کوردی گێڕاوە، لەئێستاشدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆشاییەی لەسەرەوە باسکرا، ئایدیا پڕۆژەیەکی نوێ ڕادەگەیەنێت بۆ دووبـارە ناساندنەوەی ئەم چەمکانە و دروستکردنی مشتومڕی فکری لەبارەیانەوە. ئەم پڕۆژەیە لە دۆخێکی قەیراناوییدا لەدایکدەبێت و دەیەوێت دۆخێکی قەیراناویی چارەسەر بکات؛ بەو مانایەی لەدایکبووی ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەی کوردستانە، هاوکات دەیەوێت کەمێک چارەی دۆخێکی قەیراناوییش بکات، کە بریتییە لە دۆخێکی لاوازی دونیای فکر و فەلسەفە.

# دەربارەی چەمکی ناسیۆنالیزم

سەمیر ئەمین
وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

(1)

بێگومان ناسیۆنالیزم واقیعێکە بوونێکی ڕاستەقینە و کاراو گوزارشتی زەقی هەیە کە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی گەلاندا دەردەکەوێت. زۆربەی خەڵکی بەبێ هیچ دوودڵی و گومانێک دان بەوەدا دەنێن سەر بە نەتەوەیەکن، مەبەستیان لەوە ئەوەیە ڕایبگەیەنن ئەوان وایدەبینن شتێکی هاوبەش لەگەڵ "هاوڵاتییەکان"ـیاندا، لە یەکەیەکی نەتەوەییدا، کۆیان دەکاتەوە، بەو مانایەی باز بەسەر ئەو جیاکاریی و تایبەتمەندییانەدا دەدەن کە لێکتر جیایان دەکاتەوە و دابەشیان دەکات بۆ کۆمەڵەی کۆمەڵایەتیی لێکتر جیاواز، وەکو چین و بیروباوەڕ و کولتوور. ئەم مشتومڕە جێگای ئەوە نییە حوکم لەسەر ئەوە بدەین داخۆ ئەم خاڵە هاوبەشانە ڕاستەقینەن یان وەهمی؛ تەنیا هەر ئەوەندەی باوەڕ بەوە بکەین شتی لەم بابەتە بوونی هەیە، جا بە شێوەیەکی ڕەها بێت یان بە شێوەی ڕێژەیی –واتە بە شێوەیەک کە دان بە سنوورەکانی ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانەدا بنێت–، ئەوا یەکسەر حەقیقەتی واقیعیبوونی ناسیۆنالیزم وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، دەچەسپێت. ئەمە بەڵگەنەویستە، بەڵام بە هیچ جۆرێک واتای ئەوە نییە کە هەڵوەستەکردن بۆ پرسیار خستنەسەر سروشتی دیاردەی ناسیۆنالیزم و سنوورەکانی و لێکدژییەکانی، پێویست نییە؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستە مشتومڕی

ئەو میتۆلۆژیایـــانە (ئەفســـانە) بکرێـــت کە "ئاگـــایی نەتەوەیی"ی لەسەریان دادەمەزرێت، چونکە ئەم ئاگاییانە بە کردەیـی لەســەر گەلێـک میتۆلۆژیـای سەرسـەختانە دامەزراون کە ئاستەمە پەردە لە ڕوویان هەڵبماڵین: لەوانە میتۆلۆژیـــای ئەوتـــۆ هەیە بانگەشـــەوەی ئەوە دەکـــات ناسیۆنالیزم "دیاردەیەکی سروشتییە"؛ بەو واتایەی سەر بە سروشتی بایۆلۆژیی مرۆڤە، ئەمەیش یەکسەر بەرەو ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی [ڕاسیزم] دەڕوات. ئەمە لە کاتێکـــدا کە مێـــژوو دەیســـەلمێنێت ئەو نەتەوانەی وا بە کردەیـــی لە گۆڕەپـــانەکەدا هەن، مـــۆرکی دیـــاردەی کـۆمەڵایەتیی مێژووییـــان هەیە، لە ڕەوش و بـــارودۆخی دیـــاریکراودا دروســـتبوون و پێشگەیشـــتوون. جـــا لەبەرئەوەی ڕێوڕەوتە مێژووییەکان کە سەرجەمی گەلان پێیانـدا ڕۆیشـتوون، نـا-لێکچـوو و جییـان، ئەوا دەبێـت بگەڕێیـــنەوە بـــۆ مێـــژووی ئەم ڕێوڕەوتـــانە، چـــونکە جیاوازییەکەیان تەفسیری جیاوازیی چەمکە نەتەوەییەکان دەکات.

(2)

چەمکـــی ناســـیۆنالیزم بەنـــدە لەســـەر لیکـــدژییەکی جەوهەریـــی نـــاوەکی، لەمەیشـــدا لە هەمـــوو چەمـــکە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەچێت. ئەم لێکدژییە لێرەدا لەنێوان دوو لایەندا دەردەکەوێت، لەلایەکەو لەنێوان گشتێتی مرۆیی؛ واتە دیوی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکان،

چ لە ڕووی تایبەتمەندییە بایۆلۆژی و دەروونی و زەینییەکان -شتێک کە بە تەواوەتی نکوڵی لە تیۆرییە نەژادییەکان دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات تایبەتمەندییەکان لەم بوارانەدا دەچنە سەرووی خاسیەتە هاوبەش و گشتییەکانەوە-، یان لە ڕووی واتای پرۆژە بە کۆمەڵییە داهاتووخوازییەکانەوە؛ لەلایەکی دیکە سوبێکتیڤیتەی تایبەتخوازی کە لە واقیعی مێژوویی کۆمەڵە مرۆییەکاندا بە ڕوون و ڕۆشنی دەردەکەوێت.

تەحەدای زانستیی ڕاستەقینە ڕێک دەکەوێتە نێو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە: چۆن ڕەهەندە تایبەتمەندەکان (بەش) و گشتییەکان (گشت) لێکتر جودادەبنەوە و دەگەن بە یەکتر؟ بۆچی -لەسەر ئاستی گوزارشتی ئایدیۆلۆژیی ئاگایی کۆمەڵایەتی- هەندێک باس لەوە دەکەن کە تایبەتمەندێتی گشتێتی دەسڕێتەوە، لەمەیشەوە ئەو تیۆر و ئایدیۆلۆژیایانە دەخەنەڕوو کە ڕەوایەتی بەم ڕوانگەیە دەبەخشن، بەڵام هەندێکی دیکە باس لەوە دەکەن کە گشتێتی، بمانەوێت و نەمانەوێت، خۆی بە باشی دەسەپێنێت. ڕۆڵی شیکاریی زانستی ڕێک خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەو میتۆلۆژیا و و تێگەیشتن و شێوازانەی تێگەیشتنە کە ناسیۆنالیزم لەمیانەیانەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەوەیش بە مەبەستی دەرخستنی نهێنیی ئەو لێکدژییەی کە چەمکی ناسیۆنالیزم لەسەری دادەمەزرێت.

(3)

چەمکــی گشــتێتیی مــرۆڤ (هاوبەشــێتی) خۆیشــی مێژووییەکــی هەیە. مرۆڤــایەتی دەســتبەجێ نەگەیشــتۆتە ئاسـتی ئەبسـتراکتیزەکردنی پێویسـت لەپێنـاو دەرککـردن بەو واتـایەی کە ئەم چەمکە هەڵیگرتووە، بۆیە ئەزموونی تیاژیــان لە کــۆمەڵە گــروپییە بچــووک یــان نــیمچە بچووکەکانـدا –خێڵەکـان یـان ئیتنیکەکـان، گرنـگ نییە هەر ناوێکیـان هەیە- قەتیسـبوو، ئەنـدامانی ئەم کـۆمەڵانەیش وەها سـەیری خۆیـان دەکـرد کە تێڕوانینێکی تایبەتمەندی ڕەهـای هەیە، بە بـێ گەیشـتن بە تێگەیشـتنێک لە واتـای یەکێتی مرۆڤەکان.

لە دەیـان هەزار سـاڵدا دۆخەکـان بەم جـۆرە بەردەوام بوون؛ یەکێک لە پێویستییەکانی ئەم ئاگاییە کورتبینە، کە لە ئاسۆیەکی بەرتەسکدا قەتیس بووبـوو، ئەوەبـوو کە ئەو خودایانەی وا ئەم شارسـتانێتییانە لە سـەردەمە کۆنەکانـدا وێنایــــان کــــردوون، ئەوانــــیش لە ئاســــۆ لۆکــــاڵی و هەرێمییەکــــانی خۆیــــان دەرنەچــــوون، بــــۆیە وەک بوونەوەرانێکی تایبەت بە هەر خێڵ و ئیتنیک و کۆمەڵێکی گروپـی مـانەوە و ئەم سـنوورانەیان تێـپەڕ نەکـرد، بە بـێ ئەوەی بگەنە ئاستی وێناکردنی بوونەوەرێکی خـودایی کە هی هەموو مرۆڤایەتی بێت و پەیامی بۆ هەمووان بێت.

پاشــان یەکەم شــەپۆلی ئەو شــتە هــات کە ناویــدەنێن "شۆڕشــــە کولتوورییەکــــانی شــــێوازی بەرهەمهێنــــانی باجدەرانە"، لەگەڵیشیدا چەمکی گشـتێتیی مرۆیـی لە شـێوە سەرەتاییەکەیدا دەرکەوت. مەبەستم ئەو هەزارەیەیە کە لە

500 پ. زــەوە دەســت پێدەكات تـاوەكو دەگـاتە ســەدەی حەوتەمی زایینی. لەم قۆناغە مێژووییەدا ئایینە گەورەكـان دەركەوتــن كە هەتــا ئەمڕۆمــان مرۆڤــایەتی لەنێوانیانــدا دابەش بـووە، ئەویـش ئـایینی زەردەشـتی، كە لە شـانۆی مێژوو كۆچی كـردووە، بـوداییزم، مەسـیحییەت، ئیسـلام؛ هەر لەم قۆنــاغەدا فەلســەفە گەورەكــان ســەریانهەڵدا كە ناوەڕۆكەكەیـان زیـاتر گشـتیی مرۆڤـانە بـوو، مەبەسـتم كۆنفۆشیۆنیزم و هیلینیزمە. سەرجەمی ئەم بیروباوەڕوانە بەوە دەناســــرێنەوە كە دەڵـــێن مرۆڤەكــــان یەك چارەنووسـیان هەیە، بۆیە ڕوانینەكـان لەم چارەنووسـە لە سنووری لێكدانەوەكانی تـایبەت بە ڕۆژی دواییدا قەتیس بووبــوو. بەمجــۆرە فیكــری ئــایینی و فەلســەفی ئاســۆ بەرتەسك و تایبەتەكانیان تێپەڕاند.

ئایینەكان و فەلسەفە نوێیەكان كە ڕەهەندێكی مرۆییـان هەبوو، یەكێتیی مرۆییان لەسەر ئاستی گەردوونی وەدیـی نەهێنــا، ڕەوشــە ئــویكتیڤەكەی ســەردەمی مێژوویــی ســەرانەبەخش دەرفەتــی بەم یەكێتیـیە نەدا. بەم جــۆرە جیهانەكــانی مەســیحییەت و ئیســلام و هیندۆســی و كۆنفۆشیۆنیزم گەشەیان كرد. وەهای بۆ دەچـم سـەرەڕای ئەم شكســتە ڕێــژەییە لە وەدیهێنــانی جیهانێتیــدا، ئەم شۆڕشــە كولتـوورییە یەكەمـین قۆنـاغی یەكـلاكەرەوە لە دروسـتبوونی چەمكـی گشـتێتیدا دەنـوێنێتەوە. ئایـدیایەكە بەر لە سەردەمی خۆی خرایە ڕوو، پێش سەردەمی خۆی كەوت، پێش پێگەیشتنی ئەو بارودۆخانەی كە دەرفەت بە

وەدیهاتنی دەدەن، لەمەیشدا لە هەموو شۆڕشە گەورەکان دەچێت.

شۆڕشی بۆرژوازی کە سەردەمی مۆدێرن داگیر دەکات، قۆناغی دووەمی ئەم پەرەسەندنەیە؛ چەمکێکی نوێی بۆ گشتێتی خستەڕوو، مەبەستم نویَ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. پێموایە فەلسەفەی ڕۆشنگەی خاڵی دەستپێکردنی ئەم جووڵەیەیە کە لە شۆڕشی فەرەنسیدا گەیشتە ترۆپکی خۆی. ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بابەتەکەمانەوە، واتە بابەتی ناسیۆنالیزم، فەلسەفەی ڕۆشنگەری ناوەڕۆکێکی نوێی پیَ بەخشی.

گەلانی پێش ئەو مێژووە، لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئاگاییەدا دەژیان کە هۆشیاری بوو بەرامبەر ئینتیمایان بۆ یەکێک لە ئایینەکان یان فەلسەفە هەرێمییە گەورەکانی وا پێشتر باسمان کردن. سەبارەت بەو سەردەمانەی پێش سەرمایەداری، دەتوانین باس لە نەتەوە مەسیحییەکان، ئیسلامییەکان، هیندۆسییەکان، کۆنفۆشیۆسییەکان بکەین. ئەم نەتەوانە بوونێکی ڕاستەقینەیان هەبوو، لە چەندین مومارەسەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و ڕەفتاریی ژیانی ڕۆژانەدا زایەڵەیەکی یەکلاکەرەوەیان هەبووە، جا چ هەرێمێکی یاریکراوی نیمچە یەکگرتوو بووبن لە ڕووی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی سیاسییەوە -کە ئەمەیان ئاوارتە بووە- یان لە ڕووی سیاسییەوە پەرتەوازە بوون، ئەمەیش ڕێسا گشتییەکە بوو.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئاگایی نوێی کردەوە، تاوەکو وەڵامگۆی ئەو چوارچێوە کۆمەڵییە بێت کە لە بەشی

بـــاكوری ڕۆژئـــاوای كیشـــوەری ئەوروپـــادا، هەر لە سەردەمی ڕێنسانس و داگیركردنی ئەمریكاوە (لە سەدەی شانزەدا)، خەریك بوو دروست دەبوو، واتە باشتر بڵێین ســـەرمایەداری. یەكەمـــین نەتەوە مۆدێرنەكـــان لەو چوارچێـــوەدا گەشـــەیان كـــرد كە بـــۆ ســـەرهەڵدانی ســـەرمایەداری گونجـاو بـوو، ئەویـش بە دیـاریكراوی ئینگلتەرا و فەرەنسا بوون. دەڵێم نەتەوە مۆدێرنەكان؛ بەو واتایەی كۆمەڵێك نەتەوە بوون كە لە سایەی چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەی بۆرژوازیدا، كە لە مێژوودا هاوشێوەی نەبوو، نەشونومایان كرد.

فەلسەفەی ڕۆشنگەری [لەڕووی فیكرییەوە] ڕەوایەتیی بەخشییە ئەم دابڕانە لە مێژوو. لەبەرئەوە وەها سەیری دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی نوێی بۆرژوازیی نەدەكرد كە بەرهەمـــی سروشـــتیی پەرەســـەندنە، ڕەوایەتیـــی نەتەوەییشـی بـۆ نمـوونە لەسـەر میتۆلۆژیـا و بایۆلۆژیـا دانەمەزران، بەڵكـــو هەڵوێســـتێكی بنەمـــایی تەواو دوژمنكـارانەی وەرگـرت و گوتـارێكی دیـكەی پەرەپێـدا. ڕایگەیانـد ئەم دەوڵەت-كـۆمەڵگەیە بەرەنجـامی دابـڕان و ڕزگـاربوونە لە "سروشـت". لە ڕوانـگەی ڕۆشـنگەرییەوە كۆمەڵگە بەرهەمی "پەیمانی كۆمەڵایەتی"یە، كە تاكەكەسان پێكەوە دەبەستێتەوە. پەیمان (گرێبەست) –وەكو ئەوەی لە یاسـادا هەیە- پەیوەنـدییەكە كەسـانی ئـازاد بە ویسـتی ئـازادانەی خۆیـان پـێكەوە دەبەسـتێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ناسیۆنالیزم كردەی پەیمانی كۆمەڵایەتییە، دەوڵەت-نەتەوە –ئەو قاڵبەی كە ناسیۆنالیزم لەنێویدا دروست دەبێت- لە

نەبوونی ئەم پەیمانەدا بوونی نییە، واتە بە بێ بڕیارێکی هۆشــیارانە لەلایەن "هاووڵاتیان"ــەوە نـایەتە بـوون، بەو مانـایەی بەرهەمـی پەرەسـەندنێکی "سروشـتی" نییە کە بە بێ کردارێکی ئاگایانە خۆی بسەپێنێت.

هەڵــبەت ئایــدیای "پەیمــانی کــۆمەلایەتی"، خۆیشــی میتۆلــۆژییە؛ بەو واتــایەی کە دەرکەوتنــی پەیوەنــدییە ســەرمایەدارییەکان بنچیـنەی ئـوبێکتیڤەکەیە کە دەوڵەت-نەتەوە لەسـەرییەوە دروسـت دەبێت، ئەم پەیوەندییانە بە بڕیــــاری خەڵکـــی دانەمەزراون. جـــا لەبەرئەوەی ئەم میتۆلۆژیا نوێیانە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕابردووەوە نییە، بەڵکــو دەرکەوتەی ئەو چەمــکە نوێیــانەیە کە هــاوەڵی سەرهەڵدانی سەرمایەداری بوون، چەمکەکانی تاکەکەسی بۆرژوازی و ئـازادیی ئەم تاکەکەسە؛ وات جەختکـردنەوە لەســەر مافەکــانی ئەم تاکەکەســە ئــازادە لە بەرامــبەر کــۆمەڵگەدا، سەربەســتبوونی تــاکەکەس لەم کــۆمەڵگەیە، دەرکەوتنـی چەمکـی هـاووڵاتی تـاوەکو جێگـای مـیللەت و ئەهلی زیمەت بگرێتەوە.

ئەم چەمـــکە نوێیـــانە لە شۆڕشـــی فەرەنســـیدا بەشــێوەیەکی ئایــدیۆلۆژی و سیاســی زەق بە ڕوونــی دەرکەوتن. شۆڕشی فەرەنسی، بانگەشـەی ئەوەی کـرد کە "نەتەوەیەکی نوێ" دادەمەزرێنێت، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مەرجەعییەتی بـایۆلۆژییەوە نەبـوو (خـوێنی باوبـاپیران یان نەتەوەی ئایینی)؛ بەڵکو تاکە مەرجەعیەتەکەی بڕیـاری ئــازادانەی ئەو هاونیشــتمانیانە بــوو کە دەیانەویســت لە ســایەی کۆمەڵێـک یاســادا کە خۆیــان بە بــێ کۆتوبەنــد

دایدەڕێژن، پێکەوە هاوبەند و پشتیوان بژین. لەبەرئەوە ئەم نەتەوە نوێیە ئەو گەلەی لەخۆی دەگرت کە بە سەرجەم توێژە جیاوازییەکانییەوە بەشدارییان لە شۆڕشدا کردبوو، لەوانە پێکهاتبوو کە بە زمانی فەرەنسی دەدوان و ئەوانەیش کە بە فەرەنسی نەدەدوان وەکو یەک؛ هەروەها -لەبەرامبەردا- ئەم نەتەوەیە هەموو ئەوانەی نەگرتەوە کە بە فەرەنسی دەدوان و وەک هاوڵاتیی دەوڵەتێکی دیکە دەژیان. ئەم نەتەوە نوێیە "نەتەوە-کۆمەڵگەیەکی ئایدیۆلۆژیست بوو"، "نەتەوەی هەڵبژاردنی ئازاد"، "نەتەوەی هاووڵاتیان بە وییستی خۆیان"، نەک "نەتەوەیەکی سرشتی"ی ڕەگەزپەرست، نەک نەتەوەی باوباپیران. لەبەرئەوە یەکسەر نەتەوەی نوێی فەرەنسی، یەهودییەکانی فەرەنسای گرتەخۆی، هەرچەندە لە بڕوای ئایینیشیەوە جیاواز بوون؛ چونکە ئایین چیتر مەرجەعیەتێکی دانپێدانراو نەبوو. لەمەیش زیاتر، شۆڕش لە ترۆپکی خۆیدا ئەو کۆیلە ڕەشپێستانەیشی گرتە خۆی کە لە هایتی ڕاپەڕیبوون و ڕایانگەیاندبوو بەهۆی ئەوەی ڕاپەڕیوون و بە ویستی خۆیان ئازادن، مافی ئەوەیان هەیە هاووڵاتی یەکسان بن.

چەمکی عەلمانییەت شوێنی خۆی لەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا دەبینێتەوە. عەلمانییەت لە بنەمای سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی لە لاهوتدا سنووردار نابێت. ئەم بنەمایە لە مێژوودا، لە سەردەێکی زووەوە لە سەرجەمی کۆمەڵگەکاندا کاری پێکراوە، ئەگەرچی بە ڕواڵەت، هەمیشە وا نەبووە و ئەگەرچی کۆمەڵە

ئیسلامییەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نابێت وا بێت. تێکەڵکردنی سیاسەت و ئایین مۆرکێکی موقەدەس بەو مومارەسانە دەبەخشێت کە جۆرێک هەلپەرستیی سیاسییان تێدایە؛ پاشانیش ماسکێک دادەنێت کە ناهێڵێت بڕیارەکان شەفاف بن، ئەمەیش جەوهەری دیموکراسییەت دەسڕێتەوە. هەروەها بنەمای عەلمانییەت لە مومارەسەی لێبووردەیی و ئازادیی ئایینیدا قەتیس نابێت.

بنەمای عەلمانییەت لە هەموو ئەمانە زیاترە، پتر ڕاگەیاندنی دابڕانە لە ڕابردوو و سروشت، ئەو مەرجەعییەتە دەسڕێتەوە کە پشت بە سەلەفییەت دەبەستێت، لەوانە ئینتیمای گەل بۆ بیروباوەڕێکی ئایینیی هاوبەش. شۆڕشی فەرەنسی ڕایگەیاند کە مەسیحییەت بۆچوونێکی "فەلسەفی"ی تاکەکەسییە —و هیچیتر-، وەکو هەر بۆچوونێکی دیکەی فەلسەفی، کەوایە فاکتەرێک لە فاکتەرەکانی بنتیاتانی ئایدیۆلۆژییانەی کۆمەڵگە نییە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین دەرک بە واتای "مافی پەنادان" بکەین کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی —دیباجەی دەستوور-دا تۆمارکراوە، کەواتە ماف چ مانایەکی هەیە؟ ئەوەیە کە دەڵێت مرۆڤ —بە چاوپۆشی لە ئەسڵ و ڕەنگ و بیروباوەڕەکانی (لەوانە ئایینی)- ئەگەر بیەوێت لە سایەی یاساکانی کۆماردا بژی و خۆیشی بەشداربێت لە دارشتنیدا، ئەوا مافی هاوولاتیبوونی دەبێت. ئەم نەتەوەیە بەرهەمی "تایبەتمەندی"یەک نییە کە ڕیشەی سروشتی و بایۆلۆژی و مێژوویی هەیە؛ بەڵکو نەتەوە-کۆمەڵگەیەکە بانگەشەی

ئەوە دەکات دەرکەوتەی بنەمای گشتێتییە. دیاردەی تەواو هاوشـێوە لە شۆڕشـی فەرەنسـیدا دەبینیـنەوە. شۆڕشـی فەرەنسی خۆی وەک نموونەیەک داناوە کە دەبێت پەیڕەو بکرێن؛ بگرە پێیوابوو هەندێک یاسای ئوبێکتیڤ هەیە کە وا دەکەن پێویست بێت لە ئاستی جیهانیدا پەیڕەوی لەم نمـوونەیە بکرێـت. هەمـان ئایـدیای تەواو هاوشـێوە لە ئەزمـوونی شۆڕشـی ڕوسـیادا دەبینیـنەوە، ئەمە ئیشـی هەموو شۆڕشـە گەورەکـانە: پێداویستییە ڕاستەوخۆکانی ئێستا تێدەپەڕێنێت و ئامـاژە بە ئاراسـتەی پەرەسـەندنی دووری داهاتوو دەکات.

(4)

بەڵام فەلسەفەی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی، کە گەورەتـرین دەرکەوتەیـان لە واقیعـی کۆمەڵییـانەدا نواندندەوە، ئەو ئامانجەیان وەدیی نەهێنا کە ڕەهەندێکی گشـتیی ئاشـکرای هەبـوو. بـۆچی؟ چـونکە سیسـتەمی سـەرمایەداری، کە ئەم ئایـدیۆلۆژیایە پێـوەی پەیوەسـت بـوو، پێویسـتی بەمە نەبـوو؛ بەڵکـو خـودی لـۆژیکی سەرمایەداری سنوورێکی بەرتەسکی بۆ بنەمای گشتێتی ئاشـکرا دانـا. پـرۆژەی گشـتێتی فیکـری ڕۆشـنگەری و شۆڕشـی فەرەنسـی، بەر واقیعـی فراوانخـوازیی سـەرمایەداری کەوتـن کە لە دوو ڕەهەنـدەوە واتاکانیـانی دیاریی کرد:

یەکەم ڕەهەنـدیان تـایبەتیەتە بە شـێوازەکانی بڵاوکـردنەوەی سـەرمایەداریی لە خـودی ئەوروپـادا.

سـەرمایەداری لە دەرەوەی ئینگلیـتەر و فەرەنسـا و هۆڵەندا، لە کاتی شۆڕشە بۆرژوازییەکاندا، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ نەکردەوە؛ بەڵکو پشتی بەست بە دامەزراندنی دەوڵەتە نیشـتمانییەکان (دەوڵەت-نەتەوە)ـی ئەوروپـای مۆدێرن. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا، دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بەرەنجـامی دوو هۆکـاری لێکـدراو بـوون: بەلایەک بەکارهێنانی هێزی سەربازی شانشینی پروسیا، لەلایەکی تـر ئەوەبـوو ئۆرسـتۆکراتییەتی میرنشـینە ئەڵمانییەکـان چوونە نێو پرۆژەکەی پسمارکەوە، بە بێ ئەوەی شۆڕشی بۆرژوازیی وەدیی بێت.

ئەم بارودۆخـانە بەرەنجـامی زۆر گرنگیـان لە ڕووی نـاوەڕۆکی ئایـدیۆلۆژیای باڵادەستی نێو دەوڵەتە نـوێیەکە، لێکەوتەوە. هاوپەیمانیی کۆمەڵایەتیی باڵادەست، کە ڕێگای بۆ گەشەکردنی سـەرمایەداریی کردەوە، ڕەوایەتـی خۆی نەک لەسـەر بەهـا دیموکراسـییەکان، بەڵکـو لەسـەر ناسـیۆنالیزم دامەزرانـد و دووەمیـانی خسـتە جێگـای یەکەمیـان. لە کاتێکـدا ئەم ناسـیۆنالیزمە ناسـیۆنالیزمێکی نیشـتمانیی نەبـوو کە لەسـەر بنەمـای هەڵبژاردنـی ئـازاد دامەزرابێت (پەیمـانی کۆمەڵایەتی)، بەڵکو ناسیۆنالیزمێک بـوو کە پەنـای دەبـردە بەر مەرجەعییەتـی نەژادی و میتۆلۆژیـای پێشـینان و خـوێن. ئەم مەرجەعیـیەتە لای خـۆیەوە بانگهێشـتێک بـوو بـۆ گەڕان بەدوای ڕیشـەکان (حەقیقـی و وەهمی)ـی ڕابـردووی دووری هـۆزە جەرمانییەکاندا. ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیی ئەڵمانی بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەم باسە؛ چونکە تێرمێکی تایبەتی دروست

کردووە بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵی وەهمیی کۆنی خەملێنراو (تێــــرمە ئەڵمـــانییەکە Gemeinschaft)ـــــە، کە بە ئەســـڵی ناسیۆنالیزمی نوێی ئەڵمانی دادەنرێت. ئەم ئایدیۆلۆژیایە خۆی وەک دابڕان لە رابردوو نەخستۆتەڕوو، بەڵکو وەک زیندووکردنەوەی ئەو ڕابردوو خۆی پیشان داوە. ئەوەی لەم هەڵوێستە دەکەویتەوە ئەوەیە کە ئەم ئایدیۆلۆژیایانە وەها لە میراتی ئاییني کۆنی جەرمانییان ڕوانییەوە کە ڕەگەزێـــــکە لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکـــــانی نەتەوە. کەواتە ئایدیۆلۆژیایەکی نەژادپەرستی کۆنەزەڤاتیڤە، تێڕوانینی بایۆلۆژیی لە مرۆڤ، کە لە دواجاردا گەیشتە تاواننکاریی نـازیزم و هەتـا ئێسـتایش لە ئاگـایی گشـتی ئەڵمانیانـدا ڕیشەکێش نەکراوە.

کەواتە، نەبـوونی شۆڕشـی بـۆرژوازیی لە دەرەوەی ئینگلتەرا و فەرەنسا و هۆڵەندا، بووە مایەی پشتبەستن بە گەشەسەندنی سەرمایەداریی لە ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەلات و باشـــوور، لەســـەر بنچیـــنەی میتۆلۆژیـــا نەتەوەییەکـــان کە دەیـــانگوت دامەزرانـــدنی دەوڵەتـــی نیشـتمانی دەرکەوتنـی ئـارەزووی نیشـتمانیی پێشـووە، لەمەیشـدا گریمـانەی ئەوەیـان دەکـرد کە نەتەوە لەپـێش دەوڵەت-نەتەوەوە بوونی هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا واقیعی مێـــژوو ئەوە دەســـەلمێنێت کە ئەو نەتەوەیەی وا بـــاس دەکرێـت، تـا ڕادەیەکـی زۆر بەرەنجـامی مومارەسـەکانی دەوڵەتە. ئەم شێواندنە ئایدیۆلۆژییە ناسیۆنالیستییە بووە مایەی تەقینەوەی ئیمپراتۆریەتە فرەنەتەوەکان، ئەگەرچی ئەو چوارچێوە بەرفراوانتـرەی کە لە ڕووی ڕێکخسـتنی

دەسەڵاتەوە دەینواندەوە، ئەگەر و توانای کەمتری تێدا نەبوو بۆ کردنەوەی ڕێگای گەشەسەندنی سەرمایەداریی لەو چوارچێوە بچووکانەدا کە لە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکەوە پەیدا دەبوون. کاریگەریی نەتەوەیی لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو، بۆیە پەنابردن بۆ میتۆلۆژیای نەتەوەیی بووە چەکێکی کاریگەری لە دەستی چینە فەرمانڕەواکاندا تاوەکو گەلانیان بخەنە خزمەتی پرۆژە ئیمپریالیستییەکانی خۆیانەوە.

بێگومان ئەو تیۆرییەی کە ڕەگەزی بەردەوامێتیی لە مێژوودا تا ئاستی تۆخکردنەوەی تایبەتییە زاتییە ڕەهاکانی گەلە جیاوازەکان بەرز دەکاتەوە، لە بنەڕەتدا تیۆرێکی کردەیی نییە و واقیعی ئەو گۆڕانکارییانەی وا لە مێژوودا بەسەر کۆمەڵگەکاندا هاتوون، نکوڵیی لێدەکات. بەڵام ئەوەیش گومانی تیا نییە کە تیۆری پەرگیریی پێچەوانەیش، کە پێیوایە دابڕانی شۆڕشگێڕانەیش دابڕانێکە کە بە تەواوەتی ڕابردوو دەسڕێتەوە، ئەویش لەسەر زێدەڕەوییەک بنیاتنراوە کە پەرەسەندنی ڕاستەقینەی ئەو کۆمەڵگایانەی وا بەم ئەزموونانەدا ڕۆیشتوون، نایسەلمێنن. هەردوو تیۆرییەکە میتۆلۆژیایە، سەرهاویشتنێکی زەۆرەملێیانەیە بۆ سەر واقیعێکی ئاڵۆزتر. ئەو نەتەوانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لەسەر بنچینەی نکوڵیکردن لە ڕابردووی خۆیان بنیاتنراون، لە ڕاستیدا بە تەواوەتی لەو ڕابردوو دەرباز نەبوون. لەم بارەیەوە وا دروستترە بڵێین چەندین ڕەگەزی لە

کولتـــوورەکەی پێشـــوو وەرگرتـــووە و لەنێـــو بونیـــادە نـوێیەکەی خۆیدا بەکاریهێناونەتەوە. ئەمە بە تەواوەتـی لە حـاڵەتی فەرەنسـادا ڕاسـتە کە ڕیشـەکانی دروسـتبوونی فەرەنســا وەک نەتەوەیەک دەگەڕێــتەوە بــۆ پــرۆژەی موڵکــایەتیکردنی فەرەنســا لە ســەدەی یــانزەدا. بەڵام پێـدەچێت ئەم ئەزمـوونە، لە دۆخـی ئەڵمانیـادا جیـاوازە، چـونکە ئەڵمانیـا درەنگانێـک و هەنـدێکیش لەناکـاو وەک نەتەوەیەک دەرکەوت، ئەمەیـــش نەبـــوونی ڕیشـــەیی مێژوویی ڕاستەقینەی دێرین و بەهێز بوو. لە فەرەنسـا، بە درێژایـی چەنـد سـەدەیەک، ئەو گەلانەی ڕیشـەیان لێکتـر جیـاواز بـوو، پەیتـا پەیتـا ئـاوێتەبوون، لە زمـانی خۆیـان کۆچیــان کــرد و لە ڕووی زمــانی و کولتـــوورییەوە بەە پرۆســەی بەفەرەنســیبووندا تێــپەڕین. پاشــان کۆمــار سیســتەمێکی نـوێی فێرکردنــی دانــا کە پەرەسـەندنەکەی خێراتـر کـرد و پـرۆژەکەی کامـڵ کـرد، لەمەوە یەکەیەکـی کولتووری و زمانیی بەهێزی خوڵقاند.

لێکچـوونێکی ڕوو و ئاشــکرا لەنێـوان ئەم مێــژووەی فەرەنســا و مێـــژووی ئینگلـــتەرادا هەیە. بە کردەیـــی ئـاوێتەبوونێکی میللی سکۆتلەندا و وێڵز ڕوویدا و تـا ئەو ڕادەیە بە ئینگلیزیکــــــران کە ئەم دوو گەلە زمــــــانە ئەسڵییەکەی خۆیان لەبیر چوویەوە و وایان لێهات تەنیا ئینگلیــزی بــکەنە زمــانی قســەکردنیان. بەڵام شۆڕشـــی ئینگلیزی سەدە و نیوێک پێش شۆڕشی فەرەنسی ڕوویـدا، بەو واتـای ئەو کـاتەی ڕوویـدا هێشـتا ڕەوش و بـارودۆخ بەو ئاشــتە پێنەگەیشــتبوو کە لە کۆتاییەکــانی ســەدەی

هەژدەی فەرەنسادا دەیبینین. بۆیە "دابڕان" لە ڕابردوو لە ئینگلتەرا بە قەد ئەو دابڕانە بەهێز نەبوو کە شۆڕشی فەرەنسی دروستی کرد. شۆڕشی ئینگلیزی لەسەر چارەسەرێکی مامناوەند گیرسایەوە کە موڵکایەتی و ئۆرستۆکراسییەتی دەربارز کرد، ئەم دۆخەیش لای خۆیەوە پەنای بردە بەر میتۆلۆژیای بەردەوامێتی مێژوویی. لەم چوارچێوەیەدا، ئایدیۆلۆژیای ئینگلیزی میتۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆی داهێنا کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد دیموکراسییەتەکەی، میراتی نەریتە کۆنەکانە و دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەنامەیەکی گەورەی بەناوبانگی سەدەی دوانزەیەم، ئەگەرچی ئەم بەڵگەنامەیە ڕاگەیاندنی ئازادیی فیودالە گەورەکان بوو لە دەسەڵاتی پادشا، بۆی هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادییە بۆرژوازییە نوێیەکانی ئەو سەردەمەی دواترەوە نەبوو. هەروەها ئایدیۆلۆژیای ئینگلیزی چاکسازیی پرۆتستانتی بە جۆرێک گرتە خۆی کە کردییە یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەو کەلەپوورەی کە هەتا ئێستایش بانگەشەی زیندوێتییەکەی دەکرێت.

بۆیە ئەو وڵاتەی کە کەلەپورێکی دیموکراسیی بۆرژوازییانەی هەیە، هەمیشە خۆبەخۆ مەیلی لە لێکدانەوەیەکی کراوەی چەمکی ناسیۆنالیزمە. پێشوازیی لە بنەمای تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی ڕەگەزە نوێیە هاتووەکان دەکات، بە تایبەتیش لە ڕەوشی کرانەوەی بەفراوانی وڵات بەسەر کۆچدا.

ئەمە دۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرجەم وڵاتانی دیکەی ئەمریکایە، بگرە دۆخی هەندێ وڵاتانی

دیـــــکەی وەکـــــو ئوسترالیایشـــــە. بەڵام ئەمە دۆخـــــی فەرەنسـایش بـوو لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدەدا، واتە بەر لەوەی جموجــوڵی کــۆچ لە پانتــاییەکی بەفراوانـــی سەرانســـەری ئەوروپـــای ڕۆژئـــاوادا، لە هەردوو دەیەی شەسـتەکان و خەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوودا ڕووبـدات. خۆگونجانــدنی ئەو کۆمەڵگایــانەی کە نەریتیـــی ئەســڵیی دیموکراسـییان بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی کـۆچ هەبـوو، بە گشتی خۆگونجاندنێکی گشتی بوو. هاتووەکـان تاڕادەیەک و بە ئاسـتی جیـاواز، پێشـوازییان لێکـرا. لێـرەدا پێـدانی ڕەگەزنـــامە بە کـــۆچبەران، لایەنـــیکەم بـــۆ نەوەیەک لە منـــداڵانیان، شـــتێکی سروشـــتی بـــوو. بە کردەیـــی ئەمە مومارەسـەی بـاوی زۆرێـک لە وڵاتـانی ئەوروپـا بـوو، لە کاتێکــدا ئەم کــرانەوەیەی بنەمـــای ڕەگەزنامەپێــدان، لای خـــۆیەوە هاوکـــار بـــوو بـــۆ ئـــاوێتەبوونیی کردەیـــی لە نەتەوەخوازییەکانی لۆکاڵیدا.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان، چەمێکی تایبەتی بۆ ئەم پرۆســـەیە دانـــا، ئەویـــش چەمکـــی لکانـــدن بە نەتەوەی ئەمـریکییەوە بـوو. نـاوەڕۆکی ئەم چەمکە جیـاواز بـوو لە چەمکـی ئـاوێتەبوونی فەرەنسـی-ئینگلیـزی؛ بەو واتـایەی یەکەمیان دان دەنێت بە بەردەوامێتیی هەمەجۆریی لەنێو خـودێتییە کولتوورییەکـانی کـۆمەڵە جیاوازەکـانی نەژادە پێکهێنەرەکانی نەتەوەی ئەمریکیدا.

کـــۆمێنتێکی توونـــدم لەبـــارەی ئەم بـــابەتەوە هەیە: بۆچـوونی بـاوی ئێسـتا لەسـەر ئەم بـابەتە، بەرگـرزی لە شـــێوازە ئەمـــریکییەکە دەدات، ئەمەیـــش بە نـــاوی

دیموکراسـیـیەتەوە دەچەسـپێنێت، بە هەنگـاوێکی پێشکەوتنخوازانەتریشـی دادەنێت؛ چـونکە دان بەو شـتەدا دەنێت کە پێیدەوترێت "مافی جیاواز بوون"، ئەم مـافەی کە لایەنگرانـی میتـۆدی ئـاوێتەبوون لەبیریـان کـردووە. لەگەڵ ئەمەیشـدا، ئەزمـوون ئەوەیشـی سـەلماندووە کە ئەم جیـاوازییە -کە دانـی پێدانراوە و ڕەوایەتیی پێدراوە-، لە واقیعدا بنچینەی بەردەوامێتیی جیاکاریی و نکوڵیکردنە لە یەکسـانی،؛ هیرارشـییەت لە پـێگە کۆمەڵایەتییەکـان و ڕەفتـارە نەژادییەکانیشـدا، پەیوەسـتن بە داننـان بە "مـافی جیاوازبوون"دا. ڕەنگە بیرۆکەکانی پێشوو، کە لە پاشـماوە بۆمـاوەیەکی کـۆیلایەتییەوە مـابوونەوە، سـەرچاوەی شـێوازی ئەمریکـی بێـت بـۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ بـایەتی جیاوازیدا. خۆ ئەگەر مافی جیاوازبوون شایەنی ئەوە بێت دانی پێدا بنرێت، ئەوا دەبێت دان بە مـافێکی تری هاوتـادا بنرێـت ئەویـش "مـافە لە هاوشـێوەییدا". پێمـوایە زێـدەڕەویکردن لە نرخانـدنی "جیاوازییەکان"ـدا، بگـرە دامەزرانـدن و دروسـتکردنی جیـاوازی، هەمیشـە هـاوڕێ بـووە لەگەڵ چەمکێکـی دیـکەی تەمومژاویـدا دەربـارەی "کولتوور"، کە لە دیاریکردنی ئەو سیمایانەدا وا بە نەگۆڕ خەملێنراون، جێگای بایۆلۆژیا دەگرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا واقیعـی مێژوو سـەلماندوویەتی کە کولتوورەکـان نەرمـن، لەگەڵ گـۆڕانی هەلومەرجەکانـدا خۆیـان دەگـونجێنن، هەروەکو سەرجەم لایەنەکەی دیکەی واقیعی کۆمەڵایەتی.

بەڵام ڕەهەنـدی دووەم کە سـنوورێکی بـۆ گشـتێتی بـۆرژوازیی دانـا، ئەو ڕەهەنـدەیە کە تـایبەتە بە

فراوانخـوازیی سـەرمایەداریی لە پەراوێزەکـانی دەرەوەی سـەنتەرەکانی خۆیـدا، واتە لە ئاسـیا و ئەفریقـادا. هەرگیـز ئەوە بە بیروهۆشـــی فەرمانڕەوایـــانی کۆلۆنیالیســـتەکاندا نەهـاتووە کە وەهـا مـامەڵە لەگەڵ گەلانـی کۆلۆنییەکانـدا بکەن کە خاوەنی ئەسڵیی نیشتمانن، واتە بە گویرەی بەهـا دیموکراســـییەکانی فەلســـەفەی ڕۆشـــنگەری مامەڵەیـــان نەکـردووە. بەڵکـو ئەم فەرمانڕەوایـانە، دەرکیـان بەوە کـرد کە بەرژەوەنـدییان لەوەدایە ئەو گەلانە هەر لەژێـر نەریـتە (نادیموکراسـییەکانیاندا) بهێڵـنەوە، ئینجـا ئەم نەریتـانە – ئەسـڵی بـن یـان هەڵبەسـتراو- بـۆ چەسـپاندنی حـوکمی کۆلۆنیـالیزم بەکـاربهێنن. دۆخـی جەزائیـر لەم بـارەیەوە نموونەیەکی زەقی کێشانەیە بە دوو پێوانە. بە پێچەوانەی بانگەشـــــە باوەکـــــانی بـــــزووتنەوە ئیســـــلامییە هاوچەرخەکانەوە، فەرەنسییەکان لە جەزائیر شـەریعەتیان نەسـڕییەوە، بەڵکـو بە تەواوەتـی ڕێزیـان لێگـرت، مـافی زۆروزەبەنـدیان دا بە زانـا سـەلەفییەکان بـۆ لێکـدانەوە و جێبەجێکردنـی شـەریعەت. دەوڵەتـی سـەربەخۆی نـوێی جەزائیر، یەکەم سیستەم بوو لە وڵاتدا کە بوێری ئەوەی هەبـوو دەسـت بکـات بە چاکســازیی ئەم بارودۆخـانە، هەرچەنـدە تۆزێـک بەشـێوەی پەراوێـزی و شـەرمنانەیش بـــوو، بە تـــایبەتیش دەرهەق بە مـــافی ژن. لێـــرەدا بزووتنەوەی ئیسلامی بانگەشەی گەڕانەوە دەکـات بـۆ ئەو شـتەی کە لە سـایەی حـوکمی کۆلۆنیـالیزمی فەرەنسـیدا کاری پێکراوە.

ئەم کێشانەیە بە دوو پێوانە بەلامەوە سەیر نییە، ئەم مۆرکە هەڵبزرکاوەی مومارەسکردنی گشتێتیشم لەلایەن فەرمانڕەوایانی کۆلۆنیالیزمیشەوە هەر پێ سەیر نییە. نەخێر، سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهانی جەمسەرگیری بەرهەمهێناوە؛ واتە ئەو دژیەکییەی کە لە نێوان سەنتەرە پێشکەوتووەکان و پەراوێزە دواکەوتووەکاندا بەرپای کردووە. دەبوو بە پاڵ ئەم جەمسەرگیرییەوە جەمسەرگیرییەکی دیکەیش لەسەر ئاستی واقیعی کۆمەڵایەتی، لە بواری مومارەسە سیاسییەکان و گوزارشتە ئایدیۆلۆژییەکاندا، هەبووایە.

بەم جۆرە سەرمایەداری باڵادەستی جیهانی، بە کردەیی پەراوێزەکانی لە دەرەوەی بواری کارەوە بەجێهێشت؛ ئەمەیشی بە گوێرەی ئەو بەهایانە کرد کە لەسەر بنەما گشتییەکان دامەزرابوون و پشتیوانیی لە "تایبەتمەندییەکان" کرد. لەبەرئەمە، بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانی و سۆسیالیستەکان بەر ئەم تەحەدا سەرەکییە کەوتن کە بەرئەنجامی جەمسەرگیریی بوون: چۆن دەشێت ئامانجە گشتییەکان و هەلومەرجە ئوبێکتییەکانی تایبەتمەندییەکان پێکەوە کۆبکەینەوە؟

(5)

فیکری سۆسیالیستی سەرەتا لە ئەورووپا، پاشان لە چوارچێوەی مەسەلەی کۆلۆنیالیزمدا لە دەرەوەی ئەورووپا، بەدەم مەسەلەی ناسیۆنالیزمەوە چوو. کەمترین شتێک کە بکرێت لەم بارەیەوە بیڵێین ئەوەیە کە فیکری

سۆسیالیستی، بە هەموو گوزارشت و ئاراستەکانییەوە، خۆی خستە سەر هێڵی بەرەوپێشچوونی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئیدی لەمە جیاواز نەبوو. لە ڕووی مێژووییەوە، چەپ، پێش هەمووانیش چەپی سۆسیالیستی، لە ڕیزی ئەو هێزانەدایە کە زیاتر دیموکراسین؛ لەو هێزانە کە گومان لە ڕاستگۆیی دیموکراسییەتی ڕاسترەو دەکەن و لەم گومانەیشدا لەسەر هەقن، چونکە هەمیشە لەپێناو پاراستنی ئیمتیازاتەکانی چینی چەوسێنەر، کە نوێنەرایەتی ڕاسترەو دەکەن، سنوورێک بۆ مافە بەدەستهێنراوەکان دادەنێن. لەلایەکی دیکەیشەوە، سۆسیالیزم ئامانجێکی سەرەکی بۆ خۆی داناوە، ئەویش پشتیوانیکردنە لە ئاگایی چینایەتی و پتەوکردنی هاوپشتیی لەنێوان چینە میللەکاندا. لەم ڕوانگەیەوە، دژایەتیی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم و مانۆڕە کۆنزەڤەتیڤەکانی کردووە، واتە دژایەتیی ئەو هێزە کۆنەپەرستانەی کە ئەم ئایدیۆلۆژیایەیان لەپێناو دواخستنی پێگەیشتنی ئاگایی چینایەتیدا خستۆتەگەڕ.

کەواتە، کاتێک لە بابەتی هەڵەکانی فیکری سۆسیالیزم و سنوورەکانی دەکۆڵینەوە، دەبێت ئەم سەرنجە بنەماییە لەبەرچاو بگرین کە لێرەدا باسمان کرد. زۆرێک لەم هەڵانە بەرهەمی گەشبینی و ئومێدێکی زێدەڕەوانەبوون بەرامبەر توانای گەلان بۆ ڕزگاربوونیان لە هزر و ڕەفتارە نەرێتییە کۆنەپارێزە بۆماوەکانی ڕابردوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو تێرامانانەی لێرەدا خستماننەڕوو، دەبینین هەڵەکانی بزووتنەوە سۆسیالیستییەکان سەبارەت بە مەسەلەی ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیالەکان، بۆ ئەوە

دەگەڕێـــنەوە کە سۆسیالیســـتەکان لە خەملاَدنـــی ڕۆڵیـــی مێژوویـــــی ســــــەرمایەداریدا، زێــــدەڕەوییان کــــردووە. سۆسیالیستەکان بڕوایان بە پێشکەوتن هەبوو، پێیانوابوو فراوانخــوازیی جیهــانیی ســـەرمایەداریی دەبێــت –ئەگەر هەنگاو بەهەنگاویش بووە- کردەی سنووری سیاسیی دەوڵەتان بسڕێتەوە، دەبوو ئەمەیش هەلومەرجی گونجاو بۆ مومارەسەی ململانێی چینایەتی لەسەر ئاستی جیهانی بکاتەوە، پاشان شۆڕشی جیهانیی سۆسیالیستی ڕوو‌بدات. لەبەرئەوە، سۆسیالیستەکان گەیشتنە ئە باوەڕەی کە هەر شتێک ببێتە پاڵنەری پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان بەرەو پێشـــەوە، دواجـــار لە ڕووی مێـــژووییەوە شـــتێکی پۆزەتیڤە، بەرپرسـیارێتیی چەپیش ئەوەیە کە وەدیهاتنی ئەم پێشـــــکەوتنە بە کەرەســــــتە هەرە دیموکراســــییەکان بســــەپێنێت. بەم جــۆرە سۆسیالیســـتەکان لە مەســـەلەی ناسیۆنالیزمدا بنەمای ئاوێتەبوونیان پێ باشتر بوو، نەک بەرگریکــــردن لە هەمەجـــۆریی و "تایبەتمەنــــدییەکان" و "خودێتییەکان". ئەوەی زێدەڕەویی لە تایبەتمەندیدا بکات شوێنەوارە کۆنەپارێزەکانی ڕابردوو دەپارێزێت.

لێـــرەدا بـــاش لەم ڕەهەنـــدەی فیکـــری سۆسیالیســـتی دەکەم؛ چـــونکە وەک پێشـــتر باســـم کـــرد، بۆچـــوونی ئاراســـتەی باڵادەســـتیی ئێســـتا، بانگەشـــەی ستایشـکردنی "مافی جیاوازی" دەکات. بێگومان ئەو ئاراستە فیکرییانەی کە ئەم کێشـــەیەیان خســـتۆتە ڕوو، لە نیـــاز و مەرامـــی خۆیانـــدا ڕاســـتگۆن. بەلاَم مـــن چەنـــد خۆپـــارێزییەکم ســـەبارەت بەو ســـتراتیژییەتانە هەیە کە بـــۆ ئەم بـــابەتە

خـراونەتەڕوو، پێشـتریش ئامـاژەم پێـداون. پێمـوایە، ئەم بۆچوونـــانە پێشـــکەوتن نـــانوێننەوە، بەڵکـــو گەڕانەوە و پاشەکشـەیە لە هەڵوێسـتە ڕادیکاڵترەکـان کە سۆسـیالیزمی مێژووخـــواز دەینوانـــدن، پشـــتیوانی لێکردنیشـــی لەلایەن بـزووتنەوە میللەیەکـانەوە، بەرەنجـامی گوشـاری نەریـتە فیکـــرییە کـــۆنزەرڤەتیڤە بالادەســـتەکانە لە کۆمەڵگەکـــانی ئەوروپای باکوردا.

سۆسیالیستەکان بەردەم واقیعە ناسیۆنالیستییەکانەوە چوون، ئەو هەڵوێستانەیان زیـاتر چەسپاند کە پێیـانوابوو بـۆ پشـتیوانیکردنی ئاگـایی چینـایەتی گونجـاوترن. ڕاسـتە مێـژوو ناکـارایی هەنـدێ لەو هەڵوێسـتانەی سـەلماندووە، بەڵام ئەم بـــژاردانە لە کۆمەڵێـــک نیـــازی ســـەربەرزانەوە ســـەرچاوەیان گرتبـــوو کە شـــایەنی ســـتایش و ڕێـــزن و لەچەند لایەنێکیشەوە پێش سەردەمی خۆیشیان کەتبوون. لێرەدا ئەو هەڵوێستانەم دێتەوە یاد کە سۆسیالیستییەکانی ئیمپراتۆریەتی نەمسایی-هەنگاری و بەلشـەڤیک نواندیان. سۆسیالیســـتەکانی نەوەی یەکەم بە دوای کەرەســـتەکانی دەربـازکردنی ئیمپراتۆرییەتـدا نەگەڕان، بەڵکـو هەوڵیانـدا لەسـەر بنەمـا دیموکراسییەکان دووبـارە کـۆمەڵگە بنیـات بنێـــنەوە، بە جۆرێـــک کە بەشـــێوەیەکی ڕاســـتگۆیانە و گشـتگیر دان بە هەمـوو نەتەوەکانـدا بنێـت، ئەوەیـش بە مەبەســـتی بەرەوپێشـــبردنی ئاگـــایی چینـــایەتی و دەســـتەبەرکردنی چوارچێـوەی جیـوگرافی گونجـاو بـۆ بڵاوکردنەوەی ململانێی چینایەتی، ململانێیەک کە بتوانێت ســـەرکەوتنی مانـــادار و شـــیاو بەدەســـت بهێنێـت. بەڵام

بەلشـــەڤیک، دوای ئەوانـــیش ئەنتەرناســـیۆنالی ســـێیەم، هەنگـــــاوی بەرفراوانیـــــان هەڵگـــــرت کە ئامـــــانجە ستراتیژییەکانیان بەرەو پێش برد. ئەوان دانیان بە مافی گەلاندا نا، لەسەر ئەم بنەمایەیش دەوڵەتی سۆسیالیستیی فرەڕەگەزیان دامەزراند. ئەوەی لەم هەوڵە ستراتیژییەدا کردیـــان و دەســـتکەوتەکانی ئەم کـــارە و شـــێواندن و لادانەکـــان و بگـــرە خیانەتەکـــانیش، هەر هەموویـــان بە تەواوی شـــــایەنی مشـــــتومڕ و ڕەخـــــنەن. لەبەرئەوە، دەستووری یەکێتیی سۆڤیەتی و، دەستووری یوگسلاڤیا، تەنیـــا دوو بەڵگەنـــامەی ســـەر کـــاغەز نـــین، بەڵکـــو دەرکەوتەکانی ئەزموونێکی تیاژیانن، بە لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، پێموایە بەلشەڤیک، لە ڕووی بنەماییەوە، ڕێزگرتنی لە ناسیۆنالیزم گەیاندییە دوایـین ئاسـتی خـۆی، تـا ئەو ئاسـتە دانیـان بە مـافی جیاوازیـدا نـا کە تـاڕادەیەکی زۆر ئەو پەرەسـەندنەی لە ڕاگرت کە دەشیا هەندێ جیاوازیی بسڕێتەوە.

ڕاستە ڕژێمی سۆڤییەتی هەژموونی کولتووری ڕوسی بەرامـبەر گەلانـی تـری پێـوە دیـار بـوو، بەڵام لەپـاڵ ئەمەیشدا، ئەم ڕژێمە دووبارە دابەشکردنەوی‌ە سامانی لە بەرژەوەندی پارویزەکانی ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز لەسەر خسێبی سەنترالیزمی ڕووسی وەدیهێنا؛ ئەمەیش شتێکە هەرگیز سەرمایەداریی جیهانی وەدیی نەهێناوە، بە جۆرێک قسەکردن دەبارەی "ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی" و چوواندنی بە ڕژێمە سەرمایەدارییە کۆلۆنیالیستییەکان، بە بێ بنچینەی زانستییە. بەڵام مێژوو ئەوەیشی سەلماندووە

کە دواجار فاکتەری سەنترالیزمی کولتووریی ڕوسی، ڕۆلێکی نەرێنیی گێڕاوە، ڕۆڵێک کە لایەنە ئەرێنییەکانی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان لە بەرژەوەندی پەراوێزەکان، نەیسڕیوەتەوە.

پێموایە سەرمایەداریی، جیاتر لە جارێک، ئەوەی سەلماندووە کەمتر ڕێک لە "مافی جیاوازی" دەگرێت؛ سۆڤییەت کولتووره لۆکاڵییەکانی پاراست، دەنا ئەوانە لە گریمانەی سەروەریی سەرمایەداریی لە ناوچەکەدا، دەسڕدرانەوە. لەم گریمانەیەدا سەرمایەداریی، لە ڕێگەی کاری دەستکەوتی بازاڕەوە، زۆرێک لە "تایبەتمەندییەکان"ی لەنێو دەبرد.

یوگسلاڤیا نموونەیەکی زەقە لەسەر لایەنە نەرێنییەکانی ئەو چەقبەستنەی کە بەرهەمی ئەو سیاسەتانە بوو وا بنەمای ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە نەتەوەییە خەملێنراوەکانی تا ئەودیوی پێویستی ڕاکێشا. ڕێژەیەکی زیاتری گەنجان لە یوگسلاڤیادا هەبوون کە لە ئنتیمای توندی نەتەوایەتییە دانپێدانراوەکانی نێو دەستوور دووردەکەوتنەوە و "یوگسلاڤیبوون"ی خۆیان وەک "نەتەوەیەک"ی نوێ ڕادەگەیاند. بە بڕوای من ئەم پەرەسەندنە پۆزەتیڤ بوو، دەبوو هانبدرێت و پشتی پێ ببەسترێت. بەڵام هێزە کۆنزەرڤەتیڤەکان لەناوخۆدا –بە پشتیوانیی دەرەکی– لە بەرامبەر قەیرانی سیستەکدا، هەنگاوێکی دیکەیان هەڵبژارد کە بانگەشەبوو بۆ "زیندووکردنەوە"ی نەتەوەپەرستییەکان تا ڕادەی شۆڤێنیزم. بەرەنجامەکەیش بە بەرچاوی هەمووانەوەیە.

(6)

له بــــواری مهســــهلهی ناســــیۆنالیزمدا، بــــزووتنهوه ڕزگــاریخوازییه نیشــتمانییهکان، ههڵوێســتێکی بنهماییــان گــرته بهر که بانگهشــهی بــۆ "یهکێتــی گهل" دهکــرد له چوارچێوهی سنووره سیاییهکانی ئهو "ههرێم"ـهدا که تێیدا کــاری دهکــرد، بهو پێــیهی ئهم یهکێتیــیه کــۆڵهکهیهکی بنچینهیی پێویسته بۆ ڕزگاریخوازی. گومان له دروستی و کارایی ئهم بنهمایهدا نییه. ههروهها هیچ ناکۆکییهک نییه لهســــهر بانگهشــــهکردن بــــۆ دامهزرانــــدن –یــــان دامهزراندنهوهی- دهوڵهتــی ســهربهخۆ، گهوره بێت یان بچووک، بنهڕهتی کۆنی ههبێت یان نوێ؛ هیچ ناکۆکییهک لهســهر تێپهڕانــدنی ئاســۆ ئێتنیکییهکــان و میللهتــان و جیــــاوازییه زمانییهکــــان و ســــهرجهم هۆکارهکــــانی ههمهجۆریی نییه، چونکه ستراتیژییهتهکانی کۆلۆنیالیزم ڕێک خستنهگهڕی ئهم ههمهجۆرییهیه لهپێناو دابهشکردنی بهرهی ڕزگاریخوازیدا. لهگهڵ ئهوهیشـدا، ئهو چهمکـانهی که بزووتنهوه ڕزگاریخوازییهکـان، له پێنـاو ڕهوایهتیدان بهو یهکێتییه خوازراوه خستوویانهته ئهستۆی خۆیان، به گوێرهی ههلومهرجه کۆنکریتییهکـان و بهرژهوهندییهکان جیاواز بووه. ڕاسترهوی کۆنزهرڤهتیڤ تهرکیزی خستۆته بهســــهر "نیشــــتمان" و "یهکێتیــــیه" بانگهشــــهیی یــــان ڕاستهقینهکهی، لهمهیشدا ههمهجۆریی ئێتنیکی و زمانی و بــاوهڕی ئــایینی له پێکهــاتهی ئهم نیشــتمانهدا فهرامــۆش کردووه –ههندێجاریش نکوڵیی لێکردووه. ههروهها هێزه فهندهمێنتاڵیستهکان –که ههمیشه له دڵی ههموو کۆمهڵگه پهراوێزییهکانــدا ههر مــاوهتهوه- پشــتی بهســتووه به

ڕەگەزە کولتووری یان نیمچە کولتووری و ئایینییەکان، چ ڕاست بن یان وەهمی و تەمومژاوی بن، تاوەکو بانگەشە بکات بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ڕێسایانەی کە ڕەوایەتیی خۆی لێیانەوە وەردەگرێت، بۆ نموونە کۆمەڵی ئیسلامی یان هیندۆسی. جا لەبەرئەوەی ژمارەیەک لەم نیشتمانانە لە چوارچێوەی ئەو سنوورە سیاسییە دەستکردانەدا پێکهاتوون کە کۆلۆنیالیزم ئیمپریالیزم سەپاندوویەتی؛ بۆیە "ناسیۆنالیزم"ی نوێی بانگەشەبۆکراو، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا لە ڕووی ئێتنیکی و زمانییەوە هاوبەند و یەکگرتوو نەبووە. ناسیۆنالیزمی نوێ گەلان و بەشەکانی گەلانی خاوەن ڕیشەی جیاواز، دابەش دەکات. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، هیچ ڕێگرییەک نابینم بۆ داواکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، بەو مەرجەی ئەم داوایە ڕاستگۆیانە بێت و دان بە هەمەجۆرییدا بنێت و نکوڵیی لێنەکات. لەم چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەدا دەشێت وێنای هەبوونی هەستی ئینتیما بکرێت لەلایەک بۆ "نیشتمانی سەنگالی" و لەلایەکی دیکە بۆ شارستانێتی (یان ئێتنیکی) ولوف و مەندینگۆ، بەبێ ئەمە سەرچاوەی نیگەرانی و لێکدژییەکی وێرانکەر بێت.

ئایدیۆلۆژییە ڕاسترەوەکان لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکاندا، خۆبەخۆ بەرەو جۆشهاتن بە تیۆرییە تەمومژاوییەکانی مەسەلەی ناسیۆنالیزم دەڕوات، ئەو تیۆرییانەی کە لە وڵاتانی ئەوروپی دەرەوەی ناوچەی قەڵەمڕەویی فەلسەفەی ڕۆشنگەریدا بڵاوبوونەتەوە.

نموونەیەک دێنمەوە کە بە بڕوای من نموونەیەکی زۆر زەقە، ئەویش "ناسیۆنالیستە عەرەبەکان"ن. ئایا

ناسیۆنالیستەکانی عەرەب لەسەر بزووتنەوەی چەپ وەستاون یان ڕاست؟ ناڕوونییەکی زۆر لەم مەسەلەیەدا هەیە. ئەگەر بە پێوەری سیاسی هەڵیبسەنگێنی ئەوان لەسەر بزووتنەوەی چەپ حسێبن. بۆرژوازییەتە لۆکاڵییە لیبراڵییەکان، کە لە چوارچێوە هەرێمییەکاندا پێکهاتن، بایەخیان بە یەکێتی عەرەبی نەدا وەک ڕەگەزێکی پێویست بۆ بەدەستهێنانی ڕزگارییەکی گشتگیر و ڕاستەقینە. ئەگەر ئەم بۆرژوازییەتانە لە چوارچێوەی فراوانخوازیی سەرمایەداریی جیهانیدا، کە کۆلۆنیالیزم بەسەریدا بالادەستە، جێگەی خۆیان گرتبێت، ئەوا لەم چوارچێوەیەدا بە دۆخێکی کۆمپرادۆری ڕازیی بوون. نایۆنالیستەکان وەک بزووتنەوەی ڕەتکردنەوەی ئەم تەسلیمبوونە دەرکەوتن و پرۆژەی یەکێتییان بردە ئاستی جیهانی عەرەبی؛ ئەمە داوایەکی پێشکەوتنخوازانە بوو، بەو واتایەی بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانگیریی بوو. لەبەرئەوە، پێموایە ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە ڕووی سیاسییەوە لەسەر بزووتنەوەی چەپ حسێبن. بەڵام ئەگەر لەو چەمکە بڕوانین کە بۆ ڕەوایەتیدان بە یەکێتیی عەرەبی خستوویانەتە ڕوو، ئەوا ڕوون دەبێتەوە کە گوتارەکەیان چەندە تەمومژاوییە. لەبری ئەوەی پرۆژەی یەکێتی بە پرۆژەیەکی ئاییندەیی دابنێن کە تەحەداکانی چەرخەکە دەیسەپێنێت، ناسیۆنالیستەکان وەها لە "عروبە"یان ڕوانیووە کە وەک بڵێی دیاردەیەکی "سروشتی"ـیە -عروبە لە خوێندایە!-، ئەم چەمکە بایۆلۆژییەی عروبە بە تەواوەتی هاوشێوەی چەمکی نەژادیی ئەڵمانی "بەئەڵمانیکردن"ـە. ئەمە چەمکێکی

ڕاستڕەوانەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە چەمکی دیموکراسییەتی نەتەوەوە نییە وەک دەرەنجاکی ویستێکی هاوبەشی ئازادی پێگەیشتوو- گرێبەستی کۆمەڵایەتی. تەرکیز ئەخەمە سەر ئەم ڕەگەزە ئیرادییە؛ بە بێ نکوڵیکردن لە پرۆژەی یەکێتیی جیهانی عەرەبی، دەتوانێت ئەو ڕەگەزانە بخاتە خزمەتی خۆیەوە کە بە کردەیی لە کۆمەڵگەدا هەن و لە ڕابردووەوە ماونەتەوە. مەبەستم لەمە ئەوەیە کە هەتا ویستێک نەبێت لەسەر پێویستییەکانی سەردەک دامەزرابێت، هەبوونی ئەم ڕەگەزانە یەکێتیی بەدیناهێنن. بێگومان ناوەڕۆکی کۆنەپارێزانەی مۆرکی ئەو چەمکە ناسیۆنالیستییەی کە وا لێرەدا خەریکین باسی دەکەین، بۆتە مایەی کۆمەڵێک بەرەنجامی نەرێنی لە مومارەسەدا؛ لەبری بەپێویستزانینی بەدیهێنانی یەکێتیی لە ڕێگەی خەباتی دیموکراتییەوە –کە مەرجی ڕازیکردنی گەلە بە ئەرێنیی پرۆژەکە–، ناڕوونیی چەمکی عروبە هاندەری زیاتری وەهمی ئەگەری بەدەستهێنانی یەکێتی بوو بە "هێز" و پێدانی ڕەوایەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژی. چونکە توندوتیژی –لەم ڕوانینەوە لە عروبە"، هیچ نییە جگە لەوەی کە تەنیا دەرکەوتەی "ویستێکی شاراوەیە". ئەگەر عروبە بە سیفەتێکی "سروشتی" و "بایۆلۆژی" دابنرێت، ئەم متیتۆدە بەشێوەیەکی لۆژیکیش مانای ئەوەیە ڕەگەزەکانی دیکە پشتیوانیی لە یەکێتیی خوازراوی پێکهاتەکانی "عروبە" بکەن. بەمجۆرە گوتاری ناسیۆنالیستی خزا بۆ نێو ئەو گوتارە ئیسلامییەی کە دەڵێت: "ئیسلام ڕەگەزێکی دانەبڕاوە لە عروبە".

گەلـی عەرەب تـاکە گەل نیـیە کە هەڵگـری گوتـارە ناسیۆنالیسـتییە تەومژاوییەکـانە، زۆرێـک لە گەلانـی جیهـانی سـێیەم هەمـان دۆخیـان هەیە، لەبەر هۆکـارێکی هـاوبەش، ئەویـش غیـابی کـاریگەریی فەلسـەفەی رۆشـنگەرییە لە جەوهەری دروسـتبوونە فیکرییەکەیـدا. گوتـاری "ناسـیۆنالیزمی تـۆرانی" لە تورکیـا و گوتـاری "ڕەشپێیسـت" لە ئەفریقیـا، لە ڕووی میتـۆدەوە جیـاوازیی نییە لە گوتاری "عروبەی سروشتی".

سـەرەڕای ئەوەیـش، گوتـاری ناسـیۆنالیزم لە بزوتنەوەکـانی ڕزگـاریخوازیی نیشـتمانیدا، لەو چەمـکە تەمـومژاوییەدا قەتـیس نابێـت کە لێـرەدا باسـکرا. چەپـی بزووتنەوەکە، بە تایبەتیش ئەو باڵەی کە لەژێر کاریگەری کۆمۆنیزمـدا بـوو، للایەنـیکەم بە شـاراوەیی بنەماکـانی فەلسـەفەی ڕۆشـنگەری وەرگـرت. ئەم چەپە بە ڕیخێکـی دیموکراسـییەتەوە لەنێـو کێشـەی جیـاوازییە ئێتنیکـی و ئـایینی و زمانییەکاجنـدا سـەریهەڵدا، چەمکێکیشـی بـۆ نیشتمانپەروەری خستەڕوو کە جیاوازییەکان تێدەپەڕێنێت و گەل لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆدەکاتەوە.

دروشـمی یەکێتـی، کە خـودێتییە تایبەتییەکـان تێـدەپەڕێنێت، تەنیـا دروشـمێکی زمـانەوانیی ەشـکی بـێ ناوەڕۆک نەبوو؛ بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا بووە مومارەسـەی پێشـکەوتنخوازیی کردەیـی، تـا ئەو ڕادەیەی کە لەم حاڵەتـانەدا، چینـی فەرمـانڕەوا خـۆی بـووە چینێکـی فـرە ئیتنیکی و بە بێ هـیچ شـەرم و دوودڵییەک، لە ڕیزەکانیدا کۆمەڵێک ڕەگەزی لە نەژادە جیاوازنەکان کۆکردەوە. ئەمە لە هینـد و لە ئەفریقـا بەشـێوەیەکی گشـتی هەلـومەرجی

باوە. پاشان ڕژێمەکانی جیهانی سێیەم، لە هەردوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا، چوونە نێو قۆناغی قەیرانێکی قووڵی فـــرە ڕەهەنـــدەوە. لەگەڵ ئەم قەیرانەیشـــدا، دارمانەکـــان لە بـــواری فیکـــری و لە مومارەســـە سیاســـییەکاندا ڕوویـــدا، لەمەیشـــەوە چەمکـــی نیشتمانپەروەریی سەروو-جیاوازی پاشەکشەی کرد.

تێزی من لەم بوارەدا، ئەوەیە کە زیندووکردنەوەی ئەم "خودێتییانە" بەرەنجامێکی "سروشـتی" نییە کە خـۆی بسـەپێنێت، بەڵکـو بەرەنجامی ئەو سـتراتیژییەتانەیە کە دەسـتەبژێری سـەرکردایەتی ڕەگەزپەرسـت، بەهـۆی داخـوارانی پـرۆژەی نیشـتمانیی بـۆرژوازیی خـۆیەوە، بە ئەنقەسـت گـرتییە ئەسـتۆ. ئێتنۆسـیزم یـان شـۆڤێنییەتی بیرتەسـک یـان بەکارهێنـانیی سیاسـیی ئـایین، ئەو کەرەستانەن کە بە ئاسانی لە بەردەستدان و دەکرێت لە کـاتی قەیرانەکانـدا بخـرێنە گەڕ. ئەوە راسـت نییە کە ئەم خودێتییانە لایەنێکی جەوهەریی لە واقیعی کۆمەڵگەکانـدا پێکـدەهێنن، مومارەسـە دەسـەڵاتخوازییەکانیش لەمیـانەی قۆنـاغێکی بـزووتنەوەی نیشـتمانیدا هەوڵیانـداوە بیخنکێنن، ئیـدی هەر کە سـەرکەوتکردن خـاوبۆتەوە لەخـۆیەوە تەقیـوەتەوە. بە بۆچـوونی مـن ئەم وێـنەیەی پەیوەنـدیی نێوان گشت (نیشتمانی) و بەش (خودێتییەکان)، وێنەیەکی سـاناکراوە، بگـرە لە هەنـدێ حاڵەتـدا تـاڕادەیەکی زۆر درۆزنانەیشـە. پاشـان، ئەگەر هەلومەرجەکـان ڕێگەیـان بە بەردەوامێتی و پێشکەوتنی بزووتنەوەکەدا بدایە، ئەگەرێک هەبوو کە نزیکبوو بچێتە نێو چوارچێوەی پـرۆژەیەکەوە کە مۆرکێکی گشتگیری فراوانتری هەبوو.

(7)

پـــوختەی دەرەنجامەکـــانم لە بـــابەتی ناســـیۆنالیزمدا جـارێکی دیـکە دەمانبـاتەوە بەرەو کێشـەی بەجیهـانیبوونی سـەرمایەداریی: بەرەبەرە ئەو ڕژێـمە دارِمـا کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە باڵادەست بوو، هەتـا گەیشـتە ئەوەی لە ئەنجامی کردەی بەجیهانیبوونەوە بە تەواوەتـی دارِمـا، چـونکە لەو قۆنـاغەدا بەجیهـانیبوون زیـاتر و زیـاتر قووڵـــدەبوویەوە. لەســـەروو ئەوەیشـــەوە، ئەم دارِمـــانە، هەولمەرجی تێپەڕاندنی لێکدژیی سـەرەکیی سـەرمایەداریی نەڕەخســـاند؛ هێشـــتا هەر دوو جەمســـەریی لەنێویـــدا ناونیشـین مـایەوە. پاشـان، تەحەدای ڕاسـتەقینە بەڕووی مرۆڤایەتیدا ئەوەیە کە چۆن شـوێنەوارە ماڵوێرانکەرەکانی ئەم جەمسەرگیرییە لەنێو ببەین. یان بە دەربڕینێکی دیکە، چـۆن دەتـوانین ئاسـۆ سـنووردارەکانی ئەو جیهـانگیرییە نوقسـانە تێپەڕێنین کە سـەرمایەداریی دروسـتی کـردووە؟ ئەو کەرەستانە چین کە پێشکەوتن درێژە پێدەدەن تـاوەکو بە کردەیـی جیهـانێتی کامـڵ دەبێـت؟ ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم تەحەدایە بە زەرورەت دەســـــت بــــۆ مەســـــەلەی ناسیۆنالیزم دەبات؛ ئەمە یەکێکە لەو شـوێنە گرنگانەی کە لیکدژیی نێوان گشت و بەشی تێدا دەردەکەویتەوە. کەواتە پێویســـتە بە ئاقـــارێکی دیموکراســـی و مرۆییـــدا پەرە بە چەمکی ناسـیۆنالیزم بدەین، لە پێنـاو سـازانێکی گونجـاوی نێـــوان گشـــت و بەشـــدا. فەلســـەفەی ڕۆشـــنگەری بەم ئاراســـتەیەدا بیرکـــردنەوە و کـــاری دامەزرانـــد، پاشـــان سۆســـیالیزم تەکـــانێکی بەرچـــاوی بە بـــزووتنەوەکە دا و

بەرەو پێشەوە پاڵینا. ئێستایش پێویستە درێژە بەم ڕەوتە بدەین و پێشکەوتنێکی دیکە وەدیی بهێنن تاوەکو وەڵامەکانمان لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

ئەو قەیرانە قووڵەی وا لە دوای دارمانی ڕژێمی کۆنەوە گەلان پێیدا تێدەپەڕن، دەستبەجێ سورسوڕمانێکی نەرینیی بەرهەم هێناوە و خۆبەخۆش کاردانەوەی پۆزەتیڤ بەرهەم ناهێنرێت، ئەمەیش لای خۆیەوە تەفسیری ئەوە دەکات کە بۆچی چەمکە تەمومژاوییەکان دەربارەی "خودێتی" (لەوانە ناسیۆنالیزم/ئێتنۆسیزمی بایۆلۆژی) و قەتیسبوونی وەهمی لە چوارچێوەی "کۆمەڵەکان"دا، کە ناتوانن بە چاپوکییەوە ڕووبەڕوووی تەحەدا ڕاستەقینەکان ببنەوە، دەژیەنرێنەوە. دەبێت بە ناوی "مافی جیاوازی"یەوە، ڕەوایەتی بەم پاشەکشانە نەدەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەرکمانە پەرەو بەو وەڵامانە بدەین کە زیاتر مرۆڤانەن و لەسەر بنەمای بنەما گشتییەکان دامەزراون و دواجار کاریگەرتریشن. بە پاڵ داننان بە مافی جیاوازیدا، پێویستە پێداگربین لەسەر ئەوەی دان بە مافی هاوتا لە هاوشێوەییشدا بنرێت.

**سەرچاوە:**

سمير أمين، حول مفهوم القومية، الحوار المتمدن-العدد: 1167 - 2005 / 4 / 14.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=35430

# سەردەمی ناسیۆنالیزم
## نەتەوە چییە؟

**ئێرنست گێلنەر**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

دوو بژاردەی بەهێز هەیە بۆ بنیاتنانی تیۆری ئینیتمای نەتەوەیی: ویست و کولتوور. ڕوونە ئەم دوو فاکتەرە، ویست و کولتوور، گرنگ و کاران، بەڵام بە تەواوەتیش بەس نیین. بۆیە وا باشە لە هۆکاری بەسنەبوونی ئەم دوو فاکتەرە بۆ بوونیاتنانی تیۆری ئینتیمای نەتەوەیی، بکۆڵینەوە.

گومانی تیا نییە ویست (یان هاوڕایی، ڕێککەوتن) لە پێکهێنانی زۆربەی کۆمەڵە گەورە و بچووکەکان، کارکردنێکی گرنگە. هەمیشە مرۆڤایەتی لە کۆمەڵەکاندا ڕێکخراوە، لە قەبارە هەمەجۆرەکاندا، هەندێکجار ئەم کۆمەڵانە بەشێوەیەکی توند ڕێکخراون و دیاریکراون، هەندێک کاتی دیکەیش لاواز و فشۆڵ بوون، یان لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا ڕیزکراون، یان بەیەکداچوون و تێکەڵاوبوون. هەمەجۆریی ئەم ئیمکاناتانە، هەمەجۆری ئەو بنەمایانەی، کە کۆمەڵەکان بۆیان دادەمەزرین و تازە دەبنەوە، لە ڕاستیدا هەمەجۆریی بێکۆتاییە. بەڵام دوو فاکتەری گشتگیر یان دوو هاندەری یەکلاکەرەوە هەیە بۆ پێکهێنان و پاراستنی کۆمەڵەکان، ئەوانیش: لەلایەک: ویست، پەیوەستیی خۆبەخشانە و ئینتیما، لایەنگیری و هاوبەندی، لەلایەکی دیکە، ترس و زۆرداری و ناچارکردن.

ئەم دوو ئیمکانییەتە دوو حاڵەتی ئێجگار لێکدژ، لە شێوەی تارمایی گریمانەدا، پێکدێنن. کەمینەیەک لە کۆمەڵگەکان ڕێک لەسەر ئەم فاکتەر یان ئەویتریان

دادەمەزرێــــت. بەڵام زۆریـــــنەی کۆمەڵەکـــــان لەســـــەر بنچینەیەکی تێکەڵاوی وەلا و ئینتیما (پەیوەستبوونی خۆ-ویســـتانە) لەلایەک، هانـــدەرە دەرەکیـــیە پۆزەتیـــڤ یـــان نێگەتیڤەکـــان، ئومێـــد و ترســـــەکان، لەلایەکـــی دیـــکە، دادەمەزرێت.

ئەگەر وەهـــا نەتەوەکـــان بناســـێنین، کە کـــۆمەڵەن و ویســـتی ئەوەیـــان هەیە وەک کـــۆمەڵە هەبـــن، ئەوا لەوانە دەچـــین کە تـــۆڕی پێناســـەکان هەڵـــدەدەنە نێـــو ئـــاوی دەریاکـــانەوە تـــاوەکو ڕاوێکـــی بـــاش و ئێجگـــار هەمەجـــۆر بـــــکەن. بێگومـــــان ئەم زۆروزەبەنـــدییەی کە دەکەویـــــن بەسەریدا، ئەو کۆمەڵانە لەخۆ دەگرێت کە دەتوانین پێیان بڵێـین نەتەوەی ڕاســـتەقینە و هاوبەنـــد و یەکگرتـــوو: ئەم نەتەوە ئەســـڵییانە ویســـتی ئەوەیـــان هەیە بەوجـــۆرە بـــن، بەڵام بـــۆ بەدبەختـــی، ئەم پێناســـەیە بەســـەر زۆر یـــانە و کۆمەڵەی پیلانگێڕی و عەســابە و تیـپە وەرزشـییەکان و حزبەکانیشدا دەچەسپێت، بەتایبەتیش زۆرێک لە کۆمەڵە و یەکێتییەکانی پێشتری سـەردەمی پیشەسـازی دەچنە ئەم خـــانەیەوە و کەچـــی ئەمـــانە لەســـەر بنەمـــای نەتەوایەتـــی پێناســـە نـــاکرێن. ویســـت و ڕەزامەنـــدی و ئینتیمـــا، هـــیچ ڕۆژێک نامۆ نەبووە بە ڕەگەزی مرۆیی، ئەگەرچی ئەوسـا و ئێســـتایش بەراورد دەکرێـــت بە حیســـــاب و تـــرس و بەرژەوەندی.

خود-ئینتیمای شاراوە و ناوەکی، لەجۆرە جیاوازەکانی کۆمەڵ بوونەکانـدا دەرکەوتـووە، کـاری کـردووە -جـا لە

نەتەوە گەورەتربـووبێتن یـان بچـووکتر-، لەگەڵ نەتەوەدا یەکتریـــان بڕیـــووە، یـــان لە ڕووی ئاســـۆییەوە یەکیـــان گرتووە، یان بە هەر ڕێگایەکی دیکە بووبێت بەنێو یەکدیدا چـــوون. بە کـــوورتی، تەنـــانەت ئەگەر ویســـت بنچیـــنەی خەملێنراوی نەتەوە بێت (ئەمە دووبـارە پێناسـەکردنەوەی ئایـــدیالییانەی دەوڵەتـــانە)، ئەوا بنچیـــنەی زۆر شـــتی دیکەیشە، بۆیە ناتوانین نەتەوە بەم شێوازە پێناسە بکەین. لە واقیعـدا، سەرنجڕاکێشـی پێناسـەکردنی نەتەوە لەسـەر بنەمـای ویسـت، ڕەنـگە بەرەنجـامی یەکە نەتەوەییەکـانی سـەردەمی مـۆدێرن بێـت، سـەردەمی ناسیۆنالیسـتیی ئێستاکە، کە ئەمـانە بـابەتی دڵخواز و ستایش و ئینتیمـا و پەیوەستبوونی خۆ-ویستانەن پێیەوە. ئەم فێڵە، بە ئاسـانی دەبێـتە مـاییەی لەبیرکردنـی جۆرەکـانی دیـکەی کـۆمەڵە مـرۆییە نـا-نەتەوەییەکـان. لە ڕاسـتیدا، ئەوانەی پێیـانوایە گریمـــــانە شـــــاراوەکان لەبـــــارەی ناســـــیۆنالیزمەوە بەتـاڵبوونەتەوە، بە هەڵە ناسـیۆنالیزم دەدەنە پـاڵ هەمـوو مرۆڤـایەتی لە هەمـوو سـەردەمەکاندا. بەڵام پێناسـەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە بۆ نەتەوە، کاتێک پابەند دەبێت بە گریمـانە و هەلومەرجەکـانی سـەردەمێکی دیـاریکراوەوە، ناتوانێـــت لە تەفســـیرکردنی هۆکـــاری دەرکەوتنـــی ئەم سەردەمە دیاریکراوەدا سوودێکی هەبێت.

پێناســـەی دیکەیـــش بـــۆ نەتەوە هەیە، کە پشـــت بە کولتووری هـاوبەش دەبەسـتن. ئەمەیش هەندێکی دیکەیە لەو نێچیـرە زۆرانەی، کە تـۆڕی پێناسـەکان دەمـانبەنەوە

بەسەریان. هێشتایش مێژوویی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە جیاوازیی کولتووری. سنوورەکانی کولتوور توونـدن و هەنـدێک کـات بڕنـدەن، هەنـدێکاتیش نەرم و فشـەڵن، هەندێکات شێوازەکانی زەق و سادەن، هەندێکاتیش ئاڵۆز و تێکەڵ وپێکەڵن. هەمەجۆری و جیاوازیی کولتوورەکان، لەگەڵ سنوورەکانی یەکە سیاسییەکاندا هاوتا و هاوڕێژە نایەنەوە (دەستڕۆیشتوویی دەسەڵاتە کاراکان)، یان لەگەڵ سنوورەکانی یەکە پیرۆزکراوەکان بە پیرۆزیی هاوڕایی و ڕێککەوتن یان ویستی دیموکراسیدا یەک ناگرنەوە. چونکە جیهانی کشتوکاڵی نەیدەتوانی ئەم جۆرە ڕیزبەندی و ڕێکخستنەی هەبێت. بەڵام سەردەمی پیشەسازی، دەیەویت بگاتە ئەم جۆرە لە ڕیزبەندی و ڕێکخستن، یان بە ڕێژەیی لەم جۆرە سادەییە نزیک ببێتەوە، بەڵام ئەمە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری تایبەت، مەسەلەیەکی ترە.

دامەزراندنی کولتوورە باڵاکان (سیستەمی پەیوەندییە یەکگرتووەکان، ئەبجەدیەتێک کە بەرەنجامی فێربوون بێت)، پرۆسەیەکە لەئێستادا لە هەموو لایەکی دنیاوە هێزێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، ئەوەیش دەهێنێت بە زەینماندا، کە دەتوانێت ئینتیمای نەتەوەیی لەسەر بنەمای کولتووری هاوبەش پێناسە بکات. لەمڕۆدا خەڵکی تەنیا دەتوانن لەنیوو یەکەی دیاریکراو وەهادا بژین، کە کولتوورێکی دیایکراوی هەبێت، واتە یەکەی بزۆز، شلۆک، ناوەکی. فرەیی ئەسڵی کولتوور لە هەلومەرجەکانی ئێستادا چیتر شایەنی ژیان نابن، بەڵام کەمێک لە

مەعـــریفەی مێژوویـــی یـــان قـــوولایی سۆســـیۆلۆژی، دەســـتبەری ڕەوانـــدنەوەی ئەو وەهـــمەیە، کە دەڵێـــت مەسەلەکە بۆ هەمیشە بەم جۆرە بووە و دەبێت. کۆمەڵگە فـــرە کولتوورەکـــان لە ڕابـــردوودا ڕەوشـــێکی باشـــیان هەبووە، بگرە لەوە باشتر بوون، کە لە واقیعدا دیاربوون، ئەمەیش بووە مایەی بانگەشەکردن بۆ داهێنانی فرەیی کولتوورەکان لەو جێیانەدا کە ئەم فرەییە بوونی نییە.

ئەگەر ڕێگـــای ویســـت و ڕێگـــای کولتـــوور، بە ڕووی پێناسەکردنی ئینتیمای نەتەوەییدا داخـرابن، ئەی داخـۆ ڕێگایەکی دیکە بوونی هەیە؟

پارادۆکسە گەورەکەی ئەم مەسەلەیە ئەمەیە: ناتوانین پێناسەی نەتەوە بکەین تەنیا بە مەرج و زمانی سەردەمی ناســـیۆنالیزم نەبێـــت، نەک بەپـــێچەوانەوە. "ســـەردەمی ناسیۆنالیزم" تەنیا بەخەبەرهێناوە و بێداکردنەوەی ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە نەبوو تاوەکو لە ڕووی سیاسییەوە جەخت لەسەر خۆیان بکەنەوە. پتر مژارەکە بەم شێوەیە بوو: مەرجە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان دەبێتە مایەی خوڵقانـــدنی کولتـــووری بـــالا، یەکگرتـــوو، هاوشـــێوە، کولتوورێک کە خۆی لە سەنتەرەوە چاک دەکاتەوە و هەمـوو دانیشـتوان دەگـرێتەوە نەک تەنیـا کەمینەیەکـی بچـووکی دەسـتەبژێر. لێرەدا دۆخێک دێتە کایەوە، کە کولتـــوورێکی دیـــاریکراو و ڕوونـــی تێـــدا دادەمەزرێـــت، کولتوورێکی دیاریکراو کە بە فێربوون تۆکمەکراوە و لە ڕووی جۆرییەوە یەکگرتووە، بازنەیەکی یەکێتیی هەیە کە

خەڵکی بە ویستی خۆبەخشانەی خۆیان یان بگرە زۆرجار بە سۆزێکی پەڕگیرەوە ئینتیمایان بۆی هەیە. وا پێدەچێت ئێستا کولتوور کۆگای سروشتی ڕەوایەتی سیاسی بێت. تەنیا لێرەدا هەر لێکدژییەک لەنێوان سنوورەکانی یەکێتی کولتووری و سنوورەکانی یەکێتی سیاسی دەبێتە لێکدژییەکی ئاشکرا و ڕەتکراو.

لەم ڕەوشەدا، بگرە تەنیا لەژێر سایەی ئەم ڕەوشەدا، دەشێت بە ڕاستی پێناسەی نەتەوە لەسەر بنەمای ویست و کولتوور بکەین و هەردووکیان لە یەکەیەکی سیاسیدا تێکەڵ بکەین. ئەو کاتە خەڵکی لە ڕووی سیاسییەوە لەگەڵ هەموو ئەوانەدا یەکدەگرن، کە لە ڕووی کولتوورییەوە لەگەڵیاندا هاوبەشن. لێرەدا چوارچێوە سیاسییەکان دەیانەوێت سنوورە سیاسییەکانی خۆیان تا ڕادەی سنوورە کولتوورییەکان فراوان بکەن، کولتوورەکەی خۆیان بپارزێن و ئەم کولتوورە لە سنوورەکانی دەسەڵات و قەڵەمڕەوییەکەیاندا بسەپێنن. ئەو کاتە تێهەڵکێشکردنی ویست و کولتوور و دەزگای سیاسی (polity) پێوەر دەبێت، ئەوەیش پێوەرێکە ئاسان نییە تەحەدا بکرێت یان ڕەت بکرێتەوە.

ئەم بابەتانەی لە سەرەوە وەسفمانکردن پەیوەست نیین بە دۆخی گشتی مرۆییەوە، بەڵکو پەیوەستن بە سەردەمی پیشەسازییەوە.

*ئەوە ناسیۆنالیزمە، کە نەتەوە Nation بەرهەم دەهێنێت نەک بە پێچەوانەوە.* دەبێت دان بەوەدا بنێین کە

ناسیۆنالیزم خێروبێری کولتووری یان میراتی کولتووریی پێشتر، کە لەڕووی مێژووییەوە ماونەتەوە، بەشێوەیەکی هەڵبژاردەیی (انتقائی)، بەکاردەهێنێت و گۆڕانی ڕیشەییان بەسەردا دەهێنێت. زمانە مردووەکان دەگەڕێنەوە بۆ ژیان، نەریتەکان دەخولێنرێنەوە، پاکژییە ئەسڵی و خەیاڵییەکان دەهێنرێنەوە پێشەوە. بەڵام نابێت وا وێنا بکەین، کە ناسیۆنالیزم داهێنراوێکی ئایدیۆلۆژی، دەستکرد، کتووپڕە، دەشیا ناسیۆنالیزم ڕووینەدایە ئەگەر بیرمەندە ئەوروپییە نەفرەتییەکان ئەم ویست و خولیایەیان بپرژاندایە بە عارەقەی کۆمەڵە سیاسییە زیندووەکاندا!

ڕەنگە پنت و هێڵی ناسیۆنالیزم ستەمکەرانە و زۆردارانە بێت، ڕەنگیشە تەنیا جیاوازیی مێژوویی بێت. بەڵام لە هیچ دۆخێکدا مانای ئەوە نییە بنەمای ناسیۆنالیزم خۆی زۆردارانە، ڕێککەوت، کتوپڕ بێت. هیچ شتێک بە قەد ئەم گریمانەیە لێوەی دوور نییە. ناسیۆنالیزم بەوجۆرە نییە کە دەردەکەوێت، لەوەیش زیاتر بەوجۆرەیە، کە خۆی خەیاڵی خۆی دەکات. ئەو کولتوورەی کە ناسیۆنالیزم بانگەشەی ئەوە دەکات دەیپارێزێت و زیندووی دەکاتەوە، خۆی هەر دروستکراوی ناسیۆنالیزمە، یان لەو کولتوورانەن، کە بە جۆرێک گۆڕانیان بەسەردا هێنراوە چیتر بەو جۆرە نین کە هەبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا، بنەمای ناسیۆنالیستی وەک ئەوەی هەیە، دوور لەو فۆڕمە تایبەتییانەی کە پێی

دەردەکەوێت، دوور لە سەخافەتی تاکەکەسی کە بۆ لای ڕێنماییمان دەکات، بە تەواوی کتوپڕ و لەناکاو نییە.

ئیمیل دۆرکهایم، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کۆمەڵگە لە پەرستنی ئایینیدا عاشقی وێنە تایبەتییە خەیاڵییەکەی خۆی دەبێت. بەڵام لەسەردەمی ناسیۆنالیستیدا، کۆمەڵگەکان بە ڕوون و ڕاشکاوی خۆیان دەپەرستن، هەموو خەیاڵ و فانتازیایاکیش دەخەنە لاوە. لە نۆرمبێرگ چیتر ئەڵمانیای نازی لە ڕێگەی دەرخستنی پەرستی خوایەکەوە خۆی نەدەپەرست، بەڵکو هەر بە ئاشکرا خۆیی دەپەرست.

پەرستنی کۆمەڵایەتیی خود، چ توونـدوتیژانە بێت چ نەرموونیان، لە ئێستادا پەرستنی خودێتیی دەستەجەمعییە نەک ئامرازێک بۆ بڵندڕاگرتنی کۆمەڵگە بە شاراوەیی، ئەگەرچی وەک دۆرکهایم جەختی لەسەر دەکاتەوە، وێنەی خودا مانای ئەوە نییە شێوازی ئێستا ڕاستترە لە شێوازی سەردەمی دۆرکهایم.

فانتازیاکردن و تەوەهومی خودی، کە ناسیۆنالیزم ممارەسەی دەکات ئەمەیە: ناسیۆنالیزم لە جەوهەردا، سەپاندنی گشتی کولتووری بالایە بەسەر کۆمەڵگەدا، لەوێدا کە کولتوورە نزمەکان هەندێک کات باڵادەستی خۆیان بەسەر ژیانی زۆرینەی دانیشتووان یان هەموو دانیشتوواندا دەسەپێنن.

ناسیۆنالیزم واتە بڵاوکردنەوەی گشتگیری زمان، بە نێوەندگیری قوتابخانە و سەرپەرشتی ئەکادیمیا، بۆ

ئەوەی ئەم زمـــانە پـــۆلێن بکـــات و پێداویســـتییەکانی پەیوەندیگیریی بیرۆکراتی و تەکنۆلۆژی پڕ بکاتەوە.

ناسیۆنالیزم واتە دامەزراندنی کۆمەڵگەی بێ ئاگا و نا-کەســـی، کە تـــاکە لێکجوداکـــان وەک ئەتۆمەکـــان لەخـــۆ دەگرێـــت، ئەو تاکـــانەی کە دەشـــێت ئـــاڵوگۆڕبکرێن و هەڵبوەشێنرێنەوە، پێکەوە بە داوی کولتوورێکی هاوبەشی لەم جـــۆرە بە یەکتـــرییەوە بەســـتراونەتەوە، لەبـــری دامەزرانـدنی کورسـی پێشـتری کـۆمەڵە لۆکاڵییەکـان، کە لەسەر زەمینەی کولتوورە میللییەکان دەژین، کولتوورێک کە ئەم کـۆمەڵە بچووکـانە دەیانەوێـت بەرهەمـی بهێـنن و دووبارەیش بەرهەمی بهێننەوە.

بەڵام ئەم سـەپاندنەی کولتـووری بـاڵا، کە بە زۆرەملـێ یەکخراوە و ئینجا سڕینەوە و لابردنی کولتوورە نزمەکان، خۆی لێکدژە لەگەڵ ئەوەی کە ناسـیۆنالیزم بانگەشـەی بۆ دەکات و داوای باوەڕپێکردنی دەکات.

ناســـــیۆنالیزم، بەنـــــاوی کولتـــــووری میللـــــی بانگەشەبۆکراوەوە داگیرکارییەکانی خۆی ئەنجام دەدات. ڕەمزەکانی خۆی لە ژیانی ئەسڵی و زیندوو و سـەلیمی جووتیارانەوە وەردەگرێت، یان لە ژیانی گەل Volk، یان لە نـارود Narud ـەوە وەردەگرێـت. ئەم نوانـدنەوە خـودییە ناسیۆنالیستییە ڕەگەزێکی دیاریکراوی حەقیقەتی تێدایە، ئەوەیـــش کاتێـــک ئەم گەلە (Volk یـــان Narud) ملکەچـــی حـوکمی فەرمـانبەرانی کولتـوورێکی بـاڵای نـامۆ دەبێت، حوکمێـــک کە دەبێـــت یەکەمجـــار بە زینـــدووکردنەوە و

جەختکردنەوە لەسەر کولتوور بەرەنگاریی بکرێت و ئینجا دواجار بە جەنگی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی. ئەگەر ناسیۆنالیزم گەشە بکات ئەوا کولتووری بالای نامۆ و بێگانە لادەبات. بەلام ناتوانێت بە کولتووری لۆکالی نزم قەرەبووی ئەم کولتوورە بالایە بکاتەوە، بەلکو پتر کولتوورێکی بالای لۆکالی دەژێنێتەوە یان دادەهێنێت (کولتوورێکی نووسراو، کە کەسانی پسپۆڕ دەیگوازنەوە)، ئەگەرچی هێشتایش لە هەندێک لایەنەوە پەیوەندیی دیاریکراوی بە شێواز و دیالێکتە لۆکالییە میللییەکانەوە مابێت.

کەواتە، هێشتایش بڕێک خۆخەلەتاندنی سۆسیۆلۆژیی هەیە، ڕوانینێک لە واقیع هەیە لە پەنجەرەی وەهمەوە، بەلام لەو وەهمە ناچێت، کە دۆرکهایم شیکاریکردووە. کۆمەلگە چیتر، لە ڕێگەی ڕەمزە ئاییینییەکانەوە خۆی ناپەرستێت، کولتوورێکی بالای مۆدێرن هەیە کە لە گۆرانی و سەمادا بە بالای خۆیدا هەلدەلێن، لەو کولتوورە میللییەیش وەردەگیرێت کە وا مەزندەدەکرێت دەیکاتە کولتوورێکی نەمر و بەرگریی لێ دەکات و جەختی لەسەر دەکاتەوە.

**سەرچاوە**

مجموعة مؤلفين: القومية، مرض العصر أم خلاصة؟، إعداد: فالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الأولى، 1995.

# سەرچاوەکانی
# ئاگایی نەتەوەیی

بێندکت ئەندرسۆن

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

ئەگەر گەشـەکردنی چـاپەمەنی-کـاڵایی کلیلـی گەیشـتن بێـت بە بەرهەمهـاتنی ئایـدیا تەواو نوێیەکـان دەربـارەی هـاوزەمەنی، ئەوا هێشـتا لە خاڵێکـداین کە تەنیـا ئیمکـانی ئەوە هەیە کۆمەڵەکـــــان (Communities) لە جـــــۆری سێکیولاریســـتی –ئاســـۆیی و زەمەن–ی بەرهەڵســـتکار سەرهەڵبدات.

بـــۆچی نەتەوە لەنێـــو ئەم جـــۆرە کـــۆمەڵانەدا بـــووە زاراوەیەکـــی بەربـــڵاو؟ فـــاکتەرە یارمەتیـــدەرەکانی ئەم گەشـــەکردنە، بە ڕوونـــی دیـــارە کە هەمەڕەنـــگ و ئـــاڵۆزە. بەڵام دەشێت مشتومڕەکە لەم بارەیەوە ڕۆڵی سەرەکی بە گەشەکردنی سەرمایەداری بدات.

لە ساڵی 1500دا نزیکەی 20 هەزار کتێب چاپ بوون[1]، ئەوەیـــش هەڵهـــاتنی هەتـــاوی "ســـەردەمی دووبـــارە بەرهەمهێنـانەوەی میکـانیکی" تۆمـار کـردووە کە واڵـتەر بنیـامین لەبـارەیەوە دواوە. ئەگەر زانینـی دەستنووسـەکان زانینێکـی دەگمەن و نهێنیـی بووبێت، ئەوا زانـین لەبـارەی دەقە چاپکراوەکـانەوە، بەسـایەی قـابیلییەتی زۆربـوون و بڵاوبوونەوەوە دەژی[2].

---

1 ئەو کـــاتەی ئەوروپـــا بە چـــاپەمەنی ئاشـــنابوو، ژمـــارەی دانیشـتووانەکەی خۆی لە 100 ملیۆن کەس دەدا. بڕوانە: مـارتن و ڤیڤەر، هاتنی کتێب، لا 248-249.

2 لەو شـــتانەی کە دەلالەتـــی هەیە ئەوەیە کە کتێبـــی "گەشـــتەکانی مارکۆپۆلۆ"، بە نەناسراوی مایەوە تاوەکو ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1959دا چاپکرا. "گەشتەکانی مارکۆ پۆلۆ"، ل13.

بە قســـەی ڤـــیڤەر و مـــارتن، ئەگەر ژمـــارەی ئەو بەرگـانەی کە هەتـا سـاڵی 1600 چـاپ بـوون، لایەنـیکەم گەیشــتبێتە نــزیکەی 20 ملیــۆن، کەواتە ســەیر نیــیە کە فرانســیس بیکـۆن پێیوابێـت چـاپەمەنی "فـۆڕم و دۆخـی جیهان"ی گۆڕیوە[3].

پیشەســازیی بڵاوکــردنەوەی کتێــب، یەکێــک بــوو لە فـۆڕمە هەرە سـەرەتاییەکانی پـرۆژەی سـەرمایەداری، بە هەموو ئەو هەوڵە ماندونەناس و بێ پسانەوانەیشـەوە کە ســەرمایەداریی بــۆ بازاڕەکــان دەیــدات. چاپەمەنەکــانی ســەرەتا، چەنــدین لقــی چاپەمەنییــان لە سەرانســەری ئەوروپـادا دامەزرانـد: «بەم جـۆرە، ڕۆڵـی بڵاوکـردنەوەی "نێــونەتەوەیی" بە کردەیــی دروســت بــوو، کە ســنوورە نەتەوەییەکانیشی فەرامۆش کرد[4]». کاتێک سـاڵانی 1500-1550 سـاڵانی گەشـەکردنێکی نائاسـایی بوو لە ئەروپـادا، ئەوا کەرتـی بڵاوکـردنەوە بەشـداریکرد لە خۆشـگوزەرانیی گشتیدا.

ئەم پیشەســازییە "لە هەرکـاتێکی دیـکە زیـاتر" بـووە پیشەســـــازییەکی "گەورە لەژێـــــر فەرمـــــانڕەوایەتی

---

3 ئایزنشـتاین لە کتێبەکەیدا کۆتەیشـنی لێهێنـاوە "هەنـدێش حەدس"، ل56.

4 ڤـیڤەر و مـارتن: هـاتنی کتێـب، ل122. (بەڵام دەقە ئەسـڵییەکە بە ڕوونــی دەربــارەی "تێپەڕانــدنی ســنوورەکان" دەدوێــت و هیچیتــر. L'Apparation، ل14.

سـەرمایەدارە دەوڵەمەندەکانـدا"[5]. هەڵـبەت «غەمـی سـەرەکیی کتێبفرۆشـان چنینـەوەی قـازانج و فرۆشـتنی بەرهەمەکـان بـوو، لەبەرئەوە سـەرەتا و پـێش هەمـوو شتێک هەوڵیاندا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و دانراوانە کە دەشیا بەرفراوانترین جەماوەری هاوسەردەمی خۆیان گرنگییان پێبدەن»[6].

یەکەمـین بـازاڕ ئەوروپـای ئەبـجەدی بـوو، تـوێژێکی بەرفراوان بەڵام سووکەڵەی خوێنەرانی لاتینیزمان هەبوو. تێرکردنـی ئەم بـازاڕە 150 سـاڵی خایانـد. حەقیقەتـی دانپێـدانراو سـەبارەت بە زمـانی لاتینـی (ئەگەر پیرۆزییەکەی بخەینە ئەولاوە) ئەوەبوو کە زمانی ئەوانە بوو کە بە دوو زمان قسەیان دەکرد (جووت زمانزان). ئەوانەی کە لە سەردەمی لەدایکبوونەوە قسەیان پێدەکرد ڕێژەیەکـی زۆر کەم بـوون، بەڵام ئەوانەی خەونیـان بە لاتینییەوە دەبینی، پێموایە زۆر لەوە کەمتر بوون. ڕێژەی ئەوانەی لە سەدەی شازدەدا لە کۆی دانیشتوانی ئەوروپا بە دوو زمان قسەیان دەکرد، ڕێژەیەکی زۆر کەم بوو،

5 هەمان سەرچاوە، ل187. دەقە ئەسڵییەکە لەبارەی سەرمایەدارە "بەهێزەکان"ـەوە دەدوێت نەک "دەوڵەمەندەکان". L’Apparation ، ل281.

6 "لێرەدا هێنانەناوەوەی چاپەمەنی لەم ڕووەوە، قۆناغێک بوو لە سەرڕێدا بوو بۆ کۆمەڵگەی ئێستامان، کۆمەڵگەی بەکاربردنی بە کۆمەڵ و یەکخستنی پێوانەیی". هەمان سەرچاوە، ل259–260. ڕەنگە وەرگێڕانی باشتری ئەم دەقە ئەمە بێت: شارستانێتی بە کۆمەڵ، کە پێوانەییانە یەکخراوە. L’Apparation ، ل394.

ڕەنگە لە ڕێژەی ئەوانە زیاتر نەبووبێت کە ئێستا لە کۆی دانیشتووانی جیهاندا بە دوو زمان قسە دەکەن، هەروەها –وێرای ئەنتەرناسیۆنالی پرۆلیتاری- لە سەدەکانی دواتردا. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان یەک زمانیان هەیە یان یەک زمان دەزانن. بەمجۆرە خودی لۆژیکی سەرمایەداری بایەخی بەوەدا کە گرتنی بازاڕی دەستەبژێری لاتینی، واتای ئەوەیە بازاڕێکی شاراوەی پانوپۆڕ کە جەماوەر دەینوێنێتەوە (یەک زمانزانەکان)، جەماوەرێکی بەفراوان بۆ خۆی دەقۆزێتەوە؛ واتای ئەوەیە کە ئەم بازارە دەست دەکات بە فریوودان و هەڵخەڵەتاندن. با لەوە دڵنیابین کە "دژە-چاکسازی" [یان چاکسازیی پێچەوانە] کە کەنیسەی کاتۆلۆژیکی دژ بە پرۆتستانتیزم ئەنجامیدا، بووە هاندەری ئەوەی بۆ ماوەیەک بڵاوکردنەوە بە زمانی لاتینی ببوژێتەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە [دژە-چاکسازیی] لە نیوەی سەدەی حەڤدەوە ڕووی لە کزیی کرد، ئیدی کتێبخانە کاتۆلیکییەکان پڕبوون و لێیان مایەوە. لەم سەروەختەدا تۆزێک پارە هاتە تەواوی ئەوروپاوە کە وای لە بڵاوکەرەوەکان کرد بە زمانە لۆکاڵییەکان چاپکراوە هەرزانەکان بڕازێننەوە[7].

ووژاندنی زمانە لۆکاڵییەکان لەلایەن سەرمایەدارییەوە سێ هاندەری نوێی هەبوو، سێ فاکتەری دەرەکی،

7 هەمان سەرچاوە، ل195.

دووانیان ڕاستەوخۆ بەشداربوون لە سەرهەڵدانی ئاگایی نەتەوەییدا.

***یەکەمیان***، کە گرنگییەکەی لەویتریان کەمترە، گۆڕانی مۆرکی خودی زمانی لاتینی بوو. بەهۆی هەوڵی هیومانیستەکانەوە لە بوژاندنەوەی ئەدەبی بەرفراوانی دێرین، ئەدەبی پێش مەسیحییەتدا و بڵاوکردنەوەی لە بازاڕی چاپەمەنیدا، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەوروپی ڕێزێکی نوێی لەم بەرهەمانە گرت، هەر هەموویان دەستکەوتی ستایلسازیی پێشکەوتووی ئەدیبە کۆنەکانیان بەرز دەنرخاند.

ئەو زمانە لاتینییەی کە ڕۆشنبیران خولیایان بوو پێی بنووسن زیاتر نزیک بوو لە زمان و ستایلی شیشەرۆنەوە، بۆیە زۆر دووربوو لە زمانی کەنیسە و لە زمانی ژیانی ڕۆژانەوە. بەوەیش سیمایەکی سۆفیگەری (باتینییەت)ـی وەرگرت کە تەواو جیاوازبوو لە خاسیەتە لاتینییەکەی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست. ناڕوونی ئاڵۆزیی زمانی لاتینیی کۆن بەهۆی بابەتەکان و ستایلەکەیەوە نەبوو، بەڵکو بەو هۆیە بوو کە تۆمارکەرێکی ئەسڵیی بوو، واتە بەهۆی پێگەکەیەوە بوو وەک دەق. بەڵام ئاڵۆزییەکەی ئێستای بەهۆی ئەو بابەتانەوە بوو کە دەنووسران، بەهۆی زمانەوە بوو لە-خۆیدا.

***دووەم***، کاریگەریی چاکسازیی ئایینی، کە سەرکەوتنەکەی زۆر قەرزداری خودی چاپەمەنی سەرمایەداری بوو. بەر لە سەردەمی چاپەمەنی، ڕۆما

زۆر بە ئاسانی هەموو شەڕەکانی دژ بە گومڕاکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەبردەوە، لەبەرئەوەی کەنیسە هێڵی پەیوەندیی باشتر و بەتواناتری هەبوو لەوانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی دەبوونەوە. بەڵام کاتێک مارتن لۆتەر بزمارێکی داکوتی تاوەکو لە ساڵی 1517دا تێزەکانی خۆی بە دەرگاری کەنیسەی دوولەتبووی فیتنبێرگدا داکوتێت، تێزەکان بە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکەی چاپکرابوون و "لە ماوەی 15 ڕۆژدا بە سەرتاپای وڵاتدا بڵاوبووبوویەوە"[8]. لە ماوەی دوو دەیەدا نەک زیاتر، واتە لە (1520–1540)دا، ژمارەی کتێبە بڵاوکراوەکان لە ئەڵمانیا سێ هێندەی ئەو کتێبانە بوو کە لە ماوەی 1500–1520دا بڵاوکرانەوە، ئەمە وەرچەرخانێکی سەرسوڕهێنەر بوو کە تێیدا مارتن لۆتەر بێ هیچ ئەملاولایەک پشکی شێری بەرکەوتبوو. دانراوەکانی ئەو، سێ یەکی سەرجەمی ئەو کتێبە ئەڵمانیانەبوو کە لەنێوان ساڵانی 1518 و 1522دا فرۆشران. بەڵام لەنێوان ساڵانی 1522 و 1546دا 430 چاپی کامڵ یان نیوەناچڵی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکانی بڵاوکرانەوە. «ئیمە لێرەدا دەوەستین، بۆیەکەمجار بە ئامادەیی جەماوەرێکی زۆر بەرفراوانی خوێنەر و ئەدەبێکی میللی لەبەردەستی هەمووانیدا[9]». لە ڕاستیدا لۆتەر بووە یەکەم نووسەر لە جیهاندا و بووە خاوەنی ئەو ناوبانگەی کە لەمڕۆدا

---

8 هەمان سەرچاوە، ل289–290.

9 هەمان سەرچاوە، ل291–295.

پێیدەڵێین "پڕفرۆشترین"، هەر بەم سیفەتەیش ناسرا. یان، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز گوزارشت لەم بابەتە بکەین، دەڵێین لۆتەر یەکەمین نووسەر بوو کە توانی کتێبە نوێیەکانی لەسەر بنەمای ناوبانگی ناوەکەی "بفرۆشێت"[10].

نووسەرانێکی دیکە دوای لۆتەر هاتن تاوەکو ئەو پرۆژەیە تەواو بکەن کە ئەو دەستیپێکردبوو، جەنگی گەورەی پروپاگەندەی ئایینییان کردەوە کە لە سەدەی دواتردا هەموو ئەورووپای گرتەوە. لەم شەڕە قورسەدا کە "جەنگی بەدەستهێنانی عەقڵی خەڵکی" بوو، بە بەردەوامی پرۆتستانتیزم لایەنیی هێرشبەر بوو، چونکە زۆر بە وردی دەیزانی چۆن بازاڕی چاپەمەنی بەو زمانە لۆکاڵییانەی سەرمایەداری دروستی کردبوون، بۆ خۆی بقۆزێتەوە و بەکاربهێنێت. لە کاتێکدا بزووتنەوەی دژە-چاکسازیی کاتۆلیکی کەوتە بەرگریکردن لە قەڵا لاتینییەکان. ڕەمزی ئەمە کتێبی ڤاتیکان Index Librorum Prohibitorum بوو (کە هاوتایەکی لاتینی بوونی نییە پێچەوانەی بێت)، ئەمە کەتەلۆگێکی نوێ بوو کە بە حەتمی

10 لەمەوە، دۆخەکە یەک هەنگاو لە فەرەنسای سەدەی حەڤدە دووربوو، کە لەوێ کۆرنی و میولێر و لافۆنتین توانییان دەستنوسەکانی تراژیدیاکان و کۆمیدیاکان ڕاستەوخۆ بە بڵاوکەرەوەکان بفرۆشن، ئەوانیش لەبەر ڕۆشنایی ناوبانگ و پێگەی نووسەرەکانیان لە بازاڕی کتێبدا، وەک پارەپەیداکردنی چاک کڕییان. هەمان سەرچاوە، ل161.

دەبوو بەهۆی قەبارەی مادە چاپکراوە خاپوورکەرەکانەوە دەربچێت. هیچ شتێک نییە لەو ترسەی فرانسوای یەکەم کە ساڵی 1535 قەدەغەکردنی سەپاند بەسەر چاپکردنی هەر کتێبێک لە شانشینەکەیدا، بتوانێت باشتر وێنای هەستکردن بە ئاوەزی ئەم گەمارۆدانە بکات- ئەویش سزای لەسێدارەدان بوو هەتا مردن! هۆکاری قەدەغەکردن و ئەستەمیی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەیش پێکەوە، ئەوەبوو کە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی شانشینەکەی بە دەوڵەتشار و شارە پرۆتستانتییەکان دەورەدرابوو، ئەمەیش بووە مایەی کۆبوونەوەی بەلێشاوی چاپکراوەکان بۆ بەقاچاغبردن. با تەنیا شاری جنێف لە سەردەمی کاڵڤندا بە نموونە وەربگرین. لەنێوان ساڵانی 1533 و 1540دا لەم شارە تەنیا 42 کتێب چاپکران، بەڵام ژمارەکە لەنێوان ساڵانی 1556 و 1564دا گەیشتە 527. لەم ساڵەی دواییدا 40 خانەی چاپکرن هەبوون کە لە کاتی زیادکراودا بەوپەڕی توانای خۆیانەوە کاریان دەکرد[11].

هاوپەیمانیی پرۆتستانتیزم و چاپەمەنیی سەرمایەداری، چاپە میللییە هەرزانبەهاکانی بۆ خۆی قۆستەوە تاوەکو بە خێرایی جەماوەرێکی خوێنەری نوێ و بەرفراوان بخوڵقێنێت- لەنێو ئەو بازرگان و ژنانەیشدا کە هیچیان لە زمانی لاتینی نەدەزانی یان تەنیا کەمێکیان

11 هەمان سەرچاوە، ل310-315.

دەزانی، جەماوەری لەم جۆرەی پێکهێنا، بۆ ئەوەی ئەم جەماوەرە لە یەک کاتدا بۆ مەبەستی ئایینی و سیاسی بجوڵێنێت و هان بدات. بەرەنجامە حەتمییەکە ئەوەبوو کە لەرزەکە گەیشتە قووڵاییەکان، ئەمە تەنیا هەژاندنی کەنیسە نەبوو. هەمان لەرزە یەکەمین دەوڵەتە ئەوروپییە گرنگەکانی بەرهەم هێنا، کە دەوڵەتی خێزانی پاشایان یان دەوڵەتشار نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێکی نوێ بوو لە تەرزی کۆماری هۆڵەندی و کۆمۆنوێلسی بیۆرتانییەکان (ترسی فرانسوای یەکەم چەندە ئایینی بوو هێندەیش سیاسی بوو).

فاکتەری ***سێیەم*** بریتیبوو لە بڵاوبوونەوەی پەیتاپەیتای هەندێک لە زمانە لۆکاڵی و ناوچەییە نالێکچووەکان، وەک کەرەستەی بەڕێوەبردنی سەنترالی (یان سەنتراڵیزمی کارگێڕی) لەسەر دەستی هەندێک لە پاشا خۆڕاگرەکان کە نزیکبوون لەوەی ببن بە پاشای ڕەها (پاشایەتی ڕەها).

لێرەدا بێ سوود نییە ئەوە بیربهێنینەوە کە مۆرکە گشتگیرەکەی زمانی لاتینی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا، لە سەردەمی ناوەڕاستدا، هاوکوف یان هاوتای سیستەمێکی سیاسی تەواو گشتگیر نەبوو.

ڕەنگە بەراوردکردنی ئەوروپا و چینی سەردەمی ئیمپراتۆرییەت سوودێکی باشی هەبێت، چونکە ڕووبەری کارگێڕیی بیرۆکراتیکی ئیمپراتۆرییەت بە تەواوەتی بەقەد ڕووبەری بڵاوبوونەوەی پیتە نووسراوەکان بووە. لە ڕاستیدا، پارچەپارچەبوونی سیاسیی ئەوروپای ڕۆژئاوا

لەدوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوا، واتای ئەوە بوو کە هەر جێنشینێک نەیدەتوانی زمانی لاتینی بۆ خۆی مۆنۆپۆل بکات و بیکاتە زمانی دەوڵەتەکەی و تەنیا بیکاتە زمانی دەوڵەتی خۆی، بۆیە دەسەڵاتی ئایینی زمانی لاتینی هەرگیز هاوتایەکی ڕاستەقینەی بە بەرگی سیاسییەوە نەبوو.

لەدایکبوونی زمانە لۆکاڵییەکان بۆ بەڕێوەبردن، پێش لەدایکبوونی چاپەمەنی و هەڵگەڕانەوەی ئایینیی سەدەی شانزە بوو، لەبەرئەوە دەبێت بە یەکێک لە فاکتەرە (لایەنیکەم سەرەتایی) سەربەخۆکانی پارچەپارچەکردنی کۆمەڵی خەیاڵکراوی پیرۆزی دابنێین. لە هەمان کاتدا، هەرگیز هیچ شتێک نییە کە ئاماژە بەوە بدات هاندەرە ئایدیۆلۆژییە قووڵەکان، بە تایبەتیش هاندەرە سەرەتاییە نەتەوەییەکان، لە پشت ئەوەوەن کە لە بەڕێوەبردنی هەر شوێنێکدا پشت بە زمانە لۆکاڵییەکان ببەسترێت. گەر "ئینگلتەرا" –لە باکوری ڕۆژئاوای ئەوروپای لاتینیدا- بە نموونە وەربگرین ڕۆشنایییەکی تایبەتمان بۆ دەخاتە سەر بابەتەکە. بەر لە داگیرکاریی نۆرماندا ئەنگلۆساکۆنی زمانی دەربار و زمانی ئەدەب و بەڕێوەبردن بوو، بەڵام لە سەدە و نیوێکی دواتردا هەموو بەڵگەنامە پاشایەتییەکان، بە کردەیی بە زمانی لاتینی دادەنران و دەنووسران. لەنێوان ساڵانی 1200 و 1350دا، زمانی فەرەنسیی نۆرماندی جێگای زمانی لاتینیی فەرمی (لاتینیی-دەوڵەت) گرتەوە. لەم میانەیەدا ئەم زمانە

فەرەنسییە کە زمانی چینی فەرمانڕەوایانی بێگانە بوو، ئاوێتەی زمانی ئەنگلۆساکسۆنی بوو، کە (لەو کاتەدا) ببووە زمانی خەڵکی ڕەشۆک و ملکەچ، لەمەیشەوە زمانی بەرایی ئینگلیزی لەدایکبوو. ئەم ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونە دەرفەتی ئەوەی بە زمانە نوێیەکەدا کە دوای ساڵی 1362 ڕۆڵی خۆی ببینێت، تاوەکو ببێتە زمانی دەربار و-ئەو زمانەی کە پەرلەمان پێی دەستپێدەکات. ئەمە لە ساڵی 1382دا دەستنووسی وەرگێڕدراوی ئینجلی بە وەرگێڕانی وایکلیف، بەدواداهات[12]. پێویستە ئەوەیش لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم بەدوایەکداهاتنە زنجیرەی زمانەکانی "دەوڵەت" بوو نەک زمانی "نەتەوەیی". ئەم دەوڵەتەی مەبەستمانە ئەوەبوو کە لە چەندین کاتی جیاوازدا، نەک تەنیا ئینگلتەرا و وێلزی ئەمڕۆی دەگرتەوە، بەڵکو بەشێک لە ئێرلەندا و سکۆتلەندا و فەرەنسایشی دەگرتەوە. ئاشکرایە چەندین توێژی ڕەشۆکی خەڵک لاتینی یان بەرەنسیی نۆرماندی، یان ئینگلیزی سەرەتایان نەدەزانی[13]. هێشتا سەدەیەک بەسەر برەوسەندنی

12 سیتۆن-واتسۆن: نەتەوەکان و دەوڵەتان، ل28-29؛ بلوخ، کۆمەڵگەی فیودالی، بەرگی یەکەم، ل75.

13 دەبێت گریمانەی ئەوە بکەین کە یەکخستنی کارگێڕیی زمانیی بە زمانە لۆکاڵییەکان، یەکسەر وەدیهات یان بە کامڵی سەریگرت. بۆیە ڕێیتێناچێت کە گویین (Guyenne) کە لە لەندەنەوە بەڕێوەدەبرا، لە بنەڕەتدا بە زمانی بەرایی ئینگلیزی بەڕێوەبرابێت.

سیاسـیی زمـانی ئینگلیزیـی سـەرەتادا تێنەپەڕیبـوو کە دەسەلاتی لەندەن لە فەرەنسا هەڵگیرا.

لە کەنارەکـانی "سین"ـیشدا جموجـوڵی هاوشـێوە پەیدابوون، ئەگەرچی لەسەرخۆتر بوون. بلوخ گوزارشت لەم پەرەسەندنانە دەکات و دەڵێت: «زمانی فەرەنسی، کە تەنیـا بە فـۆڕمێکی ڕزیـوی زمـانی لاتینیـی دادەنرێـت، چەندین سەدەی پێچوو تاوەکو خۆی بۆ ئاستی زمانێکی ئەدەبیی بڵند بەرز بکاتەوە[14]»، بەڵام لە ساڵی 1539ـەوە بووە زمانی فەرمیی نێو گۆڕەپانە دادوەرییەکان، ئەویش کاتێک شا فرانسوای یەکەم نووسراوی Edict of Villers-Cotterésی دەرکرد[15]، زمانی لاتینییش بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر لە شانشینەکانی دیکەدا مایەوە، بە وایایەکیتر، بە سـایەی خێزانـی هابسـبۆرگەوە هەتـا چارەکی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدە مـایەوە. لە شانشـینەکانی دیـکەدا زمـانە لۆکاڵییە "بێگانەکان" سەریانهەڵدا تاوەکو جێگای زمانی لایتینی بگرنەوە: زمانی دەرباری بنەماڵەی ڕۆمانۆڤ لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا زمانی فەرەنسی و ئەمانی بوو.[16]

بـژاردەی "زمـان"، لە هەرحاڵەتێکـدا، گـۆڕانێکی پلەپـلە دەردەخات، کە خاڵی بووە لە خود-ئاگایی، ئامرازخواز بـووە، بە تـایبەتیش هەڕەمەکـی و لەخـۆوە بـووە، ڕێـک لەبەرئەمە، ئەم بـژاردەیە تەواو جیـاوازە لە سیاسـەتە

---

14بلوخ: کۆمەڵگەی فیودالی، بەرگی یەکەم، ل68.

15 سیتۆن-واتسۆن، ل48.

16 هەمان سەرچاوە، ل83.

زمـــانییە ئاگـــایی و مەبەســـتدارەکان، کە بنەمـــاڵە و نەوە پاشایەتییە فەرمانڕەواکان لە سەدەی نۆزدەدا پەیڕەوییان لێـــدەکرد، ئەمە ڕووبەڕووی هەڵکشـــانی ناســـیۆنالیزمی-زمانیی میللی و دوژمنکارانە بوویەوە. نیشانەی ڕوون و ئاشـکرا هەیە لەســەر ئەم جیـاوازییە، ئەویـش ئەوەیە کە زمــانە کــارگێڕییە کۆنەکــان لەمەدا کــورت بووبــوونەوە: زمانێـــک بـــوون دامەزراوە فەرمییەکـــان بە گـــوێرەی پێویسـتییە کردەییەکـانی خۆیـان بەکایـان دەهێنـان. هـیچ ئایـدیا یـان نیازێـک نەبـوو بـۆ سـەپاندنێکی بە بەرنـامە و پلانی زمان بەسەر گەلە جیاوازە ڕەشۆکییەکاندا[17]. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەڵکشانی ئەم زمانە لۆکاڵیانە بۆ ئاستی زمان-دەسـەڵات، بە واتـایەک لە واتاکـان کـردنییە کێبەرکێکـاری زمـانی لاتینـی (فەرەنسـی لە پـاریس، ئینگلیزیـی سـەرەتا لە لەنـــــدەن). ئەمەیـــــش لای خـــــۆیەوە بەشـــــداربوو لە سەرەولێژبوونەوەی ئایدیای کۆمەڵی خەیاڵکراوی جیهانی مەسیحی.

ئەگەر بابەتەکان لە قولاییەکەیدا وەربگرین، ئەوا دەڵێین وا پێـدەچێت دەسـتەبژێریتی و ئـاڵۆزی زمـانی لاتینـی، چاکسـازی پرۆتسـتانتی، پەرەسـەندنی هەڕەمەکیـی زمـانە لۆکاڵییەکـان لە بەڕێوەبردنـدا شـتانێکی گرنـگ بـووبن - لە

17 جەختکردنەوەیەکـی گونجـاو بـۆ ئەم خـاڵە هەیە کە فرانسـوای یەکەم پێشکەشـمانی دەکـات، کە وەک بینیمـان، لە سـاڵی 1535دا چاپکردنی هەمـوو کتێبێکی قەدەغە کـرد، پاشـان چـوار سـاڵ دواتـر، زمانی فەرەنسی کردە زمانی دەربار!

چوارچێوەی ئێستادا، لە بنەڕەتدا گرنگ بە مانا نەرێنییەکەی- لەوێدا کە بەشدارییان کردووە لە سەرکەوتکردنی زمانی لاتینی و لابردی لەسەر عەرشەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئایدیای کۆمەڵی خەیاڵکراو لە جیهانی مەسیحیدا. ئەگەرچی بە تەواوی دەشێت وێنای سەرهەڵدانی کۆمەڵە نەتەوەییە خەیاڵییە نوێیەکان بکەین، بەبێ ئەوەی هیچ یەکێکیان هەبن یان بە بێ ئەوەی هەموویان سەرهەڵبدەن. بەڵام ئەوەی وایکردووە ئەم کۆمەڵە نوێیانە بۆ خەیاڵکردن بشێن، بە واتا ئەرێنییەکەی، ئەوە هیچ نییە جگە لە کارلێکی نیمچە ڕێکەوت یان کتوپڕی نێوان سیستەمی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان (سەرمایەداری) و تەکنۆلۆژیای پەیوەندیگیریی (چاپەمەنی) و حەتمییەتی فرەجۆریی زمانیی مرۆڤ؛ پەیوەندییەک کە چەندە ڕێکەوتە هێندەیش تەقێنەرەوەیە.[18]

18 ئەوە یەکەمین "ڕێکەوت"ی کتوپڕ نەبوو. ڤیڤەر و مارتن سەرنجی ئەوەیان داوە کە لە کۆتایی سەدەی سیانزەیەمەوە، ئەورووپا، بۆرژوازیەتێکی بەرچاو هەبووە، لەگەڵ ئەوەیشدا کاغەز هەتا کۆتایی سەدەی چواردە نەکەوتە نێو بەکارهێنانی گشتییەوە. ڕووپەڕی تەختی کاغەز بواریدا بە زۆربوونی دەقەکان لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا، بەهەمان شێوە هەلێک بوو بۆ چاپکردنی وێنە و نیگارەکانیش- ئەمەیش دوای 75 ساڵ لە بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی کاغەز ڕوویدا. بەڵام کاغەز داهێنراوێکی ئەورووپی نەبوو. لە مێژوویەکی دیکەوە –چین- و لە ڕێگەی جیهانی ئیسلامییەوە وەرمانگرتووە. بڕوانە: هاتنی کتێب، ل22 و 30 و 45.

ڕەگەزی حەتمییەت لێرەدا ڕەگەزێکی جەوهەرییە. چونکە مالوێرانییە سەروو-مرۆییەکان، لەوانەی کە سەرمایەداریی دەتوانێت بیانهێنێتە کایەوە، هەرچییەک بن هێشتا دوژمنایەتییەکی سەرسەختی لە مەرگ و فرەیی زمانەکاندا پیشاندا[19]. زمانە دیاریکراوەکان دەشێت بمرن یان بە تەواوەتی لەنێوبچن، بەڵام هیچ کاتیک ناشێت و مومکین نییە مرۆڤەکان بە گشتی لە یەک زماندا یەکبخرێن. پێکپەیوەستیی ئەم دوو حەقیقەتە و قبوڵنەکردنیان، لە ڕووی مێژوویی پێش سەرمایەدارییەوە بایەخێکی کەمیان هەیە، بەڵام کە سەرمایەداری و چاپەمەنی گەشەدەستێنێت، جەماوەرێکی گەورەی خوێنەری یەکزمانیان دروست کرد.

هەرچەندە پێویستە دەست بە ئایدیای حەتمییەتەوە بگرین، بە واتای دۆخی گشتیی هەمەجۆریی زمانی، کە ناتوانین خۆمانی لێ ببوێرین، کەچی هێشتا هەڵەیە ئەم حەتمییەتە، هەمان ئەو ڕەگەزەی کە جەخت لەسەر حەتمیەتی ئەسڵیی زمانە دیاریکراوەکان دەکاتەوە و دەیانداتە پاڵ یەکە هەرێمییە دیاریکراوەکان، بکەینە شارەگەزی باڵادەستی باو لە ئایدیۆلۆژییە نەتەوەییەکاندا. بەڵام لای ئێمە شتی جەوهەری بریتییە لە بەیەکداچوون و کارلێکی حەتمییەت، تەکنۆلۆژیا، سەرمایەداری. لە

19 هێشتایش داماوین بۆ کۆمپانیای زەبەلاحی فرە ڕەگەز لە جیهانی بڵاوکردنەوەدا.

ئەوروپا، بێگومان لە سەرجەم بەشەکانی دیکەی پێش چاپەمەنییش، زمانە قسەپێکراوەکان ئێجگار هەمەجۆر بوون، ئەم زمانانە بۆ قسەپێکەران کۆگا و خۆراکی ژیانیان بوو. بەڵام ئەم هەمەجۆرییە ئەوەندە زۆربوو کە ئەگەر سەرمایەداریی چاپەمەنی تەنیا هەوڵیبدایە هەر بازاڕێک بۆ زمانە لۆکاڵییە زارەکییەکان بەکاربهێنێت، ئەوا سەرمایەداریی تەنیا وەک سەرمایەدارییەکی قەزەم دەمایەوە. بەڵام دەشیا ئەم دیالێکتە هەمەجۆرانە لە سنوورێکی دیاریکراودا کۆبکرێنەوە، تاوەکو ببنە کۆمەڵێک زمانی چاپەمەنی کە ژمارەیان زۆر کەمتر بوو لە ژمارەی زمانە لۆکاڵییەکان. مۆرکیی چەندێتیی هەر مەنزومەیەکی نیشانەکانی دەنگ، بە ئاسانی کۆدەکرایەوە[20].

20 بۆ لێکۆڵینەوەی بەسوود سەبارەت بەم خاڵە، بڕوانە: بەشی پێنجەمی کتێبی Five hundred years of S. H. Steinberg Printing.

س. شتاینبێرگ: پێنج سەد ساڵ چاپەمەنی. نیشانەی Ough لەم وشانەی خوارەوەدا بەشێوازی جیاواز گۆدەکرێت: although, Bough, Rough, Cough, Hiccough، ئەمەیش هەمەجۆریی لە دیالێکتە تاکییەکاندا پیشان دەدات کە زمانی ئینگلیزیی سیستەماتیکی ئێستا و هەموو دیالێکتەکانی لێیەوە دروستبوون، هەروەها خەسڵەتی وێنەکێشان بە ڕەمز و وێنە (نەک دەنگ)ی بەرهەمهێنراوی تەواوەتی. , ugh, Rough, Cough, Hiccoughی جیاواز گۆدەکرێت: ی پێنجەمی کتێبی ەدا. 75 ساڵ لە بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی کاغەز ڕوویدا. ن و کۆمیدی

له هه‌مـان کاتـدا هه‌تـا نیشـانه‌کان وێنه‌ییتـر- ڕه‌مزیتـر بوونـایه‌، ڕووبه‌ڕی مـومکینی کـۆکردنه‌وه‌ فراوانتـر بـوو. مـــرۆڤ ده‌توانێـــت تێبینیـــی جۆرێـــک له‌ ڕیزبه‌نـــدیی سـه‌ربه‌ره‌وخوار بکات که‌ له‌ جه‌بر (بیرکاری)ـه‌وه‌ ده‌سـت پێده‌کات، به‌ زمانی چینی و ئینگلیزیدا تێده‌په‌ڕێت، تاوه‌کو ده‌گـات به‌ بـڕگه‌ ئه‌بجه‌دییه‌کـانی زمـانی فه‌ره‌نسـی و ئه‌ندۆنیسـی. هـیچ شـتێک وه‌ک سـه‌رمایه‌داریی زمـانه‌ لۆکـاڵییه‌ تایبه‌تییه‌کـانی کـۆنه‌کردۆته‌وه‌، چـونکه‌ سـه‌رمایه‌داریی له‌ چوارچێوه‌ی سنووره‌ سـه‌پێندراوه‌کانی گرامه‌ر و ڕسته‌سـازیدا، زمـانه‌-چاپه‌مه‌نییه‌کانی داهێنا که‌ له‌ ڕووی میکـانیکییه‌وه‌ به‌رهه‌م ده‌هێنـرانه‌وه‌ و ده‌یـانتوانی له‌ ڕاڕه‌وی بازاڕه‌کاندا بڵاوببنه‌وه‌[21].

*ئه‌م زمـانه‌-چاپه‌مه‌نییـانه‌، له‌ سـێ ڕێـگه‌ی جیـاوازه‌وه‌ بنچینه‌ی ئاگایی نه‌ته‌وه‌ییان چه‌سپاند.*

---

21 وتـم "هـیچ شـتێک له‌ سـه‌رمایه‌داریی زیـاتر خزمه‌تـی نه‌کـردووه‌ به‌..."، ئه‌مه‌م به‌ ڕاوێژ وتووه‌. هه‌ریه‌که‌ له‌ شـتاینبێرگ و ئایزنیشـتاین له‌ به‌خوداکردنی فۆڕمی "چاپه‌مه‌نی" نزیک ده‌بنه‌وه‌، به‌ چامه‌نیشـه‌وه‌ وه‌ک جه‌وهه‌رێکی بلیمه‌تی مێژووی هاوچه‌رخ. به‌ڵام ڤیڤه‌ر و مـارتن ئه‌وه‌ له‌بیرنـــاکه‌ن که‌ له‌ پشـــت چـــاپه‌مه‌نییه‌وه‌، چاپگه‌ره‌کـــان و کۆمپانیاکـانی بڵاوکـردنه‌وه‌ هه‌ن. لێره‌دا شـایه‌نی وتـنه‌ که‌ سـه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی چـاپه‌مه‌نی 500 سـاڵ به‌ر له‌ ده‌رکه‌وتنـی له‌ ئه‌ورووپـا، بـۆ یه‌که‌مجار له‌ چین داهێنراوه‌، که‌چی هیچ کـاریگه‌رییه‌که‌ی ئه‌وتۆی له‌ چـین دانه‌نـا، به‌ تـایبه‌تیش کـاریگه‌رییه‌کی شۆڕشـگێڕانه‌-، هۆکـاری ئه‌مه‌یش ڕێک به‌هۆی نه‌بوونی سه‌رمایه‌دارییه‌وه‌ بوو.

***یەکەم***، پـێش هەمـوو شـتێک، ئەم زمـانە-چاپەمەنییـانە، کـێڵگەی یەکگرتوویـان بـۆ ئـاڵوگۆڕ و پەیوەنـدیگیرییەک کردەوە کە لە لاتینی بەرتەسکتر بوون و لە زمانە لۆکاڵییە قســەپێکراوەکان فراوانتــر بــوون. ئەوانەی بە دیــالێکتە زۆروزەبەندە فەرەنسییەکان (Frenches)، یان ئینگلیزییەکان (Englishes)، یــان ئیســپانییەکان (Spanishes) دەدوان و بە زەحــمەت لە یەکتــر تێدەگەیشــتن یــان نەیانــدەتوانی لە یەکتری تێبگەن، ئیدی دەیانتوانی لە ڕێگەی چاپەمەنی و کــاغەرەوە لەیەکتــری تێــبگەن. بەرەبەرە لەم پرۆســەیەدا دەرکیـان بەوە کـرد سـەدان هەزار، بگـرە ملیۆنـان خەڵـک هەن کە لە هەمــان کـێڵگەی زمــانیی تایبەتـدان، دەرکیــان بەوەیـش کـرد کە تەنیـا ئەم سـەدان هەزار یـان ملیۆنـان خەڵکەیە سـەر بەم کێڵگەیەن. ئەم خـوێنەرە لێکنزیکانە، کە لە ڕێگەی چـاپەمەنییەوە پێکەوە پەیوەسـتبوون، لە بـوونە دنیــاییە تایبەتییەکەیانــدا یەکیــانگرت، ئەم نەبینــراوەی کە دەبینرێت. [واتە] ناوکی کۆمەڵەی خەیاڵکراوی نەتەوەیی.

***دووەم***، چـاپەمەنیی سـەرمایەداریی جێگیرییەکـی نـوێی بە زمـان بەخشـی کە لە درێـژمەودادا، یارمەتیـدەربوو بـۆ دروسـتکردنی وێنەی ڕابردوویەکـی دێـرین کە لە ئایـدیای خودیــدا دەربــارەی نەتەوەکــان چەقــی قورســاییەکەی گرتبوو. وەک مارتن و ڤیڤەر بۆمـانی بـاس دەکەن، کتێبـی چاپکراو هەمیشە بەردەوامیی پێدەدرا و بەکردەیی توانـای زۆربــوونێکی ناکۆتــای لە شــوێن و کاتــدا هەبــوو. چیتــر ملکەچـی نەریـتە تاکەکەسـییەکان و "تــازەکردنەوەی نــا-

واقیعی"ی کۆپیکارەکانی نێو دەیرەکان نەبوو. بەم جۆرە کاتێک زمانی فەرەنسی سەدەی دوانزە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ ئەو فەرەنسییەدا هەبوو کە لە سەدەی یانزەدا فیلیۆن پێی نووسیوە، ئەوا تەوژمی گۆڕان لە سەدەی شانزەدا بە تەواوی هێواش بوویەوە. «بە هاتنی سەدەی حەڤدە، زمانەکان لە ئەوروپا فۆڕمە مۆدێرنەکەی خۆیان وەرگرت[22]». با ئەم بابەتە بە جۆری دیکە باس بکەین، دەڵێین لەو کاتەوە، ئەو سێ سەدەیەی کە تێپەڕیووە، وەهای لەم زمانە-چاپەمەنییە جێگیرانە کردووە کە تیشکێکی تاریک پەیدا بکەن؛ وشەکانی باوان و پێشینانمان لە سەدەی حەڤدەدا، بەشێوەیەک لە بەردەستماندایە و بۆمان ڕەخساوە کە زۆر جیاوازە لە دۆخی فیلۆن، چونکە لە سەدەی دوانزەدا وشەکانی باوان بەسەری ئەودا داخرابوون.

***سێیەم***: چاپەمەنیی سەرمایەداریی کۆمەڵێک زمانی دەسەڵات (یان زمانی بۆ دەسەڵات) خوڵقاند کە جیاوازبوون لە زمانە لۆکاڵییە کارگێڕییە کۆنەکان. هەندی لە دیالەکێکتەکان لە زمانی چاپەمەنییەوە "نزیکتر"بوون و هەژموونی لەسەر دوایین فۆڕمیان کرد. دیالێکتەکانی دیکەی نێو هەمان خێزانە زمان (ئامۆزا زیانپێگەیشتووەکان)، ڕۆڵی خۆیان دۆڕاند، ئەگەرچی دەشیا لەلایەن زمانی چاپەمەنی سەرهڵداوەوە

22 هاتنی کتێب، ل319؛ هەروەها بڕوانە: L'Apparation، ل477.

لەخۆبگیرێن، هۆکاری لەدەستدانی ڕۆڵەکەیشیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرکەوتوو نەبوو (یان کەمێک سەرکەوتووبوون) لەوەی پێداگری لەسەر ئەوە بکەن فۆڕمی تایبەتی چاپەمەنییان هەبێت. زمانی گشتیی "ئەڵمانیا/ باکوری ڕۆژئاوا"، ئەگەرچی دیالێکتێکی لاوەکیی بوو کەچی بووە زمانی قسەکردن و گفتوگۆ، ئەمەیش لەبەرئەوە بوو کە بە نەرمی گۆڕا بۆ ئەڵمانیی چاپەمەنی، لەمەیشدا جیاواز بوو لەو زمانە چیکییەی لە بۆهیمیادا قسەی پێدەکرا و بۆ چاپەمەنی دەستی نەدەدا. "ئەڵمانیی باڵا" و ئینگلیزی پادشا و، (دواتریش) تایلەندیی ناوەندی، هەر هەموویان بۆ ئاستێکی نوێی بڵندیی سیاسی-کولتووری بەرزبوونەوە (ئەمە پاڵنەری ململانێکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بوون لە ئەوروپا لەلایەن هەندێ نەتەوەی "لاوەکی"ییەوە بۆ گۆڕینی پێگەی نزم و لاوەکیی خۆیان، بۆ ئەمەیش ویستیان بواری چاپەمەنی و ڕادیۆ داگیر بکەن).

لێرەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە چەسپاندنی زمانە چاپەمەنییەکان، لە شوێنی خۆیان و گۆڕانی پێگەی هەر یەکێکیان، تارادەیەکی زۆر پرۆسەیەکی نائاگایانە بووە، بەرەنجامی کارلێکی دوولایەنەی نێوان سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیا و فرەیی زمانیی مرۆیی بووە. بەڵام وەکو هەر ئەدگارێک لە ئەدگارەکانی دیکەی مێژووی ناسیۆنالیزم، هەر کە ئەم دەرەنجامانە 'دەرکەوتن' یەکسەر بۆ ئەوە دەشیان ببنە

کۆمەڵێک مۆدێلی ڕواڵەتیی کە شایەنی لاساییکردنەوە و تەقلیدکردنەوە بن، بگرە شایەنی ئەوەبن لە هەر شوێنێکدا کە بە کەڵک بوونایە، بە ڕۆحێکی ماکیاڤیلییانەوە بقۆزرێنەوە. لەمڕۆماندا، بۆ نموونە، حکومەتی تایلەندی دژایەتی هەوڵەکانی نێردراوە مژدەدەرە بێگانەکان دەکات کە دەیانەوێت کەمینە خێڵەکیە چیانشینەکان فێری سیستەمێکی ئەبجەدیی نووسراو بکەن تاوەکو پەرە بە بڵاوکردنەوە بە زمانی ئەم کەمینانە بدەن، لە بەرامبەردا ئەم حکومەتە خۆی زۆر بایەخ بە هیچ زمانێک لەو زمانانە نادات کە ئەم کەمینانە پێی دەدوێن. چارەنووسی ئەو گەلە تورکیزمانانەی کە لە دەوروبەرە دوورەکاندا نیشتەجێن و لکێنراون بە تورکیای هاوچەرخ یان ئێران یان عێراق یان یەکێتیی سۆڤییەتییەوە نموونەیەکی زۆر ڕوونی ئەم بابەتەیە. ئەمانە کە یەک خێزانی دیالێکتە قسەپێکراوەکانیان پێکدەهێنا و دەشیا بەهۆی ڕێنووسی عەرەبییەوە کۆبکرێنەوە و تێبگەیشترێن، لەمیانی گەمە مەبەستدارەکاندا ئەم یەکێتییەیان لەدەستدا. ئەتاتورک پیتە ڕۆمانییەکانی سەپاند تاوەکو ئاگایی ناسیۆنالیستیی تورکیی بە تورکی پێ بەهێز بکات لەسەر حسێبی ئینتیما بۆ شوناسێکی بەرفراوانتری ئیسلامی.[23] دەسەڵاتە

---

23 هانز کوهن: سەردەمی ناسیۆنالیزم، ل108. ڕەنگە ئینسافی تیابێت گەر باس لەوە بکەین کە کەمال ئەتاتورک لەمەدا بە ئومێدبوو ناسیۆنالیزمی تورکی بخاتە پاڵ شارستانێتی مۆدێرنی ڕۆمانیی ئەوروپای ڕۆژئاوا.

سۆڤییەتییەکانیش بەم ئاقارەدا ڕۆیشتن، بە هەمان شێوە، بە پاڵنەری دژایەتیکردنی ئیسلام و دژایەتیکردنی زمانی فارسی، پیتە ڕۆمانییەکانیان سەپاند، بەڵام لە سەردەمی ستالیندا، واتە لە سەردەمی سییەکاندا، کاروبارەکان بە ئاراستەی سەپاندنی بە ڕوسیکردندا ڕۆیشتن، ئەویش بە بەکارهێنانی پیتە سلاڤییەکان[24].

دەتوانین ئەو دەرەنجامانەی کە تا ئێستا لەم دەرخستەیەوە پێیگەیشتووین، لەوەدا کورت بکەینەوە کە بڵێین: بەیەکگەیشتنی سەرمایەداری و تەکنۆلۆژیای چاپەمەنی و هەمەجۆریی حەتمیی زمانە مرۆییەکان، ئیمکانی سەرهەڵدانی فۆڕمی نوێی کۆمەڵی خەیاڵکراویان خوڵقاند، کە لە مۆرفۆلۆژییەتە سەرەکییەکەیدا شانۆکەی بۆ نەتەوەی مۆدێرن ئامادە کرد. ئیمکانیەتی درێژبوونەوە ئەم کۆمەڵانە، لەلایەکەوە لە ڕووی دروستبوونەوە سنووردار‌بوون، لەلایەکی دیکەیشەوە تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵانە ئەوە بوو کە پەیوەندییەکی تەواو ڕێکەوتنەیان لەگەڵ سنوورە سیاسییە باوەکاندا هەبوو (ئەم سنوورانە بە گشتی نیشانەبوون لەسەر ناکۆکییە فراوانخوازییەکانی بنەماڵە پاشایەتییەکان).

ئەوەی لەمڕۆدا ڕوونە ئەوەیە سەرجەمی ئەو قەوارە مۆدێرنانەی خۆیان بە نەتەوە (Nation) یان دەوڵەت-نەتەوە (National State) دادەنێن، "زمانی نەتەوەیی

---

24بڕوانە: سیتۆن-واتسۆن: نەتەوەکان و دەوڵەتان، ل317.

چاپکراو"یـــان هەیە، بگـــرە زۆرێـــک لە دەوڵەتـــان زمـــانی هاوبەشـــیان هەیە، دەوڵەتـــی دیکەیـــش هەیە کە تەنیـــا بەشـــێکی کەمـــی دانیشـــتوانەکەی زمـــانی نەتەوەیـــی بـــۆ قسەکردن و نووسین "بەکاردەهێنن".

دەوڵەت نەتەوەکان لە ئەمریکای ئیسپانی یان ئەوانەی سەر بە "خێزانی ئەنگلۆ-ساکسۆن"ن، نموونەیەکی ڕوونـی حـــاڵەتی یەکەمـــن، زۆرێکـــیش لەو دەوڵەتـــانەی پێشـــتر کۆلـــۆنیکراو بـــوون، بە تـــایبەتیش لە ئەفریقـــا، نمـــوونەی حـــاڵەتی دووەمـــن. بە گوزارشـــتێکی دیـــکە، پێکهـــاتنی کـــۆنکریتی دەوڵەت-نەتەوە هاوچەرخەکـــان، هەمیشـــە لە فۆڕمـــــدا ڕاســـــتەوانە نەبـــــوون لەگەڵ بڵاوبـــــوونەوەی یەکـــلاکەرەوەی زمـــانە چـــاپەمەنییە تایبەتییەکانیانـــدا. هۆکـــاردۆزیی نـــا-بەردەوامیێتـــی و نـــا-پەیوەســـتیی نێـــوان زمـــانە-چاپەمەنییەکـــان و ئاگـــایی نەتەوەیـــی و دەوڵەت نەتەوە، پێویســـــتی بە ئـــــاوڕدانەوە هەیە لە کـــــۆمەڵێکی گەورەی ئەو قەوارە سیاســـــییانەی کە لە نیـــــوە گـــــۆی ڕۆژئـــــاوای زەوی، لەنێـــــوان ســـــاڵانی 1776-1838دا سەریانهەڵدا؛ ئەمانە هەندێک قەوارەبوون کە بە ئاگاییەوە خۆیـان وەک نەتەوە و وەک کۆمارەکـان (بە بـێ بنەمـاڵە پاشـاکان، جـگە لە بەرازیـل کە شـایەنی سـەرنجلێدانە) دەستنیشـان کـرد. ئەمـانە یەکەمـین دەوڵەتـی لەم جـۆرە نەبوون کە، لە ڕووی مێژووییەوە، لەسەر شانۆی جیهانی دەربکەون، پـێش ئەمـانیش ئەو مـۆدێلە بەراییـانە هەبـوون کە دەبـوو ئەم کـۆمەڵە دەوڵەتەی دیـکە بەشـێوەی ئەوان

"دەربکەوتنـــایە"، بەڵام ژمـــارە و لەدایکبـــوونی ئەم دەوڵەتە هاوچەرخـــانە، زەمینەیەکـــی بەپیـــتن بـــۆ تـــوێژینەوەی بەراوردکاری.

سەرچاوە:
بنـدکت اندرسـون: منـابع الـوعي القـومي، ضـمن "القوميـة، مـرض العصـر أم خلاصـة؟، مجموعـة مـؤلفين، إعـداد: فـالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الأولى، 1995، صص 25-33.

# ناسیۆنالیزم و کۆتاییەکانی سەدەی بیست

ئیریك هۆبزباوم

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد

ئەگەر هەنـــدێک لە ناســـیۆنالیزمی ســـاڵانی کۆتـــایی سـەدەی بیسـتەم ڕابمێـنین، لە یەکەم نیگـادا پێشـکەوتنێکی بەرچـاو لە "بنەمـای ئینتیمـای نەتەوەیی"ـدا دەبینـین، کە سەرتاپای جیهانی گرتەوە، چونکە هەموو دەوڵەتانی سـەر زەمـــین، لەمـــڕۆدا بە فەرمـــی "نەتەوە"ن، وەک چـــۆن سەرلەبەری بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان دەیانەوێت ببنە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی "خـاوەن ئینتیمـای نەتەوەیی"، پشێوییە "نەتەوەییەکان"ـیش دەبنە مـایەی درز تێخسـتنی کۆنترین دەوڵەت/نەتەوەکـان لە ئەوروپـا —وەکـو ئیسـپانیا، فەرەنسـی، بەریتانیـا و تـاڕادەیەکیش سویسـرا–، هەروەهـا لە ڕژێـــمە سۆسیالیســـتییەکانی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت، دەوڵەتە نوێیە ڕزگاربووەکان لە کۆلۆنیـالیزمی ڕاسـتەوخۆ لە جیهـانی سـێیەم و بگـرە یەکێتیـیە نـوێیە جیهانییەکانـدا. هێشـــتا درز تـــێککەوتن لە کەنەدا لە حـــاڵی ڕوودانـــدایە، فشـاری زیـاتریش دەکەوێتە سەر ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا بۆ کردنی زمانی ئینگلیـزی بە تـاکە زمـانی فەرمـی کاروبارە گشتییەکان، وەک بەر پەرچدانەوەیەک بە ڕووی کـــۆچی بە کـــۆمەڵی ئەمریکـــای ئیســـپانیدا، چـــونکە ئەم کۆچبەرەکانیـان یەکەمـین شـەپۆلی کـۆچبەران بـوون، کە شـــەیدای سەرنجڕاکێشـــی تـــوانەوە نەبـــوون لە زمانـــدا. لە ســـەروو هەمـــوو شتێکیشـــەوە، واپێـــدەچیت داواکردنـــی هاوپشـــــتی خەیاڵییـــــانەی نەتەوە—کە مەســـــەلەیەکە ئایـدیۆلۆژییەکان لەســـەری ململانێیـانە– بەســـەر هەمـــوو تەحەداکانـــدا ســـەرکەوتووە. ڕوونتـــرین بەڵـــگەی ئەمە هاوبەندییە لەنێوان "ئێمە"ی وەهمی و "ئەوان"ی ڕەمزیدا،

ئەم هاوبەندییە ئەرژەنتین و بەریتانیای خستە جەنگێکی شیێتانەوە لەسەر زەوییە کاکی بە کاکییەکان و لەوەڕگا ڕەقەڵانەکانی باشووریی ئەتڵەسی.

لەگەڵ ئەوەدا، لەکاتێکدا کە کەس ناتوانێت نکوڵی لە کاریگەریی ڕوو لە گەشەسەندوو و هەندێکجاریش سەرنجراکێشی سیاسەتە نەتەوەیی یان ئێتنیکییەکان بکات، لایەنێکی سەرەکی هەیە کە تێیدا ئەم دیاردەیە لەمڕۆدا، لە ڕووە وەزیفییەکەیەوە جیاوازە لە "ناسیۆنالیزم"، لە "نەتەوەکان"ی ڕابردووی ڕووداوەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست. چیتر ئەم دیاردەیە فاکتەری پەرەسەندنی مێژوویی نییە. لە جیهانی "پەرەسەندوو"ی سەدەی نۆزدەدا، دامەزراندنی ژمارەیەک "نەتەوە" کە دەوڵەت-نەتەوە، ئابووریی نەتەوەیی پێکەوە کۆبکەنەوە، هەر بە سادەیی حەقیقەتێکی سەنترال بوو بۆ گۆرانی مێژوویی و هەر بەو جۆرەیش سەیر دەکرا. بەڵام لە جیهانی "شوێنکەوتە"دا، بەتایبەتیش لەو بەشەیدا، کە لەبەر چەند هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆلۆنیالیزە کرابوو، بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بزوێنەری سەرەکی ڕزگاریخوازی سیاسی زۆرینەی بەشەکانی هەسارەی زەمین بوون، لە پێناو سڕینەوەی حوکمی ئیمپریالیدا، لەمەیش گرنگتر لابردنی کۆنترۆلی ڕاستەوخۆی سەربازیی هێزە ئیمپرالیستییەکان بوو. ئەمە دۆخێک بوو

که هەتا پێش نیوو سەدە ئەستەم بوو وێنابکرێت[25]، جا ئەگەرچی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییەکان لە جیهانی سێیەمدا، لە ڕووی تیۆرییەوە، ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییان کردبوو بە مۆدێلی خۆیان، کەچی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم بزووتنەوانە هەوڵیاندا بە پراکتیکی بنیاتیان بنێن، بەگشتی وێنەیەکی پێچەوانەی ئەو قەوارانە بوون، کە وەک نموونەی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژئاوا دەرکەوتن، لە ڕووی ئێتنیکی و زمانەوانییەوە هاوبەند و یەکگرتوو بوون. لەگەڵ ئەوەدا، تەنانەت لەم بوارەیشدا، هەر بەکردەیی زیاتر لێکچووی ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی سەردەمی لیبراڵیزم بوون نەک جیاواز، هەردووکیان هاوکات فاکتەری یەکگرتن و ڕزگاری بوون، ئەگەرچی وڵاتانی جیهانی سێیەم زیاتر لە پێشتر هەندێک خولیایان بۆ دروست بووبو, کە لە توانای خۆیان زیاتر بوون.

ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییانەی، کە تایبەتمەندیی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بوون، لە بنەڕەتدا بزووتنەوەی نەرێنی بوون یان باشتر بڵێین بوونە هۆی دابەشبوون. چونکە لەوێدا دەبینین جەخت لەسەر "ئێتنیک"، جیاوازییە زمانەوانییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری و هەندێک کاتیش پەیوەندییان لەگەڵ ئاییندا

[25] ئەو جەنگانەی کە دەوڵەتە گەورەکان لە پانتاییەکی فراواندا بەرپایام کرد، هەموو شتێکیان تێدا بەکار هات جگە لە چەکە ئەتۆمییەکانیان (چەکی کیمیایی و بایۆلۆژییەکانیان)، لەوە کەمتر سەرکەوتوو بوون، کە لە پێش جەنگی جیهانی دووەمەوە خۆیان وێنایان دەکرد. وەکو ئەوەی لە کۆریا و ڤێتنام ڕوویدا.

دەکرێتەوە. لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە، دەتوانین ئەم بزووتنەوانە بە شوێنگرەوە، هەندێکاتیش بە میراتگری ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە بچووکانە دابنێین کە دژ بە بنەماڵەی هۆپسبۆرگ و هەردوو ئیمپراتۆریەتی سیزاری و عوسمانی هاتنە کایەوە، واتە دژ بەو شێوازانەی ڕێکخستنی سیاسی کە لە ڕووی مێژووییەوە بەسەرچوون و بە ناوی نموونەی مۆدێرنەی سیاسییەوە دامەزران، ئەویش دەوڵەت-نەتەوە بوو (و ڕەنگە بەشێویەکی هەڵەیش وێنا کرابێت). بە تێگەیشتنێکی دیکە، زۆرینەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانی سەدەی بیستەم، دژ بەوانە بوون کە نموونە مۆدێرنەکانی ڕێکخستنی سیاسییان ڕەت دەکردەوە، چ لەسەر ئاستی نەتەوەی یان سەروو-نەتەوەیی، زۆرجاریش وەک کاردانەوە بەڕووی لاوازی و ترسدا دەردەکەوتن و هەوڵبوون بۆ دامەزراندنی پەرژینەکان بۆ دووررڕاگرتنی هێزەکانی جیهانی مۆدێرن. لەم بارەیەوە، ئەم بزووتنەوانە زیاتر لەوەی لە چیکییە پێشکەوتخوازەکان بچن لە دانیشتوانی پراگی ئەڵمانی دەچوون کە پەستبوون لەوەی کۆچڕەوی چیک دەوری گرتبوون.

ئەم سیفاتانە تەنیا لەو کۆمەڵ زمانییە بچووکانەدا کۆنابێتەوە کە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییە زۆر سادەکانیان نییە، وەکو گرد و کەنارەکانی وێڵز کە دانیشتوانێکی کەمیان هەیە بە وێلزی بدوێن، یان وەکو ئەستۆنیا بە دانیشتووانە ملیۆنە ئەستۆنیزمانەکەیەوە کە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین

هەژماریان بکەین کە بیانخەینە نێو نزمترین سنوورەکانی ئەو کـــۆمەڵە دانیشـــتوانەوە کە دەتـــوانن کولتـــووری زمانەوانیی مۆدێرن بپارێزن. سەیر نییە ئەگەر ببینین لەم دوو نـــــاوچەیەدا مەســـــەلەی هەرە گەورە کـــــۆچی کۆنترۆڵنەکراوی ئەوانەیە کە بە یەک زمـان قسـە دەکەن، ئەویـش یـان ئینگلیـزییە بـۆ کۆچبەرە وێڵزییەکـان، یـانیش ڕوسییە بۆ ئەستۆنییەکان. لەگەڵ ئەوەیشـدا، کـاردانەوەی هاوشـێوە لای دانیشـتوانێک دەبینـین کە ژمارەیـان لەمـان زۆر زیـــــــــاترە، وایشـــــــــپێناچیت بوونەزمانەوانی/کولتوورییەکەیـــان نە ئێســـــتا و نە لە داهاتوودا لە ژێر مەترسیدا بێت. نموونەی هەرە سـەخیف لەم بارەیەوە ئەو بزووتنەوەیەیە کە لە کۆتایی هەشتاکاندا ژاوەژاوێکـــی سیاســـی لە هەنـــدێ ویلایەتـــی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـادا نـایەوە، لەبەرئەوەی ڕایگەیانـد کە زمـــانی ئینگلـــزی تـــاکە زمـــانی فەرمیـــیە لە ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــان. چـــونکە وێـــڕای ئەوەی کـــۆچبەرانی ئیسـپانیزمان لە هەنـدێ بەشـی ویـلایەتە یەکگرتووەکـان ئەوەنـدە زۆرن کە ئەگەر بە زمـانە ئەسڵییەکەی خۆیـان قسەیان لەگەڵدا بکرێت شتێکی خوازراوە، کەچی بیرۆکەی ئەوەی کە، یان ئەگەری ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی لەژێر هەڕەشـەدا بێـت، جۆرێـک لە هەوەسـی سیاسـیی شـێتانە بوو.

ئەوەی کە وزە بەم کـاردانەوە بەرگریکارییـانە دەدات، جـا دژ بە هەڕەشـــەیەکی ڕاســـتەقینە بـــن یـــان وەهمـــی، تـێکەڵەیەکە لە بـزووتنەوە نێودەڵەتییەکـانی دانیشـتوان و

گــۆڕانه ئــابووری-کــۆمەڵایەتیی جەوهەرییەکــان کە ئەم گۆڕانانە خێراییەکی یەکجار زۆریان هەیە و لە ڕابردوودا وێنەیــان نەبــووە. دەتــوانین کەنەدای فەرەنســی وەک وێنەیەکـــی ڕوونکەرەوەیـــی بـــۆ ئەم تـــێکەڵەیە لە ناسیۆنالیزمی وردە بۆرژوازی سەرسەخت وەربگرین، کە لەسەر بنچینەی زمان و ترسێکی گەورە لە داهاتوو بەندە. لە ڕواڵەتدا دیارە زمانی فەرەنسی لە مەترسییەوە دوورە، چــونکە یەک لەســەر چــواری دانیشــتووانی کەنەدا وەک زمــانی دایــک قســەی پێــدەکەن، ئەمەیــش کــۆمەڵەیەکی پێکهێنــاوە، کە هاوتــایە لەگەڵ نیــوەی هاونیشــتمانیانی کەنەدای ئینلگیزیزمانــدا. ئەوەیــش بە دووانەیــی هەردوو زمــانە فەرمیــیەکە بــۆ یەکگــرتن پشــتیوانیی لێــدەکرێت، لە ڕووی نێودەوڵەتییشــەوە کولتــووری فەرەنســی پشــتگیریی لێـــــدەکات، زیـــــاتر لە 130,000 خوێندکاریشـــــیان لەو زانکۆیــانەدایە کە زمــانی فەرەنســی بەکــاردەهێنن (1988). لەگەڵ ئەوەیشــدا، دۆخــی ناســیۆنالیزمی کیــوبکی دۆخــی گەلێکە کە گیرۆدەی پاشەکشــەیەکی خێرایە لەبەردەم ئەو هێــزە مێژووییــانەدا، کە هەڕەشـــەی ڕامــاڵینی لێــدەکەن، بزووتنەوەیەکە کە خــودی گەشــەکردنەکەی بە لاوازییەکی شـــاراوە دادەنرێـــت نەک ســـەرکەوتن[26]. لە ڕاســـتیدا

[26] کتێــبەکەی لیــۆن دۆن "مەتەڵــی سەرســوڕهێنەری کیوبیــک" (دیــدالوس، بەشــی 117/4، پــاییزی 1988، لا 283-318ی چــاپە ئینگلیـزییەکە) نموونەیەکی باشـە، تێیدا ئـاوا نووسـراوە: «ئەم نـاوانە هەمـان ئەو ڕێژەیـان لە زەمـانی فەرەنسـی نەدەگـرت، کە باوکانیـان لێیـان دەگـرت، چـونکە هەسـتیان بەوە دەکـرد، پەیماننـامەی زمـانی

ناســـیۆنالیزمی کیـــوبکی بە کردەیـــی دەســـتبەرداری ئەو کەمینە زۆروزەبەندانەی دانیشتوانی برۆنزیک وانتیرۆ بوو کە بە فەرەنسی قسـەیان دەکرد، تـاوەکو لەنێو هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی و بگرە فیدراڵیدا لە کیوبک مومارەسە بکرێت. مانـای نیگەرانیی کەنەدییەکان لەوەدا ڕوون دەبێتەوە، کە بڕوایـان وایە «ئەو فـرە کولتـوورییەی" کە لە ئێســتادا لە کەنەدا بـۆتە شـتێکی فەرمـی، تەنیـا پیلانگێـڕییەکە دژ بە لێدان لە داواکارییە تایبەتییەکانی فرانکۆفۆنی بۆ قورسایی سیاسـی فرەیـی کولتـووری[27]. ئەم بـڕوایە لە دوای سـاڵی 1945ــەوە، بـووە مـایەی ئەوەی 3,5 ملیـۆن کـۆچبەری بەشـێوەیەکی بەرچـاو وایـان پێباشـتر بێـت منـداڵەکانیان فێـری زمـانی ئینگلیـزی بـکەن، کە لە ئەمریکـای بـاکوور ئاسۆی پیشـەیی زۆر بەرفراوانتریـان لە زمـانی فەرەنسـی بۆ کـراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشـدا مەترسـیی کۆچ لە کەنەدا فەرەنســیزماندا، بە ڕوواڵەت، کەمتــرە لەوەی لە کەنەدای ئینگلیزیزمانـدا ڕوودەدات، چـونکە لە نێـوان سـاڵی 1947-1971 تەنیــا نــزیکەی 15%ی تــازە هاتووەکــانی تێــدا نیشتەجێ بووبوو.

ئاشـــکرایە، ئەوەی لە پشـــت ترســـی کەنەدیـــیە فەرەنســـییەکان و هەســـتکردنیانەوەیە بە نائـــارامی، ئەو

فەرەنسی دەیانپارێزێت... بەشێکی بەو هۆیە بوو کە ئینگلیزیزمانەکان و زمانەکـانی دیـکەی کەنەدا باشــتر قبـوڵی زمـانی فەرەنســیییان دەکرد» (لا10).

[27] ر. ف. هـارنی: ("چەنـد گەورەیە میراتەکەمـان"- کـۆچ و مـانەوەی نەتەوەی کەنەدی) دیدالوس، بەشی 117/4، پاییزی 1988، ل75.

کارەساتە کۆمەڵایەتییەیە کە دارمانی سەیر و لەناکاوی کەنیسەی کاتۆلیکی دەینوێنێتەوە، دارمان لە کۆمەڵگەیەکدا کە بۆماوەیەکی درێژ کۆنەپارێزی کاتۆلیکیی کە هەنوتی پڕ لە وەچەخستنەوە بوو، نەک تەنیا لەنێو جووتیارەکاندا، بەڵکو لەنێو دانیشتوانی شارەکانیشدا. وا پێدەچێت هاتوچۆکردن بۆ کەنیسە لە شەستەکاندا لە 80% ـەوە کەم بوو بێتەوە بۆ 25%. ڕێژەی لە دایکبوونیش لە کیوبکدا یەکێکە لە کەمترین ڕێژەکانی منداڵبوون لە کەنەدا[28].

هۆکاری شاراوەی پشت ئەم گۆڕانە گەورانە لە نەریتە بۆماوەکانی کیوبکییەکاندا هەرچییەک بێت، هەر دەبوو نەوەیەک بە زەینێکی شڵەژاوەوە بەرهەم بێنێت کە تاسەی هەبوونی دڵنیایی نوێ بکات لەبری ئەو دڵنیاییەی کە بەسەرچووە. بۆچوونەکان گەیشتنە ئەوەی بڵێن گەشەکردنی جوداخوازیی تێکۆشەرانە، فۆرمێکی ئەڵتەرناتیڤە بۆ کاتۆلیکییەتی نەریتیی لەدەستچوو. ئەم خەملاندنە -کە هێندە بەهێز نییە مرۆڤ بە تەواوی قەناعەت بە دروستی یان چەوتییەکەی بکات- هیچ کەسێک بە دووری نازانێت، هەروەها ئەو نووسەرەیش بە دووری نازانێت کە دەستی بە ڕۆحی ناسیۆنالیزمی تێکۆشەرانەی ناتەقلیدیی ویڵزییەوە گرتووە -بگرە لەبەرئەوەی خۆشەویستی بۆ کافتریا و ئەلکول هەیە بە

[28] جیرار بیلیتیە "کیوبیک جیاوازە بەڵام لەگەڵ باکوری ئەمریکادا دەڕوات"، دیدالوس، بەشی4/117، پایزی 1988، لا271. هەروەها هارنی: چەند گەورەیە میراتەکەمان، ل62.

تەواوەتـــی دژ بە نەریتەکـــان وەســـتاوەتەوە- و لەنێـــو نەوەیەکـی زۆر گەنجـی بـاکوری وێڵـزدا بڵاوبـۆتەوە کە کەنیسـە لەم شـوێنەدا داتەپیوە و چیتر واعیز و قوتـابییە هەوادارەکـانی تێیـدا بۆچـوونی کـۆمەڵەیەک پێکنـاهێنن، لەوێدا کە نەمانی پەیوەستبوونی گشتیی بە میانڕەوییەوە، بـۆتە مـایەی دوورخسـتنەوەی مەسـەلە هەرە ڕوونەکـان، ئەو مەسەلانەی کە تاکەکان بەهۆیانەوە تاکەکان ئینتیمـای خۆیـان بـۆ کولتـووره ئیمانـدارەکان و بـۆ کۆمەڵگەکەیـان دەردەخست.

سروشـــتییە کە جـــووڵەی بەرفراوانـــی دانیشـــتووان و هەڵگەڕانەوە ئابوورییەکـان، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە گەشــــەکردنی ناســــیۆنالیزمی لۆکــــاڵییەوە هەیە، ئەم شڵەژانەیان هێندەی تر زیـاد کـردووە[29]. ئێمە لە کـۆمەڵگە

---

[29] لە حەفتاکانـدا اسـیۆنالیزمی کیـوبیکی بـووە هـۆی ڕاگواسـتنی کـارێکی زۆری لە مۆنتریـالەوە (کە هێشـتایش گەورەتـرین شـاری کەنەدایە و سـەنتەری کارەکـانە لە کەنەدا)، بـۆ تۆرنتـۆ... «شـارەکە لەگەڵ قەدەرێکی لاوازدا ململانێ دەکات، وەها لێی دەڕوانرێت ببێتە سـەنتەرێکی هەرێمیـی بـۆ کیوبیـک و ڕۆژهەڵاتـی کەنەدا». تەنـانەت ئەگەر مەسـەلەکە لەم ئاستەیشـدا بووبیـت، ئەوا کـاریگەری کەمـی زمـانی کەمینەکـان لەسـەر مۆنتریـال بەراورد بە شـارە گەورەکـانی دیکە، لەو خەباتانەدا کە لەسەر زمـان کراون کەم نەبوویەوە. جا لە کاتێکـدا سپیپێسـتانی پرۆتسـتانت چیتـر لە تۆرنتـۆ و فرانکـۆڤەر زۆرینـەی دانیشـتوانییان پێکنەدەهێنـا، ئەوا کەنەدییە فەرەنسـییەکان 66% دانیشـتوانی مۆنتریالیـان پێکهێنـابوو. (ئـالان ف. ئارتیبـایز: "کەنەدا دایکی شارنشینی" (دیدالوس، بەشـی 117/4، پـازی 1988، لا237-264)).

شارســـتانییەکاندا لە هەرکـــوێ بـــژین، هەر ڕووبەڕووی بێگانەکان دەبینەوە: کۆمەڵێک پیاوان و ژنـان کە لە ڕیشـە و زێدی خۆیان هەڵکەنراون و فشۆڵی یان لاوازی ڕیشـەی خێزانەکانی خۆمان بیردەخەنەوە.

ئایـــا لینکێـــک هەیە کە بتوانێـــت ئەم کـــاردانەوە ئێتنیکی/نەتەوەییـــانە و هەڵکشـــانی ئەم دووایيـــانەی فەندەمێنتاڵیزم (سەلەفییەت) لە چەندین شوێنی سەرزەمین پێکەوە کۆبکاتەوە؛ هەڵبەت فەنـدەمێنتاڵیزم وەهـا وەسـف کــراوە «بــۆ ئەو کەســانە دڵخــوازە کە بەرگەی بــوونی هەڕەمەکـی و کـاتی و ڕەوشــە ئـاڵۆز و کورتخایەنەکـان نـاگرن، (هەر بـۆیە) زۆربەیـان بەرەو ئەو هێـز و لایەنـانە دەڕۆن کە ڕوانـگەی کـاملتر و گشـتگیرتر و زێـدەڕوانەیان بۆ تێگەیشتن لە جیهان پێشـکەش دەکەن[30]». وەهـا سـەیری فەنـدەمێنتالیزم دەکرێـت کە «هەمیشــە لەژێـر کـاریگەری کاردانەوەی هەمیشـەیی و کۆنەخـوازانەدایە» و «پێویسـتی بە دەککردنی بوونی هێزێک یان ئاراسـتە یـان دوژمنێکە، جـا ڕاسـتەقینە بیت یـان فـاکتەرێکی شـاراوە کە جـووڵەی خودی مرۆڤ یـان ئەوەی کە لای ئەزیـزە، بخـاتە تەنگژە، نـاڕەحەتی، مەترسییەوە». ئەم ئەسـڵانە کە فەنـدەمێنتالیزم جەختـی لەسـەر دەکـات «هەمیشـە وەک گومـان دەکرێـت، دەچـــنەوە بـــۆ قۆنـــاغی ســـەرەتای ڕەســـەن و پـــاکژی قۆناغەکـــانی مێـــژووی پیـــرۆزی تـــایبەتی کەســـە

[30] مارتن ئی. مارتی: "فەندەمێنتالیزم وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی" (بلاوکراوەی ئەکایدیمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانستەکان 2/24، تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی 1988، لا10-29.

پەیوەندیدارەکە». «بەکاردەهێنرێت بۆ دانانی سنوور، ڕاکێشانی کەسانی هەمان جۆر، دوورخستنەوە ئەوانەی کە لە جۆرێکی دیکەن، بە گشتی بۆ هەڵاواردن». ئەمەیش هەمان شتە لەگەڵ سەرنجە کۆنەکەی جۆکرج زیملدا کە دەڵێت: «کۆمەڵەکان، بە تایبەتیش کەنیە ململانێکارەکان... زۆربەیجار ناهێڵن لایەنێکی دیکە لێیان نزیک بیتەوە یان نایانەوێت لەگەڵیدا لێبووردە بن، چونکە سروشتی داخراوی ئەو بەرهەڵستییەی کە مومارەسەی دەکات و ناتوانێت بە بێ ئەوە لە خەباتەکەی بەردەوام بێت، کاڵ و خامۆش دەبێتەوە. تەنانەت هەندیک لە کۆمەڵەکان تا ئەو ڕادەیە دەچنە پێش کە پێیانوایە حیکمەت لەوەدایە هەندێک دوژمنیان هەبیت تاوەکو یەکێتی کردەیی لەنێو ئەندامەکانیاندا دروست بکەن، ئینجا بۆ ئەوەی کۆمەڵەکە هۆشیار بن لەم یەکێتییە وەک بەرژەوەندییەکی زیندووی خۆی[31]».

لێرەدا ڕواڵەتە لێکچووەکانی نێوان فەندەمێنتالیزم و چەند دیاردەیەکی ئێتنیکی/نەتەوەیی ڕوون و ئاشکرایە، بە تایبەتیش کاتێک دیاردەی ئێتنیکی/نەتەوەیی پەیوەندیدارە بە، یان هەوڵدەدات پەیوەندیدار بێت بە کۆمەڵەوە – هەڵگرانی باوەڕێکی ئایینی دیاریکراو-، وەکو ئەوەی لەنێوان ئەرمەن (مەسیحییەکان) و ئازەرییە تورکەکان (موسوڵمانەکان)دا هەبوو، یان لە قۆناغی نوێی سەهیۆنییەکانی لیکۆد لە ئیسرائیل کە زۆر لە پەیمانی

---

[31] هەمان سەرچاوە، لا20-21.

کۆن دەچوون بەڵام زۆر جیاواز بوون لە ئایدیۆلۆژیای هێرشبەرانەی سیکیولار و بگرە دژە ئایین، کە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەکە هەڵگری بوون[32]. خۆ ئەگەر سەردانگەرێکی دەرەکی بیت بۆ لامان، ڕەنگە پەرتوبڵاوی و ململانێی ئێتنیکی و ڕق لە بێگانە و فەندەمێنتالیزم وەک ڕواڵەتەکانی یەک دیاردە ببینێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، جیاوازییەکی گرنگ هەیە. فەندەمێنتالیزم، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ئایینەی کە ئینتیمای بۆی هەیە، بەرنامەیەکی چڕوپڕ و بەرجەستە بۆ تاکەکان و کۆمەڵگە دادەنێت، تەنانەت ئەگەر ئەم بەرنامەیە لەو دەق و نەریتانەیشەوە وەرگیرابێت کە وا دەردەکەوێت بۆ کۆتاییەکانی سەدەی بیست نەگونجێت. لەمەیشدا دیاریکردنی ئەڵتەرناتیڤێک بۆ کۆمەڵگەی داڕزاو و دڕندەی ئەمڕۆ، بەلایەوە مەسەلەیەکی هەنوکەیی نییە. بەم جۆرە دیسان ژنان لە چاو ون دەبن، قژی شووکردووەکانیان دەربڕدرێت، دیسانیش سزای دەستبڕین و قاچبڕین بەسەر دزەکاندا دەدرێن، ئەلکول قەدەغە دەکرێت و

---

[32] ئەو ماوەیە ناڕوونە کە ئەرسۆدۆکسییەتی ئایینیی یەهودی تێیدا وازی لە دژاایەتیکردنی زایۆنیزم هێنا، هەڵبەت دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەکردد بۆ هەموو یەهودییەکان لە ئیسرائیل بەر لە گەڕانەوە مەسیح. بە هەرحاڵ، دەبێت نیشتەجێبوانی یەهود لە خاکە داگیرکراوەکاندا، ئامرازەکانی مومارسەکردنی ئایینی نەخەنە بەرچاو، وەک ئەوەی سەربە باڵێکی دیکەی فەندەمێنتالیزمی یەهودین، کە ڕەنگە نووسیتبێت، باڵێک کە هەوڵ دەدات بۆ دووبارە سەپاندنەوەی ڕیتواڵە تەواو ئایینییەکان بەسەر کۆمەڵگەیەکی سێکیولاردا.

هەمـــوو ئەو شـــتانەی دیکەیـــش حەرام دەکـــرێن کە ڕیتواڵەکان حەرامی دەکەن، قورئان یان ئینجیل، یان هەر شتێک کە بە مەرجەعی حیکمەتی نەمر دابنرێت، ڕێنمایی زانستی و ئەخلاقی کامڵ لەلایەن ئەو کەسانەوە خۆیان بۆ ئەم کـارە تەرخـانکردووە، لەبـارەی هەمـوو بابەتەکـانەوە پێشکەش دەکەن. بەڵام بانگەشەکردن بۆ ئینتیمای ئێتنیکی یـان زمـانەوانی، هەرگیـز هـیچ ڕێنمـاییەک بەرەو داهـاتوو پێشـکەش نـاکەن. تەنیـا نـاڕەزایەتییە لە دۆخـی بـاو، وردتـریش بڵێـین نـاڕەزایەتییە لە "ئەوانیتـر" کە کـۆمەڵە ئێتنیکیـــــــــیەکە ڕووبەڕووی هەڕەشــــــــە دەکەنەوە. فەندەمێنتالیزمەوە، کە هەرچەندە لە بانگەشەکانی ئێستایدا سنووردار و دوورەپەرێز بێت، هێزی خۆی لە بانگەشـەی خاوەنداریێتی گشتی حەقیقەتێکەوە وەردەگرێت کە دەشـێت بەســـەر هەمووانـــدا پراکتیـــزە بکرێـــت؛ بە پـــێچەوانەوە ناسـیۆنالیزم لە پێناسـەی خۆیـدا هەر شـتێک کە سـەر بە نەتەوەکەی خـۆی نەبێـت دووردەخـاتەوە، واتە زۆریـنەی زۆری ڕەگەزی مرۆیـی. لەمەیـش زیـاتر، لەهەمـان ئەو کـاتەدا کە فەنـدەمێنتالیزم لایەنـیکەم تـاڕادەیەک دەتوانێت، دەست بگرێت بەو شتانەوە کە لە دابونەریتە ئەسڵییەکان یـــان لە مومارەســـەکانی ڕابـــردووەوە، بەو جـــۆرەی کە مومارەسـە ئاینییەکـان بەرجەسـتەیان کـردووە، مـاوەتەوە، ناســـیۆنالیزم خـــۆ (وەک بینیمـــان) یـــان دژ بە شـــێوازە ڕاسـتەقینەکانی ڕابـردووە، یـان لەســەر داروپەردوویەوە دادەمەزرێت.

لەلایەکی دیکەیشەوە ناسیۆنالیزم لە فەندەمێنتالیزم لەپێشترە، چونکە هەمان ناڕوونی خۆی و هەمان بێ ناوەڕۆکیی بەرنەماکەی، بۆی دەبێتە مایەی پشتیوانییەکی گشتگیر لە کۆمەڵە تایبەتییەکەی. بەڵام فەندەمێنتالیزم بە گشتی وەک دیاردەی کەمینە دەردەکەوێت، جگە لە کۆمەڵگە نەریتییە ڕەسەنەکان و کاردانەوەاکنی دژ بە کاریگەریی یەکەمی مۆدێرنیزاسیۆن. ئەم حەقیقەتە دەشاردرێتەوە، یان بەهێزی ئەو ڕژێمانەی کە بەخشی و ناخۆشی بەسەر گەلەکانیدا دەیسەپێنێت وەکو ئەوەی لە ئێران هەیە) یان بە توانای کەمینە فەندەمێنتالیستەکان بۆ گردبوونەوەیەکی چالاکانە لە سیستەمی دیموکراسیدا بۆ گەیشتن بەو دەنگانەی کە لە ڕووی ستراتیژییەوە کاریگەرن. بەڵام ڕەنگە بەڵگەنەویست بیت کە "زۆرینەی مەعنەوی" لەم ڕۆژگارەدا، بە مانای زۆرینەی ڕاستەقینەی "هەڵبژاردن" نییە، هەر بەو جۆرەی کە "سەرکەوتنی مەعنەوی" (شێوازی تەقلیدی بۆ نەرمکردنەوەی وشەی شکست) سەرکەوتنێکی ڕاستەقینە نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئینتیمای ئێتنیکی دەتوانێت زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵی ئێتنیکی کۆبکاتەوە، بەو مەرجەی بانگەشەکەی بە ئەندازەی پێویست ناڕوون بێت یان بەرچاو نەبێت. بێگومان زۆرینەی یەهودییە نا-ئیسرائیلییەکان لە جیهاندا "بە پاڵ ئیسرائیلەوە" دەوەستن، زۆرینەی ئەرمەنەکان پشتیوانی لە گواستنەوەی ناگۆرنۆ-کاراباخ لە ئازەربایجانەوە بۆ ئەرمینیا دەکەن، زۆرینەی فلیمنکییەکان هەوڵی خۆیان دەدەن تاوەکو خویان لە قسەکردن بە

فەرەنسی ببوێرن. هەڵبەت، ئەگەر ئامانجی ناسیۆنالیستی پێناسە بکرێت، دەستبەجێ ئەم یەکێتییە هەرەس دەهێنێت، نەک بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو لەو خاسییەتانەدا کە دەبێت ببنەمایەی دابەشبوونەکان، نەک لەبارەی "ئیسرائیل"ەوە بە گشتی، بەڵکو لەبارەی سیاستەکانی بیگن، شامیر یان شارۆنەوە؛ نەک لەبارەی "ویڵز"ەوە بەگشتی، بەڵکو لەبارەی سەروەریی زمانی ویڵزییەوە؛ نەک لەبارەی ئینتیمای فلامەنکییەوە دژ بە ئینتیمای فەرەنسی، بەڵکو لەگەڵ حزبی ناسیۆنالیستی دیاریکراوی فلامەنکیدا[33]. لەم ئاستەدا، بزووتنەوە و حزبە پەیوەستەکان بە بەرنامەی "نەتەوەیی" دیاریکراوەوە کە زۆرجار جوداخوازانەیە، دەشێت بە زۆری یان گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی گروپ یان کەمینە بکەین، یان لە رووی سیاسییەوە ناجێگیر و گۆڕاو بن. ناجێگیریی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە لەوێدا ڕوون دەبێتەوە کە سەیری ئەندامێتی و پشکی هەڵبژاردنی حزبە سکۆتلەندی و ویڵزی و کیوبکی و حزب ناسیۆنالیستەکانی دیکەی بیست ساڵی ڕابردوو بکەین. ئەم جۆرە حزبانە، وەکو هەمیشە، دەیەوێت خۆی بخاتە پاڵ چەمکی جوداخوازیی دەستەجەمعی و هەستەکانی دوژمنکاری ئەوانیتر (ئەوان)

---

[33] هەرگیز هەر سێ حزبە سەرەکییە بەلجیکییەکە، بە لقە فلیمانکییەکانیشەوە لە ساڵانی 1958-1974 لە 81,2%ی دەنگەکانی فلاندەر (فلیمانکییەکان) زیاتر نەبوون. بڕوانە: زۆرلبرێک م. ئیسمان: ململانێی ئێتنیکی لە جیهانی ڕۆژئاواییدا (ئیتاکا 1977)، ل188.

و "کۆمەڵگەی خەیاڵکراو"، ئەم هەستوسۆزانەی کە سەرلەبەری "نەتەوەکەی" هەستیان پێدەکات، بەڵام بەهیچ جۆرێک ڕێی تێناچێت ئەم حزبانە تاکە گوزارشتکەربن لەم جۆرە کۆدەنگییە نیشتمانییە.

پاشەکشەی بایەخی مێژوویی ناسیۆنالیزم، لەمڕۆدا نەک تەنیا بڵاوبوونەوەی بەرچاوی پشێوییە ئێتنیکی/زمانییەکان دەیشارنەوە، بەڵکو ئەو وەهمە زمانییەیش دەیشارێتەوە کە لەو حەقیقەتەوە پەیدابووە سەرجەمی دەوڵەتان لەمڕۆدا بە فەرمی بوونەتە "نەتەوەکان"، ئەگەرچی زۆربەیان لینکێک نایانبەستێتەوە بەو شتەوە کە عادەتەن بە زاراوەی دەوڵەت-نەتەوە تێدەگەیشترێت. بەمەیش سەرجەم ئەو بزووتنەوانەی هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، پێیانوایە نەتەوە دادەمەزرێنن، تەنانەت ئەگەر بە ڕوونی ئەم کارەیش نەکەن. هەموو بزووتنەوەکان، ئەوانەی لەپێناو بەرژەوەندییە هەرێمی یان لۆکاڵی و بگرە تائیفییەکاندا چالاکی دەنوێنن، دژ بە سەنتراڵیزم و بیرۆکراسییەتی دەوڵەت پۆشاکی هەرزانبەهای ناسیۆنالیزم دەپۆشن، ئەگەر توانای ئەمەیان هەبێت. بەوەیش نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم کاریگەری و حزوریان هەیە وەک ئەوەی لە واقیعدا دەردەکەون. بۆ نموونە ئاروپا[34] نەخشەی جودابوونەوەی لە سەرجەم دوورگەکانی ڕۆژئاوای

[34] دوورگەیەکە لە دەریای کاریبیدا، سۆرینام، گیانای هۆڵەندیی پێشتر. (و. عەرەبی).

هۆڵەندا داناوە، چونکە نایەوێت بچێتە پاڵ کۆراساو[35]. بۆ خۆشــبەختی، خەڵکــی نــاوچەی کۆرنوێــل[36]، دەتــوانن هۆکارەکانی ئەو سوکایەتییە هەرێمییەی پێیاندەکرێت بە ڕەنــگە سەرنجڕاکێشــەکانی نەریــتە ســەلتییەکان ڕەنگــاو ڕەنــگ بــکەن، ئەمەیــش ســەرنجی زیاتریــان بەرەو لا ڕادەکێشێت، ئەگەرچی ئەم نەریتانە بۆتە مایەی ئەوەی هەندێکیان دووبارە زمانێک دابهێننەوە کە کەس ماوەی 200 ســاڵە بەکــاری نەهێنــاوە، هەرچەنــدە تــاکە نەریتــی گشتیی میللی لە وڵاتەکەدا ڕیشەی ئەسڵیی هەیە، ئەویش هـۆزی میسـۆدیزمی ویزڵـی (Wesleyan Methodism)ـیە[37]. ئەمــانە بەختــی زیاتریــان لە نــاوچەی مرسیســاید (Merseyside )[38]دا هەیە کە ڕووبەڕووی لێدانێکی توونــد لە بەرژەوەنــدییە لۆکاڵییەکــانی دەبێــتەوە هاوتــای لێــدانە لە بەرژەوەنــدییەکان کۆرنوێــل، ئەگەر زیــاتریش نەبێــت. ناتوانێت کۆببێتەوە بۆ بەرگریکردن لەم بەرژەوەندییانە، تەنیــا لە ڕێــگەی یــادکردنەوەی بیتلــز (قــالۆنجە) یــان یــادەوەری نەوە ئەکتەرەکــانی کۆمیــدیای چێشــتلێنان و نەریــتە شانازییبەخشــەکانی تیــپە کێبەرکێکارەکــانی تـۆپی پێـوە نەبێـت کە پێویسـتە بە ئاگـادارییەوە لە هەمـوو ئەو

[35] ناوچەیەکە لە باشوری ڕۆژئاوای ئینگلتەرا.

[36] هۆزێکی پرۆتستانتین، برایانی ریچارد و جۆن ویزڵی لە ساڵی 1729 بەڕێوەیان دەبرد.

[37] ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای ئینگلتەرا.

[38] بە دانەپاڵ ویدرۆ ولسن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

شتانەی دانیشتوانەکەی بە ڕوونی دەیڵێن، ببەسترینەوە بە هەردوو ڕەنگــی پرتەقــاڵی و ســەوزەوە کە بانگەشــەی دابەشبوون و جودابوونەوە دەکەن. مێرسیسـاید ناتوانێت مـارش و بـوقی نەتەوەیـی لـێ بـدات، کەچـی کۆرنوێـل دەتوانێت. بەڵام ئایا ئەو دۆخانەی کە لە ناوچەکەدا دەبێت سەرزەنشــت بکــرێن، تــۆبڵێی لە ڕووی جەوهەریــیەوە جیاوازبن لەو دۆخـانەی کە لە هەمـان ناوچەکانی تریشـدا هەمان شت دەکەن؟

لە ڕاســـتیدا هەڵکشــــانی پشـــێوییە جوداخـــوازییە ئێتنیکییەکــان، بەشــێکی بەهــۆی ئەو حەقــیقەتەوەیە کە بنەمــــای دامەزرانــــدنی دەوڵەت لە جەنگــــی دووەمـــــی جیهـانییەوە، بە پـێچەوانەی بۆچوونەکـانەوە، لەو بنەمـایە ناچێت کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەرکەوت، پەیوەندییشــی نیــیە بە بڕیــاری چارەنووســی نەتەوەی ویڵســـۆنییەوە (Wilsonian national self-determination)[39].

چــونکە پــێچەوانەی بنەمــای ئەم ســێ هێــزە بــریتییە لە لابردنــی داگیرکــاریی کۆلۆنیــالی و شــۆڕش، هەڵــبەت دەســتوەردانی هێــزە دەرەکییەکــانیش. جــا لەبەرئەوەی نیـوەی ئەو دەوڵەتـانەی کە ئێســتا هەن تەمەنیـان لە چـل ساڵ کەمترە، ئەوا ئەمە بەشێوەیەکی جددی سنوورێک بۆ

[39] جـون. هــ کاوتسـکی: "هەوڵەکـان لە سیاسـەتەکانی گەشـەپێداندا"، چـــاپی جـــون هـــ ز. کاوتســـی "گــۆڕانی سیاســـی لە وڵاتە نـــا-پەرەسەندووەکاندا: ناسیۆنالیزم و سۆشیالیزم"، (نیویۆرک- لەندەن 1962)، ل35.

بڵاوبــوونەوەی "بنەمــای ئینتیمــای نەتەوەیــی" تەقلیــدی دادەنێت.

چەمکـــی هەڵگرتنـــی کۆلۆنیـــالیزم، بە گشـــتی واتە دامەزرانــدنی دەوڵەتــی ســەربەخۆ لە ناوچەکــانی ژێــر دەسەڵاتی کارگێڕی کۆلۆنیالیستی لەنێو سنوورەکانی ئەم ناوچانەدا. ئاشکرایە کێشانی نەخشەی ئەم دەوڵەتانە بە بی گەڕانەوە بووە بۆ دانیشتوانەکەی، هەندێجاریش بە بێ ئاگاداری ئەوان بووە، پاشانیش هیچ واتایەکی نەتەوەیی و بگــرە بــایەخێکی نەتەوەیــی جەوهەری نەبــووە بــۆ دانیشتوانەکەی، جگە لە کەمینەیەکی ڕۆشنبیرانی لۆکاڵی کە لە دامەزراوە کۆلۆنیالییەکـــانەوە پێگەیشـــتبوون و پشتیوانییان لە نەریتە ڕۆژئاواییەکان دەکرد. ئەمانە بە گشتی هیچ پێکناهێنن جگە لە بەشێکی کەم و بچووک نەبێــت. لە شــوێنەکانی دیــکە، ئەم نــاوچە بچــووک و دوورلەیەکترییـــانە، وەک دوورگە داگیرکراوەکـــان، بە گوێرەی بەرژەوەندی و سیاسەتە لۆکاڵییەکان خرانە پاڵ یەکتــرییەوە، یــان دابەشــکران. لێرەدابــوو کە بانگەشــە کۆلۆنیــالییە شکســتخواردووەکانی ســەرانی ئەم جــۆرە دەوڵەتە نوێیانە بۆ سەرکەوتن بەسەر کەڵکەڵە "خێڵەکی" و "کۆمەڵی"یەکان یان بەسەر هەر هێزێکی تردا سەریهەڵدا، بەرپرســیارێتی نەبــوونی هەســتی ئینتیمــای دانیشــتوانی وڵاتەکانیشیان پێش هەموو شتێک و پێش هەر کۆمەڵێکی دیــکە بــۆ کۆمارەکەیــان، خســتە ئەســتۆی ئەم خێــڵ و کۆمەلانە.

به کورتی، داوای زۆرینەی ئەم "نەتەوە" و "بزووتنەوە نەتەوەییـــانە"، دژ بە خواســـتە نەتەوەییەکـــان بـــوو کە هەوڵیدەدا بۆ لێکبەستنەوەی ئەوانەی کە هەمان ئێتنیک و زمـــان و کولتـــوور و ڕابـــردووی مێژوویـــی و شـــتی لەم بابەتەیـــان هەبـــوو. ئەم داوایە لە واقیعـــی کردەییـــدا نێـــونەتەوەیی بـــوو- ئەنتەرناســـیۆنالی ســـەرکردە و کادرەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریی نەتەوەیـی لە جیهـانی ســـێیەمدا بە ڕوونـــی دەرکەوت، چـــونکە ئەم جـــۆرە بزووتنەوانە ڕۆڵێکی ڕابەرانەیان لە ڕزگارکردنی خـاک و نیشـتمانیاندا هەبـوو، بەڵام ئەنتەرناسـیۆنال کـرچ و کـاڵتر لەو ناوچـانەدا دەرکەوت کە لە سـەرەوە کۆلۆنیالیزمیـان لەســـەر لابـــرا. لە مـــاوەی دوای ســـەربەخۆییدا، دارمـــانی ئەوەی کە کـــراوە، یـــان وا پێـــدەچوو کرابێـــت، وەک بـزوتنەوەی یەکگرتـووی گەل، لە هەمـوو شـتێک زیـاتر جێگای سـەرنج بوو. هەندێکات یەکێتی بزووتنەوەکە بەر لە ســـەربەخۆییش تووشـــی کەرتبـــوون و دابەشـــبوون دەبوو، وەک ئەوەی لە هیندستان ڕوویدا.

بەڵام ئەوەی زۆر باو بوو ئەوەبوو کە هەر ماوەیەکی کـورت دوای سـەربەخۆیی، دڕدۆنگـی و ناتەبـایی لەنێـوان لایەنە پێکهێنەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆییدا پەیدا دەبوو (وەک ئەوەی لە جەزائیـــر لەنێـــوان عەرەب و عەجەمـــدا سەریهەڵدا)، ناتەبایی نێوان ئەو خەڵکانەی لە چالاکییەکانی بـزووتنەوەکە و ئەوانەی کە ئیلتیزامیـان پێنەکردبـوو، یـان لەنێـوان سـێکیولایزمی نـا-تـائیفیی ڕزگـاریخوازی ڕابەران لەگەڵ هەستەکانی جەماوەردا. بە هەرحـاڵ، لەو کـاتەدا کە

ئاسایی بوو هەموو سەرنجەکان بخرینە سەر حاڵەتەکانی دابەشبوون یان نزیک لە دابەشبوونی دەوڵەتانی فرە ئێتنیکی و فرە کۆمەڵی –وەکو نیمچە کیشوەری هیندی ساڵی 1947، جودابوونەوەی پاکستان، داواکارییەکانی تامیل بۆ جودابوونەوە لە سریلانکا- دەبێت هەرگیز ئەوە لەبیرنەکەین ئەمە حاڵەتە تایبەتیەکانی جیهانێکە کە ڕێساکەی بریتییە لە بوونی دەوڵەتی فرە ئیتنیکی و فرە کۆمەڵی. لە جەوهەریشدا ئەوە هەر دروست ماوەتەوە کە نزیکەی سی ساڵ پێشتر نووسراوە:

«ئەو وڵاتانە دابەشنەبوون کە چەند کۆمەڵێکیان تێدا بوو زمان و کولتووری تایبەت بە خۆیان هەبوو، وەک ئەوەی لە زۆربەی وڵاتە ئەفریقی و ئاسیاییەکاندا هەیە، بەدیوەکەی دیکەیشدا ئەو وڵاتانە یەکیان نەگرت کە بەشێک لە کۆمەڵ بە یەک زمان قسەیان دەکرد، وەک ئەوەی لە وڵاتە عەرەبییەکان و باکوری ئەفریقادا هەیە[40]».

دواجار، دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بە ئاشکرا دیاربوو نا-نەتەوەییە، چ بە پاڵنەرەکانی و چ بە شوێنەوارەکانی، جگە لە چەند حاڵەتێکی تەواو ئاوارتە. ئەمە ئەوەندە ڕوونە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر نییە. بۆ نموونە، شۆڕشی کۆمەڵایەتی ڕوویدەدا ئەگەرچی

---

[40] لەو حاڵەتە دەگمەنانەی لە سەردەمی چاوشیسکۆدا لە ڕۆمانیا هەبوون سیاسەتی سەپاندنی ئینتیمای ڕۆمانی بوون. ئەم سیاسەتە لە ڕێکخستنە درورودرێژەکانی سەربەخۆیی خۆی بە دوور گرت کە کاتێ کۆمۆنیستەکان لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دەسەڵاتیان گرتە دەست، دانرا.

کاریگەریی کەمتری هەبوو. شۆڕشگێڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تەواوی ئاگاداری هێزی ناسیۆنالیزم بوون و پەیوەستبوون بە ئایدیای سەربەخۆیی نەتەوەییەوە، تەنانەت ئەو کاتەی کە بە کردەییش لێیان داوا نەدەکرا، بۆ نموونە سلاڤییەکان و لۆساتییەکان، کە بەرەبەرە زمانەکەیان پاشەکشە دەکات، ئەگەرچی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی هەوڵێکی زۆر سەرسوڕهێنەریش دەدات بۆ پشتیوانی لێکردنیان. تاکە فۆرمە ڕێکخستنە دەستوورییەکان کە دەوڵەتە سۆسیالیستەکان لە ساڵی 1917ەوە بە جددی بایەخیان پێدا، شێوازی فیدراڵیزمی نەتەوەیی و سەربەخۆیی بوو. لەو کاتەدا کە دەقە دەستوورییەکانی دیکە -ئەگەر هەبووبن- بۆ ماوەیەکی درێژ دەقی نەتەوەیی پەتی بوون، سەربەخۆیی بوونێکی پراکتیکی ڕاستەقینەی هەبوو. بەهەرحاڵ، کاتێک ئەم ڕژێمانە خۆیان لەگەڵ هیچ یەک لە نەتەوە پێکهێنەرەکانیان[41]، تەنانەت لایەنیکەم لەسەر ئاستی تیۆرییش خۆی بەراورد نەدەکرد، کاتێک بەرژەوەندییەکانی هەریەکێک لەم نەتەوە لاوەکییەکانە لە بەرامبەر ئامانجی هاوبەشی بالادا بە بەرژەوەندی لاوەکیی دادەنران، ئەوا ئەم ڕژێمانە دەبوونە ڕژێمی نانەتەوەیی.

[41]ئەم خاڵە پرۆفیسۆر بۆگدان دینیچ لە زانکۆی شاری نیۆیۆرک بۆی باس کردم، ئەگەرچی کوشتنەکان لەو کاتەوە ڕوویاندا، کەچی ئاشتیی ڕێژەیی -بە بەراورد لەگەڵ ململانێی نەتەوەیی/ئێتنیکییەکانی دیکەی ساڵی 1989دا- هێشتایش شایەنی تۆمارکردنە.

پاشـــان، ئەگەر نیگـــایەکی ڕەشـــبینانە بخەیــنە ســـەر ڕابـردوو، دەبینین ڕژێمە کۆمۆنیستییەکان دەستکەوتێکی گەورەیـان لە وڵاتە فـرە نەتەوەکانـدا وەدیهێنـاوە، چـونکە شوێنەوارە کارەساتبارەکانی نەتەوەپەرستییەکانی نێویان کەم کـردنەوە. شۆڕشـی یوگسـلاڤی لەوەدا سـەرکەوتوو بوو کە بۆماوەیەکی درێژتر لە هەر کاتێکی ڕابردووی نێو مێـــژووی ئەم نەتەوانە، نەیهێشـــت لەنێـــو ســـنووری دەوڵەتەکەیـدا نەتەوەکـان یەکتـری سـەرببڕن. بەداخەوە ئەگەرچـــــی ئەم دەســـــتکەوتە لە ئێســـــتادا ڕوو لە کەمبـوونەوەیە، کەچـی هێشـتا ناتەبـایی نەتەوەیـی هەتـا کۆتایی ساڵی 1988 نەبووە مایەی هیچ حاڵەتێکی مردن (کوشـــتن)[42]، بە پـــێچەوانەی یەکێتیـــیە کۆمـــارییە سۆسیالیســتییەکانی ســۆڤییەتەوە، کە لەوێ شـەفافییەتی ئاشکرا هاوکـار بـوو بۆ کەشفکردنی ئیمکـانی لەتبـوونی نەتەوەیی کە بۆمـاوەیەکی درێژ قەدەغە کرابـوو (جگە لە مـاوەی جەنگی دووەمـی جیهـان). لە ڕاسـتیدا، "جیاکـاری" یـــان تەنـــانەت "چەوســـاندنەوە" کە نەتەوە جیاوازەکـــانی ســـۆڤییەت لە دەرەوە نارەزایەتییـــان لە دژی دەردەبـــڕی، زۆر لەوە کەمتر بوو کە لە ئاکامەکانی کەوتنی دەسـەڵاتی

---

[42] نابێـــت وەهـــا لەم قســـەیە تێبگەیشـــترێت کە چاوپۆشـــینە لە کۆچپێکردنی بە کۆمەڵی هەمـوو کۆمەڵە دانیشـتوانییەکان بە هـۆی ڕەگەزی نەتەوەییانەوە وەک ئەوەی لە کاتی جەنگدا ڕوویدا. نموونە ئەم بابەتە ناکرێت لە هیچ دۆخێکدا چاوپۆشیی لێ بکریت تەنیا لە حاڵەتی ڕزگارکردنی ئەم دانیشتوانەدا نەبێت لە کۆمەڵکوژی.

سۆڤیەتیدا چاوەڕوان دەکرا. دژایەتیی سامیی سۆڤییەتی، لە شێوە فەرمییەکەیدا، کە بێگومان هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948ـەوە، جێگای سەرنج بوو، دەبێت بەوە بەراورد بکرێت کە پەیوەستبوو بە هەڵکشانی دژایەتیی سامییەوە لەسەر ئاستی میللی، ئەمەیش هەر لەو کاتەوەی کە کۆبوونەوەی سیاسی سەرلەنوێ (تەنانەت بۆ کۆنزەرڤەتیڤەکانیش) ڕێگەی پێدرایەوە، بە تایبەتیش کوشتارگەکانی یەهود کە ڕەگەزە لۆکاڵییەکانی دەوڵەتانی بالتیک و ئۆکرانیا لەسەر چوارچێوەیەکی فراواندا لە کاتی درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئەڵمانیادا ئەنجامیاندا، بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی میتۆدیی کوشتنی یەهودییەکان لە لایەن ئەڵمانیاوە. بە کردەیی دەشیت بووترێت شەپۆلی پشێوییە ئیتنیکییەکان، یان وردە ئێتنیکییەکان (Mini-ethnic) بەرپەرچدانەوەی بنەما نا-نیشتمانییەکان یان نا-ناسیۆنالیستییەکان بوون بۆ پێکهێنانی دەوڵەتان لە بەشێکی گەورەی جیهانی سەدەی بیستەمدا. ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە ئەم جۆرە کاردانەوە ئێتنیکییانە، بە هەر چەمکێک بووبێت، بنەمایەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سیاسیی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەخاتەڕوو.

ئەمە جەخت لەسەر تێبینیی سێیەم دەکاتەوە، لەبەرئەوەی لەمڕۆدا "نەتەوە"، ڕوون و ئاشکرا لە پرۆسەی لەدەستدانی بەشێکی گرنگی وەزیفە کۆنەکانیدایە، ئەویش پیکهێنانی "ئابووریی نەتەوەیی" بوو

کە بە سنوورەکانی خاکەکەی پەرژین کرابوو، وەک بڵێی کۆی بەشەکانی بنیاتنان بوو لە "ئابووری جیهانی"ـی فراوانتردا، لایەنیکەم لە ناوچە پەرەسەندووەکانی گۆی زەویدا. ڕۆڵی "ئابووریی نەتەوەیی"، لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە و بەتایبەتیش لە شەستەکانەوە، کەوتۆتە بەر کاریگەری نەرێنییەوە و تەنانەت گومان لەم ڕۆڵەیشی کرا، بەتایبەت دوای گۆڕانە گەورەکان لە دابەشبوونی کاری نێودەڵەوتیدا، کە یەکە سەرەکییەکانی ئەم ئابوورییە نوێیە لە دامەزراوە فرەنەتەوەکان یان سەروو نەتەوەییە قەبارە جوداوازەکان پێکدێت؛ هەروەها لەگەڵ پەرەسەندنی هاوتای سەنتەر و تۆڕە جیهانییەکانی مامەڵە ئابوورییەکاندا، کە لەبەر هۆکاری کردەنی لە دەرەوەی کۆنترۆلی حکومەتەکانی دەوڵەتان پەیدابوون، ڕۆڵی ئابووری نەتەوەیی پاشەکشەی کرد. ژمارەیەک ڕێکخراوی جیهانی گەشەیان کرد کە لە چەندین حکومەت پێکهاتبوون: ڕێکخراوی نێونتەوەیی نێوان دەوڵەتان (intergovernmental international organization)، لە ساڵی 1951 لە 123 حکومەت، لە ساڵی 1972 لە 280، لە ساڵی 1984 لە 365 پێکهاتبوو. هەروەها ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی گەشەیان کرد، ژمارەیان لە 832 ڕێکخراوەوە زۆر بوون و لە ساڵی 1972دا بوون بە 2173 ڕێکخراو، لە دوانزە ساڵی دواتریشدا ژمارەیان بۆ دووهێندە و

زیاتریش زیاد بوو کە گەیشتە 4615[43]. ڕەنگە تاکە "ئابووری نەتەوەیی" کارا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، ئابووری ژاپۆنی بێت.

تەنیا کۆمەڵە و یەکێتی گەورەتری دەوڵەتە نەتەوەییەکان بوون کە جێگای ئابوورییە نەتەوەییە کۆنەکان (پەرەسەندووەکان)یان وەک پێکهاتەی سەرەکیی سیستەمی جیهانی گرتەوە، لەوانە کۆمەڵەی ئابووریی ئەورووپی، ئەو دامەزراوە جیهانییانەی کە بە کۆمەڵ بەڕێوەدەبرێن لەوانە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، وێڕای ئەمەیش، دەرکەوتنی ئەم دامەزراوانە نیشانەی پاشەکشەی جیهانی "ئابووری نەتەوەیی" بوون. هەڵبەت بەشە گرنگەکانی سیستەمی پرۆسە ئابوورییە جیهانییەکان هیچ کۆنترۆڵێکیان لەسەر نییە، وەکو بازاڕی دۆلاری ئەورووپی.

بێگومان ئەمە بووە کارێکی مومکین، کە کۆمەڵێک هۆکاری هەبوو، لەوانە شۆڕشە تەکنۆلۆژییەکان لە بواری گواستنەوە و پەیوەندیگیریدا، ماوەیەکی درێژی گواستنەوەیەکی ئازادانەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بۆ ناوچە بەرفراوانەکانی گۆی زەمین، کە لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە گەشەی کرد و بووە مایەی شەپۆلێکی گەورەی کۆچی دانیشتوان لە نێوان نەتەوە و کیشوەرەکاندا، ئەوەیش لە دەیەی پێش 1914ـەوە

---

[43] ئارنۆ مایەر: بۆچی ئاسمانەکان تاریک نەبوون؟ "دوایین چارەسەر لە مێژوودا"، (نیویۆرک 1989)، لا257-262.

فراوانترین شەپۆلی کۆچکردن بوون. بەو هۆیانەوە ئەم دوو پرۆسەیە لێکخشاندنی نێوان کۆمەڵەکان، بە تایبەتیش لێکخشانی ڕەگەزپەرستی زیاتر کرد، جیهانێک لە زەوییە نەتەوەییەکان دروست بوو کە لە بری ئەو دانیشتووانە ئەسڵییەی وا خاوەنی ئەم خاکەبوون، غەریبەکانی تێدا دەژیا. ئەم بژاردەیە بۆ سەدەی بیست و یەک بەراورد بە سەدەی بیست کەمتر واقیعییە. ئێمە لە ئێستادا لە کۆکردنەوە و پێکەوەبەستێنێکی سەیری تەکنۆلۆژیای کۆتاییەکانی سەدەی بیست و بازرگانیی ئازادانە سەدەی نۆزدە و شێوازی سەنتەر و پەراوێزە دیارەکانی بازرگانیی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژین. چونکە ئەوەتا دەوڵەتشاریش ژیاوەتەوە، بۆ نموونە هۆنگ کۆنگ و سەنگافورە. ژمارەی "ناوچە پیشەسازییەکان" لە نێو دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەریدا دووجار دەبێتەوە، وەک ئەوەی لە کێڵگەکانی ئاسنی هانسیاتک و پەناگەکانی باج لە دەرەوەی سنوورەکان و لە دوورگەکاندا ڕوودەدات، ئەو دوورگانەی کە ئەگەر تاکە وەزیفەکەیان ڕێک دوورخستنەوەی پرۆسە ئابوورییەکان لە کۆنترۆڵی دەوڵەتە نەتەوەییەکان نەبووایە، ئەوا هیچ بەها و نرخێکیان نەبوو. ئایدیۆلۆژیای نەتەوەکان و ناسیۆنالیستەکان لەگەڵ هیچ یەکێک لەم پەرەسەندنانەدا کۆک نین.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە وەزیفە ئابوورییەکانی دەوڵەت کەم بوونەتەوە یان نامێنن. بەڵکو بە پێچەوانەوە،

لە دەوڵەتانی سەرمایەداری و ناسەرمایەداریدا وەکو یەک گەشـەی کـردووەی، هەرچەنـدە لە هەشـتاکاندا هەردوو کەمـپەکە مەیلیـان لەوە بـوو پشـتیوانی لە دامەزراوەکـانی کەرتـی تـایبەت و دامەزراوە ناشـوێنکەوتەکانی دەوڵەت بـکەن. جـگە لە بـایەخی بەردەوامـی ئاراسـتەکردن و پلانـدانان و بەڕێـوەبردنی دەوڵەت، تەنـانەت لەو وڵاتانەیشـدا کە لە ڕووی تیـۆرییەوە بـۆ لیبراڵیزمـی نـوێ تەرخـان کرابـوون، ئەوەی دەنـوێنرایەوە تەنیـا قەبـارەی دەستکەوتەکان و تێچوونە گشـتییەکان بـوو لە ئـابووریی دەوڵەتانـدا، پـێش هەمـوو شـتێکیش ڕۆڵە زیادبووەکەیـان وەک فاکتەرەکـانی دووبـارە دابەشکردنەوەیەکی بنچینەیـی داهـاتی کـۆمەڵایەتی لە ڕێـگەی میکانیزمەکـانی بـاج و ئاسانکاریی بۆ خزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان، ڕەنگە بۆ ئەوە بووبیت لە پێشتر زیاتر دەوڵەتی نەتەوەیی لە ژیانی دانیشـتووانی جیهانـدا بکـرێتە پـاڵنەرێکی سـەنتەری. ئـابوورییە نەتەوەییەکـانیش هەرچەنـدە کـاریگەرییە نەرێنییەکـان لە لایەن ئـابوورییە فـرە نەتەوەکـانەوە بەرکەوتبێـت، ئەوا هێشـتا لەگەڵ ئەم ئـابوورییەدا هەڵیانکردووە و چوونەتە نێوییانەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا "ئابوورییە نەتەوەییە" کۆنەکان چیتر وەک خۆیـان نەمـاون، تەنیـا چەنـد ئـابوورییەک نەبێت کە لەلایەکەوە دوورەپەرێزییـان بەسـەر خۆیانـدا سـەپاندووە (کە بۆرما تاوتوێی سەرلەنوی گەڕانەوەی بۆ جیهان کرد، زۆربەی ئەم ئابوورییـانە وازیـان لە دوورەپەرێزی هێنـا)

لەلایەکی دیکەیشەوە ڕەنگە ژاپۆن. تەنانەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش کە لە هەشتاکاندا وا هەستی دەکرد هێشتا بوارێکی پانوپۆری تەنیوەتەوە و تا ئەو ڕادەیە باڵادەستە کە دەتوانێت بە تەنیا خۆی بێ ئەوانیتر چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بکات، لە کۆتایی هەمان دەیەدا هەستی بەوە کرد کە «وازی لە بەشێکی زۆری باڵادەستییەکەی بەسەر ئابوورییەکەیدا هێناوە و داویە دەستی سەرمایەگوزارە بێگانەکان... کە ئێستا هێزی پێویستیان هەیە بۆ بەردەوامیدان بە گەشەی ئابوورییەکەی یان پاڵنانی بەرەو داکشان» (وۆڵ ستریت جۆرنال، 5 کانوونی یەکەم/دیسەمبەر 1988، لاپەڕی یەکەم). ئەوەندەی پەیوەندیی بە هەموو دەوڵەتە بچووکەکانەوە و بە هەموو دەوڵەتە قەبارە مامناوەندەکانەوە هەبێت، هەر بە سادەیی بڵێین ئابوورییەکانیان چیتر بەقەد پێشووتر سەربەخۆ نین.

هەر تێبینی سێیەم ئەوەیش دەخاتە ڕوو کە ئەو ململانێ سەرەکییانەی دەبێت لەمڕۆدا بڕیار لە چارەنووسی جیهان بدەن، خەریکە وای لێ دێت کە پەیوەندیی بە دەوڵەت/نەتەوەوە نامێنێت. بە درێژایی نیو سەدە، سیستەمی دەوڵەتی جیهانی بە شێوازە ئەورووپییەکەی سەدەی نۆزدە پەیدا نەبوو، بەڵکو جیهانێکی دوو جەمسەر، کە لە دەوری دوو هێزی گەورە کۆبووبوونەوە، سەریهەڵدا.

جیهانی دوای 1945 لە ڕووی سیاسییەوە یەکگرتوو نەبوو، بەڵکو دوو جەمسەری ڕێکخراوی دوو هێزی گەورە بوو کە دەتوانین بە نەتەوە زەبەلاحەکان وەسفیان بکەین، بەڵام بێگومان بەشێک نەبوون لە سیستەمی جیهانی دەوڵەت بەو جۆرەی کە لە سەدەی نۆزدە یان پێش ساڵی 1939دا هەبوو. لە باشترین حالەتدا، لایەنی سێیەمی دەوڵەتان، چ لایەنگری دەولەتە گەورەکان بووبن یان نەبووین، هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت وەک سوودمەندی کردەوەی دەوڵەتە گەورەکان کاربکەن، ئەگەرچی بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە بیسەلمێنێت لە ماوەی ئەم چل ساڵەی کۆتاییدا ئەم کارە بەشێوەیەکی کاریگەری کرابێت. لەوەیش زیاتر، ئەوەندەی پەیوەست بێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە (ڕەنگە ئەمە وەک کاریگەریی پەرتوبڵاو بەسەر یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤییەتی پێش گۆرباچۆڤیشەوە، ڕاست دەرچووبێت) ململانێ سەرەکییەکە ململانیی بیروباوەڕ بوو کە دواجار هاوسەنگی بە لای سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای "ڕاسترەو"دا، بە سەرکردایەتی هێزە گەورە پەیوەندیدارەکان، هەڵکشا. بەڵام سیاسەتەکانی جیهان لە پاش 1945ەوە، لە بنەڕەتدا سیاسەتی شۆڕش و دژە شۆڕش بوو، هەر بۆ ئەوەیش تەدەخوالی دۆزە نەتەوەییەکان دەکرا کە جەخت لەسەر بابەتە سەرەکییەکە یان هەژاندنی بابەتە سەرەکییەکە بکرێتەوە. هەمووان دان بەوەدا دەنێن کە لە کۆتایی هەشتاکاندا چوندین نیشانە هەبووە ئاماژەیان بە هەرەسی ئەم مۆدێلە دەکرد، هۆکاری ئەمە تەنیا ئەوەبوو

که هەردوو هێـــــزە گەورەکە لە ڕووی ئـــــابوورییەوە تاڕادەیەکی زۆر بەرەو لاوازی دەچوون کە ئیدی ئەستەم بوو ڕۆڵەکانی پێشتری خۆیان بگێڕن، هۆکارێکی دیکەیش ئەوەبـــوو کە مـــۆدێلی ئەو جیهـــانەی شۆڕشـــی 17ی ئۆکتۆبەر دابەشی کردبوو، تەنیا پەیوەندییەکی سادەی بە حەقیقەتەکانی کۆتایی سەدەی بیستەوە مابوو. ڕەنگ بوو سـەرلەنوێ، لە کـاتێکی گونجـاودا، جیهانێـک دروسـت ببێـتەوە کە فرەیـی زیـاتری تێـدا بێـت. لەگەڵ ئەوەیشـدا، نەدەشـیا تەنـانەت لەنێـو ئەم سیستەمەیشـدا، ڕۆڵـی نەتەوەکـان سـەنترالّ بـن، چـونکە هەردوو گەمەکـارە گەورەکە لەم جـۆرە گەمەیەد یەکەی زۆر گەورەتـر لەو دەوڵەتـانە بـوون کە دەبـوو بـزووتنەوە جوداخـواز و ناسیۆنالیسـتەکان لە کۆتاییەکـانی سـەدەی بیسـتەمدا دایانبمەزرێنن.

با بۆ مەبەستی مشتومڕەکەمان، بۆ نموونە گریمانە ئەوە بکەیـن کە فـۆڕمێکی نـوێی "ئەورووپـای نەتەوەکـان" (Europe of Nations) بە گوێرەی چەمکی ولّسـن، دامەزراوە، هەروەهـا ئاسـیای نەتەوەکـان و ئەورووپـای نەتەوەکـانیش (بەلاّم ئاسـۆی ئەمریکـای لاتـین بەهـۆی بـوونی نەتەوە ئێتنیکی/زمـانیە تایبەتییەکـانیەوە زۆر دوورە). ئەو کـاتە ئیسـپانیا بە جودابـوونەوەی ئۆسـکادی و کەتەلۆنیـا، بەریتانیا بە جودابوونەوەی سکۆتلەندا و وێڵز، فەرەنسا بە جودابوونەوەی کۆرسیکا بچووک دەبنەوە، بەلجیکایش دەبێـــــتە دوو وڵات. ئەگەر بەرەو ڕۆژهەلاتـــــیش

دووربکەویـــنەوە، دەوڵەتـــانی ئێســـتای نێـــو بـــازنەی کاریگەریی سۆڤییەتیی، ڕێگای خۆیان دەگرنە بەر. ڕەنگە سلۆڤاکیا لە چیک جودا ببێتەوە، بەلکانیش دووبارە بەسەر سـلۆڤینییەکان و کرواتییەکـان و سـربییەکان و ئەلبانیـای فراوانـدا دابەش بکـرێتەوە و دەوڵەتانیـان لـێ پێکبهێنرێت. سـەرلە نـوێ بە درێژایـی بەڵتیـک ئەسـتۆنیا و لاتڤیـا و لیتوانیـا وەک دەوڵەتـی سـەربەخۆ دروسـت ببـنەوە. ئایـا دەشیت گریمانەیەکی جددی بخەینە ڕوو سەبارەت بەوەی کە پرۆسەیەکی بە بەڵکانکردنی لەم جۆرە لەسەر ئاستی جیهـانی، دەتوانێـت سیسـتەمێکی سیاسـیی سـەقامگیر و هەمیشـەیی پپیشـان بـدات؟ لە ڕاسـتیدا، یەکەم شـتێک کە هەمـوو ئەم دەوڵەتە ئەوروپیـیە گریمـانکراوانە دەیـکەن، بێگومان پێشکەشکردنی داواکاریی ئینتیمایە بۆ کۆمەڵەی ئـــــابووری ئەوروپـــــی، کە دیســـــانیش مافەکـــــانی ســـــەروەرییەکەیان دیـــاریی دەکـــات، ئەگەرچـــی ئەم دیـاریکردنە بەشـێوازێکی جیـاواز لەوەی پێشـوو دەکرێت. چونکە وێرای پێداگریی جەنەراڵ دیگۆل لەسـەر پێکهێنـانی کـۆمەڵەی ئـابووریی ئەوروپـی وەک هاوپەیمـانی نەتەوە خاوەن سەروەرییەکان، لۆژیکی تەواوکاریی ئابووری وای لە کۆمەڵێک کـرد کە زییـاتر بەرەو دامەزراوەی سـەروو-نەتەوەیی بڕۆن.

بە کـورتی، تەنـانەت ئەگەر سیسـتەمی ڕاسـتەقینەی جیهـانیی فـرە جەمسـەریش، لە ژێـر باڵادەسـتیی کـارای ئۆلیگارشـیی دەوڵەتە گرنگەکانیشـدا دروسـت ببێـت، وەک

ئەوەی لەنێـــو ئەنجـــومەنی ئاســـاییش لە ســـەرەتای دروستبوونییەوە وێنا دەکرا، ئەوا ئەم سیستەمە ئەوەندە جیهانی نابێت کە زۆرینەی نەتەوە و دەوڵەت-نەتەوەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێیدا هەبێت.

دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە ناسیۆنالیزم شتێک پیشـــان دەداتەوە کە لە قەیرانـــی کـــۆنی ئایـــدیۆلۆژیی و بەرنـــامەیی ولّســـنی-لینینـــی دەچێـــت، ئەو قەیـــرانەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شکستە سیاسییەکەی و بۆ لێکـــدژییە توونـــدەکەی لێکجـــووتیی "نەتەوە" و "دەوڵەت-نەتەوە"، لەگەڵ پێکهـــاتەی سیاســـی و ئـــابووریی جیهـــان. ناسیۆنالیزم، هیچ شتێک نییە بە بێ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە، جا ئیتر هێزی هەڵچوونی بوون لەنێو "کۆمەڵەی خەیـالّکراو"دا هەرچییەک بێـت، جیهـانی دەوڵەتـانێکی لەم جۆرەیش کە پێوەرە ئێتنیکی/زمانییەکانی ئێستای ئینتیمای نیشتمانی هاوتـا دەکات، چییتـر ئاسـۆیەکی مـومکین نییە. بەم جـــۆرە، ئەگەرچـــی هەردوو حکـــومەتەکە لە دبلـــن و لەندەن لەسـەر ئارەزووە "ڕێژەییەکەیـان" بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرلەندی یەکگرتوو ڕێبکەون، کە ڕێی تێدەچیت وا بێت، ئەوا تەنانەت لە نێو کۆماری ئێرلەندایشدا دەبینیت پێیوایە ئەم ئاراستەیە هیچ نییە جگە لە بژاردەیەکی خراپی چارەسەرە خراپەکان. لە بەرامبەردا، ئەگەر هەلومەرج بۆ ئێرلەنـدای بـاکور هەڵبکەوێت کە سـەربەخۆیی خـۆی لە بەریتانیا و ئێرلەندا ڕابگەیەنێت، ئەوا زۆربەی پرۆتستانتی ئێرلەنـــدای بـــاکور وای دادەنـــێن کە ڕەتکـــردنەوەی

یەکجارەکیی پاشا شەڕی کەمترە. بە کورتی، دەتوانین بڵێین، بەشێکی کەم لە پەڕگیرەکان وای دادەنێن ئەم دەستکەوتە لە بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی/بەکۆمەڵ، کەمێک باشترە لە دۆخی باوی زۆر ناپەسەند.

ژمارەی بزووتنەوە باوەکانیش لە کاتی ئێستادا ئەوەندە زۆر بووە کە پێویستی بەوە نییە بە گرنگییەوە باسی بکەین؛ ئەمانە لە ئەنجامدانی پراکتیکیدا، وازیان لە خولیاکانیان بۆ دەوڵەتی تەواو سەربەخۆ وەک ئامانجی کۆتایی هێناوە، لایەنیکەم لە ئەوروپادا کە نیشتمانیی تەقلیدیی بنەمای ئنتیمای نەتەوەییە. لێرەدا زۆرینەی ئەو بزووتنەوانە وەک کاردانەوەی سەنتراڵن بەڕووی دەسەڵاتی ئابووریی دەوڵەت و کولتوور و دژە بیرۆکراسییەتدا دەردەکەون، کەچی لە حاڵەتەکانی تردا گوزارشت لە سووکایەتییەکی هەمەجۆری لۆکاڵی یان تائیفی کەرتخوازانە (Sectional) دەکەن، کە دەتوانێت خۆی بە لافیتە ڕەنگاوڕەنگەکان دابپۆشێت[44].

ئەوەی مانا و دەلالەتی هەیە ئەوەیە دەوڵەتە شکستخواردووەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، کە ئاستێکی گەورەی دابەشکردنی دەسەڵاتیان بەسەردا سەپێنراوە، وەک کاردانەیەک بە حیساب بەڕووی سەنتراڵیزمی فاشیستیدا، پێویستیان بە زۆرینەی ئەو بزووتنەوە جوداخوازییانەیە کە بەشەکانی دیکەی

[44] دیڤید هێلد: ماڵئاوا لە دەوڵەت-نەتەوە، گۆڤاری مارکسیزمی ئەمڕۆ، کانونی یەکەم (دیسەمبەر 1988)، ل15.

ئەورووپای ڕۆژئاوایی بەخۆیەوەی بینی، ئەگەرچی باڤاریا و سەقەڵییە هێشتایش زەمیینەی ڕوون و بەپیتی ئەم جۆرە بزووتنەوانەی وەکو سکۆتلەندا و بەشە فەرەنسیزمانەکانی هەرێمی جۆرای بەرنیس ( Bernese Jura). لە ڕاستیدا، ئەو بزووتنەوە جوداخوازییەی کە لە سەقەڵییە بە دوای ساڵی 1943ەوە سەریهەڵدا، تەمەنی کورت بوو، ئەگەرچی هێشتا هەندێ خەڵک خەم بۆ شکستەکەی دەخۆن وەک "کۆتایی نەتەوەی سەقەڵی"[45]. ئەم بزووتنەوەیە بە یاسای ساڵی 1946ی سەربەخۆیی هەرێمی، لەنێوبرا.

ئەمە سەیر نییە، چونکە شێوازەکانی بەرگریی تەقلیدی دژ بە نزیکبوونەوەی خێرای مۆدێرنە، لە ساڵی 1950ەوە شتێکی ئەوتۆی لە دوای دەیە ئەورووپییەکانەوە لێ نەماوەتەوە، ئەوە دەیەیەکی هەرە ئەورووپی بووو لە مێژووی جیهانی ئابووریدا. هەندێک لە چینە ناوەندە هەرێمییەکان، سەرەوەختێک، ئومێدیان وابوو سوود لە ناسیۆنالیزمی زمانی وەربگرن، بەڵام لەمڕۆدا ناتوانین

---

[45] پێکهاتەی چینایەتی ئاماژە بۆ سەرکردە چالاکەکانی بزووتنەوەی ئۆکسیتانیا دەکات... بەڵام هۆکاری ئەم خراپ بەکارهێنانە لە پەرەسەندنی ئابووریی هەرێمیی نایەکساندا نییە، بە ئەندازەی ئەوەی لەو ستەمانەدایە کە هەردوو چکینە پیشەوەرەکان و یەخە سپییەکان لە سەرانسەری فەرەنسادا هەستیان پێدەکرد... ویلیام ر. بیر "چینی کۆمەڵایەتیی چالاکییە ئێتنیکییەکان لە فەرەنسای هاوچەرخدا"، چاپی ملتن؛ ج. ئیسمان ""ململانێی ئێتنیکی لە جیهانی ڕۆژئاواییدا"، (ئیتاکا 1977)، ل158.

جگە لە هەندێ سوودی کەمی هەرێمی چاوەڕوانییەکی زیاتری لێ بکەین. لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا و وەک هەمیشە، دارمانی ئومێد و خولیا گەورەکان بە پاڵ قەیرانەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە گەورەکانەوە، چ ڕاستەقینە بێت و چ ڕواڵەتی، ئەوەیە کە دەرەقەتی بۆ ناسیۆنالیزم ڕەخساند بۆشایی دەروون و خەیاڵی ڕۆشبینرەکان و خەباتگێڕەکان پڕ بکاتەوە و ببێتە ئەڵتەرناتیڤی خەونە لەدەستچووەکان. هەندێجار تۆزێک لەمەیش زیاتر بوو، وەکو ئەوەی لە برەودانی کاتی بە "ئۆکسیتانیا" هەبوو لە فەرەنسای حەفتاکاندا، هەندێک ڕۆشنبیری چەپی خاوەن پێگەی بەرز لە هەمان دەیەدا بوون بە ناسیۆنالیستی سکۆتلەندی؛ هەروەها خەریکبوونی زیاد لە ڕادە بەو شتەوە کە بە شوناسی نەتەوەیی ڤالەنسی دادەنرا کە لە سەرەتای هەشتاکندا لەنێو ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیادا بڵاوبوویەوە. هەندێجار ناسیۆنالیزم گەنەکەڵکێکی میللیی هەرە مەترسیدار و بەفراوانە، وەکو لابەلابوونەوەی تازەوەبووی ناسیۆنالیزمی سکۆتلەندی لە کۆتایی هەشتاکاندا، ئەمەیش هەر بە سادەیی کاردانەوەیە، هەم بە ڕووی حکومەتێکدا کە لە زۆرینەی بەریتانییەکان پێکهاتووە کە تەنیا کەمینەیەکی کەمی سکۆتلەندییەکان پشتیوانیی لێ دەکەن، هەم بە ڕووی حزبی ئۆپۆزسیۆندا کە لە ڕووی سیاسییەوە توانای نییە و لە زۆربەی لایەنە بەریتانییەکان پێکهاتووە.

لەگەڵ ئەوەیشـــــدا، ئەوەی لە هەمـــــوو شـــــتێ لە پشێوییەکانی ناسیۆنالیزمی سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا سەرنجڕاکێشـــە، بـــریتییە لە نـــا-ســـەقامگیری و نـــا-بەردەوامیێتییەکەی، دیارە ئەگەر ئەمە بە هز و سەقامگیری هاوسۆزی بۆ شوناسی نەتەوەیی، کە ناسۆنالیزم پێیوایە گوزارشتی لێدەکات، بەراورد بکرێت. ئەگەر بەدواداچوون بـــۆ چارەنووســـە جیاوازەکـــانی حـــززبە ناسیۆنالیســـتە سکۆتلەندی و وێڵزییەکـان بکەیـن، یـان بـۆ چارەنووسـی هەندێک لە قەوارە دژە بێگانەکانی وەکو بەرەی نەتەوەیی فەرەنسی، ئەوا ئەو خاڵەی لە سەرەوە باسکرا بە ڕوونی دەبیـــنن. چـــونکە هەڵگەڕانەوەکـــانی پشـــتیوانیکردنی سکۆتلەندییەکان لە ناسیۆنالیزمی سیاسکیی سکۆتلەندی، ئامـاژە بەوە دەکـات کە چەمکـی شوناسـی سـکۆتلەندی و جودابـوونەوە لە ئینگلیـز و پەڵپگـرتن بە ئینگلـتەرا، هەر لە جەنگـی کۆتـاییەوە بەشـێوەیەکی نـا-ڕێکوپێـک لە بەرز و نزمیـدا بـوو. بەڵام هـیچ شـتێک نیـیە ئامـاژە بە گـۆڕانی هەستوســـۆزی ســـکۆتلەندییەکان بکـــات بەرامـــبەر ەم ببوارانە.

دەتـــوانین بە هەمـــان هۆکـــار، قەیـــرانەکە لە ئاگـــایی نەتەوەیی لای نەتەوە کۆنەکان ڕوونبکەینەوە. ئەم ئاگاییە، کە لە ئەوروپـای سـەدەی نـۆزدەوە پەیـدابووە، شـوێنی خـۆی لە گۆشـەیەک لەو چـوار گۆشـەیەدا دەگرێـت کە دەتـوانین بە چـوار خـاڵ دیارییـان لکەیـن: ***گەل، دەوڵەت، نەتەوە، حکومەت***. ئەم چوار ڕەگەزە، لە ڕووی تیۆرییەوە،

لێکجووت دەبن -وەک هیتلەر وتوویەتی («مەبەستمان لە وشەی Volk لە زمانی ئەڵمانیدا هەم "گەل"ـە و هەمیش "نەتەوە". ئەڵمانیا پێکهاتووە لە "یەک گەل یان یەک نەتەوە)، یەک دەوڵەت، یەک ڕابەر» ( ,Ein volk, ein Reich ein Führer). لە ڕووی پراکتیکییەوە، هزرەکانی دەولەت و حکومەت، مەیلی لە پێناسەکردنی خۆیەتی بە پێوانە سیاسییە نموونەییەکانی ئەو ماوەیەی کە لە سەردەمی شۆڕشە گەورەکانی سەدەی هەژدەوە درێژبوونەتەوە، حگە لە ئایدیا "گەل" و "نەتەوە" کە پێوانەی پێش-سیاسی (prepolitical)یان بر دانراوە و ئەمەیش هاوکاربووە لە خولْقاندنی کۆمەڵگەیەکی وێناکراو و خەیاڵکراودا. سیاسەت بە بەردەوامی مەییلی لە لەخۆگرتن و دووبارە دارشتنەوەی ئەم جۆرە ڕەگەزە سیاسییە سەرەتاییانەیە بۆئەوەی بیانخاتە خزمەتی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیەوە. پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان هەرچوار ڕەگەزەکە وەک پەیوەندییەکی بەسەرچوو سەیر کراوە. بەڵام ئەمە چیتر لە دەوڵەت-نەتەوەی گەورەدا مومکین نییە، چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر دامەزراندنیدا تێپەڕیوە.

دەتوانین ئەمە بە ڕاپرسی کۆماری یەکێتیی ئەڵمانیای ساڵی 1972 ڕوون بکەینەوە[46]. دەتوانین دان بەوەیشدا بنێین کە ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی بەگرێوگۆڵە، چونکە دۆخی

---

[46] مارسیلو کلیمینو: کۆتایی نەتەوە، (پالێرمۆ، 1977)؛ ج. ب. مارینۆ: چیرۆکی جودابوونەوەی سەقەلییە 1847-1943 (هەردووکیان بە زمانی ئیتاڵی، رۆما، 1979.

ئەڵمانیـا لە گەورەتـرین یەکەی سیاسـییەوە، کە لە ڕووی تیـۆرییەوە ئەڵمانیـای سـەردەمی حـوکمی هیـتلەری گرتبوویەوە، بـوو بە دۆخێک کە لایەنیکەم دوو دەوڵەتـی تێدا دەژیـا، هەر یەکەیشـیان دەیتوانی پروپاگەنـدەی ئەوە بکات کە هەموو نەتەوەی ئەڵمانی یان بەشێکی نەتەوەی ئەڵمـانییە. هەرچیـیەک بێـت، تەنیـا ئەم دۆخە ڕێـگەی ئەوەمـان پێـدەدات ناتەبـایی و نـاڕوونی لە ئایـدیاکانی زۆربەی هاووڵاتیانـدا دەربخەیـن ئەو کـاتەی کە بیـر لە "نەتەوە" دەکەنەوە.

یەکەمین شتێک کە لەم ڕاپرسییەدا دەرکەوت ئەوە بوو کە پەسـەندنەکردن ڕێـژەکەی بەرز بـوو، چـونکە 83%ی دانیشـتوانی ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا پێیـانوابوو دەزانـن سـەرمایەداری چییە و 78% هـیچ گومانیـان لە مەعـریفە سۆسیالیستییەکەیان نەبوو، بەڵام تەنیا 71% سەرکێشـی ئەوەیان کردبوو بۆچوونی خۆیان لەبارەی "دەوڵەت"ـەوە دەرببـڕن و 34% یش هـیچ ئایـدیایەکیان دەربـارەی چـۆنیەتی پێناسـە یـان وەسـفی "نەتەوە" نەبـوو. ڕێـژەی پەسەند نەکرد لەنێو ئەوانەدا بەرزتر بوو کە ڕۆشنبیرییان کەمتر بـوو، 90% ئەڵمانییەکـان، کە خوێنـدنی ناوەنـدییان تەواو کردبـوو، وا هەسـتیان دەکـرد شـارەزاییان لە هەر چوار چەمکەکە هەیە، بەڵام 54% کە بۆیـان نەڕەخسـابوو خوێندنی سەرەتایی بخوێنن (جگە لە پیشـەوەرەکانیان)، وا هەستیان کردووە کە دەزانن "دەوڵەت" مانای چییە و تەنیا 47% وا هەسـتیان کـردووە شـتێک درەبـارەی "نەتەوە"

دەزانن. ڕێک ئەم پەسەندنەکردنە، لێکچووتی کۆنی نێوان "گەل" و "نەتەوە" و "دەوڵەت"ی تێکشکاند.

کاتێک پرسیاریان لێکراوە ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان نەتەوە و دەوڵەتدا یان هەردوو زاراوەکە وەکو یەک وەهان، 43%ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا -81% لەوانەی کە لەوانیتر ڕۆشنبیرتربوون- بە ڕوونی وەڵامیان داوەتەوە کە ئەم دوو زاراوەیە هەمان واتایان نییە، چونکە ئەوەتا دوو دەوڵەتی ئەڵمانیی دراوسێ هەیە. بەڵام 35% باوەڕیان وابوو ناتوانین نەتەوە و دەوڵەت لە یەکتر جودا بکەینەوە. زۆر لۆژیکییە کە 31%ی کرێکاران (39% لەوانەی تەمەنیان لە چل ساڵ کەمتر بوو)ئەنجامگیری ئەوە بکەن کە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراسی ئێستا ننەتەوەیەکی جیاوازە، چونکە دەوڵەتێکی جیاوازە. دەتوانین سەرنجی ئەوەیش بدەین ئەو کۆمەڵەی کە بەهێزترین باوەڕی بە لێکچووتیی دەوڵەت و نەتەوە هەبوو -43%- لە کرێکارە شارەکان بوو، ئەو کۆمەڵەیشی کە باوەڕێکی بەهێزتری ئەوە هەبوو ئەڵمانیا لە یەک نەتەوەی دابەشبوو بەسەر دوو دەوڵەتدا پێکهاتووە دەنگدەرانی سۆسیال-دیموکراتەکان بوو، چونکە 52% یان بەرامبەر 36% دیموکراتە مەسیحییەکان، ئەم بۆچوونەیان هەبوو. دەشێت مرۆڤ بڵێت چەمکی تەقلیدیی سەدەی نۆزدە دەربارەی "نەتەوە"، دوای سەدەیەک لە پرۆسەی یەکێتی ئەڵمانیا، هێشتایش لای چینی کرێکار لە هەر چینێکی دیکە بەهێزترە.

ئەگەر ئەمە دەلالەت لە شتێک بکات ئەوا دەلالەت لەوە دەکات کە ئایدیای "دەوڵەت" لە قاوغی "دەوڵەت-نەتەوە" دەرناچێت هەتا بەشێوەیەکی شلۆق بمێنێتەوە. ئەمەیش واتای ئەوە نییە کە ئەڵمانییەکان چیتر باوەڕیان بە "ئەڵمانیبوون"ی خۆیان نەبوو. بەڵام ئەوەی لێی دڵنیانەبوون ناوەڕۆکە سیاسییەکان و شتی لەم بابەتەی "ئینتیمای ئەڵمانی" (گێرمەنیبوون) بوو و لەمەیشدا لەسەر هەق بوون. دەتوانین وا گومان بەرین کە ئەنجامدانی ڕاپرسی لەم جۆرە لە "دەوڵەت-نەتەوە" مێژووییەکانی دیکەدا، کاردانەوەی تێکەڵوپێکەڵی لێکچووی لێوە بەرهەم دێت. بۆ نموونە پەیوەندیی چییە لەنێوان "ئینتیمای فەرەنسی" و فرانکۆفۆنیدا (ئەم چەمکە تەنیا بەم دواییانە دەرکەوت و بۆ یەکەمجار ساڵی 1959 تۆمار کرا)؟ کاتێک جەنەراڵ دیگۆل ڕووی دەمی کردە دانیشتوانی کیوبیک وەک فەرەنسییەکانی دەرەوە، بە مەبەست و بێ مەبەست بە تەواوەتی جیاواز بووە لەگەڵ پێناسە تەقلیدییەکەی نەک زمانییەکەی ئینتیمای فەرەنسیدا. لای خۆیەوە، بیرکردنەوەی نەتەوەپەرستانەی کیوبکی «تا ئەم یان ئەو ڕادەیە وازی لە زاراوەی نیشتمان هێنا و لەبری ئەوە خۆی خستە گێژاوی مشتومڕێکی ناکۆتاوە لەبارەی سوود و زیانەکانی زاراوەکانی وەکو نەتەوە، گەل، کۆمەڵگە و دەوڵەت[47]» بەڵام "ئینتیمای بەریتانی"

47 Bundes ,inisteriu, fur inneredeushce

(Britishness) هەتـــا شەســـتەکان بە گـــوێرەی یاســـا و کارگێڕی، مەسەلەیەکی سادە بوو، واتای ئەوەبوو کەسێک لە دایک و باوکێکی بەریتانی ، یان لەسەر خاکی بەریتانی لەدایک بووبێت، یان هاوسەرگیریی لەگەڵ هاووڵاتییەکی بەریتانیدا کردبێت، یان ڕەگەزنامەی بەریتانی بەدەست هێنابێت. بەڵام لەمڕۆدا لەمە ئاڵۆزتر بووە.

هەمـــوو ئەمـــانە مانـــای ئەوە نیـــیە ناســـیۆنالیزم لە سیاسەتە جیهانییەکانی ئەمڕۆدا زۆر بەربڵاو نییە یان لە پێشتر کاڵتر بوونی هەیە. ئەوەی مشتومڕمان لەسەری کرد پتر ئەوەبوو کە ناسیۆنالیزم بۆتە شتێک کە لە ڕووی مێـــژووییەوە بـــایەخێکی کەمتـــری هەیە، ئەگەرچـــی بەربڵاویشـــە. ناسـیۆنالیزم چیتـر بەرنـامەیەکی سیاسـیی گشـتگیر نیـیە، بەو جـۆرەی کە دەمـانتوانی لە سـەدەی نـــۆزدە و ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـتدا بەو جـــۆرە لەبـــارەیەوە بـــدوێین. لە باشـــترین حاڵەتـــدا فـــاکتەری ئـاڵۆزکردن یـان فـاکتەری یارمەتیـدەری پەرەسـەندنەکانی دیـکەیە. سـەخت نیـیە وێنـای ئەوە بکەیـن کە مێـژووی سەدەی نۆزدە، کە لە دەوری ئەوروپا چڕبووبوویەوە، بە جیهانی "بنیاتنانی نەتەوەکان" لە قەڵەم بدەین، وەکو واڵتر بیگۆت (walter Bagehot) کردوویەتـی، خـۆ هێشـتایش بەو شـــێوەیە مێـــژووی دەوڵەتە ســـەرەکییە ئەوروپییەکـــان

Beziehungen, “Materialien zum Bericht zur lage der Nation”, 3 vols. (Bomm 1971, 1972, 1974) III. Pp. 107-113 esp., p.112.

دەخەیــنە ڕوو کە لە دوای ســاڵی 1870ەوە لە ئەورووپــا دامەزراون، وەکـو ناونیشـانی کتێـبەکەی "ئـۆژین ڤێـبەر" (Eugen Weber) "لە جووتیارەکانەوە بۆ فەرەنسییەکان"[48].

ئایــا دەشــێت کەســێک مێــژووی جیهــانیی کۆتاییەکــانی ســەدەی بیســتەم و ســەرەتاکانی ســەدەی بیســت، بەم شێوازە بنووسێتەوە؟ ئەمە هەرگیزی کاری کردە نییە.

بە پــێچەوانەوە، بێگومــان پێویســتە وەک مێژوویەکــی جیهــان بنووســرێت کە ناشــیت لەنێــو ســنوورەکانی "نەتەوەکـان" یـان "دەوڵەت-نەتەوەکان"ـدا قەتـیس بکرێـت، وەک ئەوەی عـادەتەن لە پێناسـەکەیدا دەکرێـت، چ لەسـەر ئاسـتی سیاسـی بێـت، یـان لەسـەر ئاسـتی ئـابووری یـان کولتووری و تەنانەت زمانییش. بەر لە هەر شـتێک مێژوو "دەوڵەت-نەتەوەکــــان" و "نەتەوەکــــان" یــــان کــــۆمەڵە ئێتنیکی/زمانییەکــان دەبینێــت کە لەبەردەم دووبــارە پێکهێنـانەوەی جیهان لەسـەر بنەمـای سـەروو-نەتەوەییدا

[48] کتێبەکەی لیۆن دیۆن: مەتەڵی سەرسوڕهێنەری کیوبیک، ل302 لە چاپە ئینگلیزییەکەیدا. شێوازی دیگۆلیزم کە وەها وەسفی کیوبیکی کردووە فەرەنسییە، وەک ئەوەی لە بەیاننامەی وەزارەتی فەرەنسی لە تەموز (یولیۆ)ی 1967دا هاتووە، واتای ئەوەیە فەرەنسا ناتوانێت «واز لە پشتیوانیکردن لە ئێستا و ئاییندەی دانیشتوانێک بهێنێت کە لە گەلی خۆیەوە هاتوون و بەشێوەیەکی سەسوڕهێنەر دڵسۆزیی خۆیان بۆ وڵاتە ئەسڵییەکەیان پاراستووە، یان پێیانوایە کەنەدا بە هەمان چەمک کە لای ئەوانیتر هەیە، بۆیان بێگانەیە». (ڕاستییەکانی هەواڵی کەنەدی، بەشی 1، ژمارە 15، 14ی ئاب (ئۆگەست، 1967)، ل114.

پاشەکشە دەکەن، یان بەرەنگاریی دەبنەوە، یان لەگەڵیدا دەگونجێن، یان تێیدا دەتوێنەوە، یان بەهۆیەوە هەڵدەوەشێنەوە. نەتەوەکان و نەتەوەپەرستی لەم مێژووەدا بوونیان دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی لاوەکی، بەزۆرییش ڕۆڵی بچووکیان دەبێت. ئەمەیش واتای ئەوە نییە مێژوو و کولتووری نەتەوەیی کاریگەریی بەرفراوانیان نابێت لە سیستەمی فێرکاری وڵاتێکی دیاریکراو، بەتایبەتیش وڵاتە بچووکەکاندا نابێت، بەڵکو ڕەنگە لە پێشتر بەرفراوانتریش بن. واتای ئەوەیش نییە ئەم دووانە لە چوارچێوە زۆر فراوانترەکەی سەروو-نەتەوەییدا بەو جۆرە گەشە نەکەن کە کولتووری کەتەلۆنی لەسەر بنەمای گریمانەیەک گەشەی کردووە کە بەشاراوەیی قبوڵکراوە، بنەماکەیش ئەوەیە کەتەلۆنییەکان خۆیان، لە ڕێگەی زمانی ئیسپانی و ئینگلیزییەوە، پەیوەندیی بە بەشەکانی دیکەی جیهانەوە بگرن، چونکە تەنیا کەمینەیەک، لەوانەی کە لە کەتەلۆنییا نیشتەجێ نین، دەتوانین زمانی لۆکاڵی بۆ پەیوەندیی پێوەکردنیان بەکاربهێنن[49].

وەک پێشتریش باسمان کرد، چیتر زاراوەکانی "نەتەوە" و "ناسیۆنالیزم" بەس نین بۆ وەسفکردنی قەوارە سیاسییەکان و تەنانەت بۆ وەسفکردنی ئەو هەستانەیش

---

[49] لە حەفتاکاندا سێ بەشی ئەو کەتەلۆنییانەی لە دەرەوە دەژیان خۆیان بە ئیسپانی دادەنا. و. گارسیا فیراندۆ: فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمی لە ئیسپانیا، (مەدرید، 1982)، تابلۆی 11.

کە پێشـــتر بەم وشـــانە وەســـف کـــراون، چ جـــای شـــیکردنەوەیان بەم چەمکـــانە. مەحـــاڵیش نیـــیە کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ سـەرەولێژبوونەوەی دەوڵەت-نەتەوەدا دارمێـــت، چـــونکە بەبـــێ دەوڵەت-نەتەوە وەســـفکردنی کەسێک بە ئینگلیزی یان ئێرلەندی یان جولەکە، یان بە تێکەڵکردنـی هەمـوو ئەمـانە، تەنهـا ڕێگـایەکە کە خەڵکـی بەهۆیەوە لەنێو چەندین شوناسـدا وەسـفی شوناسـەکەی خۆیانی پێدەکەن و هیچیتر، بە گوێرەی بارودۆخ بۆ ئەم مەبەســـتە بەکاریـــدەهێنن[50]. گەمـــژەییە بانگەشـــەی ئەوە بکەیـــن کە لەمـــڕۆدا خەریـــکە ئەمە ڕووبـــدات. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئومێدمان ئەوەیە کە لایەنیکەم لە زەینماندا بێت. وێـڕای هەمـوو شـتێکیش، لایەنیکەم تەنیـا ئەو حەقیقەتەی کە مێژوونووسەکان لە توێژینەوە و شـیکاریی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزمدا بەرەوپێشچوون، پتر ئاماژەە بەوە دەدات کە دیـاردەکە لە ترۆپکـی خـۆی تێپەڕیـوە. وەک هیگـڵ لەبـاڵەی کونـدەپەپوی مینێرڤـای حیکمەتهێـنەوە دەڵێـت، لە

[50] یەکێک لەو تیۆرسێنە ناوازانەی کە پێدەچوو لە گومانکردنمدا لە هێـز و باڵادەسـتی ناسـیۆنالیزمەوە لەگەڵمـدا هـاوبەش بێـت، جـۆن برۆیـی بـوو: "ناســیۆنالیزم و دەولەت". ئەو رەخـنە لە گێلـنەر و ئەندرســن دەگرێـت لەبەرئەوەی گریمـانەی ئەوەیـان کـردووە کە «سـەرکەوتنی ڕوالەتیـی ناسـیۆنالیزم واتـای ئەوەیە ناسـیۆنالیزم ڕیشـەی بەهێزی لە هزر و ڕەفتاری خەڵکیدا هەیە ("تێڕامانەکان لە ناسیۆنالیزم") لە (فەلسـەفە و کۆمەڵناسـی، 1/15، ئـازار (مـارس)ی 1985، ل73).

تاریکی ئەنگوستەچاودا دەفڕێت. ئەوە نیشانەیەکی باشە کە دەوروخولی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم دەدات.

**سەرچاوە:**

مجموعة مؤلفين: القومية، مرض العصر أم خلاصة؟، إعداد: فالح عبدالجبار، دار الساقي، الطبعة الأولى، 1995.

# دەوڵەت-نەتەوە، ناسیۆنالیزم، مافی چارەنووس

**فالح عەبدولجەبار**

**وەرگێڕانی: هاوار محەمەد**

لەو کاتەوەی (ڤیلادیمێر لینین)ی ڕابەری سۆڤیەتی لە (1914) و (ویدرۆ ویڵسن)ی سەرۆکی ئەمریکی لە (1918)، هەریەکە لە شوێنی خۆیانەوە، بانگەشەیان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کرد، مافی بڕیاردانی چارەنووس بووە بنچینەیەکی جیهانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی؛ دەوڵەتی نەتەوەیی کرا بە بنچینەی سەرەکی لە تەلاری جیهانیدا و، دواتریش مافی بڕیاری چارەنووس وەک یاسایەکی مرۆیی گشتگیر، خرایە نێو بەڵگەنامەی (1949)ی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کە لە بەها و چوارچێوەکەیدا، دەستوورە نەتەوەییە لۆکاڵییەکانی تێدەپەڕاند.

لەبەرئەوە، بەشداریی خۆم لەم کۆنفرانسەدا بەم بڕیارە دەست پێدەکەم: مافی بڕیاردانی چارەنووس کە بەند بێت بە مافی سەربەخۆییەوە، بنەمایەکە چیتر ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی نییە. بەم مانایە "موقەدەسە"، واتە دەستی لێنادرێت. بەڵام "پیرۆزی" لەم ئاستەدا دەوەستێت. ئەو فۆرم و شێوازانەی وەریدەگرێت هەمەجۆرە، فرەیە، بەستراوەتەوە بە دۆخ و ڕەوشە زۆر هەمە جۆرەکانەوە. مشتومڕ و قسەکردن لەبارەی ئەم فۆڕمانەوە پێویست و بە سوودە، ئەگەرچی بەر دیوار و بەربەستیش دەکەوێت، دیواری وەکو هەوا و هەوەسی توندوتیژی و دەمارگیر. بەڵام ئەمە ناتوانێت لە مشتومری عەقڵی دوورمان بخاتەوە. لایەنیکەم دە تێز لایەنی تیۆریی کێشەکە بە مێژووی کردەییەوە دەبەستێتەوە.

**تێزی یەکەم:**

نەتەوەکـــــان، یـــــان ســــــەرهەڵدانی دەوڵەت-نەتەوە، پەیوەستە بە سەردەمی سەرمایەدارییەوە، بە سەردەمی پیشەسازییەوە، بە لیبراڵیزمی سیاسی (دیموکراسی) و لیبراڵیزمی ئابووری (ئابووری بازاڕ)، بە شارە گەورەکانەوە، لە سایەی دەزگایەکی فەرمانڕەواییکردنی ناوەندیدا، واتە دەوڵەت.

بەر لەم سەردەمە، نەتەوەکان و دەوڵەت نەتەوەکان بوونیان نەبوو، ئەگەرچی هەندێک ڕەگەزی بنەڕەتی بۆ دروستبوونی نەتەوە هەبوون (لەوانە: زمان، کولتوور و هیتر)، هەندێک لەمانە مێژوویەکی دێرین و درێژیان هەبوو.

**تێزی دووەم:**

ئەگەر دەوڵەت لە خۆیدا چەمکێکی ڕوون بێت، وەک دەزگایەکی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن کە سەروەریی خۆی بەسەر ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا درێژ دەکاتەوە و مافی پۆلێنکردنی کەرەستەکانی توونددوتیژیی ڕەوای هەیە، ئەوا نەتەوە وەک کۆمەڵێکی نەتەوەیی، چەمکێکی ناڕوونە، ئەگەرچی وا پیشان دەدرێت گوایە چەمکێکی ڕوونە.

دوو ڕێگا هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی نەتەوە و دامەزراندنی نەتەوەکاندا، یەکەمیان، شێوازی ئەڵمانی و ئەویتریان شێوازی فەرەنسی. شێوازە ئەڵمانییەکە فەیلەسوفی ئەڵمانی یۆهان فیختە (1762-1814) دایناوە و لە دەقێکدا ڕوونی کردۆتەوە کە بە ناوی "وتارەکان بۆ

نەتەوەی ئەڵمانی" (1807) ناسراوە، تێیدا چەمکی نەتەوەی لەسەر بنەمای زمان، پەیوەندییە خوێنییەکان داناوە، بگرە چواندوویەتی بە "خێڵ" بەهۆی نزیکایەتی خوێنییەوە، یان بە کۆمەڵێک کە لە ڕووی کولتوورری و زمانەوە بەسەر خۆیدا داخراوە.

لەو کاتەوە کە فیختە فۆرمولەی چەمکی نەتەوەی وەک کۆمەڵێکی کولتووریی خاوەن یەک زمانی هاوبەش کردووە، ئیدی بە هەندێک دەستکارییەوە، پەیوەندیی هاوسۆزی لەژێر ناوی مۆدێلی ئەڵمانیدا زاڵ بووە. کولتوور یان بە زمان دیاریی دەکرێت، یان بە ئایین، یان بە نەژاد. ژاپۆن هەموو ئەم ڕەگەزانەی تێدایە، کەچی بۆ نموونە هندستان هیچ یەکێک لەم ڕەگەزە هاوبەشانەی تێدا نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ناسیۆنالیزمی هیندی هیچی لە ناسیۆنالیزمی ژاپۆنی کەمتر نییە.

مۆدێلی فەرەنسی پەیوەندییە خوێنییەکان و زمان بە بنچینە و بنەمای نەتەوە دانانێت. ئەم چەمکە بیرمەندی فەرەنسی "ئێرنست ڕینان"، لە وانەوتارێکی بەناوبانگیدا دایڕشتووە کە ساڵی (1882) لە زانکۆی سۆربۆن، لە ژێر ناونیشانی "نەتەوە چییە؟" وتوویەتییەوە! ڕینان لە ئەزموونی جودابوونەوەی ئەمریکای باکور و ئەمریکای لاتینی لە ئینگلیتەرا و ئیسپانیای ڕوانیبوو، ئەگەرچی هەمان زمان و کولتووریشیان هەبوو.

بە بۆچوونی ئەو، نەتەوە بەندە لەسەر دوو ڕەگەز: یەکێتیی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانی و، لەبیرکردنی ڕابردووی (فیودالی)ی شەڕخواز. بە بێ دامەزراندنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، بە بێ لەبیرکردنی کینەکانی ڕابردوو، ناکرێت دەوڵەت

دابمەزرێنرێت. هەر لێرەدایە قسەیەکیباناوبانگی خۆیشی دەڵێت: "نەتەوە ڕاپرسیی بەردەوامە".

زۆربەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان و دەوڵەت نەتەوەکان پشتیان بە مۆدێلە ئەڵمانییەکە بەستووە، کەچی هەمەجۆری لە وڵاتەکانیشیاندا هەیە کە پێویستی بە نەرمییە و هەقە لەمەدا پشت بە مۆدێلی فەرەنسی ببەستن.

**تێزی سێیەم:**

ئەگەر پشت بە مۆدێلە ئەڵمانییەکە ببەستین کە بەهۆی پارچەپارچەبوونی ئەڵمانیا و ئاکامە پیشەسازییەکان و نەبوونی دیموکراسییەت لەو وڵاتەدا، گەشەی کرد، ئەوا ڕووبەڕووی کێشەیەکی سەخت دەبینەوە کە لە جیهاندا هەیە: 8000 کۆمەڵی زمانی لە جیهاندا هەن، کەچی کەمتر لە 200 دەوڵەت هەیە. ئەمەیش واتای ئەوەیە دەوڵەتی فرە کولتووری/فرە زمانی ڕێسایە نەک ئاوارتە. بەدیوەکەی تریشدا، دەوڵەتی خاوەن یەکێتیی نەتەوەیی/زمانی ئاوارتەیە نەک ڕێسا.

لێرەدا زەرورەتی مۆدێلە فەرەنسییەکە خۆی دەسەپێنێت کە لە هەناوی سەرمایەداری و دیموکراسییەتی پەرلەمانیی چەسپاوەوە گەشەی کرد. بەڵام ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کە لە وڵاتێکی وەکو عێراق و وڵاتانی دیکەی هاوشێوەدا زاڵ بوون، پەیڕەوییان لە مۆدێلە ئەڵمانییەکە دەکرد. لێرەدا، قەیرانەکان بەرەنجامی بەریەککەوتنی ئەم دوو نموونەیەن: سیاسەتی زاڵ پەیڕەوی لە مۆدێلە ئەڵمانییەکە دەکات، کەچی واقیعەکە پێویستی بە مۆدێلە فەرەنسییەکەیە.

**تێزی چوارەم:**

زۆربەی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا (+ ئەمریکای باکور) لە پـێش کۆمەڵگەکـانی ئـێمەوە چـوونە نێـو سـەردەمی نەتەوەپەرسـتییەوە، ئەوەیـش بەهـۆی پەرەسـەندنی پیشەسازیی سەرمایەدارییەوە، بەهـۆی بەرهەمەکانییەوە لە بـازاڕ و ئـاڵوگۆڕدا، بەهـۆی پەیوەنـدیی ئۆرگـانییەوە، بەهـۆی ئامرازەکـانی پەیوەنـدیگیری و گواسـتنەوەوە کە دوورەپەرێـزی و تەریکیـی کـۆمەڵە لۆکاڵییەکانی کۆتـایی پێهێنـا، هەروەهـا بەهـۆی دامەزرانـدنی دەزگـای فەرمـانڕەوایەت سـەنترال و سیسـتەمی پەروەردەیـی و فێرکاری هاوڕەگەزی کولتوورییدا.

ئـێمە، جیهـانی عەرەبـی و ئیسـلامی، بەرلەوەی کۆمەڵگەکانمـان لە ڕووی نەتەوەیـیەوە پێبگـات، لە ڕووی فیکـرییەوە بۆچـوون و تێـڕوانینە نەتەوەییەکەنمـان وەرگرت؛ واتە پێش ئەوەی زەمینەی ئابووریی مۆدێرن و شـاری پەرەسـەندوو و دەوڵەتـی سـەنترال بڕەخسـێت، ناسیۆنالیزم گەشەی کرد.

ئـێمە (لە عێـراق) کـۆمەڵگەیەکی جووتیـاریی-پیشـەیی پەرتوبڵاو، پارچەرچە بووین، کۆمەڵگەیەک کە بەشـەکانی لە چوارچێوەی خێڵ و عەشیرەتەکان و شارەکاندا قەتیس بووبـوو، شارەکانیشـی بەسـەر گەڕەکەکانیـدا دابەش بووبوو، دانیشتووانەکەی پێکهاتبوو لە دانیشتوانی شار و دێهاتی و کۆچەرەکان، لە ڕووی زمانیشەوە بەسەر کورد و عەرەبـدا دابەش بووبـوو، دیسـانیش ئـایین و ئـایینزای جۆراوجۆری تێدا بوو.

**تێزی پێنجەم:**

لە عێراقـــی ســـاڵی 1921دا، دوو کەس بڕیاریـــان لە وڵاتی دۆڵی دووڕووبار (میزۆپۆتۆمیا)دا، ئەویش مەندوبی باڵای بەریتانی "سیر پرسی کۆکس" Percy Cox و "ئەمیر فەیســەڵ"، کە فەرەنسـا لە کورسـی دەسـەڵاتی سـوریا هێنـابوویە خـوارەوە. چـاوپێکەوتنە مێـژووییەکە و ڕەشنووسـی ئەم چاوپێکەوتنە لە خـانەی بەڵگەنامەکـانی دەرەوەی بەریتانیـادا هەیە، مێـژووی نووسـی کـۆچکردوویش "پیـتەر سـلاگلیت" لە کتێبـی "بەریتانیـا لە عێراق"ـدا بـاس لەوە دەکـات کە کـۆکس (یـان وەک عێراقییەکـان دەلـێن کـاوکز)، ملکەچـی بنەمـای بڕیـاردانی چـارەنووس بـوو بەو جـۆرەی کە لە ڕاگەیانـدنی سـەرک ویدرۆ ویلسندا هـاتبوو، ئەو و هـاوەڵانی ڕاگەییاندنەکەیان ناونـا "ڕۆحـی سـەردەم"، ئەگەرچـی باوەڕیـان وابـوو کە ویلسن ئایدیالیستە، لە واقیع دابڕاوە و ئاگای لەوە نییە کە وڵاتـی دوو ڕووبـار و شـام و ئەوانیتـر، هـیچ ئەدگـار و سـیمایەکی هاوبەشـیان تێـدا نیـیە تـاوەکو بەهۆیـانەوە نەتەوەیەکـی یەکگرتـووی تێدا دابمەزرێنرێـت، یـان مـافی بڕیـاردانی چارەنووسـیان بە واتـا ویلسـنییەکەی تێـدا پراکتیـک بکرێـت. بەڵام ئەو خۆیشـی بە جۆرێـک لە جۆرەکـان پەیوەسـتبوو بە بڕیـاردانی چارەنووسـەوە، ئەویـش بەهـۆی تێچـوونی زۆری شۆڕشـی بیسـتەکانەوە (نـزییکەی 50 ملیـۆن جـونەیهی ئیسـتەرلینی، کە ملیـارانی ئەمڕۆ دەکات).

بەڵام ئەمیـر فەیســەڵ ئاگـای لەوە بـوو کە گەلانـی نـاوچەکە، لە قۆنـاغی پـێش-نەتەوەییدا دەژیـن (ئەو نـاوی

دەنێت میللەت)، بگرە شوناسـەکانیان شوناسـی خێڵەکی و ئایینی و مەزهەبییە.

لە چاوپێکەوتنەکەی ئەم دوو پیاوەدا، کۆکس بە ئەمیر فەیسەل دەڵێت ڕێکخستنەکانی بڕیاردانی چارەنووس بۆ دامەزرانـــــدنی دەوڵەتێکـــــی عێراقـــــی-عەرەبیـــــیە، لە باکوریشـــــییەوە دەوڵەتـــی کـــوردی، لە بـــاکوورتریش دەوڵەتـی تـورکی، بە گـوێرەی بڕیارەکـانی پەیماننـامەی سـیڤەر. فەیسـەڵ دەڵێـت، تـۆ دەوڵەتـێکم پـێ ئەدەیـت کە ناشـێت بـژی. تورکیـا و ئێـران دوژمنـایەتیم دەکەن، سـعودیەیش لە باشـوورەوە هەر دژایەتـیم دەکـات. ئەی چـۆن ئەکرێـت بـۆ منـی سـونەیەکی شـافیعی-مەزهەب، حـوکمی گەلێکـی عەرەبـی بـکەم کە زۆربەیـان شـیعە-مەزهەبـن. کوردەکـان سـونەی شـافیعین. بـوونی ئەوان جۆرێک هاوسەنگی ڕادەگرێت.

فەیسەڵ بە زمانی شوناسی مەزهەبی بیر دەکاتەوە و دەدوێت، چونکە خۆی دەبینی کە مەزهەبگەرایی ڕۆڵی دیـار و کـارای هەیە. لە بەرامـبەردا کـۆکس بە زمـانی سـەقامگیری و تێچـوونی حـوکمی دوای ئەزمـوونی شۆڕشی سەدەی بیست قسە دەکات.

دواجـــار کـــۆکس ڕازی دەبێـــت کە بڕیارەکـــانی پەیماننامەی سیڤەر رەت بکرێتەوە (هەڵبەت ئەتاتورکیش ئەمەی پێخـۆش بـووە)، ئیـدی مـۆری جـووت نەتەوەیـی لێکنرا بە عێراقەوە.

**تێزی شەشەم:**

دەوڵەتی عێراقیی تازە لە دایکبوو بە دوو قۆناغدا تێپەڕی: یەکەمییان قۆناغی درێژکردنەوەی سەروەری خۆی، بە ئامرازەکانی توندوتیژی (توندوتیژیی دەوڵەت) بەرامبەر کۆمەڵگەی جووتیاریی پەرتوبڵاو. دووەمیان، دامەزراندنی دەوڵەت: عەرش، کارگێڕی، سوپا، پۆلیس، دەزگای دادوەری، دەزگای فێرکاری.. ئەمانە سەخت نەبوون، بەندبوون بە دامەزراندنی سیستەمی حوکمڕانی و باڵادەستییەوە بە ئامانجی سەروەری.

دەوڵەت یاخیبوونەکانی دامرکاندەوە، واتە هەموو مەیلە نا-سەنتراڵەکان، چ ئەوانە کوردەکان لە سلێمانی، یان هی ئاشوورییەکان، یان ئەوانەی بەسرە، یان عەشایەرەکانی باشوور کە بۆ نموونە سەربازگیرییان ڕەت کردەوە.

بەڵام دەوڵەت، لایەنیکەم لە سییەکان و چلەکاندا، دەستیکرد بە بنیاتانی کۆمەڵی نیشتمانی، کە پێکهاتبوو لە چەندین نەتەوە، کۆمەڵەی هەمەجۆری ئایینی و کولتووری.

لەمەیشدا پشتی بە مۆدێلە فەرەنسییەکە بەست، واتە خولقاندنی بەرژەوەندیی هاوبەش، کردنەوەی دەرگای بەشداری، دروستکردنی یادەوەریی نوێ کە سەرجەمیان هاوکاربن بۆ چەسپاندنی یەکێتییە نوێیەکەی بەشە پەرتوبڵاوەکان.

**تێزی حەوتەم:**

سەرکەوتنی کەمتازۆری شانشینەکە: ئەو مۆدێلەی لە سەردەمی فەیسەڵدا پەیڕەوکرا (ئەگەرچی دوای مردنی مەلیک، لە ماوەی حوکمی غازیدا 1933-1938، بۆ ماوەیەک دەوڵەت لەو مۆدێلە دوورکەوتەوە)، سەرکەوتنی بەدەست هێنا، دەتوانین ئاماژە بە فاکتەرەکانی ئەو سەرکەوتنە بکەین کە هەتا ماوەیەکی کەم دوای شۆڕشی تەموز هەر بەردەوام بوو.

1- کرانەوەی سیستەمی سیاسی-دیموکراسی-پەرلەمانی-دەستووری بەرامبەر هەموو کۆمەڵە نەتەوەیی و ئێتنیکی و ئایینی و مەزهەبییەکاندا (تەنیا لە سالی 1948دا یەهودییەکان ڕیزپەڕخران).

2- کرانەوەی ئابووریی بازاڕی ئازاد بەسەر سەرماکیەکان و بازرگانیە لۆکاڵییەکاندا، ئەم ئابوورییەوە تاکەکەسان و کۆمەڵەکانی لە ڕێگەی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی ئاڵوگۆر و بازرگانییەوە پێکەوە بەستەوە.

3- بەشداریی لە سامانی نیشتمانیدا (= خاک)، بێجگە لە گەورەترین چینی خاوەن زەوییەکان، لەسەر بنەمای موڵکایەتیی نوێ (تاپۆ) نەک دەرەبەگایەتی کۆنی کاتیی (لایەنگیریی کۆتوبەندکراو). چینی موڵکداری نوێ، کە بەگوێرەی بەرنامەی شارەزایەکی بەریتانی بە ناوی "دوبز" Dobbs پێکهاتبوو، زیاتر 40%ی لە شیعە و 20%ی لە کورد و 18%ی لە عەرەبی سونە بوون، ئەمە بێجگە لە تورکمان و ئاشوورییەکان و مەسیحییە عەرەبەکان. ئەم چینەیش فرەیی ئێتنیکی-ئایینی مەزهەبی

کـــۆمەڵی نیشـــتمانییان پـــێکەوە کۆکردبـــوویەوە وەک کۆمەڵێک کە لە یەک هەرێمی یەکگرتوودا، هاوبەشن. ئەم چینە بنچینەی کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی نوێی پێکهێنا.

4- کـــردنەوەی دەرگـــای بەشـــداری لە دەزگـــای کارگێڕیی حکومیدا (وەزارەتەکان و هیتر).

5- کـردنەوەی دەرگـای بەشـداری لە سـوپا، پـۆلیس، ئاساییشدا. هەندێک لە سەرکردەی فیرقەکان کوردبوون و یەکەمـین کودەتـای سـەربازییش هەر کوردێـک کـردی، ئەویش "بەکر سدقی" بوو.

6- ڕێزگرتن لە هەمەجۆریی کولتووری، بەتایبەتییش عەرەبی-کوردی لە خوێندن و ڕاگەیاندنی فەرمیدا.

**تێزی هەشتەم:**

هەڵـگەڕانەوەی دەوڵەت لە مـۆدێلە فەرەنسـییەکە، کە کـرانەوەی دیمـوکراتی و بەرژەوەنـدییە هاوبەشـەکان و بەشداریی بەرفراوانی لایەنەکانی ڕاگرتبوو، ئینجا مۆدێلە ئەڵمـانییەکەی کـردە بنەمـای خـۆی کە بە ئـامرازی سەرکوتکردن کاری دەکرد، ئەمەیش سەرەتای ملنانبوو بە ڕێگایەوە کە بەرەو شکستێکی حەتمی دەڕۆیشت.

ئەم مـۆدێلە هەر لە زێـدەکەی خۆیشـی (ئەڵمانیـا) شکسـتی هێنـاوە، چـونکە بـووە مـایەی ڕەگەزپەرسـتی و جەنـگ، وێرانکـاری و دابەشـکردنی ئەڵمانیـا، خۆیشـی لەم مـۆدێلە بێـبەری نەکـرد هەتـا دوای ڕزگـارکردن و پـاککردنەوەی لە میراتـی ڕەگەزپەرستی/سـتەمکاری (نـازیزم). هەمـان شـت لە جیهـانی عەرەبیشـدا ڕوویـدا. مـۆدێلە ئەڵمـانییەکە شکسـتی هێنـا و نەیتـوانی یەکێتیـی

عەرەبی دروست بکات. بگرە هەر نەیشیتوانی یەکێتی نەتەوەیی لۆکاڵی بنیات بنێت. عێراق بەشێک بوو لەم دارمانە: ئیمەی عەرەب سەرداری شکستین. کوردەکان ئێوەیش لاساییمان مەکەنەوە.

**تێزی نۆیەم:**

مەرجەکانی بنیاتنانی نەتەوە لە دۆخە جیاوازەکاندا چییە؟ دۆخێک کە تێیدا پایەکانی سەردەمی پیشەسازی-سەرمایەداریی مۆدێرن تێیدا پێنەگەیشتبێت.

***یەکەمین*** مەرجی بنیاتنانی دەوڵەت-نەتەوە سەروەریی ناوەکییە، کە لەسەر بنەمای ڕەوایەتی دەستووریی-هەڵبژاردن بێت، ئینجا سەروەری نێودەوڵەتی کە پشت بە یاسای نێودەوڵەتی (دانپێدانانی نیودەوڵەتی) دامەزرابێت.

***دووەم*** مەرج، بوونی ئابووریی بازاڕە نەک ئابووریی ڕانتخۆر؛ ئابووریی بازاڕ پەیوەندیی ئۆرگانی، تۆڕی بەرژەوەندیی پێکەوەبەستراو و تێکەڵ دروست دەکات، ئەمەیش ئەو شتە دەڕەخسێنیت کە پێیدەوترێت "هاوبەندیی ئۆرگانی"، کە بابەتێکی سەرەکییە لە بنیاتنانی نەتەوەدا.

بەڵام ئابووریی ڕانتخۆری-نەوتی مانای ئەوەیە دەوڵەت خاوەنداریی ئەم ڕانتانە دەکات، بەڵام ناتوانێت دروستیان بکات. ڕانتخۆری تاکەکەس، وەک بکەرێکی ئابووری، دەبەستێتەوە بە دەستەبژێری حاکمەوە، بە سەرکردە یان بە نوێنەرەکانییەوە، نەک تاکەکەس ببەستێتەوە بە تاکەکەسانی ترەوە. لێرەدا، نەمانی سەرکردە-حزب- حاکم واتە دارمانی تۆڕی پەیوەندییە

ئابووریەکــان و هــاتنی تــۆڕێکی نــوێ بــۆ جێگــرتنەوەی ئەوەی پێشوو، ئەمەیش لەگەڵ خۆیدا دۆخی سەرکوت و وەلا و ئینتیمای جوزئی دەهێنێتە ئاراوە.

زۆرێــک لە سیاســەتمەدار و لێکــۆڵەران دەرک بەوە ناکەن کە ئابووریی بازاڕ مانای ئامرازێک دەگەیەنێت بۆ بنیاتنانی تەونێکی کۆمەڵایەتی کە گەورەتر بێ لە تایەفە و ئێتنیکەکان. پارە نە ئایینی هەیە و نە مەزهەب.

***سـێیەم***، پێویســتە دەزگــای کــارگێڕی بــۆ هەمــوو هاووڵاتیان بکرێتەوە، بە بێ جیاکاریی رەگەزی و ئایینی و مەزهەبی، یان لەوەیش گرنگتر، بە بێ ئەوەی حزبێکی تــایبەت لە دەســتی خۆیــدا قەتیســی بکــات و هەمــوو فەرمانبەرەکانی دەزگاکە لە ئەندامەکانی خۆی دابنێت.

***چـوارەم***، دامەزرانــدنی دەزگــای ســەربازی-ئەمنــی، دەزگــایەکی کــراوەتەوە بــۆ هەمــووان، بە بــێ مۆنۆپــۆلی حزبی-مەزهەبی یان حزبی-نەتەوەیی.

***پێنجەم***، هاوبەندیی کولتووری مەرجێکی پێویستە بۆ بەردەوامبوون و پتەوکردنی بناغەی نەتەوە؛ ئەمەیش بە چەسپاندنی هاوبەشییەکان لەلایەک، ڕێزگرتن لە فرەیی و هەمەجۆری لەلایەکی تر؛ بە تایبەتیش فرەیی زمانی و فرەیی ئایینی.

***شەشــــەم*** و کۆتــــایی، پەیڕەویکــــردن لە مــــۆدێلە فەرەنسییەکە نەک مۆدێلە ئەڵمانییەکە، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەروەری-ڕەوایەتی-ڕەزامەندی و قبوڵکردنی "ڕاپرســـی هەمیشــــەیی" لەلایەن هاوبەنــــدیی کــــۆمەڵی نیشتمانییەوە.

**تێزی دەیەم:**

ئایدیای کۆمەڵی نیشتمانیی نوێی عێراقی، لە ساڵی 1921دا، لەسەر بناغەی هاوپەیمانیی شیعی-سونی و بە تێگەیشتن لەگەڵ کورددا پێکهات. ئەمڕۆ، لە 2003وە، ئایدیای کۆمەڵی نیشتمانی عێراق، لەسەر بناغەی هاوپەیمانی شیعی-کوردی، بە تێگەیشتنی کەمتازۆر لەگەڵ سونەدا، بەرهەمهێنرایەوە. زۆروبۆریی پەیماننامەکانی هاوپەیمانی و شێواندنی تێگەیشتن، واتای ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام لە دۆخی دەوڵەتێکی شکستخواردوودایین کە پێویستی بەوەیە دانی پێدابنرێت وەک نوێنەری کۆمەڵی نیشتمانی. پێویستە دیسانیش ئەم دانپێدانانە ئەنجام بەدەست بهێنرێتەوە. ئەوەی ئێستا باوە، جۆرێکە لە پاشاگەردانیی کوشندەی ڕەگەزپەرستی. ئینجا هێدی هێدی هەڵوەشانەوە، لەبری دامەزراندنی دامەزراوەی گشتگیر بۆ هەمووان.

تێبینی: ئەم وتارە باسێک بوو، کە ڕۆژی 2017/9/16 نووسەر لە "کۆنگرەی دیموکراتی و بڕیاردانی چارنووس"، لە شاری سلێمانی سازکرا، پێشکەشی کرد.

**سەرچاوە:**

د. فالح عبدالجبار: الدولة-الأمة، النزعة القومية و حق القرير المصير، مفاهيم أساسية، 2017/10/4.

http://www.radionawa.com/arabic/wtarview.aspx?w_=2745&au_=555

# ناسیۆنالیزم و
# ململانێی چینەکان

**ماکسیم ڕۆدنسۆن و ئێرنست مەندڵ**
**وەرگێڕانی: بابان ئەنوەر**

*ئەم بابەتە دەقی دیبەیتێکی نێوان هەردوو بیرمەندی مارکسیست (**ماکسیم ڕۆدنسۆن**)ی فەڕەنسی و (**ئێرنست مەندڵ**)ی بەلژیکییە.*

**ماکسیم ڕۆدنسۆن:**

داوای ئەوەم لێدەکرێت ئەم ئێوارەیە دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان *ململانێ چینایەتییەکان* و *ململانێ نەتەوەییەکان* قسە بکەم. ئەمەش پرسێکە مارکسیستەکان بەگشتی لەسەری دواون، بەڵام خاڵی دەستپێکی من لەم پرسەدا **مارکس** دەبێت، لەبەرئەوەی هەر ئەو بە ڕوونترین و ئاشکراترین شێوە ژمارەیەک پرسی پەیوەست بەم بابەتەی خستۆتە بەرباس. باوەڕی باو لەم بارەیەوە ئەوەیە کە مارکس تیۆری ***خەباتی چینایەتی*** (یان ***ململانێی چینەکان***)ی داهێناوە، وەک فاکتەرێکی گرنگ لە دینامیکی کۆمەڵایەتییدا. بەڵام ئەو مارکسیستانەی ئاگادار و لێکۆڵەرێکی وردن، دەزانن کە ئەم قسەیە ڕاست نییە. خودی مارکس خۆی هێزێکی زۆری داوەتە بەر خۆی و بە کۆششێکی زۆرەوە گەیشتووە بەوەی ئەم قسەیە بکات و بە ڕوونی دووپاتی بکاتەوە. هەر خۆی ئاماژەی بە چەندین تیۆرزان داوە کە زەمەنێکی زۆر پێش مارکس باسیان لە ململانێی چینەکان کردووە، خودی مارکس شتێکی لەم جۆرەی کەشف نەکردووە، گەورە مێژوونووسانی فەڕەنسیی، بەتایبەت لە سەردەمی گەڕانەوەی پادشایەتییدا[51]، بە شێوەیەکی تایبەت ململانێی

---

[51] "سەردەمی گەڕانەوەی پادشایەتی" لە فەڕەنسا، بەو چەردەیە دەگوترێت کە دەکەوێتە نێوان سالانی (١٨١٥) و (١٨٣٠)ـەوە، کە تێیدا فەرمانڕەوایی گەڕایەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی فەرمانڕەوای (لویسی هەژدەیەم و چارلزی دەیەم)، ئەو چەردەیە مەزنترین بزووتنەوەی بۆرژوازیی لە مێژوودا بەخۆیەوەبینی، لە

چینەکانیان زەقکردۆتەوە و تیشکیان خستۆتە سەر، لەناو ئەوانەشدا (**ئۆگستان تییری**). لە سەرەتاکانی شۆڕشی ساڵی 1٧89دا، کۆمەڵگەی ئەوروپیی بە شێوەیەکی عەفەویی و خۆڕسک بیریدەکردەوە، ئەگەر دەربڕینەکە دروستبێت بە گوێرەی پێودانگەکانی ململانێی چینایەتی.

لەم نێوەندەدا ئەوەی مارکس وەک شتێکی نوێ پێشکەشیکرد، **یەکەم**: ململانێی چینەکان دوای سەرکەوتنی بۆرژوازییش هەر بەردەوام دەبێت، لەو دەمەی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی سەرکەوتوو، سوورە لەسەر ئەو باوەڕەی ئەم ململانێیە تەنها دیاردەیەکی ڕابردوو بووە [و بەسەرچووە]. **دووەم**: مارکس ئەوەش زیاددەکات کە ململانێی چینەکان خۆی لەناو خۆیدا دیاردەیەکی پێشکەوتووخوازانەیە. **سێیەم**: مارکس ئەوەش زیاددەکات، کە ئەمەیان بە یەکێک لە بەشدارییە بنەڕەتییەکانی دادەنرێت، کە ئەو ململانێ چینایەتییەی لەناو کۆمەڵگەی بۆرژوازییدا دەگوزەرێت، دواجار سەردەکێشێت بۆ کۆمەڵگەیەکی بێ چین. لێرەوەیە کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ململانێی چینەکان لە ئەوروپای ساڵانی چلی سەدەی نۆزدە. هەر ئەم جەختکردنەوەیەشە درێژدەبێتەوە بۆ ئەو فۆرموڵە لیریکییەی لای هەموو لایەک ئاشکرایە و لە ساڵانی (184٧–1848)دا ***مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست***ی پێنووسراوە، کە دەڵێت *مێژووی مرۆڤایەتی*

---

دیارترین ڕووخسارەکانیشی (ئۆگستان تییری) و (مینیە) و (غیزۆ) بوون. (و.ع).

*هەتاوەکو ئەمڕۆ تەنها مێژووی ململانێی نێوان چینەکان* بووە [صراع بين الطبقات].

دەمەوێـت کەمێـک لەسـەر ئەم فۆرمـولەیە بوەسـتم. بێگومـان پێویسـتە دەربـارەی مانـای ئەم ڕسـتەیە لای مارکس پرسیارمان لەلا دروستببێت، ئایا مارکس بەباشی لەوە تێگەیشـتووە کە ئەگەر مێـژوو بە مانـا بـاوەکەی وەربگرین دەبینین جگە لە ململانێ چینایەتییەکان شتی دیکەش لەخۆدەگرێت، بەتایبەت ململانێ نەتەوەییەکان و ململانێ ئیتنی و هۆزایەتییەکـان و ...هتـد، کە ئەمـانەش، لانـی کەم لە یەکەم ڕوانینـدا، ململانێـی چینـایەتی نـین. گومـان لەوەدا نیـیە ئەو دەیەوێـت بڵێـت –ئەمە ئەگەر گوتەکەی مارکسمان لەناو چوارچێوەی فکرییەکەی ئەو سەردەمەدا وەرگرت، واتە بەوپێیەی مارکس پەیڕەوی لە فەلسـەفەیەکی گەشـبینانە و پێشـکەوتووخواز و پەرەسـەندنگەرایانەی مێـژوو دەکـات (بەو مانـایەی فەلسـەفەیەکە هەر لە بـنەڕەتەوە بە فەلسـەفەیەکی شۆڕشـگێڕانە دادەنرێـت)- ململانێـی چینەکـان ئەو دیاردەیەیە کە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕەوتە پێشکەوتوو و ڕوولەبـاڵاکەی بەرەو فـۆڕمگەلی سوودبەخشـتر و کاریگەرتر لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، بەرەو ڕادەی بەرهەمداریی مرۆڤ و بەرهەمهێنـان، لەگەڵ هەمـوو ئەو لـێکەوتە کولتـووریی و کۆمەڵایەتییـانەی لەم ڕەوتە کەوتنەوە.

مـارکس لە هەمـان سـەردەمدا وەڵامـی ئەو بیرۆکەیەی داوەتەوە کە دەڵێـت ململانێـی چینەکـان دیـاردەیەکی

ڕاگوزەر و کاتییە و بەشێکە لە ڕابردوو (کە ئەمە بیرۆکە و ئایدیای باڵادەستی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی بوو لەو سەردەمەدا)، یاخود دەیانگوت دیاردەیەکی شومە و پێویستە بەرەنگاری ببینەوە. بە کورتییەکەی، پێویستە درک بەوە بکەین کە ئەو کۆمەڵگە بۆرژوازییەی بەهۆی شۆرشی ١٧89وە دروستبووە، لە سەردەمی خۆیدا و لەگەڵ خۆیدا ئەو باوەڕەشی خەملاندبوو کە ئیدی [کۆمەڵگە] گەیشتۆتە کۆمەڵگەیەکی بێ چین. هەموو لەگەڵ بوونی هەژار و دەوڵەمەنددا ڕاهاتبوون –بەڵام ڕەنگە بە چەمکەکانی مارکس ڕانەهاتبن: سەرمایەدار و پرۆلیتاریا– بەڵام لەو باوەڕەشدا بوون ئەم جیاوازییانە شتێکی نەگونجاوە و لە جێگەی خۆیدا نییە، بەڵام هەموو شتێکیش بە پێشکەوتنی بەرهەمهێنان و تەکنیک و پەروەردە و ...هتد هاوسەنگ دەبێت و ڕێک دەبێتەوە، و مادام جیهان چۆتە سەر ڕێچکەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین، ئیدی پێویست بە هێنانەئارای قۆناغێکی جۆریی نوێ ناکات، پێویست بە شۆڕشێکی دیکە ناکات. کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە ئەمە هەمان ئەو خود-ئاگاییەیە کە لەم سەردەمەماندا لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا باڵادەستە. بەڵێ ڕاستە هەندێک جیاوازیی هەیە مرۆڤ ناتوانێت چاوی لێبپۆشێت، بەڵام هیچ کەسێکیش نییە لەو باوەڕەدا بێت ئەم جیاوازییەنە گونجاو بن و لە شوێنی خۆیان بن. هەمان دۆخ لە ئیمپراتۆریەتی عەباسیی ئیسلامییشدا هەبوو: وێڕای ئەوەی جیاوازیی لە پلە و پایەکاندا گەلێک ڕوون و ئاشکرا بوو، بەجۆرێک مرۆڤی تووشی واقوڕمان دەکرد

که دەبینرا لەلایەک توێژێکی زۆر دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار هەیە، لە لایەکی دیکەش کۆیلەکان یاخود ئەو کەسانە هەبوون کە لە هەژارییەکی جەرگبڕدا دەژیان، بەڵام گران بوو بەلای خەڵکییەوە ڕواڵەتێکی نەگونجاویی لەو جیاوازییانەدا ببینن، لەبەرئەوەی شەریعەت و یاساکانی خودا بۆ هەموو لایەک وەک یەک یەکسانە، و لەم دونیا بێت یاخود لەو دونیا ڕۆژێک دێت هەردووکیان بەخێر دەگەڕێتەوە.

مارکس بە توندیی بەرپەرچی ئەو ڕوانگەیەی دەدایەوە کە دەڵێت هەوڵدان و ڕاکردن بەدوای بەرژەوەندییەکاندا، باڵی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا کێشاوە [کۆمەڵگەی بۆرژوازی] کە بەم دواییانە لەسەر بنەماگەلێکی دادپەروەرانە دامەزراوە. هەروەها بەرپەرچی ئەو "ساویلکەیی"ـە بۆرژوازییەی دەدایەوە کە ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی بازاڕی بۆ گەرمدەکرد، کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد مادام ئیدی میللەت لەناو پەرلەماندا نوێنەری هەڵبژێردراوی هەیە –تەنانەت لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییشەوە هەڵبژێردراون- و خاوەنی ئیرادە و نیازی باشن (هەر لەگەڵ بینینی کەسانی گەندەڵ و گەمژە لەنێویاندا، بەدڵنیاییەوە بەپێی لۆژیکی شتەکان لە شوێنەکانیان لادەبرێن)، ئیدی ئەم ئیرادە باشە بەتەنها بەسە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی گشتیی و پێشکەشکردنی بە باشترین شێوە. مارکس بە توندی بەڕووی ئەم قسە پڕوپوچ و ساویلکانەدا وەستایەوە، بە باشی ئەوەی ڕوونکردەوە کە بە هیچ جۆرێک مەسەلەکە

پەیوەست نییە بە ئیرادەی باش و ئیرادەی خراپەوە، بەڵکو پەیوەستە بە نوێنەرایەتیکردن (یان نوێنەرایەتی نەکردن)ی چینە بەرژەوەند جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و سەرکردایەتیکردنیدا. ئەم هەوڵانەی مارکس هەمان ئەو هەوڵانەیە کە پێویستە لەمڕۆدا بەگەڕبخرێن بۆ پوچەڵکردنەوەی وەهمەکانی کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی باوەڕێک باڵی بەسەردا کێشاوە کە پێیوایە ئیرادەی باش بەبێ هیچ ململانێیەکی ناوخۆیی و بە شێوەیەکی سروشتی دەتوانێت بەسەر دژەکەیدا سەربکەوێت.

شوێنکەوتووانی مارکس دەستیان بە هەمان فۆڕمولەوە گرتووە، هەتاوەکو بگەنە ئەنجامگیرییەک کە چەکێکی تێدابێت بۆ هیرشکردنە سەر باوەڕی باو، تا دواجار بەم تێزانە کۆتایی پێدەهێنن: ململانێ نەتەوەییەکان، لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا، تەنها دیاردەیەکی لاوەکیی و ڕووکەشن و ماسکێکن بۆ ململانێی چینەکان. لەو ئایدیایانەی بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێوەندە مارکسیستییە ئاست نزمەکاندا بڵاوبووەتەوە، کە گۆڕاوە بۆ جۆرە دامەزراوەیەکیش —لە ڕوانگەیەکی لەم جۆرەوە هیچ پێویستییەک نییە بۆ جیاکارییەکی ورد لەنێوان دامەزرا بەناویەکداچووەکان کە ڕەنگی دامەزراوەیان بەسەردا بڕاوە- ئەو ئایدیایەیە کە دەڵێت ***چینە خاوەن ئیمتیازەکان ململانێی نەتەوەیی گەرم دەکەن و هانی دەدەن، بۆئەوەی نیگای جەماوەر لە ململانێی چینایەتی وەربگێڕن***. لایەنگرانی ئەم مارکسیزمە ئاست نزمە کە گۆڕاوە بۆ جۆرە دامەزراوەیەک، دوای جەنگی

(1914-1918)ش وازیان لەوە نەهێنا کە ئەو جەنگە تەنها بە خەسڵەتە شەیتانیی و شەڕانگێزەکەی سەرمایەداری ڕاڤە بکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ شتێکی دیکە، ئەمەش چارەسەرەکەی بەریتییە لەمە: بە کۆتاییهێنان و لەکارخستنی سەرمایەداری، جەنگەکانیش کۆتاییان دێت. ئەم ڕاڤەیە لەمرۆدا چۆتە ناو بازنەی لەبیرچوونەوەوە، بەجۆرێک نەوە شۆڕشگێڕە هاوچەرخەکان گرنگییەکی زۆر بە زیانە مرۆییەکان نادەن، لەودەمەی لە بەرامبەردا و لە دەوروبەری ساڵی 1920دا، ترس لە جەنگەکان، پاڵی بە زۆر کەسەوە نا بەرەو مارکسیزم. هۆکاری هاتنیشیان بەرەو مارکسیزم بەهۆی ئەگەری هاتنەئارای چاکبوونی کۆمەڵایەتیی نەبوو، هێندەی باوەڕێک بوو کە پێیوابوو بە هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری بەرەو جیهانێکی خاڵیی لە جەنگ دەڕۆین.

لەم دیدگایەوە ململانێ نەتەوایەتییەکان دیاردەیەکی ئایدۆلۆژیی ڕووتن، لەسەر هیچ شتێکی دیار و بەرجەستە دانەمەزراون، ڕاستییەکەی شێویندراوە، بەرامبەری ململانێ چینایەتییەکانە و ڕووبەڕووی تۆڕێک بەرژەوەندی و خواستی دیاریکراو نابێتەوە بۆ دانانی خەڵک لەناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا. لەم دیدگایەوە، بە کورتیی، ناکرێت و نابێت بەرژەوەندیی و خواستە ڕاستەقینە و ڕەسەنەکان ببنە مایەی جیاوازی و نەگونجان لەنێوان ئەندامانی یەک چیندا لەناو نەتەوە جیاجیاکاندا، بەتایبەت ئەگەر ئەو چینەی بابەتی لێکۆڵینەوە و باسەکەیە، چینێکی چەوساوە بێت. سەبارەت بە چینی

باڵادەست، ئەم لقە لە مارکسیزم بە ڕادەیەک لە ڕادەکان پێشـــوازیی لە بـــوونی جیـــاوازیی لە بەرژەوەندییەکانـــدا دەکات. بەڵام سەبارەت بەو چینەی کەوتۆتە ژێر زەبری چەوساندنەوەوە، بەتایبەت چینی کرێکار، هیچ هۆکارێک نییە بمانگەڕێنێتەوە بۆ بەرژەوەندییە لێکجیاوازەکان. هەر دژایەتییەکـــی چینـــی کرێکـــار لە هەر جـــێگەیەک بێـــت، دژایەتیکردنـــی هەمـــوو چیـــنە کرێکارییەکـــانە، و هەر بەو شێوەیەش. بێگومان سروشتییە کەس باوەڕ بەوە نەکات و خەیـــاڵی ئەوە نەکـــات کە کـــۆمەڵە خەڵکێـــک بەهـــۆی ململانێـــی نێـــوان خۆیـــانەوە لە ســـتەمی چەوســـاندنەوەی ســـەرمایەداری ڕزگاریـــان بـــووە. لێـــرەوەیە کە ئەوانەی باوەڕیان بەم بیروبۆچوونانە هەیە، هەوڵێکی نەپساوەیان داوە بۆ گێڕانەوەی ناکۆکیی ئیتنی-نەتەوەیی بۆ ناکۆکیی نێوان چینەکان.

هەندێکیان ئەو ڕەخنەیەیان هێناوەتەوە پێش کە من لە پێشـــەکییەکەمدا بـــۆ کتێـــبەکەی (ئەبراهـــام لیـــۆن) بە نـــاوی "ڕوانگەیەکی ماتریالیستیی بۆ پرسی جولەکە" ئاڕاستەی خواســـتی نووســـەرم کـــردووە بـــۆ گێـــڕانەوەی مێـــژووی جـــولەکە و کـــورتکردنەوەی لە کێشـــەیەک لە کێشـــەکانی ململانێـــی چینەکـــان، لە ڕێـــگەی *تیـــۆری* ***گەل-چـــین***ـــەوە[52]، هەروەها ئەو ڕەخنەیەی ئاڕاستەی گریمانەکەیم کردووە،

---

[52] "*گەل-چـــین*" ئەو چەمـــکە بنەڕەتیـــیەیە کە ئەبراهـــام لیـــۆن لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی مێژووی جولەکە بەکاریهێناوە و بەسەر ئەو مێـــژووەدا جێبەجێکـــردووە، بەوپێـــیەی جـــولەکە لە یەک کاتـــدا گەلێکن و چینێکیشن. (و.ع).

کە گریمـــانەیەکی گەلێــک بەربــڵاوە و دەڵێــت هەمــوو چارەســـەرێک لەســـەر ئاســـتی چینەکـــان، هاوکـــات چارەسەریشــە بــۆ کێشــە نەتەوەییەکــان. ئەمە پرســێکە بەهــۆیەوە ڕێــگە بەخــۆم دەدام تەواو بــاوەڕی پێــنەکەم، لێرەشدا ئاماژە بە پرسی ئیسرائیل-فەڵەستین دەکەم[53].

ئێستا دێمە سـەر هەڵسـەنگاندنی ڕەخنەکەی خۆم بـۆ ئەو تێــزانە. لەو بــاوەڕەدام ڕوانــگەی مــارکس بــۆ ئەو گرنگییە مەزنەی ململانێی چینەکان لە مێژوودا هەیەتی، بەرئەنجــامێکی کۆتــاییە لە زانســتی گــۆڕانە بەردەوامە کۆمەڵایەتییەکـــان و سۆســـیۆلۆژیادا. بەڵام لە لایەکـــی دیکەشـــەوە هەرگیـــز ئەوە یەکلانەبـــۆتەوە کە ململانێـــی چینەکان هەمیشـە و بەبەردەوامیـی سەردەکێشێت بەرەو پێشـکەوتن. ئەو تێـزەش بە شـێوەیەکی تـایبەتی لەلایەن مارکســـیزمی بەئایـــدۆلۆژیکراوەوە گەشـــەی پێـــدراوە، بەتـایبەت مارکسـیزمی ستالینیسـتی. پـێش چەنـد ڕۆژێـک نووسینێکی ساڵی ١٨٧٧ی مارکسم خوێندەوە، کە وەڵامە بــۆ یەکێـک لە لایەنگرانــی بە نــاوی (میخایلۆڤسـکی)، کە وتــارێکی تونــدی دەربــارەی مارکسیســتبوونی خــۆی نووسـیبوو، تێیدا تێـزە مارکسیسـتییەکانی گشـتاندبوو بە ئامــانجی جێبەجێکردنــی بەســەر پەرەســەندنی ڕوســیادا.

---

[53] زانینی قوڵی (ڕۆدنسۆن) سەبارەت بە جیهانی عەرەبی و واقیعی ئیسرائیل، وەهامان لێدەکات هەروا بە ئاسانیی قبوڵی نەکەین کە ململانێی عەرەب-ئیسرائیل تەنها وەک پرسێک تەماشا بکات نەک وەک ململانێیەک، هەروەها تەنها وەک پرسی فەڵەستین-ئیسرائیل بیخوێنێتەوە، نەک وەک پرسی عەرەب-ئیسرائیل. (و.ع).

مـارکس تووشـی شـۆکێکی گەورە بـووە بەم وتـارە کە لە گۆڤـــارێکی ڕوســـیدا بڵاوبووبـــووەوە، نـــامەیەک بـــۆ بـڵاوکەرەوەی گۆڤـارەکە دەنێرێـت، بەڵام نـامەکە ناگـاتە جێگەی خۆی، دوای مەرگی مـارکس، ئەنگڵس ئەم نـامەیە بڵاودەکاتەوە. مارکس لەو نامەیەدا بە دیاریکراویی دەڵێت (میخایلۆڤسـکی) دەخوازێـت "تـاکە تیـۆرێکی فەلسـەفیی-مێژوویی" بەسەر هەموو بارودۆخەکاندا جێبەجێبکات، کە ئەمەش جـێگەی هەوڵـدان و ویســتی مــارکس نەبــووە. مارکس لەم بارەیەوە نموونەیەک دەهێنێتەوە کە لە دوایین ڕۆژەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییدا ڕوویداوە؛ لە ئەنجامی ململانێـی چینەکـان لەنـاو کـۆمەڵگەی ڕۆمانییـدا، لەلایەک جەمـاوەرێکی ئـازاد هەبـوون، کە ڕەنـگە لە بـارودۆخێکی دیـکەدا ببـنە پرۆلیتاریـای کرێگـرتە، لە لایەکـی دیـکەش خـــاوەن ســـامان و ســـەرمایە گەورەکـــان هەبـــوون. بەدیاریکراوی ئەمە ئەو گریمانانەن کە (مـارکس) لە کتێبی "***ســـەرمایە***"دا وەک بنەمـــای دەســـتپێکی کـــۆمەڵگەی ســـەرمایەداری ئامـــاژەی پێـــداون. ئەمەش هەمـــان ئەو دۆخەیە کە لە ئەوروپـــای هەردوو ســـەدەی پـــانزە و شانزەدا ڕوویدا، بەڵام هەرگیز لە ڕۆمـادا ڕووینەدا. بەڵکو لە ڕۆمـــادا ئەو پرۆلیتاریـــایەی ئامـــاژەی پێکـــرا، بـــوونە جەمـاوەرێکی پەرشـوبڵاو، نانیـان پێـدەدان و بە گەمەی ســـێرکەوە ســـەرقاڵیان دەکـــردن، لە بەرامبەریشـــدا دەوڵەمەندەکان پارە و سامانی خۆیان لە هەموو شتێکدا خەرجدەکرد، جگە لە کڕینی هێزی کار بە کرێ، ئەمە جگە

لەوەی بە هــــیچ جۆرێـــــک لە پـــــڕۆژەی بەرهەمهێنـــــانی سەرمایەدارییدا خەرجیان نەدەکرد.

هاوکــــات ناتوانرێـــت هـــیچ بەڵـــگەیەک لەســـــەر ئەوە بخــرێتەڕوو کە ***کــۆمەڵگەی فیــودالیی*** —بەوپێــیەی گــوایە کــــۆمەڵگەیەکی پێشـــــکەوتووتر بـــــووە لە ***کـــــۆمەڵگەی کۆیلەداریی***، کە ئەمەش بۆخۆی پێویستی بە سـەلماندنە- بەرئەنجــامی ململانێـــی چینەکـــان بـــووە لە ســـــەردەمە دێرینەکانـدا. کەواتە یەکلانەبـۆتەوە کە ململانێـی چینەکـان هەمیشە و بەردەوام سەردەکێشێت بەرەو پێشکەوتن.

بەڵام لە بەرامـــبەردا ئەوە یەکلابــۆتەوە کە [ململانێـــی چینەکـان] دیـاردەیەکی جێگیـرە و هەیە و سـەرکۆنەکردنی هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، وەک ئەوەی لەنـاو دامەزراوە ئایـدۆلۆژییە بۆرژوازییەکانـدا هەیە، بـۆ نمـوونە کڵێسـا، کە بەدرێژایی چەندین ساڵی دوور و درێژ پێیوابـوو —کە بەم دواییـانە ئەم نەریــتە بەرەو پوکــانەوە چــووە- کە هێنـدە بەســـــە بە دەنگـــــی بەرز هاواربکـــــات و بڵێــــت "ململانـــێ بەڵایەکـــی گەورەیە، لێکتێگەیشـــتن و ئاشـــتەوایی گەلێـک باشـترە"، هەتـاوەکو دواتـر خـودی ململانێی چینەکـان ئەم دەنــگەی بێـدەنگ کـرد. لێـرەدا حەق و ڕاسـتی لایەنگـری مــــارکس دەبــن بەدڵنیــــاییەوە، خــودی پەردەپۆشـــکرن و خۆکەڕکردن لە ململانێی چینـایەتی، ستراتیژێکە لەنـاو ئەم ململانێیەدا.

ئەوەی شتێکی یەکلاکەرەوەیە —وەک مـارکس بـاوەڕی وەهایە، و پێمـوایە ئێمەش هەمووومـان هەمـان بۆچوونمـان هەیە- ئەوەیە کە کۆمەڵگەی بۆرژوازی گوزارشت نییە لە

کۆتـایی ململانێـی چینەکـان، ئەوەی لە بەرژەوەنـدیی ئەم کـۆمەڵگەیە بێـت لە بەرژەوەنـدیی گشـتیی نیـیە. ئەوەش دەڵێم مارکس، کە وێڕای بلیمەتییەکەی زەینێکی نزیک لە ئایدۆلۆژیای هەبووە، لەو باوەڕەدا نەبووە کە کۆمەڵگەی ئـــابووریی بەدەوڵەتیکـــراو، هاوشـــێوەی کـــۆمەڵگەی بـۆرژوازیی، کۆتـایی ململانێـی چینەکـان نەبێـت. ڕەنـگە زۆربەتان هاوڕا نەبن لەگەڵمدا، بەڵام ئەمە بۆچوونی منە. پێموایە ئایدیاکانی مارکس دەستکەوتێکی بەردەوامن بۆ سۆسـیۆلۆژیا، بەڵام دەگونجێـت فـراوان بکـرێن، ئەوەش بەدیاریکراوی بەپێی ئاڕاستە و میتۆدۆلۆژییەکەی خۆی.

گەر بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە ململانێی چینەکـان لە واقیعـــدا چـــۆن ڕوودەدات، تاقیکردنەوەکەمـــان لەبەردەم خۆماندایە، هەتاوەکو ببینین کە ململانێی چینەکان لەناو منداڵـــدانی کـــۆمەڵە یەکەیەکـــی جیـــاوازدا ڕوودەدات: نەتەوەکان، دەوڵەتەکان، ڕەچەڵەک و ئیتنیکەکان و ...هتد. شتێکی سروشتییە کە ڕەوت و ئاڕاستەی هاوشێوە هەبن لەنێـــوان ململانێکانـــدا، وەک ئەوەی لە ئەوروپـــای هاوچەرخدا دەبینرێت، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە بە هەمان ڕوونیـی بەرچـاو نیـیە، ڕەنـگە لە سـەردەمەکانی دیـکەش نـاڕوونتر بێـت. هێـڵ و پەیوەنـدیی و ئینتەرناسـیۆناڵ هەبـوون . پـێش ئینتەرناسـیۆنالی یەکەم، کە سـاڵی 186٧ چاوی بە دونیا هەڵهێناوە، چەندین ئینتەرناسیۆنالی دیکە هەبـوون، ئەگەرچـی لە فـۆڕمی کـاڵ و کرچیشـدا بـووبن. هەروەهـا لە مێـژوودا ململانـێ لەنێوان ئەو یەکە ئیتنـی و نەتەوەییانەشـدا هەبـووە، ئەمەش هەمـان شـتی گومـان

هەڵنەگـرە. کە ئەم ململانێیـانە ناکرێـت کـورتبکرێنەوە و بگەڕێندرێنەوە بۆ ململانێی چینەکان.

هەروەک چـۆن هـیچ هاوسـازیی و پێکەوەگونجـانێکی پێشوەخت نییە لەنێوان چینەکاندا، بە هەمـان شـێوەش، بە بـاوەڕی مـن، هـیچ هاوسـازیی و پێکەوەگونجـانێکی پێشـوەخت لەنێـوان یەکە ئیتینیکییەکانـدا نیـیە، هەروەک چـۆن لەنێـوان یەکە (ئیتنـی-نەتەوەیـی، نەتەوەکـان و ئومەتەکان و ...هتد)یشدا نییە. من ئەوە هەژمار ناکەم کە ئەگەر هەتـاوەکو ئەمـڕۆ، لەسـەر ئاسـتێکی عەقڵانیـی و بەپێی پێودانگەکانی بەڵگەسـازیی زانسـتیی، هۆکارگەلێک هـاتبنەپێش هەتـاوەکو بـاوەڕ بەوە بکرێـت کە هەمـوو نـاکۆکییەکی دەرەکیـی بـۆ نمـوونە، بەسـتراوەتەوە بە ناکۆکییە ناوخۆییەکان. هەروەک چۆن پاساوی پێویست پێشکەشـنەکراوە هەتـاوەکە ئەو بـاوەڕە دروسـتبێت کە نەهێشـتنی ململانـێ ناوخۆییەکـان، بەو گریمـانەیەی کە ڕەنـگە زۆرێـک لە ئێـوە لەو بـاوەڕەدا بـن، بەدڵنیـاییەوە سەردەکێشێت بۆ نەهێشتنی ململانێ دەرەکییەکان. من لەو باوەڕەدام ئاماژەکان پێچەوانەکەیمان پێدەڵێن.

هـیچ هۆکـارێکی ناچـارکەر نییە بـۆ باوەڕهێنـان بەوەی نـاکۆکیی نێـوان نەتەوەکـان و فۆڕماسـیۆنە ئیتنـی-قەومییەکان، بنەمایەکی ماتریاڵییان نییە، نەوەک بنەمایەکی تەواو ئایـدۆلۆژی. بەڵکـو بەپـێچەوانەوە، هەمـوو شـتێک لەسـەر ئەو بـاوەڕەیە کە ململانـێ -وەک ئەوەی مـن لێـی دەڕوانـم ململانێیەکی هەتاهەتـاییە- لەپێنـاو بەدەستهێنانی زۆرترین ژمارەی خەڵک و موڵک، بە شێوەیەکی ستوونیی

–ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت- لەنێوان چینەکان و توێژەکان و یەکەکاندا ڕوونادات، تەنها لەنێو مندالَّدانی یەک نەتەوە و یەک ئیتنیک و یەک قەومدا، بەلَّکو بە شێوەیەکی ئاسۆییش لەنێو کیانە ئیتنی-نەتەوەییەکاندا ڕوودەدات.

ئاساییە چەند هێلّ و بەستەرێک لەنیوان ئەم دوو جۆرە ململانێیەدا بوونیان هەبێت. بەلاّم ئەوەی جێگەی مشتومڕ نییە بۆ نموونە، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بەشەکیی سنووری ئەو یەکانە ببەسترێتەوە بە ئاستی بەرهەمهێنانەوە. پێویستە بەرهەمهێنان بگاتە ئاستێکی دیاریکراو –کە بەرهەمهێنانیش بە شێوەیەکی بەشەکیی پەیوەستە بە بونیادی چینەکانەوە- هەتاوەکو یەکەی زۆر بەرفراوانتر لەوانەی پێشوو دروستببن، لەبری هۆز و خێلّ و عەشیرەت بۆ نموونە، نەتەوە و ئیتنیک و ئومەت دروستببن.

هەروەها ئەوەش جێگەی مشتومڕ نییە کە پەیوەندییەکە تەنها لە یەک لایەنەوە نییە. من پێموایە دابەشبوون بۆ چینەکان و توێژەکان و ...هتد، بەستراوەتەوە بە قەبارەی یەکەکانەوە، هەندێک جار چینەکان و توێژەکانیش لە ئەنجامی ململانێی نێوان ئەم یەکانەوە دروستدەبن. خودی (ئەنگلس)یش لە "*ئەنتی دۆرینگ*"دا لەسەر ئەمە ڕاوەستاوە، کاتێک هەولّ دەدات بیسەلمێنێت کە لەپێش مێژووی پێکهاتنی چینەکاندا دوو ڕێگە هەبووە: ڕێگەیەکیان بەو بارودۆخە وەزیفییانەدا تێدەپەڕێت کە وەردەچەرخێت بۆ بارودۆخێکی ناوازە و

پێشکەوتووتر لە بارودۆخەکانی دیکە، ڕێگەی دووەمیش زۆر بە سادەیی بریتییە لە ڕێگەی جەنگ، ڕێگەی داگیرکاریی و دەستبەسەرداگرتن، کاتێک هۆزێک یاخود ئیتنیکێک یەکێکی دیکە داگیردەکات و بەوەش دەبێتە چینی باڵادەستی ناو ئومەتێکی نوێ. لەم بارەیەوە نموونەی (ڕواندا-بۆرۆندی)مان هەیە، کە لە یەک کاتدا دابەشبوونی ئیتنی و کۆمەڵایەتیی بەسەردا هاتووە. بەرەیەک هەموو ململانێکە دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی ناوخۆ و وەک پاشکۆیەک ململانێی دەرەکییەکەی پێوە دەبەستێتەوە، لە چەندین نموونەی کۆن و نوێدا تێبینی ئەم حاڵەتەمان کردووە (ئەمە لە شارە گریکییەکان ڕوویدا، کاتێک ئەرستۆکراتەکان ناپاکییان لەگەڵ شارەکەدا کرد، لەبەرئەوەی دوژمنەکە ئەرستۆکراسی بوو)، بەرەیەکی دیکەش هەموو ململانێکە دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی دەرەکی و لە ئاست پێکدادانە ناوخۆییەکاندا بێدەنگ دەبێت. هەموو ئەمانە پەیوەستن بە دۆخە ناوخۆیی و دەرەکییەکەوە، هەم لە ڕوانگە بونیادگەرییەکەوە، هەم لە ڕوانگە دۆخئامێزەکەوە (circumstantial). هەرچۆنێک بێت، داخوازی و بانگەشە بۆ یەکێتیی نەتەوەیی لە زۆر باردا، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە.

من بەتەواوی دژ بەو تێزەم کە لەم ڕۆژانەدا وەک هێزێکی سەرەکی بڵاودەکرێتەوە، کە هەڵگری بۆنی ناسیۆنالیزمە، بەتایبەت لە جیهانی سێدا، ئەو تێزەی هەندێک جار پێیدەگوترێت ناسیۆنالیتاریزم

(nationalitarism)[54]. ئەگەر مەبەسـت لێـی زاڵبـوون و هەژمـوونی ململانێـی چینـایەتی بێـت لە قۆنـاغی خەبـات لەپێناو سەربەخۆییدا لە جیهانی سێ، ئەوا تەواو پەسەندە و کێشـە نیـیە. بەڵام ئەم تێـزەش، فاکتەرەکـانی ململانێـی ناوخۆیی فەرامۆشدەکات و وەلادەنێت، بەڵکو ئەو قۆنـاغە فـراوان دەکـات و لە چوارچێـوەی کـارێکی هاوبەشـدا کە پێیـدەگوترێت ئـاوەدانکردنەوە یـاخود بونیادنـانەوەی نەتەوەیـی، هەتـاوەکو دوای قۆنـاغی سـەربەخۆییش ئەم چەمکە ڕادەکێشێت، کە پێموایە کارێکی لەم شێوەیە تەنها بە شـێوەیەکی بەشـەکیی قبوڵـدەکرێت. هاوکـات جـۆرە پیرۆزکـردن و جێگیرکردنێکـی ئەم ئاڕاسـتەیە هەیە؛ تەنانەت وەهای لێهاتووە هەندێک کەس لەو باوەڕەدان کە ناسیۆنالیزمی لاوازەکان، واتە ناسیۆنالیزمی جیهانی سێ، هەرگیـز ڕۆژێـک لە ڕۆژان ناتوانێـت ببێـتە سـتەمکار، کە ئەمەش شـتێکی ڕەتکـراوە و قبـوڵ نەکـراوە. تەنـانەت کەسـانێک هەن بەو ئاڕاسـتەیەدا قسـەدەکەن کە هـیچ بوارێـک نییە بـۆ خستنەڕووی کێشـە ناوخۆییەکـان، لانـی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم دەرگایە داخراوە، کە ئەویش قۆناغی ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانی نەتەوەییە، کە پێشتر باسمانکرد.

---

[54] ئەگەری ئەوە زۆرە ئەم ڕەخـنەیە ئاڕاسـتەی (ئەنـوەر عەبـدولمەلیک) بێـت، کە پێمـانوایە یەکەم کەسـە چەمکـی ناسیۆنالیتاریزمی (قومانیة) داڕشتووە لە بری نەتەوەگەریی (قومیة) و نەتەوەپەرستی (قوموية)، کە ئەو چەمکەش زۆر خۆشەویست نییە لای ناوەندە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکانی ئەورووپا (و.ع).

ویـــڕای هەمـــوو ئەوانەش، مـــن لەلایەک دژ بە هەر مەیلێکـــی ناسیۆنالیســـتی (نزعـــة القومیـــة) یـــاخود ناسیۆنالیتاریستییم (القومانیـة) کە هەمیشـە و لە هەمـوو بوار و ساتێکدا دەربارەی هەژموونی ململانێی نەتەوەیی دەدوێـــت، لە هەمـــان کاتیشـــدا دژ بە کـــورتکردنەوە و بچووککردنەوەی هەموو ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و گشت ململانێکانی نێوان کۆمەڵگەکانم تەنها بۆ ململانێی نێوان چینەکـــان. پـــاش کەمێکـــی دیـــکە دەگەڕێـــمەوە بـــۆ دەستنیشانکردنی هەندێک خاڵی دیکە.

## ئێرنست مەندڵ:

**1: چەند تێبینییەکی بەرایی**

سـەرەتا دەمەوێـت هەنـدێک تێبینیـی کـورت و پوخـت دەربـارەی هەنـدێک لەو کێشـانە بـخەمەڕوو کە (ماکسـیم ڕۆدنسۆن) لە میانەی قسەکانیدا وروژاندنی. کاتێک لەسەر خاڵێـک ڕادەوەسـتین کە گشـتاندن و ئەبسـتراکتیزەکرنی تێپەڕاندبێت، ئەو خاڵەی ڕۆدنسۆن خۆی خستۆتە سـەری، *پێمـوایە ئەو بـاوەڕەی دەڵێت ململانێی چینەکـان ناتوانێت ڕاڤەی هەمـوو مێژوو بکـات، وردەوردە دەبێتە بـاوەڕێکی قەنـاعەتپێنەکەر*. کاتێـک لەلایەک جەخـت لە هەژمـوونی فـاکتەرە دەرەکییەکـان دەکـاتەوە، لە لایەکـی دیـکەش و لە دەمێکـــی دیکەشـــدا جەخـــت لە هەژمـــوونی فـــاکتەرە ناوخۆییەکان دەکاتەوە، ئەوا لەڕاستیدا وەڵامێک پێشـکەش ناکـات، بەڵکـو پرسـیارێک دەخـاتەڕوو. بێگومـان، ئەم فۆرمولەیە پرسیارگەلێک دەوروژێنێت: بۆچی لە هەندێک

کاتـدا فـاکتەرە دەرەکییەکـان هەژموونیـان هەیە؟ ئایـا ئەم هەژموونەیــان بەهــۆی بەرژەوەنــدییە ڕاســتەقینەکانەوە بەدەســــــتهێناوە، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێــــــیە، کەواتە ئەو بەرژەوەنـدییانە چـین؟ یـاخود ئەو هەژموونەیـان بەهـۆی نـامۆبوونە ئایـدۆلۆژییەکانەوە بەدەسـتهێناوە، بەوپێـیەی هەنــدێک لە چیــنە کۆمەڵایەتییەکــان هۆشــیار نیــیە بە بەرژەوەنــدییەکانی خــۆی، یــان بەو هــۆیەوە کە گاپێــک کەوتـــــۆتە نێـــــوان خـــــۆی و هۆشـــــیاربوون بە بەرژەوەنـدییەکانی؟ بەڵام بنەمـای ئەم نـامۆبوونە چیـیە؟ هەموو ئەم پرسیارانە، کە تێبینییەکەی ماکسیم ڕۆدنسۆن بەســەریاندا تێپەڕیــوە، پرســیارگەلێکن دەمــانگێڕنەوە بــۆ بناغەی ململانێی چینەکان.

ململانێــی چینەکــان هەوڵــێکە بــۆ ڕاڤەکردنــی مێــژوو؛ ســەرجەم ڕاڤەکــانی دیــکە [ی مێــژوو] بە نیشــانەیەکی پرســیار کۆتــایین پێــدێت کە دەمــانگێڕێتەوە بــۆ ململانێــی چینەکان. من دەتوانم چەندین نموونە بهێنمەوە لە هەمـان ئاڕاســتەی ئەو نموونــانەی (ماکســیم ڕۆدنســۆن) ئامــاژەی پێدان؛ ئەسـڵەن هـیچ پێویسـتمان بەوە نییە بە شـێوەیەکی پاشەکشەئامێز بگەڕێینەوە بۆ دواوە بەرەو چـاخی دێرینـی ڕۆمانەکان.

یەکێـک لە نمـوونە هاوشـێوەکان خـۆی دەبینێـتەوە لە مێــژووی ئەڵمانیــای خــۆرهەڵات لە ســەدەی شــانزەدا. گـۆڕانی داهـاتی موڵکـانە بـۆ داهـاتی نەختینەیـی، هێزێکـی گەورەی ڕزگارکەر بوو بۆ جوتیارانی ئەوروپای خۆرئاوا، تـــین و تەوژمێــک بـــوو لە دروســـتبوونی کــۆمەڵگەی

سەرمایەدارییدا. بەڵام هەر هەمان دیاردە لە ئەورووپای خۆرهەڵات، بەدیاریکراوییش لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات، کاریگەریی و کارلێکێکی پێچەوانەی هەبوو. لەوێ سەریکێشا بۆ دووبارە کارکردنەوە بە سیستەمی سێرفەکان (Serfdom) و چەسپاندن و دووپاتکردنەوەی هەتاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدە، ئەمە خاڵێکە نابێت لەبیرمانبچێت. کاتێکیش لەبارەی هۆکاری ئەو دیسپلینە توندەی پروسییەکانیشەوە پرسیار دەکەین، ڕاڤەیەکی لەو جۆرە، لانی کەم بە شێوەیەکی بەشەکی، دەبێت وەها بەدوایدا بگەڕێین کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو بەشەی ئەڵمانیا هەتاوەکو ساڵی 1807 لەژێر سایەی سیستەمی سێرفدەمدا (کۆیلەداریی زەوی) ژیاون، واتە پاش نزیکەی 400 ساڵ دوای لە لەناوچوون یاخود نیوەلەناوچوونی سێرفدەم لە ناوچەکانی ئێمە.

ئایا بەم قسەیە ململانێی چینەکانمان لە هەر ڕاڤە و شیکارییەک بەدوورگرتووە؟ گومان لەوەدا نییە نەخێر! چونکە هیچ بوارێک نییە هەتاوەکو ئەوەی لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات و ئەورووپای خۆرهەڵات گوزەراوە، لەناو ڕەوتێکی ململانێی چینایەتیی وەهادا ڕاڤە بکەین، کە جیاواز نەبێت لەوەی ئێمە لە ئەورووپای خۆرئاوا پێی ئاشناین، بە مانایەکی وردتر لەناو خاوەنداریێتییەکی دیکەی هەمان ململانێی چینایەتییدا. ئەم بەرەوپێشچوونەی ئەڵمانیای خۆرهەڵات، بەرئەنجامی پێ قایمکردنی ئەریستۆکراسیی خاوەن موڵک و ماڵ و زەوییە، ئەم پێ قایمکردنەش لای خۆیەوە بەرئەنجامی تێوەگلانی

جوتیارانە لە شەڕی جوتیاران، هاوکات بەرئەنجامی ئەو لاوازبوونەیە کە بەهۆی ڕوودانی ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان لە ڕەوتی بزاڤی بازرگانی و شەڕی 30 ساڵەدا بەسەر بۆرژوازیی شارنشیندا هات. بەم شێوەیە بەرەوپێشچوونێکی ناڕاست (غیر مستقیم) دەمانگێڕێتەوە بۆ شیکارییەک، کە دواجار شیکاریی ململانێی چینەکانە.

تێبینییەکی دیکەم هەیە وەک وەڵامێک بۆ جەختکردنەوەکەی ماکسیم ڕۆدنسۆن، کە پێموایە جەختکردنەوەیەکی بێ پاساوە. لە هەڵسەنگاندن و باوەڕی ئەودا مارکس گوتوویەتی کە چیتر لەو کۆمەڵگەیانەی "خاوەن ئابوورییەکی بەدەوڵەتیکراون" ململانێی نێوان چینەکان بوونی نەماوە (*پێش هەموو شتێک دەمەوێت بزانم مارکس لە کوێدا ئەم قسەیەی کردووە*). لەڕاستیدا مارکس پێچەوانەی ئەوەی گوتووە. ئەو گوتوویەتی کە چینە کۆمەڵایەتییەکان بوونیان نەماوە، بەوەش ململانێی چینەکان لە ئابوورییەکدا نەماون کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خاوەنداریێتیی هاوبەشی بەرهەمهێنەرانە، و چیتر بەرهەمهێنانی کالایی بوونی نەماوە. ئەمەش تەنها ئەنجامێکی ئەوەیە کە لە پێشووتردا ڕوویدابوو.

مارکس هەرگیز نەیگوتووە کە بۆئەوەی ململانێی چینەکان نەمێنێت و بپوکێتەوە ئەوەندە بەسە کە دەوڵەت دەست بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بگرێت: بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە "مارکسیستەکان" نەیاندەتوانی ئەوە فەرامۆشبکەن کە بوونی دەوڵەت ڕێک و ڕەوان

بەڵــگەیە لەســـەر بـــوونی چینەکـــان، هاوکـــات بـــوونی چینەکانیش بە مانای بەردەوامبوونی ململانێی چینایەتی دێت. کاتێک مارکس باس لە پوکانەوەی ململانێی چینەکان دەکات، لە جێڕەوتێکی تەواو جیاواز و بارودۆخێکی تەواو جیاواز لەو باوردۆخەوە ئەم قسەیە دەکات کە ئەمڕۆ لە یەکێتیی سۆڤیەت یان ئەوروپای خۆرهەڵاتدا پێی ئاشناین و دەیبینین.

**2: دیاردەی ناسیۆنالیزم و ململانێی چینایەتی**

*با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ بابەتی دانیشتنەکەمان: واتە پەیوەندییەکانی نێوان دیاردەی ناسیۆنالیزم و ململانێی چینەکان*

**تێبینیی یەکەم: دیاردەی ناسیۆنالیزم لە منداڵدانی ململانێی چینەکانەوە لەدایکبووە**

غەدرێکـــی گەورەیە (بـــوونی دەوڵەت، فۆرماســـیۆنی ئیتنـی، دەسـتە و گروپـی هۆزەکـان، یەکێتیـی کۆمـۆنە و شـارەکان) تێکەڵ بکەیـن لەگەڵ (دیـاردەی ناسـیۆنالیزم)دا. ئیمپراتـۆریەتی ڕۆمـانی، هاوشـێوەی ئیمپراتۆریەتەکـانی دیـــکەی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت، دەرکەوتەیەکـــی ناسیۆنالیســتیی نەبــوو. ئینگلــتەرا لە ســەدەی دوانــزە و سیانزەدا نەتەوە نەبوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا، ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی زۆری چینی باڵادەستی ئینگلتەرا، هێشتا بە زمانێکی جیاواز لە زمانی گەل قســەیان دەکــرد و ئەســڵ و فەســڵێکی جیاوازیــان

هەبـــوو: ئەو نۆرمانـــدییانە بـــوون کە ئینگلتەرایـــان داگیرکردبووو.

تێـزە مارکسیســتییەکە لەم بـارەیەوە پێیـوایە نەتەوە ئەنجـامی ململانێــی چینێکــی دیــاریکراوە، کە ئەویــش بۆرژوازیی مۆدێرنە. ئەمە یەکەمین چینە لە مێژوودا کە نەتەوە دروســتبکات. لە ڕووە ئـــابوورییەکەیەوە نەتەوە دروســتدەکات، چـونکە پێویسـتی بە بـازاڕێکی نەتەوەیـی یەکگرتـووە، هەتاوەکو لەو ڕێگەیەوە سـەرجەم بەربەسـتە پێش سـەرمایەداری و نیمچە دەرەبەگایەتی و پیشـەیی و هەرێمییـانە لابەرێت کە بوونەتە ڕێگر لەسـەر ئـاڵوگۆڕ و دەستاودەستی ئازادانەی کاڵاکان، بە ئامانجی زامنکردنی یەکێتیی و یەکگرتوویی ئەو بازاڕە نەتەوەییانە. هەروەها لە ڕووە سیاســـــی و کولتوورییەکەشــــــەوە نەتەوە دروســــتدەکات، لەبەرئەوەی فــۆکەس دەخــاتە ســــەر پرەنسیپی سەروەریی میللیی، کە ئەم پرەنسیپەش لێکدژە لەگەڵ شـەرعییەتی حکـومی پادشـایەتی و خانەدانەکـان و کڵێسـا، ئەوەش لەپێنـاو مۆبیلیزەکردنی جەمـاوەری میللیی دژ بە چینە باڵادەستە دێرینەکان.

ئایـــدیای ناســـیۆنالیزم هاوشـــان لەگەڵ شۆڕشـــە دیموکراســـییە بـــۆرژوازییە گەورەکانـــدا لەدایکبـــوو. لە بـــنەڕەتەوە لەم ناوچـــانەی ئـــێمەوە لەدایکبـــوو، واتە ناوچەکـانی بەلژیکـا (فلانـدەر)، (کە ڕەنـگە ئەمەش جـێگەی شـــانازی بێـت یـاخود جـێگەی شـانازی نەبێـت)، مـادام یەکەمین شۆڕشی گەورەی بۆرژوازی لە مێژوودا بریتییە لە شۆڕشـــی وڵاتـانی زەویـیە نزمەکـان [netherlands]، کە

خـۆی دەبینیـیەوە لە ڕاپەڕینـی نەتەوەیـی [ئەو وڵاتـانە] بەسـەر پادشـای ئیسـپانیادا، ئەو ڕاپەڕینەی کە سـەرەتا لە ناوچەی فلاندەرەوە دەستیپێکرد و دواتریش شکستیهێنا، بەڵام لە هۆڵەنـدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا و هەر لەوێشـەوە یەکەمـین نەتەوەی مـۆدێرنی خـاوەن هۆشیارییەکی نەتەوەیی لەسەر ژێرخانێکی سەرمایەداری دامەزرا.

پاشـان بەریتانیـای مەزن، ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، فەرەنسـا لەگەڵ شۆڕشـی فەرەنسـیدا، ئیسـپانیا، ئەڵمانیـا، پۆڵەنـدا و ئیرلەنـدا و ...هتـد، هەموویـان بـوونە شـانۆی دەرکەوتنی هەمـان نەتەوەی خۆیـان. لە سـەرجەم ئەم پێشـهات و بەرەوپێشـچوونانەدا، بەرژەوەنـدییە ماتریاڵییەکـان لەپشـت ئایـدیای ڕوون و ئاشـکرای ناسیۆنالیزمەوە خۆی حەشاردابوو، کە هیچ ناڕوونییەکی هەڵنەدەگرت و قابیلی دانوستان نەبوو.

لە بـنەچەدا ئەوە خـودی بـۆرژوازی نەبـوو لەو سـەردەمەی مێـژووی خۆیـدا، واتە لە سـەردەمی هێشـتا بـۆرژوازی شۆڕشـگێڕ و پێشـکەوتووخواز بـوو، کە خەریکـی پـێچ و پەنـا بێـت، بەڵکـو بە شـێوەیەکی گەلێـک ڕوون و بـێ پەردە گوزارشـتی لە ئامانجەکـانی خـۆی دەکـرد. ئەگەر لێـدوان و نووسـینی گرۆنـدینەکانتان خوێندبێتەوە -کە یەکێک بوون لە پارتە هەرە بۆرژوازی و ناسیۆنالیسـتەکان لە یەک کاتـدا، کە زۆر زیـاتر لە ژاکۆبنەکان ناسیۆنالیست بوون، هەر ئەوانیش هاندەر و دنەدەر بـوون بـۆ بەردەوامبـوونی جەنـگ نەوەک

ژاکۆبنەکان- ئەگەر بە وردیی ئەو لێدوانانەیان بخوێنینەوە ئەو هاوبەنــدییەمان بــۆ دەردەکەوێــت کە لەنێــوان ئەو فــاکتەرانەدا هەن کە قســەیان لەبــارەوە کــردووە، لەگەڵ ئەوانەی بۆمــان زیــادکردوون (بەوپێــیەی ئــێمە بــاس لە ساڵی 1790 و لە سەردەمێکی گەلێک پێشکەوتووتردا لە وڵاتــانی زەویــیە نزمەکــان لە ســەدەی شــانزەدا، یــاخود ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا لە ســاڵی 1776).

پاڵنەری سێیەم: بەربەرەکانێ و ڕکابەرییەکی بازرگانی، کە بەهۆیەوە بۆرژوازیی پیشەسازیی مانیفاکتۆریستی[55] فەڕەنسی کەوتە لێکدژییەوە لەگەڵ بۆرژوازیی ئینگلیزیی. بە گــوێرەی بۆچــوونی ژمــارەیەک لە مێژوونووســە فەرمییەکــانی شۆڕشــی فەڕەنســی لەم ســەردەمەی ئێستاماندا، بەتایبەت قوتابخانەی (لۆڤیفره)، ئەو کێبڕکێ و بەربەرەکــانێیە ڕۆڵێکــی گەلێــک گەورەتــری بینیــوە لە جەنگەکانی شۆڕش و ئیمپراتۆریەت. ئەم جەنگانە تەنها ململانێیەک نەبوون لەنێوان بۆرژوازیی فەڕەنسی لەلایەک، و تەواوی دەوڵەتە ئەوروپییەکانی دیکە لەلایەکی دیکە، ئەو دەوڵەتانەی بە ڕادەیەک لە ڕادەکان دژ بە شۆڕش بوون، کە دەستیانکرد بە بەرگریکردن لە ئیمتیازاتی خانەدان و خاوەندارێتیی لە فەڕەنسا.

---

[55] بۆرژوازیی مانیفاکتۆریست (کارگەیی): لەڕووی مێژووییەوە دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ پاش دەرکەوتنی بۆرژوازیی پیشەسازی، هەروەک چۆن دەرکەوتنی مانیفاکتۆر دەگەڕێتەوە بۆ پاش دەرکەوتنی مینیفاکتۆر. (و. ع).

**تێبینیی دووەم: نەتەوە لە ئەنجامی ململانێیەکی چینایەتیی جۆرییەوە لەدایکبووە، ململانێی بۆرژوازی دژ بە دەرەبەگ و هێزە نیمچە دەرەبەگەکانی پێش سەرمایەداری**

پێویست بوو پێشتر (بەڵام کاتەکە ڕێگەی نەدام) ئەو ڕۆڵە ڕوونبکەمەوە کە حکومڕانیی پاشایەتیی ڕەها گێڕاویەتی، ڕۆڵی پێش ناسیۆنالیزم (بابەتەکە گەلێک ڕوون و ئاشکرا دەبێت ئەگەر نموونەی فەڕەنسا وەربگرین: ناسیۆنالیزم بە مانا مۆدێرنەکەی لە کەسێتیی پادشادا، بە نموونە لویسی چواردەیەم، بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەوەی لەو کەسێتییەدا بە نموونە بەرجەستە دەبێت، بریتییە لە پێش ناسیۆنالیزمی بنەماڵەیی، ئەوەش بە ڕادەی گوزارشتکردنی حکومڕانیی پادشایەتیی ڕەها لە گۆڕانێکی پێشوەخت لە هاوکێشە و باڵانسی هێزەکان، واتە خانەدانەکان و بۆرژوازییەکان).

چی ڕوودەدات کاتێک لیوایەک (پارێزگایەک) سەرکەوتن بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی، بۆ شۆڕشی بۆرژوازی دەهێنێت؟ بێگومان ململانێی چینایەتی کۆتایی پێنایەت. جێگەی دڵخوازی بۆرژوازییش نییە کە ببینێت لەو ئاستەدا ڕاوەستاوە. هەموو ڕایدەگەیەنن کە دەبێت ڕاوەستێت، بەڵام ڕاناوەستێت.

ڕاستەوخۆ پاش ئەوەی چینە شکستخواردووەکان دوای سەرکەوتنی بۆرژوازی دەست بە خەبات و ململانێی خۆیان دەکەنەوە، ئەم خەبات و ململانێیە وەردەچەرخێت بەرەو سەرخان. لەم بارەیەوە ئاماژەیەک بە هاوڕێ ماویستە ئەزیزەکانم دەدەم، لەبەرئەوەی

پێویسته ئەوەمان بۆ ڕوونبکەنەوە کە بۆچی بەردەوامبوونی ئایدۆلۆژیایەکی نیمچە فیودالیی لە ژیان بە درێژایی سەدەی نۆزدە، نەبووە مایەی دووبارە هاتنەوەی سیستەمی فیودالی بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئەو ئایدۆلۆژیایە تێیدا لە ترۆپکی بەهێزیدا بوو[56] (لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت بیرم بۆ فەڕەنسا دەچێت، کە ئایدۆلۆژیای باڵادەست لەو سەردەمەدا بریتیبوو لە ئایدۆلۆژیای کاتۆلیکی، ئایدۆلۆژیای کاتۆلیکیی پێش سەرمایەداری و پێش بۆرژوازی و پێش نیمچە فیودالی تا ڕادەیەکی نموونەیی، کە هەتاوەکو ساڵی 1880 بەردەوام بوو لە سەرکۆنەکردنی شۆڕش، کە بە درێژایی ئەو قۆناغە وەک ئایدۆلۆژیای زۆرینەی چینە ناکرێکارییەکان مابووەوە).

وەک چۆن مانەوەی ئایدۆلۆژیای نیمچە فیودالیی بە زیندوویی نابێتە مایەی دووبارە گێڕانەوەی سیستەمی پادشایەتی کۆن لە سەدەی نۆزدەدا، بە هەمان شێوە پێمەوایە مانەوەی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی و

---

[56] ئاماژەیەکی ڕەخنەییە لە مەندڵەوە بۆ یەکێک لە پرەنسیپەکانی شۆڕشی کولتووریی چین، کە بە گوێرەی ئەو پرەنسیپە مانەوەی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازیی بە زیندوویی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریی، واتە خەباتی چینایەتی هێشتا نەوەستاوە، بەڵکو ڕادە و توندییەکەی زیادیکردووە، بەمەش هەڕەشەیە بۆ لێدان و ڕووخاندنی پرۆلیتاریا و دووبارە گێڕانەوەی سەرمایەداری، وەک ئەوەی لە زۆرێک لەو وڵاتە سۆسیالیستییانەدا ڕوویدا کە ڕیڤزیۆنیستەکان حکومیان دەکرد. (و. ع).

وردەبۆرژوازی بە زیندوویی لەدوای دوورخستنەوە و لەسەرکارلادانی سەرمایەداری، بەتەنها نابێتە مایەی دروستبوونی مەترسیی گەڕانەوەی سەرمایەداری. بۆئەوەی ئەم مەترسییە بەڕاستیی زەقببێتەوە، پێویستە بەرژەوەندییە ماتریاڵییەکان و هێزە کۆمەلایەتییەکان خاوەنی هێزێکی پێویست بن لەو بارەیەوە، هاوکات کەوتبنە جوڵە و ململانێ لەپێناو ئەو گێڕانەوەی سەرمایەدارییەی کە باسی لێوە کرا، نەوەک تەنها مانەوەی پاشماوەی ئایدۆلۆژیایەک یاخود سیاسەتێک لە سەرخان [ی کۆمەڵگە]دا، کە وەک دەبینن نەک هەر خودی ماو تسی تۆنگ (کە خۆی گەلێک هەستیار و دڕدۆنگە دەربارەی ئەم بابەتە)، لانی کەم ژمارەیەکی بێشوومار لە شوێنکەوتووان و ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە بۆی.

لێرەدا وەرچەرخان و گۆڕانی ململانێکە دەبینین لە هێزە پێش سەرمایەدارییەکانەوە بۆ ئاستی سەرخان. لە هەمان کاتیشدا چەقی قورسایی ململانێی چینەکان دەگوازرێتەوە بۆ ململانێی نێوان بۆرژوازییەکان و پرۆلیتاریاکان. هەر لەو ماوەیەدا، بەدیاریکراوی لەدوای ساڵی 1847ەوە –لە زەمەنێکی زۆر زوودا، بەڵکو دەتوانین بڵێین پێش سەردەمی خۆی، لە ڕوانگە ڕەنگڕێژکراوە مێژووییەکەیەوە، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری– لە نووسینەکانیدا باس لەوە دەکات کە پرۆلیتاریا نیشتیمانێکیان نییە، پێویستیشە لەناو هزری ڕێکخستنی

کرێکارییدا، ناسیۆنالیزم و ئایدیای ناسیۆنالیستی نەخرێنە پێش هاوپشتیی نێونەتەوەیی کرێکارانەوە.

پێشتر گوتم لەبەرئەوەی "***مانیفێستی کۆمۆنیزم***" پرەنسیپێکی مێژوویی ڕاگەیاندووە، کە لەڕاستیدا گوزارشتێک بوو ئەوکات هێشتا هاوجووت و هاوساز نەبوو لەگەڵ واقیعی باڵادەستدا. ئەمە بە ئاستێک ڕاستە کە **مارکس** و **ئەنگڵس** تەنها دوای ساڵێک لە نووسینی مانیفێست، خۆیان هەڵخزانە ناو ململانێیەکی چینایەتییەوە لە ئەڵمانیا، کە لە هەمان کاتدا ململانێیەکی نەتەوەییش بوو. ئەوان ڕایانگەیاند کە خەبات لەپێناو یەکێتیی ئەڵمانیادا، خەبات لەپێناو دامەزراندنی کۆمارێکی یەکگرتووی ئەڵمانیی و بەشبەش نەبوو، ئامانجێکی سەرەکییە لە ئامانجەکانی شۆڕشی 1848. پێیان وابوو ئەم یەکێتییەی ئەڵمانیا، لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، بەتایبەت لە گۆشەنیگای بزووتنەوەی کرێکاران و ململانێی چینایەتییەوە، گوزارشتە لە هەنگاوێکی مەزن بەرەو پێشەوە.

ئێوە باش ئەو هۆکارانە دەزانن کە شۆڕشی ساڵی 1848یان بە پوکانەوە گەیاند، ئەو شۆڕشەی وەزیفە مێژووییەکەی بریتیبوو لە بەدەستهێنانی ئەرکە مێژووییەکانی شۆڕشی دیموکراسیی بۆرژوازی لە پێنج وڵاتی ئەورووپا، کە بریتیین لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و نەمسا و هەنگاریا و پۆڵۆنیا (واتە هەمان ئەو نەتەوانەی کەوتبوونە ناو ئیمپراتۆریەتی نەمسایی-هەنگارییەوە، هاوکات

درێژبووبـــوونەوە بــۆ نـــاو بەشـــێک لە ئیمپراتـــۆریەتی قەیسەریی ڕوسیا).

نەیاران و دژبەرانی شۆڕش، کە لە شەڕەکانی 1848-1849دا ســـــەرکەوتنیان بەدەســـــتهێنا، ناچـــــاربوون ڕاسپاردەکانی ئەو شۆڕشـە جێبەجێبکەن. (بسمارک)، کە بەرجەستەکەری چینی خانەدانی پروسییە، بەدیهێنەری یەکێتیی ئەڵمانیا بوو، نەوەک بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی و چینی کرێکار. هەمان دیاردە تاڕادەیەک لە ئیتاڵیا خۆی دووبارە کردەوە، کاتێک یەکێتیی ئەو وڵاتە لەسەر دەستی **ئال ساڤوا** (بنەماڵەی ساڤوا) بەدیهات.

مارکس لەو چەردە مێژووییەدا ناچاربوو هەڵوێستێکی پراکتیکیی بگرێتەبەر، کە بڕێک جیاوازیی هەبوو لەگەڵ پڕەنسیپە گشتییە ڕاگەیەندراوەکانی "مانیفێست". لەڕاستیدا پڕەنسیپی "***پرۆلیتاریا نیشتیمانێکی نییە***"، تەنها بەسەر قۆناغێک/ســـەردەمێکدا جێبەجێـــدەبێت کە شۆڕشـــــی بـۆرژوازی بەدیهاتبێت. ساڵی 1848 مـارکس و ئەنگڵس ڕووبەڕووی دۆخێکی گەشەسەندنی ئاوێتە بوونەوە.

بە دەربڕینێکی دیکە، پرۆسێسی ***شۆڕشی بەردەوام*** چووبـــووە نـــاو بەرنـــامەی کـــاری ســـەرجەم وڵاتە ئەوروپییەکـانەوە، ئەو وڵاتـانەی کە هێشـتا بـۆرژوازی نەیتوانیبـــوو یەکێتیـــی نەتەوەییـــان تێـــدا بەدیبهێنێـــت، لەبەرئەوەی بە شـێوەیەکی زیـاد لە پێویسـت دواکەوتـوو لەسـەر شـانۆی مێـژوو دەرکەوتبـوون، لەو دەمەی چینـی کرێکار خەریبوو ئاستێکی باش لە هێزی بەدەستدەهێنا هەتاوەکو ڕۆڵێکی سیاسیی سەربەخۆ بگێڕێت، لەو دەمەی

ترسی بۆرژوازی لە بەهێزبوونی پرۆسێسی شۆڕشگێڕی، گەلێک بەهێزتر بوو لە خواستی بۆرژوازی بۆ بەدیهێنانی ئەرکی یەکێتیی نەتەوەیی.

هەرچۆنێک بێت، بەدیاریکراوی لەو کاتەدا و بەدیاریکراوی لەو جێڕەوتەدا، مارکس ساڵی 1850 و بۆ یەکەم جار لە مێژووی هزری مارکسیستیدا، دەستەواژەی "***شۆڕشی بەردەوام***"ی بەکارهێنا. مارکس ڕایگەیاند کە پێویستە کرێکارانی ئەڵمانیا دەستبکەن بە پشتیوانیی خەبات لەپێناو یەکێتیی وڵات و گەیشتن بە کۆمارێکی بۆرژوازیی دیموکرات، بەڵام نابێت خەباتەکەیان لەوێدا کۆتایی پێبێت کە بەدیهێنانی دیموکراسیی بۆرژوازیی شێوە کلاسیکی دەبێتە واقیع. بەڵکو پێویستە بەردەوام بن لە خەبات و بەرگریی لە بەرژەوەندییە چینایەتییە تایبەتییەکانی خۆیان بکەن دژ بە چینی بۆرژوازی؛ هیچ ساتێکیش نابێت ڕێگەی ئەوە بەخۆیان بدەن کە دەستبەرداری ڕێکخستنی سەربەخۆی خۆیان ببن، بەتایبەت لەکاتێکدا کە هیچ ئەگەرێک نییە، بگرە لەوانەیە مەحاڵیش بێت، ئەرکەکانی بۆرژوازی بەدەستی خودی بۆرژوازی بەدیبهێندرێن. ئەگەری زۆر ئەوەیە وردەبۆرژوازیی ژاکۆبیانیزم و شمشێرەکەی لەسەر پشتی چینی کرێکار، دەبێتە بەدیهێنەری ئەو یەکێتییە نەتەوەییە.

ئەمە نەخشەڕێگای شیاوی شۆڕشی 1848 بوو، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، بەهۆی ئەم شکستەشەوە باجێکی گەورەماندا، لەبەرئەوەی هەموو ئەوەی لە

ئەنجامی ئەوەدا بەسەر ئەڵمانیدا هات، وەک دەرکەوتنی هێزە کۆنزەرڤاتیڤ و کۆنەخوازەکان، کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی ئەوروپا هەبوو، بە چارەنووسی ئیمپریالیزمی ئەڵمانییشەوە، بە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی نازیزیشمەوە.

***تێبینیی سێیەم: ئەگەر ناسیۆنالیزم بەرهەمی ململانێی چینایەتیی بۆرژوازی بێت دژ بە هێزە فیودالیی و نیمچە فیودالییەکان، ئەوا ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریی بەرهەمی ململانێ و خەباتی چینی کرێکارە دژ بە سەرمایەداری.*** بۆرژوازی لەسەر بنەمای بازاڕە نەتەوەییە یەکگرتووەکان گەشەیداوە بە هێزە بەرهەمهێنەکان. بەرهەمەکانیشی بازاڕی جیهانیی داگیرکردووە و پێکهێناوە. بەڵام ئەم بازاڕە یەکگرتوو نییە: پەرەسەندنێکی جیهانیی گشتگیری پیشەسازیی سەرمایەداری بوونی نییە. سەرمایەدارییەکان خەریکی کێبڕکێ و بەربەرەکانێن لەگەڵ یەکتریدا لەسەر بنەمای بازاڕە نەتەوەییەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکان. دەیانەوێت ئەم کێبڕکێ و بەربەرەکانێیە بگوازنەوە بۆناو دڵی چینی کرێکاریش.

کرێکارە هەرە هۆشیارەکان –هەر لە سەردەمی ئینتەرناسیۆنالی یەکەمەوە- قسەیان لەسەر ئەوە کردووە کە بەرژەوەندییەکانیان، بە بەرژەوەندییە ئابوورییە ڕاستەوخۆکانیشیانەوە، لەوەدایە کە بە هاوپشتییەکی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیۆناڵ)ی کرێکاران، دژ بەو کێبڕکێ و بەربەرەکانێیەی سەرمایەدارەکان بووەستنەوە. بەبێ ئەم هاوپشتییە کرێکاران بەبێ هیچ بەرگرییەک دەمێننەوە،

و سـەرمایەش بەبێ هیچ بەزەییەک تێکیاندەشکێنێت. هەربۆیە تاکە وەڵامی سەرکەوتوویان بەرامبەر ئەم باڵادەستییە گەورەیەی هێزی دارایی و دەسەڵاتی سیاسیی سەرمایە، بریتییە لە خۆڕێکخستن و هاوپشتی و هاریکاری لەسەر فراوانترین ئاست کە بتوانن، بەبێ ئەوەی ئیتنیک و نەتەوە و ڕەگەز سنوورێک بۆ ئەم ڕێکخستن و هاوپشتییە دابنێت.

لێرەدا پێدەنێینەوە دەروازەی تێبینیی چوارەمەوە، کاتێک ئەو ڕێسایە دەستدەکات بە جێبەجێبوونی گشتگیری خۆی، کە مارکس لە "***مانیفێستی کۆمۆنیزم***"دا باسی لێوە دەکات. لەمەدا مەبەستمان سەرەتای سەردەمی ئیمپریالیبیە، کاتێک بۆرژوازیی وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا و ناوەڕاست ڕوویان لە دروستبوون دەکرد، هەندێک وڵاتی دیکەی وەک ژاپۆن و ڕوسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ڕوویان لە شوێنکەوتەیی بۆرژوازی دەکرد، بۆرژوازی هەموو توانستێکی خۆی دەخستەگەڕ بۆ بینینی ڕۆڵێکی پێشکەوتووخواز لە مێژوودا، بەڵام کاتێک دروستبوو، چینێکی کۆنزەرڤاتیڤ و کۆنەپارێز و دژەشۆڕش بوو، کە بەشێکی زۆری جیهانی دەچەوساندەوە، ئەمە جگە لەوەی چینی کرێکاری ناوخۆییشی دەچەوساندەوە، هەروەها کاتێکیش کە خواستە ناسیۆنالیستییە کۆنەخوازەکە ڕووتەکەشی دەخاتە بەرچاوی مارکسیستەکان، بەپلەی یەکەمیش **لینین** و قوتابخانەی *لینینیزم*، هەروەها بەرچاوی هەموو

ئەوانەی خۆیان بە مارکسیست دەزانی لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا.

خودی **کاۆتسکی** و گەلێکی دیکە لە سۆسیال دیموکراتەکان پێش ساڵی 1914 قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کاتێک بۆرژوازیی ئیمپریالیست گوزارشتی 'بەرگریی لە نیشتیمان' و 'بەرگریی لە نەتەوە' بەکاردەهێنێت، مەبەستیان لێی "بەرگریکردن نییە لە قەوارەیەکی کولتووریی یاخود بەرگریکردن لە مافە دیموکراسییەکان"، بەڵکو بەرگریکردنە لە پێگەی خۆی لە بازاڕی جیهانییدا، هەروەها بەرگریکردنە لە زیادەبەهای کۆلۆنیالیی خۆی، هەروەها بەرگریکردنە لە بواری چەوساندنەوەی ئەو بەشەی جیهان، کە چەوساندنەوەیەکی لەڕادەبەدەر و بێسنوورە.

من لەو باوەڕەدا نیم ئەوەی لەدوای ساڵی 1914وە لە جیهاندا دەگوزەرێت، پاساوێک بێت هەتاوەکو ئەم حوکمە بخرێتە ژێر گومانەوە. ئەگەر چاوێک بەو شیکارییانەدا بخشێنین کە لەلایەن کۆمەڵناسان و مێژوونووسان و ئابووریناسە بەناوبانگ و زیرەکەکانەوە ئەنجامدراون، ئەوانەی کەوتبوونە ڕەتکردنەوەی ئەو هاوبەندییە هۆکارگەرەی لەنێوان شۆڤێنیزم و ئیمپریالیزم و بەرژەوەندییە ماتریاڵییەکانی بۆرژوازیی ئیمپریالیستدا هەیە، هەتاوەکو بینیمان سەرجەم پارەکانی ڕووی لە مایەپووچیی کرد.

نموونەی هەرە سەرنجڕاکێش و لەهەمان کاتدا جێگەی داخ -ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت- بریتییە لە

نموونەی ئابووریناسی گەورەی نەمسایی (**شۆمپیتەر**)، کە یەکێکە لە گەورە بیرمەندەکانی سەدەی بیستەم لە دەرەوەی بازنەی مارکسیزم، کە وتارێکی گرنگی نووسیوە هەتاوەکو بیسەلمێنێت کە ئیمپریالیزم و شۆڤێنیزم هیچ دەستێکیان نییە لە دیاردەی مۆنۆپۆڵی بۆرژوازییدا، ئارگومێنتەکەشی ئەوەیە مەرج نییە هەر وڵاتێک خاوەنی بەهێزترین ڕادەی مۆنۆپۆڵ بێت ئیمپریالیست و شۆڤێنیست بێت. کە مەبەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. ڕەنگە ئەمە لە ساڵی 1912دا جێگەی بڕوا بووبێت، بەڵام ساڵی 19٧0 زەحمەتە باوەڕ بە کەس بهێنێت، ئەمە ئەگەر نەبێتە جێگەی گاڵتەپێکردن. بەراورد لەگەڵ ئەم جۆرە شیکارییانەدا، پێشبینی و خوێندنەوەی مارکسیستەکان و پێناسە و تێزەکانی لینین لە کتێبەکەیدا دەربارەی *ئیمپریالیزم* (1917)، زیاتر خۆڕاگر بوون لەبەردەم تاقیکردنەوەی مێژوودا، ئەوەشیان سەلماند کە ئامڕازگەلێکی بەکەڵکترن بۆ ڕاڤەی ئەو ڕووداوانەی لە سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە.

ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە مارکسیستەکان و بەتایبەت قوتابخانەی لینینیزم، کە بانگەشەی گەڕانەوە بۆ مارکسیزم دەکەن، هەموو ئایدیایەکی ناسیۆنالیستیی و گشت مەیلێکی نەتەوەیی لەناو چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئیمپریالیستییدا کۆدەکەنەوە؟

نەخێر ئەوە ناکەن. لە کتێبەکانی مارکسی پیردا، مارکسی 10 ساڵی کۆتایی تەمەنی، ئایدیایەک لە هزری مارکسیستیدا –لە سەردەمی ئیمپریالیستیدا–

پەرەدەسەنێت و پێگەیەکی زیندوو بۆخۆی دەگرێت پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی ئاوازە ناسیۆنالیستییەکان لەم سەردەمەماندا. مەبەست لێی ئەو ئایدیا سادەیەیە –بەڵام من پێموایە ئاسانکردنەوە لە هەندێک جێگەدا کۆمەک بە ڕوونکردنەوە دەکات- کە دەڵێت پێویستە *جیاوازیی* بکرێت *لەنێوان ناسیۆنالیزمی چەوساوە و ستەملێکراوەکان و ناسیۆنالیزمی چەوسێنەر و ستەمکارەکان*. من دەڵێم ئایدیاکە لە بنەڕەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ مارکس. مارکس یەکەم کەس بوو کە پەرەیداوە بەم ئایدیایە، ئەوەش بە بەڵگەی دوو بابەتی بەرچاو، کە لە هەموو قسەکردنێکدا دەربارەی هەر ستراتیژێکی ململانێی چینایەتیی نێونەتەوەیی دێنەوە پێش و گرنگییەکی زۆریان هەیە: دۆخی پۆڵەندا و دۆخی ئێرلەندا.

لێرەدا زۆر ناگەڕێینەوە بۆ پرسی پۆڵەندا، لەبەرئەوەی گەلێک ناسراوە (لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی بەردەوام ڕاڤەیەکی هەڵەی بۆ کراوە، بەوپێیەی میکانیزمێکی تایبەتی جەنگە دژ بە ڕژێمی قەیسەری، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی هەبێت بە پرەنسیپێکی بنەڕەتیترەوە).

بەڵام پرسی ئێرلەندا، گەلێک ڕوونتر و دەقیقترە سەبارەت بەو پرسەی ئێمە باسی لێدەکەین. هەر لە ساڵی (1869-1870)وە مارکس لە وتارێکیدا بۆ ڕۆژنامەیەکی بەلژیکی بە ناوی *"ئینتەرناسیۆناڵ"*، باس لەوە دەکات کە مادام کرێکارانی ئینگلتەرا درکیان بەوە نەکردووە کە ئەرکی سەرشانیانە هاوکاریی ئێرلەندییەکان بکەن بۆ

بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئەوا هەرگیز ناتوانن شۆڕشێکی سۆسیالیستی لە ئینگلتەرادا بەرپابکەن.

مارکس لەبری ئەوەی لەو خاڵەوە دەستپێبکات کە ئایدیای ناسیۆنالیزمی ئینگلیزی و ناسیۆنالیزمی ئێرلەندی یەکسانن، و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ستەمکار و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ستەملێکراو هاوشێوەن، لەبری هەموو ئەوانە ئەم جیاوازییە جەوهەرییە دەکاتە خاڵی دەستپێکی خۆی (پێشموایە مێژوو ڕاستیی و دروستیی تێزەکەی مارکسی سەلماندووە): ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەی ئێرلەندی لەلایەن بۆرژوازیی ئینگلیزییەوە – ئەگەر کرێکارانی ئینگلیز، خەباتی کرێکارانی ئێرلەندییش لەخۆیاندا جێنەکەنەوە- ئەنجامەکەی بریتییە لە لەدەستدانی کرێکارانی ئێرلەندیی بۆ ساڵانێکی زۆر، ئەو کرێکارانەی نمایندەی کەمینەیەکی ڕوولەگەشەی پرۆلیتاریای ئینگلیزیی دەکەن، کە لەتوانایاندا نییە بەتەنها بەرەیەکی یەکگرتووی خەبات دژ بە خاوەن کارە ئینگلیزەکان دروستبکەن، هاوکات لەبەرئەوەی کرێکارانی ئینگلیز لە واقیعدا بەرەیەکی یەکگرتوویان لەگەڵ بۆرژوازیی ئینگلیزییدا پێکهێناوە دژ بە نەتەوەی ئێرلەندی.

شوناس و خاڵی جیاکەرەوەی ڕۆژگاری ئیمپریالیزم ئەوەیە کە جیاکاریی نێوان ناسیۆنالیزمی چەوساوەکان و ناسیۆنالیزمی چەوسێنەرەکان، نەک هەر پرۆلیتاریا ناکاتە دەرەوەی بازنەی خەبات لەپێناو دەسەڵات و سۆسیالیزمدا، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر لەو ئامانجە نزیکیدەکاتەوە. لەمڕۆ بەدواوە ئەرک و وەزیفەی ڕزگاریی

و یەکخستنی ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە، لە ڕۆژگــاری ئیمپریالیزمــدا، شــیاوی بەدیهــاتن نیــیە لە دەرەوەی هاوپەیمانێتیی پرۆلیتاریا و جوتیارە هەژارەکان، لەژێــر ڕابەرایەتیــی سیاســیی پرۆلیتاریــا و لە ڕێــگەی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە.

ســەرکەوتنی شــۆڕش لە وڵاتێکــی دواکەوتــوودا و بە ســەرکردایەتیی پرۆلیتاریــا، هەر تەنهــا لە چوارچێــوەی چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی ئەو وڵاتەدا کورتنــابێتەوە، بەڵکــو ئەم ســەرکەوتنە پزیســکی پرۆسێســــی شۆڕشــــی بەردەوامە و مەیلــــی بەلای چارەســــەری ئەرکە مێژووییەکــــانی شۆڕشــــی سۆسیالیســــتییدایە، هاوکــــات هاندەرێکیشــــە بــــۆ درێژبــــوونەوەی شۆڕشــــی نێــــونەتەوەیی بــــۆ وڵاتە پیشەسازییە بالاکان و بەجێهێنانی ئەرکە ڕاستەوخۆکانی شۆڕشی سۆسیالیستی.

تــووڕەییەکی زۆر دامـدەگرێت کاتێک دەبینم کەسێکی وەک (گــی مــۆلییە)، ئەو کــاتەی ســەرۆک وەزیرانێکــی سۆسیال دیموکراتی فەڕەنسای ئیمپریالیست بوو، وانە و ئامۆژگاریی سـەبارەت بە ئینتەرناسـیۆناڵ پێشکەشـدەکات و ڕایـدەگەیەنێت ئەو جەزائیرییـانە کەوتـوونەتە هەڵەوە کە لە سەدەی بیستەمدا داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکەن، لە ڕۆژگارێکدا کە خەریکە ئایدیای نەتەوە کۆن و سـواو دەبێــت. هەر کەســێک تۆزقاڵێــک هەســت و ئەندێشــە و بیرکردنەوەی درووستی هەبێت دەتوانێت وەڵامی جەنابی (گـی مـۆلییە) بـداتەوە و بڵێـت: "ئـای لەم بیـرۆکە نایـابە؛

بیرۆکەیەک کە دەڵێت نەتەوەیەک کاتی بەسەرچووە! ئەی جەنابت بۆ دەستپێشخەر نابیت و باز بەسەر بیرۆکەی نەتەوەی فەرەنسییدا نادەیت؟ بۆچی لەپێشەوە داوا لە نەتەوەی ستەملێکراو دەکەیت ئایدیای نەتەوەیی تێبپەڕێنێت و بازی بەسەردا بدات، لەکاتێکدا تۆ وەک سەرکردەی دەوڵەتێکی کۆلۆنیال و چەوسێنەر، پێویستە دەستبەرداری ئەو ئایدیای نەتەوەییە ببیت؟". هەرچۆنێک بێت ناکرێت تەگبیر و دانایی لە کۆیلەوە بێت. ئەوە کۆیلە نییە کە دەبێت داوای لێبکرێت لەمڕۆ بەدواوە واز لە پەنابردن بۆ توندوتیژی بهێنێت بۆ ئازادبوون لە کۆت و بەندەکانی. ئەگەر ئێمەش بمانەوێت بە هەمان ئەم زمانە قسەبکەین، دەبێت سەرەتا داوا لە جاش و کاسەلێس و خاوەن کۆیلەکان بکەین دەستبەرداری ستەم و چەوساندنەوە ببن، و چیتر لە ڕێگەی توندوتیژییەوە پارێزگاریی لە چەوساندنەوە و ستەمکاریی خۆیان نەکەن. ئیتر دواتر دەبینی چی دەبێت.

من ناتوانم هەرگیز هاوسۆز بم لەگەڵ ئەوانەی کە پەنجە بۆ هاوجووتی و یەکسانیی نێوان ناسیۆنالیزمی چەوساوەکان و ناسیۆنالیزمی چەوسێنەرەکان ڕادەکێشن. چەندێک ناسیۆنالیزمی چەوسێنەران نەخوازراو و نەویستراوە و توانای هیچ هەنگاوێکی نییە بەرەوپێشەوە، هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە، پێویستە لە بەرامبەردا کۆمەڵە خاڵێکی زۆر زیاتر بەهەند وەربگرین، کاتێک پرسەکە پەیوەست دەبێت بە ناسیۆنالیزمی چەوساوەکانەوە.

کاتێک باس لە گەلانی کۆلۆنیالی دەکەین –نەک هەر بەتەنها ئەو گەلانەی لەلایەن وڵاتێکی بێگانەوە داگیرکراون، ئەو گەلانەی لە داگیرگەیەکی دەرەکییدا نیشتەجێبوون، بەڵکو هەروەها کاتێک قسە لەسەر گەلانی داگیرگە ناوخۆییەکانیش دەکەین، هاوشێوەی زنجییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا – و چاودێریی بارودۆخی تراژیدیی ژیانی ئەم نەتەوە چەوساوانە دەکەین، هەروەها کاتێک دەبینین بوونەتە قوربانیی چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسی و ئەخلاقی و کولتووریی، ئەم چەوساندنەوە ئەخلاقی و کولتوورییەش زۆربەی کات گوزارشتە لە سەرخانی زەرووری بۆ بەردەوامبوون لە چەوساندنەوەی ئابووری و سیاسی، ئا لەو کاتەدا ناچاردەبم گوتەکەی **ترۆتسکی** لەبەرخۆمەوە بڵێمەوە کە دەڵێت: "لەدایکبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو ناسیۆنالیزمێکدا کە گیرۆدەی چەوساندنەوەیە، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون نەک هەر لە ئیمپریالیزمی ئابووری و سیاسی بەتەنها، بەڵکو لە ئیمپریالیزمی کولتوورییش، هەنگاوی یەکەمن لە ڕێگەیاندا بەرەو شکۆی مرۆڤانەیان، ئیدی ئەوکات دەتوانین بڵێین پێشکەوتنێکی مەزن بەسەر مرۆڤایەتییدا هاتووە.

پێویستە ئەوە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە بارودۆخی کۆیلە ڕەشپێستەکان لە سەدەی نۆزدەدا چۆن بووە. پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە دۆخی جوتیارە ڕەشپێستەکان چۆن بووە پاش جەنگی جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،

هەتاوەکو تێبگەین کە ڕابوون و سەهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لای ئەم توێژە مرۆڤە، کەگیرۆدەی دەستی چەوساندنەوە و ستەم بوون، هەموو ئاستێک تێدەپەڕێنن و گوزارشت لە پێشکەوتنێکی مەزن دەکەن. ئەمە قۆناغێکە بواری دەرچوونی تێدا نییە بەهیچ جۆرێک، و بواری دەستبەرداربوونی نییە هەتاوەکو لە چەردەیەکی داهاتوودا، بوارێک دێتە ئاراوە بۆ یەکانگیربوونی ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە چەوساوانە لەناو مرۆڤایەتییەکدا، کە دواجار دەگاتە یەکبوون.

ئینتەرناسیۆنالیزم سەردەکێشێت بۆ توانەوە و ئاوێزانبوونی نەتەوەکان لەناو کۆمەڵگەیەکی جیهانیی بەدەر لە چینایەتییدا. بەڵام ئەم ئاوێزانبوونە دەرئەنجامی یەکسانبوونی نەتەوەکانە، ئەم یەکسانییەش پێویستە سەرەتا و پێش هەر شتێک بەدیبێت. بەڵام *مادام نەتەوەکان یەکسان نین، ئەوا هەرگیز ئاگایی نەتەوەیی لای [نەتەوە] چەوساوەکان ناپوکێتەوە*، لەبەرئەوەی خۆشبەختانە هیچ هێزێک نییە بتوانێت بڵێسەی ئاگری یاخیبوون و شۆڕش دامرکێنێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەرگیز بە شێوەیەکی پاسیڤانە ستەم و نایەکسانی قبوڵناکرێت لە هیچ شتێکدا.

**ماکسیم ڕۆدنسۆن:**

دەمەوت چەند قسەیەک بکەم سەبارەت بە دوو سێ خاڵ لەوانەی مەندڵ وروژاندنی. بەڵێ ئەو ڕاستە و ڕەخنەکەی لە جێگەی خۆیدایەتی لە من، سەبارەت بەو

فۆڕمولەیەی من لە مارکسەوە گێڕامەوە و گوتم ئەو [واتە مارکس] باسی لە ئابووریی بەدەوڵەتیکراو کردووە. لەڕاستیدا زمانم ناپاکیی لێکردووم و مەندڵ تەواو ڕاست دەکات. مارکس کاتێک وێنای داهاتوو دەکات، ڕوونییەکی ئەوتۆ نادات بەدەستەوە، لەم جێڕەوتەشدا هەندێک لە ئایدیاکانی –لانی کەم لە وردەکارییەکاندا- لێکدژ هاتوونەتەوە.

بەهەرحاڵ، مارکس پێشبینیی ئەوەی دەکرد دەوڵەت بە شێوەیەکی هێواش و لەسەرخۆ دەپوکێتەوە، بەوەش مادام ئەو بەرهەمهێنانەی لەسەر ئاستی بنکەی هاوبەشەکان بەشدارن لە هەرەوەزییەکانی شوێنی بەرهەمهێناندا، ئەوا بە هەمان شێوە، لانی کەم بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، هاوبەشییەکی بازنە فراوان لەنێوان ئەم یەکە بەرهەمهێنانەدا دێتەئاراوە. مەبەست لەمەش بەزەروورەت دەوڵەت نییە، بەگشتی شتەکە تەواو ڕوون نییە [لای مارکس].

ئەوەی لە مارکسەوە هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە کە فاکتەرەکانی ئەنتاگۆنیزمی چینایەتیی ئەو قۆناغەی ڕووننەکردۆتەوە، ئەمەش بە پێچەوانی (**باکۆنین**)ەوە (چەندین نووسراو و تۆمار هەن کە ئەمە ڕووندەکەنەوە و لە پەراوێزی یەکێک لە کتێبەکانی باکۆنیندا نووسراون)، پێموایە لێرەدا باکۆنین دیووی ڕاستەقینەی شتەکانی بینیوە، کاتێک دەڵێت: "لەو پڕۆژەیەی بەڕێز مارکس

(یــاخود دکتــۆر مــارکس) بــۆ کــۆمەڵگە ئامــادەیکردووە، بەدڵنیاییەوە چینە تازەکە چینەکانی دیکە دەچەوسێنێتەوە.

مارکس، کە بیرمەندێکی مەزنە و هەموومان هاوکۆکین لەسـەرئەمە، لە تێبینییەکـی بچـووکی پەراوێزییـدا وەڵامـی دەداتەوە و دەڵێــت: "ئەگەر جەنــابی بــاکۆنین بەتەنهــا ئاگـاداری دۆخـی بەڕێـوەبەری هەرەوەزییەکـی کرێکـاران بێت، ئەوا سەرجەم ئەو دێوەزمە و مۆتەکانە دەخـاتە لاوە کە لەسـەر دەسـەڵات هەیەتـی"[57]. ئەمەش بەو مانـایە دێـت کە گـۆڕانی دۆخــی کرێکــار، کاتێــک لەنــاو چوارچێـوەی کـۆمەڵگەی سـەرمایەدارییدا و لەسـەر ئاسـتێکی بچـوک و بەشەکیی دەگاتە ئازادبوون، گۆڕانێکە بەبێ هـیچ مـاف و هـیچ پاسـاوێک —لەبەرئەوەی مـرۆڤ، وەک مـارکس خـۆی لە چەندین بۆنەدا باسی لێوە کردووە، بە زەین کوێرییەوە لەبەردەم کێشـــــــەیەکدا دەوەســـــــتێت کە بەتەواوی گرنگیپێدانەوە وروژاندوویەتی- بـۆ کـۆمەڵگەی داهـاتوو و باڵکێشانی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە بە شێوەیەکی میکانیکی.

خاڵی دووەم کە دەمەوێت باسی لێوە بکەم، سـەبارەت بەو حاڵەتـــــــانەیە کە نەتەوەیەک ســـــــەرتاپا لەلایەن نەتەوەیەکـــی دیـــکەوە دەچەوســـێندرێتەوە و ســـتەمی لێـدەکرێت. پێشــتر مەنــدڵ باســی لە هەردوو نمــوونەی ئێرلەنـدا و پۆڵەنـدای کـرد لە ئەوروپـا. هەروەهـا چەنـدین حــاڵەتی ڕوون و ئاشــکرای کۆلۆنیــاڵیی بوونیــان هەیە.

---

[57] بـڕوانە لە هینـری مـایەر (مـارکس دەربـارەی بـاکۆنین؛ دەقێکـی فەرامۆشکراو)، بڵاوکراوەتەوە لە "لێکۆڵینەوە مارکسۆلۆژییەکان".

پێموایە باسکردن لەوەی پرۆلیتاریا هیچ بەرژەوەندییەکی ڕاســـــتەقینەی لەم کـــــۆنترۆڵ و دەســـــــەڵات و چەوساندنەوەیەدا نییە، جۆرێکە لە پەردەپۆشکردنی ئەم واقیعە.

مـارکس بـاس لەو ئەرکە پیـرۆزە دەکـات کە لەسـەر شانی پرۆلیتاریاکانە بۆ خەبات دژ بە چینی بۆرژوازیی نەتەوەکەی خۆیـــان کاتێـــک نەتەوەیەکــــی دیـــکە دەچەوسێنێتەوە، ئەمە باسێکە و جێگەی لەسەر وەستانە، لەبەرئەوەی مارکسیستەکان، هەر لە خودی مارکسەوە، ڕاهاتبوون لەسەر نکۆڵیکردن لە هەر ڕێسایەکی ئەخلاقیی سەربەخۆ. مارکس دەیویست هاوار بکات و بڵێت ئەوەی دەیجوڵێنێت و پاڵی پێوەدەنێت پاڵنەر ئەخلاقی نییە – ئەوەی زۆر مارکســـــی تــــوڕەدەکرد و تائێســــــتاش مارکسیســـــــتەکان توڕەدەکــــات، ئەوەیە بگوترێـــــت مارکسیستەکان چاو لە نموونەیەکی باڵا دەکەن- بەڵام من ئەندێشەی ئەوە دەکەم قسەکردن [ی مارکس] دەربارەی ئەرکێکی پیرۆز، خۆی لەخۆیدا قسەیەکی ئەخلاقییە.

شتەکە هەرچۆنێک بێت، مارکس پێیوابوو خەبات دژ بە کۆلۆنیـــالیزمی ئینگلیـــزی، لە بەرژەوەنـــدیی کرێکـــارانی ئینگلیزە، بەڵام من قەناعەتم بەوە نییە. هەر بەڕاستیش من پێموایە لە چەندین دۆخی جیاجیادا، سەرتاپای گەلێک بەرژەوەنــــدیی لەوەدایە ســــەرتاپای گەلێکـــــی دیـــکە بچەوسێنێتەوە، بەتایبەت لە حاڵەتە کۆلۆنیالییەکاندا. وەک ئەوەی لە ئەندێشـــەی منـــدایە، گومـــان لەوەدا نیـــیە کە فەڕەنسییەکانی جەزائیر بۆ نموونە، پێڕەشەکان (Pied-

Noir) لە جەزائیــــر، بەکـــۆی گشــــتی و بە شـــێوەیەکی بەکـۆمەڵ، بە بچـوکە بچوکەکانییـانەوە، بەرژەوەنـدییان لەوەدا بوو پارێزگاریی لە ئیمتیازاتەکانیان بکەن بەرامبەر جەمـاوەری عەرەب و دەشـتەکی، دواجـار بەرژەوەنـدییان لە چەساندنەوەی ئەم جەماوەرەدا بوو.

هەروەهـا دەتـوانین بڵێـین کە جڤـاتی ڕەشپێسـتەکان لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، بەکۆی گشـتی، جڤـاتی ڕەشپێسـتەکان دەچەوسێننەوە. هەروەهـا پێویسـتە لێـرەدا ئاماژە بە هەندێک جیاوازی و حاڵەتی ئاوارتە بدەین، بۆ نمـوونە بـۆرژوازیی ڕەشپێسـت، بەڵام شـتەکە بە گشـتی وەک ئەوەیە کە گوتمان. پێموایە –تکادەکەم با هەندێک لە هاوڕێیانمـان نـیگەران نەبـن– هەمـان شـت بە شـێوەیەکی گەورە لە فەڵەستینیش دەگوزەرێت[58].

ئێـوە دەزانـن کە لەنێـو "پـێ ڕەشـەکان"ی جەزائیـردا، زۆرێکیـان لە هەڵبژاردنەکانـدا دەنگیـان بە سۆسیالیسـت و کۆمۆنیســـتەکان دەدا، پاشـــان دەبـــوونە ڕەگەزی هەرە ڕێکخراو لەناو "ڕێکخراوی سوپای نهێنی"دا. پێش ئەوەش هەر ڕێکخراو بوون، ئەوکات کۆمۆنیستەکانی میسر داوای مافی خۆیان دەکرد لە بۆرژوازیی میترۆپۆلیی فەڕەنسیی.

---

[58] ئەم هەڵوێستەی ڕۆدنسۆن جێگەی ڕێز و ستایشـە، لەبەرئەوەی تەنهـا بەشـێکی کەم لە چەپەکـانی ئەورووپـا درک بەوە دەکەن کە جەوهەری ململانێـی عەرەب–ئیسـرائیل بـریتییە لە چەوسـاندنەوەی سـەرتاپای نەتەوەیەک لەلایەن سـەرتاپای نەتەوەیەکـی دیـکەوە. تەنـانەت بەشـێک لە "چیـنگەرا" چەپە عەرەبەکـانیش لەم سـاڵانەی دواییدا بە فەرامۆشییان سپاردووە. (و. ع).

لە داواکارییاندا بۆ بەردەوامبوونی ئیمتیازاتەکانیان وەک چەوسێنەری جەماوەری عەرەب و دەشتەکی.

من لای خۆمەوە تەواو هاوڕام کە دەبێت جیاکارییەک بکرێت لەنێوان ناسیۆنالیزمی گەلانی ستەملێکراو و گەلانی ستەمکاردا. بەڵام ئەوەی دەمەوێت زیاتر جەختیلێبکەمەوە، زیاتر سەبارەت بە داهاتووە وەک لە ئێستا، بەرامبەر هاوڕێیانم لە جیهانی سێ بەگشتی و جیهانی عەرەبی بەتایبەتی، ئەوەیە کە کاتێک مرۆڤ "چەوساوە" دەبێت — وەک ئەوەی لە حاڵەتی جولەکەکاندا بینیمان بە نموونە- مەرج نییە ئەم چەوساوەییە زامن و پارێزبەندییەک بێت هەتاوەکو لەداهاتوودا نەگۆڕێت بۆ "چەوسێنەر". دەمەوێت زیاتر جەخت لەوە بکەمەوە کە نابێت مرۆڤ بێباکانە لێی دابنیشێت و بڵێت مادام ئێستا چەوساوەم ئیدی نابمە چەوسێنەر. ئەو ویژدانە ئاسودەیەی جولەکەکان بەجۆرێک تورەم دەکات، کە ڕێگە بە خۆم بدەم لای نەتەوە و گەلانی دیکە بەر ڕەخنە و قسەی بدەم.

نموونەی پۆڵەندامان لەبەردەمدایە. لە سەدەی نۆزدەدا، لە چاوی سەرجەم لیبراڵەکان و دیموکراتخوازەکان و سۆسیالیستەکانی ئەوروپاوە، پۆڵەندا حاڵەتێکی نموونەیی نەتەوەیەکی چەوساوە بوو، کە شایەنی ئەوەبوو مرۆڤ خۆی لەپێناویدا بکاتە قوربانی. بەڵام هەر ئەوەندە ڕزگاریبوو، ئیدی ڕاستەوخۆ کەوتە چەوساندنەوەی ئەوانی دیکە.

لەم بارەیەوە دەمەوێت دوو تێکستی زۆر کورتی (**لینین**)تان بۆ بخوێنمەوە، لەبەرئەوەی لەو تێکستانەن کە

کەم دێنە بەردەست و هیچ کەسێکی وەها ناگەڕێتەوە سەریان. یەکێک لەو نامیلکانەی لە مۆسکۆ بە فەڕەنسی دەرچووە و دواتر لە فەڕەنسا و لەلایەن "بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان[59]"ـەوە سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆی چوار وتار دووان لە وتارەکانی سڕدراونەتەوە. ئایا هۆکاری سڕینەوەیان ئەوە بووە کە ئەو دوو وتارە چەند بڕگەیەکیان تێدایە کە دەبێتە مایەی ئیحراجبوونی هەندێک لە مارکسیستەکان، بەتایبەت کۆمۆنیستە ستالینییەکان، بەڵام هاوکات پاڵنەرێکی تێدایە بۆ بیرکردنەوەی هەموو لایەک بە بڕوای من؟ لەڕاستیدا کەم کات هەبووە ئایدیایەکی بەم شێوەیە ڕوون لەلایەن لینینەوە سەبارەت بە قۆناغی پاش شۆڕش باسبکرێت:

*"لەژێر سایەی سەرمایەدارییدا، هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی (ستەمی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی) ئەستەمە. هەڵگرتن و هەڵوەشاندنەوەی ستەمی نەتەوەیی پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی چینەکانە، واتە بونیادنانی سۆسیالیزم. بەڵام سۆسیالیزم، کاتێک جەخت لەسەر ئابووری دەکاتەوە، لەڕاستیدا گەڕانەوەیەکی ڕووت نییە بۆ ئابووری. بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، دەبێت بنەمایەک بوونی هەبێت: بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی؛ بەڵام هێشتا پێویستە دەوڵەت بە شێوەیەکی دیموکراسی لەسەر ئەم بنەمایە دابمەزرێت،*

---

[59] بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان: خانەیەکی بڵاوکردنەوە بوو، کە بە شێوەیەکی نیمچە فەرمی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی بوو. (و. ع).

*سوپا دیموکراسی بێت و ...هتد. پڕۆلیتاریا، بە گۆڕینی کەپیتالیزم بۆ سۆسیالیزم، بوار و گریمانەی هەڵوەشانەوەیەکی گشتگیری چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەخولقێنێت؛ بەڵام ئەم گریمانەیە تەنها –تەنها!- کاتێک دەبێتە فاکت و حەقیقەتێکی واقیعی، کە دیموکراسییەکی پڕ و تەواوکار لە سەرجەم مەیدانەکاندا چێبکرێت*[60]*، تەنانەت بە دەستنیشانکردنی سنوورەکانی دەوڵەت بەگوێرەی "هەست و ویست"ی دانیشتوان، تەنانەت بە ئازادیی جیابوونەوەی تەواوەتیشەوە"*[61]*.*

هەرچەندە پەرەگرافەکە پوختەیەکی کورتە، بەڵام کاتێک لێی ڕادەمێنیت و بە قووڵیی دەیخوێنیتەوە گرنگیی و بایەخی خۆی هەیە. بڕگەیەکی کورتی دیکە هەیە، کە لەوێدا **لینین** دەگەڕێتەوە بۆ نامەیەکی (**ئەنگڵس**) بۆ (**کاوتسکی**) لە سێپتەمبەری 1882، لەوێدا ئەنگڵس پێشبینیی ئەو قۆناغە دەکات کە تێیدا شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئەوروپا ڕوودەدات. لە میانەی ڕوانگەی ئەنگڵسەوە بۆ قۆناغەکە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەوروپا

[60] بەڵام ئەمە تەنها بە شێوەیەکی میکانیکی و بە ئابوورییەکی بەناو سۆسیالیستی دانامەزرێت. (ڕۆدنسۆن).

[61] "پوختە و دەرئەنجامەکانی گفتوگۆ دەربارەی مافی نەتەوەکان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان" (١٩١٦)، بڵاوکراوەتەوە لە (ڤ. ئ لینین، چەند تێبینییەکی ڕەخنەیی دەربارەی پرسی نەتەوەیی)، مۆسکۆ، لا ١٣٨. هەروەها لە (کۆبەرهەمی لینین، بەرگی ٢٢، پاریس: بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، و مۆسکۆ: خانەی بڵاوکردنەوە بە زمانە بیانییەکان، ١٩٦٠، لا ٣٤٩).

سەرتاپا دەگاتە پێشکەوتنێکی بێپایان، ئەگەری ئەوەش هەیە وڵاتانی دیکە، وڵاتە داگیرکراوەکان (کۆلۆنییەکان)، لەم سۆسیالیزمە تێنەگەن، هەربۆیە بەر نەفرەتی دەدەن و دژی دەبن:

*"ئەو قۆناغە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە کامانەن کە پێویستە ئەم وڵاتانە پێیاندا بڕۆن پێش ئەوەی خۆیان بگەنە ڕێکخستێکی سۆسیالیستییانە [ی کۆمەڵگە]؟ پێمwایە لەمڕۆدا ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، تەنها مەگەر لە ڕێگەی گریمانە و خەملاندنی بێسوودەوە. بەڵام شتێک هەیە گومان هەڵناگرێت، وەک ئەوەی ئەنگڵس دەڵێت، ئەویش ئەوەیە کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو، ناتوانێت خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بەسەر گەلێکی بێگانەدا بسەپێنێت، بەبێ ئەوەی رووبەڕووی مەترسیی خودی سەرکەوتنەکەی نەبێتەوە".*

وەک لینین ڕاڤەی دەکات، ئەنگڵس بەهیچ جۆرێک باوەڕی بەوە نەبووە کە "فاکتەری ئابووری لای خۆیەوە بەسە بۆ سەرکەوتن بەسەر بەربەست و نارەحەتییە راستەوخۆکاندا. شۆڕشی ئابووری هاندەری هەموو وڵاتانە بۆ ڕووکردنە سۆسیالیزم؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ڕوودانی شۆڕش و جەنگ دژ بە وڵاتە سۆسیالیستییەکان دەبێت. گومان لەوەدا نییە کە سیستەمی سیاسی هەرچۆنێک بێت لەگەڵ سیستەمە ئابوورییەکەدا خۆی دەگونجێنێت، بەڵام ئەمە هەمووی بە یەک جار و بە یەک هەنگاوی ڕاستەوخۆ و بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە نابێت. بە دیدگای ئەنگڵس "ئەوەی

حاشــاهەڵنەگرە و جــێگەی گومـــان نیـــیە" بـــریتییە لە پڕەنســـــــیپێک، کە ســـــــەرچاوەکەی دیـــــــدگای ئینتەرناسیۆنالیستیی ئەنگڵســە و بەســەر هەمـوو "گەلانی بیانی"دا جێبەجێدەبێت، نەوەک هەر تەنها بەسـەر گەلانی داگیرکــراودا، ئەویــش ئەمەیە: ســەپاندن و چەســپاندنی خۆشـــگوزەرانی، بە مانـــای ئەوە نـــایەت پرۆلیتاریـــا ڕووبەڕووی مەترســی دەبێــتەوە. پرۆلیتاریــا، هەر تەنهــا لەبەرئەوەی شۆڕشــی کۆمەڵایەتیی بەرپاکردووە، پیـرۆز نیــیە و ناکرێـــت پیـــرۆز بکرێـــت و پـــارێزراو نیـــیە لە ڕووبەڕووبـــوونەوەی هەڵە و لاوازی. بەڵام ئەو هەڵانەی دێنەپێش (و ئەو بەرژەوەندییە نامەردانەیەی پاڵنەرێکە بۆ بەپەیژەکردنی ئەوانی دیکە و ڕۆیشتن بەسەر پشتیاندا) [دوای شۆڕشــی سۆسیالیســتی (تێبینیــی ڕۆدنســۆن)]، بە بێگومان دەیگەیەنێت بە ئاشنابوون بەو حەقیقەتە"[62].

پێموایە ئەم تێکستانە، لە سنوورێکی دەستنیشـانکراودا، دان بەوەدا دەنێن کە چارەسەری کێشەی چینەکان، نـابێتە چارەســـــەرێکی ئۆتۆمـــاتیکیی بـــۆ تەواوی کێشـــــە نەتەوەییەکان.

---

[62] "پوختە و دەرئەنجامەکانی گفتوگۆ دەربارەی مافی نەتەوەکان بۆ دەستنیشـانکردنی چارەنووسـی خۆیـان" (١٩١٦)، بڵاوکـراوەتەوە لە (ڤ. ئـ لینین، چەند تێبینییەکی ڕەخنەیی دەربارەی پرسی نەتەوەیی)، مۆسکۆ، لا ١٧١. هەروەها لە (کۆبەرهەمی لینین، بەرگی ٢٢، پاریس: بڵاوکراوە کۆمەڵایەتییەکان، و مۆسکۆ: خانەی بڵاوکردنەوە بە زمانە بیانییەکان، ١٩٦٠، لا ٣٧٩).

قســـەیەکی کـــورتی دیـــکە هەیە، کاتێـــک دەگوترێـــت (بێگومـــان لە ڕوانگەیەکـــی مێـــژووییەوە وەک لێـــرەدا گـــوتراوە)، ئیســـڕائیلییەکان چەوســـاوەن لەبەرئەوەی فەڵەستینییەکان دان بەوەدا نانێن مافی بوونی قەوارەیەکی نەتەوەییان هەبێت، لەم ڕۆژگارەدا ئەم چەوساندنەوەیە بە ئاستێک زۆر ئەبستراکتیزە کراوە. دەبێت لەوە تێبگەین کە ئەگەر ئیسرائیلییەکان گیرۆدەی دەستی چەوساندەوەیەکی ئەبســتراکتن، بگــرە بەجۆرێــک لەوپەڕی ئەبســتراکت و داماڵیندایە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی خۆیان کە لەســەرەتاوە وەک چەوسێنەرێک مامەڵەیان کردووە، هەرچەنـــدێک ئەوەیـــان [دەستپێشـــخەریی ســـتەم و چەوساندنەوە لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە] گرانە تەحەمول بکرێت[63].

---

[63] لێـرەدا (ڕۆدنسـۆن) وەڵامـی (مەنـدڵ) نـاداتەوە، بەڵکـو وەڵامـی ڕۆژنامەنووسـێکی "چەپ"ی ئیسـرائیلی دەداتەوە بە نـاوی (ڤیکتـۆر سیگلمان). ئەو ڕۆژنامەنووسە لە گفتوگۆیەکدا گوتبووی:

"یەکێـک لەو هەڵە بـاوانەی ئەو کەسـانە تێیـدەکەون کە دەیانەوێـت ناکۆکییەکانی ئیسـرائیل-فەڵەسـتین لە کۆمەڵە گوتە و درووشـمێکی سنووردااردا پۆلێنبکەن، دروشمی چەوسێنەرەکان و چەوساوەکان، ئەوانەی دەیانەوێت لەنێو ئەو چەوسـاوە و چەوسـێنەرانەدا ئەوانە بدۆزنەوە کە قسە بە زمانی نەتەوەی ستەملێکراو دەکەن، یان قسە بە زمانی نەتەوەی ستەمکار دەکەن، ئەوا لەڕاستیدا نەچوونەتە ناو هەمـوو ئـاڵۆزیی و قـووڵایی کێشـەکەوە... بـاوەڕم وایە تایبەتمەندیی نـــاکۆکیی ئیســـرائیل-فەڵەســـتین خـــۆی لەوەدا دەبینێـــتەوە کە ئیســـرائیلییەکان و فەڵەســـتینییەکان بە هەمـــان قەبـــارە لە بـــازنەی بەرامـــبەردا بوونیـــان هەیە. ئیســـرائیل عەرەبە فەڵەســـتینییەکان

له لایەکـــی دیـــکەوە، ســـوکایەتیکردن بە جولەکەکـــان بەوەی بێگـــانەن لە ڕوســـیا، هاوشـــێوە نیـــیە لەگەڵ ئەو ســـــوکایەتییەی پێیـــــان دەکرێـــــت گـــــوایە بێگـــــانەن بە فەڵەســـتین[64]. دوو بـــاری تەواو لێکجیـــاوازن. لەڕاســـتیدا جولەکەکانی ڕوسیا بەشێکن لە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو وڵاتە، تەنانەت ئەگەر بە ڕەچەڵەک دوور و بێگانەش بن؛ واتە کەمینەیەکی بەدبەخت پێکدەهێنن. بەڵام لە فەڵەستین شتەکە تەواو جیاوازە.

هەڵوێستی من بەو جۆرە نییە کە وەک باوەڕ باوەڕم بە پرۆگرام و بەرنامە و ستراتیژی فەڵەستینییەکان هەبێت

---

دەچەوسێنێتەوە... هاوکات خودی ئیسرائیل خۆی گیرۆدەی دەستی جۆرێـک لە چەوســاندنەوەیە بە حکـومی ئەوەی جیهـانی عەرەبـی، بەتایبەت گەلی فەڵەستینی، نکۆڵی لە مافی بوونی گەل و نەتەوەی ئیسرائیل دەکەن... پێموایە ئەم پەیوەندییە دوالیستییە، بەجۆرێک کە ئیســـرائیلییەکان لە هەمـــان کاتـــدا چەوســـاوە و چەوسێنەریشـــن، فەڵەستینییەکانیش لای خۆیانەوە چەوساوە و چەوسێنەرن، مەودای ئاڵۆزیی کێشەکە دەردەخات".
لێـــرەدا ڕۆدنســـۆن وەڵامـــی ئەم تێـــزە 'دیـــالەکتیکییە"ی ســـیگڵمان دەداتەوە.

[64] لێرەشدا دیسان ڕۆدنسۆن وەڵامی سیگڵمان دەداتەوە. سیگڵمان لە گفتوگۆیەکدا گوتبووی ئەگەر عەرەبەکان وەک "بێگانە" لە جولەکە دەڕوانـــن، ئەوا دیســـان چەوســـاندنەوەیەکی دیـــکە ڕووبەرووی جولەکەکـان دەکەنەوە هاوشـێوەی ئەوەی جولەکەکـانی روسـیای قەیسەری گیریان خواردبوو بەدەستییەوە، هەم بەوپێیەی کرێکار بوون، هەم بەوپێیەی لە هەمان کاتدا جولەکەی بە ڕەچەڵەک بیانیی بوون. (و. ع).

(بەڵکو هەڵوێستی من ڕەخنەیەکی توندە بەرامبەریان)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بە شتێکی سادە و حاشەهەڵنەگردا بنێین، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی زایۆنیزمی سیاسی لە ساڵی 189٧ و پێش ئەوەش بە ماوەیەکی کەم، ئەوکاتەی (هێرزڵ) و ئەوانەی لەپێش هێرزڵەوە بوون دەیانگوت دەبێت فەڵەستین بکرێتە دەوڵەتێکی جولەکە، ئەو فەڵەستینەی ئەوکات وڵاتێکی تەواو عەرەبی بوو وەک چۆن دەڵێین فەڕەنسا فەڕەنسییە و بەلژیکا بەلژیکییە، پێموایە بۆ ئەو بەجولەکەکردنەی فەڵەستین تەنها دوو ڕێگە هەبووە و دەبێت بە یەکێک لەو دوو ڕێگەیە بکرێت: یان ملپێکەچکردن و ژێردەستەکردنی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی، یاخود دەرکردنیان. من نازانم ئایا بەدەر لەو دوو ڕێگەیە ئەو گۆرانکارییە چۆن دەکرێت. هەر بەفیعلییش ئەوە روویدا.

**ئێرنست مەندڵ:**

کۆمەڵێک پرسیاری زۆرم ڕووبەڕوو بۆتەوە، خۆشم چەندین تێبینیم لەلا گەڵاڵە بووە، بەتایبەت سەبارەت بە قسەکانی (گۆرێلی)، بەڵام ئەوکاتەی پێمدراوە بەس نییە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەوانە. تکایە زویر مەبن ئەگەر [بەهۆی وەڵامنەدانەوەوە] بەشێک لە ئامادەبووان بێهیوا بکەم، لەبەرئەوەی پێویستە لەسەرم لە ماوەی 10 خولەکدا وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە.

زۆر بە کورتی وەڵامی بەڕێز گۆرێلی دەدەمەوە، کە خۆی هەندێک پاشەکشەی لە قسەکانیدا کرد لە بەشداریی دووەمیدا، لەوەی پێشتر گوتبووی، سەبارەت بەو جیاکارییەی لینین لەنێوان دیالەکتیک و سەفسەتە کردوویەتی[65]. سەفسەتە لە دیالەکتیک جیاوازە، بەوپێیەی دان بەوەدا نانێت کە لە جیاکاریکردنی نێوان ڕەها و ڕێژەیی، شتێکی ڕەها هەبێت. سەفسەتە هەوڵدەدات سنووری نێوان هەموو گوتەزاکان و جیاکارییەکانی نێوانیان هەڵوەشێنێتەوە، هەموو شتێکیش، بەبێ هیچ ئاوارتەیەک، بکاتە ڕێژەیی. ئەوە دیالەکتیک نییە. دیالەکتیک هەموو شتێک ڕێژەیی ناکاتەوە، ئەوە دیالەکتیک نییە کە بۆ نموونە هەموو جیاوازییەکانی نێوان مەرگ و ژیان دەسڕێتەوە. دیالەکتیکدان بە بوونی حاڵەتی راگوزەردا دەنێت، هەروەها دان بەوەدا دەنێت گوتەزاکان دۆگما و چەقبەستوو نین و گاپێکی گەورە لەنێوانیاندا نییە، بەڵام گریمانەی ئەوەش ناکات کە هەموو

[65] (جۆرج گۆرێلی)، مامۆستای زانکۆی برۆکسل بووە، لە کۆڕبەندەکەدا بەشداریی کردووە و لە بەشداریکردنی دووەم جارییدا لە قسەکردندا، باسی لەوە کردووە هەندێک حاڵەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی هەن زۆر بە ڕوونی سیما و سنوورەکانیان دیارنییە، هەربۆیە بوارێکی باشی تێدا نییە بۆ جیاکارییکردنێکی ڕەها لەنیوان ستەمکاران و ستەملێکراوان، لەنێوان جەوسێنەران و چەوساوەکان، وەک ئەوەی لە ناکۆکییەکانی عەرەب-ئیسرائیلدا دەبینرێت. (و. ع).

جیاکـــارییەک هەیە لەنێـــوان گـــوتەزا گشـــتییەکان و لاوەکییەکان و نەبووەکان.

مـن هەرگیـز مشـتومڕ لەسـەر ئەوە نـاکەم حـاڵەتی ڕاگوزەر لەنێوان چەوساوەکان و چەوسێنەرەکاندا هەیە، بەڵام ئەمە بەهـیچ جۆرێـک بەو مانـایە نـایەت کە هـیچ جیاکـارییەک نەکەم لەنێـوان چەوسـاوە و چەوسـێنەردا، لەنیـوان ناسـیۆنالیزمی گەلـی چەوسـاوە و ناسـیۆنالیزمی گەلـی چەوسـێنەردا. گـۆرێلی لە بەشـداریی دووەمیـدا لە قسـەکردن، زۆر بە هۆشـدارییەوە تـوخنی جیاکـاردنەوەی ئەم سەفسەتەیە نەکەوت.

پاشـــان هەڵەیەکـــی رووتە بانگەشـــەی ئەوە بکرێـــت مارکس هەر لە سەرەتاکانییەوە خۆرئاوایی بووە، یاخود بانگەشـەی ئەوە بکرێت کە خـودی مـارکس تێگەیشـتنێکی ئەوتۆی نەبووە بۆ کێشەی گەلانی "جیهانی سێ"[66]. لێرەدا سێ نموونە دەهێنمەوە:

---

[66] گۆرێلی لە بەشداریی یەکەمیدا قسـەی لەسـەر ئەوە کرد مەیلێکی خۆرئـاوایی لەنـاو مارکسـیزمەکەی مارکسـدا هەبـووە، بگرە تەنـانەت باسی لە بوونی "تۆنێکی کۆلۆنیالیسـتی و تەنـانەت ڕاسیسـتیش" کرد لای مـارکس. لەمەشـدا (جـۆرج گرینبـاس)ی مارکسیسـتی بەلژیکیـی هـاوڕای بـوو، کە ئەویـش لە گفتوگـۆکەدا ئامـادەبوو و باسـی لە مەیلێکـی پەرگیریـی خۆرئـاوایی کـرد لەنـاو مارکسـیزمدا، هەروەهـا پرسـیاری دەربـارەی ئەوە کـرد کە ئایـا چەمکـی پرۆلیتاریـای خۆرئاوایی شیاوی ئەوەیە بەسەر جیهانی سێشدا جێبەجێبکرێت. (و. ع).

(1) هەڵوێستی مارکس بەرامبەر ڕاپەڕینی "سیپای"[67] سەد لە سەد پۆزەتیڤ بوو، کە تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین یەکەمین ڕاپەڕینی کۆلۆنیالی بوو لە سەدەی نۆزدەدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕابەرانی ڕاپەڕینەکەی سیپای لە فیودالەکان و خاوەن موڵکە نیمچە فیودالەکان بوون.

(2) هەروەها هەڵوێستی مارکس بەرامبەر ڕاپەڕینەکەی "تای بینگ"[68]یش سەد لە سەد پۆزەتیڤ بوو، کە یەکەمین موژدەدەری شۆڕشی چین بوو.

(٣) سەبارەت بە مۆجیکەکان (جوتیارە هەژارەکان)ی ڕوسیا، ناچارم بە هەردوو بەڕێزان گۆرێلی و هاوڕێ گرینباس بڵێم کە ئێوە هیچتان ئاگاداری هەڵوێستی مارکس نین بەرامبەر ڕوسیا، ئەگینا دەتانزانی کە مارکس، لە 10 ساڵی کۆتایی تەمەنیدا، بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە پێشتر مامۆستا ڕۆدنسۆن ئاماژەی پێدا، جەختی لەوە کردۆتەوە کە هیچ دوور نییە جوتیارە هەژارەکانی روسیا بەبێ تێپەڕین بە سەرمایەدارییدا راستەوخۆ بەرەو

[67] ڕاپەڕینێکی نیشتیمانیی بەناوبانگە لە مێژووی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییدا لە هیندستان لە ساڵانی ١٨٥٧-١٨٥٨، سیپای وشەیەکی پورتوگالییە و لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە، بەو سەربازە هیندییانە گوتراوە کە لە چوارچێوەی سوپای ئینگلیزدا کاریانکردووە.
[68] تای بینگ واتە (شانشینی ئاشتیی مەزنی ئاسمانی)، بزووتنەوەیەکی دژە فیودالی بوو، ساڵی ١٨٥١ لە چین سەریهەڵدا، دواتر سەریکێشا بۆ شەڕێکی بەرفراوانی جوتیارەکان، پاشان بەهۆی دەستتێوەردانی هێزی کۆلۆنیالیستی وڵاتە خۆرئاواییەکانەوە دامرکێندرایەوە. (و. ع).

کۆمـۆنیزم هەنگـاو بنـێن. ئەوە دوایـین هەنگـاوی مـارکس بـوو سـەبارەت بە نائامـادەیی ئەرکـی مێژوویـی جوتیـارە هەژارەکـانی ڕوسـیا. دواتـر سۆسـیال دیموکراتەکـان چاوێکیـان بەمەدا خشـاندەوە، لە بـنەڕەتەوە لەسـەرحەق بـوون. لەبەرئەوەی مـارکس چەنـدین مەرجـی بـۆ ئەو گریمـانەیە دانـابوو. مـارکس دەیگـوت: ئەگەر جڤـاتە گوندییەکان بەردەوام بن و بمێننەوە، ئەگەر پەرەسەندنی سـەرمایەداری بە خێراتـرین ڕادەی خـۆی نەبێـت، ئەگەر بەریەککەوتـنە ناوەکییەکـانی ئەم جڤـاتە نەتەقنەوە، ئەگەر دابەشـبوونی چینـایەتی ڕێـگەی خـۆی بەرەو گونـدەکانیش نەگـرێتەبەر، ئەگەر ئـابووریی نەختینەیـی هاوپشـتییە بنەڕەتیـیەکە تێکنەشـکێنێت، ئەوکـات هـیچ دوور نیـیە مۆجیکەکان (جوتیارە هەژارەکان)ی ڕوسیا –تەماشابکەن هاوڕێیـانی خۆشەویسـت، ئەو جوتیـارە هەژارە ڕوسـییە ترساو و دواکەوتووانەی مارکسی داماو مافی خواردون، پـێش ئەوەی تـۆمەتی ئەوە بـدرێتە پـاڵ ترۆتسـکی کە سوکایەتی بە جوتیارەکان کردووە- دەستپێشخەری بکەن بـۆ بونیادنـانی کۆمـۆنیزم لە ڕوسـیا. ئەم مەرجە مێژوویـانەی دەستنیشـانیکردون، لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نۆزدەدا بەرەو لەناوچوون چوون. ئەمە بەتەواوی ڕوونە. (پلیخـانۆف)یش سـەرلەنوێ چـاوی خشـاندۆتەوە بەم هەڵوێسـتەی مارکسـدا، لەبەرئەوەی لەڕاسـتیدا هەلومەرجەکـانی سـاڵی 1890، گەلێـک جیـاواز بـوون لە هەلومەرجەکانی ساڵانی 1860 و 1870.

ئێستا دێمە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی هاوڕێ (تسیکا[69])، کە لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە پرسیارەکەی پێشووترەوە. ئایا ئەوە تەنها مارکسیستەکان و مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و لینینیست و ترۆتسکیستەکانن، کە واقیعی ناسیۆنالیزمی وڵاتانی جیهانی سێیان کەشفکردووە لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە؟ بچن سەرجەم تێز و نووسراوەکانی "ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی" بخوێننەوە کە لە ساڵی 1920دا دەربارەی پرسی نەتەوەیی نووسراون؛ سەرجەم نووسینەکانی لینین بخوێننەوە کە پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و لە کاتی جەنگەکەدا نووسیونی، لە هەموو ئەوانەدا دەبینن کە دەرئەنجام و خاڵی نەگۆڕی سەرەکی بریتییە لە جیاکاریکردن لەنێوان ***جەنگە ناڕەواکان***، کە بریتیین لە جەنگە ئیمپریالیستییەکان و لەلایەن چینی بۆرژوازیی ئیمپریالیستەوە هەڵگیرسێندراون، هەروەها

---

[69] خانمێکی ئامادەبوونی دیکە بوو کە بەشداریی لە گفتوگۆکەدا کرد، بۆچوونی وەهابوو کە قسەکردن دەربارەی یارمەتیدانی ناسیۆنالیزم لەم ساڵانەی دواییدا گەلێک شێلگیرانەتر بووە، و بۆتە درووشمێکی گشتی؛ هەرچۆنێک بێت ئەگەر جیاکردنەوەی نێوان ناسیۆنالیزمی گەلی ستەمکار و گەلی ستەملێکراو ڕاست بێت، ئەمە بەو مانایە نایەت پشتیوانیی لە هەموو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانێکی ناسیۆنالیستیی گەلانی چەوساوە بکرێت بەبێ هیچ قەید و شەرتێک، جیاواز لەوەی مارکسیستەکان لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەیکەن و پشتیوانییەکی ڕەها لە ناسیۆنالیزمی جیهانی سێ دەکەن. (و. ع).

***جەنـــگە ڕەواکـــان***، کە بـــریتیین لە جەنگـــی ڕزگـــاریی نیشـــتیمانیی گەلانـــی چەوســـاوە. ئەمە هەر تەنهـــا لە نووسینەکانی لینیندا خاڵێکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو لە فاکت و دۆکیومێنتەکانیشدا ڕێژەیەکی نەگۆڕە. کاتێک ساڵی 192٥ یەکەم ڕاپەڕین لە مەغریب دژ بە کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی بەرپادەبێـــت، ئەو ڕاپەڕیـــنەی لەلایەن فیودالەکـــانەوە ڕابەرایەتیی دەکرا، پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی شەرەفی ئەوەی پێبـــڕا بەتەواویـــی پشـــتیوانییەکی بێمەرجـــی ئەم ڕاپەریـــنە بکـــات، لەڕاســـتیدا ئەوە تـــاکە کـــردەوەی ئینتەرناسـیۆناڵیی و دژە کۆلۆنیالیسـتیی بـوو لە هەمـوو مێژووی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسییدا، هەربۆیە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی و ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی بە ڕاستی و دروستی شانازی بەم کارەوە دەکەن. پاش ئەوە بە یەک ساڵ ڕاپەڕینێک لە ئەندۆنوسیا ڕوویدا، ئەوەبوو کۆمۆنیستە هۆڵەندییەکان و ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی سـەد لە سـەد پشـتیوانییان کـرد. پـاش سـاڵێکیش لەمە، شـــــەڕی ڕزگـــــاریخوازیی لە چـــــین دژ بە دەوڵەتە ئیمپریالیســتەکان دەســتپێکرد، دیســان ئینتەرناســیۆناڵی کۆمۆنیست سەد لە سەد پشتیوانیی کرد.

ســاڵی 19٣٧ پریشــکی ئــاگری جەنگــی چینۆژاپــۆنی هەڵگیرسا، کە لە بەرەی چینییەکاندا بکوژێکی ڕاستەقینەی کرێکاران (مارشاڵ چانگ کای چیک) ڕابەرایەتیی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرجەم ڕەوتەکـــانی بـــزووتنەوەی کۆمۆنیســـتی بەبـــێ ئـــاوارتە، بە ترۆتســـکی و ڕەوتـــی

ترۆتسکیستیشـــەوە، هەڵوێســـتی پشـــتیوانیی بـێ مەرجـی چینییـان گـرتەبەر دژ بە ژاپۆن، لەبەرئەوەی پێیـان وابـوو جەنگێکـــی ڕزگـــاریخوازانەی گەلێکـــی چەوســـاوە و ستـەملێکراوە، کە لەسـەر دەسـتی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان تەنگی پێهەڵچندراوە. بەڵام ئەگەر مۆری یەکسانیی بدرایە لە ناسـیۆنالیزمی ژاپـۆنی و چینـی، (کە ناسـیۆنالیزمی یەکەمیـان ناسـیۆنالیزمی چەتە و دز و ڕێگرەکـان بـوو، ناسیۆنالیزمی دووەمیش ناسیۆنالیزمی کۆیلە هەژارەکان بوو کە دەستیان بە ڕاپەڕین کردبوو)، ئەوا کارێکی هێندە بێمانا دەبوو کە هیچی کەمتر نەدەبوو لە نموونەی جەنگی جەزائیر و جەنگی ڤێتنام.

هیچ شتێکی تازە لەسەر ئەم ئاستە بوونی نییە. تاکە شـــتی تـــازە کە هەبێـــت، ئەگەر ڕێگەمبـــدەن بە نـــاوی گـروپەکەمەوە باسـی لێـوە بـکەم، ئەوەیە کە بـزووتنەوەی ترۆتسکیزم، لە دواداوابییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، واتە لە ســـاڵانی 1945-1948، لەنـــاو بـــزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانییدا تاکە ڕەوت بوو کە بە وەفاداریی بۆ ئەم هـێڵە مـایەوە، بەبـێ ئەوەی هـیچ سازشـێک بـۆ بەرژەوەندیی پێگەی سۆسیالیست ئیمپریالیستەکان بکات، کە ئەوکات خۆی دەبینییەوە لە پێگەی ستالینیستەکان و هەڵوێستی فەرمیی پارتە کۆمۆنیستەکان. هەر ئەمـانە بـوون پشـتیوانیی "یەکێتیی فەڕەنسییەکان"یان کـرد، هەر ئەمـانیش بـوون پشـتیوانیی داپڵۆسـینی ڕاپەڕینی 1945ی جەزائیریـــان کـــرد و بە ڕاپەڕینێکـــی فاشیســـتییانە

وەسفیانکرد. ئەمانە پێشنیاری ڕێگەچارەی جەنگییان خستەڕوو لە جەنگی هیندۆچینییدا، کە ئاگری بن کایەکەی حکومەتێک بوو وەزیری سەر بە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسیی تێدابوو. بەڵام ڕێکخراوە ترۆتسکیستەکان، بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک، هەر لەو ڕۆژگارەوە پشتیوانییان لە جەنگی ڕزگاریخوازانەی گەلی ڤێتنام و جەنگی ڕزگاریخوازانەی گەلی جەزائیر کرد، هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەر هێڵە فکرییەکەی خۆیاندا نەهێنا.

دەمەوێت وەڵامی پرسیارێکی دیکە بدەمەوە، کە پەیوەندیی بە پرسیارەکەی پێشووتریشەوە هەیە، مەبەستم پرسیارەکەی گرینباسە. پێموانییە چەمکی پرۆلیتاریا، بە شێوەیەک لە شێوەکان چەمکێکی تایبەت بە خۆرئاوا بێت. ئێمە بە ئەگەرێکی زۆرەوە قسە لەسەر دوو شتی تەواو جیاواز دەکەین. ڕەنگە چەمکی پرۆلیتاریا لای تۆ لە جەوهەردا چەمکێکی ئایدۆلۆژی بێت، بەڵام لای من چەمکی پرۆلیتاریا چەمکێکی بابەتییە (ئۆبێکتیڤە). بە دیدی من ***کەسی پرۆلیتاریا، مرۆڤێکە ناچارە لەژێر قامچیی فشارە ئابوورییەکەدا، هێزی کاری خۆی بفرۆشێت***. ئیدی ئەمە بەسەر پرۆلیتاریایەکی هیندیی، یاخود پرۆلیتاریایەکی ئەفریقیای باشوور، یاخود میسر و کۆنگۆدا جێبەجێدەبێت، هەروەک چۆن بەسەر پرۆلیتاریای فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئەمریکییدا جێبەجێدەبێت.

بەڵگە و ئارگومێنتەکەشم ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک نییە لە جیهاندا، تەنانەت دورگەیەکی ناو زەریای هیمن، یاخود

وڵاتێکی دواکەوتوو و دوورەدەستی ئەم جیهانە بوونی نییە کە پیشەسازیی مۆدێرنی پێگەیشتبێت و لەئەنجامی ئەوەشدا پرۆلیتاریا دروستبووبێت، بەڵام مانگرتن تێیدا ڕووینەدابێت و ململانێ نەکەوتبێتە نێوان کرێکاران و خاوەن کارانەوە، و کرێکاران هەوڵی خۆیان نەخستبێتەگەڕ بۆ دروستکردنی سەندیکاکان. هیچ وڵاتێک نییە لەم جیهانەدا ڕیزپەڕ بێت لەم ڕێسایە! لێرەوە جەخت لەوە دەکەمەوە کە چەمکی پرۆلیتاریا شیاوی ئەوەیە لەسەر ئاستێکی جیهانیی بەکاربهێندرێت. بەڵێ دەتوانین قۆناغە یەک بەدوای یەکەکانی دروستبوونی هۆشیاریی چینایەتی لە یەکتر جودابکەینەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ڕابوونی جیهانیی پرۆلیتاریا (کە بەشێک لە ئێمە لەدوای ئایاری شەستوهەشتەوە ئاهەنگی بۆدەگێڕین، یاخود تەنانەت پێش ئەوەش) کاریگەرییەکانی گەیشتۆتە وڵاتی هیندستانیش. ئێستا دەزانین کە کرێکارانی پیشەسازیی چنین لە بۆمبای، کە بریتیین لە (٢٥٠-٣٠٠ هەزار) کەس و هەموو لە یەک لقی پیشەسازی و لە یەک شاردا کاردەکەن، هاوشێوەی کرێکارانی کارگەی ئوتۆمبێلی "فیات" ئەنجومەنیان دروستکردووە بۆ نوێنەرەکانی خۆیان، کە هەر لەناو کارگەکاندا هەڵدەبژێردرێن، هەتاوەکو خاڵێکی ڕابەرایەتیی بدەنە خەباتە چینایەتییەکەیان. تکایە لەم فاکتانە قووڵببنەوە و تێبگەن لەوەی چەمکی پرۆلیتاریا چەمکێکی گشتگیر و جیهانییە و کاتێک لەگەڵ هەلومەرجە

ماتریاڵییەکـان، لەگەڵ هەلـومەرجە مێژووییەکانیـدا هاوتـا دەبێت، ئەم چەمکە جێگەی خۆی دەگرێت.

ســـەبارەت بە کـــار و بەرهەمە مارکسیســـتییەکان، کە باس لەوە کرا لەدوای ساڵی 1930ـەوە بوونیان نەماوە[70]، مـن لێـرەدا دیـارییەک پێشـکەش بەو کەسـانە دەکەم کە هەتـاوەکو ئێسـتا نەیانتوانییە بەتەواوی خۆیان لە کراسـی ستالینیزم دابماڵن و ئازاد ببن، ئەوانەی دان بە ڕاسـتی و دروستیی شیکارییەکانی ترۆتسکیدا نانێن، وێڕای ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمانەدا و لەسەر ئەم بابەتە مێژووییەکی درێـژی هەیە، بەڵام مـن دیارییەکیـان پێشـکەش دەکەم، دیـارییەکەش بـریتییە لە کۆمەڵە نووسـراوێکی ترۆتسکی، کە خۆی لە نزیکەی ٧٥0 لاپەڕەدا دەبینێتەوە، هەموو ئەو نووسینانە لەخۆدەگرێت کە ترۆتسکی پێش سـاڵی 19٣٣ دەربـــارەی نـــازیزم و هیـــتلەر و ڕۆڵـــی سۆسیالیســـتە نەتەوەییەکان (National Socialist[71]) نووسیویەتی، هەروەها دەربـــارەی چارەنووســـی چینـــی کرێکـــار لە ئەڵمانیـــا و ئەورووپـا. بچـۆ ئەم کتێـبە ٧٥0 لاپەڕەیـیە بخـوێنەرەوە، پاشـــان وەرە پێمبڵـــێ بـــزانە شـــیکارییەکی مێژوویـــی و

[70] جۆرج گرینباس لە قسەکانی خۆیدا تێبینیی ئەوەی کردبوو کە لەدوای ساڵی ١٩٣٠یەوە هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٠ش، هیچ بەرهەم و نووسـراوێکی تیـۆریی نیـیە ئاسـتی گـرنگییەکەی بگـاتە ئاسـتی بەرهەمەکانی مارکس و لینین. (و. ع).

[71] مەبەست لە پارتی نازییەکانە، واتە پارتی کرێکارانی نەتەوەیی سۆسیالیستیی ئەڵمانی.

مارکسیســـتیی و پڕبەهـــای لەخۆگرتـــووە، کە مێـــژوو ڕاستییەکەی سەلماندبێت، یاخود نا. دەتوانم لێرەدا ئەو شیکارییەش باس بکەم کە ترۆتسکی بۆ دیاردەی یەکێتیی سۆڤیەت کردوویەتی، ئەویش لە کتێبی *"ئەو شۆڕشەی خیانەتی لێکرا"*، کە ساڵی ۱۹۳۶ نووسیویەتی. ئەو کتێبە بۆ من، وێڕای جیاوازییەکانمان دەربارەی ئەو بابەتە، شـــیکارییەکی جەوهەری و بنەڕەتیـــیە، کاتێـــک لەم ڕۆژگارەدا لاوە چیکییەکان -قسە لەسەر پەتی ژووری سێدارە دەکەم- یاخود لاوە پۆڵەندی و سۆڤیەتییەکان ئەم کتێـــبە دەخـــوێننەوە، نەک زۆر بە ئاســـانی لە واقیعـــی کۆمەڵایەتیی وڵاتەکانیان تێدەگەن (لەگەڵ ئەوەی ساڵی ۱۹۳۶ هەتاوەکو ۱۹۷۱ زەمەنێکی کەمێک جیاوازترە)، بەڵکو لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیشی تێدەگەن و زۆر بە ئاسانی پێی ئاشنا دەبن.

پرسیارێکم لێکرا سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی فەڵەستینی و هەڵوێستم بەرامبەر ناسیۆنالیزمی وڵاتانی جیهانی سێ بە شـێوەیەکی گشـتی[72]. پێمـوایە ئەمە بابەتێـک نییە لە

---

[72] هـــاوڕێیەکی عەرەب ئەم پرســـیارە لە مەنـــدڵ دەکـــات، لە پرسیارەکەیدا بە یەک دێڕ دەڵێت: "بەڕێز مەندڵ زۆر بە جوانی ناســـیۆنالیزمی چەوســـاوەکان و ناســـیۆنالیزمی چەوســـێنەرەکانی جیـــاکردەوە. ئەمە چـــۆن بەســـەر ململانێـــی عەرەب-ئیســـرائیلدا جێبەجێدەبێت، و چۆن ناسیۆنالیزمی فەڵەستینی دەستنیشاندەکات، سروشتی ئەو پشتگیرییە چییە کە پێویستە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانی جیهانەوە لە فەڵەستین بکرێت؟". (و. ع).

سادەکردنەوەیدا زیادەڕۆیی بکرێت. ***کاتێک دەڵێین خەباتی گەلانی جیهانی سێ، خەباتی گەلانی چەوساوە لەپێناو ئازادیی نەتەوەییدا، خەباتێکی ڕەوایە -بەپێچەوانەی هەوڵی وڵاتە ئیمپریالیستەکانەوە بۆ هێشتنەوەی چەوساندنەوەی ئەو وڵاتانە- بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نایەت کە هەموو خۆپیشاندانێکی ئایدۆلۆژی و سیاسیی ئەم خەباتە، پێشکەوتووخوازانەیە.***

با نموونەیەکی مێژوویی بهێنینەوە کە پێشتریش باسکرا: خەباتی گەلی چین دژ بە ئیمپریالیزمی ژاپۆنی. ئەم خەباتە تەنانەت لەژێر ڕابەرایەتیی (چانگ کای چیک)یشدا خەباتێکی ڕەوا بوو. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە خوێنڕێژێکی کۆنەپارێز و نیمچەفاشیستی وەک ئەو ببێتە سۆسیالیستێکی پێشکەوتووخواز، یاخود کۆمۆنیست یان دیموکراتخوازێک.

پێویستە جیاکارییەک بکەین لەنێوان دەلالەتی مێژوویی و بابەتیی خەباتی جەماوەری، و سەرجەم ئەو ڕەوتە ئایدۆلۆژی و سیاسی و تیۆرییانەی کە ئەم کۆمەڵگە و گەلە چەوساوەیە دابەشدەکەن. لێرەدا پێویستە بگوترێت -لێرەدا تێزە بەناوبانگەکەی لینین دەهێنمەوە پێش دەربارەی پرسی نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزم، کە لە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستیی دووەمدا پەسەندکرا- کە ***چەندێک خەباتی ڕزگاریخوازنەی گەلی فەڵەستین و گەلی عەرەب خەباتێکی ڕەوا و پێشکەوتووخوازە، هێندەش بیرۆکەی پانئیسلامیزم و***

***پانعەرەبیزم[73] و هەموو ڕەوتێکی هاوشێوە کە هەڵگری خەسڵەتێکی ڕەگەزپەرستانە و دەمارگیرانە بێت، ئاڕاستەیەکی کۆنەخوازە.***

پێویستە جیاکاریی بکەین لەنێوان "*خەباتی جەماوەری*" و "*هێزە بابەتییە کۆمەڵایەتییەکان*" و "*خەیاڵدانی خەڵک*".

بەڵام من پێ نانێمە ناو ئەو ئەنجامگیرییەی کە مادام خەڵک هەڵگری خەیاڵدانێکی کۆنەخوازن لەناو سەریاندا، ئیدی خەباتەکەیان ڕەوا نییە. جیاکارییەک لێرەدا گرنگییەکی زۆری هەیە! لای من واقیعی کۆمەڵایەتی و بوونی ماتریالّی لەپێش ئایدیا و هزرەکانەوەیە. هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ گۆڕینی ئەم هزر و ئایدیایانە، جگە لە گۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی. لەڕاستیدا ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین ئاخۆ کەی سەرەتا ئەم هزر و ئایدیایانە دەگۆڕدرێن، هەتاوەکو ئینجا واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕانی

---

[73] بۆچی؟ هیواداربووین مەندڵ بە شێوەیەکی روونتر و بە بەڵگە و ڕاڤەی زیاترەوە ئەم ئایدیایەی خۆی پێشکەشبکردایە. باشە بۆچی ئایدیای پانعەرەبیزم ئایدیایەکی کۆنەخوازە و هەڵگری خەسڵەتێکی ڕەگەزپەرستانەیە؟ گەر بگەڕێینەوە بۆ (لارۆس) بە نموونە، پێناسەی پانعەرەبیزم بەم شێوەیەیە: "مەزهەبێکی سیاسییە بانگەشە بۆ یەکێتیی سەرجەم ئەو وڵاتانە دەکات کە بە زمانی عەرەبی دەدوێن و سەر بە شارستانێتیی عەرەبن". کامەیە سیمای کۆنەخواز و ڕەگەزپەرستانەی ئەم پێناسەیە؟ بەڵام بێگومان دیارە ئایدیاکەی مەندڵ دەربارەی پانعەرەبیزم ناواخنێکی دیکە لەخۆدەگرێت، کە بۆ نموونە هاوشێوە بێت لەگەڵ ناواخنی ئایدیای پانسلاڤیزم، کە بەڕاستی پێمان باش بوو خۆی ئەمەی روونبکردایەتەوە. (و. ع).

بەسەردا بێت؛ لەو دەمەی گۆڕانێکی لەم شێوەیە گۆڕانێکی تاکلایەنەیە. دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نموونەیەی کەمێک پێش ئێستا باسمکرد: با ئەوەی بێ گوناهـ و بێ تاوانە یەکەم بەرد بهاوێژێت![74] کێن ئەوانەی لۆمەی عەرەب دەکەن گوایە ڕەگەزپەرست و دەمارگیر و ناسیۆنالیست و ئیسلامیستن؟ ئایا بۆخۆیان لە هەر عەیب و عار و تاوانێک بێبەریین؟ ئایا ئەوانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان ناسیۆنالیست نین؟ بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەگەزپەرست نین؟ بڕوانن چۆن پرەنسیپی یەکسانی بەسەر هەموو کەسێکدا جێبەجێدەکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنەچەی ئیتنی و نەژادییان، وەک ئەوەی لەناو ئیسرائیلدا دەکرێت بە نموونە! ئەوان بە جۆرێک ئەم پرەنسیپە یەکسانییە جێبەجێدەکەن، کە ئەوە تەنها جولەکەیە ڕێگەپێدەدرێت کۆچبکات بۆ ئیسرائیل، نەوەک عەرەبێکیش! بەڵام لەڕاستیدا وەک گۆرێلی باسیکرد، ناکرێت لەبەرئەوەی لە جیهانێکداین کە جیهانی گەندەڵ و

[74] گوتەیەکی عیسایە لە ئینجیلەکەی (یۆحەنا)دا هاتووە، کاتێک کۆمەڵێک کەس ژنێک دەهێنن بۆلای عیسا و دەڵێن داوێنپیسیی کردووە و پێویستە بەردباران بکرێت، عیساش پێیان دەڵێت کێ لە ئێوە خۆی بە پاک دەزانێت و گوناحی نییە با یەکەم بەردی تێبگرێت، بەڵام کەس جورئەتی ئەوە ناکات و عیسا بە ژنەکە دەڵێت بڕۆ ئازادیت. ئیدی ئەم گوتەیە وەک ئیدیۆمێکی لێهاتووە کاتێک لەسەر مەسەلەیە لۆمەی کەسێک یان لایەنێک دەکرێت، دەگوترێت مەگەر کەسی لۆمەکار خۆی ئەو عەیبانەی تێدا نییە وا لۆمەی یەکێکی دیکە دەکات! (و. ک).

نالەبارەکانە، جیهانێکە هەزاران ساڵە لەسەر چەوساندنەوە و ستەمکاری دامەزراوە، ئیدی داوا لە چەوساوەکان بکەین پاک و بێ عەیب بن پێش ئەوەی مافی ئازادبوون و ڕزگاربوونیان هەبێت، و بەبێ ئەوەی سەرەتا پرسیارەکە ڕووبەڕووی چەوسێنەرەکانیان بکەینەوە.

لەبەرئەوە دەڵێم: پێویستە لەناو سەنگەری شۆڕشگێڕییدا خەبات و تێکۆشانی ئایدۆلۆژی دژ بە ئایدۆلۆژیا کۆنەخوازەکان سەرپێبخرێت، بەڵام نابێت بوونی ئەم ئایدۆلۆژیا کۆنەخوازانە بکرێتە پاساوێک بۆ پێشکەشنەکردنی هاوکاری و پشتگیری، هەربۆیە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلێکی ستەمدیدە لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە گەلێک ڕەوایە. وەک پێشتر ماکسیم ڕۆدنسۆن گوتی -منیش لەوەدا تەواو هاوڕام لەگەڵیدا- دونیایەک جیاوازیی هەیە لەنێوان چەوساندنەوەی فیعلیی و ڕاستەقینە و حاشاهەڵنەگر، لەگەڵ "چەوساندنەوەیەک" کە تەنها لە هزردا بوونی هەیە، واتە "چەوساندنەوەیەک"ی ئایدۆلۆژی. ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ جیاوازییەکانی نێوان ڕەخنەی هەریەکە لە (هیگڵ) و (مارکس) لە بەکۆیلەکردن و چەوساندنەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە. **هیگڵ** دەڵێت: دەشێت کۆیلە لە ڕووی ئایدۆلۆژی و ئەخلاقییەوە لەسەروو ئاغاکەیەوە بێت، بەهۆی ئەم لەسەربوونەشەوە ڕزگاربوونی شتێکی حەتمی و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام **مارکس** وەڵامی دەداتەوە: با "ڕزگاربوون"ی عەقڵ بۆ ئەوانە جێبهێڵین کە تەنها کاریان بە عەقڵە، و بابێین

کەمێـک دەربـارەی ڕزگـاربوونی نـاو واقیـع قسـەبکەین، دەربارەی ڕزگاربوونی ماتریالّی، دەربارەی ڕزگاربوونی ڕاستەقینە.

ئـێمە نـاتوانین "***چەوسـاندەوەی ڕاسـتەقینە***" (کە گەلـی فەلّەسـتین بەدەسـتییەوە گیرۆدەبـووە)، لەگەڵ "***تـرس لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی چەوساندنەوە لە داهاتوودا***" (کە لەڕاستیدا ئەم ترسە جەماوەری عیبریی ناو دەوڵەتی ئیسـرائیل دەجولّێنێت) بکەیـنە نـاو یەک تـوورەکەوە. مـن هەرگیز بانگەشـەی ئەوە نـاکەم کە ئەم ترسـە بزووێنەری هێـزە، بەلاّم دەلّـێم دونیـایەک جیـاوازی هەیە لەنێـوان ئەم ترســـە کە ســـەبارەت بە داهـــاتووە، لەگەڵ ئەوانەی لە واقیعـی بەرجەسـتەی ئێسـتا نـاڕازی و تـووڕەن، درک نەکـردن بەو هەمـوو جیـاوازییە، واتە فەرامۆشـکردنێکی تەواوی واقیع و پشتگوێخستنی ئەو ململانێ ڕاستەقینانەی لەئێستادا دەگوزەرێن.

بەکورتییەکەی کاتێک من ئەم جیاوازییە دەکەم لەنێوان ناســـــیۆنالیزمی چەوســـــاوەکان و ناســـــیۆنالیزمی چەوسێنەراندا، لەڕاستیدا هێندە بە ڕەهایی قسـە نـاکەم کە مەبەستم لە هەمـوو ئەوانە بێت دەکەونە نـاو چوارچێوەی نەتەوەیەکی دیـاریکراوەوە، دەشـێت خـودی نەتەوەیەک لە بوارێکدا چەوسـێنەر بێت و لە بـوارێکی دیکەدا چەوسـاوە بێت. چەنـدین نمـوونەی زۆر هەن لەم بـارەیەوە: فەڕەنسـا نەتەوەی چەوســـــێنەرانە لە ئەفریقیـــــا، بەلاّم نەتەوەی قســـــەکەری فەڕەنســـــیی وڵاتـــــی کەنەدا نەتەوەیەکـــــی

چەوساوەن، ئەمە حەقیقەتێکی بەرچاوە و هەموو کەسێک ئەمرۆ لە کەنەدا دانی پێدادەنێت، بە خودی کەنەدییە ئینگلیزەکانیشەوە.

هەروەها ئەگەر جولەکە ئیسرائیلییەکان عەرەبە فەڵەستینییەکان ببچەوسێننەوە، ئەوا هاوکات جولەکەکانی یەکێتیی سۆڤیەت خۆیان چەوساوەن، دیسان ئەمەش دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە[75]. پێویستە بە شێوەیەکی لۆژیکی و بەهێز ئەو پرەنسیپانە جێبەجێبکرێن، بەبێ هیچ سازشێک، جا لە هەر کوێیەکەوە بێت. چەندێک پشتیوانیی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی فەڵەستین دەکەم، بە هەمان ڕادەش پشتیوانیی بزووتنەوەی رزگاریی و ئازادیی جەماوەری جولەکەی یەکێتیی سۆڤیەت دەکەم دژ بە سیستەمێکی چەوسێنەر، کە بەبێ هیچ مشتومڕ و بێنە و بەردەیەک ڕژێمی سۆڤیەت ئازادییە نەتەوەییەکان و ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی پێشێڵدەکات[76].

[75] ڕەنگە ئەو نموونەیەی سەرەوەی مەندڵ لە جێی خۆیدا نەبێت، لەبەرئەوەی فەرەنسییەکانی فەرەنسا و فەرەنسی زمانەکانی کەنەدا، یەک نەتەوە نین، هەروەک چۆن جولەکەکانی ئیسرائیل و جولەکەکانی سۆڤیەت یەک نەتەوە نین. بەڵێ ڕاستە جۆرە بەستەرێکی "زمان" لەنێوان فەرەنسا و فەرەنسی زمانەکانی کەنەدادا هەیە، ئەوەش ڕاستە کە جۆرە بەستەرێکی "ئایین" لەنێوان جولەکەکانی سۆڤیەت و جولەکەکانی ئیسرائیلدا هەیە، بەڵام ئەم بەستەرە نەگەیشتۆتە ئاستی ناسیۆنالیزم و یەک نەتەوەیی. (و. ع).
[76] ویڕای ئەوەی ئەو قسەیەی مەندڵ کە دەڵێت "بەبێ هیچ مشتومڕێک"، خۆی لەخۆیدا مشتومڕ هەڵدەگرێت (لەبەرئەوەی

له بـــنەڕەتەوە ئەوە تەنهـــا گەلـــی جـــولەکە نیـــیە کە گیـرۆدەی ئەم بـارە بـووە، بەڵکـو هەر لێـرەوە دەتـوانین، وەک هــاوڕێم (ناتــان فــاینچۆک) بە ڕاســت و دروســتی باسـیکرد، لەنـاو بـازنەی ئەو زایۆنیستانەشـدا باسـی لێـوە بکەیـن کە تـوڕەیی خۆیـان لە بڕۆسـکل دەربـڕی، بەهـۆی ئەو چەوســـاندنەوەیەی نەتەوەی جـــولەکە لە یەکێتیـــی سۆڤیەت بەدەستییەوە دەناڵێنن. بەڵام ئەوان بیریانچۆتەوە کە چەوساندنەوەکە تەنها جولەکەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو کـــۆمەڵێکی زۆر لە نەتەوەکـــانی گرتـــۆتەوە، هەربـــۆیە پێویستە خەبات دژ بەم چەوساندنەوە نەتەوەییە فرەجۆرە بکرێـــت و لەنـــاو سیســـتەمە سیاســـییە بیرۆکـــراتەکەی سۆڤیەتدا لە ڕیشەکانی تێبگەین.

ئەوەی لەلای زایۆنیستەکان بەریدەکەوین و بۆ دەیـان جـار لە مێـژوودا دووبـارەی دەکەنەوە، ڕێسـای بانێـک و دوو هەوایە، ئەوان داوای مافێــک بۆخۆیــان دەکەن، بەڵام ئامادەنین هەمان ماف بدەن بە ئەوانی دیکە.

---

پرسـی نەتەوەیـی لە یەکێتیـی سـۆڤیەت، تـاڕادەیەک چارەسـەرێکی باشتر لە زۆر وڵاتی دیکەی بۆ دۆزراوەتەوە)، بەڵام هێشـتا نـاتوانین مـۆری یەکسـانیی و هاوتـایی بـدەین لەو چەوسـاندنەوە نەتەوەیـیە ڕەهـایەی هەڕەشـەیە لەسـەر بـوونی جەمـاوەری فەڵەسـتین، لەگەڵ هەندێک فۆڕم لە فۆڕمەکانی فشـار و سـەرکەوت، کە مەنـدڵ پێیـوایە جەمـاوەری جولەکەی یەکێتیی سـۆڤیەت بەدەسـتییەوە دەنـاڵێنن. (و. ع).

من ڕوانگەیەکی جیاوازم هەیە سەبارەت بەم پرسە. من بە عەرەبەکان و بە فەڵەستینییەکان دەڵێم (هەر لە سەرەتاوە ئەوەمان گوتووە و مێژووش پشتیوانمانە):

*"ئەگەر لە ڕوانگەیەکی نەتەوەپەرستیی ڕووتەوە بڕواننە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و تێکۆشانی دژ بە کۆڵۆنیالیزمی زایۆنیستی، ئەگەر هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بچن لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە کۆنەخوازەکاندا ببەستن، بەدەستی خۆتان چاڵ بۆخۆتان هەڵدەکەنن و خۆتان بەرەو هەڵدێر دەبەن! ئێوە هیچ شتێک لەوە سەوز ناکەن، نە لە رووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتییەوە، نە لە هیچ ڕوویەکی دیکەوە.*

*تاکە ڕێگەی بەردەمتان بریتییە لە بەدەمەوەچوونێکی پڕ لە گڕوتین و جوڵەی ڕزگاریخوازانە بۆ ئەو بزووتنەوە دژە کۆڵۆنیالیستییەی، کە هەر خۆی لە جوڵەیەکی رزگاریخوازنەی نەتەوەییدا نابینێتەوە، بەڵکو کۆمەڵایەتییش؛ هەروەها بەوپەڕی لێبڕاوی و نەخشی مارکسیست لینینیستەکان و مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانەوە ڕێگەکە ببڕن و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ڕابەرایەتیی شۆڕشێک بکەن لە سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکاندا، هەروەها هێزی بەرزی کرێکاران و جوتیارانی هەژاری گەلێکی 120 ملیۆنی کۆبکەنەوە، ئەمەش تاکە هێزی گورچکبڕە کە بتوانێت لەو ناوچەیەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شکست بە ئیمپریالیزم بهێنێت.*

*بەڵام بە هێزە ناسیۆنالیستە بچوکەکانی فەڵەستین بەتەنها –ناسیۆنالیزمێکی بچوکە بەراورد بە کۆی گەلی عەرەب- سەرکەوتوو نابن لە گەیشتن بە ئامانجەکانتان"*[77].

پێمـوایە ڕووداوەکـانی ئەم چەنـد مـانگەی دوایـی، ئەوەیان نیشاندا کە ئەم هۆشدارییەی ئاماژەمان پێدا بۆ هاوڕێ عەرەبەکانمان، هیچ بەرکەوتنێکی لەگەڵ واقیعدا نەبووە. چەندین ڕەوتی ڕوولەزیادبووی شۆڕشگێڕی عەرەبییش هەن، کە گەیشتوونەتە هەمان ئەنجام و بە هەمان ئاڕاستەدا دەڕۆن.

ڕەنگە کاتەکە ڕێگەم نەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری زۆر بدەمەوە، کە دواجار هەموویان لە پرسێکدا خۆیان دەبیننەوە: ئەو جیاوازییە ڕووکەشەی لەنێوان بەرژەوەندییە ماتریاڵییەکانی پرۆلیتاریای میترۆپۆڵە ئیمپریالییەکان (پرۆلیتاریای ناوخۆی وڵاتە ئیمپریالیستەکان) و پرۆلیتاریا (جەماوەری چەوساوە بە شێوەیەکی گشتی)ی وڵاتانی کۆڵۆنی و نیمچە کۆڵۆنییدا هەیە. تا ئەو جێگەیەی پەیوەست بێت بە کۆڵۆنییە نشینگەکانەوە ئەم لێکدژیی و بەریەککەوتنەی بەرژەوەندییەکان واقیعی و ڕاستەقینەیە، بە ڕادەیەک لە ڕادەکانیش ڕزگاربوونی تەواوەتیی گەلانی چەوساوە

---

[77] ئەم هەڵوێستەی مەندڵ، کە هەڵوێستێکی نەتەوەییە بەڵام سنووری وڵاتەکانی تێپەڕاندووە، جێگەی ڕێزە، هەروەها شایەنی ئەوەیە بەشێک لە عەرەبە چەپەکان لەسەری بڕۆن. (و.ع).

دەبێتە مایەی هاتنەئارای یەکسانی لەنێوان ئاستی ژیانی ئەوانەی تا دوێنێ خاوەنی ئیمتیازات بوون، لەگەڵ ئاستی ژیانی هەژار و مافخوراوەکان. بەڵام جگە لەم کەمینە کەمەی ڕەگەزی مرۆیی –کە ڕێژەیان لە 1%ی کۆی پرۆلیتاریای جیهانیش کەمترە- ئەو لێکدژییە لە بەرژەوەندییە ماتریاڵییەکاندا بوونی نییە بەجۆرێک کە بەئاشکرا دیاربێت، لەبەرئەوەی بارێکی لەو شێوەیە یان ئەوەتا ڕەنگدانەوەی ئاگاییەکی ساختەیە، واتە ناهۆشیارییە بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان، یان ئەوەتا کاریگەریی ئایدۆلۆژیای چینە دژەکەیە.

با دوو ڕووخساری ئەم پرسە وەربگرین:

ئایا ڕاستە کە نەمانی کۆلۆنییەکان بەزەروورەت دەبێتە مایەی دابەزینی ئاستی ژیانی کرێکار [لە میترۆپۆڵەکان]؟ نموونەی نزیکی وڵاتانی زەوییە نشێوەکان و بەلژیکا لەدوای ساڵی 1960ـەوە، هەروەها فەرەنسا و بەریتانیای مەزن و ...هتد، ڕێگەی ئەوەمان پێدەدەن کە وەڵامەکە سلبی بێت [واتە نەخێر نابێتە مایەی دابەزینی ئاستی ژیانی کرێکار]. من نکۆڵی لەوە ناکەم کە زیادەقازانجە کۆلۆنیالییەکان دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی پڕ کەڵک و سوود کە سەرمایەی ئیمپریالیستی پێشکەش بە پرۆلیتاریای میترۆپۆلەکانی دەکات. بەڵام ڕێژەی ئەم زیادەقازانجە کۆلۆنیالییانە لەناو چوارچێوەی کۆی زیادەقازانجە مۆنۆپۆڵییەکاندا، لەم ڕۆژگارەدا بەجۆرێک

کەمبۆتەوە کە پێویستی بەوەیە بە زیادەقازانجی منۆپۆڵیی دیکە قەرەبوو بکرێتەوە، بەتایبەت لە کایەی تەکنەلۆژییدا.

ئایا ڕاستە کە ڕزگاربوونی تەواوەتیی "جیهانی سێ"، لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی ئاڵوگۆڕە نایەکسانەکانەوە، زیان بە بەرژەوەندییە ماتریاڵییەکانی کرێکارانی میترۆپۆڵەکان دەگەیەنێت؟ دەکرێت گومان لە ڕاستیی ئەم تێزە بکەین، تەنانەت ئەگەر ئەو گریمانەیەش قبوڵبکەین کە دەڵێت "بەرژەوەندی"ی ئەو کرێکارانە پەیوەندیدارە بە زیادبوونی کرێ لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا. بەڵام هەر هێندەی دەستمان لەم گریمانەیەی ئێستا بەردا، ئەنجامگیرییەکی خۆبەخۆ دێتە پێشەوە.

کرێکارانی میترۆپۆڵەکان چەندێک بەرژەوەندییان لەوەدایە کۆتایی بە سەرمایەداری بهێنن لە وڵاتەکانیاندا، نەوەک پارێزگاریی لە مانەوەی بکەن، هێندەش ڕزگاریی تەواوەتیی "جیهانی سێ" دووژمنی پلە یەکیان لاوازدەکات، واتە بۆرژوازییە ئیمپریالیستە هاونەتەوەکەی خۆیان، ئەمەش بە شێوەیەکی بابەتی ڕۆڵی دەبێت لە ئازادبوونیان. ئەمە ڕێسای ئینتەرناسیۆناڵی پرۆلیتارییە: ***یەکێتیی بەرژەوەندییە مێژووییەکان، خەبات دژ بە یەک دووژمن.***

بەڵام کاتێک دەستبەرداری ئەم ڕێسا مەبدەئییە دەبین و خۆمان لە گێژاوی "دیاردە ڕووکەشە ڕاستەوخۆکان"دا بزردەکەین، ئەوکات ڕەنگە بانگەشەی ئەوە بکەین کە

لەناو هەموو وڵاتێکی میترۆپۆڵدا، لێکدژییەک هەیە لەنێوان "بەرژەوەنــــدیی ماتریـــاڵی"ی کرێکـــارە پســـپۆڕەکان و "بەرژەوەنــــدیی ماتریـــاڵی"ی کرێکـــارە ناپســـپۆڕەکان، (کرێکارە "ناپسپۆڕەکان"یش بە هەوڵدانیان بۆ چوونە ناو بـــازاڕی "پسپۆڕەکان"ـــەوە دەبـــنە هەڕەشـــەیەک بۆســـەر نزمبـــوونەوەی کرێکـــان)، هەروەک چۆن لێکـــدژییەک هەیە لەنێوان بەرژەوەندیی ماتریاڵیی ئەو کرێکارانەی لەکاردان لەگەڵ بەرژەوەنـــدیی ئەو کرێکـــارانەی لەکـــاردا نـــین و بێکـــارن، لەنێـــوان بەرژەوەنـــدیی لاوان و بەرژەوەنـــدیی پێگەیشـــتووەکاندا، و ...هتـــد. لەم جـــۆرە حاڵەتـــانەدا "بەرژەوەنـــدیی ماتریـــاڵی" بە مانـــای "کێبڕکێـــی نێـــوان کرێکاران" دێت، واتە بە مانای کورتبینییان دێت. لێرەشدا هەر بەتەنهـا نکـۆڵی لە بنەمـا ماتریـاڵییە نێونەتەوەییەکـان ناکرێـت، بەڵکـو نکـۆڵی لە بنەماکـانی خـودی ململانێـی چینایەتیش دەکرێت.

هۆشیاریی چینایەتی ئەوکاتە دەستپێدەکات کە مرۆڤ دوورتر لە لوتی خۆی تەماشای کرد و درکی بەوە کرد بەرژەوەنـدیی ماتریـاڵی، پێویسـتی بە هاوپشـتییە لەلایەن هەمـوو پرۆلیتاریـاوە دژ بە دووژمنێکـی بەهێـز. ئەوکـاتە دەستپێدەکات کە جیـاوازییە سێکتاریسـتی و پیشـەییەکانی نێـوان کرێکـاران تێپەڕێنـدرێن، نەک هەر تەنهـا بە نـاوی "نمـــوونەی بـــالا"وە، بەڵکـــو بەدیـــاریکراوی بەنـــاوی بەرژەوەنـــدیی ماتریـــاڵیی چینـــایەتی (کە بەرژەوەنـــدییە

توێژگەریی و پیشەگەریی و تیرەگەریی و تائیفەگەریی و سێکتاریستییەکان تێدەپەڕێنێت).

بەرژەوەندیی چینایەتیی هاوبەشی پرۆلیتاریای کۆلۆنییەکان و پرۆلیتاریای میترۆپۆڵەکان دژ بە بۆرژوازیی ئیمپریالیست، بە هیچ جۆرێک جێگەی گومان نییە. وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی میترۆپۆڵەکان، بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای چینی باڵادەستەوە، بەئاگا نین لەمە. بەڵام ئەرکی مارکسیستەکان دەستوپەنجە نەرمکردن نییە لەگەڵ ئەم کاریگەرییانەدا، یاخود دۆزینەوەی پاساوێکی ماتریاڵی، بەڵکو ئەرکەکەیان بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنی.

**سەرچاوە:** جدل الطبقة والأمة، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة.

# پرسی نەتەوەکان

**ڕۆزا لۆکسمبۆرگ**

**وەرگێڕانی: بابان**

بەلشـــەڤیکەکان بەشـــێک لە بەرپرســـیارێتیی بەرەو شکســت ڕۆیشــتنی ڕوســیا و پەرتبــوونی ئەو وڵاتەیــان دەکەوێتە ئەستۆ. هەر خۆیان بەشداربوون لە زیادکردنی ڕادەی بارگرانییە بابەتییەکانی دۆخی ئەو دەمی ڕوسیا، ئەوەش بەهـۆی ئەو درووشـمەی کردبوویـانە پەرچەمـی سیاسەتەکەیان: ئەو درووشمەی پێیدەگوترا مافی چارەی خۆنووســینی گەلان[78]، کە بە مانــایەکی دیــکە لەڕاســتیدا مەبەســـــتیان ئەم دێـــــڕە بـــــوو: هەڵوەشـــــانەوە و پارچەپارچەبوونی ڕوسیا وەک دەوڵەتێک. ئەم فۆڕمولەیە کە بەردەوام بە ســــووربوون و جەختکردنەوەیەکـــــی دۆکتـــرینییەوە دەربـــارەی مـــافی نەتەوە جیاجیاکـــانی ئیمپراتۆرییەتی ڕوسیا بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیـــان بە دەســـتی خۆیـــان (بە جیـــابوونەوە لە ڕوسیاشـــەوە)، دووبـــارە دەکـــرایەوە، فۆڕمـــولەیەکی لەم شـێوەیە هـاواری جەنگێکـی دیـکە بـوو لەلایەن لینـین و هاوڕێکانییەوە -لە دەمی ئۆپۆزسیۆن بوونیانادا- هەم دژ بە (میلیکـــــۆڤ) و هەم دژ بە (کیرنســـــکی)[79]. تەوەری

---

[78] حکومەتی سۆڤیەت لەسەر ئەو بنەمایە پشتیوانیی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکرد، کە نابێت نەتەوەکانی ناو ڕوسیا بەزۆر بهێڵدرێنەوە، بەتایبەت کە پێشتر لەژێر ستەمی قەیسەرییدا بوون و بە تۆپزی بەسترابوونەوە بە ڕوسیاوە.

[79] هحکـومەتی کـاتیی بە بەشـداریی (ب. ن. میلیکـۆڤ)ی وەزیـری دەرەوە، بەردەوامییـدا بە جەنـگ، هەروەهـا ئەوەی بـۆ سـێ هێـزە هاوپەیمـــانەکە دووپـــاتکردەوە کە وەفـــادار دەبێـــت بەرامـــبەر ئەو پەیمانـــانەی وەک هاوپەیمانێـــک پێیـــداون، هەمـــوو ئەمەش لەپێنـــاو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە کۆتایی جەنگەکەدا. ئەم سیاسەتە لەگەڵ

سـەرەکیی سیاسـەتی ناوخۆیـان پـاش شۆڕشـی مـانگی ئۆکتـۆبەر، بگـرە هەمـوو پرۆگـرام و پلانێکیـان خـۆی لە ڕێککەوتننـامەی "بریسـت لیتۆڤیسـک"دا دەبینیـیەوە، تـاکە چەکیشـیان بـوو کە بەرامـبەر هەژمـوونی ئیمپریـالیزمی ئەڵمانی بەکاریاندەهێنا.

لە بـارێکی لەم شـێوەیەدا مـرۆڤ ڕاسـتەوخۆ تووشـی سەرسوڕمان دێت لە کەللەڕەقیی و سووربوونی لینین و هاوڕێکـانی لەسـەر ئەم درووشـمە، کە هەر خـودی ئەم درووشـمەش خسـتبوونییە پارادۆکسـێکی توندەوە لەگەڵ پرەنسـیپی ئەو سیاسـەتە سـێنترالەی بەردەوام جەختیـان لێـدەکردەوە، هەروەهـا لەگەڵ هەڵوێسـتیان بەرامـبەر پرەنسـیپە دیموکراسـییەکانی دیکەشـدا لێکـدژ بـوو. لەو دەمەی بەهـایەکی سـنووردار و دیاریکراویـان دەدا بە ئەنجومەنی دامەزرێنەران و یاسای هەڵبژاردنە گشتییەکان و ئـازادیی ڕۆژنـامەگەری و گردبـوونەوە، بە کـورتیی بایەخێکی ئەوتۆیان نەدەدا بە هەموو پایە سەرەکییەکانی ئازادییە دیموکراسییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، کە لەڕاستیدا

---

حکومەتە نوێیەکەشدا بەردەوام بوو کە لە ئایاری ١٩١٧دا پێکهات و تێیدا (کینسکی) وەزیری جەنگ و کەشتیوانی بوو، لە مانگی جولای هەمان ساڵیشدا هێرشێکی بەڕێخست، کە قوربانییەکانی گەیشتنە ٦٠ هەزار کەس. لە بەرامبەر ئەوەشدا داواکاریی خۆیان خستەڕوو کە بریتیبـوو لە ئاشـتیی بەپەلە و بەبـێ وەرگرتنـی هـیچ خاکێـک، لەو دەمەی هەر خۆیان پێیان وابوو مانەوەی پۆلاند و فینلاند و ئۆکرانیا و تەواوی ئەو ناوچـانەی دیـکە کە سـەر بە ڕوسـیا نـین و هێشتنەوەیان بە زەبری هێز لەناو یەکێتیی دەوڵەتی ڕوسیادا، بە هەمان شێوە وەرگرتنی خاکە.

هەمــوو ئەوانە پــێکەوە "مــافی چــارەی خۆنووســین"یان پێکدەهێنا لە خـودی ڕووسـیادا، بەڵام لەبەرامـبەردا وەهـا مامەڵەیان لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی گەلاندا دەکرد کە ناوک و جەوهەری سیاسـەتێکی دیموکراسییانە بێت و پێویستە لەپێناویدا هەموو ئەو سـەرەداوانە سـەرکوتبکرێن کە بــۆنی پڕاکتیکــی ڕاســتەقینەی ڕەخنەییــان لێــدێت. لە لایەکــی دیکەشــەوە و لەبەرامــبەر ڕاپرسـییە گشـتییەکەی ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی ڕوسیادا مێش میوانیان نەبوو- لەکاتێکدا ئەو ڕاپرسییە گشتییە، لەسەر بنەمـای یاسـایەکی هەڵبژاردنی هەرە دیموکراسییانەی جیهان و لەژێر سـایەی ئـازادییەکی تەواوی کۆمـاری میللییدا بەڕێوەچـوو- بەڵکـو زۆر بە ســـانایی و لەســـەر بنەمـــای بیرکردنەوەیەکـــی ڕیالیســتییانە ڕایانگەیانـد کە ئەم هەڵبـژاردنە سـاختەیە و دەبێـــت ئەنجامەکـــانی هەڵبوەشـــێتەوە[80]، لەبـــری ئەوە بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بەرگرییان لە "ڕاپرسـیی گشـتیی نەتەوە بیانییەکـــان"ی ڕوســـیا دەکـــرد ســـەبارەت بەو دەوڵەتەی دەیانەوێت تێیدا بژین و پارێزەری ڕاسـتەقینەی دیموکراســی و ئازادییەکــانە و جەوهەری پــاکبوونەوەی

---

[80] لە سـەروبەندی دانوسـتانەکانی ئاشـتییدا لە "بریسـت-لیتۆڤیسـک" سـەبارەت بە مـافی چـارەی خۆنووسـینی هەر نەتەوەیەکـی نـاو ئەو دەوڵەتـانەی بەشـداری جەنـگ بـوون، کە ئەم مـافە تـا ئاسـتی مـافی جیـــابوونەوە و دروســـتکردنی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆ بـــۆ هەر نەتەوەیەکــیش دەڕوات، ئەم پڕۆســەیەش لە ڕێــگەی ئەنجامــدانی ڕیفرانـدۆمەوە دەکرێت بۆ دانیشـتوانی ئەم ناوچـانە بەپێـی کـۆمەڵە مەرجێکی دەستنیشانکراو.

ئیــرادەی گەلانە وەک بــاڵاترین دەســەڵاتی یەکــلاکەرەوە تایبەت بە پرسەکانی چارەنووسی سیاسیی گەلان.

پارادۆکســەکە، کە لێــرەدا زیــاتر فــراوان دەبێــتەوە، زیــاتریش لە تێگەیشــتن دووردەکەوێــتەوە، بەتــایبەت لەکاتێکدا کە دەزانین کە هەموو فۆڕمەکانی دیموکراسی لە ژیانی سیاسیی هەر وڵاتێکدا، دەبنە بنەماگەلێکی پڕبایەخی سیاســەتی سۆسیالیســتی، لەو دەمەی "مــافی چــارەی خۆنووسینی گەلان" هیچ نییە جگە لە هاش و هووشێکی بەتاڵی پڕ لە فرت و فێڵی وردەبۆرژوازی.

لەڕاستیدا ئەم مافە چییە و گوزارشت لە چی دەکات؟ ئەلف و بێی سیاسەتی سۆسیالیستی ئەوەیە دژ بە هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوساندنەوە بوەستیتەوە، بە ستەمی نەتەوەیەک لە نەتەوەیەکی دیکەشەوە.

بەڵام کاتێک سیاســەتمەدارانی ســەنگین و ڕەخنگەری وەک (لینــین و ترۆتســکی و هاوڕێکانیــان)، بەرامــبەر گوزارشــتە یۆتۆپییەکــانی وەک دانــانی چەک و کــۆمەڵەی نەتەوەکــان و هەمــوو گوزارشــتە بەتاڵەکــانی دیــکە شــان هەڵــدەتەکێنن و گاڵتەیــان پێــی دێــت، ڕەنــگە ئەوانــیش لە ڕوانگەی جۆرە سیاســەتێکی کاتییەوە پشتیوانیی لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بکەن، سیاسەتێک کە تایبەت و تەنها بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو دروستکراوە. پێدەچێت لینین و هاوڕێکانی لەو باوەڕەدا بووبن کە هیچ ئامرازێکی مسۆگەرتر نییە بۆ بەستنەوەی هەموو نەتەوە بیانییەکانی نــاو ئیمپراتــۆریەتی ڕوســیی بە شــۆڕش و دۆزی سۆسیالیســتییانەی پرۆلیتاریــاوە، جــگە لەوەی بەنــاوی

شۆڕش و سۆسیالیزمەوە ئازادییەکی بێ سنوور بدەنە ئەو نەتەوانە بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان. ئەمە هاوشێوەی سیاسەتی بەلشەڤیکەکان بوو بەرامبەر جوتیارە ڕووسییەکان، کە پێشبینیی ئەوە دەکرا برسێتیی ئەو جوتیارانە تەنها بە بەرزکردنەوەی درووشمی بەدەستەوەگرتنی ڕاستەوخۆی زەویی خانەدانەکان تێربێت، و وەهایان لێبکات پەیوەستبن بە ئالای شۆڕش و حکومەتی پرۆلیتارییەوە. بەڵام بەداخەوە حساباتەکان لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەڵە دەرچوون. لەو دەمەی وادیارە لینین و هاوڕێکانی پێشبینیی ئەوەیان کردووە کە ئەوان، وەک بەرگریکاری ئازادیی نەتەوەیی "تا ئاستی جیابوونەوە"ی فینلاند و ئۆکراین و پۆلاند و لیتوانیا و دەوڵەتانی دیکەی بەڵتیک و قەوقاز، دەتوانن هەموو ئەم نەتەوانە بکەنە هاوپەیمانی هەرە دڵسۆزی شۆڕشی ڕوسیا، بەڵام بەپێچەوانەوە شانۆگەرییەکی پێچەوانەمان بینی: ئەم "نەتەوانە" یەک لەدوای یەک، ئەم ئازادییە تازەپێدراوەیان قۆستەوە و وەک دوژمنێکی سەرسەختی شۆرشی ڕوسیا هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەڵمانیدا بەست و ئالای دژەشۆڕشیان بەرامبەر خودی ڕوسیا بەرزکردەوە. فاکتی تایبەت بە ئۆکرانیا لە "بریێست"[81]، کە سەریکێشا بۆ وەرچەرخانێکی

[81] ئەنجومەنی ناوەندیی ئۆکراین لە ڕۆژی ٢٧ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا ئیمزای لەسەر پەیماننامەیەک کرد لەگەڵ ولاتانی میحوەردا، وێڕای ئەوەی خاوەنی سەروەرییەکی ڕووخاو بوو و هێزەکانی سۆڤیەت سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو لە سەرجەم

یەکلاکەرەوە لەو دانوستانانەدا، و لە دۆخێکی هاوتای ناوخۆیی و دەرەکییدا سەبارەت بە بەلشەڤیکەکان، نموونەیەکی تایبەت و بەرجەستەیە لەسەر ئەم بابەتە. هەڵویستی فینلاند و پۆلاند و لیتوانیا و دەوڵەتانی بەڵتیک و گەلانی قەوقاز ئەوەی دەرخست کە پرسەکە تەنها حاڵەتێکی ئاوارتەی زووتێپەڕ نییە و لە ئۆکرایندا کورت نابێتەوە، بەڵکو چیتر بۆتە دیاردەیەکی ڕیتمگرتوو.

بەڵێ ڕاستە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا ئەوە "نەتەوەکان" نین کە ئەو سیاسەتە کۆنەخوازە پڕاکتیزە دەکەن، بەڵکو ئەوە تەنها چینە بۆرژوازی و وەردەبۆرژوازییەکانن، کە ئەم چینانە، تەواو پێچەوانەی جەماوەری پرۆلیتاریای خۆیان، "مافی چارەی خۆنووسینی نیشتیمانی"یان کردۆتە ئامرازێک بۆ سیاسەتی چینایەتی و دژەشۆڕشی خۆیان. بەڵام -کە بەمە دەگەینە کرۆکی ئەم بابەتە- لێرەدایە کە خەسڵەتی وردەبۆرژوازیی-یۆتۆپیی ئەم گوزارشتە ناسیۆنالیستییە دەردەکەوێت، کە لەناو واقیعی ساختەی کۆمەڵگەی چینایەتییدا، بەتایبەت لەو دەمەی لێکدژییەکان لە دوا ئاستی خۆیاندان، بۆتە ئامرازێک بۆ هەژموونی چینایەتیی بۆرژوازی. دەبوو بەلشەڤیکەکان، بە

---

پنتەکانی وڵاتی ئۆکرایندا. بەگوێرەی ئەم پەیماننامەیە ئەڵمانیا مافی داگیرکردنی ئۆکرانیای بەدەستهێنا و لە میانەی دانوستانەکانی (بریێست لیتۆڤئسک)دا لە ٢٧ و ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩١٨دا بە تۆنێکی بەرزەوە جەختی لەسەر خواستی خۆی کردەوە بۆ وەرگرتن و دەستبەسەرداگرتنی ئۆکراین.

لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو زیانە گەورەیەی بەر خۆیان و بەر شـــۆڕش کەوت، خۆیـــان لەو وەهـــمە [نەتەوەیـــیە] ڕزگـــاربکردایە، بەتـــایبەت کە لەژێـــر ســـایەی دەســـەڵاتی ســـەرمایەدارییدا هـــیچ جـــێگە و پـــێگەیەک نیـــیە بـــۆ مـــافی چارەیخۆنووسینی "گەلان"، بەڵکو لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەر چینێـــک لای خـــۆیەوە و بە میتـــۆدی خـــۆی هەوڵـــی "دەستنیشـــانکردنی چارەنووســـی خـــۆی" دەدات، ئـــازادیی نەتەوەیـــیش لای چیـــنە بۆرژوازییەکـــان، بەتەواوی لەژێـــر ڕەحمەتـــی بەرژەوەنـــدییەکانی حکـــومی چینایەتییـــدایە. هەربـــۆیە بـــۆ نمـــوونە بـــۆرژوازیی فینلانـــدیی و وردەبـــــۆرژوازیی ئـــــۆکراینیی بەتەواوی حکـــــومی ســـتەمکارانەی ئەڵمانیایـــان پێباشـــتر بـــوو لە ئـــازادیی نەتەوەیی، لەو دەمەی ئازادییە نەتەوەییەکە پەیوەست بوو بە بەلشەڤیکەکانەوە.

ئەو هیـــوایەی لەســـەر وەرچەرخـــانی ئەم بـــارودۆخە چینایەتییە واقیعییە لە ڕێگەی "ڕیفراندۆم"ـەوە هەڵچنرابوو -کە تەوەری قســـە و باســـەکانی بریێستیش بـوو- واتە لە ڕێـگەی بەدەســـتهێنانی زۆریـنەوە بە مەبەســـتی یەکێتیـی لەگەڵ شۆڕشـــی ڕوســـییدا لە میـــانەی پشتبەســـتن بە جەمـــاوەری شۆڕشـــگێڕەوە -ئەگەر لینـــین و ترۆتســـکی ئەمەیـان بەڕاسـت بووبێـت- دیـارە لەسـەر گەشـبینییەکی نادیـار و نـاڕوون خەویـان لێکەوتـووە، تەنـانەت ئەگەر بـــابەتەکە تەنهـــا تاکتیکێـــک بووبێـــت لە ململانـــێ لەگەڵ سیاسەتی توندوتیژی ئەڵمانیادا، ئەوا دیسان یاریکردنێکی

مەترسیدار بووە بە ئاگر. تەنانەت ئەگەر ئەو ڕیفراندۆمە ناوبراوە لە ناوچە سنوورییەکانیش بەڕێوەبچێت، بەبێ دەستتێوەردان و داگیرکاریی ئەڵمانەکانیش، ئەوا لەژێر سایەی سایکۆلۆژیای گشتیی جەماوەری کرێکار و بەشی گەورەی چینی پرۆلیتاریادا، لەژێر سایەی سیاسەتی کۆنەخوازانەی وردەبۆرژوازی و هەزاران ئامرازی بۆرژوازی بۆ کاریگەریی خستنە سەر ڕیفراندۆمەکە، بە ئەگەری زۆرەوە ئەنجامەکانی بەجۆرێک دەبوو کە زۆر بەلشەڤیکەکانی دڵخۆش نەدەکرد. لەڕاستیدا پەیوەست بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕاگیریی لەسەر ئەم پرسە نەتەوەییانە، دەتوانین بڵێین ئەو ڕێسایەی قابیلی دەستکاریکردن نییە، ئەوەیە کە چینە فەرمانڕەواکان یان ڕێگەیەک دەدۆزنەوە بۆ ڕێگریکردنی ئەگەر لەگەڵ ئامانجەکانیدا نەگونجێت، یان ئەوەتا -ئەگەر ڕیفراندۆمەکە کرا- خۆیان دەزانن بە چی ڕێگەیەک کاریگەری لەسەر ئەنجامی ئەم جۆرە ڕیفراندۆمانە دادەنێن، لە ڕێگەی هەموو جۆرە ئامرازە گەورە و بچوکەکانەوە، هەمان ئەو ئامرازانەی وەهایانکردووە بەدیهێنانی سۆسیالیزم لە ڕێگەی دەنگدانی جەماوەرییەوە کارێکی ئەستەم بێت.

پرسی خواستە نەتەوەییەکان و مەیلە جوداخوازییەکان هاتبووە ناو خەباتی شۆڕشگێڕییەوە، بەڵکو دوای ڕێککەوتننامەی "بریست لیتۆڤیسک" هاتبووە پێشەوەی ئەم خەباتە و بۆتە درووشمێکی ناوازەی سیاسەتی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕیی دوایی، ئەم حەقیقەتە لای

خـــۆیەوە بـــووە مـــایەی شـــێواندنێکی زۆر لەنـــاو ڕیـــزی سۆسیالیستەکان و لە هەڵوێستی پرۆلیتاریا، بەتایبەت لە وڵاتە سنوورییەکاندا. پرۆلیتاریای سۆسیالیست لە فینلاند، بەدرێژایـــی ئەو مـــاوەیەی لەنـــاو ڕیـــزی شۆڕشـــگێڕە یەکگرتووەکانی ڕووسیادا خەباتیان دەکرد، لە دۆخێکی بەهێز و بەهەژموونتردا بوون. لەناو پەرلەمانی (Landtag) و سوپاشـــدا زۆریـــنە بـــوون، بـــۆرژوازیی فینلەنـــدیی بچووککردبـــووەوە و خـــۆی بـــووە هێـــزی بـــاڵای نـــاو سنوورەکانی وڵاتی فینلاند. ئۆکرانیای سەر بە ڕوسیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، قەڵای بزاڤی شۆڕشگێڕیی ڕوسی بوو، ئەوکاتەی هیچ قسەیەکی بێ هودە لەئارادا نەبوو سەبارەت بە "ناسیۆنالیزمی ئۆکرانی" و سکەی دراوی "کاربۆڤـــانیتس" و "کۆبوونەوەکـــانی کـــۆمەڵەی دامەزراندن" و خولیای (لینین) بۆ قسەکردن دەربارەی "ئۆکرانیای سەربەخۆ"، کە هەموو ئەوانە دواتر داهێندران. لێـــرەوە و لە ناوچەکـــانی (ڕۆســـتۆڤ و ئۆدیســـا و ناوچەکانی دۆنتیسک)ـەوە، لە دەوروبەری ساڵی 1902 تا ساڵی 1904 یەکەمین بڵێسەکانی شۆڕش دەرکەوت و هەموو باشووری ڕوسیای کردە دۆزەخ، هەر ئەمەش دەرگایەکی کردەوە بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی ساڵی 1905. هەمان شت لە شۆڕشی ساڵی 1917شدا دووبارە بـــووەوە، کە لەم شۆڕشەشـــدا پرۆلیتاریـــای باشـــووری ڕوسیا هێزی دەستەبژێر بوون لە ڕیزی هەموو هێزە پرۆلیتارییەکاندا. بەڵام پۆڵەندا و وڵاتانی بەڵتیک، لەدوای

ساڵی 1905ـەوە ببوونە بەهێزترین و خاوەن متمانەترین کوانووی شۆڕش، پڕۆلیتاریای سۆسیالیستییش ڕۆڵێکی باڵادەستی تێدابینی.

کەواتە چۆن شۆڕش وەها بە کتوپڕی لەو وڵاتانەدا سەرکەوت؟ بزووتنەوەی ناسیۆنالتسی پرۆلیتاریای ئیفلیج کرد، بەتایبەت لە ڕێگەی جیاکردنەوە و دابڕینی لە ڕوسیا و بەتەنیا جێهێشتنی لەبەرامبەر بۆرژوازیی نیشتیمانییدا لە وڵاتە سنوورییەکاندا. بەلشەڤیکەکان لەبری ئەوەی بە دڵ و بە گیان خەبات لەپێناو سیاسەتێکی چینایەتیی نێونەتەوەیی ڕاستگۆیانەدا بکەن -کە لە پرسەکانی دیکەدا کردوویانە- بەرەو کۆکردنەوەیەکی چڕ و پڕی هێزە شۆڕشگێڕییەکان لە سەرتاپای ئیمپراتۆریەتەکەدا، لەبری ئەوەی بە نینۆک و بە ددانەکانیان بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئیمپراتۆریەتی ڕوسی بکەن وەک ناوچەی شۆڕش و وەها بکەن یەکێتی و یەکپارچەیی پرۆلیتاریای هەموو نەتەوەکان ببێتە ئەرکێکی سەرەکیی سیاسەتەکەیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خواست و ئاواتە نەتەوەییە جوداخوازییەکان، لەبری هەموو ئەمانە و بەڵکو بەپێچەوانەشەوە، بەلشەڤیکەکان لە ڕێگەی ئەم گوزارشتە ناسیۆنالیستییانەوە کە دەربارەی "مافی چارەی خۆنووسین تا ئاستی جیاکردنەوەی دەوڵەت"، لە هەموو وڵاتە سنوورییەکاندا بەڵگە و پاساوی ناجۆریان دا بە دەست بۆرژوازییەوە، بەتایبەت ئەوەی پێویست بوو بە ئامانجەکانی دژەشۆڕشەکەیانەوە. لەبری

هۆشیارکردنەوەی پرۆلیتاریا لە وڵاتە سنوورییەکان لە مەترسیی ئەو مەیلە جوداخوازییە کە تەنیا بریتییە لە تەڵەیەکی ڕوتی بۆرژوازی، لەبری کپکردنەوەی ئەم خواستە جوداخوازییانە هەر لە سەرەتاوە بە دەستێکی پۆڵایین -کە کارێکی لەم شێوەیە تەواو هاوجووت بوو لەگەڵ واتا و ڕۆحی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریادا- بەپێچەوانەوە بوونە مایەی دروستکردنی پشێوی لەنێوان جەماوەری دەوڵەتە سنوورییەکاندا و ئەو جەماوەرەیان کردە قوربانیی دیماگۆگییەتی چینە بۆرژوازییەکان. هەر خۆیان لە ڕێگەی ئەم پشتیوانییەی ناسیۆنالیزمەوە، بوونە پێشڕەو و ئامادەکاری دارمانی ڕوسیا. بەم شێوەیە خەنجەرێکیان دایە دەستی دوژمن و ئەویش لە دڵی شۆڕشی ڕوسیای هەڵچەقاند.

بێگومان بەبێ ئیمپریالیزمی ئەڵمانی و بەبێ "تفەنگی ئەڵمانی لە دەستی ئەڵمانەکاندا"، وەک لە گۆڤارەکەی کاوتسکیدا "Neue Zeit" دەنووسرا، ئەوا لایەنگرانی (لۆبینسکی) و هەرچی و پەرچییەکانی دیکەی ئۆکرانیا و لایەنگرانی (ئێریکس مانرهایم) لە فینلاند و بارۆنەکانی ناوچەی بەڵتیک، هەرگیز نەیاندەتوانی لە وڵاتەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر جەماوەری پرۆلیتارییدا بسەپێنن. بەڵام جوداخوازیی نەتەوەیی، ئەسپێکی تەروادە بوو کە "هاوڕێ" ئەڵمانەکان و جەنگاوەرەکانیان بە دەستی خۆیان خستیانە ناو هەموو ئەو وڵاتانەوە. لێکدڕی و ئەنتاگۆنیزمە چینایەتییە واقیعییەکان و پەیوەندیی هێزە

سەربازییەکان، سەریانکێشا بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی ئەڵمانیا. بەڵام بەلشەفییەکان خۆیان پەردەیەکی ئایدۆلۆژییان دروستکرد بۆ ئەم هەڵمەتی دژەشۆڕشە، بەمەش هەڵوێستی بۆرژوازییان بەهێزکرد و هەڵوێستی خۆیان لاوازکرد. باشترین بەڵگە بریتییە لە ئۆکرانیا، کە دەبوو ڕۆڵێکی چارەنووسساز بگێڕێت لە شۆڕشی ڕوسیادا، ناسیۆنالیزمی ئۆکرانی لە ڕوسیا، تەواو جیاواز بوو لە ناسیۆنالیزمی چیکی و پۆڵەندی یان فینلەندی، ناسیۆنالیزمی ئۆکرانی هیچ نەبوو جگە لە حەماقەت و خەیاڵی ساختەی چەند سەد کەسێک لە ڕۆشنبیرە وردەبۆرژواکان، ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکی ڕیشەییان بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و فکریی وڵاتەکەشەوە نەبوو، هیچ میراتێکی مێژووییشیان نەبوو، لەبەرئەوەی ئۆکرانیا هەرگیز خاوەنی گەلێک نەبووە و فۆڕمی دەوڵەتێکی بەخۆیەوە نەگرتووە، ئەمە جگە لەوەی خاوەنی هیچ کولتوورێکی نیشتیمانی نەبوو جگە لە شیعرە ڕۆمانسییە کۆنەخوازەکانی (چیڤچینکۆ). شتەکە تەواو لەوە دەچێت کە بەیانییەک خەڵکی ناوچەی "فاترکانت"ی هامبۆرگ لە خەو هەڵدەستن و دەیانەوێت بە گەڕانەوە بۆ شاعیری ئەڵمانی (فریتز ڕۆیتەر) دەوڵەتێکی نوێ و گەلێکی نوێ پێکبهێنن کە بە زمانی ئەڵمانیای باکوور دەدوێت. لینین و هاوڕێکانی لە ڕێگەی وروژاندنە مەزهەبییەکەیانەوە بۆ "مافی چارەی خۆنووسین تا ئاستی جیابوونەوەی دوڵەتی سەربەخۆ" و ...هتد، هەستان بە

قەبەکردنێکـی دەسـتکردی ئەم شـتە پـووچ و بێمانـایە کە سـەرچاوەکەی هەنـدێک مامۆسـتای زانکـۆ و خوێنکـاری ئـۆکرانی بــوون، هەتــاوەکو بــووە یەکێــک لە فــاکتەرە سیاسـییەکان. ئەم پووچییە لە سـەرەتادا هەندێک بـایەخی بەدەســتهێنابوو هەتــاوەکو بــابەتەکە گەیشــتە ئەوپەڕی مەترســـی: بەدیـــاریکراوی نەبـــووە بزووتنەوەیەکـــی نیشـتیمانیی ڕاسـتەقینە، کە هەتـاوەکو ئێسـتاش نەک هەر خـاوەنی هـیچ ڕیشـەیەک نییە، بەڵکو خـاوەنی درووشـم و ئاڵایەکیش نییە کە دژەشۆڕش لەژێریدا کۆببێتەوە! لێرەوە و لە ڕێـــگەی ئەم وەهـــمەوە، شـــەڕکەرە ئەڵمانەکـــان هاتنەپێشەوە.

هەنـدێک جـار وشــە و دەسـتەواژەکان لە مێـژووی ململانێ چینایەتییەکانـدا بـایەخێکی تەواو گەورەیـان هەیە. ئەمە چارەنووسـی ڕەشـی سۆسـیالیزمە کە هەوڵـدەدرێت لەم جەنگە جیهانییەدا بکرێتە پاسـاوێک بۆ دژەشـۆڕش. لە سـەرەتای جەنگـدا سۆسـیال دیمـوکراتە ئەڵمانییەکـان هەوڵیانـدەدا بە قەڵغـانێکی ئایـدۆلۆژی پاسـاوی هێرشـی ئیمپریالیســـتی بـــدەنەوە، ئەو پاســـاوەی لە کۆگـــای مارکسـیزمدا دەریانهێنـا و ڕایانگەیانـد کە ئەم هەڵـمەتە، هەڵمەتێکی ڕزگاریخوازانەیە دژ بە قەیسەرگەرایی ڕوسـی، وەک ئەوەی هەردوو مامۆسـتایان (مـارکس و ئەنگڵـس) هیوایـان بۆ خواسـتووە. چارەنووسـی بەلشـەڤیکەکان، کە نەیاری سەرسەختی سۆسیالیستە دەوڵەتییەکانی لای ئێمە بوون، وەها بوو کە بەو ڕستانەی دەربارەی مافی چارەی

خۆنووسـینی گەلان دەیـانگوت، ئـاو بـکەن بە ئاشـی دژەشۆڕشـدا، بەمەش بەلشـەڤیکەکان هەر تەنهـا ئایـدۆلۆژیایەکیان نەخسـتەگەڕ بـۆ خنکانـدنی خـودی شۆڕشـی ڕوسـیا، بەڵکـو ئایـدۆلۆژیا و پلانێکیش بـوو بۆ یەکالاکردنەوەی ئەو قەیرانەی بەهـۆی جەنگی جیهـانییەوە سەریهەڵدابوو.

دەیـان هۆکارمـان لەبەردەسـتدایە وەهامـان لێبکـات بە قووڵییەکی زۆرەوە بڕوانینە سیاسـەتی بەلشـەڤیکەکان لەم ڕووەوە، "مافی چارەی خۆنووسـین"، کە هاوتـا بـوو لەگەڵ کـۆمەڵەی گەلان و دامـاڵینی چەک، و سـەرۆک ویڵسـن گەلێک پێی بەختەوەر بوو، ببووە دەهۆڵی شەڕی ململانێی چـاوەروانکراوی نێـوان سۆسـیالیزمی جیهـانی لەگەڵ جیهـانی بۆرژوازییـدا. ڕوون و ئاشـکرایە لەمـڕۆدا دەسـتەواژەی مـافی چـارەی خۆنووسینی گەلان و هەمـوو بزووتنەوەیەکـی نیشـتیمانی، کە لە ئێسـتادا بـوونەتە گەورەتـرین مەترسـی لەسـەر سۆسـیالیزمی جیهـانی، هەریەکەیـان بەدیـاریکراوی لە شۆڕشـی ڕوسـی و دانوسـتانەکانی بریسـتەوە پشـتیوانییەکی گەورەیـان بەدەستهێنا. ئێمە هەر بەردەوام دەبین لەسـەر قسـەکردن دەربـارەی ئەم بـابەتە. چـارەنووس و پاشـهاتە کارەسـاتئامێزەکانی ئەم دەسـتەواژەیە لەنـاو شۆڕشـی ڕوسـیدا، کە بەلشـەڤیکەکان بە شـێوەیەکی خوێنـاوی کەوتبوونە ناویەوە، پێویسـتە بۆ هەمیشـە وەک ئەزمـوون و وانەیەکی بمێنێتەوە بۆ پرۆلیتاریای جیهانی.

دیکتاتۆریەتی ئەڵمانی ئەنجامێکی هەموو ئەوانە بوو. هەر لە پەیمانی ئاشتیی "بریست"ەوە بۆ "ڕێککەوتنامەی تەواوکاری[82]" و قوربانیانی سزادانی دووسەدیی لە مۆسکۆ[83]. لەم بارودۆخەوە تیرۆر لەدایکبوو و دیموکراسی سەرکوتکرا.

**سەرچاوە: چاپی عەرەبیی نامیلکەی (*دەربارەی شۆڕشی ڕوسیا*)ی ڕۆزا لۆکسمبۆرگ**

---

[82] بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی تەواوکاریی نێوان ئەڵمانیا-ڕوسیا، کە لە (1918/8/27)دا بەسترا، ڕێککەوتن کرا لەسەر ئەوەی پاش ڕێکخستنەوەی سنووری خۆرهەڵاتی "ئیستۆنیا" و "لاتیڤیا"، ئەڵمانیا لەو ناوچانە دەکشێتەوە کە لە خۆرهەڵاتی ئەو سنوورەدا دەستی بەسەردا گرتبوون. بەڵام ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە خۆرهەڵاتی "بیرزینا"وە، ئەڵمانیا بە مەرجێک لێیان دەکشایەوە کە ڕوسیای سۆڤیەتی پەیوەست بێت بە بەڵێنە داراییەکانییەوە. لای خۆیەوە ڕوسیا دەستبەرداریی سەروەری و دەسەڵاتی خۆی بوو لەسەر هەریەکە لە "ئیستۆنیا و لاتیڤیا و جۆرجیا". بەپێی ڕێککەوتننامەی دارایی نێوان ئەڵمانیا و ڕوسیا لە (1918/8/27) ڕوسیا ناچارکرا بە پێدانی (6 ملیار مارک) بە ئەڵمانیا.

[83] بە کوژرانی باڵیۆزی ئەڵمانیا لە مۆسکۆ (ڤیلهێلم گراف فون میرباخ) لە (1918/7/6)دا، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕە چەپەکان هەستان بە ئەنجامدانی بە کودەتایەک بۆ لەسەر کار دوورخستنەوەی حکومەتی سۆڤیەت. بەڵام ڕاپەڕینەکەیان سەرکوت کرایەوە و سەدان کەسیان لێ دەستگیرکرا.

# ماركسیزم و پرسی نەتەوەیی

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی (Revsoc)**

**وەرگێڕانی: ڕۆزا سەعید**

بنەمای تیۆریی مارکسیزم بە شێوەیەکی ڕیشەیی جیاوازە لە هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیا ناسیۆنالیستییەکان. بزووێنەری مێژوو لای مارکسیزم بریتییە لە ململانێی چینەکان. هەربۆیە ئەو ئەنتاگۆنیزم و ململانێ بنەڕەتییەی لە جیهانی هاوچەرخدا هەیە، بریتییە لە ململانێی نێوان چینی کرێکاری جیهانی و چینی سەرمایەداری جیهانی. دابەشبوونە نەتەوەییەکان لە گۆشەنیگانی ململانێی چینایەتییەوە دیاردەیەکی لاوەکیین، وەک لە مانیفێستی پارتی کۆمۆنیستیشدا هاتووە، کرێکاران هیچ نیشتیمانێکیان نییە.

بەڵام ناسیۆنالیزم لەو باوەڕەدایە جیهان دابەشکراوەتە سەر نەتەوەکان نەوەک سەر چینەکان. هەربۆیە ململانێی چینایەتی هەڕەشەیەکی هەرە گەورەیە بۆ هەموو فۆرمەکانی ناسیۆنالیزم، هەر لە فاشیزمەوە بۆ ئەو بزووتنەوە نیشتیمانییە چەپانەی لەلایەن زۆرێک لە ڕژێمەکانی جیهانی سێوە تێزەکانیان جێبەجێکراوە. ململانێی چینایەتی بەلەباربردنی یەکێتیی نیشتیمانی و قوربانیدان بە بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان بەناوی بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانەوە، هەڕەشەیە بۆسەر بەشێک لە نەتەوەیەک! بزاڤە نیشتیمانییەکان، بەگوێرەی ئەوەی سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆسەر بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان، ڕەهەندی ڕادیکاڵیی یاخود کۆنەپارێزیی وەرگرتووە، ئەگەر سەرچاوەی هەڕەشەکە لە کرێکارانی "چاوچنۆکەوە" بێت، بێگومان کۆنەپارێزانەیە، بەڵام ئەگەر هەڕەشەکە لە سەرمایەداریی قۆرخکار و "کۆمپرادۆری" و

تازەپێگەیشتووەوە بێت، ئەوا بزووتنەوە نیشتیمانییەکان بزووتنەوەگەلی ڕادیکاڵ و چەپگەران!

مارکسیزم هەر لەڕووی چوارچێوە تیۆرییەکەوە لە ناسیۆنالیزم جودا نییە، بەڵکو لەڕووی ستراتیژییشەوە جیاوازە. شۆڕش لای مارکسیستەکان شۆڕشێکی نێونەتەوەییە، مارکس و ئەنگڵس ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە کە ڕۆڵی مێژوویی سەرمایە خۆی لە خولقاندنی ئابوورییەکی جیهانیی یەکگرتوودا بینیوە، و ئابووریی دەوڵەتە جیاجیاکان پێکهاتەی بەشەکیین لە ئابووریی جیهانییدا. دیسان مارکس و ئەنگڵس پێیان وایە یەکخستنی هێزە بەرهەمهێنەکان لەسەر ئاستی جیهان، پێشمەرجی بابەتییە بۆ بونیادنانی کۆمۆنیزم. لە بەشێکی بەناوبانگی کتێبی "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی"دا مارکس و ئەنگڵس بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەگەرەکانی بونیادنانی سۆسیالیزمیان لە یەک وڵاتدا ڕەتکردۆتەوە:

"پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەکان لەسەر ئاستی جیهانی. بنەمایەکی کردارەکیی پێویستە، لەبەرئەوەی بەبێ ئەو پەرەسەندنە پێویستی دەبێتە دیاردەیەکی گشتی، لەگەڵ پێویستیشدا جارێکی دیکە و سەرلەنوێ ململانێ لەپێناو پێویستییەکانی ژیاندا سەرهەڵدەداتەوە، دواجار بە زەروری دووبارە بە هەموو پۆخڵەواتەکانییەوە سیستەمی کۆن دەهێنێتەوە کایە".

کەواتە شۆڕشی سۆسیالیستی بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پێویستی شۆڕشێکی نێونەتەوەیی بێت، ئەمە تەواو بۆ بەلشەڤیکەکان ڕوون بوو، کاتێک ساڵی

1917 چینــی کرێکــار دەگەنە دەســەڵات لە ڕوســیا، لەو باوەڕەدا بوون کە مانەوە و لەسەرپێ ڕاوەستانی دەوڵەتە ســۆڤیەتییەکە پشتبەســتە بە بڵاوکــردنەوەی شــۆڕش لە ئەوروپــــای خۆرئــــاوادا. هەر لەســــەر ئەم بنەمــــایە بەلشەڤیکەکان دەستپێشخەرییەکیان کرد بۆ دروستکردنی ئینتەرناســــیۆنالێزمی کۆمۆنیســــتی لە ســــاڵی 1919، پابەنــــدنامەی ئینتەرناســــیۆنالیزمی کۆمۆنیســــتی ڕایــدەگەیەنێت: "ئەم ڕێکخســتنە نێــونەتەوەییە نــوێیەی کرێکــاران، لەپێنــاو ڕێکخســتنی پڕاکتیکــی هاوبەشــی پرۆلیتاریــــای وڵاتە جیاجیاکانــــدا دامەزراوە، لەپێنــــاو بەدیهێنانی ئامانجێکدا، ئەویش بریتییە لە لەسەرکار لادانی ســــەرمایەداری و پێکهێنــــانی کۆمــــارێکی ســــۆڤیەتیی نێونەتەوەییم کە تێیدا هەمـوو چینەکـان ڕەتدەکرێنەوە و سۆســیالیزم بەدیــدێت، ئەمەش بە یەکەمــین قۆناغەکــانی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی دادەنرێت".

لە ڕووە مێــژووییەکەوە مشــتومڕەکان ســەبارەت بە پرســی نەتەوەیــی لەگەڵ ســەرەتاکانی جەنگــی جیهــانیی یەکەمدا تەقینەوە. ئینتەرناسیۆنالی دووەم لەژێر سایەی جەنگــدا بڕســتی لــێ بــڕا و دابەشــبوونێکی تونــدی بەخۆیەوەبینی بەسەر دوو هەڵوێستی لێکدژدا. هەڵوێستی یەکەم ئەو هەڵوێســــتە بــــوو کە سۆسیالیســــتە شۆڤێنیســتەکانی وەک (نۆســک) و (ئیــبەرت) و (شــایدمان) لەنــاو پــارتی سۆســیال دیمــوکراتی ئەڵمانییــدا پیڕەویــان دەکرد. ئەمانە زۆر بە ڕوونیی پەیڕەوییان بۆ هەڵوێستی چیــنە فەرمــانڕەواکەی خۆیــان دووپاتــدەکردەوە. بەڵام

هەڵوێستی دووەم هەڵوێستی چەپی ڕادیکاڵ بوو بە سەرکردایەتیی (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ)، کە زۆر بە توندیی جەنگی ئیمپریالیستییان ڕەتدەکردەوە و درووشمی سەربەخۆیی نیشتیمانییان وەک دروشمێکی کۆنەپارێزانەی مێژوویی تەماشادەکرد و ڕەتیاندەکردەوە. ئەم باڵە کەسانی وەک (جۆزیف شتراسە و ئەنتۆنی بانیکۆک)ی لەخۆدەگرت، کە دواتر و لە ئەڵمانیای دوای ساڵی 1918دا بوونە گرنگترین سەرکردە کۆمۆنیستە چەپەکان. هەروەک ئەم باڵە نموونەی کەسانی بەلشەڤیکیی وەک (بوخارین و بیاتاکۆڤ)ی لەخۆدەگرت. بەڵام لینین هەڵوێستێکی جیاواز و سەربەخۆی وەرگرت. ئەو پشتیوانیی لە مافی چارەی خۆنووسینی نیشتیمانیی دەکرد، بەڵام بەو مەرجەی بەشێکی جیانەکراوە بێت لە خەبات دژ بە ئیمپریالیزم. پێش هەموو شتێک بۆیە ئەم هەڵوێستەی گرتەبەر چونکە باوەڕی وابوو کە ڕاکێشانی کرێکارانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بەلای هەڵوێستی پشتیوانیی لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوە چەوساوەکان، بە مافی جیابوونەشەوە، مەرجێکی سەرەکییە بۆ تێکشکاندنی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئایدیا شۆڤێنیستییەکان بەسەر عەقڵییەت و بیرکردنەوەیان، بۆ نموونە لینین دەنووسێت:

"لە ڕۆشنبیرکردنی نێونەتەوەیی کرێکارانی وڵاتە چەوسێنەرەکاندا، پێویستە جەخت لە بەرگریکردن لە ئازادیی گەلە چەوساوەکان و سەربەخۆی و خەبات لەپێناو ئەو سەربەخۆییەدا بکرێت".

ئەم تێزە لە بنەڕەتدا گشتاندنێکە بۆ ئەو هۆکارانەی خستویەتیەڕوو بۆ پشتیوانیکردنی ئینتەرناسیۆناڵی یەک سەبارەت بە سەربەخۆیی ئیرلەندا، وەک مارکس ساڵی 1870 دەنووسێت:

"لە هەموو ناوەندێکی پیشەسازی و بازرگانیی ئینگلتەرادا، چینێکی کرێکاری دابەشبوو بۆ دوو بەرەی لێکدژ دەبینرێت، بەرەی پرۆلیتاریای ئینگلیز، لەگەڵ بەرەی پرۆلیتاریای ئیرلەندی. کرێکارێکی ئاسایی ئینگلیز، ڕقی لە کرێکارێکی دیکەی ئیرلەندییە، کە ڕکابەریەتی و لە ئاستی بژێوییەکەی کەمدەکاتەوە، هەروەها بەرامبەر کرێکارە ئیرلەندییەکان، کرێکارە ئینگلیزەکە هەست بەوە دەکات کە ئەندامی گەلی فەرمانڕەوایە، بەوەش خۆی دەکاتە ئامرازێک بەدەست ئەریستۆکرات و سەرمایەدارەکانی وڵاتەکەی دژ بە ئینگلتەرا، بەوەش دەسەڵات و کۆنترۆڵیان بەسەر خودی خۆیدا زیاد دەکات، لەڕاستیدا پڕبووە لە ڕق و کینەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دژ بە کرێکاری ئیرلەندی. بەڵام ئیرلەندییەک لە هەمان پارە و سوودی هەمان پارە وەردەگرێت، ئەو پێیوایە کرێکاری ئینگلیز ئامرازێکی گەمژانەیە و دەستی لەگەڵ چینی فەرمانڕەوای ئینگلیزدا لە ئیرلەندا تێکەڵ کردووە. لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارە تەنزئامێزەکان و هەموو ئامرازە بەردەستەکانی چینی کرێکارەوە، ئەم پارادۆکسە وەک خۆی دەمێنێتەوە. وێڕای ڕێکخرابوونەکەی، بەڵام ئەمەیە نهێنیی پاسیڤبوونی چینی کرێکاری ئینگلیز، هاوکات هەر ئەوەشە نهێنیی توانای مانەوەی چینی

سـەرمایەدار لە دەسـەڵاتدا، ئەم چینەش تەواو هۆشیارە بەوە".

پێویستە لەسەر سۆسیالیستەکانی بەریتانیا پشتیوانی لە سەربەخۆیی ئیرلەندا بکەن وەک بەشێک لە تێکۆشان بۆ یەکخستنی چینی کرێکار لە خودی بەریتانیادا. دوای نزیکەی 50 ساڵ و لە جیهانێکدا کە پڕە لەو دابەشکارییانەی مارکس باسی لێوە کردوون و لەسەر دەستی ئیمپریالیزم خۆراکی پێداون، هەر لەم بارەیەشەوە لینین پەرەیدا بە تێزەکەی بۆ بەرگریکردنێکی گشتی لە مافی گەلانی چەوساوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

بەڵام پشتیوانیی لە مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، تاکە ئامڕاز نییە بۆ دژوەستانەوە بەرامبەر شۆڤێنیزم لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا. لینین پێیوایە ئەم هەڵوێستە یەکێکە لە فاکتەرەکانی ستراتیژی مۆبیلیزەکردنی جەماوەری کۆڵۆنییەکان دژ بە ئیمپریالیزم. لێرەدا هەڵوێستی لینین بە شێوەیەکی ڕادکاڵ لە تەواوی هەڵوێستەکانی پێش خۆی جیادەبێتەوە. لە میانەی مشتومڕ و گفتوگۆکاندا دەربارەی پرسی نەتەوەیی لە ئینتەرناسیۆنالی دووەمدا، لە بنەڕەتدا پرسەکە وەک پرسێکی ئەورووپی تەماشادەکرێت. پرسی کۆڵۆنییەکان، پرسێکی جیاواز و سەربەخۆ بوو و تەنها دوای شۆڕش سەرنجی خرایە سەر!

لینین بەتەواوی ئەم ڕوانگەیەی گۆڕی. خودی شۆڕشی ڕوسیا تەحەدایەک بوو بۆ ئایدیا

پەرەسەندنئامێزەکان، کە لەلایەن بیرمەندانی ئینتەرناسیۆناڵی دووەمەوە داڕێژرابوون. ئیدی دەرکەوت کە چۆن چنی کرێکار دەتوانێت لە وڵاتێکی تاڕادەیەک دواکەوتوودا و پێش هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری لە ئەڵمانیا یاخود بەریتانیا، بگاتە دەسەڵات. ئیدی جەماوەری کۆلۆنییەکان بۆ لینین هێزێکە دەبێت بەکاربهێندرێن بۆ خەبات دژ بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم. پاشان خەباتی نەتەوەیی بە شێوەیەکی کۆتایی لەگەڵ خەبات دژ بە ئیمپریالیزمدا یەکخرا. لە گفوتگۆکانی کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆناڵی سێدا، لەژێر ناونیشانی "پرسی نەتەوەیی و کۆلۆنیالیزم"دا ئاماژە بە پرسەکە کرا. بەڵام ترۆتسکی قسەیەکی دیکەی هەبوو و باسی لەوەکرد کە "ئەوەی لەم بارەیەوە بەلشەڤیکەکان جیادەکاتەوە، ئاراستەی هەڵوێستیانە دژ بە گەلە چەوساوەکان، تەنانەت هەرە دواکەوتووەکانیشیان، پێیان وایە ئەو جەماوەرە تەنها ئوبێکتێک نین، بەڵکو سوبێکتێکی سیاسییشن".

سەبارەت بەو شۆڕشگێڕانەی پێیان وایە کە تێکۆشانە نەتەوەییەکان لادانە لە ململانێی چینایەتی، لینین دەڵێت:

"ئەو ڕوانگەیەی پێیوایە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەبێ یاخیبوونی نەتەوە بچوکەکان لە کۆلۆنییەکان و ئەوروپادا دێتەدی، بەبێ تەقینەوەی شۆڕشگێڕیی کەرتێکی وردەبۆرژوازی بە هەموو ڕقەکانییەوە، بەبێ جوڵەی بەرەیەکی بەرفراوانی پرۆلیتاری و نیمچە پرۆلیتاریای هۆشیار لەڕووی سیاسییەوە، دژ بە ستەمکاریی خاوەن زەوییەکان و کڵێسا و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ...هتد،

ڕوانگەیەکـــی لەو شـــێوەیە لەڕاســـتیدا ڕەتکـــردنەوەی شۆڕشـی کـۆمەڵایەییە، وەک ئەوەی سـوپا لە پێگەیەکـدا بوەستێت و بڵێت ئێمە لەگەڵ سۆسیالیزمداین، سوپاش لە پێگەیەکـــی دیـــکەدا بووەســـتێت و بڵێـــت ئـــێمەش لەگەڵ ئیمپریالیزمـداین. شۆڕشـە کۆمەڵایەتییەکەش بەو شـێوەیە دەبێت. ئەوەی چاوەڕوانی شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی پوخت بێت، بە چاوی خۆی نایبینێت".

ئەو ئەنجـــامگیرییەی لەوێـــوە بەدیـــدێت، ئەوەیە کە تەقینەوە کۆمەڵایەتییە قووڵەکان پەرەدەسـەنن و هەنـدێک جـاریش فـۆڕمی نەتەوەیـی وەردەگـرن و بە ئاڕاسـتەیەکی دژی ئیمپریالیزمدا پەرەدەسـەنن. بەڵام ئەم هەڵوێسـتە لای لینـــین، بە هـــیچ جۆرێـــک بە مانـــای سازشـــکردن نـــایەت لەبەردەم ئایـدۆلۆژیا ناسیۆنالیسـتییەکاندا. ئەو پێیوابـوو مافی نەتەوەکان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان، ئامڕازێکە بۆ خولقاندنی یەکێتیی نەتەوەیی چینی کرێکار، نەوەک لەنـاوبردنی ئەو یەکێتیـیە. لینـین بە هۆشـدارییەوە مـــــامەڵەی لەگەڵ جیاوازییەکـــــانی نێـــــوان ئەرکـــــی شۆڕشـــــگێڕەکان لە دەوڵەتە چەوســـــێنەرەکان و ئەو دەوڵەتـــانەدا دەکـــات کە بە دەســـت چەوســـاندنەوەوە دەنـــاڵێنن. لە دەوڵەتە ئیمپریالیســـتە چەوســـێنەرەکاندا، دوژمنی سـەرەکی بریتییە لە ناسـیۆنالیزمی چەوسـێنەران، پێویســـتە لەســـەر سۆسیالیســـتەکانیش تێبکۆشـــن لەپێنـاو پشـتیوانیکردن لە مافیچـارەی خۆنووسـین، هەتـاوەکو لەو ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی دەسـەڵاتی شۆڤێنیسـتەکان ببنەوە

لەناو بزووتنەوەی کرێکاری، کە هاوکات خۆنواندنێکی پراکتیکیی ئینتەرناسیۆنالیزمیشە. بەڵام لەو دەوڵەتانەی بەدەست چەوساندنەوەوە دەناڵێنن، پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕەکان ئاوێتەبوونێک دروستبکەن لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی بەهێزی ئیمپریالیزم و خەباتی ڕوون و ئاشکرا لەپێناو یەکێتیی نێونەتەوەیی چینی کرێکاردا. ئەمەش بە واتای خەباتی ئایدۆلۆژی و سیاسی دێت دژ بە ناسیۆنالیستە نیشتیمانپەروەرەکان، کە دەیانەوێت ململانێی چینایەتی بخەنە ژێر ڕکێفی ململانێی نەتەوەییەوە. لە هەندێک باریشدا پێویستە لەسەر شۆڕشگێڕەکان دژبەری پراکتیکی مافی چارەی خۆنووسین بن، لە ڕوانگەیەکی لەم شێوەیەوە، هەڵوێستی لۆسمبۆرگ دەربارەی سەربەخۆیی پۆڵەندا هەڵە نەبوو، هێندەی ئەوەی هەڵوێستەکە سنووردار بوو. ڕۆزا وەک شۆڕشگێڕێکی پۆڵەندی تەواو لەسەرحەق بوو لە بەرپەرچدانەوەی شۆڤێنیزمی پارتی سۆسیالیستی پۆڵەندی. بەڵام لە هەڵوێستەکەیدا هەڵە بوو بەوەی پێیوابوو دەبێت شۆڕشگێڕەکان لە دەوڵەتە چەوسێنەرەکاندا دژ بە درووشمی سەربەخۆیی پۆڵەندا بن. ئەوە چینی کرێکاری پۆڵەندییە کە بڕیاردەدات ئەگەر سەربەخۆیی نیشتیمانیی بوێت، ئەرکی کرێکارانی ڕوسی و ئەڵمانییشە پشتیوانیی ئەم مافەیان بکەن و ڕێز لە هەڵبژاردنەکەیان بگرن.

بەڵام هەڵەیە ئەنجامگیریی ئەوە بکەین کە لینین ئەوەی خستۆتە بەردەم شۆڕشگێڕانی وڵاتێک کە گیرۆدەی چەوساندنەوەن، هەتاوەکو بە شێوەیەکی گشتی دژایەتیی ئەو بزووتنەوانە بکەن کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن و ئەرکی پشتیوانیکردنەکە جێبهێڵێت بۆ شۆڕشگێڕانی دەوڵەتە چەوساوەکان. هەڵوێستێکی لەم شێوەیە واتە پێویستە لەسەر سۆسیالیستە ئیرلەندییەکان دەستبەرداری خەباتی خۆیان ببن دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانی. کاتێک خواستی سەربەخۆیی نیشتیمانی دەبێتە چەقی خەباتی جەماوەری دژ بە چەوساندنەوە، ئەرکی شۆڕشگێڕەکان بریتیدەبێت لە بەشداریکردن لەو خەباتەدا، بەڵکو تەنانەت کاربکەن لەپێناو ڕابەرایەتیکردنیدا. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەمە بە مانای قبوڵکردن و پەسەندکردنی ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی نایەت، بەڵکو بە مانای پێشکەشکردنی ستراتیژێکی ناوازە دێت بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین لەسەر بنەمای ڕابەرایەتی و میتۆدی چینی کرێکار.

لای لینین، پشتیوانیی بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتیمانی بە هیچ جۆرێک بە مانای سازشکردن نایەت دەربارەی سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوە کرێکارییەکان لەو دەوڵەتانەی گیرۆدەی چەوساندنەوە بوون. لە "تێزەکان دەربارەی پرسی نەتەوەی و کۆلۆنیالیستی"دا کە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستیدا (1920) پەسەندکرا، دەڵێت:

"پێویسته خەباتێکی یەکلاکەرەوە هەبێت دژ بە هەوڵەکانی پێدانی ڕەنگێکی کۆمۆنیستی بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە شۆڕشگێڕەکان، کە لەڕاستیدا شۆڕشگێڕیی نین. ئەرکی ئەینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی بریتییە لە پشتیوانیی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە وڵاتە داگیرکراو و دواکەوتووەکاندا، لەپێناو مۆبیلیزەکردنی ئەو ڕەگەزانەی دەشێت لە داهاتوودا ببنە ناوی پێکهێنانی پارتی پرۆلیتاری، کە بەڕاستی ئەمانە کۆمۆنیستی دەبن نەوەک تەنها ناوێک بن لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، هەروەها ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەیان بە ئەرکە تایبەتەکەیان، کە ئەویش خەباتە دژ بە ئاڕاستە بۆرژوا دیموکراتەکان لە وڵاتەکانیاندا. پێویستە لەسەر ئینتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی هاریکارییەکی سەرەتایی لەگەڵ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی کۆلۆنی و وڵاتە دواکوتووەکاندا بکات، تەنانەت هاوپەیمانێتیشیان لەگەڵدا ببەستێت، نەوەک لەنێویاندا ئاوێتە بێت. هاوکات پێویستیشە بە شێوەیەکی بێ مەرج پارێزگاریی لە سەربەخۆیی بزووتنەوەی پرۆلیتاری بکات، تەنانەت ئەگەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانیشیدا بێت.

هەڵوێستی لینین بەتەواوی ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵێک بوو کە چینی کرێکار بخرێتە ژێر بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتیمانییەوە، کە بزووتنەوەگەلی فرەچینن، ئەم هەوڵانە، هەر لە "کۆمێنتانگ"ی چینەوە لە بیستەکانی سەدەی بیستەوە، هەتاوەکو کۆنگرەی نیشتیمانی لە

باشـــووری ئەفەریقیـــا لە هەشـــتاکاندا، بـــوونە مـــایەی وێرانبـــوونی تەواوەتیـــی ئۆپۆزسـیـۆنی چەپ لەنـــاو ئەم بزووتنەوانەدا.

پێویســتبوو لەســـەر ترۆتسـکی پەرە بە ڕوانگەیەکـی لینینیستی بدات دەربارەی پرسـی نەتەوەیـی لە میانەی تیـۆری شۆڕشـــی بەردەوامەوە. ئەم تیـــۆرییە، کە لەگەڵ دەرکەوتنی ئەنجامەکانی شۆڕشی چیندا لە ساڵی 1925-1927دا گەیشتە پێگەیشتن و فۆڕمە گشتییەکەی خۆی، ئەو ئـــارگومێنتە پێشـــکەش دەکـــات کە خەبـــاتی وڵاتە دواکەوتووەکـــان لەپێنـــاو ســـەربەخۆیی نیشـــتیمانیدا ســـەرکەوتوو نابێـــت، تەنهـــا مەگەر چینـــی کرێکـــار ڕابەرایەتیـــیەکەی بگـــرێتە دەســـت و لە ڕێـــگەی ئەم پرۆسـەیەوە ئەم خەباتە بگوازێتەوە بۆ خەبات لەپێناو دەســـەڵاتی کرێکـــاری و هەوڵـــدان بـــۆ بڵاوکـــردنەوەی شۆڕشێکی سۆسیالیستیی سەرکەوتوو لە وڵاتانی دیکەدا.

ئەم هەڵوێستە ڕەنگدانەوەی لە هەڵوێستی ترۆتسکیدا هەبوو کە پێیوابوو پەرەسەندنی ئیمپریالیزم دەبێتە مایەی هێنانەئـــارای دۆخێـــک کە تێیـــدا مەرجە بابەتییەکـــانی سۆسیالیزم هەر تەنها لە وڵاتێکی دیاریکراودا بەردەست نـــین، بەڵکـــو لەســـەر ئاســـتێکی جیهـــانییش، لەو دەمەی ئاوێتەکردنی هەموو وڵاتان لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیدا، واتە سەربەخۆیی نیشتیمانی ڕاستەقینە ئەستەمە لەگەڵ بەردەوامبـــوونی ئەم سیســـتەمە جیهـــانییە. ئەنجامگیرییەکەی ترۆتسکی، جیاواز لە لۆکسمبۆرگ، کە پێیوابـــوو هەمـــوو بـــزووتنەوە ســـەربەخۆخوازەکان،

گرنگییەکـــی ئەوتۆیـــان نیـــیە، بەڵکـــو سروشـــتێکی کۆنەخوازانەیـــان هەیە، بەڵام ترۆتســـکی دەڵێـــت ئەم بـزووتنەوانە نـاتوانن سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنهن، تەنهـا مەگەر پەرەبسـەنن و ببنە خەباتێکی نێونەتەوەیی لەپێناو دەسەڵاتی چینی کرێکار.

لەدوای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەوە، بەتایبەت لە وڵاتـانی جیهـانی سـێدا، سـتراتیژێکی هەڵە دەربـارەی پرسی نەتەوەیی و ڕزگاریی نیشتیمانی، باڵی بەسەر پارتە چەپە سـتالینییەکاندا کێشـابوو. ئەمە تەواو ئەو ڕوانـگەیە بوو کە لینین هۆشداری لێ دابوو، کە ئەوەش سازشکردن بـوو لە سـەربەخۆیی چینـی کرێکـار و پێـدانی ڕەنگێکـی کۆمۆنیســتی بە بــزووتنەوە نیشــتیمانییەکان. ڕوانــگەی ستالینیســتی گریمــانەی ئەوە دەخــاتەڕوو کە ڕزگــاریی نیشـتیمانی قۆنـاغێکی پـێش شۆڕشــی سۆسیالیســتییە، هەربـۆیە پێویسـتە لەسـەر کۆمۆنیسـتەکان بچـنە نـاو بەرەیەکی نیشتیمانییەوە، کە هەموو هێزە دژە کۆلۆنیالیزم و دژە ئیمپریالیســـتەکان لەخۆبگرێـــت، هەتـــاوەکو سـەربەخۆیی تەواو بەدیـدێت، پاشـان پرسـی شۆڕشـی سۆسیالیستی دەخرێتەوە پاش ئەو قۆناغە نیشتیمانییە.

ئەمە بەتەواوی لە شۆڕشـــی ســـاڵی 1925-1927ی چیندا ڕوویدا، کاتێک پارتی کۆمۆنیستی چینی چووە ناو بەرەی کۆمینتـانگی بـۆرژوا ناسیۆنالیسـتەوە، بە پاسـاوی ئەوەی ئامــانجە بنەڕەتیـیەکە بـریتییە لە ڕزگـاربوون لە دەسـتی کۆلۆنیـالیزم و لێکـدژییە بنەڕەتیـیەکە بـریتییە لە

لێکدژیی لەگەڵ ئیمپریالیزم، نەوەک لەگەڵ بۆرژوازیی ناوخۆیی، لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە، کۆمۆنیستە چینییەکان پشتیوانییان لە شۆڕشی کرێکارانی شەنگەهای نەکرد، ئەنجامەکەشی خولقاندنی قەسابخانەیەک بوو بە دەستی هەمان ئەو کۆمێنتانگەی کۆمۆنیستەکان چووبوونە ناوی، دواتر پاکتاوکردنێکی تەواوەتیی کۆمۆنیستەکانی بەدوادا هات.

ئەم ستراتیژە یەک لەدوای یەک کارەساتی بەدوای خۆیدا دەهێنا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا. لە ئەندۆنیسیا، کۆمۆنیستەکان چوونە هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ بەرەیەکی هاوبەشدا لەگەڵ هێزە نیشتیمانییەکاندا، بە هەمان شێوە ئەنجامەکەی کوشتارگەی کۆمۆنیستەکان بوو. لە سودان و عێراقیش هەمان شت ڕوویدا. هەموو جارێکیش وێڕای کوشتار و شکستەکان کۆمۆنیستەکان هەمان قسەیان دووبارەدەکردەوە و هێشتا بەدوای بەرەیەکی نیشتیمانیی هاوبەشدا دەگەڕان، و ناپاکییان لەگەڵ شۆڕشی کرێکارییدا دەکرد و دەستبەرداری سەربەخۆیی بزووتنەوەکە دەبوون.

لە میسریش بەردەوام دەمانبینی هەمان تراژیدیا دووبارە دەبووەوە، لە نیوەی دووەمی ساڵانی چلەکاندا، کاتێک بەرزبوونەوەیەکی توندی ململانێی چینایەتی بە شێوەیەکی تاکلایەنە دەردەکەوت و بزاڤێکی نیشتیمانی دژ بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی دەردەکەوت، ستراتیژی کۆمۆنیستەکان دەقاودەق ستراتیژی ڕزگاریی نیشتیمانی

بـوو. قۆنـاغەکە لای ئەوان قۆنـاغی شۆڕشـی نیشـتیمانیی دیموکراسـی بـوو: هەمـوو پـێکەوە سـەرەتا کۆتـایی بە کۆلۆنیـالیزم و گەورە خـاوەن زەوییەکـان دەهێـنین، دواتـر قسـەیەک لەسـەر قۆنـاغی سۆسـیالیزم و دەسـەڵاتی کرێکـاران دەکەیـن- سـەرەتا بەرەی نیشـتیمانی و دواتـر کرێکـاران، واتە خسـتنەپێش و گرنگیـدان بە ململانێـی نیشـتیمانی لەچـاو ململانێـی چینایەتیـدا. ئەمەش وێـڕای ئەوەی چینـی کرێکـار تـاکە هێـزی جەمـاوەری بـوو کە لەتوانایـدا بێت ڕابەرایەتیی خەبـاتی دژ بە کۆلۆنیـالیزم و دژ بە سەرمایەداری بکات لە یەک کاتدا، هەروەها بتوانێت هەمـوو بەشـە چەوسـاوەکانی کـۆمەڵگە بەلای خۆیـدا ڕابکێشـێت و لەپێشـیانەوە بـڕوات بەرەو بونیادنـانی دەسـەڵاتی کرێکـاری. بەڵام ڕێچکەیەکـی لەم شـێوەیە بە کـوفر دادەنرێـت بەرامبەر تیـۆری پیـرۆزی قۆناغەکـان و خەیـاڵپڵاوییەکە لە خەیـاڵپڵاوییە ترۆتسکیسـتییەکان!! بەڵام بـا بـزانین سـتراتیژی بەرەگەرایـی نیشـتیمانیی چـی لێکەوتۆتەوە؟ بێگومـان کودەتـایەکی سـەربازی کە کۆتـایی بە هەمـوو ڕێکخـراوە کرێکارییەکـان هێنـا و بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتیی نیشـتیمانیی دیموکراسـیی خسـتە زینـدانەوە! بەڵام کۆمۆنیسـتە میسـرییەکان هەر بە دڵسـۆز مـانەوە لەسـەر ئایینەکەیـان و پاشەکشـەیان نەکـرد لە سـتراتیژە نیشـتیمانییەکەیان، بەڵکـو ئەم سـتراتیژەیان گەیانـدە ئاسۆیەکی تراژیدیی نوێ. کاتێک عەبدولناسـر دەستیکرد بە جێبەجێکردنـی ئەو ڕێوشـوێنانەی بە ڕێوشـوێنە

نیشتیمانییەکان ناسراون، وەک خۆماڵیکردنی نۆکەند و خۆماڵیکردنی هەندێک لە پیشەسازییەکان و بەرزکردنەوەی درووشمە دژە ئیمپریالیستیی و ئیسرائیلییەکان، دەستیکرد بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانیان و هەموویانی خستە ناو یەکێتییەکی سۆسیالیستییەوە، واتە چوونە ناو هەمان ئەو سیستەمەی بزووتنەوەی کرێکاریی بەنیشتیمانیی کرد و کۆتایی پێهێنا و خۆشیان چوونە زیندانەوە! جگە لەوە سیستەمەکەی عەبدولناسر سیستەمێکی نیشتیمانی بوو، وڵاتەکەش لە قۆناغی نیشتیمانیی دیموکراسییدا بوو، کەواتە لێکدژییەکە لەکوێدایە؟!

تەنانەت لە حەفتاکانی سەدەی بیستیشدا، کاتێک ئەو ڕەوتە دەرکەوت کە بە چەپی ڕادیکاڵ ناودەبرا، درووشم و تێزەکانیان چی بوون؟ ئایا دەسەڵاتی کرێکاران و ڕابەرانی چینی کرێکاران بۆ سەرجەم کەرتە چەوساوەکان و گشت پرسە نیشتیمانی و دیموکراسییەکانە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو چیتر ململانێی چینایەتی دەکەنە قوربانیی ململانێی دژ بە ئیمپریالیزم و درووشم و تاکتیک و ستراتیژە نیشتیمانییەکان دەخەنە پێش چینایەتییەکانەوە، بەرەخوازییەکانیش بۆ پێش لرێکارییەکان، نەتەوەییەکانیش لەپێش نێونەتەوەییەکان.

ئیدی ئێستا کاتی دروستکردنی چەپێکی نوێیە، کە پشتیوانیی لە ستراتیژی شۆڕشی بەردەوام بکات و پڕۆژەی دەسەڵاتی کرێکاران بخاتە بەرنامەوە. ئێستا کاتی

دووبـاره گێـڕانەوەی میراتـی مارکسـیزمی شۆڕشـگێڕیی ئینتەرناسیۆنالیســـــتی و دەرچـــــوونە لە تاریکســـــتانی ستالینیزم و ناسیۆنالیزم، ئێستا کـاتی متمـانە بەخشـینە بە چینـی کرێکـاران کە لەتوانایانـدایە ڕابەرایەتیـی شـۆڕش بکەن.

**سەرچاوە:**

/http://revsoc.me/theory/lmrksy-wlmsl-lqwmy-0

# تیۆری سۆسیالیستی و
# بزووتنەوەی نەتەوەیی

## سدریک جی ڕۆبنسۆن

### وەرگێڕانی: ئاران عەلی

لایەنگرانی سۆسیالیزمی زانستی[84] خاڵی دەستپێکی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە، ئەگەرچی لە گەڕانەوە بۆ ئەم مێژووە زیاتر مەبەستیان لەو ئاڕاستە زانستییەیە کە لەو سەردەمەدا دەرکەوت، زیاتر لەوەی مەبەستیان دەرکەوتنی سۆسیالیزمی زانستی بێت بە وردیی. لەو چەردە مێژووییەدا ڕەخنەی سیاسی و فکری لە سەرمایەداری لە شێوەی ئەو دۆخە نامۆبوونەدا خۆی دەبینییەوە کە ڕووبەڕووی کرێکاران بووبووەوە، هەروەها ڕەخنەی شێوازی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی خواست و داخوازییەکانی خاوەنداریێتیی تایبەت، کە دەکرێت بیگێڕینەوە بۆ سەدەی نۆزدە.

ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر قسە بکەین، سەرەتا فکری و شیکاری و تیۆرییەکانی سۆسیالیزمی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێش کۆتاییەکانی سەدەی

---

[84] سۆسیالیزمی زانستی (Scientific socialism): ئەم چەمکە لەلایەن فرەدریک ئەنگڵسەوە بەکارهاتووە بۆ وەسفکردنی تیۆرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، کە کارڵ مارکس لە ڕابەرە یەکەمەکانی بوو. هۆکاری ناونانی ئەو سۆسیالیزمەش بە "زانستی" (لەبری سۆسیالیزمی یۆتۆپی) ئەوەیە کە تیۆرەکانی لەسەر ئاستێکی ئەزموونیی ڕاوەستاوە، لەگەڵ تێبینیکردنی ڕەگەزی بنەڕەتیی لە پەرەسەندنەکەیدا، کە ئەمەش دەبێتە مایەی هەمووارکردنەوەی ڕەگەزە تیۆرییەکان. (و. ع).

نۆزدەش. سۆسیالیزمی نوێ بە ڕەنگێکی زانستی کۆمەڵگە دەنەخشێنێت و کاریگەرە بە چەمکێکی تەواو جیاوازی پرۆژەی سۆسیالیستی، بەراورد لەگەڵ ئەو سۆسیالیزمە کە لە ئەنجامی لێکدژیی نێوان ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی لەگەڵ بەرهەمهێنانی پیشەسازیی ماتریالیزمی ئەڵمانی، لەگەڵ ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکانی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە.

پێش سەدەی نۆزدە، ئەوەی هەندێک جار وەک ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بۆ دەکرا، هیچ نەبوو جگە لە جۆرە نەریتێکی ئەخلاقی و ڕەسەنایەتیی زانستیی مەعریفە، کە لە شێوەی نەزمە ئەخلاقییەکان و بەهاکانەوە هاتبووە ناو شارستانیەتی ئەوروپییەوە، سەرچاوەکانیشیان میسر و یۆنان و ئاسیای بچووک بوون. لەم بارەیەدایە (نۆرمان کۆهن) دەڵێت:

"هاوشێوەی ئەندێشە خەیاڵییەکانی دیکە کە لە ئەوروپادا بڵاوبوونەتەوە و سەریانکێشاوە بۆ دروستکردنی باوەڕ بە غەیب و ڕۆژی دوایی، بە هەمان شێوە دەکرێت ئەندێشەکانی یەکسانی و سۆسیالیزم بگێڕدرێتەوە بۆ جیهانی کۆن".

بێگومان مەسیحییەت میدیۆمێکی باش بووە لەنێوان ئەو چاخ و سەردەمانەدا. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کڵێسا لەگەڵ ئەوەی هێزێکی گەشەسەندوو و سامان و توانای مرۆیی لەبەردەستدا بووە، نەیتوانیوە بەر بە دەرکەوتن و گەشانەوەی ڕێبازی کۆمۆنیستی بگرێت، وێڕای ئەوەی سۆسیالیزم لەو دەمەدا ڕەخنەگرێکی

سـەرەکیی هەریەکە لە دەسـەڵات و سـامانی کڵێسـا بـووە. بەدرێژایی زیاتر لە 1500 ساڵ، ئەوەی هەبووە بریتیبووە لە:

"دەسەڵاتی ساختەی کڵێسا، وردە وردە بەناو یاساناس و فەیلەسـوفەکاندا بڵاودەبـووەوە، لە دۆخـی سروشـتیی کۆمەڵگەی پـێش دەرکەوتنـی دەسـەڵاتی کڵێسـادا، شـتێک نەبـووە بە نـاوی خاوەنـداریێتیی تـایبەت، لەبەرئەوەی خاوەنـداریێتیی هەمـوو شـتەکان دەگەڕایەوە بـۆ هەمـوو کەسەکان".

لە واقیعـی پلەبەنـدییە چینایەتییەکـانی کڵێسـادا پـلە باڵاکان بەردەوام خەریکی پەروەردە و ئامۆژگاری بوون، لەکاتێکـدا چیـنە نزمەکـانی خـوارەوە خەریکـی ژیـانی کۆمەڵایەتیی خۆیان بووبن، ژیانێک لەژێر سایەی کڵێسادا. بەم شێوەیە کڵێسا لێکدژیی ئیمتیازاتە فیودالی و پڕەنسیپە مەسـیحییەکانی لەخـۆگرت. بێگومـان هەر دەبـوو ئەم لێکـدژییە بتەقێـتەوە، هەتـاوەکو دواتـر لە فـۆڕمی هەڵگەڕاوەکـانی سـەدەی چـواردە و سـەدەکانی دواتـردا خـۆی دەربخـات، ئەمە جـگە لە بـاوەڕی شۆڕشـگێڕانەی بەشـێک لەو یاخیبوونـانەی جوتیارەکـان لە کۆتـایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرپایان کرد.

ئیـدی هەریەکە لە ڕێبـازی سۆسـیالیزمی سـەرەتایی و بزاڤە ناڕازییەکان بوونە بەشێک لە نەریتـی سۆسیالیستی. مـارکس و ئەنگڵسـیش بە گەڕانەوە بـۆ مێـژووی فیـودالیی ئەوروپـا توانییـان ئاشـنا بـبن بە بزووتنەوەکـانی پـێش پڕاکتیکە سۆسیالیستییەکان، ئەمەش خۆیان لەناو هەندێک

بزووتنەوەدا دەبیننەوە، وەک بزووتنەوەی "ئانابابپتیزم" لە سەدەی شانزە و لە وڵاتی ئەڵمانیا، هەروەها بزووتنەوەی یەکسانگەراکان "levellers" لە ئینگلتەرا و لە سەدەی حەڤدەدا، کە ئەنگڵس پێیوایە ئەم بزووتنەوانە، بزووتنەوەی ڕێخۆشکەر بوون بۆ "پرۆلیتاریای مۆدێرن".

لای خۆشیانەوە مێژوونووسانی سەدەی نۆزدە ئەم فۆرمە سەرەتاییانەی سۆسیالیزم دەگێڕنەوە بۆ ژینگەی فەڕەنسا و بانگەشەی ئەوە دەکەن سەرەتا لەنێو نەوەی چینە چالاکەکانی گۆڕەپانی سیاسی و هزرییدا دەرکەوتووە، بەتایبەت لەنێو بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی و خاوەن پیشە دەستییەکاندا.

مێژوونووسانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جەخت لەوە دەکەنەوە کە شۆڕشی فەڕەنسی (کە زۆر لەناو خۆیاندا دەربارەی ئەم ڕووداوە کۆک نین) لەڕووی بەرهەمهێنانی ئایدیا سۆسیالیستییەکانەوە گەلێک لە شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشگێڕتر و ڕادیکاڵتر بووە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لایەنێکی شۆڕشی پیشەسازی جۆرە ڕووخسارێکی ئینگلیزیی پێوەدیار بووە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دەرکەوتنی سەرمایەداریی پیشەسازی لەسەر ئاستی تەکنیکی و بەرەوپێشچوونی ئامێرەکان. بەم شێوەیە دەتوانین شۆڕشی پیشەسازی بە بزووێنەری دووەم دابنێین بۆ دەرکەوتنی فکری سۆسیالیستی لە داهاتوودا.

**فکری سۆسیالیستی:**

**هەڵوەشاندنەوەی فیودالیزم یان کەپیتالیزم؟**

دەکرێـــت لە رێـــگەی شارســـتانێتی ســـەدەکانی ناوەڕاستەوە، بە شێوەیەکی باشتر لە سروشتی مێژوویی پەرەسەندنی سەرمایەداری و چینە کرێکارییەکان تێبگەین، پەیوەســت بەو پەرەســەندنەوە، هەمــان شــت بەســەر مێـــژووی سۆسیالیزمیشـــدا جێبەجێـــدەبێت. کەواتە سۆســیالیزم وەک هێزێــک کە بەرەنگــاریی جیــاوازیی کـــۆمەڵایەتی و هەژاری دەبێـــتەوە، لە بـــنەڕەتەوە ئاڕاســتەکەی ڕووی لە گونجانــدن و پێکەوەهەڵکردنـــی کـۆمەڵگەی بـۆرژوازی و بونیـادە فیودالییەکـان بـووە. ڕەخنەی سۆسیالیستییش لە کۆمەڵگە، وەک هەوڵێک بووە بۆ هاندانی شۆڕشە بۆرژوازییەکان دژ بە فیودالیزم. لەو دەمەدا ئەم ڕەخنەیە سروشتێکی ئەخلاقیی وەردەگرێت. لێرەدایە هەندێک لە توێژەران باس لەوە دەکەن کە:

"ڕەخنە لە خاوەندارێتیی تایبەت، کە لەگەڵ ئازادبوونی فەڕەنسـادا لە سـەدەی هەژدەدا دەرکەوت، بە شـێوەیەکی ڕەهـا ڕووی لە سیسـتەمی پیشەسـازی نەبـوو. جـگە لە هەنـدێک داواکـاری بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەم جـۆرە خاوەنـدارێتییە، هـیچ ئاڕاسـتەکردنێکی ئـابووری بـوونی نەبوو. بەڵام بایەخدانی بیرمەندێکی سۆسیالیستیی دیاری ئەو ســەردەمە (مــۆرلی) تەواو ئەخلاقــی بــوو، لای ئەو هەڵوەشـاندنەوەی خاوەنـدارێتیی تـایبەت زۆر بە سـادەیی بریتیبوو لە تەوەری سـەرەکیی هەیکەلێکی کۆمەڵایەتی و

سیاسیی کارامە، کە دەتوانێت نوێبوونەوەیەکی ئەخلاقی بە مرۆڤ ببەخشێت.

مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا گرنگییان داوە بە خستنەڕووی ڕوانگەیەکی دیالەکتیکی، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەخنەگرتن لە نەریتە سۆسیالیستییەکانی دیکەی پێش خۆیان، نەوەک هاوڕابوون لەگەڵیاندا.

سۆسیالیزم گوزارشت بوو لە ڕۆشنگەری و ڕزگاریی کۆمەڵایەتی و هزریی چینی کرێکاری کۆمەڵگە ئەوروپییەکان، کە لەو باوەڕەدا بوون کە چیتر گەندەڵییەکانی فیودالیزم و دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت، شتێکی سروشتی و ڕاستەوخۆ و حەتمیی نین. لەبەرئەوەی سۆسیالیزم پەیوەست بوو بە هێزی مێژوویی زانست و دەسەڵات و عەقڵ و دانایی، وەک لادانێک وەهابوون لەو ئایدۆلۆژیاکان و ئەو پێکهاتانەی کاریان لەسەر شەرعییەت بەخشین دەکرد بە فۆڕمە زۆر و زەوەندەکانی فیودالیزم و دەسەڵاتی ئیمپریالیستی. فۆڕمەکانی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی، خۆیان دەبینییەوە لە: پلە و پۆستی تائیفەکان، ئیمتیازاتی ئەریستۆکراتەکان، دەسەڵاتی ڕەهای میر (و دواتریش دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت) بەسەر جوتیارانەوە، هەروەها دەسەڵات و سامانی کڵێسا، دواجاریش خۆی دەبینییەوە لە هەژاری و نەداریی جەماوەردا. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو دۆزەی سۆسیالیزمی سەرەتایی خستبوویە سەر شانی خۆی بریتیبوو لە ئازادکردنی ڕۆحی سیکۆلاریستی لە

زەبـری سیسـتەمە حکـومەڕانییە دەسـەڵاتخوازەکان. لەم بارەیەوە مارکس دەڵێت:

"دوایین خاڵ کە ماتریالیزمی تێڕامانگەرا (نـا هەسـتەکی) پێیگەیشـت، خـۆی دەبینێـتەوە لە بیرکـردنەوەی تاکەکـان لەناو "کۆمەڵگەی مەدەنی"دا.

لێرەدا بیرۆکەیەک هەیە کە زۆرجار گوزارشت لەخۆی دەکـات، ئەویـش خـۆی لەوەدا دەبینێـتەوە کە هـزری سۆسیالیسـتیی سـەرەتا، هاوشـێوەی هەڵوەشـانەوەیەکی هـزری و تیـۆریی کـۆمەڵگەی سـەرمایەدارییە، واتە سـەرمایەداریی پیشەسـازی لەمیـانەی قۆناغەکـانی سەرمایەداریی کێبڕکێکار و پاوانخواز. پەسـەندکردنی ئەم ئایـدیایە، واتە گریمـانەی بـوونی پەیوەنـدییەکی مێژوویـی نـاڕوون. وەک (شـۆمپیتەر) بە زیرەکیی خۆی هۆشداریی داوە، پرسیاری ئەوەمان لا دروست دەبێت کە:

"ڕەنـگە ڕاڤەی ئـابووریی بـۆ مێـژوو، تەنهـا نزیککـردنەوەیەک بێـت کە بە شـێوەیەکی گونجـاو لەگەڵ هەمـوو بارەکانـدا جێبەجێنابێـت. ئاشـکرایە کە فـۆڕم و پێکهاتە و مۆدێل و ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکان گوزارشتن لەو قەوارانەی بە ئاسانی ناتوێنەوە. هەر هێندە پێکهاتن و دروستبوون، ئیدی ڕەنگە بۆ چەندین سـەدە بەردەوام بن، لەبەرئەوەی پێکهـاتە و مـۆدێلە جیاوازەکـان ئاسـتە جیاوازەکانی ئەم تـوانی بەردەوامبـوونە دەردەخەن، ئێمە هەمیشـە دەبینـین کە ڕەفتـاری کـۆمەڵایەتی و نەتەوەیـی ڕاسـتەقینە، لەو ڕێچـکەیە لادەدات کە لێـی چاوەڕوانـدەکرێت. ڕاسـتە مـارکس ئەم ڕاسـتییانەی

پشـــتگوێ نەخســـتووە، بەڵام درکیشـــی بە هەمـــوو ناواخنەکانیشی نەکردووە".

ڕووخســارە ســەرەتاییەکانی سۆســیالیزمی مــۆدێرن و فۆڕمەکـــانی، پەیوەنـــدییەکی بەتینیـــان بە کـــۆمەڵگەی فیـودالییەوە هەیە، بە ئاسـتێکی زۆر زیـاتر لەوەی فـۆڕمە مۆدێرنەکــانی هــزری سۆسیالیســتی گریمــانەی دەکەن. ســەرەتا و دەســتپێکی سۆســیالیزم گوزارشــت بــوو لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی و هزری بۆرژوازی.

بەمەش تێگەیشـــتنێکی هەڵە ڕووبەڕووی پڕەنســـیپە سۆسیالیسـتییەکانی نـاو ماتریـالیزمی مێژوویـی بـۆتەوە. بەشـــێک لە تـــوێژەرانی وەک (جـــۆرج لیشـــتنهایم) بایەخیانداوە بە سروشـتی ئەو سۆسـیالیزمەی پێیـان وایە پێکهاتەیەکی فکری و فەلسـەفییە. ئەم پێکهـاتەیە ئامـانجی ئەوەیە لە میـانەی جەخـت کـردنەوە لەسـەر ئەو میـراتە فکـــرییەی وەک وەڵامێـــک بۆشکســـتی شۆڕشـــگێڕیی ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە دەرکەوتـووە، ڕاڤەی مێـژووی هزری سۆسیالیستی بکات.

ئاشـــکرایە هانـــدان و پاڵنـــانێکی بەردەوامـــی هـــزری ماتریاڵیسـتیی مارکسیسـتی هەبـووە بەرەو دامەزرانـدنی زانسـتێکی پۆزەتیڤیسـتی، کە ئەویـش خـۆی دەبینییـەوە لە ڕەخنەگـرتن لە مـۆدێلی بەرهەمهێنـانی سـەرمایەداری، و ئەو ئەفسـانە سیاسـییە مێژووییـانەی شۆڕشـی لینینیسـتی گرتبوویەبەر، هەروەک چۆن ئەفسانەی باڵادەست بەسـەر میراتـــی هـــزری سۆسیالیســـتییەوە جـــێگەی مێـــژووی سۆسیالیستی دەگرێتەوە. ئەرکی مێژووییەکی جێگرەوەی

سۆسیالیزم، خۆی دەبینێتەوە لە شێواندنی ڕاستی و بانگەشەکردن بەو پێیەی ڕیشەکانی هزری سۆسیالیستی هاوشانی پرۆلیتاریای ئەوروپی نییە، بەڵکو هاوشانی چینە ناوەندەکان بوو. لەم بارەیەوە (دەیڤد ماکلیلان) دەڵێت:

"چینە کرێکارییەکانی ئەڵمانیا سەرچاوە نەبوون بۆ ئایدیا سۆسیالیستییەکان، بەڵام ئایدیا سۆسیالیستییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک دەستەبژێری هزرییەوە بڵاوبوونەوە، کە جەماوەری پرۆلیتاریا پێیوابوو ئەمانە وەک ئامڕازێکی گریمانەکراون بۆ نوێبوونەوەی کۆمەڵایەتی".

لەڕاستیدا مێژووی سۆسیالیزمی ئەوروپی پڕە لە بەرهەڵستکاریی بەردەوامی ئاگایی و چالاکیی پراکتیکیی چینە پرۆلیتارییەکان. وەک مارکس باسی دەکات:

"ئێستا پرسیارەکە ئەمە نییە: ئامانجی چاوەڕوانکراو لە کاتی ئێستادا لای ئەم ئەندام یان ئەو ئەندامی پرۆلیتاریا چییە؟ یاخود لای کۆی پرۆلیتاریا بەگشتی؛ بەڵکو پرسەکە ئەوەیە: پرۆلیتاریا کێیە؟

چینی بیرمەندان، چینێکی هەرە نزیکن لە ڕوونکردنەوەی ڕەوتی کارکردنەوە. بێگومان کاتێک لینین پارتی شۆڕشگێڕ دەخاتە جێگەی پرۆلیتاریای هۆشیار، لەڕووی تیۆری و میتۆدۆلۆژییەوە هاوڕایە لەگەڵ مارکس و ئەنگلسدا. بەڵام جێگەی داخە هیچ کام لە (مارسک-ئەنگلس-لینین) ئاماژەیان بە ئامانج و مەبەستی سیاسیی وردی پارتی شۆڕشگێڕ نەداوە. مارکس لە ساڵی 1851دا هۆشداریی داوە لە سروشتی چینایەتیی تایبەتی

پرۆلیتاریا، وەک ئەوەی ساڵی 1848 لە پاریس دەرکەوت، لەم بارەیەوە دەنووسێت:

"نابێت مرۆڤ ئایدیایەکی تەسکی وەهای هەبێت کە وردەبۆرژوازی لەڕووی مەبدەئییەوە دەخوازێت بەرژەوەندییە چینایەتییە تایبەت و خۆپەرستییەکانی خۆی بسەپێنێت. بەڵێ ڕاستە وردەبۆرژوازی پێیوایە بارودۆخە تایبەتەکانی ڕزگاربوونی، خۆی دەبینێتەوە لەو بارودۆخە گشتییانەی کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵگەی مۆدێرن ڕزگاربکرێت و ململانێی چینایەتی نەمێنێت".

هەروەها لینین لە کتێبی "دەبێت چی بکرێت"دا دەڵێت:

"دەتوانین وەهای دابنێین ئەو تاکە دیموکراتخوازەی نوێنەرایەتیی وردەبۆرژوازی دەکات، لە هەمان کاتیشدا نوێنەرایەتیی "چینێکی ڕاگوزەر" دەکات، کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی هەردوو چینی دیموکراسی و بۆرژوازی یەکسانن. ڕەنگە لەژێر سایەی ئەم بارودۆخەدا مرۆڤ پێیوابێت کەوتۆتە سەروو ئاستی ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی بە سێوەیەکی گشتی".

لەبەرئەوەی وردەبۆرژوازی ریتییە لەو چینەی لە تایبەتمەندییە مێژووییەکانیدا هەڵگری خەسڵەتێکی کارگێڕی و هزرییە بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بۆرژوازی، ئەم جۆرە بۆرژوازییە هەمیشە خواستی بەرهەمهێنانی کارە وردەکانی هەیە: لەڕووی سیاسی و کۆنسێپچواڵییەوە. ئەم کارانە دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان فراوانبکەن و هەموو کۆمەڵگە بگرنەوە.

وەک چۆن ڕێبازی سوودگەرایی و وەزیفیی وەک بنەمایەک بوون بۆ وردەبۆرژوازی و هەریەکە لە بیرۆکراتەکان و بازرگان و خاوەن پیشەکانی دەگرتەوە (واتە ڕەوتی گشتیی سیستەمی کۆمەڵایەتیی سەرمایەداری)، بەڵام سۆسیالیزم ببووە ئالایەک کە ئەندامانی وردەبۆرژوازی بەرزیانکردبووەوە، ئەوانەی هەستیان بە هەژاریی بۆرژوازی کردبوو لە خستنەڕووی ڕوانگەیەکی گشتگیر و ڕیشەدار.

## مارکس و ئەنگڵس و ناسیۆنالیزم

مارکس نزیکەی بیست ساڵی بە ئامادەکردنی تیۆرە ئابوورییەکانییەوە بردەسەر، کە ئەو ماوەیەش دەکەوتە نێوان شۆڕشەکانی ساڵی (1848) و جوڵانەوەی گشتیی ساڵی (1864)، کە هەر لەوێدا چەمکێکی ناڕوون و تەمومژاویی مارکس دەربارەی "ئینتەرناسیۆناڵ" دەرکەوت. مارکس لەم ماوەیەدا بەدەست تێکشکانێکی توندەوە گیرۆدە بوو، وێڕای ئەوەی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ماوەیە بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و نووسین و شیکاری ماتماتیکی و پەرەسەندنی تیۆرییەوە بەسەربرد.

سەرەڕای ناڕەحەتییەکانی مارکس بەرامبەر ئەوەی هەمیشە بە کێشەکانی "بۆرژوازی" ناویدەبرد (قەرزەکان، پێداویستییەکانی خێزان، دۆخی شێوانی زەینی) و نەخۆشییەکانی پێوستەوە (وەک دومەڵ و بیرۆ)، بەڵام شێلگیرییەکەی و باوەڕە بەهێزەکانی پاڵیان پێوەنا بۆ

جەنگێکی درێژخایەن، هەندێکیان سادە بوون، هەندێکی دیکەشیان خاڵی نەبوون لە توندوتیژی.

زۆرینەی ئەم شەڕانە لە ئەنجامی هەڵوێستی مارکسەوە بوون بەرامبەر "حزب" یاخود "یەکێتیی کۆمۆنیستەکان"، کە مارکس خۆی ساڵی 1860 ڕایگەیاند لەدوای ساڵی 1852وەوە دوایین هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو یەکێک لەم ململانێیانە سوودبەخش بوون بۆمان هەتاوەکو لە ڕێگەیانەوە بە ڕوونی ئەو کۆتوبەندە هزری و تیۆرییانە ئاشکرابکرێن کە مارکس و ئەنگڵسیان خستبووە دۆخێکی خراپەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمەی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەستی بە دەرکەوتن کردبوو. لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزم گرنگترین ئایدۆلۆژیای ئەم سەردەمەی ئێستامانە، ڕەنگە چارەسەرکردن و شیکردنەوەی لە ڕێگەی مارکسیستەکانی دواترەوە کارێکی سوودبەخش بێت بۆ خودی جەوهەری مارکسیزم و سروشتە ئایدۆلۆژییەکەی.

گفتوگۆکان دەربارەی ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە، ئەڵمانیا شوناسەکەی بوو، هەمان ئەو شوناسەی مارکس و ئەنگڵسیش دەگەڕانەوە سەری، بەڵام بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە لەندەن ژیانیان بەسەربرد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاراوگە بە بەرگرییەکی ڕەوا لەم نموونەیە هەژمار ناکرێت، لەبەرئەوەی مارکس و ئەنگڵس، وەک دوو ڕابەری بزووتنەوەی دیموکراسی

(سۆسیالیستی) ئەڵمانی، لە پەیوەندییەکی ڕۆژانەی بەردەوامدا بوون لەگەڵ نێردراوە ئەڵمانەکان. بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە کە مارکس و ئەنگڵس وەک دوو کۆچبەر لە دەرەوەی ئەڵمانیا، بە شێوەیەکی ڕۆژانە و بە بەردەوامی دووربوون لە خواست و کەشوهەوای ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار لە نیشتیمانی خۆیان.

لێرەدا گرنگە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی (فرانس میهرەنگ) نووسیویەتی، کە یەکێکە لە بایۆگرافیستە هەرە هاوسۆزەکان لەگەڵ مارکسدا. میهرەنگ باس لەوە دەکات کە لە میانەی مشتومڕی مارکس و ئەنگڵس لەگەڵ لاسالدا، دەربارەی ئەو ئەنجامانەی کاریگەرییان هەیە لەسەر خەباتی شۆڕشگێڕیی ئەڵمانیا بەهۆی جەنگی نێوان ئەڵمانیا (پروسیا و یەکێتیی ئەڵمانیا) و ئیتاڵیا (شانشینی سەردینیا) و فەڕەنسا؛ "دەبوو ئەم دوو هاوڕێیە باجی ئاگادارنەبوونیان بدەن لە بارودۆخی ئەڵمانیا بۆ ماوەیەکی درێژ".

لەگەڵ ئەوەشدا و لەژێر ڕۆشنایی چوارچێوەی جیهانیی کرێکارییدا، کە هەریەکە لە مارکس و ئەنگڵس هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن لە کارەکانیاندا، پێدەچێت هاتنە ناو باسەکە لەلایەن میهرەنگەوە، بەرگرییەکی پاساودەرانە بێت. میهرەنگ شکستیهێناوە لە گونجاندنی نێوان ئەو کاریگەرییە سیاسی و هزرییەی ئایدیای مارکس دەربارەی لۆژیکی پەرەسەندنی سەرمایەداری بەدیهێناوە.

وەک ئارگومێنتی ناوردیی ئەوەی مارکس و ئەنگڵس لە تاراوگە باسیان لێوە کردووە، ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا (نەمساش لەم بوارەدا)، نەیانتوانیوە ئەو پێکهاتە هەرێمییانە بەدیبهێنن کە هاوسازە لەگەڵ خواستی دەستەبژێرە سەربازی و دەسەڵاتدارەکان. هەروەها نەیلە سروشتییەکانی وەک ئیتنیک و نەتەوەی هاونیشتیمانیبوونی نەتەوەیی، ناتوانن ئەوە بەدیبهێنن. بە نموونە (کیڤۆر)ی سەرۆک وەزیرانی شانشینی سەردینیا، وردەوردە لە فەرمانڕەوایەکی سەرکوتکاری دژە ناسیۆنالیستییەوە بووە یەکێتیخوازێکی کارامە، ئەوەش لە میانەی پەرەسەندن و گەشەی بەردەوامی هاوسۆزی و ڕێکخستنی نەتەوەیی لە نیمچەدورگەی ئیتاڵیا و لەخۆگرتنی تاراوگەنشینەکان، کە حکومەتەکەی ڕۆڵێکی جەوهەریی بینیوە لە دووبارە نیشتەجێکردنیانەوە.

لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی قرم لە ساڵی 1854دا، چیتر کیڤۆر باوەڕی بەوە هێنابوو کە سوپای فەڕەنسا ئامرازێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەرکردنی نەمسا لە ناوەڕاستی ئیتاڵیا و بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی هەرێمی بیدمۆنت (ناوچە وشکانییەکانی سەردینیا) بەسەر ویلایەتە پاپاییەکاندا (پێدەچێت کیڤۆر گریمانەی ئەوەی کردبێت کە شانشینی هەردوو سەقەلییەکە لێوەی دوور بوون).

کیڤۆر پێیوابوو کاتێک هێزەکانی سەردینیا هاوشانی سوپای بەریتانیا و فەڕەنسا بوون لە کاتی داگیرکردنی

ڕوسیا لە ساڵی 1854، ئەم جەنگە (جەنگی قرم)، بووە مایەی لاوازکردنی هەریەکە لە نەمسا و روسیا. لە کۆنگرەی ئاشتیی ساڵی (1856)ی پاریسدا، هەموو موڵک و ماڵەکانی نەمسا لە ئیتاڵیا (ڤینیسیا و لۆمبارديا) بابەتی گفتوگۆ بوون بەهۆی پێشێلکردنی یەکالاکردنەوەی ڤییەنا لە ساڵی 1815.

پاشان دەبینین کە مارکس و ئەنگڵس، وەک ئەندامێکی ئەو نەوەیە و ئەو چینەی پەیوەست بوو بە وەرچەرخانی دیموکراسی و دووبارە یەکخستنەوەی ئەڵمانیا، بە توندی کەوتبوونە چاودێریکردنی ڕووداوەکان، پاشانیش دوودڵ بوون بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکان هەبوو، تێدامابوون لەنێوان گەڕانەوەی لیبراڵی لە ساڵی 1849 و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن بسمارکەوە لە ڕوسیا لە ساڵی 1862. لیشتهاتم تەواو لەسەر حەق بوو کاتێک تێبینیی ئەوەی کردبوو "نە لە تیۆری مارکسیستی بۆ دیموکراسی تێدەگەین، نە لە ڕوانگەی مارکسیستی بۆ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم تێدەگەین، مادام ئەوەمان لەبەرچاونەگرتووە کە ئەوانە پاش خراپترین شکستی دیموکراسی و ناسیۆنالیزمی ئەوروپا پێکهاتوون".

کاردانەوەی ئەنگڵس بەرامبەر هەڵگیرسانی جەنگ لە ساڵی 1859 لەنێوان نەمسا و سەردینیا و فەڕەنسا، هەروەها بەرامبەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی ئەڵمانی، کە کەوتبوونە پێش جەنگەوە، خۆی دەبینێتەوە لە

بڵاوکـردنەوەی یاداشـتێک بە ناونیشـانی "پـۆ و ڕایـن". لەم یاداشـتەدا ئەنگڵـس بـاس لەوە دەکـات کە وێـڕای ئەوەی سـنووری ڕووبـاری "پـۆ" گرنگییەکـی سـەربازیی ئەوتـۆی نیــیە بــۆ ئەڵمانیــا و داخوازییەکــانی فەڕەنســا زیــاتر گوێلێگیراوترن، بەزاندنی ڕووباری پۆ لەلایەن فەڕەنساوە لەڕووی سیاسـییەوە سـەرەتای هەوڵـێکە بـۆ داگیرکردنـی سـنووری ڕووبـاری ڕایـن. لەسـەر ئەم بنەمـایە ئەنگڵـس سـوور بـوو لەسـەرئەوەی ڕووبـاری پـۆ بـریتییە لەو جـێگەیەی ئەڵمانیـا ناچاردەکـات سـنوورەی خـۆی لەگەڵ نەمسادا دیاریبکات.

لەســەر بنەمــای ئامۆژگــاریی مــارکس یاداشــتەکەی ئەنگڵـس بەبـێ واژۆی خـۆی بڵاوکـرایەوە، هەتـاوەکو ئەو بەرهەســـتە بخوملێنێـــت کە ڕەنـــگە نووســـەرەکەی سـەرکردەیەکی پروسـی بێـت، ئاشـکرایە بـۆ خۆشـبەختیی مـارکس ئەم فـێڵە سـەریگرت. دواتـریش لە نامەیەکـدا بـۆ ئەنگڵس دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکات و پێیدەڵێت کە ئێستا لە میانەی ناسنامە بەرزکراوەکەیەوە لە وڵاتەکەیدا وەک پسـپۆڕێکی سـەربازی لێیـدەڕوانرێت. جـارێکی دیـکە میهرەنـــگ ئامـــانجی مـــارکس و ئەنگڵـــس و پـــاڵنەرە شاراوەکەیان دەردەخات و دەڵێت:

"ئێستا پێش هەموو شتێک، مارکس و ئەنگڵس پێیـانوایە بـــزووتنەوەی ناسیۆنالیســـتی لە ئەڵمانیـــا، بەڕاســـتی بزووتنەوەیەکـی ڕاسـتەقینە بـووە، داوای لە مـیللەت کـرد جەنگ دژ بە (لویس بۆناپارت) ڕابگەیەنێت وەک نوێنەری نەریتەکــانی ئیمۆراتــۆریەتی فەڕەنســیی یەکەم، ئەمەش

قۆنـــاغێکی ئاشـــتییانه بـــوو. دووەم مـــارکس و ئەنگڵـــس گریمـانەی ئەوەیـان کـردووە کە ئەڵمانیا جێگەی هەڕەشـە بــــووە لەلایەن هاوپەیمــــانێتیی فەڕەنســـا-ڕوســـــیاوە؛ دواجـــاریش پێیـــان وابـــوو کە حکـــومەتە ئەڵمانییەکـــان پێویستیان بە هاندان و جوڵاندنە لە میانەی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە.

**سەرچاوە:**

سدریک جي روبنسون: الماركسية السوداء؛ تكوين حراك ثوري للشعوب السوداء، عاطف معتمد و عزت زيان

# چین و نەتەوە لەدوای "مانیفێستی کۆمۆنیزم"ـەوە

هێنری لۆڤیفرە

وەرگێڕانی: خەبات عومەر

*مارکس هەرگیز شتە ئابووری و سۆسیۆلۆژییەکانی لە شتە سیاسییەکان جیانکردۆتەوە، هەروەک چۆن ئەم سێ بابەتەشی لەو پەردە مێژووییە جیانەکردۆتەوە کە بەدەوریانەوەیە. لێکۆڵینەوە لە واقیعی چینەکان، لە دەرەوەی چوارچێوەی گوزارشتە سیاسییەکانیان، وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەبستراکت دەمێنێتەوە. چین، تەنها کاتێک دەتوانرێت پێبگوترێت بۆتە چینێک، کە چووبێتە ناو گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. واتە کۆمەڵە مرۆڤێک بە ڕادەیەک لە ڕادەکان گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی بکەن، ستراتیژێکی بۆ دابڕێژن، و خەبات بکەن لەپێناو دانپێدانان و سەپاندنی هەژموونی ئەو چینەدا. بەبێ ئەمانە چینێک دروستنابێت، مەگەر بە هێز و خۆسەپاندن. هاوکات بوونی نەتەوەش پەیوەستە بە بوونی بنەمایەکی ئابووری و بازاڕێکی نەتەوەیی، یاخود بوونی زمان و کولتوور (کە ئەم دووانەیان هەر لە بنەڕەتەوە مەترسیی لەناوچوونیان لەسەرە ئەگەر بنەمایەکی ئابووری-کۆمەڵایەتییان بۆ فەراهەمنەکرێت). بەوپێیەش تەنها لەڕووی سیاسییەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی بوونی مێژوویی.

بوونی مێژوویی و سیاسی، پێویستی بە بوونی ڕوانگە و ئەندێشەیەکە بۆ پڕاکتیکێکی گشتگیر، کە هەموو ئاستەکان بگرێتەوە (خودیی و بابەتیی، ماتریاڵی و کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی، ...هتد)، بە خستنەڕووی چارەسەر بۆ کێشە تایبەت و گشتییەکانیش، هەوڵبدات لەسەر هەموو ئەم ئاستانە چارەسەر بۆ لێکدژییەکان بدۆزێتەوە. وەها لە فاکتە ئابوورییەکان

بڕوانێت کە هەلومەرجی ئامرازەکانی کارکردنن، ڕێگە بە کێشانی ستراتیژەکان بدات، توانستەکان دەستنیشانبکات، هاوکات سنووریک دابنێت بۆ پیاوانی کار و پیاوانی دەوڵەت، هەر لە سەرکردە و وەزیر و ئەمیرەکانەوە بۆ ڕابەرانی چین و توێژەکانی ناو چینە کۆمەڵایەتییەکان.

*مارکس لەو ساڵەی مانیفێستی کۆمۆنیزمی تێدا نووسی، واتە ساڵی 1848، بەبێ پەردە دانینا بە کۆتاییەکی نزیکدا، کۆتایی گەل و نەتەوەکان. مانیفێست لەناو زەریای گشتگیریی ئەو سەردەمە فەلسەفییەدا مەلەیدەکرد، پەیڕەوە گشتگیرەکەشی، پەیڕەوێکی ڕەخنەیی و لە ڕوانگەی شۆڕشی پرۆلیتارییەوە بوو. پرۆلیتاریاکان نیشتیمانێکیان نییە: "کرێکارانی جیهان، یەکبگرن!". بەڵام گەل و نەتەوە و نەتەوەگەریی گوزارشتن لەو سەرخانەی لەو سەردەمەوە بە کۆنبوون سپێدراوە، ئەو بناغە و هێرخانەش کە لەسەری دامەزراوە، خۆی لە تێپەڕاندنی بازاڕە نەتەوەییەکاندا دەبینێتەوە لەلایەن بازاڕی جیهانییەوە. پرۆلیتاریا بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بە کردار گەل نەفی دەکات، هەروەک چۆن پێویستە بۆرژوازی و سەرمایەداری نەفی بکات. تا ئەو دەمەی هەلومەرجەکانی پراکتیکێکی نوێ و پێگەیشتوو ئامادەدەبێت، هەم پێویستە و هەم هێندەش بەسە کە پرۆلیتاریاکان لە ڕێگەی نەفیکردنی گەلەوە تەحەدای

خۆیــان بــکەن[85]. ســاڵی 1847 مــارکس لە میهرەجــانێکی گوتارییــدا کە بەبــۆنەی بەرزڕاگرتنــی یــادی ڕاپەڕینــی (1830)یەوە ڕێکخرابــــوو، دەڵێــــت: "یەکێتیــــی گەلان و برایەتیی نەتەوەکان لەمڕۆدا بوونەتە درووشم و بنێشتە خۆشــەی ســـەر زاری ســـەرجەم پارتەکــان، بەتــایبەت بانگەشــەکارانی ئــاڵوگۆڕی ئــازاد. بەڵام هەتــاوەکو گەلان بەڕاســتی یەکێتیــی بەدەســتبهێنن، پێویســتە بەرژەوەنــدیی هاوبەشــیان هەبێــت. بــۆئەوەی بتــوانن ببــنە خــاوەنی بەرژەوەنــــدیی هاوبەشــــیش، پێویســــتە پەیوەنــــدییە خاوەنــــداریێتییە هەنووکەییەکــــان هەڵبووەشــــێننەوە، لەبەرئەوەی پەیوەنــدییە خاوەنــداریێتییە هەنووکەییەکــان چەوســــــاندنەوەی هــــــاوبەرامبەری نێــــوان گەلان دەستنیشــــاندەکات. ئەوەی خەمــــی هەڵوەشــــاندنەوەی پەیوەندییە خاوەنداریێتییە هەنووکەییەکانیەتی، تەنها چینی کرێکــارە. تەنهــا ئەم چیــنەش خــاوەنی ئامرازەکــانی هەڵوەشــاندنەوەی ئــو پەیوەنــدییانەیە. ســـەرکەوتنی پرۆلیتاریــاش بەســەر بۆرژوازییــدا، ســەرکەوتنە بەســەر مەیــلە نەتەوەگەریــی و پیشەســازیگەرییەکاندا". هەمــان هەڵوێســــــت زۆر بە وردیــــــی لە مانیفێستیشــــــدا دووبــارەدەبێتەوە: "کۆتــایی بە چەوســاندنەوەی مــرۆڤ لەلایەن مــــرۆڤەوە بێــنن، کۆتــایی بە چەوســاندنەوەی نەتەوەیەک دێت لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە. ئەو ڕۆژەی

[85] مەبەستی نووسەر تێپەڕاندنی ئەو سنوورانەیە کە لەسەر بنەمای گەل و نەتەوە کێشـراون، نەک ڕەتکـردنەوە و دژایەتیکردنـی گەل و نەتەوە.

بەربەرەکانێی چینەکانی نێو گەلێک دادەڕمێت، ئیدی لەگەڵییدا دووژمنایەتیی نێوان گەلانیش کۆتایی پێدێت". لە هەمان ساڵدا [واتە ساڵی نووسینی مانیفێست 1848] مارکس لە "گوتارێک دەربارەی ئاڵوگۆڕی ئازاد"دا بە ڕوونی دەڵێت: "ئاڵوگۆڕی ئازاد بۆی دەرخستین کە چی جۆرە برایەتییەکی دەوێت لەنێوان سەرجەم چینەکانی ناو یەک گەلدا. ئەو برایەتییەی ئاڵوگۆڕی ئازاد بەهای پێدەبەخشێت و دەیەوێت لەناو گەلانی جیاوازدا، زۆر برایانە نییە. ناونانی چەوساندنەوەی کۆزمۆپۆلیتەن بە ناوی برایەتیی یونیڤێرساڵەوە، ئایدیایەکە مەگەر تەنها لەناو دڵی بۆرژوازییدا لەدایکبێت...".

بەم شێوەیە مارکس بە شێوەیەکی تایبەت لە هەوڵدا بوو بۆ لەگۆڕنانی وەهمەکانی لیبڕالیزمی بۆرژوازی، و عەقڵانییەتە سنووردارەکەی، ئەو ئەخلاقییاتەی وەها لە خەڵک دەکات ڕووی خۆیان وەرگێڕن لە واقیعی چینەکان، لەو ساڵە پڕ لە شۆڕشەی کە دۆخێکی شۆڕشگێڕی لە سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا هاتەئاراوە.

چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بە مانای تەواوی وشەکە لە هزری مارکسیزمدا، لەو سەردەمەدا، پەیوەست بوو بە تیۆرێکی گشتییەوە، کە ئەویش تیۆری تێپەڕاندن بوو. تیۆری تێپەڕاندن لە فەلسەفەوە هاتووە، بەڵام کارڵ مارکس دایبڕیوە لە هەموو ڕێبازێک و لە هەموو گریمانەیەکی فەلسەفیی پێشوەخت، ئەوەش بە بەستنەوەی بە خستنەڕووی توانستە نوێیەکان، کە لە چینی کرێکارەوە هاتوونەتە دەرەوە. لە هەموو گۆڕەپان و کەرتێکی

پڕاکتیکدا، لە سەرجەم ئاستەکانی واقیعدا، پێویستە هەرچی دەبێتە بەربەستی ڕێگە و داخستنی ئاسۆ، لاببرێت و وێرانبکرێت. هەنگاوێکی شایستە بەرەو پێشەوە، وەک مارکس دووپاتی دەکاتەوە، هەنگاوێکە کە بەسەر کۆسپەکاندا سەربکەوێت و تێیانبپەڕێنێت. ئەم بازدانە بەرەو پێشەوە بریتییە لە شۆڕشێکی گشتگیر و وێرانکەر و بونیادنەر بە شێوەیەکی ڕیشەیی، کە لەلایەن چینی کرێکارەوە بەدەستدەهێندرێن. ئەمەش کردەیەکی مێژوویی گریمانەکراو و پێویستە؛ بگرە دابڕانێکی ڕەهایە لە ڕۆژگارێکی مێژووییدا: هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم جۆرەکانی نامۆبوون.

بەڵام لەبەرئەوەی شیکارییەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵە تایبەتمەندییەک و تێپەڕاندنی ڕەوتێک دەبێتەوە، کە چۆنایەتییە تایبەتمەندە جیاجیاکان تێکدەئاڵۆزکێن. ئایین؟ تێپەڕاندنی یەکسانە بە هەڵوەشاندنەوەیەوە. فەلسەفە؟ بەدیهێنانی پەیوەستە بە تێپەڕاندنەوە، واتە لە ڕێگەی ڕەخنە و تەواوکاریی ڕووخسارە ئایدیالیستییەکەی مرۆڤەوە دەچێتە ناو پڕاکتیکەوە، ئەو ڕووخسارەی فەیلەسوفان کێشاویانە و فەلسەفە لە حاڵەتی ئەبستراکتی ئایدیالیستیدا دەهێڵێتەوە. دەوڵەت؟ تێپەڕاندنی سەردەکێشێت بۆ نەمان و بزربوون. ئابووریی سیاسی؟ فرەیی و ڕێکخستنی دەبنە جێگرەوەی ئەم زانستییە نافرەییە. بەڵام ئەخلاق و مافەکان لەبەردەم هەڵدەوەرێن و دەپوکێنەوە لەبەردەم تازەکردنەوەی نەریت وەک بناغەیەک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە ئاستێکی بالاتر

و بەراوردنەکراو. گەل؟ بە پوکانەوەی دەوڵەت و پوکانەوەی بازاڕی نەتەوەیی بەربەرەڵا لەبەردەم کێبڕکێی ئازاد و پوکانەوەی دەگمەنیی و مافەکان، ئەویش دەپوکێتەوە.

تەنها بە نووسینی پڕۆگرامێکی سیاسی، تەنها بە نووسینی مانیفێستی کۆمۆنیزم، پێویستبوو لەسەر مارکس فۆڕمێکی ڕوونتر و بەرچاوتر و وردتر بەو تێزە گشتییانە بدات، بەتایبەت ئەو تێزەی پەیوەستە بە گەلەوە. لەڕاستیشدا تەنها لە چوارچێوەیەکی نەتەوەییدا چینی کرێکار دەتوانێت دەستی هەبێت لە گۆڕینی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا. کاتێک دەژی و بوونی دەبێت، پێویستە لەسەری تێبکۆشێت و سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. هەروەها پێویستە لەسەری وردەوردە دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت، کە بە زەرورەت دەوڵەتەکەش نەتەوەییە. پرۆلیتاریا، بە جەختکردنەوە لە سیاسیبوونی خۆی، دەبێتە چینی باڵادەستی ناو نەتەوەکە. "خەباتی پرۆلیتاریا دژ بە بۆرژوازی، بەوپێیەی لە ناواخنی خۆیدا خەباتێکی نەتەوەیی نییە، بەڵام فۆڕمی خەباتێکی نەتەوەیی وەردەگرێت. پێویست بە باسکردن ناکات کە پرۆلیتاریای هەموو وڵاتێک پابەندە بەوەی سەرەتا خۆی لە چینە بۆرژوازییەکەی خۆی ڕزگاربکات" (لە مانیفێستەوە). مارکس بیری لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی لێکنەپساو دەکردەوە (ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر نەتوانین ئەم گوزارشتە بەکاربهێنین، کە دواتر مانایەکی گەلێک تایبەتمەندی وەرگرت: "شۆڕشی بەردەوام"). بازدانێکی جیاکەرەوە

بەرەو پێشـــەوە، پایەکـــانی دیکتـــاتۆریەتی پرۆلیتاریـــا دیاریـــدەکات؛ بەڵام ئەم جێکەوتکـــردنە لە کـــۆمەڵە جێکەوتکردنێکـــی دیـــکە جیانـــابێتەوە. دیکتـــاتۆریەتی پرۆلیتاریـاش بە هەمـان شـێوە گشـتێکی خـاوەن فـۆرم و قۆنـاغی جیاجیـا پێکـدەهێنێت. ئەویـش بەرکەوتنـی هەیە لەگەڵ فراوانکردنـــی بـــازنەی دیموکراســـیی لیبراڵیـــی و دیموکراسییەکی ئەبستراکت.

پرۆلیتاریـــا خـــاوەنی هـــیچ خەبـــات و تێکۆشـــانێکی کـــۆمەڵایەتی نیـــیە کە نەگەیشـــتبێتە ئاســـتی حەقـــیقەتە سیاسەتییەکەی؛ خاوەنی هیچ ناواخنێکی کۆمەڵایەتی نییە کە فۆرمە سیاسییەکەی خۆی وەرنەگرتبێت؛ خـاوەنی هـیچ چـالاکییەکی ئـابووری نییە و ناتوانێت و ناکرێت لەسـەر ئاسـتی دەوڵەت دەرکەوێـت. پرۆلیتاریـا دەسـت بەسـەر دەوڵەتێکـی نەتەوەییـدا دەگرێـت. ئەم ئامـانجەش نـاواخنی ململانێی چینەکان دەستنیشاندەکات. چینی کرێکار دەوڵەتە نەتەوەییەکە تێکدەشکێنێت و دەیگۆڕێت بە دەوڵەتێک، کە بە گـوێرەی پێداویسـتییە کۆمەڵایەتییەکـان و پێداویسـتیی هاوپەیمـانە سیاســـییەکانی پێکهـــاتووە. دەوڵەتێکـــی لەم شـێوەیە نـاپوکێتەوە و لەناوناچێـت. ئەو دەوڵەتە دەکـرێتە قەربـــانیی لەنـــاوچوون، پاشـــان ڕاســـتەوخۆ دەســـت بە لەنـــاوچوون دەکـــات، وەک ئەوەی لینـــین لە پەڕەیەکـــی بەناوبـــــانگی کتێبـــــــی "دەوڵەت و شـــــــۆڕش"دا دەستنیشـانیدەکات. پێویسـتە هەڵوەشـێتەوە و بپـوکێتەوە لەنـاو پڕاکتیکێکدا، کە خـودی ئەم پـڕاکتیکە بەرزدەبێتەوە بـۆ ئاسـتی ڕێکخسـتنێکی عەقڵانیـی و پێکەوەبەسـتراوی

سەرجەم ڕووخسارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەبێ ئەوەی پێویستیی بە بەستەرێکی دەرەکی یاخود هێزێکی خۆسەپێنی باڵا هەبێت. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا کە هاوتایە لەگەڵ دیموکراسییەکی قووڵدا، هاوکات لەڕووی شووناسیشەوە و لە میانەی جووڵەیەکی دیالەکتیکییەوە،هاوتایە لەگەڵ سەرەتای پرۆسێسێکدا کە پاڵ بە دەوڵەتەوە دەنێت بەرەو لەناوچوون.

هەروەها پێویستە ڕێکخستنی ئینتەرناسیۆناڵی چینی کرێکار هەستێت بە قورسکردنی هەموو بارگرانییەکان، کە هەموو لە گشتێکی ڕێکخراو و پێکەوەبەستراودا یەکانگیربوون: ئاڕاستەکردنی چالاکییەکانی گەلانی دواکەوتوو، و ڕێکخستنیان و زامنکردنی گەشەی ئابووری و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، لەناوبردنی ئەو سنوور و بەربەستانەی پاشماوەی قۆناغی بۆرژوازیین، دواجار تێپەڕاندنی هەموو نەتەوەکان. وەرچەرخان بەرەو هەڵوەشاندنەوەی چینەکان، هەروەها وەرچەرخان بەرەو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەرامبەر ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان، ئەم وەرچەرخانە دەریدەخات کە خودی خۆی چەندە ئاڵۆزە. تەنها ڕێکخستنێکی ئینتەرناسیۆناڵیی زامنی بەرزڕاگرتنییەتی. لە ڕێگەی پراکتیکیشەوە تێپەڕاندنە تیۆرییەکە دەخاتە سەر شانی خۆی. ئەم تێپەڕاندنە بناغەیەکی ئابووریی خۆی هەیە: ***بازاڕی جیهانی***. بۆرژوازی ئەم بازاڕە دروستدەکات و پاشان دەکەوێتە پارادۆکسێکەوە کە ناتوانێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، پارادۆکسی نێوان بازاڕی

جیهانی و بازاڕە نەتەوەییەکان، کە لە قۆناغی سیستەمی کێبڕکێدا دایمەزراندوون و دەستی بە جڵەوی خۆیەوە گرتووە و هەوڵی دەستگرتن بەسەریدا دەدات. تەنها پرۆلیتاریا دەتوانێت ئەم پارادۆکسە چارەسەر و شیتەڵ بکات؛ تەنها پرۆلیتاریایە دەتوانێت نوێنەرەکانی خۆی پڕچەک بکات و توانای ئەوەیان پێببەخشێت ستراتیژێک بۆ ئەو بناغە و بنکەیە دابڕێژن؛ تەنها پرۆلیتاریایە دەتوانێت سنوور و بەربەستەکان تێکبشکێنێت (لەنێو ئەو سنوورانەشدا گەل و نەتەوەکان)، ئەو بەربەستانەی لەسەر ئاستی جیهانیی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان پەکخستووە.

لە دواتردا مارکس ناچاربوو دووبارە و بە وردبوونەوەیەکی زیاترەوە چاوێک بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکاندا بخشێنێتەوە، بە مانایەکی دیکە چاو بە مەرجە ناوەکییەکانی ململانێی چینەکان: ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی. ئەندێشەی ئەوە دەکەین وێنای سێ گریمانەی سیاسی هەیە، واتە سێ ستراتیژ بۆ شۆڕشی بەردەوام:

(a) ستراتیژی دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا بە شێوەیەکی دیموکراسیی سیاسی، واتە لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی و زۆرینەوە (زۆرینەیەکی پرۆلیتاریی لەسەر بنەمای توانای پرۆلیتاریا بگۆ ڕاکێشانی هاوپەیمانە سیاسییەکان). ئەم کرانەوە دیموکراسییەوە هاوشانە لەگەڵ بەرفراوانکردنی دیموکراسی و قووڵکردنەوەی. مارکس پێیوایە ئەم جۆرە پڕۆسێسە ئەگەری ڕوودانی

لەو وڵاتـانەدا هەیە کە هێشـتا بنەماکـانی دەوڵەت جێپێـی خۆی نەچەسپاندووە و هێشتا وەک دەوڵەتێک لە بونیادی خۆیدا لە لێکدژییدایە لەگەڵ قووڵبوونەوەی دیموکراسییدا. ئەمە دۆخی ئینگلتەرا بوو لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا (بە شـێوەیەکی تـایبەت بڕوانە لە وتـارێکی مـارکس کە لە مـانگی ئۆگۆسـتی 1852دا لە ڕۆژنـامەی "نیویۆرک دەیلـی تریبۆن"دا بڵاوبۆتەوە)[86].

(b) ***ڕێچکەی ڕیفۆرمگەرایی*** ئـابووری و کـۆمەڵایەتی، واتە ڕێچکەی گۆڕانی پلەبەپلەی کۆمەڵگە، هەر لە بنکەوە تـا دەگـات بە لـوتکە، نەوەک بە دەسـتپێک لە لـوتکە و هەڕەمی سیاسییەوە. لە بـارێکی لەم شێوەیەشدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کەڵەکەبوونی ڕیفۆرم و چاکسـازییەکانەوە سـەرچاودەگرێت. ئەمە لەو وڵاتـانەدایە کە بەرەوپێشچوونی ئابووری لەسەر دوو پێی بەهێزی خۆی دەڕوات، بەجۆرێک کە دەوڵەت ناتوانێت هیچ بەربەست و تەگەرەیەک بخـاتە بەردەم ئەو بـزاوتە، کە چینـی کرێکـار لەپێشـیەوەیەتی. ئەمە دۆخـی ئەڵمانیـا بـوو لە نیـوەی

---

[86] لێـرەدا لـۆڤیفرە ئامـاژە بە بڕگەیەکـی دیـاریکراوی ئەو وتـارە ئامـاژەپێکراوە دەکـات، کە ئەمەیە: "دەنگـدانی گشـتی و دەسـەڵاتی سیاسی بۆ چینی کرێکاری ئینگلیزی یەک مانایان هەیە. پرۆلیتاریا زۆریـنەی زۆری دانیشـتوان پێکـدەهێنن. بەدەسـتهێنانی دەنگـدانی گشـتی لە ئینگلـتەرا، زیـاتر بە واتـای بەرەوپێشـچوون دێـت بەرەو سۆسـیالیزم، نەوەک هـیچ مانـایەکی دیـکەی بەنـاو سۆسیالیسـتی لە کیشـوەری ئەورووپا. ئەنجامی حەتمیی ئەمەش هەژموونی سیاسـیی چینی کرێکارە" – (و.ع).

دەووەمـی سـەدەی نۆزدەدا، وێـڕای ئەوەی بە شـێوەیەکی بەردەوام ئەم شـیمانەیە لاوازدەبـوو لە ئەنجـامی کـار و کردەوەکـــانی بســـمارکەوە، هەروەهـــا لە ئەنجـــامی ســتراتیژەکەی بســمارک کە ئامــانج لێــی یەکخســتن و ئـاوێتەکردنی پرۆلیتاریـا بـوو لەنـاو دەوڵەتـی فیـودالیی-بۆرژوازییـدا، هەروەهـا لە ئەنجـامی خواسـتەکانیەوە بـۆ چاکسـازیی "لە سـەرەوە"(بڕوانە لە نووسینەکانی مـارکس، هەر لە "شـۆڕش و دژەشـۆڕش لە ئەڵمانیـا - 1851" تـا دەگات بە ڕەخنەی مارکس و ئەنگڵس لە پڕۆگرامـی پـارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمـانی، هەر لە سـاڵی 1875ـەوە تـا مردنی هەردووکیان).

(c) ***ڕێچکەی شۆڕشـی تونـدوتیژ*** لەنـاو ئەو نەتەوانەی کە چینــی باڵادەســت (یــاخود چیــنە باڵادەســتەکان) بە شــێوەیەکی تونــد دەزگــای ســەربازیی و بیرۆکراســیی دەوڵەتیـان تێـدا دامەزرانـدووە، و خسـتوویانەتە سـەروو کـۆمەڵگەوە، هەتـاوەکو ڕێـگەی فەڕەنســا-ڕوسـیای پــێ دابـخەن (بە شـێوەیەکی تـایبەت بـڕوانە لە کتێبـی "18ی برومێــری لــوی بۆناپــارت" و نووســینەکانی مـــارکس دەربارەی کۆمۆنەی پاریس).

هەنگاونـــان و وەرچەرخـــان بەرەو سۆســـیالیزم، بە گــــــوێرەی واقیعــــــی نەتەوەیــــــی و چوارچێــــــوە مێژووییەکانـدەگۆڕێت ، واتە بەپێـی واقـیعە دەوڵەتییەکـان. لەبەرئەوەی هەموومـــان پێمـــانوایە کە لای مـــارکس فرەدیدگاییەک و هەمەچەشنییەکی ستراتیژی هەبووە، ئەوا لەو باوەڕەشـــداین کە ئەم ســـتراتیژانە خەســـڵەتێکی

هاوبەشیان هەیە. واقیعی نەتەوەیی بوونێکی ڕێژەیی هەیە، نەوەک بوونێکی ڕەها. ڕاوەستاوەتە سەر بارودۆخ. مارکس نەهاتووە نکۆڵیی لێبکات و ڕەتیبکاتەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی و تەواوەتی و بە ڕوونی بەستوویەتییەوە پێداویستییەکانی بزووتنەوەکەوە. ستراتیژەکە هەرچۆنێک بێت یەک تاکە ئامانج هەیە: زامنکردنی دەسەڵات و هەژموونی چینی کرێکار لەناو واقیعی نەتەوەیی و بەسەر واقیعی نەتەوەییدا. واتە ئەوەی پێویستە وەرچەرخانە لە قۆناغێکەوە (کە تێیدا چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەک گرنگییەکی گەورەی هەیە) بەرەو قۆناێکی دیکە کە بزووتنەوەکە تێدەپەڕێنێت.

شیکاری سیاسی پەیوەندییەکانی نێوان چینەکان (جوتیاران، ناوەند، بەشێک لە چینی بۆرژوازی) دەچێتە ناو چوارچێوەی بونیادیی ئەنتاگۆنیزمی هەردوو جەمسەری (پرۆلیتاری-بۆرژوازی). ئەم شیکارییە بە گوێرەی نەتەوەکان گۆڕانی بەسەردا دێت (ئینگلتەرا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا و ...هتد)، هەروەها بە گوێرەی قۆناغی مێژوویی هەر نەتەوەیەک لای خۆیەوە. مۆدێلی بەرهەمهێنانیش، واتە سەرمایەداری، ڕاڤەی ئەم پەیوەندییە هەڵگەڕاوانەمان بۆدەکات: دەستەیەک لە چینەکان، لەناو کۆمەڵە نەتەوە جیاجیاکاندا، بە مێژووە جیاوازەکانییەوە. بۆ نموونە مارکس لە ساڵی 1845دا دەربارەی فەڕەنسا دەڵێت لەڕووی سیاسییەوە میتۆدێکی درامیی هەیە، لەو دەمەی ئەڵمانەکان میتۆدێکی داستانییان هەیە؛ (بڕوانە لە: "بەشدارییەک لە ڕەخنەی فەلسەفەی

مـــافی هیگـــڵ"). ئەم میتـــۆدە سیاســـییانە خەســـڵەتی جیاکەرەوەی کولتووورە نەتەوەییەکانن. ململانێی چینەکان لە فەڕەنســـا، لەبەر چەنـــد هۆکـــارێکی هەمەجـــۆر –بەڵام قووڵ- چەندین کار و کردەوەی داهێناوە و تا دوا ڕادەی خۆی ڕایکێشاوە؛ لەو دەمەی ئەڵمانەکان بایەخ و گرنگیی خۆیـــان خســـتۆتە ســـەر ئەو بابەتـــانەی لەلایەن کەســـانی دەرەوەی خۆیـــانەوە دروســـتکراون، هەر لەوێشـــەوە ئیلهامیان لێ وەردەگرن و لاساییان دەکەنەوە.

*وێـــڕای ئەوەی لای مـــارکس و ئەنگڵـــس چەنـــد شیکارییەکی جۆراوجۆر هەن بۆ فاکتە نەتەوەییەکان، بۆ بـــارودۆخی نێـــوان چینەکـــانی یەک نەتەوە، بەڵام هێشـــتا تیـــۆرێکی پڕاوپڕیـــان لـــێ نـــابینین ســـەبارەت بە واقیعـــی نەتەوەیی و پرسە نەتەوەییەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵمـان پێوە دەنێت جەخت لەوە بکەیـــنەوە کە تێکۆشـــانە لەســـەر دوو ئاســـت: دژ بە "چەپگەرایی" کە پرسە نەتەوەییەکان دەخاتە پەراوێزەوە، هەروەهـا دژ بەوانەی مەیلـی نەتەوەیـی دەچەسـپێنن، کە دواجـــار ئەمـــانیش بە شـــۆڤێنیزم کۆتاییـــان پێـــدێت و هەریەکێکیان ڕایدەگەیەنێت کە نەتەوەکەی پاڵفتە و ڕابەر و پێشـــەنگە. ئەوەی پـاش تێپەڕینـی نـزیکەی ســـەدەیەک دەبێتە جێگەی بایەخ، تەماشادەکەین پرۆدۆنییەکان وەک کێشـەیەکی کۆن و بەسـەرچوو لە کێشـە نەتەوەییەکانیان دەڕوانـــی. بە چـــاوێکی بەدەوە لە دەوڵەت و چەقـــی نەتەوەییان دەڕوانی، بەجۆرێک هەر لە سەرەتاوە بڕیاری هەڵوەشـــاندنەوەیان داوە. بەو هۆیەشـــەوە لەگەڵ ڕەوتە

ئەنارشیســـــــتییەکاندا کەوتـــــــوونەتە یەک بەرەوە. لە بەرامبەریشدا لاسالییەکان بەهۆی ڕێزداریی و پیاهەڵدانی دەوڵەتەوە، خۆیان لەناو نەتەوەپەرستیی ئەڵمانییدا قەتیس کرد، ئەمەش جۆرێکە لە فیتیشیزم و ڕاستەوخۆ لە میراتی هیگڵەوە هاتووە. ئێمە دەزانین لاسـالییەکان لەسـەر ئاستی ئابووری هەڵوێستگەلێکی پەڕگیریان وەرگرتووە (یاسـای ئاســـنین). لەو دەمەی بەشـــێک لە پرۆدۆنییەکـــان بە هۆشدارییەوە بەرەو ڕیفۆرمگەرایی هەنگاویان نا.

***لێکـدژییەکە ئەوەیە هەنـدێک لە ڕەوتە ڕیفۆرمیسـتە خاوەن نفوز و پێگەکان لە قۆناغی نێوان (ساڵی 1848 تا ئینتەرناسـیۆناڵی دووەم) هەڵوێسـتێکی دژبەری واقیعـی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمیان گرتەبەر، لەو دەمەی چەپگەرا پەڕگیرەکـان هـاتنە بەرەی قبـوڵکردنی گەلەوە، دواجـار قبـوڵکردنی گەلەوە، وەک چوارچێـوەیەکی بنەڕەتـی بـۆ کێشە سیاسییەکان.***

*بەڵام لە قۆناغی ئینتەرناسیۆناڵی دووەمدا باڵی چەپی بزووتنەوەی کرێکاریی دەرکەوت. ئاڕاستەکەرانی ئەم باڵە لە تیۆریزەکارانی داڕمانی سەرمایەداری بوون. بە بڕوای ئەوان ئەم کارەســاتە درێـژدەبێتەوە بـۆ ســەرجەم وڵاتە پیشەسـازییەکان، کە چیتـر دۆخێـک دێتە ئـاراوە کەڵەکەی ســەرمایە ئەســتەم دەبێـت و قەیرانـی ئـابووریی خـولیی وەردەچەرخێت بۆ قەیرانێکی گشتگیر و یەکجارەکی. ئەم تیۆریزەکـــارانە پارێزگارییـــان لە ئایـــدیایەکی بنەڕەتیـــی مارکس و ئەنگڵس کردبوو: هاوکاتیی شۆڕش لە سەرجەم ئەو وڵاتـــانەی پرۆلیتاریـــای تێـدایە. ئیـدی بزاڤـی چینـی

کرێکار بە شێوەیەکی خۆڕسک شوێن ڕەوتی قەیرانەکە دەکەوێت. کارێکی گونجاوە ڕەچاوی ئەم خۆڕسکییە بکرێت و ڕێگەی بدرێت هەتاوەکو خۆی بەخۆی ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە. لێرەوە داخوازییە دیموکراسییەکان سەرهەڵدەدەن. پاشان لەژێر پاڵنەری خۆڕسکی گەلاندا و لە سەروبەندی قەیرانی کۆتاییدا چوارچێوە نەتەوەیەکان هەڵدەوەشێنەوە. ئەم فۆڕمولەیە تا دواڕادە کورتکراوەتەوەی (لۆکسمبۆرگیزم)ە، هەربۆیە فۆڕمولەیەکە کورتیهێناوە.

لە لایەکی دیکەی بزووتنەوەی کرێکارییدا (ڕیڤیزیۆنیستەکان) بە ڕوون و ئاشکرایی دەچوونەوە ناو چوارچێوە نەتەوەییەکەیان. پێیان وابوو ئەو چوارچێوەیە گۆڕەپانێکی پۆزەتیڤە بۆ کار و چالاکییەکانیان. بەڵکو بەڕادەیەک ڕێزیان لێدەگرت و بەپیرۆزیان دادەنا وەک ئەو ڕێزەی لە دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتیان دەگرت، ئەو دەوڵەتەی لە بەرنامەی خۆیاندا دایاننابوو دزەبکەنە ناوی و کاری تێدا بکەن، نەوەک لەناویبەرن. ئەو ڕیڤزیۆنیستانە وەک دەزانرێت، بە "پەرەسەندن" دژایەتیی شۆڕشیان دەکرد، بە "ڕیفۆرم" دژایەتیی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییان دەکرد، بە فەلسەفەی کۆنیش دژایەتیی دیالەکتیکی مارکسیان دەکرد. ئەمە لە چەندین وڵاتدا بەو شضێوەیە بوو. لە فەڕەنسا لاڤارگ و ڤایان و گیسد ئەوپەڕی توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ هێنانەئارای گونجانێک لەنێوان مەیلی ناسیۆنالیستی و نەریتە ژاکۆبینەکاندا: "مرۆڤ بە چوونە

سەر ڕێگەی ئینتەرناسیۆنالیزم لەوە ناکەوێت کە کەسێکی نیشتیمانیی بێت ..." (گویل گیسد).

پێش هەموو کەسێک (کاوۆتسکی)، دواتریش بە پلەی دوو بە شێوەیەکی تایبەت (لینین)، لە یەک کاتدا لەسەر دوو بەرە لە ململانێدا بوون. لەلایەک دژ بە "ڕیڤزیۆنیزم"، ئەم ئاراستەیە پێگەیەکی باڵای هەبوو لە هەر بۆنەیەکدا کە ڕەهەندی ئینتەرناسیۆنالیستی ڕەهەندێکی جەوهەریی بووبێت سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاریی. هەروەها دژ بە "چەپگەرایی" جارێکی دیکە جەختیان لە واقیعیبوونی ئەو کێشە نەتەوەییانە و لەبەرچاوگرتنیان کردەوە، بەو مەرجەی هەموو ئەم چالاکییە سیاسییانەی لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێکراون، خزمەت بە کۆی بزووتنەوەی چینی کرێکار بکەن.

بەڵام کۆمەڵە ئایدیایەکی نوێ لە نووسینەکانی لینیندا دەرکەوتن. لە شیکارییەکەیەوە بۆ کۆمەڵگەی ڕوسی سیما سەرەتاییەکانی ئەو تێزە دەرکەوتن کە دەڵێت کێشە نەتەوەییەکان و کێشە کشتوکاڵییەکان هاوبەندییەکیان لەنێواندایە. لای پرۆلیتاریا سنوورە نەتەوەییەکان قابیلی تێپەڕاندن، و بە دابڕاو لە هەموو چینەکانی دیکە تەماشای دەکرێت؛ بەڵام پێویستە حسابێکیش بۆ جوتیاران بکرێت. لە ناوجەرگەی خەباتی گشتیی دژ بە ئیمپریالیزمدا –کە قۆناغێکی نوێیە لە ململانێی چینەکان– و لینینیش هەر لەوێوە هەستی بەم ململانێیە کردووە و تیۆرەکەی خۆی دارشتووە، لەناو ئەو خابەتەدا دژ بە ئیمپریالیزم پرسە

نەتەوەیی و جوتیارییەکان گرنگییەکی زۆرتر بەخۆیانەوە دەبینیـــنن، هاوشـــێوەی مـــافی چـــارەی خۆنووســـینی نەتەوەکـــان (واتە پرســـی کۆڵۆنیـــالیزم لە میـــانەوەی بەستنەوەیەوە بە پرسی نەتەوەییەوە). ئیدی وردە وردە ســیماکانی چەمکـــی گەشـــەی ناهاوســـەنگ لای لینـــین دەردەکەوت، هەتاوەکو لەدواییدا ئەم چەمکە پلەی یەکەمی گرت. هەر بەوپێیە و لەسەر ئەو بنەمایەش نەتەوەکان بە گوێرەی ڕادەی پیشەسازیبوونیان پۆلێن کرانە سەر چەند پـــلەیەک. لە لایەکـــی دیکەشـــەوە لینـــین زۆر بەتونـــدی بەرەنگاری پرۆژەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا بـــووەوە، تـــا ئەو ڕادەیەی بـــۆرژوازی وەک چینێـــک، لە میـــانەی تێپەڕانـــدنی بەرژەوەنـــدییە لۆکاڵییەکـــانەوە (نەتەوەییەکـــانەوە)، ئامـــادەیە هەتـــاوەکو ڕابەرایەتیـــی ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا وەربگرێت، هەروەها دەتوانێـــت لەنـــاو ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەوروپـــادا ئامرازی نوێ بدۆزێتەوە بۆ کارکردن دژ بە پرۆلیتاریا.

*ڕوودانی جەنگی جیهانیی یەکەم، بەڵگە بوو لەسەر شکســـتی ئایـــدۆلۆژیای بـــزووتنەوەکە و ســـتراتیژەکانی. ئەوەی کـــۆنترۆڵی نەتەوە پێشـــکەوتووەکانی ئەوروپـــای دەکرد بنەمای چینایەتی نەبوو. نەشدەگونجا لە ڕێگەی کـاری پرۆلیتاریـاوە لەســەر پیشەســازییەکان، لایەنگرانـی ئەو چیـــنە بخەملێنـــدرێت، هەتـــاوەکو ســـەرەتایەک دەســـتپێدەکات. لەگەڵ دەســـتپێکردنی جەنگـــدا، بنەمـــای نەتەوەیـــی لە بنەمـــای چینـــایەتیی ڕزگـــاریبوو. پاشـــان

بـزووتنەوەکە دەسـت بە چالاکییەکـانی خـۆی دەکـاتەوە، بەڵام لە فۆڕمی نوێدا.

*بـا ئێسـتا چاوێـک بەوەدا بخشـێنینەوە کە لەنـاو ڕیزەکـانی چینـە باڵادەسـتەکاندا دەگوزەرێت. بـۆرژوازیی فەڕەنسـی، لەنێـوان کۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا، گەیشـتە ئەوەی تـا ڕادەیەک بەتەواوەتـی پـێگەی ژاکۆبنەکـان بگـرێتەوە، بەڵام ئەمەش بەبـێ شـێواندن تێـنەپەڕی. "چەپ" بەدرێژایـی تەواوی سـەدەی نـۆزدە، پارێزگـاریی لە مۆنۆپـۆڵی ئایدۆلۆژیی نیشتیمانپەروەریی کرد. تەنانەت لەژێر نـاوی "سۆسیالیزم"یشـدا نیـازی وەهـا بـوو نیشـتیمانیی و نێونەتەوەییش بێت لە یەک کاتدا. ململانێی بەربەستەکانی "ڕۆحـی کـۆبلێنز"ی دەکـرد[87]، واتە دژ بە ژیـانی کـۆچبەرە ئەریسـتۆکراتەکان. لە کۆتاییەکـانی سـەدەی نـۆزدەدا ئەم چیـنە دەسـتبەرداری ئەو کۆزمۆپۆلیتـانیزمە بـوو کە لە سەدەی هەژدەوە بۆی بەجێمـابوو. مـانۆڕێکی ئایـدۆلۆژیی بەرفراوانـی ئەنجامـدا، کە بە شـێوەیەکی گشـتی بیرمەنـدە ڕاستڕەوەکان، بەڵام نەک هەموویان، بەتـایبەت (مۆراس و پـاریس و بیگـی) بۆرژوازییـان بە ئاڕاسـتەی نیشـتیمانییدا دەبرد. هۆکـاری ئەمـز بـزووتنەوەیە چییە؟ بـا هەنـدێک لە هۆکارەکـانی بژمێـرین: کۆلۆنیـالیزم؛ هەوڵـدان لەپێنـاو

---

[87] شارێکی ئەڵمانییە ساڵی 1792 چەند بەشێک لە کۆچبەرانی سـەر بە پادشـایەتی لەخـۆی کۆکردبـووەوە و سـوپایەکی پێکهێنـابوو بە ناوی سوپای "کۆندیە". (و.ع).

گـۆڕینی بـازاڕی نەتەوەیـی بـۆ نـاوچەیەکی ڕاوکردنـی پارێزراو و قۆرخکراو بۆ سەرمایەی دارایی، کە هەر لەو دەمەوە دەسـتی بەسـەر گۆڕەپـانی ئەم جـۆرە ئۆپراسـیۆنانەدا گرتـووە؛ هەروەهـا پەرچەکـرداری ئایدۆلۆژی و سیاسی دژ بە ئینتەرناسیۆناڵی پرۆلیتاری و ...هتـد. لەو دەمەی سـەرمایەدارەکان بەدرێژایـی چالاکییەکانیـان درێـژدەبنەوە بـۆ پشـت سـنووری وڵاتەکانیان، و خواست و پەیوەندییەکانیان هێندەی دیکە زیـاددەکەن، لەو دەمەی بـازاڕی جیهـانی فراوانبـوونێکی بەرچـاو بەخـۆیەوە دەبینێـت، لەگەڵیـدا کـۆنترۆڵ و سـەروەریی بـۆرژوازی لەنـاو ئایـدۆلۆژیای نەتەوەییـدا دەدرەوشـێتەوە. نەتەوەی ناوەند سـەروەری و خـاکەکەی خـراوەتە بەردەم هەڵبـژاردنەوە. چیتـر پڕاکتیـک لە ئایـدۆلۆژیا جیـادەبێتەوە، و لێکـدژییەکان هێندەیـدیکە زیـاددەکەن. ئەوکـات و پـاش دەیـان سـاڵ لە دواکەوتـن، یەکێـک لەم لێکـدژییانەی نێـوان دیوکراسـی لە نـاوخۆ و کۆلۆنیـالیزم لە دەرەوە دەردەکەوێت. بەڵام لەڕاسـتیدا ئەم لێکـدژییە بە حەقیقەتـی خـۆی لە شـوێن و کـاتی خۆیـدا وەرناگیرێـت. بەڵام ئەوە چیـیە کە لەبەرچـاو دووریـدەخاتەوە؟ دروسـتکردنی کـۆمەڵە ڕسـتەیەکە سـەبارەت بە مەزنیـی نیشـتیمان، کە گریمـانەی ئەوە دەکرێت خودی کۆلۆنیالیستەکان ڕۆڵیان هەبووبێت تێیدا. پاشان وڵاتێکی وەک فەڕەنسا لە کۆی گشتییدا کۆمەڵێک سـوود و دەسـتکەوت لە بـارودۆخەکە وەردەگرێـت،

سوودمەندیش دەبێت لە هەندێک ئیمتیازاتی کۆلۆنیالیستی. بەوەش دروستکردنی چەند ڕستەیەک کە لە یەک کاتدا گەشانەوەی میترۆپۆلەکان و یەکێتیی ئیمپراتۆریەتەکە لەخۆبگرێت.

ئەگەر بەکۆی گشتی تەماشای بارودۆخە مێژووییەکە بکەین، دەبینین لێکدژییەکان هاوڕێ لەگەڵ یەکتریدا دەڕۆن. بزووتنەوەی کرێکاری ئایدۆلۆژیایەکی ئینتەرناسیۆناڵیی هەبوو، بەڵام ستراتیژێکی چالاکی ئینتەرناسیۆناڵی نەبوو؛ پاشان ئەوانەی لە چوارچێوە نەتەوەییەکاندا کاریاندەکرد، هەر ئەوانەش بوون کە دەگەیشتن بە شتێکی پڕاکتیکیی چالاک. بەڵام بۆرژوازی خۆی بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمدا هەڵواسیبوو؛ بەڵام نوێنەرە هەرە چالاکەکانی لە چوارچێوەیەکی بان نەتەوەییدا کاریاندەکرد، واتە لە دەرەوەی سنوورەکانی گەل و نەتەوە.

مارکسیستەکان زۆرجار ئەم ڕستەیە دووبارە دەکەنەوە: ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەکی دیکە بچەوسێنێتەوە، خۆیشی ناتوانێت نەتەوەیەکی ئازاد بێت. مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان فەڕەنسا و جەزائیر باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە ئەمەش مێژووە بۆ ئەوەی لەدواتردا نووسراوەتەوە. ئەم مێژووەش بە شێوەیەکی تایبەت ئەوکاتە دەردەکەوێت کە دەبینی سوپای فەڕەنسا لەدوای داگیرکردنی جەزائیرەوە بەرەو پاشەکشە و دارمان ڕۆیشتووە. بەڵام کۆمیدیای مێژوو بە

هەمـــان شـــێوە جەخـــت لەوە دەکـــاتەوە کە ئـــازادیی دیاریکراوی گەلێک لە گەلەکان، بەتایبەت بڕێکی بەرچاو و گەورەی ئازادی، هەلومەرجێکی باشتر دەهێننە ئاراوە بۆ مـانەوەی گەلانـی دیـکە لە خـولگەی شـوێنکەوتەیی ئەم گەلەدا. کەسـە کارگێڕییەکـان لە ناوەنـدگەلی فراوانتـر و بەرچـــــــاوترەوە دەردەکەونەوە. هەنگـــــــاوی دەوڵەتە میترۆپۆڵەکەش گەورەتر دەبێت، بە شێوەیەکی ئاسـانیش هیـوایەکی هەڵچنـراو لەسـەر خۆی لە نـاخی خەڵکی وڵاتە کۆلۆنییەکانــدا دەچێنێــت. ژیـــان و کـــار و کــردەوەی فەڕەنسییەکانیش لەپاش ئەو ماوەیەی لێکۆڵینەوەی لەسەر کـراوە سـیماکانیان بەجۆرێـک بـوو کە دیموکراسـی و ناسیۆنالیزمی دەوروژاند. جگە لەوەش جێگەی ڕێککەوت نیـیە کە فاشـیزم نەیتـوانی بەسـەر دیموکراسـییدا سەربکەوێت لە هەندێک وڵاتدا، واتە وڵاتە ئیمپریالیست و کۆلۆنیالیستە سەرکەوتووەکان: فەڕەنسا و ئینگلتەرا.

**سەرچاوە:** جدل الطبقة والأمة، مجموعة من المؤلفين، ترجمة: جورج طرابيشي، دار الطليعة.

# ئیسلام و ناسیۆنالیزم:
# بەردەوامیی و پێکناکۆکییەکان

**سامی زوبەیدە**

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن**

زۆرجـــار لایەنگرانـــی ئیســـلام ڕایانگەیانـــدووە کە "شووناســـــی موســـــوڵمان، بـــــاوەڕیەتی". زۆربەی ئەو موسـوڵمانانە لەبەر لێکهەڵوەشـاندنی کۆمەڵگەی ئیسـلامی یـــان ئـــوممەت بـــۆ یەکە جیاجیاکـــان ناســـیۆنالیزمیان ڕەتکـــــردووەتەوە و بە هۆکـــــاری کەمبـــــوونەوەی ڕووبەڕبوونەوەکـــــانی بە ڕکـــــابەری ئـــــایینی و شارستانییەتەکەی دایاننـاوە. (سـەید قوتب) دامەزرێنەری ئایـدۆلۆژیای ئیسـلامی ڕادیکـاڵی مـۆدێرن، لە دادگـادا وەڵامـی پرسـیاری دادوەری دایەوە دەربـارەی نیشـتمان پەروەرییەکەی، کە سەریکێشایە بڕیاری لە سێدارەدانی لە ساڵی 1966:

"پێموایە پەیوەندیی نێوان ئایدۆلۆژیا و باوەڕ پتەوترە لە پەیوەندیی نێوان (نیشتمان پەروەری لەسەر بنەمای ئاو و خاک) و (جیاوازیی ساختەی نێوان موسوڵمانان لەسەر بنەمـــای ئـــاو و خـــاک)، بـــێجگە لە ئاکـــامی شـــەڕی خاچپەرستان و ئیمپریالیزمی زایۆنیستی شتیکی دیکە نییە کە پێویستە لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵبکێشرێت". (بەوەرگرتن لە مارتیمور، 71: 1982).

دەربڕینێکی وەها بووە هـۆی بەهێزکردنـی ڕوانگەی شـرۆڤەکارانی خۆرئـاوایی وەک (ئێرنسـت گیلـنەر) کە لەو بـاوەڕەدابوون ئەندێشـەی ئیسـلامی کۆمەڵ وەکو یەکەی سیاسـی، ناتەبـایە بە دەوڵەت – میللەتـی سـەر زەوی. لە لایەکەی دیـــکەوە ناسیۆنالیســـتەکان میللەتییـــان وەکـــو یەکەیەکی کولتووری و سـەر زەوی، لە چوارچێوەی دوا بنچیـــنەی یەکێتیـــی و هاوپەیوەنـــدیی خســـتبووەڕوو. لە

پراکتیکدا ژمارەیەکی کەم لە ناسیۆنالیستەکان لە پێگەی باوەڕ و پەتەوکەری هاوپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دوژمنکارییان لەگەڵ ئایین هەبوو. هەروەک زۆربەی ناسیۆنالیستەکانی سیکولار لە ڕووبەڕووبوونەوە بە دابەشکاری ئایینی لەناو میللەتانی سەر زەوی، لایەنگیری جیاکردنەوەی نێوان باوەڕی ئایینی و هاوپەیوەندی کۆمەڵایەتییان کردووە کە لە دروشمی (سەعد زەغلول)، لە یەکەمین ڕابەرانی ناسیۆنالیستیی میسردا گەشەیان کردبوو: "ئایینماڵی خوایە و زەوی نیشتمانی هەموو خەڵکە". زۆربەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، بە تەنیشت زمانی عەرەبییەوە، ئیسلام وەک پڕبایەخترین بەشی میراتی [یان بە گوتەی خودی عەرەبەکان کولتوور]ی میللەتی عەرەب وەردەگرن، بەڵام لە هەندێک بواردا لە ناوەڕۆکی بە ڕاشکاوی ئایینی ئەو بڕیار و داوایە سەبارەت بە بنەمابوون بۆ یەکەی سیاسی وەکو حکومەتی ئیسلامی کەم بووەتەوە.

دەبێت بۆ تێگەیشتن لە یەکەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سێ بنەمای یەکتر داپۆشەر دەستنیشان بکرێت: 1.دەوڵەت-میللەتی سەر زەوی، وەک میسر، عێراق یان تورکیا؛ 2. ناسیۆنالیزمی پان عەرەب (بۆ عەرەب)؛ 3. ئیسلام.

گوتاری ناسیۆنالیستی و بە هەمانشێوە ئیسلامی سەبارەت بە بابەت و بارودۆخی بەردەم، هەمیشە لەنێوان ئەو بنەمایانە لە جووڵەدا بووە و متوربەیان کردوون. ژمارەیەکی کەم لە ئیسلامگەرایان پەیڕەوییان لە لۆژیکێک

کـــردووه کە کـــۆمەڵی موســـوڵمان لەبەرامـــبەر میللەتـــدا تێیـدەگات و ژمـارەیەکی کەم لە ناسیۆنالیسـتەکان لەکـاتی ئەژمارکردنی تایبەتمەندێتیی میللەت، پێگەی شـانازییان بۆ ئـــایین دانەنـــاوە. بـــا بێـــین لە پێکهـــاتەی مێژووییـــدا، لە شێوەکانی جومگەبەندی ئەو بنەمایانە بکۆڵینەوە.

## ئیسلام وەك ناسیۆنالیزم

زۆرجار هەستی ناسیۆنالیستی ڕیشـەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ دەسـەڵاتەکانی ئەوروپـا لە سـەدەی نـۆزدەیەم و دواتـر. ئەو ڕووبەڕووبـوونەوانە لە وڵاتـــانی عوســـمانی، فارســـی و هنـــدی لە چوارچێـــوەی ڕووبەڕووبـــوونەوە بە دوو کـــۆمەڵی ئـــایینی ئیســـلام و مەسـیحییەت تێیگەیشـتوون. کێشەسـازێکی نـزم بـوون، لاوازی و دواکەوتـوویی سـەبارەت بە ئەوروپـا، گوتـاری قەرەبـــــووکردنەوە و کـــــاردانەوەی هێنایەئـــــاراوە. کۆنزەرڤاتیڤەکـــان بانگەشـــەیان کـــرد کە سەریکێشـــایە لاوازبـــوونی موســـوڵمانان لە بەرامـــبەر کافرەکـــان، دوورکەوتـــنەوەی موســـوڵمانان بـــوو لە پابەنـــدبوون بە ئـــایینی خۆیـــان و جێبەجێکردنـــی یاســـاکانیان، چـــونکە لە هاوپەیوەنـــــدی و ورەیـــــانی کەمـــــدەکردەوە و نەک پەنـــابردنەبەر ڕەحمەتـــی خـــوایی. دوژمنـــانی ئیســـلام [لەبەرامبەردا] سووربوون لەسەر پاراستنی هاوپەیوەندیی ئایینی خۆیان: بۆ نموونە پشتگیری کردنی دەسەڵاتەکانی ئەوروپـا لە کـۆمەڵگە مەسـیحییەکانی نـاوخۆ، لە ڕێگـای دابینکردنـــی ئاســـایش و ســـەرکەوتنیان. پشـــتیوانیکردنی

ئەوروپییەکـــان لە جـــوولانەوەی ســـەربەخۆخوازانە و جووداخوازیی مەسیحییەتی باڵکان لە دەوڵەتی عوسمانی مـۆدێلێکی دیـکەیە. بـۆیە سیاســەت بـۆ کـۆمەڵگەرایی (Communitarianism) ئایینی کەم بووبووەوە.

"هەرکاتێــک میســرییەکان بەم جــۆرە لە مەســەلەکە دەڕوانــن کە دەوڵەتمەردانــی ئەوروپــی بە شــێوەیەکی هاوئاهەنگ دژی بەرژەوەندی و هەستەکانیان کاردەکەن و کۆکن لەسەر پێوەرەکانی کە سەربەخۆیی میسرییەکان هەڵدەپەسێرێت، هۆگری ئەو لایەنە دەبن کە چارەنووسی خۆیـــان بە چارەنووســـی قەڵەمڕەوەکـــانی باڵکـــان لە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی هەڵبســەنگێنن. بەو کۆبەنـدییە دەگەن کە هاوپەیوەنــدییەکی وەهــا، سەریکێشــاوە بـۆ سەربەخۆیی [میللەتانی باڵکان] لەماوەی دەستێوەردانی ئەوروپییەکان، چونکە دانیشتوانی باڵکان مەسیحین. لەو ڕووەوە وەها ئەنجامگیری دەکرێت کە جۆرێکی تایبەتی یەکگرتوویی لەنێوان مەسیحییەکانی ئەوروپادا هەیە و لە ئەنجامدا، ئەو ئارەزووە فۆرمەلە دەبێت یەکگرتووییەکی لەو چەشنە لەنێوان موسوڵمانانێکدا هەبێت کە دەتوانن بەرژەوەنــدییەکانیان بپــارێزن. وەک چــۆن یەکبــوونی مەسیحی، وایکرد ولاتانی باڵکانیان لە ژێر تەوقی زنجیری عوسمانییە موسوڵمانەکان لە ئارامیی و ئاساییشدا بێت، یەکگرتوویی موسوڵمانانیش میسرییەکان لە هەژموونی ئەوروپییەکـــان دەپارێزێـــت. بە بـــاوەڕی ئـــێمە ئەمە ئەندێشـــەیەکی گەمـــژانەیە کە بە هـــۆی تێگەیشـــتنی نادرووســـتی سیاســـییە ئەوروپییەکـــان لە ڕۆژهەلات،

بەرهەمهاتووە." (لوتفی ئەلسەعید، بەوەرگرتن لە ئەحمەد، 61: 1960).

کــۆمەڵگەرایی ئــایینی کە مــاوەیەکی زۆر بنــاغەی هاوپەیوەندیی و کێشە ناوخۆییەکان بوو، ئێستا دێت تا لە پــێگەی مۆدێلێــک بــۆ پەیوەنــدییە نێودەوڵەتییەکــان و سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەوروپای مەسیحی و قەڵەمڕەوەکانی ئیسلامی گشتگیربێت.

لە لایەکەی دیــکەوە ڕیفۆرمخــوازان هەوڵیانــداوە لەڕێگــای گــرتنەبەری مــۆدێلی ئەوروپــی ڕێکخــراوی کــۆمەڵایەتی، سیاســی و ســەربازی، وڵاتــانی ئیســلامی لەبەرامــبەر لەســەرووبوونی ئەوروپــا بەهێــز بــکەن. ڕیفۆرمخوازانی موسوڵمان، لە جۆری [سەید جەمالەدیین] ئەفغــانی (1837 - 1897) و [مــحەمەد] عەبــدە (1849 - 1905) باســیان لەوە دەکــرد کە ڕیفــۆرمێکی وەهــا نەک تەنهــا ناتەبــای ئیســلام نیــیە، بەڵکــو لەواقیعــدا بنەماکــانی ئیسلامە. کۆمەڵگەی ئیسلامی ڕەسەن [حەزرەت] ڕەسول و ئەســحابەکانی تەواوی ڕووی ئەرێنــی نموونەکــانی ئەوروپــی یاســاگەرایی، دیموکراســی، عەقڵانــیەت، خۆشەویســتی بــۆ زانســت و زانیــاری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و لە وجــۆرەی لە خۆیــدا جــێگە کردبــووەوە. بــۆیە دەکرێت پێشــکەوتن و ڕەسەنێتی بەیەکەوە متــوربە بــبن. ئەوە دەســتێوەردانی ســتەمکاری و گەنــدەڵی بــوو بەدرێژایی سەدەکان (کە عەرەبەکان لە چاوی تورکەکان، فارســەکان لە چــاوی عەرەب و تورکەکــان لە چــاوی هەردووکیــانەوە دەبینــی) و سەریکێشــایە نزمیــی و

دواکەوتوویی موسوڵمانان و چەواشەکردنی ئایینەوە. ئەو چەواشـەکردنە لە بـاوەڕ و ڕێبـازی هاوبەشـی ئیسـلامی عەوامـانە و هەر بەو ڕادەیە لە نەزانـی و تاریـک بیـری زانایـانی کـۆن بەرجەسـتە بـوو. ڕیفـۆرم لە ئەلـئەزهەر (یەکەمین زانکۆی ئیسلامی سوونە لە قاهیرە)، یەکێک لە هەرە پرۆژە گرنگەکان بوو لە ژیانی عەبدەدا؛ پرۆژەیەک کە تـا ئاسـتێکی زۆر بـێ ئاکـام مـایەوە. ئەو ڕیفـۆرمە، گەنـدەڵی و خورافەپەرسـتی نـاو سـۆفیزمی عەوامـانە (عیرفـانگەرایی ئیسـلامی)، عیبـادەتی شـێخ و مەشـایەخی ئایینی و سەردانیکردنی گۆڕستانەکانیان کردبووە ئامانج. دەبێـت ئـایینی ڕیفـۆرمکراو بە عەقڵانـی بکرێـت، لەسـەر بنەمـای دەقـی پیـرۆز و ڕاڤە و شـێوەبەندی مـۆدێرن لە سـەرچاوە و یاسـاکان. لەم بـارودۆخەدا ڕیفۆرمخـوازانی ئایینی لەلایەک لەگەڵ ناسیۆنالیستەکانی وەک ئەتاتورک و لە لایەکەی دیـــکەوە بە بنەڕەتخـــوازانی تونـــدڕەو و ســـەلەفییەکان بەراورد دەکـــران. هەموویـــان بەنـــاوی پێشـکەوتن و دەسـتکاری و ڕەسـەنێتی / دڵسـۆزی یـان نەتەوەیـی لەگەڵ خەڵکـی ئاسـایی و ئـایینی لە مشـتومڕ دابوون. "خەڵک" هۆکاری بوونی ناسیۆنالیستین، بۆچی کە بە خـــودی مـــیللەت ئەژمـــار دەکـــرێن و هەڵگرانـــی کولتووریـــانن. لەگەڵ ئەوەشـــدا یـــاخیین، [بـۆچی کە] لە دەربڕینـــــــــی ئەو زاتە، وەک چـــــــــۆن کە لە لایەن ئایـــدۆلۆژییەکانی ناســـیۆنالیزمەوە پێناســـە دەکرێـــت، سـەرپێچی دەکەن. پێویسـتە بێداربینەوە (هەمـان "جـوانی نوسـتوو" ئێرنسـت گیلـنەر). خـوازەی بێـداری لەنێـوان

ناسیۆنالیستەکان و ئایدۆلۆژییە ئایینییەکان، لە ئەتاتورکەوە بیگرە تا ئایەتوڵڵا خومەینی، هاوبەشە.

ئیسلام لە پێگەی ناسیۆنالیستەکان سەربە هیچ خاکێک یان وڵاتێک نییە، بەڵکو زیاتر لە پێکهاتەی وڵاتانی تایبەت و سیاسەتێکدا سەرهەڵدەدات کە بەدوای دەکەون. لۆژیکەکەی پان ئیسلامە، بەڵام لە واقیعیەتدا زۆرجار تایبەتیی و بەشەکییە. پان ئیسلامە پێشکەوتنخوازەکان، بە ڕاشکاوی سەید جەمال، چڕبوونەوەی سەرەتایی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ بەرگری دژی دەسەڵاتە کۆلۆنیالەکان، بە تایبەت بەریتانیا. سەید جەمال چالاکوانێکی جیهان نیشتمان بوو کە ڕوانگە و جووڵانەوەکانی خۆی بۆ هند، ئەفغانستان، ئێران، میسر، تورکیا و هاوشێوەیانی پەرەپێداو لەو ڕووەوە نموونەیەکی دەگمەن بوو لە مێژووی ڕیفۆرمگەری ئیسلامییەوە. سەید جەمال، لە ڕووبەڕووبوونەوە بە دەسەڵاتەکانی خۆرئاوا، ئامادەگی نادیاری وەک "ڕۆژهەڵات"ی بەگریمانە وەرگرت (کە پێشبینییەکەی شتێک بوو پاشان لە گوتاری جیهانی سێیەم گەرا "باشوور" ناوی وەرگرت). بەمەش تایبەتمەندییەکانی ئیسلام و ڕۆژهەڵات پەیوەندی بەهەموو ئەو وڵاتانەوە هەبوو کە لەژێر پرسیار دابوون و هەریەکەیان بە مشتومڕی تایبەتی خۆیان باسیان دەکرد. ئایدیالی ئەفغانی کردنەیەکی هەموو هەوڵی وڵاتانی بە ئاشکرا جیاواز بوو، بەڵام یەکگرتوویی سیاسی هەموو موسوڵمانانی ناو میللەتێک لە کارنامەدا نەبوو.

**ئیسلام و عەرەبگەرایی**

ئایدۆلۆژیا و جووڵانەوەی سیاسی پان عەرەبیزم لە کات و دوای پاشەکشەی عوسمانی پەلوپۆی هاویشت. پان عەرەبیزم بەهاوتەریبی ڕوانگەکانی پەیوەست بە پان ئیسلامیزم و زیندووکردنەوەی خەلافەت، بەمانایەکی تر خەلافەتی عەرەبی و هەروەها ناسیۆنالیزمی ناوخۆیی گەشەی کرد و پەرەی سەند. زۆربەی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و زۆرێک لە ئیسلام گەرایان باسی ئەوەیان دەکرد کە هیچ پێکناکۆکییەک لەنێوان عەرەب گەرایی و ئیسلام بوونی نییە، بەڵام تێڕوانینیان هەبوو لەسەر فرە بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دووانە. ناسیۆنالیستە سیکولارەکانی عەرەب، بە تایبەت ئەوانەی هەڵگری ئایدۆلۆژیای بەعسیین، وەک بلیمەتێکی دەگمەنی میللەتی عەرەب و گرنگترین بەش لە مێژووی ئەو میللەتە ستایشیان دەکرد. بیروباوەڕی میشێل عەفلەق (1910 - 1989)، لە پێگەی مەسیحییەکی سوریایی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی حزبی بەعس، ئەوە بوو. میشێل عەفلەق پێیوابوو ئیسلام کولتووری نەتەوەیی عەرەب بوو. ئیسلام "وێنای ڕاستەقینە و سیمبولی تەواو و بەردەوامی ماهیەتی خودێتی عەرەبی" بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بونیادە، لای ئیسلام گەرایان پەسند نەبوو، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە بەدەستی تیۆرسێنانی مەسیحی پەروەدە کرابوو. ئایین لەڕوانگەی ئیسلامگەرایانی عەرەبەوە تەنیا کولتووری مێژوویی عەرەبەکان نییە، بەڵکو سیستمێکی زیندووە لە سیاسەت و یاسا کە دەبێت لە کۆمەڵگە

هاوچەرخەکان بەکاربهێنرێت. هەروەها ئەوە بیردەهێننەوە کە پێشەنگی عەرەب لە مێژوودا تەنها بە هۆی ئیسلام و فتوحاتەکانییەوە هاتۆتەدی. ئیسلام، هەروەها، پێگەیەکی جێگەی شانازی بە زمانی عەرەبی، لە پێگەی ڕاستەوخۆ بۆ دەقە پیرۆزەکان و نەریتی پێغەمبەر داوە. زمان هەم بۆ عەرەب گەرایان و هەم بۆ ئیسلام گەرایان ڕۆڵێکی ناوەندی دەبینێت. هەر دوو گرووپەکە بە جددییەوە لەبەرامبەر ڕوانگەکانی لەسەر بنەمای ڕیفۆرمی زمانی، مۆدێرنیزاسیۆن، لێکدانی شێوەزاری گفتوگۆیی ناوخۆیی لە زمانی نووسین، وەکو ناوزڕاندنێک دژی پیرۆزییەکان، ئایین و یەکگرتوویی نەتەوەیی بەرگرییان کرد.

ڕیفۆرمخوازان و تەنانەت موجاهیدە موسوڵمانەکان لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، وەک ڕێسا، پێکناکۆکییان لەنێوان ناسیۆنالیزمی عەرەب و بەرنامەی ئیسلامییان نەدەبینی. لەوانەیە [محەمەد] ڕەشید ڕەزا ([1865–] 1935)، گرنگترین کەسایەتی بووبێت لەو بووارەدا، بەڵام لە هەموو شتێک زیاتر بەرەو "بونیادگەرایی" لایدا. کاتێک ڕەزا دەستی دابووە قەڵەم کە لەناو قەڵەمڕەوی عەرەبی بێزارییەکی زۆر لە عوسمانیی و تورکەکان هەبوو، هۆکارەکەی بەلایەنگیری هەردەم زیادبوونی ناسیۆنالیستی تورکانی لاو و ئازار و ئەزیەتدانی تاوانبارانی عەرەب، بەتایبەت لە سووریای ساڵەکانی کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و بۆ ئەو کاتە دەگەڕایەوە. دەستەی باڵادەستی تورک لە میسر و نوخبەکانی سەربازی زۆر جێگەی ڕق لێبوونەوە بوون و

ئەو کـــارە هۆکارێـــک بـــوو بـــۆ ڕاپەڕینـــی [ئەحـــمەد ئەلحوسـێنی] عەرەبـی لە سـاڵی 1882 کە بە داگیرکردنـی وڵات لەلایەن بەریتانیاوە کۆتایی پێهات. ڕەزا ڕایگەیاند کە وەک موسوڵمانێک، برای هەموو موسـوڵمانانە و لەپێگەی عەرەبێـــک، بـــرای هەمـــوو عەرەبەکـــانە و هـــیچ جـــۆرە ناکۆکییەک لەنێوان ئەو دووانەدا نابینێت. سـەرەڕای وەک ڕێنیشـــاندەری خـــودی عەبـــدە و زۆر کەســـی دیـــکە، تورکەکانی لەبەرخاتری لاوازیی و پووکانەوەی ئیسلام و ئەندێشـەی عەرەبەکـان، لە پـێگەی خەبـات و پـارێزەرانی ئیسـلام، ئیـدانە دەکـرد. ڕەزا بە هەڵسـەنگاندنی فتوحـاتی تورک و عەرەبەکانی دەگوت، فتوحاتی عەرەبەکان پێگەی ئیســلامییان لە جیهـــان پتەوکـــرد، لەکاتێکـــدا فتوحـــاتی تورکەکـــان (لە ئەوروپـــا و تەواوی ناوچەکـــان) بـــارێکی زیاتری خستە سەر ملی ئیسلام.

"... گەورەتـرین سـەربڵندی لە فتوحـاتی موسـوڵمانان پەیوەنـدیی بە عەرەبەکـانەوە هەیە و ئەو ئـایینە بە لـوتفی ئەوان گەشـــەی کـــردووە و بەشـــکۆ بـــووە؛ بناغەکەیـــان پتەوتـرینە و ڕووناکاییـان مـۆلەق کەرتـریین و لە واقیعـدا ئەوان هەڵبژێردراوتـرین ئـومەتن لە جیهـان [سـەرچاوەی قورئـانی هەیە]... گچکەتـرین ناسـین لەبـارەی مێـژووی هەنـووکە و ڕابـردوو، نیشـانیدەدات زۆربەی وڵاتـان کە ئیسـلامی تێدا سـەقامگیربووە، بەدەسـت عەرەبەکـان فەتـح کراوون..." (بەگواستنەوە لە حییم، 22-3:1962).

سەرەڕای ئەوە ڕەزا هاوڕای زیندووکردنەوەی خەلافەتی عەرەبی بوو لە دژی داواکاری عوسمانییەکان [لەبەرامبەریدا].

لەگەڵ ئەمەشدا، یەکبوونی ئوممەتی ئیسلامی دەرئەنجامی چییە؟ ڕەزا لە کاتێکدا کە تامەزرۆ بوو یەکگرتوویی بە ئیرادە و هاوپەیوەندی موسوڵمانان ببەخشێت و ئیسلام وەکو بونیادێک بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکگرتوو بکات، دەربارەی گریمانەی یەکێتی سیاسی واقیعبین بوو. لایەنگیریکردنی لە خەلافەتێکی زیندووکراوە بە ئامانجی یەکبوونکردنی موسوڵمانان، بەمانای تاکە دەوڵەتێک نەبوو بۆ هەموو موسوڵمانان، بەڵکو ئامانجی خەلیفەیەک بوو کە ئەرکی جیهادکارێک بگرێتەئەستۆ، کەسێک ببێتە سەرچاوەی کاروباری مەعنەوی لەناو موسوڵمانان کە لە حکومەتە سیاسیی و ئارایشتەکانی نەتەوەیی جۆراوجۆر دا دەژیین. خەلیفە لە پێشەنگی کەسایەتییەکی پاپا ئاسادا وێنادەکرا کە سەرۆکایەتی [مەعنەوی] بەسەر دەوڵەت – میللەتانی جیا جیادا هەیە. یەکبوونی موسوڵمانان جێگەی شووناسی نەتەوەیی ناگرێتەوە.

هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی داهاتوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دژی ئەو کارە نەبوون. عەبدە و ڕەزا گرنگترین کەسایەتی ڕیفۆرمگەرا بوون، بەڵام بە تیۆرسێن و لە تاسە و ئارەزوودا مانەوە. نەوەی داهاتوو، کە پەیوەندیی بە ئیخوان موسلمینەوە هەیە و لە ساڵی 1928 لە میسر دامەزرا، چالاکوانان و ڕێکخەرانی

سازدەری کۆمەڵانی خەڵک بوون و لە پانتایی سیاسیدا ڕکابەری ناسیۆنالیستە جیا جیاکانیان دەکرد: لیبراڵەکان، هاوشانیان، فاشیستەکان. دژی چەپەکانیش بوون. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو گروپانە هەڵوێستگیریان بوو دژی کۆلۆنیالەکەیان کە بەریتانیا هەژموونی بەسەر دەوڵەتدا دەکرد و کۆتایی بە داگیرکاری دەهێنا، هەڵوێستێک کە پاشان تا دژایەتیکردنی زایۆنیزم و پشتگیریکردنی فەلەستین پەلوپۆی هاویشت. ئیخوان موسلمین بە پشتبەستن بە ئیسلام لە هەموویان دەگەیشت و پێکناکۆکییەکی لەنێوان عەرەب گەرایی و ئیسلام دا نەدەبینی. حەسەن ئەلبەنا، دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین هەستی هاوشێوەی لەگەڵ ڕەزا دووبارە کردەوە:

"عەرەبەکان تەکیەگای ئیسلام و پارێزەرانی... لەسەر هەموو موسوڵمانێک فەرزە کە بۆ بووژانەوە هەوڵبدات و پشتگیری لە یەکبوونی عەرەبەکان بکات." (البشری، 52: 1998)

ئەو دەربڕینە بەوپێیەی ناو بەرهەمەکەی تاریق ئەلبوشرا بەناونیشانی "لەنێوان ئیسلام و عەرەبگەرایی" (1998) کە نووسینی بۆ 1980 دەگەڕێتەوە، هاتووە. تاریق ئەلبوشرا مێژوونووس و مافناسی جیاوازە. تاریق هاوشێوەی زۆربەی ڕۆشنبیرانی میسری، کاری سیاسی خۆی لە پێگەی مارکسیستێک دەستپێکرد و لە درێژەیدا بە ناسیۆنالیزیمی پانعەرەبی چەپگەرا (کە لە ناسریزم بەرجەستە بوو)ـەو سەرەنجام دوای شۆڕشی ئێران ڕووی لە ئیسلامگەرایی کرد. بەو متمانەیە، ئەو بە

داهـــــــــاتووبینی / بیرکـــــــــــردنەوەی ڕابـــــــــــردوو (perspective/retrospective)، باســـــی ژیـــاری سیاســـــی و کولتووری میسر و جیهانی عەرەب دەکات. ئەلبوشرا بۆ پشـــتگیری کردنـــی تەبـــایی ناســـیۆنالیزم و ئیســـلام لە ئیسلامگەرایانی سەدەی بیستەم وەریدەگرێت. ئەلبوشرا ئەوەی بۆ زیاد دەکات کە ئەنتاگۆنیزم لەنێوان ئەو دوانەدا تەنها لە ئەنجامی پێوەدان و کنایەی سکولاریستی زۆرێک لە ناسیۆنالیســـتەکان هاتۆتەئـــاراوە. ئەلبوشـــرا دەڵێـــت ئیسلامگەرایان بەدەستڕۆیشتوویی ئیسلام سەبارەت بە عەرەبگەرایی دژی بوون، کە لە ئایدۆلۆژیای بەعسی و ناسریستی ڕیشەی هەبوو، ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە تەنها لە پێگەی میراتی خەڵکی عەرەبدا، ستایشی ئیسلام دەکەن و لەو ڕووەوە وەک سیســـتمێکی کـۆمەڵایەتی سیاســـی و سەرچاوەی هەموو یاساگوزارییەکان لەبەرچاوی ناگرن.

ئەلبوشرا پێسنیازدەکات دەبێت ئەو بابەتە ببێتە جێگەی ســـەرنج کە بـــۆچی لەبەر ئیســـلام، ســـەید قوتـــب و ڕادیکاڵەکانی لایەنگریی، ناسیۆنالیزمیان ڕەتکردەوە ؟ لە کاتێکدا کە ئیسلام گەرایان لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم لەگەڵ ناسیۆنالیزم لە کۆتایی بەشێک، هاوئامانجی دەسەڵاتی کۆلۆنیال بوون، ئیسلام گەرایان لە سەردەمی ناسری، بە تایبەت دوای چوونەدەرەوەی بەریتانییەکان، لەلایەن ڕژێمی ناسیۆنالیستی سەرکوتکران و ئازاردران. سەید قوتب ڕژێمی ناسری بە ڕژێمی سەردەمی نەزانی، بە ســـەردەمی بەربەریـــیەت و نەخوێنـــدەواری دەزانـــی و ڕووبەڕوو بـــوونەوە بە ڕژێمێکـــی وەهـــای، بە ئەرکـــی

موسـولْمانانی حەقیقـی بەهرەمەنـد لە بـاوەڕی ئـاڵتوونی سـەرەتای ئیسـلام دەبینـی. لەو سـیناریۆیەدا، بـاوەڕ جێگـرەوەی مـیللەت وەکـو بنچینـەی گونجـاو و مشـتومڕ، دەکرێـت تـا باڵادەسـتی خـوایی لەبەرامـبەر باڵادەسـتی ستەمی ناسیۆنالیستی جێگیربکات.

ئەلبوشـرا شـوێن پێـی ڕەتکـردنەوەی میللەتـی لە تێڕوانینی ئیسلامی هندی، بەتـایبەت تێڕوانینی ئەبوعەلای مەودودی دا دەبینـی. ئەلبوشـرا باسـیدەکات کە موسـولْمانانی هنـدی دەیانەویسـت کـۆمەڵێکی ئیسـلامی جیـاواز لە میللەتـی هنـد بهێننەئـاراوە و لەو ڕووەوە ناسـیۆنالیزمیان ڕەتکـردەوە (بە هەمانشـێوە ئەلبوشـرا دەیتوانی ئەو خاڵەی بۆ زیاد بکات کە ناسیۆنالیزم لەسەر بنەمـای ناسـنامەی موسـولْمان بـوو، بەڵام نەک لەسـەر بنەمـای ڕەوتـی شـەریعەتی ئیسـلامی [مـحەمەد عەلـی]). مەودودی کـاریگەری جـێگە سـەرنجی بەسـەر ئیسـلام گەرایـانی جیهـادکەری جیهـانی عەرەب، گشـتیتر بەسـەر سەید قوتبەوە هەبوو.

هەرچۆنێـک بێـت، هەڵوێسـتگیری سـەید قوتـب دژی ناسـیۆنالیزمی ئیسـلامی بەردەوام بـووە و لەنـاو زۆربەی موسولْمانانی ڕادیکاڵ دا بڵاوبووەتەوە، کە بە پێچەوانەی دەربڕینەکانی ئەلبوشرا، پێداگری لەسەر پەیوەندی پتەوی نێوان ناسیۆنالیزم و سیکولاریزم دەکەن و هەردووکییان بە هاوئاڕاسـتەی دوژمنـی زاتـی بە یەکبـوون و بـاوەڕی موسـولْمانان دەزانـن. ئەمانوێـل سـیوان لەنـاو وتـارە تۆمارکراوەکانی ژمارەیەک لە ئامۆژگاری کاری ئیسلامی،

دەربڕینەکانی پەیوەست بە ئەندێشەی عەرەب گەرایی لەسەردەمی بووژانەوەی ئیسلامی ساڵەکانی 1970 و 1980ی شرۆڤە کرد. ئامۆژگاریکاری ئوردونی، عەبدوڵڵا عەزام بانگەشەی دەکرد کە "ناسیۆنالیزمی عەرەب بە تاوان وێناکراو لە گەندەڵیی و خراپەکاری دا هاتەدنیاوە" (بە وەرگرتن لە سیوان، 211: 1997). ناوەڕۆکی هاوبەش ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب، هاوردەی خۆرئاوایە و لەلایەن ڕۆژهەڵات گەرایان و کۆلۆنیال گەراکانەوە بە ئامانجی پەرتکردن و لاوازکردنی ئوممەتی ئیسلامی، جیایی عەرەبەکان لە تورکەکان و تێکدانی خەلافەتی پێشکەوتووە. چ کەسانێک هەڵگر و ئایدۆلۆگیستی عەرەبی ئەو تێڕوانینە بوون ؟ وەڵام: مەسیحییەکان، شان بە شانی هاوڕێبازانی خۆرئاوای خۆیان، کەسانی وەک جۆرجی زەیدان، جۆرج ئانتۆنیۆس و نەوەکانیان هاوشێوەی میشێل عەفلەق، یەکەمین پێشڕەوی ئایدۆلۆژیای بەعس، پاشان جۆرج حەبەش لە بەرەی گەلی ئازادیخوازی فەلەستیین. ئەو ناوەڕۆکە واتا ئەژمارکردنی مەسیحییانی عەرەب لە ڕواڵەتی بەکرێگیراو و پیلانگێڕان، بەهێزکەری ئەو باوەڕەیە کە مەسەلەی یەکسانی هەموو باوەڕداران لە [چوارچێوەی] هاوولاتیان، زیاتر لە هەموو مەسەلەکانی سەربە ناسیۆنالیستەکان. بە ئەندازەی ڕیفۆرمخوازانی وەک ئەلبوشرا کە بە بنەمای یەکسانی هەموان وەکو هاوولاتیی وەفاداربوون و جلوبەرگی ئیسلامی دەکردەبەری، ڕادیکاڵەکان وەک پێویست سوودیان لەو بنەمایە وەردەگرت، چونکە بە بنەمای سەربە مەسیحییانی

عەرەبی ناسیۆنالیستیان بزانن. لەو باوەڕەدان کە ئیسلام بە فەراهەم کردنی توانای پێدانی باج و خەراج و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەشەکی، شوێنی ژیانی کافرەکانی ئەهلی زمە ("قورئان خوێنەکان")، لەبەرامبەریاندا خەمساردی دەکات. ئامۆژگاری کاری ڕادیکاڵی وەک شێخ [عەبدولحەمید] کەشک، لە ساڵی 1970 میسر، قبتییەکان بە هۆی دوورکەوتنەوە لەو ڕۆڵە و کەوتنە پێگە و هەڵوێستی لەسەرووتر و بەسووک سەیری یەکسانخوازییان کرد. بەگوتەی باو، پترس غالی، سکرتێری ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی میسر مووی بن لوتی ئیسلام گەرایان بوو کە لە دەسکەوتی نێودەوڵەتی خۆی بۆ مەسیحی بوون و "یەکێکییان" بوون سوودی وەردەگرت. هەروەها ئامۆژگاری کاران بەسووک سەیری ڕیاکاری عەرەبەکانیان دەکرد: بانگەشەکانی تایبەت بە یەکبوون و هاوپەیوەندی بە هۆی ڕێبازی خۆخوازانەی زۆربەی عەرەبەکان، بە تایبەت دەوڵەمەندەکانی سعودیە و کەنداونشینان، درۆ بوو؛ کە بۆ چێژوەرگرتنی ناڕەوا پارەی خۆیان بە هەڵەخەرجی سەرف دەکرد، ئەوەش لە کاتێکدا کە زۆرینەی عەرەب و موسوڵمانان لە هەژاری و نەبوونیدا دەژیان. شێخ کەشک لە مەیدانی ئەهرامی قاهیرە بەسەرهاتی خواردنەوەی مەشروب و قومارکردن و کاری خراپەی ئەو کۆمەڵە عەرەبەی دەگێڕایەوە (سیوان 1997: 226–8).

ئایدیالی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت – میللەت وەکو شێوەکانی بت پەرستی، پەرستنی میللەتێکی بتئاسا بەناونیشانی جێگرەوەیەک بۆ خودا، نەک تەنیا ناوەڕۆکی هاوبەش بوو لەناو ئیسلام گەرایان و ڕادیکاڵەکان، بەڵکو لە بونیادی هزری سەفسەتەیی، بە تایبەت لەناو تیۆرسێنانی تورک ئوممەت، وەک عەلی بولاچیشدا هەبوو. عەلی بولاچ زۆربەی نەخۆشییەکانی جیهانی مۆدێرن دەداتە پاڵ ناسیۆنالیزم و هیگڵ، بە هۆکاری بت درووست کردن لە میللەت و دەوڵەت ڕەتدەکاتەوە. عەلی باوەڕیوایە ناسیۆنالیزمی میسر پاکتاوی نەتەوەیی و کۆمەڵکوژییە. هاوژیانی بەناوی ناسیۆنالیزم هاتەدی و ئەوە گەواهی بوونە بەسەر ئەو بانگەشەیەوە. چارەسەری عەلی ئەوەبوو: جۆرێک کۆمەڵ گەرایی لیبراڵ، فرەیی "کۆمەڵە یاساییەکان" کە لانیکەم لە دەوڵەتێکدا بەیەکەوە دەژیین.

**خاکی نەتەوە**

پان عەرەبیزم و پان ئیسلامیزم بۆ خەون و ئایدیال گۆڕاون، لە کاتێکدا کە دەوڵەت – میللەت خاک تەنها واقیعیەتی سیاسی چوونەپاڵە لەجیاتی میللەت و لەجیاتی دەوڵەت، بەڵام شێوەی زۆر بۆ جومگەبەندی نێوان ناسیۆنالیزمی خاک و ئیسلام بوونی نییە. بوونی گروپی ناموسوڵمان تووخمێکی گرنگ بووە لە زۆربەی زیاتری دەوڵەت – میللەتان و لە هەڕەمەکەیان مەسیحییەکان - وەکو هاووڵاتیانی زۆربەی دەوڵەت – میللەتانی ناوچەکە -. بە هەمانشێوە کە بینیمان ئەو کارە لە هەر شوێنێک کە

جێی باس بوو، گشتیتر لە میسر یان سوریا، لوبنان، فەلەستین و عێراق، بۆ مەسەلەی نێوان ناسیۆنالیزم و ئیسلام گۆڕابوو. هەروەها وڵاتانێکیش هەبوون کە ئیسلام لەناویاندا تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ هاووڵاتی گونجابوو: ئەو گونجاوییە لە وڵاتانی مەغریب (باکووری ئەفریقیا) و تورکیا جێی باسە.

**ناسیۆنالیزمی نیشتمانی: تورکیا**

لەوانەیە تورکیا لەو لایەنەوە جێبایەخترین بابەت بێت، کۆماری تورکیا لە سەردەمی دامەزراندنی ناونراوە "سیکولار". کەمالیزم جەختی لە شووناسی ئەوروپی بوونی تورکیا دەکردەوە و بەباشە یادی مێژووی تورکەکانی پێش ئیسلامی دەکردەوە. تەنانەت پێش کەمالیزم، زیاء گوکالپ باسیدەکرد کە خەڵکی تورکیا کولتووری جیاوازییان هەیە و ئەنجامی مێژووی دوروودرێژیان پێش ئیسلام، هەروەها زمان، خاک و گەنجینەیانە (کە تائاستێکی زۆر هاوسەنگ بوو بە تیۆرەکانی ئەڵمانی دەربارەی میللەت کە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی برەوێکی زۆری هەبوو). ئەو کولتوورە لەڕووی مێژووییەوە پەیوەست بووە بە شارستانییەتی موسوڵمانانەوە؛ شارستانییەک کە ئەوکاتە (سەرەتای سەدەی بیستەم) لە دۆخی داکشان و پاشەکشە دابوو. لەو پەیوەندییە مێژووییە، دەبێت کولتووری تورکی لە ڕەوتی کولتووری ئەورووپی لە نوێوە دابڕێژرێتەوە. بۆیە ئیسلام لەجیاتی تاکە تووخم لە میراتی کولتووری

تورکیـادا مـایەوە، جۆرێـک هۆکـاری پـتەوکەری گونجـانی کـــۆمەڵایەتی (بەمانـــا دورکیمیـــیەکەی). ســـیکولاریزمی کەمالیســـتی لە ڕەوتـــی ڕوانگەیەکـــی وەهـــاوە ئـــایینی بە فەرمـــانێکی توونـــد، خســـتە ژێـــر کـــۆتی ناســـیۆنالیزمی تـــورکییەوە. لەگەڵ هەمـــوو ئەوەشـــدا کۆمـــاری تورکیـــا لەســـــەرەتادا بە دانیشـــــتوانێکی موســـــوڵمان دەرکەوت. ناموسـوڵمانەکان لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم هاوکـات توورک نەبوون (بە پێچەوانەی مەسیحییەکان و جوولەکە عەرەبەکان). بەشی زۆری ئەو ناموسوڵمانانە، ئەرمەنیی و یۆنانییەکـــان بـــوون کە بە هـــۆی کوشـــت و کوشـــتاری نەتەوەیـــی و ئـــاڵوگۆڕی دانیشـــتوانەوە لە دەیەکـــانی ســـــەرەتای ســـــەدەی بیســـــتەم پاکتـــــاو کرابـــوون. ئەو کارەساتانە مشتومڕ ورووژێنەر و تێکەڵاو بە توندوتیژی، ئەوە هەر ئەوەیە ناسـنامەی تـورکی بە ئیسـلامی بەهێـز کـــرد. گەرچـــی هێشـــتاش هاووڵاتیـــانی ناموســـوڵمان لە کۆمـــاری تورکیـــا مـــاونەتەوە، بەڵام ڕیزبەنـــدییان وەک "تـورک" کـارێکی دژوارە. ئیسـلامی سوننی (حەنەفییەکـان) بە ئامـــاژە پێـــوەرێکە بـــۆ هـــاووڵاتی تـــورکی ڕاســـتەقینە. کوردەکـانیش سـوونەن، بەڵام شـافعی و عەلەویـن و بە گشـتی لە کـۆمەڵگەی گوندنشـینی ڕۆژهـالاتی ئەنـادۆڵ، کەرتێکییان پێکهێناوە کە موسوڵمانە ڕاست پیشـەکانیان بە داهێنەر دەزانن. ئەو واقیعیەتە لە زۆرێک لە چالاکییەکانی پەیوەسـت بە پـرۆژەی بـووژانەوەی ئیسـلامی تـورکی و ڕاست گەرایی توندڕەو، هاوژیانی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئایدۆلۆژی ئیسلامی ئاسان کردووە.

هەروەها تیۆرەکانی گوکالپ و کەمالیزم سەریکێشایە جیابوونەوەی ئیسلامی تورکی لە میراتی دراوسێکانی کە پەیوەندی مێژووییان بە تورکەکانەوە هەبوو: بەشێوەیەکی ورد مەبەست میراتی عەرەبی و فارسییە کە بە هۆکاری دواکەوتوویی و گەندەڵی میراتی پاکی تورکی لەقەڵەم دەدرێن. ئیسلام گەرایی تورکی لەگەڵ ئەوەی کە بەرەورووی ئەو ناسیۆنالیزمە سیکولارە بووەوە و زۆرجار دەمی لە یەکبوونی ئیسلامی وەردەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاشکاوی چوارچێوەی تورکی بەخۆیەوە گرت. زیاتر ئیسلام گەرایانی تورک لە ڕوانگەی ڕێکخراوەیی و ئایدۆلۆژییەوە بە بووژانەوە و بەردەوامی پەیوەندییەکانی سۆفیانەی پێشوو، بە تایبەت پەیوەندییەکانی زنجیرەی نەقشبەندی، وابەستە بوون. بەم شێوەیە پەیوەندی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی چەندایەتییان لەگەڵ جیهانی عەرەب هەبووە و بێگومان لەگەڵ ئێرانی شیعی هیچ پەیوەندییەکییان نەبووە. لە واقیعدا ئیسلام گەرایی تورکی، نەتەوەییە و زۆرجار ناسیۆنالیستی (زبیدە، 1996).

مەسەلەی ئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا، بابەتێکی سەرنجڕاکێشە. لە ساڵەکانی 1990، ئەندامانی حزبی ئیسلام گەرا گشتیتر لە ڕابەرانی ئەوکاتی ئەردۆگان و گویل، وەک ناوەندێکی مەسیحی دژایەتی ئەورووپایان کرد و لەجیاتی پەیوەندی نزیکتریان بۆ جیهانی ئیسلامی پێشنیاز کرد. ئەو بابەتە لەم ساڵانەی دوایی بە تەواوی گۆڕاوە و حزبی ئیسلام گەرا بەتەنیشت زۆربەی

حزبەکانەوە، بۆتە یەکێک لە لایەنگرانی ئەوروپا. دەکرێت بیربکرێتەوە کە ئەمانە پاڵنەری شاراوەیان هەیە: ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا هەڕەشەی سەربازی لەبەرامبەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکیا لاواز دەکات و دەبێتە سەرەتایەک بۆ دیموکراسی فراوان و بە قازانجی ئیسلام گەرایان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانە ڕواڵەتییە، لایەنگری پراکتیکی بەرەو سیاسەت و ڕێچکە نەتەوەییەکان نیشان دەدات و تا ئاستێکی زۆر نیشانەی ئاڕاستەی سیاستگوزارییە بەرەو ئەوروپای مەسیحی، لەجیاتی خاڵی بەرامبەری پەیوەندییەکانی (ناواقیعی) ئیسلامییە.

ئیسلام لە وڵاتانی مەغریب بەشێوەیەکی فراوان بە شووناسی عەرەبی گرێیخواردبوو، هەروەها پەیوەندی هاتوو لە یەکبوونی نەتەوەیی نێوان عەرەب و بەربەر دەبینرێت. هیچ مەسیحییەکی ڕەسەن لەوێ بوونی نەبوو، کۆمەڵی یەهودی تۆخی پێشوو لە جلوبەرگی کۆلۆنیالگەرانی فەرەنسی دا گەشەی کردبوو کە بێگومان بە بەشێک لە پانتایی نەتەوەیی ئەژمار نەدەکران. [عەبدولحەمید] بن بادیس و زاناکانی دیکەی جەزائیری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەبەرامبەر هێزە ئیمپریالیزمەکان بەرگرییان کرد تا جەزائیری فەرەنسی بە درووشمی "ئیسلام دینی من، عەرەبی زمانی من، جەزائیر خاکی باب و باپیری من" فۆڕمی پێ بدەن. ئیسلام بەشێکی گرنگ بوو لە جووڵانەوەی سەربەخۆخوازانە کە لە کێشەی ڕۆژهەلات (وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەلات)

کۆمەڵی باوەڕی زۆرینە لە ئاسایش دابوون. ئیسلام ڕۆڵی جۆراوجۆری لە سیاسەت و مێژووی سێ وڵاتی مەغریبی دا بینیــوە کە نووســینی هەمــوو ئەوانە بە کــورتی لەم باسەدا کارێکی ئەستەمە.

**ناسیۆنالیزمی نیشتمانی: میسر**

میســر وڵاتــێکە خــاوەن شووناســی خــاک و مێــژووی توونــد چەســپاو، کە بە هــۆی پێشــینەی دوورودرێــژی حکــومەتی ناوەنــدییەوە بە هێــز بــووە. میســر وڵاتێکــی عەرەبیــیە و پرۆســەی مــۆدێرنیتەی زۆر پــێش وڵاتــانی دیــکەی عەرەبــی، ژێــر دەســەڵاتی ڕاســتەوخۆی ئەورووپــا دەستپێکردووە کە بە پەلاماری ناپلیۆن لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دەســــــتپێکردووە و بە خانەدانەکــــانی لە بە مــــۆدێرن بــــوونی مــــحەمەد عەلــــی بەردەوام بــــووە و ســــەرەنجام لەگەڵ دەســــەڵاتی ئەورووپیــــی و داگیرکــــاری بەریتانیـــــا بـــــووە لە ســـــاڵی 1882. تەواوی پەڵـــــنەرە سیاســـییەکانی نـــاوچەکە لە میســـر دەرکەوتـــن: عوســـمان گەرایی، مەشروتەخوازی، جیاوازی جۆراوجۆری ئیسـلام گەرایی و سەرەنجام ئاڕاستەی چەپ گەرایانە. باسکردنی میســر وەک [وڵاتێــک]ی عەرەب لەڕوانــگەی سیاســیی و ڕابەری جیهـانی عەرەب زۆر درەنـگ پەرەی سـەند (دوای شۆڕشی ناسری لە ناوەڕاستی ساڵاکانی 1950)، هۆکاری فشـاری دوو ئەوەنـدە لەسـەر میسـرییە سەرلێشـێواوەکان کە بەوپەڕی ئارەزووەوە بەپێشـوازی بە شکۆ لە ناسر و

ڕابەرییەکەی بەسەر جیهانی عەرەب و وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕەزامەندییان دەربڕیبوو. ناسیۆنالیزمی ناسری لە بەشێکی زۆری ئەو مێژووە مۆدێرنە بوو، کە بەهاو متمانەیەکی زۆری پەیدا کردبوو.

زۆربەی ڕووناکبیرانی ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لایەنگری ناسیۆنالیزمی نوێگەرا و لیبراڵ بوون کە دەکرێت لەنێویاندا ناوی تەها حوسێن بهێنرێت. نووسەر، ئاکادیمیست، شارەزای بواری پەروەردە و فێرکردن و سەردەمێک وەزیری پەروەردە و فێرکردن بوو. کتێبەکەی "ئایندەی کولتووری میسر" کە لە ساڵی 1937 بڵاوبووەتەوە، هەراوهۆریایەکی زۆری نایەوە و لەلایەن نەریتگەرایان و ئیسلام گەرایان (حوسێن 1937، هورانی 1983: 324 - 40)، بووە ئامانجی پەلامادران. حوسێن لەو کتێبەدا میسر و مێژووەکەی بە جیهانی دەریای سپی ناوەڕاست و یۆنان دەبەستەوە. حوسێن باوەڕی وەهابوو ئیسلامەکەی کۆسپێک نەبوو لەسەر ڕێگای ئەو دووبارە ناسینەیەوە. ئەورووپا لە سەدەکانی سەرەتای نەریتی یۆنانییەوە بووەتە مەسیحییەت، لەو ڕووەوە مەسیحییەت بە عەقڵانیی بووە و ڕابەرایەتی کردووە. موسوڵمانانیش بەدوای ڕێساو لۆژیکی یۆنانی دا گەڕاوون کە ئەو کارە سەریکێشایە پەی بردن بە ئەرستۆ و وەرگێڕانی لە سەدەکانی ناوەڕاست. جووڵان بەرەو عەقڵانییەت و پێشکەوتن لە ئیسلام بە هۆی شاڵاوی تورکەکان و حکومەتی عوسمانییەوە وەستێندرا. میسر تا سەدەی

پازده خاوەن کولتووری هاوبەش بوو لەگەڵ ئەوروپا، واتا کاتێک کە ئەوروپییەکان دەستییان کرد بە چوونەناوەوەی میسری مۆدێرنیتە و میسرییەکان بە هۆی فشاری حکومەتی عوسمانییەوە ڕێگرییان لێکرا بەشداری بکەن لەو ڕێگەیە تا ئەوەی کە لە سەدەی نۆزدەیەم دووبارە بۆ ئەو ڕێگەیە گەڕانەوە. ئێستاکەش نابێت هیچ شتێک ببێتە کۆسپی بەردەم میسرییەکان لە گرتنەبەری ڕێگەی مۆدێرنێتە و پێشکەوتن. لەماوەی گفتوگۆکەی حوسێن ئەو خاڵە ڕوون نییە ئایا ئەو نوسخەیە کاریگەری هەیە بەسەر هەموو عەرەب و موسوڵمانەکانەوە یان تایبەتە بە میسرییەکان. جەختکردنەوە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست و یۆنانی بوون، لە پاشان دا نیشانیدەدەین.

لە ئێستادا ژمارەیەکی کەم لە میسرییەکان دەتوانن ڕونگەیەکی وەها پشتڕاست بکەنەوە، چونکە لە چاوتروکانێکدا شەپۆلێک لە ئەخلاقی ئایینی کورتبینانە و شۆڤێنیزمی پارانویایی وڵاتی داگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت گومان بکرێت کە لە ئاستی زێڕین دا هەروەک هەموو شتێکی کردە بناغەی ناسیۆنالیزمی میسری. هەڵوێستگیریی جۆراوجۆری دژە ئیمپریالیستی و ترسی مەسەلەی فەلەستین/ئیسرائیل، زیاتر دەربڕینە ڕەسمییە سیاسییەکان دەخاتە بەردەم هاوپەیوەندیی عەرەب و موسوڵمانانەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی کە چڕبوونەوەی هەموو ڕێوشوێنە سیاسییەکان، میللەت و دەوڵەتەکەیەتی.

## ناسیۆنالیزمی کۆماری ئیسلامی ئێران

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەسەردەمی مۆدێرندا، مێژووی ئێرانی لە مێژووی عەرەب جیاکردووەتەوە. ناسیۆنالیزمی ئێرانی ڕێز لە ڕابردووی پێش ئیسلام دەگرێت و پێداگری دەکات لەسەر بەردەوامی کولتووری ئێرانی سەرەڕای فتوحاتی ئیسلام و عەرەبەکان. لەواقیعدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە چوونەناوەوەی کولتووری ئێرانی لە شارستانییەتی ئیسلامی و فۆرم دان پێی هاوتا بە ناوەڕۆک و بابەتەکانی خۆی بەچاکە یاد دەکاتەوە. ئیسلامی ئێرانی بەجیاواز دەبینرێت و بە شیعەکردنی لە بەردەوامی ناوەڕۆکی مەعنەوی پێش ئیسلام دادەنرێت. ڕژێمی پەهلەوی بەقازانجی خۆی ئەو ناوەڕۆکانەی بەکاردەهێنا و ڕێزی لە دێرین بوونی ئێرانیان یان دەسەلاتی ئاریایی دەگرت. ئەو ناوەڕۆکانە لە بنچینەدا سیکولار بوون و بەسووک لە ڕووحانییەکانیان دەڕوانیی و باسی دواکەوتوویی و کۆنەپەرستییانیان دەکرد. لەبەرامبەر پەروەردەکردنی ناوەڕۆکێکی لەم شێوەیەدا، پێکهاتەی ڕووحگەراکان، وابەستەیی دۆنادۆن بە خۆرئاوا و زەربەلێدان و دوژمنایەتیکردنی ئیسلام و موسوڵمانانیان ئیدانە دەکرد و بەگژیدا دەچوونەوە. ئایەتوڵڵا خومەینی خودی خۆی بەتوندی سیکولاریزمی تۆمەتبار دەکرد و ڕەخنەی توندی هەبوو لە خۆنوێنی پەهلەوی. سەرەڕای جیاوازبوونی ئیسلامی شیعی و ناتەبایی مێژووییەکەی لەگەڵ ڕکابەرە سوننییەکەی، ئایەتوڵڵا خومەینی و لایەنگرانی جەخت لە یەکبوونی

موسـلمینی دنیـا و پەیـامی هاوبەشـی جیهـانی ئیسـلامی دەکەنەوە.

بەمەش، ئایـــدۆلۆژیای کۆمــــاری ئیســــلامی، ئەنتەرناسیۆنالیســتی بــوو. کۆمــاری ئیســلامی ئێــران بانگەشـــەی بەرەو پێشــبردنی پــرۆژەی ئـــازادکردن و هاوپەیوەندی لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی هەبوو، بە ئاشــکرا بــۆ هەنــاردەکردنی شــۆڕش تێدەکۆشـــا. لەو ڕوانــگەیەوە ڕژێمەکـــانی عەرەب ئایـــدۆلۆژییەکەیان بە ڕووخێنـەر دەبینـی. هاوکـات کە لەلایەن ئیسـلام گەرایـان هەریەک لە وڵاتان، وەکو ڕەنگدەرەوەی توانـای شۆڕشـی ئیســلامی و توانـــای بانگهێشــتکردنی جەمـــاوەر، وەک دەســـەڵاتێک بـــۆ ڕووبەڕووبـــوونەوە بە ئایـــدۆلۆژیای "هـاوردەیی" سـیکولار، ڕێـزی لێـدەگیرا. شۆڕشـی ئێـران شۆڕشـێکی جەمـاوەری بوو، نەک کودەتـایەکی سـەربازی بەشـێوازی عەرەبەکـان؛ کـۆمەڵانی خەڵـک لەژێـر ئـاڵای ئیســلام و بــاوەڕی ڕاســتەقینەکەی تەیــارکرابوون. ئەو شۆڕشــە نەک تەنهــا ســەرنجی ئیسـلام گەرایـان، بەڵکـو سەرنجی زۆرێک لە ناسیۆنالیستەکان و چەپ گەرایانی لە جیهانی عەرەب ڕاکێشا.

سیاســـەتەکانی کۆمـــاری ئیســـلامی لە پـــێگەی جۆراوجــۆردا ســەپێندراوە، هەنــدێکیان بەڕاشــکاوی بە سیاسەتی ناسیۆنالیستی ئەژمار دەکرێن و لە کاتێکدا کە لە ئاستێکدا، پاڵنەری گشتگریان بۆ تێکڕای جیهانی ئیسلام هەیە، دەربارەی شووناسی شیعەیان هیچ گومانێک نییە. دەســتووری کۆمــاری ئیســلامی جێگیــری کــردووە کە

نەتەوەیی بوونی ئێرانی مەرجی هاووڵاتی بوونی کۆمارە. لە بنەمای 15دا هاتووە کە پێویستە سەرۆک کۆمار بەڕەچەڵەک ئێرانی بێت و "موسوڵمان بێت و باوەڕی بە ئاینی فەرمی وڵات هەبێت". دەتوانرێت بگوترێت ئەو دو یاداشتکردنە، بێجگە لە بەمانای شیعە بوون هیچ شتێکی دیکە نییە. جەلالەدینی فارسی، کە ماوەیەکی زۆر قووتابی ئیمام خومەینی بوو لەبەرئەوەی دایکی ئەفغانی بوو، ڕێگەیان پێنەدا لە هەڵبژاردنەکانی 1980 خۆی کاندید بکات. هاوکات مەسیحیی، جوولەکە و زەردەشتییە ئێرانییەکان هەموو مافێکی هاووڵاتی بوونیان هەیە جگە لە وەرگرتنی پۆستەکانی وەک ڕابەری سیاسی (زبیدە، 1997). شەڕ لەگەڵ عێراق هەستی شووناسی نەتەوەیی وەک شووناسی ئێرانی و شیعی لەبەرامبەر دوژمنی جیهانی عەرەب (بە گشتی سوننە)ی بهێزتر کرد. ئایەتوڵڵا خومەینی و تەواوی سەرۆکان بەشێوەیەکی بەردەوام باسی میللەتی موسوڵمانی ئێرانیان کردووە. میللەتی ئێران لە گفتوگۆکانیان دا پێش قەرەوڵی ئیسلامی بوون لە جیهان. ڕەوتی جووڵانی پڕوپاگەندە و توانای شۆڕشگێڕی لە تەواوی شوێنەکانی ناوچەکە، بە تایبەت سوریا و لوبنان، پەیڕەوی لە لۆژیکی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئێرانی دەکرد. چاودێران نموونەی هاوشێوەیان لە مۆدێلی ڕوسیا و کۆمۆنیزم دا دۆزیوەتەوە. ئەنتەرناسیۆنالیستی و سیاسەتی دەرەوەی ناسیۆنالیستی، یان هەمان "سۆسیالیزمی ناو وڵاتێک". لە ئێرانیش بۆ ئاکامی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی لە پەیڕەوی کردنی

ڕەوتـــی شـــۆڕش (بەمانـــا ئێـــرانییەکەی) و هەروەهـــا دوژمنکـــاری دوژمنـــان، سەریکێشـــایە ســـەنگەرلێدانی دووبارەی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی کە تەبای کێشەی پێشووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بـوو. بە ئـاوابوونی بنەمـای ڕیتۆریـک و ڕووخسـاری شۆڕشگێڕی سـەرەتایی، کۆمـاری ئیسـلامی بەشـێوازێکی پێشـبینیکراو و هاوشـێوەی تەواوی وڵاتـان بـۆ دەسـتەی دەوڵەتێکـــی نەتەوەیـــی، لەگەڵ شووناســـێکی نەتەوەیـــی جیاواز چ لەبواری دیین، چ کولتوور و سیاسەت گۆڕاو بۆ ڕۆتینی ئاسایی [دەوڵەت – بونیادی نەتەوە] گەڕایەوە.

### بەجیهانیبوونی ئیسلام و بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی

دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی ڕوانگە و جـــووڵانەوەی ئیســـلامی لە دەرەوەی چوارچێـــوەی دەوڵەت – میللەتـــی خـــاوەن زۆریـــنەی موســـوڵمان، لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و هەندێک لە وڵاتـانی خۆرئـاوای بەخۆوەبینی. بانگەشەی سعودیە لەسەر بنەمای نەهێشتنی هەژموونی بەسەر جووڵانەوە ئیسلامییەکان، بە ڕوودانـی شۆڕشی ئێران و چانسـی گشـتی بۆ ئەو لە چوارگۆشـەی جیهـانی ئیسـلام، بەشێوەیەکی جدی تووشـی زیـان بـوو. متمانەی سعودیە وەک داکۆکیکاری ئیسـلام تائاسـتێک بە هـۆی جیهـادی ئەفغانییەکـان بـووژایەوە؛ ئەو جیهـادە بە ئۆرگـانیزەکردن و پاڵپشـتی دارایـی تـوخمی جۆراوجـۆر ئەنجـــام دەدرێـــت کە ســـووپای دژی ســـۆڤیتی لەگەڵ

ئەمریکییەکان هاوئاهەنگ دەکرد. سەرهەڵدانی ئەو هێزانە دوای شەڕی کەنداو و لە ساڵەکانی 1990 – 1991 و پاش هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و جێگیربوونی هێزە ئەمریکییەکان لە خاکی "پیرۆز" سعودیە، لە کۆتاییدا بە زیانی خودی سعودییەکان تەواو بوو. ئەو ڕووداوە، پاساوی شەڕی هێزە جیهاد گەراکان بوو بە ڕابەرایەتی بن لادن. دوای هاتنەئاراوەی ئاشتی تالیبان، هێزەکانی "ئەفغان" لە نەتەوەی جۆراوجۆر لە وڵاتی ئەفغانستان و پاکستان جێگیر بوون. لە ساڵاکانی 1990، هەندێکیان بۆ وڵاتانی خۆیان گەڕانەوە و زۆرجار بەنهێنی، دەبوونە نەیارانی توندڕەو و توندوتیژئامێز. وەک نموونە، توندڕەوەکان لە میسر هەوڵیاندا سەرۆک کۆمار تیرۆر بکەن. ئەمان تیرۆریستەکانیان کووشت و بەگژ هێزەکانی ئاسایشدا چوونەوە، تائەوکاتەی کە بە هۆی سەرکوتکردن و بەرکەوتەی ڕووبەڕووبوونەوانە کە سەریکێشایە ڕادەستبوونی ڕەسمی زۆرێک لە ڕابەرانی ڕاگیراو، شکستیان خوارد. لقەکەیان لە ئەفغانستان و بە ڕابەرایەتی ئەیمەن زەواهیری، ڕابەری پێشووی جیهادی ئیسلامی میسر و پاشان جێنشینی بن لادن، لەچوارچێوەی ئەلقاعیدە، وەفادار مایە بۆ جیهادی جیهانی. ئەفغانە جەزائیرییەکان یەکێک لە سەرکەوتووترین لقەکانی جیهاد بوو لە شەڕی ناوخۆی ساڵەکانی 1990 و زۆربەی ئەندامەکانیشی بە هەنگاوی جیهادخوازانەی خۆیان لە شارەکانی وەک پاریس، فرانکفۆرت و لەندەن، جیهادیان پەلکێشی پانتایی نێودەوڵەتی کرد.

ئیسلامی جیهانی تایبەت بە جیهادیستەکانی میلشیای ئەفغانستان نەمایەوە و پەراوێزێکی فراوانی لە چالاکی ئاشتیخوازانە و کولتووری لە کۆمەڵە دوورخراوەکان و کۆچبەران، بەتایبەت لە خۆرئاوا، گرتەبەر. ئازادیی و تواناکانی پەیوەندی لە خۆرئاوا، دەرفەتێکی بەرهەمدار بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەو ئەندێشە و جووڵانەوانە فەراهەم دەهێنێت. ئەو ئەندێشانەی کە پەیوەست بە بوارێک لە سۆفیزمی عیرفانییەوە بیگرە تا فیمینیزمی ئیسلامی و کۆمەڵ گەرایی قرخکارانەن و چالاکوانانی ئەو بوارانە لە ماڵپەڕە ئینتەرنێتییەکانی خۆیان ئامادەگی کارایان هەبووە و هەیانە. تا ئاستێکی زۆر لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی موسوڵمانان لە ئەوروپا پەیوەندی بە لەبەرچاوگرتنی زۆرینەیی (نزیکەی 70%) دەبێت کە موسوڵمانان سیکولارن یان کولتوورییین. ژمارەیەک لە موسوڵمانان ئامادەگی هاوڕایانەیان بە کۆمەڵی خۆیانەوە هەیە و پاڵنەری سیاسی کەمتر لە خۆیان دەردەخەن و بە لێکدانەوەیەکی دیکە، هەڵوێستگیری سازان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی وڵاتانی خانەخوێ دەگرنەبەر تا بتوانن لە بوارەکانی، وەک بوارەکانی فێرکردن و نیشتەجێ بوون، دەستکەوتییان هەبێت. بێگومان زۆربەی موسوڵمانان لە خۆرئاوا خۆیان لە فۆڕمی نەتەوەی ڕەسەنی خۆیان و زۆرجار جیاواز لە میللەتانی دیکە دا دەبینن و تەنانەت سەبارەت بە یەکتری ڕای سووکایەتی پێکردنیان هەیە. ئێرانییەکان هەڵوێستی توندوتۆڵیان سەبارەت بە

عەرەبەکـان هەیە و عەرەبە میسـرییەکان و بـیلادی شـام لەڕوانـــگەی کولتـــوورییەوە خۆیـــان بە لەســـەرووی عەرەبەکانی کەنداو دەزانـن، هەموویـان خۆیـان بە جیـاواز لە پاکســـتانیی و بەنگلادیشـــییەکان دەبیـــنن کە هـــیچ نزیکایەتییەکیان بە یەکترییەوە نییە. تەنیا کەمینەیەکی کەم هەن کە بـۆنە و چـالاکی پەیوەسـت بە ئیسـلامی سیاسـی ئەنجــام دەدەن. میــدیاکان ئــارەزوو دەکەن هەڵوێســتی گرووپەکـانی وەک ئەلمهـاجروون و ئەبـو حەمـزە لەو وڵاتە [بەریتانیـا]، هاوتـا بە هەڵوێسـتگیری هاوبەشـی تێکـڕای موسوڵمانان بزانن.

ئەو گریمانەیە بوونی هەیە کە هەڵوێستی موسـوڵمانان لە کەمیـــنەدا، بە تێڕوانینـــی ناســـیۆنالیزمێکی ئیســـلامی جیهـانی گریمـانەیەک بکرێـت. بنـاغەی بیرکـردنەوەی ئەو ناسـیۆنالیزمە، ڕوانینێکی تەواویەتخـوازانەیە سـەبارەت بە ئیسـلام، وەکو ئایینێک کە لە دۆخی فۆڕمدانە بە کۆمەڵی جیهانی، کۆمەڵێک کە تەنها لەژێر وێنای پەلاماری دوژمنی خۆرئاوادا ئامـادەگی دەبێت. بـارودۆخی پاکسـتان، عێـراق، کشـــمیر و چیچـــان بە ئـــاوێنەی نیشـــاندەری پەلامـــاری دوژمنی خۆرئاوا دەزانرێت. کێرڤی هەستی دوژمنکـارانە و هەڕەشـــــە دوای یـــــازدەی ســـــێپتەمبەر لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، بەرەو هەڵکشـانە. سـەرەڕای، لانـیکەم لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان، پێـوەری هاوبەشـی دابینکردنـی ئاسـایش لە بەرامـبەر بێگانەکـانی سـەر بە وڵاتانی تایبەت، بووە هۆی ئەوەی ئێرانییەکان، عەرەبەکان

و ئەفریقییەکـــان لە هێڵێکـــی هاوبەشـــدا، لە چـــاوەڕوانی لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی ناو بەزۆرەملێیی دان و چ جای هەســـــتەکانی لەســـــەر بنەمـــــای جیـــــاوازیی و لەسەرووترخوازییان لەسەر یەکتری بە هۆی فۆڕمگرتنی شووناسێکی هاوبەش لە دۆخی هەڕەشەی کەم کردەوە.

بیرهێنـــانەوەی ئەو خـــاڵەش بـــێ ســـوود نیـــیە کە تیۆرەکـانی پیلانگێـڕی دەربـارەی خۆرئـاوا، ئیسـرائیل و یازدەی سێپتەمبەر بەشـێوەیەکی فـراوان ناموسـوڵمانانیش دەکاتە بەردانگ. نـاوەڕۆکی هاوبەشـی چاپەمەنی عەرەبی دوای یـــازدەی ســـێپتەمبەر ئەوەبـــوو کە کـــار، کـــاری جوولەکەیە؛ دڵخۆشی پەتییان ئاوێتە بوو بەو واقیعیەتە کە ئەمریکا زیـانی بەرکەوتـووە (تەنـانەت ئەگەر ئەو زیـانە لە لایەن جوولەکەکانەوە بێت!). هەروەها ئێمە تێگەیشـتین کە ئەو تێڕوانین و هەسـتانە بەشـێوەیەکی فـراوان لە زۆربەی بەشـــەکانی ئەمریکـــای لاتـــین، یۆنـــان، ئیتالیـــا و ئیســـپانیا بـوونی هەیە. هەسـتی دژە ئەمریکـا گەرایـی و تیۆرەکـانی پیلانگێـڕی بەڕاشـکاوی تـایبەت بە ناسیۆنالیسـتەکان یـان موسوڵمانە جیهاد کارەکان نییە.

**بارودۆخی هەنووکە**

*ناسیۆنالیزمی پان عەرەبی: لە چوارچێوەی هەست و بنەمـا ڕیتۆریکەکـانی خـۆی درێـژە بە ژیـان دەدات کە بە سادەیی دەکەوێتە بەردەست بونیـادی فرە ئایدۆلۆژییەوە لە لایەن حکومەتەکـــان و نەیارانیـــان، بەڵام وەکـــو پرۆژەیەکی سیاسی، زۆر لە مێژە لە ناوچووە.

* ناسیۆنالیزمی ئیسلامی: هەروەک لەناو دەوڵەت – میللەتان هەست و بنەمای ڕیتۆریکی دیاریکراو فەراهەم دەکات. زیاتر دووژمنە زیندوبووە و ڕاگەیەنراو لەبەرامبەر دەسەڵاتەکانی خۆرئاوا و ئیسرائیل، لە چوارچێوەی هاوپەیوەندی ئایینی شایانی تێگەیشتنە. هەروەها لقەکانی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی لەبواری ئیسلامی بەجیهانی بوو کراونەتەوە؛ نەک تەنها جیا لە پەیوەندی بە دەوڵەت – میللەتان و شوێنە پەراوێزییەکانیان وەک ئەفغانستان، بەڵکو لە هەموو شتێک زیاتر لە سێبەری ئازادییەکان و توانایەک کە لە خۆرئاوا، وەک ئەنتاگۆنیستی ئیسلامی جیهانی، ئامادە بووە.

* دەوڵەت – میللەت و ناسیۆنالیستی نیشتمانی: ئەوە تاکە واقیعییەتی سیاسی چوونەپاڵە، کە سنوورە شیاوەکان لە لایەن دەسەڵاتە کۆلۆنیالەکانەوە لەسەر هەوا نەخشەیان کێشرابێت، بەڵام ئەو میللەتانەی کە لەناو ئەو سنوورانە دا فۆرم دەگرن، بەشێوەی میللەتێک و دەوڵەتێک ڕیشە دادەکووتن. کوەیت بە درووستکراوترین ئەو دەوڵەتانە دەناسین کە سەرەڕای ئەوەی، لەکاتی دەستدرێژییەکەی عێراق بۆ سەر خاکی ئەو وڵاتە، هەموو ئێمەمانانی لەڕوانگەی یەکبوونی نەتەوەیی و توانای پێناسەی ئامانجی نەتەوەیی، سەرسام کرد. تەنانەت ڕژێمی عێراق نەیتوانیووە خەڵک بۆ فۆرم پێدان بە حکومەتێکی دەستنیشانکراو بدۆزێتەوە؛ تەنها فەلەستینیی و عەرەبە دەشتەکییە بێ دەوڵەتەکان هاوڕای بوون.

بەدرێژایی شەڕی ئێران و عێراق هەردوو لەچوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییەوە هاتن، شیعەکانی عێراق لە دەستەی سەرەتاییترین داکۆکیکارانی نیشتمانی خۆیان بوون لەبەرامبەر شیعە ئێرانییەکان دەرکەوتن و ئێرانییەکان لە شیعەبوونی خۆیان وەکو نیشانەی شووناس و لەسەرووتربوونی نەتەوەییان بەرگریان کرد. حزبی بەعس لە عێراق و سوریا لە فۆڕمی ئەنتاگۆنیستی کوشندە گەشەی کرد، هەریەکەیان بانگەشەی پۆشینی جبەی پان عەرەبییان هەبوو، بەڵام لە واقیعدا دەوڵەت – میللەتانی خۆیان بەهێز دەکرد. تورکەکان، موسوڵمانان و سیکولاریستەکان لەبەرامبەر ئەو بانگهێشتەدا کە دەیانەوێت گەلی تورک لە فۆڕمی سیمبولی کەمالیستی درووست بکەن یان لە فۆڕمی ئیسلامێکی جیاوازدا، وەڵامی یەکسانیان هەیە. هەرچەند سعودیە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بانگەشەی بۆ یەکبوونی پان ئیسلامیستی دەکرد، بەڵام دەوڵەت و خەڵک لەبەر پاراستنی سنوورەکانی خۆیان و شوێنکەوتنی سعودیە یەکێکە لە کارە سەختەکان.

* ڕکابەرانی دەوڵەت – میللەت بۆ هێنانەئارای هاوپەیوەندییەکان و هەستی جەماوەری، ئامادەگی هەمەگیر و تێکڕایی عەرەب گەرا و ئیسلامی نیین، بەڵکو بە ئەگەری زیاتر هاوپەیوەندییە تایبەتییەکان و دەستەگەرایی گشتی و ناوچەیین.

**ئەم وتارە وەرگێڕدراوە لە:**

Sami Zubaida, “Islam and nationalism: continuities and contradictions”, *Nations and Nationalism* **10** (4), 2004, 407–420.

**سەرچاوەکان:**

- Abrahamian, Ervand. 1982. Iran Between Two Revolutions. Princeton, NJ: Princeton University Press.
- Ahamd, Jamal M. 1960. The Intellectual Origins of Egyptian Nationalism. Oxford: Oxford University Press.
- Bishry, Tariq al-. 1998. Bayna al-islam wa-al-uruba: fi al-mas’alah al-islamiyah almu’asirah (Between Islam and Arabism: On Contemporary Islamic Issues). Cairo: Dar al-Shuruq.
- Davison, Andrew. 1995. ‘Secularization and modernization in Tyrkey: the ideas of Ziya Gokalp’, Economy and Society 24(2): 189–224.
- Haim, Sylvia (ed.). 1962. Arab Nationalism: an Anthology. Berkeley, CA: University of California Press.
- Hourani, Albert. 1983. Arabic Thought in the Liberal Age 1798–1939 (2nd edn). Cambridge: Cambridge University Press.
- Hussein, Taha. 1937. Mustaqbal al-Thaqafa fi Misr (The Future of Culture in Egypt). Cairo: Dar al-kutub.
- Keddie, Nikki. 1981. Roots of Revolution: an Interpretive History of Modern Iran. New Haven, CT: Yale University Press.

- Keddie, Nikki. 1983. An Islamic Response to Imperialism: Politics and Religion in the
Writings of Sayyid Jamal Al-Din ‘Al-Afghani’. Berkeley, CA: University of California Press.
- Kepel, Gilles. 1993. Muslim Extremism in Egypt: the Prophet and the Pharaoh. Berkeley,
CA: University of California Press.
- Meeker, Michael E. 1991. ‘The new Muslim intellectuals in the Republic of Turkey’ in
Richard Tapper (ed.), Islam in Modern Turkey. London: I.B. Tauris.
- Mortimer, Edward. 1982. Faith and Power: the Politics of Islam. London: Faber.
- Mottahedeh, Roy. 1987. The Mantle of the Prophet: Religion and Politics in Iran. London:
Penguin.
- Moussalli, Ahmad. 1992. Radical Islamic Fundamentalism: the Ideological and Political
Discourse of Sayyid Qutb. Beirut: American University of Beirut Press.
- Qutb, Sayid. 1990. Ma’alim fil-tariq (Signposts Along the Way), English translation.
Indianapolis, IN: American Trust Publications.
- Sayyid Marsot, Afaf Lutfi. 1984. Egypt in the Reign of Muhammed Ali. Cambridge:
Cambridge University Press.
- Sivan, Emmanuel. 1997. ‘Arab nationalism in the age of Islamic resurgence’ in James
Jankowski and Israel Gershoni (eds.), Rethinking Nationalism in the Arab Middle East. New
York: Columbia University Press, 207–228.

- Suleiman, Yasir. 2003. The Arabic Language and National Identity. Edinburgh: Edinburgh
University Press.
- Vertovec, Stephen and Ceri Peach (eds.). 1997. Islam in Europe: the Politics of Religion
and Community. London: Macmillan.
**Problematicaa.com**
- Zubaida, Sami. 1993. Islam, the People and the State: Political Ideas and Movements in the
Middle East (2nd Edn). London: I.B. Tauris.
- Zubaida, Sami. 1996. 'Turkish Islam and national identity', Middle East Report 199, 26(2):
10–5.
- Zubaida, Sami. 1997. 'Is Iran an Islamic state?' in Joel Beinin and Joe Stork (eds.), Political
Islam: Essays from Middle East Report. London: I.B.Taurus, 103–19.
- Zubaida, Sami. 2003. 'Islam in Europe', Critical Quarterly 45(1–2): 88–98.

# میللەت و ناسیۆنالیزم
# لە سەردەمی بەجیهانیبووندا
*میللەتان و ناسیۆنالیزم لە سەدەی نوێ*

**ئێریك هۆبزباوم**

**وەرگێڕانی: ئەرسەلان**

هەنووکە ئەدەبی فراوان دەربارەی ماهیەت و مێژووی میللەتــان و ناســیۆنالیزم بــوونی هەیە کە بە شــێوەیەکی گشــتی دوای بڵاوبــوونەوەی ژمــارەیەک دەقــی کــاریگەر لە ســــاڵەکانی 1980 بەرهەمهــــات.[1] لەوە بەدواوە باســــێکی گەرمــاوگەرم بــووە و بەهەمانشــێوە کە ئــێمە لە ســەدەی 21دایــین، لەوانەیە ئەو بــایەخەی هەبێــت کە ڕابمێنــین و ســەرنج لە وەرچەرخــانی مێژوویــی جێگەســەرنجی چەنــد دەیەی ڕابردوو بدەین کە کاریگەری بەسەر ئەو باسەوە هەبــووە. دەســتپێکی قۆنــاغی نــاجێگیری نێــودەوڵەتی لە ساڵی 1989 بەدواوە لە هەرەمی ئەو وەرچەرخانەدا بووە کە هێشــــتا ناتوانرێــــت پێشــــبینی کۆتــــاییەکەی بکرێــــت. سەرنجدان لەو بابەتە ئامانجی ئەو یاداشتەیە. لە ئێستادا ئاسانترە ئاکامەکانی شــەڕی سارد و پاشەکشــەی یەکێتــی جەمــــاوەری ســــۆڤێتی پێشــــوو هەڵبســــەنگێنین، چــونکە لە ڕوانــین بــۆ ڕابــردوو هەردووکیــان دەتــوانن وەکــو هێــزی ســــەقامگیرکردنی سیاســــی ببینــــرێن. بــــۆ یەکەمجــــار لە مێــژووی ئەوروپــا لە ســەدەی هەژدەیەم، لە ســاڵی 1989 بــــوونی سیســــتمێکی بەتوانــــای نێــــودەوڵەتی لەنــــاوچووە. هەوڵــی یەکلایەنە بــۆ هێنانەئــارای سیســتمێکی جیهــانی تــا ئێســتا ســەرکەوتوو نەبــووە. لەگەڵ ئەوەشــدا، ســاڵەکانی 1990 بە بەڵکانی بوونی جێگەسەرنج لە بەشـە گەورەکـان لە دنیای کۆن، بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێگای پاشەکشــەی یەکێتـــــی جەمـــــاوەری ســـــۆڤێتی جـــــاران و ڕژێـــــمە کۆمۆنیستەکانی بوو لە بەڵکـان. ئەوە بەو مانـایە بـوو کە دوای دامـــاڵینی ئیمپریـــالیزمی ئیمپراتـــۆرە ئەوروپییەکـــان، ژمــــارەی دەوڵەتــــانی بەڕەســــمی ناســــراوی ســــەربەخۆی

نێودەوڵەتی زیادبوون. لە ساڵی 1988 ژمارەی ئەندامانی ڕێکخـــراوی نەتەوە یەکگرتووەکـــان بە ڕادەی 33 دەوڵەت (زیـــاتر لە 20%) زیـــادی کـــردووە. ئەو قۆنـــاغەش دەرکەوتنـی وەک دەڵـێن "شکسـتخواردو"مان بینیـوە، واتـا دەوڵەتـانی نزیـک لە پاشەکشـەی دەوڵەتـی کـاریگەری ناوەنـدی، یـان لە دۆخـی تێکهەڵچـوونی بەردەوامـی چەکـدارانەی نـاوخۆیە. چەنـد وڵاتێـک لە ناوچەکـانی بەڕەسـمی سـەربەخۆ، بە تـایبەت لە ئەفریقیـا و وڵاتـانی جێگرەوەی پێشوو کۆمۆنیستی و بەهەمانشێوە لانیکەم لە نـاوچەیەک لە ئەمریکـای لاتـین بـارودۆخێکی لەوشـێوەیان هەیە. لەواقیعدا، بۆ چەند ساڵێک دوای کۆتاییهاتنی یەکێتی سـۆڤێت تەنـانەت دەوڵەتـی بەرچـاوی جێگـرەوەی، فدراسـیۆنی ڕوسـیا، وادەهـاتە بەرچـاو کە نـزیکە لەچوونەنـاو ڕیزەکـانی "دەوڵەتـانی شکسـتخواردو" بێـت، بەڵام هەوڵی حکومەتەکەی پوتین بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی کـاریگەری دەوڵەت بەسـەر تەواوی قەڵەمڕەوی دەوڵەتـی، بـێجگە لە چیچـان، پێدەچێت سـەرکەوتووانە بـووە. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەنـدێک لەنـاوچە گەورەکـانی جیهـان چ لە ڕوانـگەی نێـودەوڵەتی و چ لە ڕوانـگەی نـاوخۆییەوە ناجێگیرە.

لەگەڵ دابەزینی قۆرخکـاریی هێزە چەکدارەکان، کە لە مـاوەیەکی زۆر دورودرێـژدا بەدەسـت وڵاتـانەوە بـوو، نـاجێگیری بە شـێوەیەکی بەرچـاو زیـادیکردووە. شـەڕی سـارد لەسەرانسـەری جیهـان پاشـەکەوتێکی گەورەی لە چەکە گچکەکـان، بەڵام زۆر بەتوانـا و کەلـوپەلی دیـکەی تێکـدەری بـۆ سـوودوەرگرتنی نـادەوڵەتی بەجێهێشـت.

ئەوانە بەئاسانی بە سەرچاوە داراییەکانی بەدەستهاتوو لە بەشی گەورەی ئابووری نیمچە یاسایی و کۆنترۆڵ نەکراوی سەرمایەداری جیهانی کە بە شێوەیەکی بەرچاو پەلوپۆی هاویشتووە، دابین دەکرێت. ستراتیژی ئەمریکا لەم باسەدا شەڕی وەک دەڵێن "نابەرامبەر" ڕێک بریتییە لەو گروپە چەکدارە نادەوڵەتییانە کە دەتوانن خۆیان تاڕادەیەک بەشێوەیەکی بێ سنوور لە ڕووبەڕووبوونەوە بە توانای دەوڵەتانی دەرەکیی و یان ناوخۆیی بپارێزن. یەکێک لە نیگەرانکارەکانی ئەو وەرچەرخانە، گەڕانەوەی جیهانە بۆ یەکەمین درمی گەورەی کۆمەڵکوژی، ڕەچەڵەک کووژیی و "پاکتاوی نەتەوەیی"ە کە یەکسەر دوای ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانی ڕووی دا. کۆمەڵکوژی هەشت سەد هەزار کەس لە ڕواندا لە ساڵی 1994، تەنیا گەورەترین کارەساتە لە زنجیرەیەک چالاکی کووشتن و تەنانەت ئاوارەی بە کۆمەڵی بەردەوام و فراوانتر لە ساڵەکانی 1990. لە خۆرئاوا و ناوەندی ئەفریقیا، لە سودان، لەو وێرانەیەی کە سەردەمێک یوگسلاڤیای کۆمۆنیست بووە، لەو دیوی قەفقاز و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خەملاندنی ژمارەی کەسە کوژراوەکان و کەم ئەندامی ڕیشەگرتوو لە کۆمەڵێک لە شەڕەکان و شەڕەکانی ناوخۆ تا ڕادەیەک بەردەوام لە ساڵەکانی 1990 هێشتاش نەشیاوە، بەڵام لافاوی سەرچاوەگرتوو لە پەنابەران و ئاوارەکان لەو دەیەیە خەماوییە، بێگومان سەبارەت بە دانیشتوانی پەیوەست پێیەوە، بە هەمان ڕادەی ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهان و دوای ئەوە. لە

ساڵی 2005، کۆمیسیاری پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی جیهان کە ئەو ڕێکخراوە سەبارەت بەوانەی ئاوڕی لێداونەوە کە بە 20.8 ملیۆن خەمڵێنرا، کە بە گشتی لە ناوچەی تایبەتی لە خۆرئاوا و باشووری ئاسیای ناوەند، ئەفریقیا و باشووری خۆرهەڵاتی ئەورووپا بوون، بەڵام ئاماری خەڵکانی لێقەوماوی کڵێسای خزمەتی جیهانی ئەو ژمارەیە (کانونی یەکەمی 2005) سی و سێ ملیۆن کەسی تۆمار کرد و خەمڵاندنێکی دیکەش دوو ملیۆن کەسی خستە سەر ئەو ژمارەیە. بەدرێژایی شەڕی سارد، دوو جەمسەر بوونی هەردوو هێزە زەبەلاحەکان بەکورتی یەکپارچەیی سنووری وڵاتانی جیهانی لەبەرامبەر هەڕەشە ناوخۆییەکان و دەرەکی دەپاراست. لە ساڵی 1989 سیستمێکی بەرگری وەها پێشبینی، بۆ بەرەنگاربوونەوە بە پاشەکشەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ناوەندی زۆربەی وڵاتانی بەناو سەربەخۆ و باڵادەست کە لەنێوان ساڵەکانی 1945 و 2000 هاتوونەتەئاراوە، تەنانەت هەندێکیان هاوشێوەی کۆلۆمبیا مێژووی سەقامگیری دووروودرێژیان هەبووە، ئیدی بەرپا نەبوو. بەمەش بەشێکی زۆری جیهان خۆیان لە بارودۆخی گەڕانەوە بۆ شوێنێک بینی کە دەوڵەتانی کاریگەر و بەهێز و سەقامگیر، بەهۆی جیا جیا و لەژێر پاساوی جۆراوجۆر دا، بەزەبری چەک دەستێوەردان لە ناوچەیەک بکەن کە لەژێر پاراستنی نێودەوڵەتی و یان کۆنترۆڵی حکومەتی خۆیاندا نەبووە. توندوتیژی ڕیشەگرتوو لە دەستدرێژیکاران و داگیرکارانی خۆرئاوا لە ناوچە

گرنگەکـــانی وەک جیهـــانی ئیســـلام، دوای قۆنـــاغێکی تاڕادەیەک کورتی ڕزگاربوو لە دەسەڵاتی ئیمپریالیستی، جـارێکی دیـکە، لە ڕوانـگەی سیاسـییەوە بـۆ هۆکـارێکی بەتوانای سیاسی دەگۆڕێت. دووەمین توخمی کاریگەری نـــوێ لە مەســـەلەی میللەتـــان و ناســـیۆنالیزم بەپەلەی نائاسایی ڕەوتی بە جیهانی بوون لە دەیەکانی ئەم دوایـیە و کاریگەری بوونییەتی لە جوڵاندن و جێگۆڕکێ پێکردنی مرۆڤەکانە. ئەو هۆکارە بە پێوەری بێ پێشینە هەم لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی کاتیی و هەم جێگۆڕکێ پێکردنی بەردەوام بەرەو ئەوسـەری دەوڵەت کـاریگەری دەبێـت. لە کۆتـایی ســەدەی زایینـــی، ســـاڵانە 2600 ملیـــۆن مـــرۆڤ، یـــان تـاڕادەیەک گەشـتێکی ئاسـمانی بـۆ هەر دوو دانیشـتوانی جیهـان، بە هـۆی هـێڵە ئاسـمانییەکانی جیهـان جێگـۆڕکێی پێــدەکرێت. دەربـــارەی بەجیهـــانی بـــوونی کـــۆچبەری بەلێشاوی نێودەوڵەتی، بەشێوەیەکی ئاسایی بە گشتی لە وڵاتـانی هەژار بـۆ دەوڵەمەنـد – پێـوەرەکەی بەتـایبەت دەربـارەی وڵاتـانی هاوشـێوەی ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا، کەنەدا و ئوسـتڕالیا، کە دەربـارەی کـۆچبەری هـیچ سنووردارییرکی گەورەیان نەسەپاندووە، ئاشکرایە. ئەو ســـێ وڵاتە لەنێـــوان ســـاڵەکانی 1974 و 1998، تـاڕادەیەک بیسـت و دوو ملیـۆن کۆچبەریـان لە تەواوی شـــوێنەکانی جیهـــان وەرگرتـــووە، لەتێکـــڕا ژمـــارەیەکی گەورەتـر لە سـەردەمی کـۆچبەری گەورە پـێش 1914 و تـاڕادەیەک دوو بەرامـبەر نرخـی کـۆچبەری بەلێشـاوی ساڵانەی پێش 1914.[2] ئەو سێ وڵاتە، لەنێوان ساڵەکانی

1998 تـــا 2001، بە تەنهـــایی 3.6 ملیـــۆن کۆچبەریـــان وەرگرتـــووە. تەنـــانەت ئەوروپـــای خۆرئـــاوا، نـــاوچەیەک بەپێشـــــینەی کـــــۆچبەری لێشـــــاوی دووروودرێـــــژ، لەو سـەردەمەدا تـاڕادەیەک یـازدە ملیـۆن بێگـانەی وەرگـرت. لەسـەدەی نوێـدا شـالاوی بە پەلەتـری بەخـۆوەگرت. لە ساڵی 1999 تا ساڵی 2001، بەکورتی 4.5 ملیۆن کۆچبەر چوونەنـاو پـازدە وڵاتـی یەکێتـی ئەوروپـاوە. بـۆ نمـوونە، ژمـــارەی ئەو بێگانـــانەی کە بەشـــێوەیەکی یاســـایی لە ئیسـپانیا دەژیـین. لەنێـوان سـاڵەکانی 1996 و 2003 بە زیاتر لە سێ ئەوەندە واتا لە نیو ملیۆن کەسـەوە بە 1.6 ملیۆن کەس گەیشـت کە دوو لەسـەر سـێیان لە دەرەوەی یەکێتـــی ئەوروپـــا، بە گشـــتی لە ئەفریقیـــا و ئەمریکـــای باشوور بوون.[3] جیهان نیشتمانی سەرسوڕهێنەری شارە گەورەکـان لە وڵاتـانی دەوڵەمەنـد دەرئەنجـامی ئاشـکرای ئەو هەڵـــومەرجەیە. بە کـــورتی، لە ئەوروپـــا، پانتـــایی سەرەتایی ناسیۆنالیزم، پێدەچێت وەرچەرخانی ئابووری جیهانی کاری شەڕەکانی سەدەی بیستەم کە کۆمەڵکوژی و ڕاگواســـتنی بە کـــۆمەڵی دانیشـــتوانی لەگەڵ بـــووە، کەمتەرخەمی دەکات، واتا لە دەوڵەت میللەتانی هۆمۆجین لە ڕوانـگەی نەتەوەیـی فـرەییەوە فـراوان دێنێتەئـاراوە. بە شوکرانبژێر شۆڕشە تەکنەلۆژییەکان لە تێچوون، خێرایی هەڵگـــرتن، گواســـتنەوە و پەیوەنـــدییەکان، کـــۆچبەرانی دوورووردرێـــژی مـــاوەی ســـەدەی بیســـت و یەکەم بە پـێچەوانەی کەسـانێک کە لە سـەدەی نـۆزدەیەم دەژیـان و بێجگە بە نـامە و جـار جـارە بە سـەردان و یـان پشـتگیری

دارایـی لە ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی نیشـتمانی خۆیـان بە هــۆی ڕێکخراوەکـــانی "ناســـیۆنالیزمی ڕێگـــای دوور" کۆچبەران پەیوەنـدییان نەبـوو، بەشـێوەیەکی کـاریگەر لە نیشـتمانی خۆیـان جیـانین. ئێسـتا کـۆچبەرانی دەوڵەمەنـد لەنێـوان ماڵەکـان، یـان تەنـانەت کـار و کاسـبی خۆیـان لە وڵاتـانی کـۆن و نـوێ لە هـاتوچۆ دان. فڕۆکەخانەکـانی ئەمریکـای بـاکوور لە ڕۆژانـی پشـووی گشـتی پـڕن لە موسـافیرانی ئەمریکـای نـاوەدنی کە بـۆ هەنـدێک لە گونـدەکانی سـلڤادۆر و یـان گواتیمـالا سـەفەر دەکەن و دیـاری ئەلکترۆنـی لەگەڵ خۆیـان دەهێنـنەوە. لە بـۆنە و ئاهەنگی خێزانی، لە وڵاتی کۆن یان نوێ، یەکسـەر دوای ئاگـادارکردنەوە، هاوڕێیـان و خزمـان لە سـێ کیشـوەرەوە دێن و ئامادە دەبن. تەنانەت هەژارترین کەس دەتوانێت بە تێچـوونی کەم تەلەفـۆن بـۆ بەنگلادیـش و یـان سـەنیگال بـکەن و بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک سـامانی داراییـان هەواڵە بکەن کە بڕەکەی لەنێوان سـاڵەکانی 2001 و 2006 دوو ئەوەنـدە بـووە. ئەو سـامانە داراییە کە بەرهەمـی ناپـاکی نـاوخۆیی بـاکووری ئەفریقیـا و فیلیپـین، 10 تـا 16% لە ئەمریکای ناوەند و ناوچەی دەریای کاراییب، ژمارەیەکی تەنانەت بەرزتر لە ژمارەیەک لە ئابووری ئاڵۆزی وڵاتـانی وەک ئوردون، لوبنان و هایتی پێکدەهێنێت[4] ژمـارەی ئەو وڵاتـانەی کە مـۆڵەتی ناسـنامەی دوانەیـی دەدەن لە دە ساڵی ڕابردوو، تـا سـاڵی 2004، بۆتە دوو ئەوەنـدە و تـا ئەو کـاتە لە 93 وڵات لەبەردەسـت دابـوو. بەو هـۆیەوە، کۆچبەری دیـکە پێویسـتی بە هەڵبژاردنـی دووروودرێـژی

ماوەی نێوان وڵاتان نییە[5]. هێشتا ناتوانێت کاریگەری ئەو جووڵانە نائاساییەی ئەودیوو سنوورەکان لەسەر چەمکی کۆنتری میللەتان و ناسیۆنالیزم هەڵسەنگێنێت، بەڵام بێگومان ئەو کاریگەرییە زۆر جێگەی سەرنج دەبێت. بەهەمان شێوە کە (بندیکت ئەندرسۆن) بەجدی دیتوییەتی، بەڵگەی بنچینەیی شووناس لە سەدەی بیست و یەکەم گەواهی لە دایکبوون، یان ناسنامەی دەوڵەتی نییە، بەڵکو بەڵگەی شووناسی نێودەوڵەتییە واتا گوزەرنامە. کاریگەری شووناسی کۆمەڵی واقیعی یان بەزەبر، وەک نموونە پێشینەی ئەمەریکی سیاسەتمەداران لە وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو، ناسنامەی جوولەکە ئەمریکییەکان لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل – لەسەر وەفاداری هاووڵاتی سەبارەت بە میللەت – دەوڵەت، کە بە گریمانەیەکی زۆر کاریگەری هەیە، تا چ ئاستێکە؟[6]. لە وڵاتانێک کە لە سەدا سەدی جێگەی سەرنجی لە دانیشتوانەکانیان لە هەر ساتێکی دیاریکراو، لە قەڵەمڕەوی نەتەوەیی ئامادەگییان نییە و بەشێکی جێگە سەرنج لە دانیشتوانی هەمیشەییەکەی مافیان لە هاووڵاتیانی ڕەسەنی کەمترە، مانای ماف و بەڵێندانی هاووڵاتیبوون چییە؟ بە سەرنجدان بە پێوەری جووڵانی یاسایی و نایاسایی، یان تەنانەت، بە سەرنجدان بە نادڵنیابوونی زۆروزەوەند کە دەربارەی ئاماری ئەمەریکا و بەریتانیا بوونی هەیە و لە خاکی ئەوان چ کەسێک ئامادەیە، کاریگەریی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی ئەوەی لە خاکی ئەو وڵاتانە دەگوزەرێت چییە؟ ئەوانە ئەو

پرسـیارانەن کە دەبێت ئێمە بیـان پرسـیین، بەڵام هێشـتا ناتوانین وەڵامیان بدەینەوە. بابەتی سێیەم واتـا زینۆفۆبیا شـتێکی نـوێ نیـیە، بەڵام لە کـارەکەی خـۆم، مـن لەسـەر ناسیۆنالیزمی مۆدێرن بە پێوەر و ئاکامی بەلانیکەم وەرم گرتـــووە. میللەتـــان و ناســـیۆنالیزم لە وڵاتـــی مێژوویـــی ئەوروپـــی، بەڕادەیەکـــی کەمتـــر لە وڵاتـــانی وەک وڵاتە یەکگرتووەکـــــان کە بە گشــــتی لە لایەن کــــۆچبەرانی بەلێشاوەوە فۆرمۆلە بوو، لەگەڵ بەجیهانی بوونی جووڵە، نەریتـــی دوورودرێـــژی دوژمنکـــاری ئـــابووری خەڵـــک ســـەبارەت بە کـــۆچبەران و بەرگـــری ســـەبارەت بەوەی وینادەکرێت، هەڕەشـەی شـووناسـی گروپێک بێت بەهێز بووە. هێزی پەتی دژەبێگانە دەربڕی ئەو واقیعیەتەیە کە ئایـدۆلۆژیای بـازاڕی ئـازادی سـەرمایەداری جیهـانی کە دەوڵەتە نەتەوەییەکـــــــان زاڵبــــــــوون و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکـــانی خســـتۆتەژێر ڕکێفـــی خـــۆیەوە، بە پـــێجەوانەی ئەوەی لە بـــازاڕی بازرگـــانی و ســـەرمایە کـاریکردووە، هێزی کـار بەتەواوی لە وەسـتانی جـووڵەی ئـازاد شکسـتی خـواردووە. هـیچ دەوڵەتێکـی دیموکراسـی ناتوانێت پشـتیوانی لـێ بکـات. لەگەڵ ئەوەشـدا، بە ئاشـکرا زیـادبوونی تـرس لە بێگـانە، ڕەنگـدەرەوەی کارەسـاتی کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی ئەخلاقی کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم و ســـەدەی بیســـتەم و هەروەهـــا جـــووڵەی بەلێشاوی نێودەوڵەتی دانیشتوانە. بێگومان ئەو پێکهاتەیە، بە تـــایبەت لە وڵاتـــان و نـــاوچەیەک کە لە ڕوانـــگەی نەتەوەیـــی، ئـــایینی و کولتـــووری گونجـــاوون و

بەسەرەوژێربوونی فراوانی بێگانەکان خویان نەگرتووە، دۆخێکی تەقینەوەیی بەخۆوە دەگرێت. بەم بەڵگەیەیە کە بەم دواییە لە وڵاتانی ئارام و سنگ فراوانی وەک نەرویج پێشنیازێک بۆ گۆڕینی کڵێسا گچکەکانی پرۆتستانت، بووە هۆی کەمێک هەراوهوریا. ئەوە کە بۆچی ئەو کاردانەوەیە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ئاشکرا لە وڵاتانی ئەوروپی هەموو خوێنەرێکی ئەم کتێبە بە باشی تێیدەگات کە پێگەی ناسیۆنالیزمە بوونی هەیە. دیالێکتیکی پەیوەندی نێوان بە جیهانی بوون، شووناسی نەتەوەیی و دژە بێگانەبوون بە شێوەیەکی بەرچاو لە دوو گۆڵی وەکو چالاکییەکی گشتیی دەردەبڕدرێت کە هەر سێ توخمەکە بەیەکەوە متوربە دەکات، چونکە بەهۆی تەلەڤزیۆنی جیهانییەوە، ئەو وەرزشە خۆشەویستەی جیهانی بۆ کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی سەرمایەداری (تاڕادەیەک مام ناوەند بە پێوانە بە چالاکییەکانی دیکەی جیهانی کاروکاسبی)، لەسەرانسەری جیهان گۆڕاوە. ئەو پەیوەندییە بە باشی بەم شێوەیە دەربڕدراوە "بەشەکی لەنێوان هەستی نەتەوەیی، دوا پەناگای بەجێماو لە سۆزی دنیای کۆن، ئەودیو نیشتمانی، دەسپێکی دنیای نوێ، لایەنگرانی دوو گۆڵیی و هەموو کەسانێک کە پەلکێش دەکرێن دەوری ئەو وەرزشە، ئازار بەدەست شیزۆفرینیای ڕاستەقینەوە دەبینن. ئەو ئاڵۆزییە توندە وێنەیەکی تەواو ئامادە دەکات لە دوو لایەنی جیهانی کە هەموومان لەناویدا دەژیین[7]. تاڕادەیەک لەوکاتەوە کە ئەو وەرزشە سەرنجی گشتی بەدەست بهێنێت، بۆتە هۆی

گۆڕان لە دوو شێوەی شووناسی گرووپی: شووناسی ناوخۆیی (بەیانەیەک) و شووناسی نەتەوەیی (بە تیمی میللی لە یاری زانانی یانەیی). لە ڕابردوو هەردووکیان تەواوکەری یەکتری بوون، بەڵام گۆڕینی دوو گۆڵی بە کار و کاسبییەکی جیهانی، لە هەمووی گرنگتر پەلوپۆهاویشتنی نایاسایی خێرای بازاڕێکی جیهانی لە ساڵەکانی 1980 و ساڵەکانی 1990 بۆ یاری زانان (بە تایبەت دوای بڕیاری ساڵی 1995 بۆسمانی دادگای دادپەروەری ئەوروپا[8])، بەرژەوەندیی میللەت و کاروکاسبی جیهانی، سیاسەت، ئابووریی و هەستی خەڵکم بەشێوەیەکی فراوان نەگونجاو کردووە. لە بنەمادا، کاروکاسبی جیهانی دوو گۆڵی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم چەند دامەزراوەیەکی سەرمایەداری بەناوەکانی بازرگانی جیهانی – ژمارەیەکی کەم لە یانەی سۆپەر جێگیربوو لە چەند دەوڵەتێکی ئەوروپی[9]–یە کە بەیەکەوە لە ئاستی یانەی نیشتمانی (بە باشتر زانین) و نێودەوڵەتی ڕکابەری دەکەن، کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا بۆ تیمەکانی خۆیان دەچنەناو تیپەکانەوە. زۆرجار تەنیا کەمینەیەک هەندێکجار کەمینەیەکی گچکە، لە یاری زانانیان نیشتەجێ بووانی وڵاتێک پێکدەهێنێت کە ئەو یانەیەی تێیدایە. لە ساڵەکانی 1980 ئەو ناونووس کردنە بە شێوەیەکی زۆر و زەوەند نائەوروپی بوون، بەتایبەت ئەفریقییەکان. کە ڕاگەیەنرا سێ هەزار کەسییان لە ساڵی 2002 لە یانە ئەوروپییەکان یارییان دەکرد. کاریگەری ئەو وەرچەرخانە سێ لایەنە بووە. تا ئەو جێیەی

پەیوەندی بەیانەکانەوە دەبێت، بەتووندی پێگەی تەواوی یانەکانی لاواز کردووە کە لەناو ئەو گروپە نێودەوڵەتییەی یانە سۆپرەکان و کێبەرکێی نائاساییدا نین، بە تایبەت ئەو یانـانەی لەو وڵاتـانەن کە بە زۆری" یـاری زان هەنـاردە دەکەن. بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە ئەمەریکا و ئەفریقیا – و ئەو شێوەیەی کە قەیران لە یانەی دوو گۆڵی پێشووی جێی شانازی زۆری بەرازیل و ئەرجەنتین نیشاندراوە[10].
لە ئەوروپـا، یـانە گچکەترەکـان بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لە بەرامـبەر ڕکـابەری زەبەلاحەکـان، تـا ئاسـتێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات یـاریزانی سـەرەتایی هەرزانـی بەتوانـا دەکـڕن، بـۆ نمـوونە، بەو ئومێـدەی کە ئەسـتێرەی دەرکەوتوو جارێکی دیکە بە سۆپەر یانەکان بفرۆشنەوە. لاوانی تەمەن کەمی نامیبیایی لە بولگارستان، نەجیریایی لە لۆکسـامبۆرگ و پۆڵەنـدا، سـودانی لە هەنگاریـا، زیمبـابۆیی لە پۆڵەنـدا یـاری دەکەن. کـاریگەریی دووەم ئەوەیە کە لۆژیکی فرەنەتەوەیی کاروکاسبی لەگەڵ تۆپی پـێ وەک دەربڕینێـک لە شوناسـی نەتەوەیـی پێکنـاکۆک بووە، چونکە هەم ئارەزوو دەکات کێبەرکێی نێودەوڵەتی نێوان سوپەر یانەکان بەسەر یانەکان و کاسەی نیشتمانی لەسـەرووتری دابنێـت، هەم ئەوەی بەرژەوەنـدی سـوپەر یانەکـان لەگەڵ بەرژەوەنـدی تـیمە میللییەکـان کە بـاری تەواوی سیاسـی و سـۆزداری شووناسـی نەتەوەیـی لە کۆڵی خۆیان دەنێن و پێویستە ئەو یاری زانانە وەربگرن کە پاسـپۆرتی نیشـتمانیان هەیە و دەچێـتە نـاو پێکنـاکۆکییەوە. بە پـێچەوانەی سـوپەر یانەکـان، لەوانەیە

هەنـــدێکجار بە ڕاســـتی لە تـــیمە میللییەکـــانی خۆیـــان بەهێزترن، تیمە میللییەکان بەردەوام نابن. گریمانەی ئەوە دەکرێـــت کە ئەوان کۆمەڵێـــک لەو یـــاری زانـــانە بـــن کە زۆربەیـــان – بـــابەتی تونـــدڕەوی وەک بەرازیـــل – لە هەنـــدێک لە یانەکـــانی دەرەوە یـــاری دەکەن. لەبەر ئەوە پێویستە لانیکەم کاتی پێویست بۆ ڕاهێنان و فێرکردن لە هەڵبژاردەی نیشتمانی دابین بکرێت، کە ئامادە نەبوونیان بەدرێژایـی هەر ڕۆژێـک لە یـانە پـارە لە دەسـتدەدەن. لە ڕونـگەی سـوپەر یانەکـانەوە و سـوپەر یـاری زان، پـاڵنەر ئەوەیە کە یـانەکە لە وڵات گرنگتـر بێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا، پێداویستی نا ئابووری شووناسـی نیشـتمانی بە ئەندازەی پێویسـت بەهێـز بـوون کە خۆیـان لە یاریـدا دەرببـڕن، لە واقیعدا وەک پێویسـت بەهێز کە ئامـادەگی کێبڕکێی تـیمە میللییەکـانی دوو گـۆڵی واتـا جـامی جیهـانی وەک تەنهـا توخمی دوو گۆڵی لە ئابووری جیهانی دای دەمەزرێنێت. لە واقیعـدا، بـۆ چەنـدین وڵاتـی ئەفریقـی و هەنـدێک لە وڵاتـانی ئاسـیایی کە یـاری زانانییـان بە ئامـادەگی لە ئابووری گەورەیی یانەیەک. ناسراو (و دەوڵەمەند) بوون، بوونی هەڵبژاردەیەکی نیشتمانی دوو گۆڵی، هەندێک جار بـۆ یەکەمجـار، بە هێنانەئـارای شووناسـی نیشـتمانی، جیـابوو لە شووناسـی نـاوخۆیی، نەتەوەیـی یـان ئـایینی، چونکە "کۆمەڵگەی خەیاڵی ملیۆنی واقیعی تر لە تیمێکی یـازدە کەسـی بەنـاوی واقیعـی دێتەبەرچـاو.[11]" تەنـانەت بەم دواییە ناسیۆنالیزم زیندوکەرەوەی بەریتانی یەکەمین دەربڕی گشتی خۆی لە پێشانگای گشتی جەماوەری لە

ئـالاّی نێـودەوڵەتی بەریتـانی تیمـی دوو گـۆڵی (جیـا لە هەڵبـژاردەی نیشـتمانی سـکۆتلەندە، وێڵـز و ئیرلەنـدای بـاکوور) بـدۆزێتەوە. لەوانەیە کـاریگەری سـێیەم لە هەڵکشـانی کێرڤـی تـرس لە بێگـانە و ڕەفتـاری نەژادپەرستانە لەناو گروپەکانی لایەنگر (بە گشتی پیاو) بە تایبەت لە وڵاتانی ئیمپریالیستی ببینرێت. ئەوان لەنێوان شـانازی کـردن بە سـوپەر یانەکـان و یـان هەڵبـژاردەی نیشـتمانییان (بریتـی لە یاریزانـانی دەرەکـی یـان ڕەشـی خۆیـان) و گرنگـی ڕوو لە گەشـەی ڕکـابەری کـۆمەڵانی خەڵکانێک کە ماوەیەکی زۆر بە نزم ئەژماریان دەکردن، لە پانتـایی نەتەوەییـان؛ پـارچە پـارچە بـوون. شۆڕشـی قۆنـاغی ڕەگەزپەرسـتانە لە سـتادیۆمەکانی دوو گـۆڵی لە وڵاتـانی وەک ئیسـپانیا، هۆڵنـدا – کە پێشـتر وێناناکرێت نەژادپەرسـت بـن، یەکێتـی ڕووتەوپـووتەی دوو گـۆڵی بە سیاسەتی ڕاستی توونڕەو دەربڕی ئەو گرژیانەن. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەروەک پێشـتر باسـمان کـرد، دژە بێگـانەیی، قەیرانـی شوونـاسـی نیشـتمانی پێناسـەکراو لەڕوانـگەی کولتـوورێکەوە لە دەوڵەت میللەتـان، لەژێـر هەلـومەرجی پەروەردە و فێرکـردن و دەستگەیشـتنی هەمـوان بە میـدیاکان پەرچ دەکـاتەوە. ئەوە لە سـەردەمێک دایە کە سیاسـەتی جیـاکردنەوەی شووناسـی گروپـی، گشـتیتر لە نەتەوەیـی، ئـایینی یـان ڕەگەزیـی و شـێوەی ژیـان، دوای نـۆژەنکردنەوەی کـۆمەڵگەیەکی گچـکە لەسـەر بنەمـای پەیوەنـدی کەسـیGemeinschaft لە کۆمەڵگەیەکی گەورە کە بە شـێوەیەکی زۆروزەوەنـد دەسـت پێنەگەیشـتووە و

لەسەر بنەمای پەیوەندیی کەسییە Gemeinschaft. ڕەوتێک کە جوتیارانی بۆ فەرەنسیی و کۆچبەرانی بۆ هاوولاتیانی ئەمریکی گۆڕی، لە سوڕانەوەی پێچەوانەدایە و شوناسی دەولەت میللەتانی گەورەتری قووتدا و بۆ شوناسی گروپی دەروون گەرا، یان تەنانەت بە شووناسی تایبەتی نا نەتەوەی کە دەلێت لەویَ هەستی خۆشی هەیە، هەمانشوێن ولاتە Ubi bene ibi patria دەگۆڕێت. ئەوە بە نۆرەی خۆی ڕەنگدەرەوەی نەک ئەوەندە سنووردار، ڕەوایەتی لە دۆخی دابەزیین دەولەت – میللەت بۆ ئەوانەیە کە تێیدا نیشتەجێن و هەروەها داواکانی لە دۆخی دابەزینی دەولەت دەبێت لە هاوولاتیانی. ئەگەر ئێستا ولاتانی سەدەی بیست و یەکەم پەسەندی دەکەن شەڕەکانی خۆیان بەهۆی سوپای پرفیشنال، یان تەنانەت لەگەل بەلێندەرانی تایبەتی خزمەتگوزاری شەڕ پراکتیک بکەن، تەنها بە بەلگەی تەکنیکی نییە، بەلکو بەو بەلگەیە کە هاوولاتیان ناتوانن لەوە زیاتر جێی متمانە بن کە بە شێوەی ملیۆنی بە خزمەتی زۆرەملێیی وەربگیردرێن، تا لە خەبات لەپێناوی نیشتمانیان دا بمرن. لەوانەیە پیاوان و ژنان بۆ پارە یان بۆ شتێکی گچکەتر، یان بۆ شتێکی گەورەتر ئامادەی مردن بن (و یان بە ئەگەرێکی زیاتر بۆ کووشتن)، بەلام هەر لەو ولاتانە کە سەرچاوەی میللەت بوون، نەک بۆ دەولەت میللەت. ئەگەر شتێک بێت، چ شتێکە کە وەک مۆدێلێکی حکومەتی گشتی خوازراو لە سەدەی بیست و یەکەم جێی بگرێتەوە ؟ ئێمە نازانین.

## سەرچاوە: بەشی پێنجەمی کتێبی:

Hobsbawm, E. J. (2007). Globalization, Democracy and Terrorism. London: Little Brown.

1 Notably Ernest Gellner, Nations and Nationalism (Oxford, 1983); Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflexions on the Origins and Spread of Nationalism (London, 1983); and A.D. Smith, Theories of Nationalism (London, 1983). See also Eric Hobsbawm, Nations and Nationalism Since 1780 (Cambridge, 1990).

2 Angus Maddison, The World Economy: A Millennial Perspective (OECD Development Centre, Paris, 2001), p. 128.

3 El Pais, 13 January 2004, p. 11.

4 Stalker's Guide to International Migration, table 5, 'Developing Country Remittance Receivers' (2001);
(http://pstalker.com/ migration/mg_stats_5.htm).

5
(http://money.cnn.com/2004/10/08/reaLestate/miL life/twopassports/).

6 Benedict Anderson, The Spectre of Comparisons: Nationalism, Southeast Asia and the World (London and New York, 1998), pp. 69-71.

7 Pierre Brochand, 'Economic, diplomatic et football' in Pasc.nl Boniface (ed.), Geopolitique du Football (Brussels, 1998), p. 78.

8 University of Leicester, Centre for the Sociology of Sport, Fad Sheet 16: The Bosman Ruling:

Football Transfers and Foreign Footballn < (Leicester, 2002).

9. هەژدە یـانە دوای دامەزرانـدنی "سـوپەر یـانە" ئەوروپیـین: بەریتانیا، ئیتالیـا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسـا کە هەریەکەیان سـێ تـیم، هۆڵنـدا دوو تـیم و یەکێکـیش لە پرتوگـال. جێـی وەبیرهێنـانەوەیە کە جـووڵەیەکی هاوشـێوە لە لایەن یـانە گچکەترەکـانی ئەوروپـا بـوونی هەبـوو کە دوای یـانەیەکی ئەتلانتیک بوو.

[10] cf. David Goldblatt, The Ball Is Round: A Global History of Football (London, 2006), pp. 777-9. See also ‘Futbol, Futebol, Soccer:Football in the Americas’, Institute of Latin American Studies Conference, 30-31 October 2003, London (http://www.sas.ac. uk/ilas/sem_football.htm).

[11] Eric Hobsbawm, Nations and Nationalism (Canto edition), p. 142.

# ڕاسیزم و ناسیۆنالیزم

**ئیتین بالیبار**

**لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد**

ڕێکخـراوە ڕاسـیزمییەکان تـۆمەتی ڕاسـیزمی خۆیـان ڕەتدەکەنەوە، لە بەرامبەردا بانگەشەی ناسیۆنالیزم بوون دەکەن. دەڵێن: ناکرێت ئەم دوو چەمکە بە یەکێک دابنرێن. ئایـا ئەمە تەنیـا تـاکتیکێکە یـان ترسـە لە تێڕوانینـی ڕاسـیزمیانە؟ لە ڕاسـتیدا بابەتەکـانی نەژاد، مـیللەت، بەلایەنـی کەمەوە لە فـۆڕمی ڕەتکـردنەوەدا هـیچ کاتێـک دووری زۆریان لەگەڵ یەکتردا نەبووە. لەمڕۆ وە، بوونی کـۆچبەران لە فەڕەنسـا بە هۆکـاری (ڕاسـیزمی دژە فەڕەنسـی) دەزانرێـت. ئـاڵۆزی وشـەکان ئەوە بیـر ئـێمە دەخـاتەوە، کە ژێرخـانی ڕێکخـراوی ناسـیۆنالیزم لەلایەن بـزووتنەوە سیاسـییە تاکەکـانەوە بەلایەنـی کەمەوە لە دەوڵەتە نەتەوەییە دێرینەکاندا بە ناچاری ڕاسیزمییە.

بەلایەنـی کەمەوە ژمـارەیەک لە مێژوونووسـان سـوودیان لەم بـابەتە وەرگرتـووە، بـۆ ئەوەی بەڵـگە بهێننەوە بۆ ئەوەی ڕاسیزم (لە مەیدانی ناسیۆنالیزم)دا، لە سـەردەمی مـۆدێرنەدا گشـتگیرە، گەشـە دەکـات.[88] لەم ڕوانـگەیەوە ناسـیۆنالیزم ئەگەر تەنیـا هۆکـاری ڕاسـیزم نەبێـت بەلایەنـی کەمەوە مەرجـی دیـاریکەری دروسـتبوونییەتی. یـان دەوترێـت، کە ڕوونکـردنەوە (ئابووریی)یەکـان بەپێـی کـاریگەریی قەیرانەکـان یـان

---

[88]. گشـتگیرترین بـاس لەمبـارەیەوە لەم سـەرچاوەیەوە دەستدەکەوێت:

René Gallissot, Misére de l‟ anti-racisme, Editions Arcantére, Paris 1985

ڕوونکـــــردنەوە (دەروونی)یەکـــان، بەپێـــی یەکتـــر نەخوێندنەوەی هەستی ناسنامەی تـاک و گرێدراوی بە کۆمەڵەوە گونجاون، چونکە گریمانەکان یان کاریگەرییە لاوەکییەکانی ناسیۆنالیزم ڕووندەکەنەوە.

ئەم گریمـــانەیە بێگومـــان ئەوە پەســـەند دەکـــات کە ڕاســـیزم هـــیچ پەیوەنـــدییەکی لەگەڵ بـــوونی (نەژادە) بایۆلۆژییەکانـدا نییـە[89]. ئەم گریمـانەیە نیشـانیدەدات، کە ڕاسـیزم پڕۆسـەیەکی مێژوویـی یـان فەرهەنگیـیە، بەڵام خـــــۆی لە پـــــێگەی دووفـــــاقی ڕوونکـــــردنەوەی (کولتورالیزمەکـان) بە دوور دەگرێـت، کە لە گۆشـەیەکی تـرەوە دەخـوازن. ڕاسـیزم بـۆ جەوهەری مرۆیـی بـۆ جـۆرێکی جێگیـر بگـۆڕن. باشـی ئەم جـۆرە گریمـانەیە لەوەدایە، کە دەرچـــوونە لەو ڕۆڵەی، کە ســـەرچاوەی دەروونناسـی ڕاسیزم بۆ ڕوونکردنەوە دەروونـاسییەکان دەگێـــڕێتەوە. ئەم گریمـــانەیە لە پەیوەندیـــدا لەگەڵ ئەو ڕێوشـوێنانەی مەبەسـتی دەربڕینـی باشـەی سـەرجەم مێژوونووســـانە ڕۆڵێکـــی ڕەخنەگـــرانەی هەیە. ئەو مێژوونووسـانەی، کە بە هەسـتیارییەوە ڕاسـیزم دەخەنە دەرەوەی چوارچێـوەی ناسـیۆنالیزم، گـوایە دەتوانرێـت

---

89. پێشـتر روس بندیکت (Ruth Benedict) لە کتێبی ( Race and Racism) چاپی سـاڵی 1942 تیشکی خستووەتە سـەر ئەم بابەتە، بەڵام ئەو جیاوازی لە نێوان میللەت، ناسـیۆنالیزم و کولتـوور نابینێـت، یـان مەیلـی ئەوەی هەیە ڕاسـیزم لەگەڵ (دروسـتکردنی مێـژووەکەی) وەک گۆشـەیەکی ناسـیۆنالیزم بـۆ کـارێکی کولتـوری بگۆڕێت.

ناسیۆنالیزم بەبێ جێکردنەوەی بزووتنەوە ڕاسیستییەکان تێیدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە بکرێت، کە ڕێگە بەو بزووتنەوانە دەدەن دەرکەون. لە ناسیۆنالیزمی هاوچەرخدا (بەتایبەتی ئیمپریالیزم) جیاواز نین[90]. بەڵام ئەم کۆمەڵە زۆرە لەو بەڵگانەدا بەو واتایە نییە، کە ڕاسیزم لێکەوتەی حاشاهەڵنەگری ناسیۆنالیزمە. هەروەها ڕێگەی یەکەمیش نییە، ئەمە بەو واتایەیە، کە ناسیۆنالیزم بەبێ بوونی ڕاسیزمی ئاشکرا یان شاراوە، خۆی لە ڕووی مێژووییەوە مەحاڵ دەبێت[91]. ئەم باسانە، پەیوەندیی نێوانیان هێشتا بە شاراوەیی ماونەتەوە. نابێت لە لێکۆڵینەوەی وردی ئەم بابەتە بترسین، چونکە هیچ فۆڕمێک لە (بێ ئاگایی) لێرەدا جێگای نا بێتەوە.

- **بوونی ڕابردوو**

ئێمە لەم سەردەمەدا، وێنەی خۆمان بۆ ڕاسیزم، کە لە کفنی پێناسە نیمچە ڕەسمییەکاندا داپۆشراوە، لە کام نموونانە وەرمانگرتووە؟ تا ڕێژەیەک لە دژایەتیی سامی نازییەکان، لە جیاکاریی ڕەشپێستەکان لە ویلایەتە

---

[90]. بەراوردی بکەن لەگەڵ وتاری (Raoul Girardet) بە ناوی (nationalism, Encyclopedia universalis Nation:4. Le)

[91]. وەک پێشتریش لە تووێژینەوەکەی خوارەوەدا باسمکردووە:
„Sujets ou citoyens? – Pour l" égalité" , Les Temps modernes, Special number: L" Immigration maghr ébine en France, 1984.

یەکگرتووەکــانی ئەمەریکـــا، لە کۆتایشـــدا لە ڕاســـیزمی (ئیمپریالیستی) پاوانخوازیی وڵاتـان، شـەڕەکان، دەسـەڵاتی کۆڵۆنیالیسـتەکان، بیـری تیـۆری لەبـارەی ئەم نموونـانەوە (کە بە سیاسەتەکانی بەرگری لە دیموکراسیی، بانگەشـەی مافەکـــانی مـــرۆڤ، مـــافە مەدەنییەکـــان، بە ڕەهـــایی نەتەوەیـیەوە گرێـدراوە)، زنجیـرەیەک لە جیاوازییەکانیـان دروســـتکردووە. دەســـتپێکردن بە چاوخشـــاندنێک بەم جیاوازیانەدا، لەگەڵ ئەو گرنگییە پەتییەی هەیانە بێسـوود نـین، چـونکە ئەمـانە ڕێڕەوێـک نیشـاندەدەن بـۆ ئەوەی پێویستی گەڕان تێیاندا هەبێت. ئەگەر ئەو پێشبینییە، کەم تـا زۆر پەسـەندکراوە پەسـەند بکەیـن، کە سـەرکوتکردنی بەرهۆ بە وردی بە سەرکووتکردنی هۆوە گرێدراوە.

یەکەم جیاوازی کە دەیبینین جیاوازیی نێوان ڕاسیزمی تیـــۆری و ڕاســـیزمی خۆویســـت (یـــان دەمـــارگیری ڕاسیستییانەیە)، کە هەندێکجار بە دیاردەیەکی پەیوەندیدار بە دەروونناســـی، بە کـــۆمەڵەوە لەبەرچـــاو دەگیرێـــت، هەنـــدێکجاریش بە پێکهـــاتەی کەم تـــا زۆر (خودئاگـــا)ی کەسایەتی تاکەوە لە بەرچاو دەگیرێت.

لە خـاڵێکی مێژوویـی تـرەوە، دژایەتـی سـامییەکان بە بەراورد لەگەڵ کۆڵۆنیـالیزمی ڕاسیســـت، یـــان پێویســـتی شـیکاری جیـاواز بـۆ سـەرکوتکردنی ڕەشپێسـتەکان بە بەراورد لەگەڵ پاکتاوی (گروپە نەتەوەییە) کۆچەرییەکـان لە ئەمەریکـــا، بـــووەتە هـــۆی جیـــاوازی کەم تـــا زۆری ئامانجەکان لەنێوان ڕاسیزمی نـاوخۆیی (کە بەرامبەر ئەو کەسـانەیە، کە لە فەزای نەتەوەییـدا بە کەمـایەتی هەژمـار

دەکرێن) هەروەها ڕاسیزمی دەرەکی (کە بە فۆڕمی ترس لە بێگانە "زینۆفۆبیا" هەژمار دەکرێت) هەیە. جێی باسە ئەم تیۆرڕوانینە سنووری نەتەوەیی وەک خاوەنداریکی دێرین ئەو مەترسییەی لەسەر بێت، کە بۆ هەلومەرجەکانی پۆست کۆلۆنیالیزم یان نیمچە داگیرکاری (وەک دەسەڵاتی ئەمەریکای باکوور بەسەر ئەمەریکای لاتین) نەگونجاو بێت، ئەو هەلومەرجانەی کە تێیاندا چەمکی سنوور نادیارترە لە شوێنەکانی تر.

لەو کاتەوەی شیکارییەکانی باسی ڕاسیزم دەستی بە سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی دیاردەناسی و واتاناسی کرد. وەسفکردنی ژمارەیەک هەڵوێستی ڕاسیستییانەی تایبەتی وەک سەرچاوەی خود (هەڵوێستێک، کە تێیدا دەمارگیرەکان کە پەنا دەبەنەبەر توندوتیژیی فیزیکی یان ڕەمزی و خۆیان بە نوێنەری نەژادی باڵاتر دەزانن)، لە بەرامبەر ڕاسیزمێک، کە سەرچاوەکەی بۆ یەکێکی تر دەگەڕێتەوە، یان (ترس لە ئەوانی تر) (کە تێیدا بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشوو ئەم قوربانییانەی ڕاسیزم یان بە واتایەکی وردتر پڕۆسەی نەژادسازین، کە بە نەژادی بەد یان نەژادی خراپ دادەنرێن)، وەک بەسوود دەردەکەوێت. ئەمە نەک تەنیا پرسیاری چۆنێتی فۆڕموەرگرتنی ئەفسانەی نەژاد، بەڵکو پرسیاری جیانەبوونەوەی ڕاسیزمییش دەوروژێنێت.

شیکاریە سیاسییەکان ئەگەر چاودێری دیاردەکانی ئێستا یان لە هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەی خواستەی دیاردەکانی ڕابردوو بێت، گرنگی بە هەڵسەنگاندنی پشکی

ڕاسیزمی ڕێکخراوەیی، کۆمەڵناسی دەدات. ئەم جیاوازییە بە جیاوازیی دانان لەنێوان ڕاسیزمی تیۆری و ڕاسیزمی خۆویست، تا ڕێژەیەک لەیەکدەچن (لە ڕاستیدا دژوارە بتوانرێت دامەزراوەیەکی مێژوویی ناوببرێت یان وێنا بکرێت، کە ئامانجی جیاکاریی نەژادی بێ فۆڕمێک لە ئاڕاستەکردنی بیروباوەڕی گرتبێتەبەر)، بەڵام بە تەواوی یەکناگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو ئاڕاستەکردنانە دەتوانرێت لە ئایدۆلۆژیایەکی تیۆری بێجگە لە ئەفسانەناسی نەژادیدا بدۆزرێنەوە، لەبەرئەو هۆکارە واتای ڕاسیزمی کۆمەڵناسی چوارچێوەیەکی پتەو، قەیرانـاوی هەیە، سەرنجی ئێمە بۆ ئەو گرفتە دروستکراوە ڕادەکێشێت، کە لەلایەن ئەو بزووتنەوانەوە دروستکراوە، کە تایبەتمەندیی ڕاسیستییان هەیە. هەڵبژاردن لە نێوان ڕاسیزمی ڕێکخراوەیی، ڕاسیزمی کۆمەڵناسی ئێمە، هۆشیار دەکاتەوە لەوەی بە سانایی لە جیاوازییەکانی بوونی ڕاسیزم لە دەوڵەتدا تێنەپەڕین، کە لە ڕاسیزمی دەوڵەتی (ڕەسمی) جیایدەکاتەوە. هەروەها تێماندەگەیەنێت لەوەی لێکدانەوەی زیانگەیشتن بە هەندێک چینی کۆمەڵایەتی تایبەت بەهۆی ڕاسیزمەوە، هەروەها لێکدانەوەی ئەو فۆڕمانەی ئەوان لە قەیرانێکی دیاریکراودا پێیدەدەن، گرنگیی زۆریان هەیە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە لە ناوخۆی خوددا هەڵبژاردنێکی ئاڵۆزە و لە بنچینەدا دوو ستراتیژی جیاواز ڕووندەکاتەوە، ستراتیژی خستنەپاڵ ئەوانی تر، ستراتیژی نکۆڵیکردن. هەموو ڕاسیزمێکی مێژوویی ڕێکخراو و کۆمەڵناسیشە.

لە کۆتاییدا ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیاری نازیزم و کۆلۆنیالیزمی ڕاسیست (یان جیاکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) بە گشتی جیاکارییەک لەنێوان ڕاسیزمی لەناوبردن (ڕاسیزمی کردنە دەرەوە)، ڕاسیزمی سەرکوتکردن (ڕاسیزمی لەخۆگر) بەسەر ئێمەدا دەسەپێنێت. یەکەم مەبەستی پاککردنەوەی جەستەی کۆمەڵگەیە لە پەڵەیەک یان مەترسییەک، کە لەوانەیە نەژادە خراپەکان نوێنەرایەتی بکەن، بەڵام دووەم بە پێچەوانەی یەکەمەوە دەیەوێت کۆمەڵگە دابەش و ڕیزبەند بکات. بەڵام ڕوونە، کە لە بارە ئاوارتەکانیشدا هیچ یەکێک لەم فۆڕمانە هەرگیز لە باری نایابدا بوونیان نییە. لە ڕووی نازیزمەوە لەناوبردن، دوورخستنەوە، (ڕێگەچارەی کۆتایی)، کۆیلایەتی تێکەڵاوکردووە، کۆلۆنیالیستەکانیش لەلایەکەوە کاری زۆرەملێ، دامەزراندنی ڕژێمە چینایەتییەکان، جیاکاری نەتەوەیی و پاکتاو یان کوشتنی سیستماتیکی هاوڵاتیانیان ئەنجامداوە.

لە ڕاستیدا ئەم جیاکارییانە ئەوەندەی یارمەتی زانینی ڕێڕەوە مێژووییەکان دەدەن، یارمەتی ڕێکخستنی ڕەفتارە جیاجیاکان یان ئەو پێکهاتانە نادەن بۆ ئەوەی وەک چۆن خوازراون نایاب بن. گونجاویی ڕێژەیی ئەم ڕێڕەوە مێژووییانە لەلایەکەوە ئێمە بۆ ئەو ئەنجامە ڕێنوێنی دەکەن، کە تەنیا جۆرێک ڕاسیزمی جێگیر بوونی نییە. بەڵکو چەندین جۆر ڕاسیزم بوونیان هەیە. کە ڕێژەیەکی زۆر و بەربڵاو لە بارودۆخەکان دروستدەکەن. لەلایەکی تریشەوە ئێمە بەرەو ئەو ئاگادارکردنەوەیە ڕێنوێنی

دەکەن، کە لەوانەیە لە ڕووی تیۆری و سیاسییەوە ژیاری بــن. ڕێکخســـتنێکی ڕاســـیزمییانەی دیـــاریکراو هـــیچ سنوورێکی جێگیری نییە. بەڵکو قۆناغێکە لە گۆڕان، کە توانـــای شـــاراوەی خـــۆی و هەلـــومەرجی مێژوویـــی و پەیوەندییەکانی هێز لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا هێڵی خۆی لە پانتـــاییە ڕاســـیزمیە مومکینەکانـــدا دەگۆڕێـــت. دژوارە بتوانرێت لە نێوان کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا کۆمەڵگەیەک بدۆزرێتەوە، کە ڕاسیزمی تێدا نەبێت، (بەتایبەتی ئەگەر نەمانەوێت بەوە ڕازی بین، کە هێما گشتییەکانی ڕاسیزم لەلایەن فەرهەنگی بالا دەستەوە ڕێگریلێکراوە یان کاری توونـــدوتیژی کەم تـــا زۆرێـــک لەلایەن دەزگاکـــانی یاسادانانەوە کۆنترۆڵکراوە). لەگەڵ ئەوەشدا نابێت، بەو ئەنجامە گەیشت کە ئێمە هەمووومان لەو (کۆمەڵگانەدا) بە پلەی یەکســان لە (ڕاســیزم)دا دەژیــن. هەرچەنــدە ئەم دووربینییە خۆی نابێت بۆ پاساو بگۆڕێت. لێرەدا، کە تێپەڕین لە ڕەچەڵەک ناسی بە پێویست دادەنرێت. ڕاسیزم نە ڕەچەڵەکێکـــی تـــاکە و نە بـــابەتێکی دیـــاریکراو، کە لە ڕیزبەنـدیی پێشـبینییەکاندا جێـی بێـتەوە، بەڵکـو خـۆی مێژوویەکی تاکە، لەگەڵ ئەوەی بە دڵنیاییەوە مێژوویەکی نوسراو نییە، (بە گۆڕانی لە ناکاوی ئاڕاستەی، قۆناغە شـــاراوەکانی، وەرچەرخانەکـــانی)، قەیـــرانە مرۆییەکـــان، بـوونی مـۆدێرنەوە بەیەکەوە گرێدراوە، بە نـۆبەی خـۆی کاریگەری لەسەر دەبێت، لەبەرئەوەیە پێکهاتەی دژایەتی ســـامی نازییەکـــان، دژە کۆلۆنیـــالیزمی ڕاسیســـت یـــان کۆیلایەتی ناتوانرێت وەک نموونە بۆ هەڵسەنگاندنی پاکی

و جـــدی فـــلان و فیســـار. هەروەهـــا ناتوانرێـــت وەک قۆناغەکـــان یـــان ئەو ڕووداوانە لەبەرچـــاو بگیرێـــت، کە شـوێنی ڕاسـیزم لە مێژوودا دیاریـدەکەن. بەڵکو پێویسـتە ئەوان بە ڕێکخـراوی چـالاک بزانـرێن، کە تـا سـنوورێک خود ئاگا، تـا سنوورێکیش بێئاگان، یارمەتی ئەو پێکهاتە ڕەفتـــاری و بـــــزووتنەوانە دەدەن، کە لە هەنـــــاوی هەلـومەرجی ئێسـتاوە سـەرچاوە دەگـرن. بهێڵن جەخـت لەسـەر ئەم فـاکتە بکەیـنەوە، کە ئاپارتایـدی ئەفەریقـای باشوور شوێن پێی هەر سێ ڕێکخستنی پێشـوو (نـازیزم، کۆلۆنیالیزم، کۆیلایەتی) بە قوڵی ئاوێتەی یەکتر دەکات.

بـــێجگە لەوە وەک دیـــارە شکســـتی نـــازیزم و ئاشـکرابوونی سیاسـەتی لەنـاوبردن، کە لە ئۆردوگاکـانی کاری زۆرەملێ پیادەکرابوو، نەک تەنیا بووە هۆی ئاگایی، بەڵکو گۆڕا بۆ بەشێک لەوەی لە جیهانی هاوچەرخدا بە فەرهەنگـی جیهـانی ناودەبرێـت (لەگەڵ ئەوەی ئاگـایی وەرگیراو لەم ڕێگەیەوە نا هاوسەنگە، لە نـاوەڕۆک، واتـای لاوەکـی دڵنیـایی نیـیە. بە گشـتی لە ناسـینی واقیعـی جیـاوازە)، کە دەبێـتە هـۆی کۆمەڵێـک یاسـاغکراوی نیـوە یاســایی، نیــوە ئەخلاقــی، کە وەک هەر یاســاغکراوێک لـێکەوتەی دووفـاقی هەیە. لە پێویسـتی خـۆبەدوورگرتن لە وتاری ڕاسیستیانەی هـاوچەرخ لە بەیاننـامە تایبەتییەکانی نازیزمەوە بگرە تـا ئەگەری ناسـاندنی خـود، لە پەیوەندیـدا لەگەڵ نـــازیزم، وەک ئەوی تـــری ڕاسیســـت، یـــان لە جێگـۆڕکێی نەفـرەت بـۆ بـابەتی بـێجگە لە جولەکەکـانەوە بگـــرە تـــا پەیوەنـــدی قـــوڵ بە نهێنیـــیە بزربووەکـــانی

هیتلەریزمەوە. بە ئازایەتی و جدییەوە دەڵێم، (چونکە ئەم دیـــاردەیە بە بۆچـــوونی مـــن گـــرنگییەکەی کەم نیـــیە) لاســـاییکردنەوەی نازییەکـــان لەنـــاو گروپەکـــانی نەوەی ســـێیەمدا نیشـــاندەری یەکێـــک لە شـــێوازەکانی بیـــری بە کۆمەڵە، لە ڕاسیزمی ئێستادا یان یەکێک لە شێوازەکانی بەشـــــداربوونی بیـــــری بەکـــــۆمەڵە، لە وێنـــــاکردنی تایبەتمەندییەکانی ڕاسیزمی ئێستا، هەروەها بەو واتایایە، کە ناتوانرێت بە لەناوبردنی ئەوە بزانرێت کە بە سەرکوت دادەنرێت.

بێگومـــان هـــیچ ئەزمـــوونێکی مێژوویـــی خـــۆی توانـــای دووبـــارە چـــالاککردنەوەی خـــۆی نیـــیە، بـــۆ شـــیکاری شێوازەکانی نا جێگیرییە ڕاسیستییەکان لە دەیەی 1980دا لە نێـوان مەیـل بـۆ دژە نـازیزم، بێـدەنگییە پڕواتاکـان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەفسانەکان، پێویستە سەرنج لەو گروپـــانە بـــدرێت کە ڕاســـیزم ئاڕاســـتەیان دەکـــات، هەروەها کار و کردانەوەی ئەو گروپانە، چونکە ڕاسیزم پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە[92]. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم سەردەمە پشتی بە رابردوو بەستووە، لەم ڕووەوە کاتێک

---

92. لە کاتی باسی ساز و کاری ڕاسیزمدا خێرا باسی شێتی دێتەوە یاد و هۆکارەکەشی شێوەی گوتاری ڕاسیزمیانەی ئینکاری کاری واقیع و هاوکات لەگەڵ ئەو دەرخستنی سیناریۆکانی وتەی ناشیرین و ئازارە. بەڵام باسی شێتی بێ هەموارکردنەوە ناتوانرێت لەم بارەدا بەکاربێت، چونکە لەلایەکەوە ترسی ئەوە هەیە، کە چالاکی فکری، کە ڕاسیزم بەردەوام لەخۆی گرتووە بشارێتەوە و لەلایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی چەمکی شێتی بە کۆمەڵ دژەیەکییەکی سەرزارەکییە.

دەپرسین لە چ ڕوویەکەوە نەفرەتی نەژادی پەنابەرە مەغریبییەکان، ژمارەیەک تایبەتمەندی نەژادی دژە سامی دووبارە بەرهەم دێتەوە، نابێت تەنیا بە بەراوردی نێوان دۆخی کەمایەتییە جولەکەکان لە ئەورووپای سەرەتای سەدەی بیستەم و دۆخی کەمایەتییە (عەرەبی–ئیسلامی)ییەکان لە فەڕەنسای ئەمڕۆوە بوەستین، یان تەنیا ئەم نەفرەتانە بۆ نموونەی پەتی (ڕاسیزمی دەروونی) بگێڕینەوە، کە لەو کۆمەڵگەیەدا سەرکووتکردن و نیگەرانییەکەن بکات بە بەشێک لە خود، بەڵکو پێویستە لەبارەی تاکڕەویی دژە سامی لە (ناسنامەی جولەکە) بکۆڵینەوە، لە دووبارە بوونەوەی دژە سامی، کە تا ڕێژەیەک کولتورێکی فەڕەنسییە، لە کێشمەکێشێکی نوێ، کە هیتلەر (دژە سامی) پێداوە، دەستپێبکەین.

پێویستە هەمان کار بۆ کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزمی ڕاسیست ئەنجام بدەین. دۆزینەوەی کاریگەرییە گشتگیرەکانی دژوار نییە. سەرەتا چونکە کۆلۆنیالیزمی ڕاستەوخۆی فەڕەنسا کۆتایی نەهاتووە، دووەم چونکە کۆلۆنیالیزمی نوێ واقیعییەتێکی بەرجەستەیە، ناتوانرێت بە ئاسانی پشتگوێ بخرێت. هۆکارێکی تر، لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە، کە بابەتەکانی ڕاسیزمی ئەمڕۆ (کرێکاران و خێزانەکانیان، کە لە کۆلۆنییەکانی پێشووی فەڕەنساوە هاتوون)، دەرەنجامی کۆلۆنیالی، دژە کۆلۆنیالیستن و هەستی تۆڵەسەندنەوەیان هەیە. بەڵام ئەم پەیوەندییانە بۆ وەسفکردنی بارودۆخەکە بە کۆتا نەگەیشتوون، تەواو نەبوون. ئەوان بە هۆی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان و

گرێدراوییە مێژووییە دوورەکانەوە، لە فەزای نیشتیمانی (بەشێوەیەکی جیاواز گرێدراو بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان یان پێگەی ئایدۆلۆژی) ناوبژیوانی، (وەک سارتەر باسی دەکات) یان فرەلایەنانە دیاریدەکرێن (وەک ئالتوسێر ئاماژەی پێداوە). لێرەدا لەگەڵ ئەوەی دۆخێکی تەواو جیاواز لە نازیزم، دابڕانێک ڕوویداوە، یان بە واتایەکی ڕوونتر رەخنەی بێپایان، دابڕانێکی تا ڕێژەیەک خێرا، بەڵام نادیار. لە یەکەم نیگادا لەوانەیە پێبچێت، کە کۆڵۆنیالیزمی ڕاسیست باڵاترین نموونەی ڕاسیزمی دەرەکی بێت. جۆرێکی توندی زینۆفۆبیا، کە ترس و نەزانی ئاوێتەی یەکتر دەکات، کە بەهۆی ئاگایی کۆڵۆنیاکیستەکانەوە لە پشت بەستنی ئەم سیستمە بەهێزە بەردەوام بووە. لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندییە لەگەڵ جیاوازی نێوان سەرکوتکردن، لەناوبردن، کە زۆرێک لە نوسەران بە پشت بەستن پێی بانگەشەی بوونی ئەنتی تێزێکیان کردووە، لە نێوان کۆڵۆنیالیزمی ڕاسیست و دژە سامییەکان. بەمشێوەیە ئەمانە وەک دوو جۆر ڕاسیزم دەناسێنرێن، کە بەیەکەوە نا گونجێن (هەروەها تێگەیشتنی ئەو دەستەیەی، کە بەدەر لە ناسیۆنالیزمی جولەکە نین و دەڵێن "دژە سامی ڕاسیزم نییە" لێرەوە سەرچاوە دەگرێت). لەلایەکەوە ڕاسیزمێک، کە دەیەوێت کەمایەتییەکی ناوخۆت لەناوببات، لەلایەکی تریشەوە ڕاسیزمێک، کە بەشێوەی یاسایی، کرداری بە زۆر کەمایەتییەکی لە هاوولاتیبوون و کولتوری باڵادەست

دەرکـــــردووە، لەبەرئەوە (دەرکردنـــــی)ئەم کەمـــــایەتییە بەشێوەیەکی نادیاریکراو درێژە پێدەدات.

لەگەڵ ئەوەشـــدا پێویســـتە بووترێـــت، کە بێگـــانەبوونی خەڵکـــی (ڕەســـەن)، لە کۆلۆنیالیزمـــدا یـــان وەک بێگـــانەی نەژادی، لەگەڵ ئەوەی وێنەیەکی تەواو کۆنی لە جیـاوازی لە گوتـــاری خۆیـــدا بەدەســـتهێناوەتەوە، بەڵام بە هـــیچ شـێوەیەک ئەمە دۆخـی بڕیارلێـدراوی کارەکـان نییە. ئەم بـــابەتە لە ڕاســـتیدا لە خۆیـــدا فەزایەکـــی بەرهەمهێنـــان، دووبـارە بەرهەمهێنانەوەیە، کە دەسـەڵات و کۆلۆنیالیست بە پێکهـاتەی بەڕێـوەبردنی دیـاریکراوی خۆیـان، کـاری زۆرەملێ و پاکتاوی ڕەگەزی، لەسەر بنەمای ناوخۆییەکی تـــایبەتی گەشـــە پێـــداوە. بەپـــێچەوانەوە نە دەتوانرێـــت دەرکردنـــی خەڵـــکە (ڕەســـەنەکە) ڕوونبکـــرێتەوە، نە ئەم بـــابەتە، کە خـــراوەتە پـــاڵ جەوهەری نـــا مرۆڤـــانەوە دیاریبکرێت.

میراتـــــی کۆلۆنیـــــالیزم پێکهـــــاتەیەکی نـــــاجێگیری دروسـتکردنی بێگـانەیە (واتە دەرکردنی نـاوخۆییە). ئەگەر سـەرنج لە فۆڕم وەرگرتنی گرێی بـاڵایی ئیمپریالیسـتیش بـــدەین دەتـــوانین تێبینـــی ئەم بـــابەتە بکەیـــن. چیـــنە کۆلۆنیالیســتە فـرە نەتەوەکـان (بەریتانیـایی، فەڕەنسـایی، ئەڵمـانی، پرتوگـالی و ...)، دەسـتیان خسـتە نـاو دەسـتی یەکترەوە بۆ ئەوەی ئایدیای بـاڵایی (سـپییەکان)، ئایـدیای شارســـــتانێتی وەک بەرژەوەنـــــدییەک، کە پێویســـــتە لە بەرامبەر دڕندەکان بەرگری لێبکرێت، سـاختە بکەن. ئەم دووبـــارە دروســـتکردنەوەیە (قورســـایی بەرپرســـیارێتی

مرۆڤی سپی پێست) بە شێوەیەکی دیاریکراو لە فۆرم وەرگرتنی تێگەیشتنی مۆدێرنی ناسنامەی یان نەتەوەیی ئەوروپایی یان رۆژئاوایی پشکدار بووە. بە هەمان ئەو رێژەیە راستە، کە ئەم چینانە لەوەی (کیپلینگ) بە (یاری گەورە) ناوی بردووە، بەردەوام دەستیان تێوەرداوە. بە واتایەکی تر هاولاتییە رەسەنەکانیان لە دژی یەکتر هانداوە، لەوەش زیاتر سەرجەمیان بە خستنەپاڵی تۆمەتی راسیست بە کارە داگیرکارییەکانی رکابەرەکانیان لە کێبرکێدا لەگەڵ یەکتر شانازیان بە مرۆڤبوونی تایبەتی خۆیانەوە کردووە. کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا خۆی وەک (ئاسیمیلاتۆر) نیشاندا، داگیرکاری بەریتانیا خۆی وەک (پارێزری رێزی فەرهەنگەکان) دەزانی. ئەو سپی پێستەی تریش سپی پێستێکی خراپە. هەموو نەتەوەیکی سپی پێست لە رووی مەعنەوییە (سپی پێستترینە). بە واتایەکی تر دەستەبژێرترین، گشتگیرترینە، جیاوازییەکی ئاشکرا کە دواتر باسیدەکەین.

بە گەشەسەندنی پرۆسەی دژایەتی کۆلۆنیالیزم ئەم دژیەکییانە فۆرمێکی نوێیان لەخۆگرت. ئەگەر دژایەتی کۆلۆنیالیزم بە ئامانجەکانی خۆی هەڵبسەنگێنین پێویستە بڵێین شکستیخواردووە، ئەم پرۆسەیە کەم و کورتی هەیە، لایداوە، بەلام بە تێکەڵکردنی لەگەڵ سەرجەم رووداوە نیمچە سەربەخۆکان فەزایەکی سیاسی نوێی دروستکردووە. ئەمە فەزایەک نییە تێیدا ستراتیژەکان فۆرم وەرگرن، سەرمایە، تەکنەلۆژیا و پەیامەکان تێیدا لە هاتووچۆدابن، بەڵکو فەزایەکە تێیدا سەرجەم هاولاتیان،

کە بەر یاسای بازاڕ دەکەون، بە شێوەیەکی فیزیکی یەکتر دەبینن.

بەم شێوەیە پێکهاتەی دوولایەنەی (ناوەکی – دەرەکی) لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، بە دواوە یەکێک لە دروستکەرانی ڕاسیزمە و دووبارە بەرهەمهێنراوەتەوە، گەشەی پێدراوە، دووبارە چالاککراوەتەوە. ئاماژەکردن بەم بابەتە لە پەیوەندیدا لەگەڵ کاریگەرییە (دەروونییەکانی جیهانی سێیەم) کارێکی لاوەکییە، ئەو کاریگەریانە بە هۆی کۆچەوە لە کۆلۆنییەکان یان نیمچە کۆلۆنییەکانی پێشووەوە، بۆ (ناوەندەکان)ی سەرمایەداری دروستبووە، بەڵام ئەم فۆڕمە لە ناوخۆسازی کارێکی دەرەکی، کە ئاسۆی (نەژاد) و (نەتەوایەتی) دیاریدەکات. ناتوانرێت لە فۆڕمە ڕووکارە دژیەکە دەرەکیسازەکانی کاری ناوخۆیی جیابکرێتەوە. بەتایبەتی ناتوانرێت ئەو لەو شتانەی لە دەرەنجامی دروستبوونی ئەو دەوڵەتانەی (دوای کشانەوەی کەم تا زۆری کۆلۆنیالیستەکان)، لە سەرتاسەری جیهان بوونیان هەیە. بانگەشەی نەتەواتەیەتی دەکەن. (بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی تەواو نایەکسان بەوجۆرە دەبن) بە ئەم دژیەکییە توندانەی ناو ئەم دەوڵەتانە لە نێوان بۆرژوازی سەرمایەداری یان بۆرژوازی دەوڵەتی (بە ڕۆژئاوایی بوو)، جەماوەرێک، کە

بەهـۆی ئەم واقیعیـیەتەوە ناچـارن ڕوو لە (نەریتگەرایـی traditionalism) بکەن جیا بکرێتەوە[93].

(بیندێکت ئەندرسۆن) پێیوایە دەتوانرێت بووترێت دژە کۆلۆنیالیزم لە جیهانی سێیەمدا خۆی لە گەشـەی ئەوەی بە پڕوپاگەندەی تایبەتی (ڕاسیزمی پێچەوانە) ناوی دەبات (دژایەتی سپی پێست و ئەوروپاییەکان) نیشانداوە[94]. با ئەوە پەسـەندبکەین کە ئەمە بەر لە پەرەسـەندی ئەم دواییەی بوونیادگەرایی ئیسلامی نوسراوە (دیاردەیەک)، کە پێویسـتە لە قەیرانـی ئێسـتادا پشـکەکەی لە ڕەگ و ڕیشـەی (زینۆفۆبیـا)دا هەڵبسـەنگێنرێت. هەرچۆنێک بێت هەڵێنجـانەکەی ئەندرسـۆن کەم و کـورتە، چـونکە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە لە ئەفەریقا، ئاسیا یان ئەمەریکای لاتین ڕاسیزمی پێچەوانەی (جیهانی سێیەم) بوونی نەبێت، بەڵام کۆمەڵێک ڕاسیزمی وێرانکەری ڕێکخراو و گشتی لەنێوان (میللەتەکـان، گـروپە نەتەوەییەکـان، کۆمەڵگەکـان) بـوونی هەیە. ڕووکـاری ئەم ڕاسـیزمانە بەهـۆی پەیوەنـدییە جیهانییەکـانەوە نەگۆڕاوە، بە بەردەوامـی ڕاسـیزمی سـپی پێسـتی ئەو ئایـدیایەیان بە زینـدوویی هێشـتووەتەوە، کە سێ لەسەر چواری مرۆڤایەتی توانای حوکمکردنی خۆیان

---

[93]. هەر یەکێک لە چینەکانی میللەتە نوێیەکانی مرۆڤایەتی کۆلۆنیالی بەمشـێوەیە جیـاوازی کـۆمەڵایەتی خـۆی لەگەڵ سـەرجەمیان لە قاڵبێکی نەتەوەیی – کولتوری دەگرێتەوە.

[94] Benedict Anderson, Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism, Verso, London 1983, pp. 120 et seq.

نیــیه. بێگومــان جێگــرتنەوەی جیهــانی کــۆنی مــیللەتە کۆڵۆنیالیســتەکان و فەزای نـا جێگیریـان لە جیهـانی نوێـدا ســەرەتای ئەم کــاریگەرییە باوەیــان ڕەخســاندووە. ئەو جیهانە نوێیەی، کە لەڕووی وێنەییەوە لە قاڵبی دەوڵەت - مـیللەتە یەکسـانەکانەوە ڕێکخـراون (کە هەر یەکێکیـان لە دامەزراوە نێوەدەوڵەتییەکانــدا نوێنەریــان هەیە)، بەڵام ســـنووری بەردەوام گـــۆڕاوی نێـــوان دوو مـــرۆڤ لێیتێناپەڕێـت (سـنوورێک، کە بـۆ سـنووری نێـوان دوو دەوڵەت بچووک نابێتەوە)، دوو مرۆڤێک، کە بە ڕوانین نـا پێورێن، واتا مرۆڤایەتی هەژار و مرۆڤایەتی (بەکارهێنەر)، مرۆڤــی گەشــە نەســەندوو، مرۆڤــی گەشەســەندوو. لە ڕووکــاردا مرۆڤـایەتی بە لابـدرنی زنجیـرەی دەســەڵاتی پاشــایەتی بــووە، بە یەکدەســت، بەڵام لە ڕاســتیدا لەم ســەردەمەدایە، کە مرۆڤـایەتی بەمجـۆرەیە، هەرچەنـدە بـۆ جەماوەری بوغزاوی، نا سازگار دابەشبوو بێت. لە فەزای ئـابووریی جیهانیـدا، کە بە کـردار بـۆ فەزای سیاسـەت و ئایـدۆلۆژیای جیهـانی گـۆڕاوە. کەلێنـی نێـوان مرۆڤەکـانی خـوارەوە و مـرۆڤە بالاکـان کەلێنێکـی پێکهـاتەییە، بەڵام زۆر نـا جێگیـرە. پێشـتر چەمکـی مرۆیـی تەنیـا پەتـی بـوو. بەڵام بــۆ پرســیاری "مــرۆڤ چیــیە؟" کە لە ئەندێشــەی ڕاســیزمیانەی ئێســتادا بــوونی هەیە، لە ئەمــڕۆدا هــیچ وەڵامێک نییە ئەم کەلێنەی تێدا نەبێت[95].

---

[95]. ئەم پێکهاتە ئاوێنەییە بە بۆچوونی من گرنگە: لە ڕووی (گەشـە نەســـــەندووەکان) ئەوە (گەشەســــــەندووەکانن)، کە زیـــــاتر لە پێشتربێزاری نەژادی لە خۆی نیشـاندەدات. گەشەنەسـەندووەکانیش

لەمەوە بە چ ئەنجامێـک دەگەیـن؟ ئەو جێگۆڕکێیـانەی ئامـاژەم پێـدان بەشـێک لەو شـتەن، کە بە وتەی (نـیچە) دەتوانرێت بە چاکسازی هـاوچەرخی بەهـا ڕاسـیزمییەکان، بە خەیـاڵی مێژوویـی ئەو ناوببرێـت. ئەم چاسـکازییە لە بەهاکانـدا ئەو شـتە دروسـتدەکات، کە مـن لە سـەرەوە بە پەرەسـەندی بەرچـاوی ڕاسـیزم نـاوم بـردووە، پەرەسـەندنێک، کە ڕەچەڵکناسـی بە ڕێژەیـی کـردووە، ئەزموونە کەڵەکەبووەکان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئەوەی ئـێمە (بە پەروەردەی مرۆیـی دەزانـین) دووبـارە لێیـدەڕوانێتەوە. بەو واتـایەی بەپـێچەوانەی ئەوەی لە یەکێـک لە جێگیرتـرین گوزارەکـانی خـودی ئایـدۆلۆژی ڕاسـیزمیانەدا بە تەواو دادەنرێـت. (نەژاد)، (بیـری) دەروونناسـی یـان ژینگەناسـی مـرۆڤ نیـیە. بەڵکـو ئەوە ڕاسیزمە، کە نیشـانەی یەکێک لە دڵنیـاترین فۆڕمی بیـری مێژوویی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانە. ئەوە ڕاسـیزمە، کە هێشـتا دەبێتە هۆی (ئاوێتە بوون) لەگەڵ خەیاڵی ڕابردوو، ئێسـتا، ئـاوێتە بوونێـک لە ڕوانـگەی بە کـۆمەڵی مێژوویـی مرۆڤایەتی تێیدا بەرفراوان دەبێت.

---

لە ڕوانـگەی گەشەسـەندووەکانەوە زیـاتر بە پێـی نەفرەتـی دوولایەنەیان لە یەکتر پێناسەدەکرێن. لە ڕوانگەی هەر گرووپێکەوە ڕاسیزم (کاری گرووپێکی ترە) یەن. بە دەربڕینێکی وردتر ئەوی تر مەیـدانی ڕاسـیزمە. بەڵام سـنووری نێـوان گەشەسـەندیی و گەشـە نەسەندوویی بەشێوەیەکی کۆنترۆڵنەکراو لە گۆڕاندایە: هیچ کەسێک بە وردی نازانێت ئەوی تر چ کەسێکە.

لەبەرئەوەیە کە پرسیاری کوورتکردنەوەی دژایەتی سامییەکان بۆ کۆلۆنیالیزمی ڕاسیست، کە بەردەوام لە زیندووبوونەوەدایە، پرسیارێکی هەڵەیە. ئەم دووانە هیچ کاتێک بە تەواوی سەربەخۆ نەبوون، جێگیریش نین. ئەوان ڕەچەڵەکێکی هاوبەشیان هەیە، کە کاریگەریی لەسەر شیکاری ئێمە دەبێت. ژمارەیەک شوێنپێ وەک پەردەیەک بۆ سەرجەم شوێنپێکان کاردەکەن، بەڵام کاری (نەوتراوی) ئەو شوێنپێیانەی تریش دووبارە دادەڕێژنەوە. بەمشێوەیە بە یەکسان دانانی ڕاسیزم لەگەڵ دژایەتی سامییەکان (بەتایبەتی لەگەڵ نازیزم) ڕۆڵی پاساو دەگێڕێت. ئەمکارە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو تایبەتمەندییە ڕاسیزمایانەیەی (زینۆفۆبیا)، کە بە ئاڕاستەی کۆچبەرانە، ڕەتبکرێتەوە.

بەڵام بەپێچەوانەوە بەستنەوەی (لە ڕووکاردا تا ڕێژەیەک بێ ئاڕاستە) دژایەتیی سامییەکان لەگەڵ ڕاسیزمی دژە کۆچبەران لە باسی بزووتنەوەکانی زینۆفۆبیادا، کە لە ئێستادا لە ئەوروپا، لە گەشەسەندندان، نە دەربڕی دژە هیومانیزمێکی گشتییە، واتا دەربڕی پێکهاتەی جێگیری دەرکردنی (ئەوی تر) لە سەرجەم دیاردەکانیدا، هەروەها نە کاریگەریی کاردانەوەی تەنیا نەریتێکی سیاسی کۆنزەرڤاتیڤ (ئەگەر ناوی فاشیست یان ناسیۆنالیستی لێبنێن). ئەم گرێدانە زۆر تایبەت تر، زۆر سەربەخۆتر بە پێدانی نموونەی ئاگایانە و بێئاگایانە بە ئەندێشەی ڕاسیزم، ئەوە ڕێکیدەخات. بەمشێوەیە تایبەتمەندی لەناوبردنی نازییەکان، کە بە واتای وردی

وشـــه پێشـــبینی نەكـــراوە، لە گرێـــی هاوچەرخـــدا وەك دەربڕینێكـــی كۆلۆنیـــالیزمی لەنـــاوبردنی دانیشـــتوان هەڵـــدەبژێرێت، كە بیـــری ڕاســـیزمی دژە تـــورك و دژە عەرەبیشی سەرقاڵی خۆی كردووە[96].

- **دامێنی ناسیۆنالیزم**

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم. با بەو بانگەشەیە دەسپێبكەین، كە خۆی باسێكی ناسیۆنالیستی تەواو نادیارە. ئەمە بە پلەی یەكەم بەهۆی جەوهەری دژایەتـــــی دۆخە مێژووییەكــــانە، كە تێیـــــدا بـــزووتنەوە، سیاســـەتە ناسیۆنالیســـتییەكان دەردەكەون. فیختە و غاندی و بیسمارك نین، بیسمارك یان دووگۆڵی

---

96. گرفتەكـــانی دەوری (پرۆســـەی پەروەردەكردنـــی بیـــر)، كە ڕێكخراوە دژە فاشیستییەكان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشـەكانی ئێستا سوودی لێوەردەگرن لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەوان پێیانوابێـــت، كە پۆتانســـێلی نمـــوونەی نـــازی لە شاردنەوەی جینۆسایدەوە سەرچاوە دەگرێت. لە مارەیەوە چالاكی مێژوونووســانی (نـوێكردنەوە خـواز revisionist) وەك تەڵەیەكـی واقیعی كار دەكات، چونكە ئەم چالاكییانە لە زاتی خۆیاندا شێوازێكن بۆ قسەكردنی بێكۆتا لە ژوورەكانی گازەوە لەگەڵ جۆرێك ئینكاری زۆر جێگومـان و دوودڵـی. بە تـاوان دانـانی شـاردنەوەی پاكتـاوی نەژادی لەلایەن ئەو ڕاسیزمانەی، لە ڕاستیدا دژە سامین بەداخەوە، بۆ دروستكردنی دووبارە ناسینەوەی بە كۆمەڵ لەبارەی ڕووخسارە هاوبەشـەكانی دژە سـامیی و عەرەبەكـانەوە تەواو نابێت. بەلایەنـی كەمەوە ئەم بابەتە تا ئەو كاتە ڕاستە، كە ئەم پرۆسە پەروەردەییە ژیـــارییە هێشـــتا تـــا ڕێـــژەی ڕوونكـــردنەوەی تەواوی ڕاســـیزمی هـــاوچەرخ لە پـــلەی سیســـتمی فكـــری و پەیوەنـــدی كـــۆمەڵایەتی و دەركەوتنی پەستێوراوی مێژوویەكی تەواو پەرەی نەسەندووە.

هیـــتلەر نـــین، بەڵام لەگەڵ هەمـــوو ئەمـــانەدا نـــاتوانین بە بڕیارێکی تەواو عەقڵانی کاریگەری بەراوردی ئایدۆلۆژی بشـارینەوە، کە لێرەدا خۆی بەسـەر هێزە دووژمنەکانیدا دەسـەپێنێت. ئێمە بە هـیچ شـێوەیەک مـافی ئەوەمـان نیـیە ناسـیۆنالیزمی (گرووپـی) دەسـەڵاتدار لەگەڵ ناسـیۆنالیزمی (گرووپـــی) ژێـــر دەســـتە، ناســـیۆنالیزمی ڕەهـــایی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کۆلۆنیالیزمی بە یەکسان بزانین، بەڵام ئەمە بەو واتـایە نییە، کە دەتوانرێت بە سـادەیی لەم واقعیـیەتە تێــپەڕین، کە پێکهــاتەی هــاوبەش (ئەگەر تەنیــا لــۆژیکی دۆخێک یـان هێڵکـاری پێکهـاتەیی "بـوون لەناویـدا" وێنەی سیاسـی جیهـانی مرۆدێرن بێت)، لە نێوان ناسـیۆنالیزمی بەرەی ڕەهایی نیشتیمانی جەزائیر، ناسیۆنالیزمی سوپای داگیرکـــاری فەڕەنســـا، یـــان لە ئەمـــڕۆدا لە نێـــوان ناســـــیۆنالیزمی کـــــۆنگرەی نیشـــــتیمانی ئەفەریقـــــا و ناسـیۆنالیزمی (ئەفرکەنەرەکـان) بـوونی هەیە. بـا ئەمە بەرەو ئەنجـــامی کۆتـــایی بـــبەین. بڵێـــین ئەم بەراوردە پەیوەندی بە ئەزموونێکی ئازار بەخش و دووبارەی ئێمە بۆ بینینی گۆڕانی ناسـیۆنالیزمی ڕەهـایی و ناسیۆنالیزمی دەســـەڵاتەوە هەیە، (وەک ئەوەی بیـــنەری وەرچەرخـــانی شۆڕشــــە سۆسیالیســــتییەکان، دروســــتبوونی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکـــان بـــووین)، کە ئەمە ئـــێمەی بەرەو دووری ڕێکخـــراوی تـــوویژینەوە لەبـــارەی توانـــا ســـتەمکارییە هەنووکەییەکـــان لە هەر ناســـیۆنالیزمێکدا بـــردووە. ئەم

دژیەکیــیە بەرلەوەی، کە لە وشــەکاندا جێگیــر بێــت، لە خودی مێژوو دا نیشتەجێبووە.[97]

**بۆچی پێناسەی ناسیۆنالیزم بەم ڕادەیە دژوارە؟**

-**یەکەم:** لەبەرئەوەی ئەم چەمکە هەرگیز بە تەنیا نییە، بەڵکــو بەردەوام بەشــێک لەو زنجیــرەیەیە کە خۆشــی بەشــێکە لە بــازنە ســەرەکییەکە، بــازنە لاوازەکەیە. ئەم زنجیــرەیە بەردەوام بە تێــرمە ناوبەنــاو توونــدوتیژە نوێیەکان دەوڵەمەند دەبێت (دۆخی لاوەکی ئەم دەوڵەمەند بوونە دۆزینەوەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە). ڕۆحێکــی مەدەنــی، نیشــتیمانپەروەری، پۆپــۆلیزم، نەتەوە پەرستی، نەتەوەگەری، زینۆفۆبیا، شۆڤینیزم، ئیمپریالیزم و ...هتد داوا لە هەموویان دەکەم بۆ ئەوەی جارێک بۆ هەمیشە بێ هیچ نادیارییەک واتای جیاوازی ئەم چەمکانە دیارییبکەن، بەڵام بە بۆچوونی من دەتوانرێت تا ڕێژەیەک وێنای گشتی بە ئاسانی شیبکرێتەوە.

تا ئەوەندەی پەیوەندی بە (ناسیۆنالیزم – نەتەوە)وە هەیە نــاوەڕۆکی (واقیعییەتێــک) ***مــیللەت*** لە بەرامــبەر (ئایدۆلۆژیایەک) ***ناسیۆنالیزم*** دادەنێت. بەڵام تێگەیشتنی

---

[97]. بـۆ شـیکارێکی ورد لەبـارەی ئەم دژیەکیـیەوە خـوێنەر بـۆ سەرجەم بەرهەمەکانی ماکسیم ڕۆدینسۆن دەگێڕینەوە، بە تـایبەتی بەرهەمە کۆکراوەکانی بە ناوی

Marxisme et monde musulman, Editions de Seuil, Paris 1972

Peuple juif ou probléme juif?, Maspero, Paris 1981.

تــاكە جیاجیاكــان لەم پەیوەنــدییە زۆر جیــاوازە، چــونكە چەنــدین پرســیاری شــاراوە هەیە. ئایــا ئایــدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی ڕەنگدانەوەی (پێویست یان پێگەی) بوونی نەتەوەكــانە؟ یــان ئایــا میللەتەكــان خۆیــان لەســەر ئایــدۆلۆژیای ناسیۆنالیســتی دادەمەزرێــنن (لەگەڵ ئەوەی ئەمە لەوانەیە بەو واتــایە بێــت، كە ئەم ئایــدۆلۆژیایانە بە گەیشتنە "ئامانجی" خۆیان، دواتر دەگۆڕێن؟ ئایا پێویستە "میللەت" (سەربەخۆ لە پرسیارەكانی تر نییە) بە دەوڵەت یــان "كــۆمەڵگە" یــان ڕێكخســتنێكی كــۆمەڵایەتی هەژمــار بكرێت)؟

ئێستا تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە گرێدراوی نێوان ناســیۆنالیزم و ڕاســیزمیەوە هەیە كرۆكــی نــاوەڕۆكی ئایدۆلۆژیایەكی (ئاسایی) و سیاسەتی (ناسیۆنالیزم)، لە بەرامــبەر ئایــدۆلۆژیایەكی (توونــدڕەو)، ڕەفتــاری (نەژاد پەرستانە) دادەنێت. یان بۆ دژایەتی هەردووكیان یان بۆ ئەوەی یەكێــك وەك حەقیقەتــی ئەوەی تــر بخــاتە ڕوو. لێرەشدا بە خێرایی پرسیارەكان و جیاوازییە واتاییەكانی تر دێنە پێشەوە. لە جیاتی تیشك خستنەسەر ڕاسیزم، ئایا باشتر نییە تیشكبخەینە سەر بژاردەیەكی (نموونەیی)تری ناسیۆنالیزم/ ئیمپریالیزم؟ بەڵام ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەگەرێكی تر دەخاتەڕوو. بۆ نموونە لەوانەیە ناسیۆنالیزم خــۆی كــاریگەرترین ئایــدۆلۆژی-سیاســی تایبەتمەنــدی ئیمپریالیســتی میللەتەكــان یــان مــانەوەی ئەوان، ڕێــگەی دۆزینەوەیان بۆ سەردەم و ژینگەیەكی ئیمپریالیستی بێت. دەتوانرێت ئەم زنجیرەیە بە ئیزافەكردنی چەمكەكانی وەك

فاشـــيزم، نـــازيزم، ئەو تـــۆڕە پرســـيارەی ئەو دوانە لەگەڵیاندایە، ئاڵۆزتریش بکرێت. ئایا ئەمانە هەردووکیان ناسیۆنالیستین؟ ئایا هەردوویان ئیمپریالیستیین؟

لە ڕاســتیدا لە ســەرجەم زنجیــرەکەدا پرســـیارێکی بنەڕەتــی بــوونی هەیە، ســەرجەم پرسـیارەکانی تـر ئەم پرسـیارە دووپـات دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەی توونـدوتیژییە بێسنوورەکان. لە ڕووکاردا (نـا عەقڵانـی) لە (جێگەیەکدا) لەم زنجیــرە مێژوویـــی – سیاســـییەدا لەســـەر پەردە دەردەکەون. پێویستە ئەو دەروازەیە لە کوێ دابنێین؟ ئایا بــۆ ئەوەی جــێگەی ئەو دیــاریبکەین پێویســتە بوارێــک نـاوببەین، کە تەنیـا بـریتییە لە واقیعییەتەکـان، یان دەبێت لەناو لێکدژییە (ئایدۆلۆژیاییەکاندا) بگەڕێین؟ هەروەها ئایا پێویستە توندوتیژی، بە لادان لە شێوازی باوی کاروبار و دوورکەوتــنەوە لە (هێڵــی ڕاســتەوخۆی) گریمــانەیی مێژووی مرۆیی بزانرێت؟ یان دەبێت بەوە ڕازی بین کە توونــدوتیژی ڕاســتی ئەو شــتە دەردەخــات، کە بەرلەو هــاتووە؟ لەبەرئەوە پێویســتە ئەوە پەســەند بکرێــت، لە لەدایکبــوونی ناســیۆنالیزمەوە لەو کــاتەوەی میللەتەکــان دروســتبوون، دەتوانرێــت تــۆوی توونــدوتیژی لە نــاخی سیاسەتدا بە شاراوەیی بدۆزرێتەوە؟

بە بۆچــوونی چــاودێران و ڕەنگدانەوەی بارودۆخیــان دەتوانرێت وەڵامـی جیاجیـا بـۆ سـەرجەم ئەم پرسـیارانە بــدۆزرێتەوە. بەڵام بە بۆچــوونی مــن ســـەرجەمی ئەم پرسـیارانە لەگەڵ بـوونی بەربڵاوییـان لەســەر دوو ڕێگـا دەســـوڕێنەوە. چەمکـــی ناســـیۆنالیزم بەردەوام لە

دابەشـــبووندایە. بەردەوام ناســـیۆنالیزمێکی (بـــاش)، ناسـیۆنالیزمێکی (خـراپ)یش هەیە. یەکێـک هەیە ئامـانجی دامەزرانــدنی دەوڵەتێــک یــان کــۆمەڵگەیەکە، ئەوی تــر دەیەوێت لەناویببات، بیڕوخێنێت. یەکێک ئامـاژە بە حەق دەکــات و ئەوی تــر ئامــاژە بە دەســەڵات، یەکێکیــان ڕەنگــدانەوەی ســەرجەم ناســیۆنالیزمەکانە، بەرگرییــان لێــدەکات، لە ڕوانگەیەکــی مێژووییــدا دەیانگونجێنێــت، یەکێکــی تــر لە دیــدگایەکی ئیمپریالیســتی و هەمەلایەنە ئەوان دەردەکات. یەکێکیان لە خۆشەویستییەوە سـەرچاوە دەگرێــت (خۆشەویســتی ڕاسیســتییانە)، ئەوی تــر لە نەفـرەتەوە سـەرچاوە دەگرێـت. بە کـورتی ئەو کەلێـنەی ناوخۆی ناسیۆنالیزم بە ئەندازەی هەمـان ئەو هەنگاوە بە پێویســت دادەنرێــت، کە لە (مــردن لە پێنــاو ســەرزەوی ئـاوەدانی بـاوک و بـاپیران) بـۆ (کوشـتن لە پێنـاو وڵاتـدا) دەنرێت... زۆربوونی وشە (نزیکەکان) هاو واتا بن یان دژ یەک، بە دەرەکیکردنی ئەو کەلێنەن. بە بۆچوونی من هیچ کەسـێک بە تەواوی لە گەڕانەوە لەم دوو ڕێـگەیە بـۆ نـاو خـودی چەمکـی ناسـیۆنالیزم ڕزگـاری نەبـووە، بەڵام ئەمە بەتـــایبەتی لە نەریتـــی لیبراڵیـــدا ئاشـــکرایە، لەوانەیە هۆکارەکەشی نادیاری قوڵی پەیوەندی نێوان لیبرالیـزم و ناسـیۆنالیزم بەلایەنـی کەمەوە لەم دوو سـەدەی دواییـدا بێــت[98]. هەروەهــا پێویســتە بوترێــت، کە ئایــدۆلۆژیا

---

[98]. پرسـیاری سـەرەکی بـۆ مێژوونووسـە لیبراڵەکـانی بـواری ناسـیۆنالیزم چ لە پـلەی ئایـدۆلۆژی، چ لە پـلەی سیاسـەتدا ئەمەیە:

ڕاسیستییەکان لەوانەیە بە پلە یەک یان دوو پلە جێگۆڕکێ لە باسەکەدا لاسایی کردبێتەوە. بۆ ئەوەی دەستی بەسەردابگرن. ئایا ڕۆڵی چەمکەکانی وەک (فەزای ژیاری)، خستنەڕووی پرسیاری (ڕووی باشەی) ئیمپریالیزم یان ڕاسیزم نییە؟ ئایا ئەو ڕاسیزمە نوێیەی ئەمڕۆ لە گەشەکردندایە، لە ئەنترۆپۆلۆژیای (مرۆڤناسی) جیاوزەوە بگرە تا سۆسیۆبایۆلۆژی (زیندەوەرزانی کۆمەڵایەتی) زیاتر سەرقاڵی جیاوازی دانان لە نێوان دوو شتدا نییە؟ لە نێوان ئەوەی گریمان مەحاڵ و لە واقعیدا بەسوودە (زینۆفۆبیایەکی تایبەت، کە گروپەکان بۆ بەرگری لە "خاک" و "ناسنامەی فەرهەنگی" خود، پاراستنی "دووری گونجاو"ی نێوان ئەم دووانە هاندەدات،

---

(تێپەڕین لە "لیبراڵ ناسیۆنالیزم" بۆ "ناسیۆنالیزمی ئیمپریالیزمی" لە کوێ و کەی ڕوویداوە؟) بەراوردی بکەن لەگەڵ:
Hannah Arendt, „Imperialism" , Part II of The Origins of Totalitarianism, André Deutsch, London 1986 Hans Kohn, The Idea of Nationalism, A Study of Its Origins and Background, New York 1944.

وەڵامی هاوبەشی ئەوان بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە ئەم تێپەڕینە لە نێوان شۆڕشەکانی (بەجیهانی بوون)ی سەدەی هەژدە و (ڕۆمانتیسیزمی) سەدەی نۆزدە، کە لە ئەڵمانیا دەستیپێکرد، دواتر بۆ تەواوی ئەوروپا و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەموو جیهان دەگرێتەوە، ڕوودەدات. بەڵام بە لێکدانەوەی وردتری ئەم پرسیارە دەردەکەوێت، کە دەتوانرێت بووترێت شۆڕشی فەڕەنساش ئەم دوو ڕوانگە جیاوازەی لەخۆیدا هەبووە، لەبەرئەوە ئەوە شۆڕشی فەڕەنسا بوو، کە بووە هۆی ئەوەی ناسیۆنالیزم (لە ڕێڕەوی خۆی لابدات).

ئەو شتەی ئەگەر لە پێویستییە سەرەتاییە نەتەوییەکان تێپەڕین، بێسوود و لە خۆیدا زیانبار، بەڵام مەحاڵ دەبێت (توندوتیژی ڕاستەوخۆ، بێ پەروا کارکردن)؟

چۆن دەتوانین لەم ڕۆڵە قوتار بین؟ ئایا ئەوەندە بەس نییە تەنیا وەک ژمارەیەک شیکەرەوەی دواتر خوازیاری وەلاوەنانی بەهای دادوەری بین (واتا وەستانی دادوەری لەبارەی لێکەوتەکانی ناسیۆنالیزم، لە قەیرانە جیاجیاکاندا)[99]، یان ئەوەی، کە ناسیۆنالیزم تەنیا بە کاریگەری ئایدۆلۆژی پرۆسەی (نموونەیی) بەهێز بوونی میللەتەکان، (دەوڵەت-میللەتەکان) لەبەرچاو بگرین[100]. چونکە دووفاقی کاریگەرییەکانی بەشێک لە مێژووی سەرجەم ناسیۆنالیزمەکان پێکدێنێت، بە وردی ئەوەیە، کە پێویستە ڕوونبکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە شیکاری پێگەی ڕاسیزم بۆ ناسیۆنالیزم دیاریکەرە. لەگەڵ ئەوەی ڕاسیزم لە سەرجەم ناسیۆنالیزمەکان یان تەواوی دەقە

---

[99]. بەراورد بکەن لەگەڵ پێشبینییەکانی (تۆم نارین Tom Narin) لە:

„The Modern Janus“ , New Left Review, no. 94, 1975 (reprinted in The Break-Up of Britain, New Left Books, London 1977) .

[100]. بڕوانن لە ڕەخنەی:

Eric Hobsbawm, „Some Reflections on the Break-Up of Britain“ , New Left Review, no. 105, 1977.

کە نەک هەڵوێستێکی مارکسییە، بەڵکو تێزی بیرمەندانی ئابووریی نەریتی لیبراڵیشە. بەراوردی بکەن لەگەڵ:

- Ernest Gellner, Nations and Nationalism, Oxford 1983.

مێژووییەکانیـان بە ڕێـژەیەک دیـار نیـیە، بەڵام بەردەوام نــوێنەرایەتییەکی گرێــدراوی پێویســت لە بەهێزبــوونی ئەوانـــدا هەیە. لەدوا شـــیکاردا هاوپۆشـــی ئەم دووانە دەگەڕێــتەوە بــۆ ئەو هەلــومەرجەی تێیــدا (دەوڵەت – میللەتەکــان) لەســەر بنەمــای ئەو زەویــیە مێژوویيــانەی ناکۆکیـان لەسـەرە دامەزراون، بـۆ کـۆنترۆڵی جێگـۆڕکێی کــۆمەڵگە هەوڵیانـــدەدا، هەروەهـــا ئەم هاوپۆشـــییە بە مەبەســتی دروســتکردنی (جەمــاوەر) بــۆ کــۆمەڵگەیەکی سیاســـی دەگەڕێـــتەوە، کە دابەشـــکاری چینـــایەتی لە پێشینەیە.

بەڵام لێــرەدا ڕەخنەیەکـــی پەیوەندیـــدار بە خـــودی وشـــەکانەوە دەخــرێتە ڕوو. ئەمە ڕەخــنەیەکە (ماکســیم ڕۆدنســۆن) و ئەوانــی تــر ئاڕاســتەی ئەوانەی دەکەن کە وەک (کولت گیومەن)، جەخت لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر بــۆ ڕاســـیزم دەکەنەوە[101]. ئەم پێناســـەیە دەیەوێـــت ســەرجەم فۆڕمەکــانی ڕەتکــردنەوە، بەکەمــدانان هەژمــار بکات. ئەگەر تیۆرەکانی ژینگەناسی لەگەڵ بێت یان نەخێر. ئەم پێناسەیە دەیەوێت بۆ بەر لە ڕاسیزمی (نەتەوەیی)، بۆ ڕەگ و ڕیشـــــەی (ئەفســـــانەی نەژادی) و گوتـــــاری ڕەچەڵەکناســی ئەو دەگەڕێــتەوە. (ڕاســیزمی چینــایەتی)

---

[101]. Colette Guillaumin, L‟ Idéologie raciste. Genése et langage actuel, Mouton, Paris/ The Hague; M. Rodinson, „Quelques thé ses critiques sur la démarche poliakovienne‟ , in M. Olender, ed., Racisme, mythes et sciences. See also M. Rodinson‟ s article „Nation: 3 Nation et idéologie‟ , Encyclopaedia universalis

خانەدانی پۆست فیودالّی. بەتایبەتی دەیەوێت سەرجەم فۆڕمەکانی سەرکوتکردنی کەمایەتییەکان لە ژێر ناوی (ڕاسیزم) کۆبکاتەوە. ئەو فۆڕمانەی لەو کۆمەڵگانەی، لە ڕووی وێناییەوە یەکسانیخوازن، بە ڕێگەی جیاجیا دەبێتە هۆی (نەژادسازی) چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، نەک تەنیا گروپە نەتەوەییەکان، بەڵکو ژنان، لادەرانی سێکسی، کەمئەندامە عەقڵییەکان، ئەو چینە پرۆلیتاریانەی لەبەردەم مەترسیدان ... دەگرێتەوە. [ئەم پێناسەیە ئەو کارە دەکات] بۆ ئەوەی بتوانێت کارە لاوەکییە سروشتسازییە لاوەکییەکان شیبکاتەوە. بەڵام بە بۆچوونی رۆدنسۆن پێویستە هەڵبژێردرێت. یان پێویستە ڕاسیزمی ناوەکی و دەرەکی لە لایەنگرییە ناسیۆنالیزمییەکان و زیاتر لەوان بە لایەنگری نەتەوە تەوەری بزانرێت، کە ناسیۆنالیزم فۆڕمی مۆدێرنی ئەوە، یان دەتوانرێت بۆ درکپێکردن، کارە دەروونناسییەکانی ڕاسیزم (ترسان و تۆمەت خستنەپاڵ، ئینکاری ئەوی تری واقعی، کە بە هۆیە بێگانە خەیاڵییەکان داپۆشراوە) پێناسەکەی گشتگیر بکرێت، کە لەم فۆڕمەدا ترسی نەمانی تایبەت بوونی مێژوویی نامێنێت.[102]

بەڵام دەتوانرێت وەڵامی ئەم ڕەخنەیە بدرێتەوە. دەتوانرێت بەشێوەیەک وەڵامی بدرێتەوە، کە پێکەوە گرێدراوی مێژووی ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم ڕوونتر ببێتەوە. هەڵبەتە بەو مەرجەی ئەو باسانە بەرەوپێش

---

[102]. دەتوانرێت ئەمە بەراورد بکرێت لەگەڵ:
Erving Goffmann, Stigma. Notes on the Management of Spoiled Identity, Penguin, Hardmondsworth 1968.

ببەین، کە تا ڕێژەیەک ئایدیای پێناسەی بەرفراوانی ڕاسیزم ڕاست دەکەنەوە یان بەلایەنی کەمەوە گرنگی زیاتری پێبدەن.

1. هیچ میللەتێک، واتا هیچ دەوڵەت میللەتێک، بنچینەی نەتەوەیی نییە، واتا ناتوانرێت ناسیۆنالیزم وەک نەتەوە تەوەری پێناسە بکرێت. تەنیا بە وردی بە واتای بەرهەمی نەتەوەیەکی ساختە. هەر تێگەیشتنێکی تر بە واتای لە یاد بردنەوەی ئەم بابەتەیە، کە (میللەتەکان) بەشێوەیەکی سروشتی زیاتر لەوە بوونی نییە، کە (نەژادەکان) "ئێستا یان بە هۆی ڕەچەڵەکیان، کۆمەڵگەیەکی پشت بەستوو بە فەرهەنگ، یان ئەو بەرژەوەندیانەی پێشتر هەبوون) بوونیان هەیە، بەڵام پێویستە لە سەردەمی واقیعیدا (هەروەها مێژوویی) یەکێتی خەیاڵی خۆیان لە بەرامبەر یەکێتییە مومکینەکانی تر دابمەزرێنن.

2. دیاردەی (بە کەم زانین) و (نەژاد سازی) هاوکات چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەگرێتەوە، کە (جەوهەر)یان کەمێک جیاوازە، بەتایبەتی کەمایەتییە (دەرەکییەکان، نەژادە توندڕەوەکان، ژنان و لادەرەکان). ئەم دیاردەیە هاو ڕەفتاری و گوتارە تەواو لێکچووەکان نیشان نادات، کە بە هۆی بەدواداچوونی بەهێزی بێسنووری بابەتە سەربەخۆ لە یەکترەکان کار دەکات، بەڵکو نوێنەری سیستمێکی مێژوویی پێکهاتوو لە دەرکراوەکان و دەسەڵاتە تەواوکارییەکانە، کە بەشێوەی دوولایەنە بەیەکەوە گرێیان خواردووە. بە دەربڕینێکی تر

لە کردار دا بەوشێوەیە نییە، کە (ڕاسیزمێکی نەتەوەیی) و (ڕاسیزمی ڕەگەزی) تەریب بە یەکتر بوونیان هەبێت. ڕاسیزم و پاکتاوی ڕەگەزی بە یەکەوە کار دەکەن. بەتایبەتی بەردەوام ڕاسیزم لە پێشدا پێویستی بە پاکتاوی ڕەگەزییە. لەم هەلومەرجەدا باسی گشتی ڕاسیزم بە تەنیا خۆی نەخستووەتە بەر مەترسی و جیهانگیری بە بەهای، لە دەستدانی وردی و گونجاوی مێژوویی بەدەستهێناوە. بەڵکو تێگەیشتنێکی چڕترە لە بارەی پەنجە خستنەسەر فرەلایەنی پێویست بوونی ڕاسیزم، کرداری گشتگیری ئەو، پەیوەندی ئەو بە سەرجەم ئەزموونەکانی ڕەخساندنی ڕێگە و کردنە دەرەوەی کۆمەڵایەتی، دەتوانرێت ئەمە، بە گێڕانەوەی بۆ ڕاسیزمی نوێ نیشانبدرێت، کە ئامانجی جێ مەبەستی نەک (عەرەب) یان (ڕەش) بەڵکو (عەرەب وەک ئالودەبوو) یان (خراپەکار) یان (دەستدرێژیکاری سێکسی)... هەروەها بەهەمان ڕێژە دەستدرێژیکارە سێکسی و خراپەکارەکانی وەک (عەرەب) یان (ڕەش)ە.

3. ئەم پێکهاتە گشتگیرە ڕاسیزمییە، کە ناچوونیەکە، بەڵام بە توندی بەیەکەوە گرێدراوە، (سەرەتا لە تۆڕێکی جوانکاری، دواتر لە ڕێگەی گوتار و ڕەفتارەکانەوە)، کە پەیوەندی پێویستی بە ناسیۆنالیزمەوە پاراستووە بە دروستکردنی نەتەوەی ساختە کە ناسیۆنالیزم لە دەوری ڕێکدەخرێت، یارمەتی گەشەکردنی دەدات.

4. ئەگەر پێویست بێت لە هەلومەرجی پێکهاتەییدا (ڕووکار و دامەزراوەیی) راسیزمی مۆدێرنی ئەم

واقیعییەتە بگونجێنین، کە لەو کۆمەڵگانەی راسیزم تێیدا گەشە دەکات، لە هەمانکاتدا پێویستە کۆمەڵگەی (یەکسانیخواز)بن، واتا ئەو کۆمەڵگانەی لە روکاردا چاویان لە ئاست جیاوازی نێوان پێگەی تاکەکان دادەخەن، ئەو کاتە ئەم تێزەی کۆمەڵناسی ناتوانرێت لە خودی گۆڕەپانی نەتەوەیی جیابکرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر ئەمە نەک دەوڵەتی مۆدێرن بەڵکو دەوڵەت – میللەت (ناسیۆنالیست)ی مۆدێرنە کە (یەکسانیخوازە) و سنورێکی ناوەکی و دەرەکی ئەم یەکسانییە کۆمەڵگەی نەتەوەیی بووە و ناوەرۆکەکەی ئەو کارانەیە کە راستەوخۆ ئاماژە بەو (یەکسانییە) دەکەن (بەتایبەتی مافی رایگشتی و "ناسنامەی" سیاسی). ئەمە زیاتر و بەر لە هەر شتێک یەکسانییەکە لەڕووی نەتەوەییەوە[103].

لێرەدا باسی ئەم دژەیەکییە (هەروەها دژیەکییەکانی تر، کە دەتوانرێت ئاماژەیان پێبکرێت)[104] گرنگی بەرچاوی بۆ ئێمە هەیە، چونکە لەو رێگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و راسیزم بابەتێکی لادەر نییە (چونکە جەوهەری "نایابی" ناسیۆنالیزم بوونی نییە)، هەروەها بابەتی لێکچوونی

103 . Cf. L. Dumon, Essai sur l" individualisme, Editions de Seuil, Paris 1983.

104 بەراوردی بکەن لەگەڵ گفتوگۆی نێوان تۆم نایرن و بندیکت ئەندرسۆن لە The Break-Up of Britain و Imagined Communities لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان ناسیۆنالیزم، نیشتیمانپەروەری، ڕاسیزم.

ویـنـایی بـوونی نیـیه، بەڵکـو بـابەتەکە دەربـڕی مێـژوویـیە. ئەوەی پێویستە درکی پێبکرێت جیاوازی تـایبەتی راسـیزم لەگەڵ ئەو شێوازەیە کە [راسـیزم] لە کـاتی دەرکەوتنی لە ناسیۆنالیزمدا لەگەڵ بوونی جیاوازییەکەی بۆ ناسیۆنالیزم پێویسـتە. ئەمە بەو واتـایەیە لەبەرئەوەی دەرکەوتنی ناسـیۆنالیزم و ڕاسـیزم ناتوانرێت بە بەکارهێنانی فۆڕمە کلاسـیکییەکانی هۆکـار، هۆکـاری میکـانیکی (یەکێـک وەک هۆی ئەوەی تر، کە ئەو لە چوارچێوەی بنەمای گونجاوی بەرهۆ لەگەڵ هۆ "دروستدەکات") هەروەها هۆی مەعنەوی (یەکێکی تـر "دەردەبڕێت" یـان واتـای پێدەدات یـان واتـا نهێنییـەکەی ئاشـکرا دەکـات) لە یەکتـر جیـابکرێنەوە. ئەم ئەرکە پێویستی بە دیالەکتیکی کۆبوونەوەی دوو دژیەکە.

ئەم پێویسـتییە لە دیەبەیتیـدا لەبـارەی (جەوهەری نـازیزم)، کە بـۆ هەمیشـە دەمێنێـتەوە زیـاتر لە هەر شـوێنێکی تـر ئاشـکرایە، دیبەیتێـک، کە جەمسـەرێکی مـوجەبە، بـۆ سـەرجەم فـۆڕمە جۆراوجۆرەکـانی هێرمۆنیتیکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە تێیاندا ڕەها نەبـوونە سیاسـییەکانی ئێسـتا ڕەنگـدەدەنەوە (هەڵدەگەڕێنەوە)[105].

---

[105]. بەراوردی بـکەن لە نێـوان پێشکەشـکردنی زۆر باشـی P. Ayçoberry لە:

La Question nazie. Essai sur les interprEtations du nationalsocialisme, ,1975-1922 Editions de Seuil, Paris, 1979.

لای ژمارەیەک، ڕاسیزمی هیتلەری خاڵی باڵای ناسیۆنالیزمە. لە بیسمارکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها ڕۆمانتیزمی ئەڵمانی یان لۆتەر، لە شکستی 1918 و نیگەرانی (سەرچاوە گرتوو لە) ڕێنووسی ڤێرسای سەرچاوە دەگرێت، ئایدۆلۆژیایەکی (لبنسراوم[106]، ئەوروپایەکی ئەڵمانی) بۆ پڕۆژەی ئیمپریالیزمی ڕەها ئامادە دەکات. ئەگەر یەکگرتوویی ئەو ئایدۆلۆژیایە لەگەڵ یەکگرتوویی شێتی بتوانرێت بپێورێت، پێویستە ئەمە بە وردی وەک شیکارێک دابنرێت بۆ دەسەڵاتداری کورت، بەڵام بە نزیکەیی تەواوی ئەو بەسەر (جەماوەر)دا، کە هەر (خواستەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبووبێت)، هەروەها (ڕابەرانیان)، ئەو ڕابەرانەی، لە کۆتاییدا نەزانیان میللەتیان دووچاری ئەو چارەنووسە شوومە کردووە. لە دوای سەرجەم فریووی (شۆڕشگێڕی) و پێچاوپێچییەکان، وەرچەرخانە مەیدانی و پێگەییەکان، ئامادەکارییەکانی دەسەڵاتی جیهانی، لە ناسیۆنالیزمی هاوبەشی نێوان جەماوەر، ڕابەران بە شێوەیەکی یەکسان شاراوەیە.

لای هەمووان ئەم ڕوونکردنەوانە هەرچەندە هێزە کۆمەڵایەتییەکان، نەریتە فکرییەکان، ڕووداوە، ستراتیژە سیاسییەکانیش شیکار بکەن. هەرچەندێک لەگەڵ شارەزایی، جەوهەری مەترسیداری نازیزم بە ڕێڕەوی نا ئاسایی مێژوویی ئەڵمانیاوە ببەستنەوە، بەردەوام

---

106. سیاسەتی لبنسروام ئاماژەیە بۆ زەوی و مادە سەرەتاییەکان. یەکێک لە ئایدیا سیاسییە سەرەکییەکانی ئادۆلف هیتلەر و بەشێکی گرنگی ئایدۆلۆژیای نازییەکان بوو.

مەحکـومن بە لەدەسـتدانی خـاڵێکی سـەرەکی. هەر لەبەر ئەم تێڕوانینەیە ڕای گشتی، ڕابەرە سیاسییەکان لە میللەتە (دیموکرات)ەکـان لە ئەو سـەردەمەدا نـازیزم بـوو. (وەک ناسیۆنالیزمێک، کە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی خۆیان دەپێورێت – کە تەنیـا لە ڕووی پـلەوە جیـاوازە) کە ئەوان خۆیـان لەبـارەی ئامانجەکـانی نـازیزمەوە فریـوداوە، پێیـانوابوو دەتوانن لەگەڵیدا، بە ڕێککەوتنێک بگەن، یان وێرانییەکانی سەرچاوە گرتوو لەوەوە سنوردار بکەن. نازیزم ئاوارتەیە (لەوانەیە تێپەڕین لە عەقڵانییەتی سیاسی نوسراو لەسەر دۆخی مرۆڤی مۆدێرن نیشان بدات) چونکە تێیدا لۆژیکی ڕاسیزم دەستی بەسەر تێکڕای هۆکارەکانی تردا گرتووە، خـۆی بە زیـانی لـۆژیکی (نایـاب)ی ناسیۆنالیسـتی دەسـەپێنێت، هەروەهـا لەبەرئەوەی (شـەڕی نەژادی) ناوەکی یان دەرەکی، دەبێتە هۆی بێبەشکردنی (شـەڕی نەتەوەیـی) کە (ئامـانجی دەسـەڵاتداری ئەو وەک ئامـانجی ئەرێنـی دەمێنـنەوە)، لە مـڕووەوە دەتوانرێـت نـازیزم بە ڕۆحـی بەرجەسـتەی ئەو (نیهیلیـزم)ە بزانرێـت، کە خـۆی باسـیدەکات. نیهیلیزمێـک، کە تێیـدا لەنـاوبردنی دووژمنـی خەیاڵی، کە بە بەرجەستە بوونی خراپە دادەنرێت (جولەکە و کۆمۆنیسـتەکان)، هەروەهـا لەنـاوبەری خـود (زیـاتر لەنـاوچوونی ئەڵمانیـا تـا دانپێـدانان بە شکسـت لەلایەن "نـوخبە نەژادییەکـان"ییەوە، پـارچە قووماشـی SS و حزبـی نازی) یەکتر دەگرنەوە.

دەبینین لەم گفتوگۆیەدا گوتـارە شـیکارییەکان، بەهـای دادوەرییەکان بەردەوام تێکەڵی یەکتر دەبن. مێژوو خۆی

لە پلەی دیاریکردنی کاری نۆرماڵ و کاری نەخۆشدا دەرخستووە، لە کۆتاییدا ڕەنگدەرەوەی گوتاری بابەتی خۆی دەبێت، نازیزمێک بە خراپە دادەنێت، کە خۆی دووژمنان و قوربانیانی بە خراپە دادەنا. دەرچوون لەم ڕۆڵە ئاسان نییە، چونکە خاڵی بنچینەیی کوورتکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ گشتە ناسراوەکان نییە، کە بێباوەڕی کرداریان بە وردی ئەو دیاردەیە خۆی ئاشکرای کردووە، ئەو هەستە دژ و گوماناوییەمان دەبێت، کە ناسیۆنالیزم لەگەڵ ڕاسیزمی نازیش بە پلەی باڵای گرێدراوییە نهێنیەکان گەیشتووە وەک هانا ئارێنت بە (ئاسایی) مەترسیدار ناوی بردووە، لە هەمانکاتیشدا بەرامبەر خۆی، ئەو فۆرمە باوەی هاتنەدی دەوەستێتەوە (کە بەپێی ئەو بەشێوەیەکی ئاسایی دەسەپێنرێت بۆ ئەوەی لە شێوەیەکی نەمردا ڕەخنە بکاتە ناو "هەستی ناسراو"ی جەماوەر). لەلایەکەوە نا عەقڵانییەتی ئەفسانە ناسی نەژادییەک (بە دڵنیاییەوە دوای ڕووداو) دەبینین، کە لە کۆتاییدا دەوڵەت – میللەتێک تێکدەدات. خۆی وەک باڵای ڕەها ڕادەگەیەنێت. دەتوانرێت ئەمە بە هۆکارێک بزانرێت بۆ ئەوەی ڕاسیزم وەک کۆمەڵێک، کە بێ واتایی کارە توندوتیژییەکانی ڕۆژانە لەگەڵ دەستخۆشی "مێژوویی" جەماوەر، بۆرۆکراتیزمی ئۆردووگا زۆرەملێییەکانی کار، کوشتار و خەیاڵی دەسەڵاتی "جیهانی" "نەژادی خاوەن" تێکەڵ بەیەک دەبن. ئیتر ناتوانرێت چوارچێوەیەکی سادە بۆ ناسیۆنالیزم لەبەرچاو بگیرێت. بەڵام پێویستە بە خێرایی لە خۆمان بپرسین. چۆن دەبێت ڕێگەی لێبگرین،

که ئەم نــــا عەقڵانیـــیەتە بـــووەتە هۆکـــاری خـــۆیی و تایبەتمەندی ئاوارتەی دژە سامی نازییەکان بۆ نهێنییەکی پیـرۆز بگۆڕێـت، بـۆ تێڕوانینێکـی تیـۆری بـۆ مێـژوو، کە مێـژوو وەک مێـژووی خـراپە دادەڕێـژێتەوە (بە گونجـان لەگەڵ ئەمکــارە قوربانییەکــانی بە ئــاژەڵی ڕاســتەقینەی پەروەردگـار دەناسـێنێت)؟ بەڵام هـیچ دڵنیـاییەک نیـیە، کە ئەنجامـدانی پێچەوانەی ئەمکـارە و دەرەنجـامی ڕاسـیزمی نازی لە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی ئێمە لە نـا عەقڵانییەت بۆ گشت ڕاو بنێت. چونکە پێویستە دانبەوەدا بنێین، کە تەنیا ناسـیۆنالیزمێک "بە مەبەسـتی" توونـد، ناسـیۆنالیزمێک، کە بە درێژکراوەیەکی "ئاوارتەیی" لە بەرکەوتنی نـاوخۆیی و دەرەکـی توونـد ببـوو. تـوانی ئامـانجە ڕاسـیزمییەکانی تـا ئەوەنـدە بە ئایـدیال بکـات. کە توونـدوتیژی ئەنجامـدراوی لەلایەن ئەشـکەنجەدەرانەوە مـومکین کـردووە، ئەمکـارەی لەبەرچـاوی جەمــاوەر "بە ئاســاییکردووە". پێکهــاتەی ئەم بێواتـایی و ئایدیالیسـتییە بـووەتە هـۆی بەهێزکردنـی ئەم وێنـا مێتـافیزیکییە، کە لەوانە ناسـیۆنالیزمی ئەڵمـانی خـۆی لە مێژوودا (ئاوارتە) بێت، لەگەڵ ئەوەدا، کە ناسـیۆنالیزمی ئەڵمــانی بە نــاوەڕۆکە نەخۆشـەکەی لە پەیوەندیـدا لەگەڵ لیبڕالیــزم نمــوونەی ناســیۆنالیزمە، بەڵام دەتوانرێــت لە ناسیۆنالیزمی (ئاسایی)دا کوورت بکرێتەوە. کەواتە لێرەدا بۆ ناسیۆنالیزمی (باش) و (خراپ) دەگەڕێینەوە.

ئێستا ئایا دەتوانین لە پەیوەندیدا لەگەڵ هەر پێگەیەک، کە تێیدا ڕاسیزم و ناسیۆنالیزم لە گوتارەکاندا، بزووتنەوە جەماوەرییەکـان، سیاســەتە تایبەتییەکانـدا دەناسـرێنەوە،

دووبــارە پەی بە ئەو شــتە بــبەین، کە گفتوگــۆ لەبــارەی نــازیزمەوە ئاشــکرا دەکــات؟ لەم گرێــدراوییە نــاوەکییە، تێپەڕین لە بەرژەوەندییەکان و ئامانجە عەقڵانییەکان، ئایا هەمــان دژیەکــی بــوونی نیــیە؟ دژیەکیــیەک، کە پێمــانوایە هەلومەرجەکــانی جــارێکی تــر لە واقیعییەتــی ئەمڕۆمانــدا دەتوانرێت ببینرێت، بۆ نموونە کاتێک بزووتنەوەیەک، کە نۆستالیژیای یەک (سیستمی نوێی ئەوروپیی) و (ئازایەتی کۆڵۆنیــالیزم)ی لە نــاخی خۆیــدا هەیە. هەرچەنــدێک بە ســەرکەوتوویی بۆ ئەگەری (ڕێگە چارەیەک) بۆ (بــابەتی کۆچبەران) بانگەشە دەکات.

بە بەخشینی گشتگیری بە ئەم ئەندێشانە دەتوانم بڵێم ســەرەتا لە (زەمیــنە)ی مێژوویــی ناســیۆنالیزم، بەردەوام دیاریکردنی بەرامبەرێک لە نێوان ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم هەیە.

ئەم پەیوەندییە بەرامبەرە ســەرەتا خۆی لە شێوازێکدا نیشــــاندەدات، کە بەرفراوانبــــوونی ناســــیۆنالیزم و بەکارهێنانی ڕەسمی ئەو لەلایەن دەوڵەتەوە، ئانتاگونیزم، ئەو ئازارانەی بە ئاشکرا ڕەگ و ڕیشەی تریان هەیە، بۆ ڕاسیزم بە واتــا مــۆدێرنەکەی دەیگۆڕێــت (هەروەهــا ئەو نیشــانە گوتاریــانەی نەتەوایەتــی بەســەر ئەوانــدا دەسەپێنێت). ئەمە لەو شێوازەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە کاتی وەرگرتنەوە بە دواوە لە ئیسپانیا، دژە جولەکەیی ئیلاهیاتی لەو کاتەدا دەستی بە دەرکردنی ڕەچەڵەکناسی لەسەر بنەمای (پابەندی خوێن) جێگۆڕکێی بە بنەماکان کــرد، کە نەژادی ئیســـپانیایی دەســـتی، بە دەســـت

بەسەرداگرتنی نویّ کردبوو، هەروەها [ڕەگ و ڕیشەی ئەمکارە] بۆ شێوازێک دەگەڕێتەوە، کە لە ئەورووپای مۆدێرن (چینە مەترسیدارە) نوێیەکانی پڕۆلیتاریای نێودەوڵەتی زیاتر لەژێر باسی (کۆچ) جێبکرێنەوە، باسێک کە بۆ ناوێکی ڕەسەن دەگۆڕێت، کە لە نەتەوە قەیراناوییەکانی سەردەمی پۆست کۆلۆنیالیزمدا بە نەژاد دەوترێت.

ئەم دیاریکردنی بەرامبەرە هەروەها خۆی لە شێوازی سوود وەرگرتنی تەواوی (ناسیۆنالیزمی ڕەسمی) سەدەی نۆزدە و بیستەم لە دژایەتی سامی بۆ پێدانی یەکگرتوویی فەرهەنگی و سیاسی میللەتێک، بۆ ناهەماهەنگی دەوڵەتێکی فرەنەتەوە[107] نیشان دەدات. گوایە دەسەڵاتی فەرهەنگ و میللەتێک خاوەنی یەکگرتووییەکی کەم تا زۆر خەیاڵی (بۆ نموونەی "نەتەوەی" ڕووسیایی، ئەڵمانی یان ڕۆمانی) لەسەر زۆرینەیەکی زنجیرەیی نەتەوەکان و فەرهەنگی (کەمایەتی)یەکان، کە توێنراونەتەوە، پێویستە لەگەڵ ئازاری نەژادسازی گرووپێکی نیمچە نەتەوەی تەواو پشت بەستوو (بێ خاک و زمانی "نەتەوەیی")، کە نوێنەری دووژمنی هاوبەشی ناوخۆیی تێکڕای

---

107. لەوانە لە شیکارە نوێیەکان بڕوانن لە Imagined Communities کە بەراوردێکی باشە لە نێوان کردار و گوتارە بە ڕووسیایی و بە ئینگلیز کردنەکان.

فەرهەنگەکـــان، هاوڵاتیـــانی ژێردەســـتییەتی (قەرەبـــوو بکرێتەوە) و ڕەنگبداتەوە.[108]

ئەم دیـــاریکردنی بەرامـــبەرە لە کۆتاییـــدا خـــۆی لە مێـژووی خەبـاتی ڕزگـاریی نەتەوایەتیـدا نیشـاندەدات. چ بەرامبەر ئیمپراتۆرەکانی سـەردەمی یەکەمـی کۆلۆنیالیزم، دژی دەوڵەتە شانشـینە فرەنەتەوییەکـان بـووبن، چ دژی ئیمپراتـــۆرییەتە کۆلۆنیالیســـتە مۆدێرنەکـــان بـــووبن. کـــورتکردنەوەی ئەم پڕۆســـانە بـــۆ تـــاکە مۆدێلێـــک ساغبووەتەوە. بەڵام ڕێککەوتنێک نییە، کە بێ دواکەوتـن دوای ئەوەی ئەمەریکـــا (یەکەم مـــیللەت لەنـــاو مـــیللەتە نوێیەکانـدا لە وتەی بەناوبـانگی "لپسـیت") سـەربەخۆیی بەدەســـتهێنا، پاکتـــاوی سوورپێســـتەکان ڕێکخـــرا[109]. هەروەهـا لەخۆڕا نییە کە بەپێی شیکاری پێشنیارکراوی (بیپـان چانـدرا) "ناسـیۆنالیزم" و "مەرامـی سۆسیالیسـتی" بەیەکەوە لە هیندســـتان دروســـتبوون و لە ئەمڕۆشـــدا لە یەکتـر جیانـاکرێنەوە (زیـاتر بە هـۆی جـۆش و خرۆشـی مێژوویـــی زووی ناســـیۆنالیزمی هینـــدی و مەرامـــی

108 . Cf. Léon Poliakov, Histoire de l" antisémitisme, new edn (Le Livre de Poche Pluriel), vol. II, pp/ 259 et seq. : Madeleine Rebérioux, „L" Essor du racism nationaliste" , in P. de Comarmond and C. Duchet, eds, Racisme et société, Maspero, Paris 1969.

109 . Cf. R. Ertel and G. Fabre and E. Marienstras, En marge. Les minorités aux Etats-Unis, Maspero, Paris 1974, pp. 287 et seq.

سۆسیالیستی هیندۆ)[110]. یان لە جەزائیری سەربەخۆ توانەوەی (بەربەرەکان) لە (عەرەبیەت)یدا کردە ئەزموونی سەرەکی ئیرادەی میللەت بۆ بەرەنگاریی میراتی فرەکولتوری کۆلۆنیالیزم. یان بە ڕاستی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ دوژمنە ناوخۆیی دەرەکییەکان یان ڕووبەڕووبوونەوەی قوماری مەحاڵی پێکهێنانی (میللەتی ئیسرائیل) ڕاسیزمێکی بەهێزی دروستکردووە، کە بە ئاڕاستەی جولەکەکانی (ڕۆژهەڵات، کە پێیاندەڵێن ڕەشپێست)، هەروەها ئاڕاستەی فەلەستینییەکانیشە، کە لەسەر خاکی خۆیان دەرکراون، دەستیان بەسەردا گیراوە[111].

دەرەنجامی ئەم کۆمەڵە بابەتە تەواو جیاوازانە، کە پەیوەندیی مێژوویان هەیە دەبێتە شتێک، کە دەتوانرێت بە سەردەمی مێژوویی دیداری ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم دابنرێت، کە هێڵکاری دەسەڵاتی ڕوو لە زیادبوونی سیستمی دەوڵەت – میللەت بەسەر سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە. ڕاسیزم بەردەوام لە ناخی ناسیۆنالیزمەوە سەردەردێنێت، نەک تەنیا بە ئاڕاستەی دەرەوە، بەڵکو بە ئاڕاستەی ناوخۆش. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پیادەکردنی ڕێکخراوی جیاکاری، کە یەکەم

110 . Bipan Chandra, Nationalism and Colonialism in Modern India, Orient Longman, New Delhi 1979, pp. 287 et seq.

111 . Cf. Haroun Jamous, Israël et ses juifs, Essai sur les limites du volontarisme, Maspero, Paris 1982.

بـزووتنەوەی مـافە مەدەنییەکـانی پەکخسـت هاوکـات بـوو لەگەڵ چـوونی ئەمەریکـا بـۆ نـاو کێبڕکێـی کۆڵۆنیـالیزمی جیهــانی، پەســەندکردنی یــان ئەو ئایــدیایەی، کە نەژادە ئەوروپاییەکـانی بـاکوور ئەرکێکـی هەژموونیـان هەیە. لە فەڕەنسـا پانتـایی ئایـدۆلۆژیای (نەژادی فەڕەنسـایی)، کە سەرچاوەکەی لە ڕابردووی (خاک و مردووەکان)دا هەیە. هاوکاتە لەگەڵ سـەرەتای کۆچی بەرفـراوان، ئامـادەیی بۆ تۆڵەسـەندنەوە لە ئەڵمانیـا، دامەزرانـدنی ئیمپراتـۆرییەتی کۆڵۆنیالیست. هەروەهـا ناسیۆنالیزم لە نـاخی ڕاسیزمەوە ســەردەردێنێت، بەو واتــایەی ئەگەر ئەو ناســیۆنالیزمە رەسمییەی (ناسیۆنالیزمی نـوێ) کـاردانەوەی بەرامـبەری ڕاسـیزمی قـوڵ نەبـوو، ناسـیۆنالیزمی نـوێ خـۆی وەک ئایدۆلۆژیای میللەتێکی (نـوێ) دەرنەدەخست. بەمشێوەیە جولەکــــایەتی لە نـــــاخی دژایەتـــــی ســــامییەکان و ناســــیۆنالیزمەکانی جیهــــانی ســــێیەمەوە لە هەنــــاوی کۆڵۆنیالیزمی ڕاسیستەوە سەریان دەرهێناوە. بەڵام لەنـاو ئەم سەردەمە گەورەیەدا کۆمەڵێک ڕۆڵـی جیاجیا بوونیـان هەیە. نمـوونەیەک لەم ڕۆڵانە ڕۆڵـی پێویست لە مێژوویـی نیشتیمانی فەڕەنسایە. شکستی دژایەتی سامییەکان دوای ڕووداوەکەی (دریفـۆس)، کە بەشـێوەیەکی هێمـایی لەنـاو ئامانجەکـانی ڕژێمـی کۆماریخوازیـدا گـونجێنرا بـوو، تـا ڕێــژەیەک ئەگەری (ویژدانێکــی باشــی) کــردووتەوە، بـۆ ســالانێکی زۆر ئەو ئەگەرەی بـــۆ چەمکـــی ڕاســـیزم ڕەخساند، کە لە چەمکی کۆڵۆنیالیزم جیا بکرێتەوە.

بەڵام دەڵێم کەلێنی نێوان ئەزموونەکانی ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم هێشتا ماوە. ئەم کەلێنە لە نێوان دوو جەمسەری دژ و هاوتاکردنی زۆرەملێدا نا جێگیرە، نموونەی نازی نیشانیدەدات ئەم بە هاوشێوەکردنە، لە ڕووکاردا تەواوە. ئەم جیاوازییە دیارترە، نەک جیاوازی نێوان ناسیۆنالیزم و ڕاسیزم، بەڵکو جیاوازی نێوان فۆرمە دیاریکراوەکان، لە نێوان ئامانجە سیاسییە ناسیۆنالیستییەکان، بەرجەستە کردنی ڕاسیزم لە بابەتێکی تایبەتیدا، لە ساتێکی تایبەتیدا. بۆ نموونە کاتێک ناسیۆنالیزم لە ئەستۆگری (ئاوێتەکردنی) جەماوەرێکی ژێر دەست بە زۆر، وەک ئەوەی جەزائیری (فەرەنسی) یان کالدونیا (ئۆسکاتلەندە)ی نوێی (فەرەنسا). کەواتە لێرە بەدواوە تیشکدەخەینە سەر ئەم کەلێنە، ئەو فۆرمە دژیەکەی دەتوانێت لەخۆی بگرێت، بۆ ئەوەی ئەو خاڵەی لە زۆربەی نموونەکاندا ئاماژەمان پێدا باشتر لێیتێبگەین: واتا ئەوەی، کە ڕاسیزم (دەربڕی) ناسیۆنالیزم نییە، بەڵکو تەواوکاری ناسیۆنالیزم یان وردتر تەواوکەری ناخی ناسیۆنالیزمە، بەردەوام زیاتر لەوە، بەڵام بەردەوام پێویست بووە بۆ گەشەسەندنی، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ناتەواو بووە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکەی. بە هەمان ئەو شێوەیەی ناسیۆنالیزم بۆ بەدەستهێنانی دامەرزاندنی میللەت یان ئەنجامدانی پرۆژەی (نیشتیمانسازی) کۆمەڵگەش پێویستە و بەردەوامیش نا تەواوە.

- **پارادۆکسە گشتییەکان**

ئەو واقعیـــــیەتەی، کە تیـــــۆری و ســـــتراتیژەکانی ناسیۆنالیزم بەردەوام دژیەکن لەنێوان گشت، بەشـەکاندا، وێنـایەکی زیـاتر پەسـەندکراوە، کە دەتوانرێت بۆ بێکۆتـا فۆڕمەکەی درێژ بکرێتەوە. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزم هێزێکە بـــۆ یەکگرتـــوویی و عەقڵانیـــیەت ســـازی، هەروەهـــا ناسـیۆنالیزم پشـتیوانی لە شـێوە بتەکـانی ناسـنامەیەکی نەتەوەیـــی دەکـــات، کە لە ڕەگ و ڕیشـــەی مـــیللەتەوە ســـەرچاوەیان گرتـــووە، لە ڕووکـــاردا پێویســـتە لە هەر پەرتەوازە بوونێک بپارێزرێت. لێرەدا نەک فۆڕمی گشتی ئەم دژیەکیـــیە، بەڵکـــو شـــێوەی دەربڕینـــی ئەو لەلایەن ڕاسیزمەوە بۆ من جێی سەرسوڕمانە.

لە ڕاستیدا ڕاسیزم هەم لەلایەنی کاری گشتییە، هەم لە لایەنـی کـاری بەشـەکان و لاوەکیـیە. ئەو زیـادەیەی، کە ڕاســـیزم لە پەیوەنیـــدا لەگەڵ ناســـیۆنالیزم دووبـــارە دایـــدەڕێژێتەوە تەواوکارێـــک، بـــۆ ئەو دابینـــدەکات، هەم کردوویەتی بەگشتی، نەبوونی گشتێتی ئەو ناهێڵێت، هەم کردوویەتـی بە بەشـێک لە بەشـەکان، لە دەسـتانی تـایبەت بـوونی ناهێڵێـت. بە واتـایەکی تـر ڕاسـیزم لە ڕاسـتیدا جەوهەری شـاراوەی ناسـیۆنالیزم زیـاتر دەکـات. واتـا ناسیۆنالیزم لە ڕێگەی ڕاسیزمەوە دەچێتە (فڕینێک ڕووەو پێشـــوەی هەڵنەســـەنگێنراو) واتـــا گـــۆڕینی دژیەکیـــیە مادییەکانی بۆ دژیەکییە ئایدیالەکان[112].

---

[112]. زیـــاتر وادانـــراوە، کە دەتوانرێـــت بەڵـــگە بهێنـــرێتەوە، کە ناسـیۆنالیزم بەپـێچەوانەی سـەرجەم تیـۆرە سیاسـییە گەورەکـانی

لەڕووی تیـۆرییەوە ڕاسـیزم فەلسـەفەیەکی مێـژووییە، کە مێـژوو دەکـاتە لێکەوتەیەکـی نهێنـی، کە لە پەیوەندیـدا لەگەڵ جەوهەر، لەدایکبــوونی مــرۆڤ بــۆ ئەو ئاشــکرا دەبێــت. ڕاســیزم فەلســەفەیەکە هۆکــاری نادیــاری چارەنووسی کۆمەڵگە و خەڵکان ئاشکرا دەکات. نەزانینی ئەو هۆکـارە نیشـانەی لەنـاوچوون یـان بە گەواهیـدەری مێـژووی خـراپە هەژمـار دەکرێـت(113). هەڵـبەتە چەنـد لایەنێـک لە فەلسـەفەی مێـژوو لە خواسـتی ئیلاهیـات لە فەلسەفەکانی پێشکەوتن و دیالەکتیکییدا دەدۆزرێنەوە.

مارکسـیزم لەمە بەدەر نییە، ڕۆڵێکـی بەرجەسـتەی لە بەزیندوویی هێشتنەوەی نزیکی نێوان (خەباتی چینایەتی)

---

سـەدەی نـۆزدە و بیسـتەم بـێ تیـۆر و تیۆرسـینە. بەراوردی بـکەن لەگەڵ:

Anderson, Imagined Communities; Isaiah Berlin, „Nationalism – Past Neglect and Present Powers“ , in Against the Current: Essays in the History of Ideas, Oxford 1981

بەڵام ئەم بانەگەشـەیە بە واتـای لەبیرچـوونەوەی ئەو بـابەتەیە، کە ڕاســیزم زیــاتر ناســیۆنالیزم لە ڕووی تیــۆرییەوە بەهێزدەکــات، وەکچـۆن ڕۆژانە کۆمەڵێک وێنەی پێشکەشـدەکات و بەمشـێوەیە لە دوو جەمسەری (بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆژی) ڕۆڵ دەگێڕێت.

[113]. بەراوردی بـکەن لەگەڵ وتەکـانی M. Rodinson لەبـارەی ڕۆڵی ئامۆژگاری (Kerygma) لە بزووتنەوە ئایدۆلۆژییەکاندا:

„Nature et function des mythes dans les mouvements sociopolitiques d“ aprés deux exemples comparés communisme marxiste et nationalisme arabe“ , Marxisme et monde musulman, pp. 245 et seq.

و (خەباتی نەژادی) لە نێوان ماتۆڕی پێشکەوتن و نهێنی گەشەدا هەیە. لەبەرئەوە لە بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەگەرەکانی وەرگێڕانی یەکێک لەم جیهانە ئایدۆلۆژیانە بۆ ئەوەی تر ڕۆڵی هەبووە. بەڵام ئەم نزیکییە سنووردارى ئاشکرای هەیە. لێرەدا چەندین ئەنتی تێزی پەتی عەقڵانی و نا عەقڵانی، یان ئەنتی تێزی خۆشبینی و ڕەشبینی جێسەرنجی من نییە، لەگەڵ ئەوەی ڕاستە، کە زۆرینەی فەلسەفەکانی ڕاسیزم خۆیان وەک پێچەوانەی ناوەڕۆکی پێشکەوتن، لەسەر بنەمای لەناوچوون و نەمان و توانەوەی فەرهەنگ، ناسنامە، یەکگرتوویی نەتەوەیی نیشاندەدەن[114].

[114]. خستنە ناوی بابەتی (ڕەشبینانەی) لەناوچوون بۆ ناو داروینیزمی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا کە ڕوونە هیچ پێگەیەکی لە تیۆری هەڵبژاردنی سروشتی داروینی نییە هەنگاوێکی پێویستە بۆ سوودوەرگرتنی خراپی ئایدۆلۆژی لە تیۆری پەرەسەندن (یاریکردن بە واتای دووفاقی چەمکی بۆماوە). سەرجەم ڕاسیزمەکان بە تەواوی ڕەشبین نین، بەڵام سەرجەمیان لە ڕووی گریمانەییەوە بەمجۆرەن: نەژاد (کولتوور)ی باڵاتر (هەروەها لەگەڵیدا سارستانێتی مرۆییش) لە دەست دەچێت ئەگەر لەلایەن بەربەرییەکانەوە یان نەوە خراپەکانی مرۆڤایەتییەوە گەمارۆ بدرێت. کۆپی جیاکاریخواز (differentialist) دەڵێت سەرجەم نەژادەکان (کولتورەکان) لە دەست دەچن (هەروەها شارستانێتی مرۆڤایەتیش لەدەست دەچێت) ئەگەر تێکڕای نەژادەکان لەگەڵ جۆراوجۆریان گەمارۆی یەکتر بدەن. ئەگەر ئەو سیستەمەی ئەوان وەک کولتووره جیاوازەکان پێکدێنن لەناوبچێت و ئاڵۆزی (کولتووری جەماوەری) هاوشێوەکراو (standardized) جێگەی بگرێتەوە. ڕەشبینی مێژوو هەڵگری تێگەیشتنێکی بژاردە یان بڕیاردەرانە لە سیاسەتە: تەنیا بڕیارێکی

بەڵام پێموایە لە واقعدا بەپێچەوانەی فەلسەفە – مێژوو خەباتی نەژادی یان فەرهەنگی یان ئانتاگونیزمی[115] نێوان (نوخبەکان) و (جەماوەر)، دیالەکتیکێکی مێژوویی هەرگیز ناتوانێت خۆی وەک پانتاییەکی پەتی ناوەڕۆکێکی مانەوەی[116] بخاتە ڕوو. ئەم دیالەکتیکە نەک تەنیا پێویستە (خەبات) و (دژیەکی) ڕوونبکاتەوە، بەڵکو پێویستە پێکهاتەی مێژوویی ئەو هێزانەی ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، فۆڕمەکانی خەباتیش ڕوونبکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر پرسیارە ڕەخنەییەکانی پەیوەندیدار بە دووبارە داڕشتنەوەی خود، لە ڕێگەی مێژووەوە بپرسێت.

---

رادیکاڵ، کە دەربڕی ئەنتی تێزی نێوان ئیرادەی پەتی و ڕێڕەوی کاروبار و نێوان مرۆڤە خاوەن ئیرادەکان و مرۆڤە هەڵچووەکان بێت، دەتوانێت ڕێگە لە بەرەو پێشچوونی لەناوچوون بگرێت، ڕەنگیبداتەوە. مارکسیزم (بەشێوەیەکی گشتی سۆسیالیزم) بەشێوەیەکی مەترسیدار لەم تێڕوانینانە نزیک دەبێتەوە. لەوێوە، کە دووبارە نیشاندانەوە خود لە زۆرەملێیی مێژوویی بە سنووری کارەسات دەگەیەنێت، کە ئەمەش خۆی هەڵگری تێڕوانینێکی (بڕیاردەرانە) بۆ شۆڕشە.

115. چەمکێکە لە ڕەگی یۆنانی (anti) دژ و (agonisma) بە وتای دووژمنایەتی وەرگیراوە. ئەم چەمکە سەرەتا لەلایەن کانت-وە بەکارهێنراوە، هەروەها لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە هەموو کۆمەڵگەیەکی چینایەتی ئانتاگونستییە، واتا تایبەتمەندییەکەی بریتییە، کە دژیەکی بێچارەسەر، کە ئەم دژەیەکییانە لە ڕوانگەی کارل مارکسەوە تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی (کۆمۆنیستیدا) نامێنێت.

116. ئایینی مانەوی ئایینێکی عیرفانییە و پێکهاتووە لە ئاوێتەیەک لە ئایینەکانی موسیحی، زەردەشتی، بودایی و گنوسی.

لەم ڕوانگەیەوە فەلسەفە – مێژووی نەژاد، فەرهەنگەکان ڕەخنەیان لێناگیرێت.

بە دڵنیاییەوە فەلسەفەیەکی ڕاسیزم بوونی نییە. بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەندێشەی ڕاسیزمانە بەردەوام فۆڕمێکی ڕێکخراو لەخۆناگرێت. ڕاسیزمی نوێی هاوچەرخی ئەمڕۆ ئێمە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پانتاییەک لە فۆڕمە مێژوویی، نەتەوەییەکان دەکاتەوە. ئەفسانەی (خەباتی نەژادی)، کۆمەڵناسی گەشە، کولتورالیزمی (ڕوانگە جیاواز)، سۆسیۆبایۆلۆژی و ..... هتد. باس، هونەری کۆمەڵایەتی – سیاسی وەک کۆمەڵناسی، تاوانناسی، چاکسازی نەژادی ئەم سیستمە دەگرنەوە. هەروەها پێویستە ڕەچەڵەکناسی تیۆرە ڕاسیزمییەکان بکەینەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی (گوبینو و چمبرلین) و (دەروونناسی خەڵک) و گەشەی سۆسیۆبایۆلۆژیەوە، بە کۆمەڵناسی و مێژووی سروشتی ڕۆشنگەری[117] بگەین. هەروەها بەو شتەمان بگەیەنێت، کە (لوی سالا – مولنز)

---

117 . Cf. Especially the works of Michéle Duchet: Anthropologie et histoire au si écle des Lumiéres, Maspero, Paris 1971; „Racisme et sexualité au XVIII siécle" in L. Poliakov et al., Ni juif ni grec. Entretiens sur le racisme (II), Mouton, Paris/The Hague 1978; „Du Noir au blanc, ou la cinquiéme génération" in L. Poliakov et al. Le Couple interdit. Entretiens sur le racisme (III), Mouton, Paris/ The Hague 1980.

به "ئیلاهیاتی سپی پێستی – ئینجیلی" ناوی دەبات[118]. بۆ ئەوەی خێراتـر بە بـابەتە سـەرەکییەکە بگەیـن دەمەوێـت سـەرەتا چاوێـک بخشـێنمەوە بە ئەو چـالاکییە فکـرییەی بەردەوام، بـۆ زیـاتر لە سـێ سـەدە لە ڕاسـیزمی تیۆریـدا بەکـارهێنراون، ئەو چـالاکییەی ئەو تـاوانەی پێدەبەخشـێت خـۆی لەو شـتەدا دەربڕێـت، کە دەتوانرێـت بە (مەیلـی زانین)ی ڕاسیزمی ڕۆژانە ناوی ببرێت.

زیـاتر لە هەر شـتێک چـالاکی بنچینەیـی ڕێکخسـتنێکە، واتا هەڵوەستەی جۆرایەتی مرۆڤایەتی لەسـەر جیاوازییە دروسـتکەرەکانی، گەڕان بە دوای ئەو پێـوەرانە بـۆ بە (مـرۆڤ) نـاوبردنی (مـرۆڤ). چ شـتێک ئەوان بەوشـێوەیە لێـدەکات؟ ئەوان تـا چ ڕێـژەیەک بەوجـۆرەن؟ لە چ جۆرێکن؟ هەر فۆڕمێک، لە ڕێکخستنی ڕیزبەندی ئەمجۆرە ڕێکخسـتنە ڕیزبەنـدکردنە بە گریمـانە وەردەگرێـت. ئەم ڕیزبەنـدییە لەوێـوە دەتوانێـت ببێـتە هـۆی ئەمجـۆرە ڕیزبەنـدییە، کە داڕشـتنی کەم تـا زۆر یەکگرتـووی خشـتەیەکی زنجیرەیـی لەو گروپـانەی، کە مرۆڤـایەتی پێکـدێنن، نمایشـی بـاڵای یەکگرتـوویی ئەو لە ناویـدا، لە ڕێـگەی نایەکسـانییەوەیە. لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا دەتوانرێـت بە خۆپەسـەند و ڕوانـگەی جیـاوازی نایـاب بزانرێت. یان بەلایەنـی کەمەوە لە ڕووکـاردا وایە، چـونکە پێـوەرە بەکارهێنراوەکـان بـۆ دانـانی جیـاوازی هەرگیـز

---

[118]. Cf. Loius Sala-Molins, Le Code noir ou le calvaire de Canaan, PUF, Paris 1987.

ناتوانن له پێکهاتەی واقعیدا (بێلایەن) بن. ئەوان له ناخی خۆیاندا ئەو بەها کۆمەڵایەتی – سیاسییەیان هەیە، که له کرداردا جێبیناکۆکی بوون، پێویسته بەشێوەی ناڕاستەوخۆ به سوودوەرگرتن له نەتەوە یان فەرهەنگ بسەپێنرێن[119].

ڕێکخستن و (دروستکردنی) زنجیرەی پله، چالاکی جەوهەری تەواون، یان به واتایەکی وردتر چالاکی پرۆژە جیاوازە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانە، له قەڵەمەڕەوی جەوهەری خەیاڵیدا. بەڵام نابێت فریووی بەڵگە نەویستی دەرەنجام بخۆین. (جوهەری مرۆڤایەتی)، که سیستمێکه له (جیاوازییه سروشتییەکان) باڵیان بەسەر جۆرەکانی مرۆڤایەتیدا کێشاوە، بەهیچ شێوەیەک نیشاندەری باسێکی بێ ناوبژیوان نین. بەتایبەتی، که له ناخی خۆیدا نموونەی ڕەگەزیش هەیە. هەم لەلایەنی (بەرهۆ) یان سیمپتۆم[120] (تایبەتمەندی نەژادی) دەروونناسی بێت یان جەستەیی، بۆ جیاوازی نێوان دوو ڕەگەز، هەم لەلایەنی (هۆ)وە (ئامێز و

---

119. جیاکاری جێگۆڕکێ به پاکتاو دەکات. بەشێوەیەک ئەوی له قۆناغی چینایەتی دەرکەوتنی بێ ناوەندی گرووپەکان بۆ هەمان پێوەرەکانی دیاریکردنی چینەکان گواستووەتەوە، (نەخشەی دووەمی) بۆ ڕاسیزم دروستکردووە. جیاکاری ئەو ئایدیایەی، که نەژادەکان بەشێوەیەکی سروشتی گریمانەیین جێگەیەکی بەو چەمکه پڕدەکاتەوە، که (مەیلی ڕاسیزمانه) بەشێوەیەکی سروشتی گریمانەیین.

120. ئینگلیزییەکەی Symptom دیاردەیەکی هزری و سوبێکتییە، به درک و گۆڕان له جەستەدا دەوترێت، که ئاماژەن بۆ نەخۆشی و لەلایەن نەخۆشەوە دەردەبڕدرێن

میراتـــی)ییە. گرنگـــی ســـەرەکی پێــوەری ڕەچەڵەکناســـی لێرەوەیە، پێوەرێک، کە هەمـوو شـتێکە مەگەر باسـێک، کە گرنگـی نایـابی هەبێـت. باسـێکی سـیمبولییە، کە جەخـت دەکـــاتەوە لەســـەر دادوەری ڕێژەیـــی، زیـــاتر، بەر لە هەرشـــتێک جەخـــت لەســـەر یاســـایی بـــوونی ڕەچەڵەک دەکاتەوە. لەبەرئەوە دژیەکی شـاراوە لە (جەوهەرگەرایـی) نەژادیدا هەیە، کە پێویستە لە جوڵەیەکی زیـاتر لەمەوبەرە و (بـان جەوهەر)ی سـەرەتایی، (دێـرین) بەسـەریدا زاڵـبن، کە بەردەوام بەرلەوە دەدرێـــتە پـــاڵ کـــارێکی خەیـــاڵی، کـارێکی خەیـاڵی، کە لەنێـوان باشــە و خـراپەدا، پـاکی و لاداندایە[121].

چوارچێوەی یەکەم بێ دواکەوتن چوارچێوەی دووەم دەناسێنێت. سەرجەم ڕاسیزمە تیۆرییەکان ناسینێکی کەم لە کاروبـــاری کۆمەڵناســـی وەردەگـــرن. بە دەربڕینێـــک شـێوازی هەڵبـژاردن و تـێکەڵەی ئەمکـارە گشـتیانە لەلایەن ڕاسـیزمەوە، کە گەشـەپێدانی بیـرۆکەیەک دروسـتدەکات. بەشـێوەیەکی سروشـتی لەنێـوان ئەم کاروبـارە گشـتیانەدا چەمکـی (میراتـی بۆمـاوەی مرۆڤـایەتی) یـان (نەریتـی کولتـوری) دەدۆزیـنەوە، بەڵام تێگەیشـتنە تایبەترەکـانی

[121]. بۆ لێکدانەوەی سروشـت وەک (دایکـی خەیـاڵی) لە ئادۆلۆژیـا ڕاسیزم، و سێکسییەکان بەراورد بکەن لەگەڵ:

C. Guillaumin, „Nature et histoire. A propos d" un "matérialisme"" in Le Racisme, Mythes et sciences.

بۆ لێکدانەوەی ڕەچەڵەکناسی و بۆماوەیی بەراورد بکەن لەگەڵ:

Pierre Legedre, L" Insestimable objet de la transmission, Fayard, Paris 1985.

وەک جنێوفرۆشی مرۆڤ یان بە پێچەوانەوە گیانی لێبوردەییش دەدۆزینەوە[122]، کە ئێمە بەرەو فۆڕمی جیاوازی ئایدیاکانی زینۆفۆبیا، نەتەوە تەوەوری و هۆزگەرایی دەبات. لێرەدا ئەگەری کایەیەکی دوولایەنە دەدۆزینەوە، کە هەندێکجار بە دابەشکردن، بە زنجیرەکردنی پلەکانی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی مرۆیی و هەندێکجار بە گۆڕان بۆ پاساوی (پێویستی سروشتی ڕاسیزم) ئەو هەلە بە ڕاسیزمی نوێ دەدات، بۆ ئەوەی لە پشتەوە هێرش بکاتە سەر ڕەخنەکانی دژە ڕاسیزم. هەروەها ئەم ئایدیایانە بە نۆبەی خۆیان (ڕەگ و ڕیشەیان) لە کاروبارە گشتیترەکانی تردا هەیە، کە یان کۆمەڵناسین بۆ نموونە ئەو ئایدیایەی، کە لەناو هەموو هاوسەرێکدا یەکێک لە مەرج و یاساکانی سەرجەم مرۆڤایەتی هەیە، لەبەرئەوە دەرەوەی هاوسەرێتی دەبێتە هۆی نیگەرانی، یاساغییەکی جیهانی، یان دەروونناسی بۆ نموونە سەپاندن و دەستوەردانی خەوێنەر، ئەو چەمکانەی دەروونناسی بە کۆمەڵ بەشێوەی نەریتی پەنای بۆ بردوون.

---

122. بەراورد بکەن لەگەڵ شێوازی ڕیزبەندکردنی (سۆزی هاوڕێیەتی) لە سۆسیۆبایۆلۆژی: سەرەتا خێزان، دواتر دۆستایەتی خزم – خزم و لە کۆتاییشدا کۆبوونەوەی نەتەوەیی، کە پێویستە درێژەی هەمان ئەوە بێت.

Cf. Martin Barker, The New Racism. Conservatives and the Ideology of the Tribe, Junction Books, London 1981.

لە تێکڕای ئەم کاروبارە گشتیانەدا دەتوانرێت بوونی بەردەوامی (پرسیارێکی) یەکسان ببینرێت. پەرسیاری جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیانەوەر، کە تایبەتمەندییەکی بابەت خولقێنەری ئەو بۆ شیکاری دژیەکییەکانی ناو کۆمەڵگە و مێژوو بەکارهێنراوە. بەمشێوەیە لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی کلاسیکدا فۆڕمێکی دژیەکی پەرەسەدنمان هەیە، کە پێویستە مرۆڤایەتییەکی شایستە لە ناخی گیانەوەران دەربهێنرێت (واتا کولتور، دەسەڵاتی تەکنەلۆژیا بەسەر سروشتدا –لەوانە دەسەڵات بەسەر سروشتی مرۆڤایەتی: چاکسازی نەژادی)، بەڵام ئەمکارە بە سوود وەرگرتن لەو ئامرازانە ئەنجام بدات، کە تایبەتمەندی گیانەوەری بوون (مانەوەی باشترین) یان بە دەربڕینێکی تر بە سوود وەرگرتن، لە کێبڕکێیەکی (گیانەوەری) لە نێوان پلە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی. لە سۆسیۆبایۆلۆژی و ڕەفتارناسی گیانەوەری هاوچەرخدا، ڕەفتارە (کۆمەڵایەتی – سۆزداری) تاکەکان، لە هەمووشیان گرنگتر لە گروپە مرۆڤایەتییەکاندا (جنێوفرۆشی و لێبوردەیی) وەک نیشانەی پاکنەبووەوەی گیانەوەری لە مرۆڤایەتی پەرەسەندوودا دەناسێنرێن. لەوانەیە ژمارەیەک بیر بکەنەوە، کە ئەم ناوەڕۆکە لە کولتورالیزمی جیاکاریدا لە بنەڕەتەوە بوونی نییە. من پێموایە بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. لە جووتبوونی بەردەوامی گوتاری جیاوازی کولتوری و باسی ناسینی ڕەسەنایەتیدا بەتایبەتی لە وەرگرتنی باسی کولتوری

بەپێی تاکێتی، هەڵبژاردن، بەرهەمهێنانی لێکچوو، هاوژیانی هەیە. لە مرۆوەوە گیانەوەری مرۆڤ، گیانەوەری لە ناخ و دژی مرۆڤایەتی ئامرازی ڕاسیزمی تیۆری بۆ تێگەیشتنی مێژوویی مرۆڤە. مێژوویەک، کە بەشێوەیەکی دژیەک وەستا، ڕوو لە ڕابردووە، ئەگەر گۆڕەپانێک بۆ لایەنگری (ئیرادەی) بوونەوەرە باڵاکانیش بڕەخسێنێت.

وەک چۆن بزووتنەوە ڕاسیزمەکان ئاماژەن بۆ سەنتێزی پارادۆکسی ئایدۆلۆژیا دژیەکەکانی شۆڕش و ڕابردوو پەرستی، کە لە هەلومەرجی تایبەتیدا زیاتر لە ڕابووردوو لە پارادۆکسی بووندا کاریگەرن. بەهامەنشێوە، ڕاسیزمی تیۆری ڕوونکەرەوەی سەنتێزی نموونەیی گۆڕان و جێگیری، دووبارەکردنەوە و نرخاندنە.

ئەو (نهێنییە)ی ڕاسیزمی تیۆری بەردەوام ئاشکراکردنی دەڵێتەوە نهێنی ئەو مرۆڤایەتییەیە، کە بۆ هەمیشە گیانەوەری بوونی تێپەڕاندووە، بۆ هەمیشە هەڕەشەی کەوتنە چنگی لەسەرە. لەبەرئەوەیە کاتێک (ڕاسیزمی تیۆری) هۆی کولتور دەکاتە جێگرەوەی هۆی نەژادی، بەردەوام پێویستە ئەمە بە (میراتێک، ڕەچەڵەکێک، ڕەگ و ڕیشەیەک) و سەرجەم هۆکارە پەیوەندیدارە خەیاڵییەکانی بەردەم مرۆڤایەتی خاوەن بنەچە گرێبدات.

لەبەرئەوە ئەو باوەڕەی، کە ڕاسیزمی تیۆری لەگەڵ هەموو فۆڕمێکی باڵایی نا سازگارە، کە ژمارەیەک، لە ڕەخنەگرانی دواتری کولتورالیزم، کە بەرامبەر ناسیۆنالیزمیش هەمان هەڵە دەکەن. بەو ئەنجامە

گەیشـــتوون، زۆر لە ڕاســـتییەوە دوورن. بەپـــێچەوانەوە تیۆرییە ڕاسیزمییەکان ڕووکارێکی ئارایشتکراویان هەیە، بە ســـــیمبولکردنی جۆرەکـــــان، کە فـــۆڕمی نایابیـــــان جوانناســـییە، لەبەر ئەم هۆکـــارەیە ئەم سیمبولســـازییە بە پێویست دادەنرێت، بۆ وەسف و دانانی بەهـا بۆ جۆرێکی تـایبەتی مرۆڤەکـان، نیشـاندانی نمـوونەیی مـرۆڤ، هەم لە ڕووی جەســــــــتەیی، هەم لە ڕووی هـــــــــزرییەوە (لە دێرینەکانەوە تا نەوە ئامادەکانی میللەتە پێشکەوتووەکانی ئەمـرۆ) بە بەرزتـرین ئاسـت دەگـات. ئەم ئایـدیایەش بە مرۆڤی سەرەتا (لەناونەچوو) هەروەها بە مرۆڤی داهـاتوو (مرۆڤی باڵا) دەگات. ئەمەش نەکا بۆ تێگەیشتنی شـێوازی بەیەکگەیشـــتنی ڕاســـیزم و پاکتـــاوی نەژادی، هەروەهـــا تێگەیشـتنی پەیوەنـدی نێـوان ڕاسـیزم و کۆلۆنیالیســـت و بێگـــانەیی سیاســـی پێویســـت بێـت. بە هـــونەری کردنـــی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان پشـکی شـێری ڕاسـیزمی، لە گەشـــــەپێدانی مەیــــدانی سیاســـــەت بەرکەوتـــــووە. بە سـیمبولکردنی بەهـا تەکنۆکراتییەکـانیش باشـترین جۆر لە پێداهەڵدانی جوانناسی بە گریمـانە وەردەگرێت. لەخۆیەوە نیــیە، کە بەڕێــوەبەری ئەمـــڕۆ، کە بڕیــارە کۆمپانیاکـــانی حـوکمڕانی جیهـان بـکەن. لەیەک کاتـدا هەم وەرزشـکارە، هەم ژنـــــانی خۆشـــــدەوێت. هەڵگێـــڕانەوەی ســـــیمبولی هەنـوکەیی لە نەریتـی سۆسیالیســتیدا، کە لە بەرامـبەردا ڕووخســـاری کرێکـــاری وەک جـــۆرێکی تەواوی مرۆڤـــی داهـاتوو وەک تێـپەڕین، لە بێگـانەیی قـوڵ بـۆ بە توانـایی نرخانـــــدوویەتی، وەک دەزانـــــین بە هـــــونەریکردن، بە

ڕەگەزیکردنـــی لەگەڵــدا بـــووە، کە ئەوەی پێــداوە لەلایەن فاشـــیزمەوە زینــدوو بکـــرێتەوە. ئەم هەڵگێـــڕانەوەیە ئـــێمە ناچـــار بەو پرسـیارە دەکـات. کە کـام پێکهاتـانەی ڕاسـیزم بەشـــێوەیەکی مێژوویـــی لە (هیومـــانیزمی سۆسیالیســـتیدا) دووبارە سەریان دەرهێناوەتەوە[(123)].

مـــانەوەی جـــێ ســـەرنجی ئەم نـــاوەڕۆکە مێژوویـــی، کۆمەڵناســــــییە ڕێــــــگە بە ئــــــێمە دەدات دەســـــــت بە ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە شاراوەکانی ئەو پەیوەندیانە بکەین، لە ڕاسـیزمی تیۆری، کە بۆ مـاوەی زیـاتر لە دوو ســـەدە ئایـــدۆلۆژیا هیومانیســـتییەکانی (یـــان گشـــتگەرا) پاراستووە. ڕەخنە لە ڕاسیستە (بایۆلۆجی)یەکـان بـووەتە هـۆی بـرەودان بەم وێنـاکردنە بەتـایبەتی، لە فەڕەنسـا کە ڕاسـیزم بەپێـی پێناسـەکان لەگەڵ هیومـانیزم ناسـازگار بـووە. لەبەرئەوە لەڕووی تیـرۆرییەوە فـرە هیمـوانیزمە،

---

123. بۆ لێکدانەوەی ئەندێشـەی نـازی وەک جـوانکردنی سیاسـەت بەراورد بکەن لەگەڵ:

Philippe Lacoue-Labarthe, Heidegger, Art and Politics, Transl. C. Tirner, Basil Blackwell, Oxford 1990.

ئامـاژە 31 لاپەڕەی La Question nazie لە Pierre Ayçoberry بەوە دەکـات کە جوانناســـی نـــازی (بە دانـــانی هەمـــوو باســـێک بە شـێوەیەکی بەهێـز لە پێگەیەکـی گونجـاوی خۆیـدا لە کـۆمەڵگەیەکی نەژادیـدا بـۆ خۆشـکردنی جێپێـی بەرەنگـاری چینـایەتی بەکاردێـت: جووتیارێک، کە ڕەچەڵەکی هەیە، بەهێزە، کرێکارێک، کە وەرزشکارە و ئەو ژانانەی ماڵەوەن.) بەراورد بکەن لەگەڵ:

A.G. Rabinbach, „L“ Esthétique de la production sous le III Reich“ , Recherchers, nos 32-3, 1978.

چــونکە (ژیــان)ی بە نرخــی لە دەســتدانی بەهــا تەواو مرۆییەکــانی وەک ئەخــلاق، زانســت و پــلەی تــاک دەنرخێنێــت. بەڵام لێــرەدا بزربــوون و هەڵەتێگەیشــتنێک هەیە. بزربـــوون لەو لایەنەوە، کە (ژیـــنگەی) تیـــۆرە نەژادییەکان (لە هەڵسەنگاندنی جەماوەرەوە تا داروینیزمی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆبایۆلۆژی) خۆی لە خۆیدا نرخاندنی ژیان نییە، چ بگات بە بەکارهێنانی بایۆلۆجی. بەڵکو ئەم ژینگەییە وەرگرتنێکی زیندوکراوەیە، بۆ بەها کۆمەڵایەتییە بە سێکســی کراوەکــان. وزە، ڕەهــایی، داهێنــانی کــار و بەگشتی سەرجەم داڕشتنەوە نێرینەکانی دەسەڵات یان لە بەرامبەردا کاردانەوە، چێژ وەرگرتن، ژنانی، یەکگرتوویی، توندڕەویی، ســەرجەم دووبــارە داڕشــتنەوەکانی یەکێتــی (ئەنـدامی) کـۆمەڵگە لە چوارچێـوەی یەک (خێـزان)ی نـاو هاوســـەری. ئەم وەرگـــرتنە ژیـــارییە پەیوەنـــدی بە هـارمۆنیتیکێکەوە هەیە، کە تایبەتمەندییەکانی جەستەیەک بــۆ دیــواری (کەســایەتی) دەروونناســی یــان کولتــوری دەگۆڕێـــــت. لەپـــــاڵ ئەم ڕێـــــگە لێبزربـــــوونەدا هەڵەتێگەیشــتنێکیش هەیە، چــونکە خــودی ڕاســیزمی ژینگەناسی هەرگیز ڕێگەیەک بۆ چارەسەری وردەکاری مرۆیی لە مەیدانی بەرفراوانی ژیان، گەشە یان سروشت نەبووە،.بەڵکــو ڕێــگەیەک بــووە بــۆ بەکارهێنــانی باســی درۆینەی ژینگەناسی بۆ بەهێزکردنی جۆری مرۆڤایەتی و باشترکردن، ڕزگارکردنی لە لەناوچوون، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ نەریتــی پـاڵەوانێتی و بیرکاریـدا هەیە. لێـرەدایە، کە دیالەکتیکی نیچەیی (مرۆڤی باڵا) ڕۆشنگەر دەبێت، وەک

چۆن (کۆلت گیومەن) بەجوانی وتوویەتی: "ئەم باسانە، کە نیشـــاندەری جیــاوازی ژینگەناســین، لەنــاو جۆرەکــانی مرۆڤایەتیــدان، بەو شــێوەیەش ناودەبرێــت. ئەمە خــاڵی بنەڕەتییە. لە ڕاستیدا جۆری مرۆڤایەتی چەمکی کلیلییە، بەپێی ئەم تێگەیشتنەیە، کە ڕاسیزمی ڕۆژانە بەهێزبووە و دەبێـت"[124]. ئەگەر (تـاوانی دژی مرۆڤــایەتی) بە نــاو بە سـوود وەرگـرتن لە گوتـاری هیومـانیزم ئەجـام نەدەدرا، کۆبــوونەوە دژی ڕاســیزم لە مەیــدانی ئەندێشـــەدا زۆر دژوار نەدەبوو. لەوانەیە لە هەرشتێک زیاتر ئەو واقعییەتە بێت، کە ئێمە لە بەرامبەر ئەو شتە دادەنێت، کە مارکس لە باسێکی تردا بە (ڕووی خراپ)ی مێژوو ناویبردووە، کە هەرچۆنێک بێت واقعییەتی ئەو پێکدێنێت.

بەڵام بوونی پارادۆکسی باسی هیومانیستی، گشتی لە دروستکردنی ئایدۆلۆژیای ڕاسیزمدا ئەو توانایە بە ئێمە دەدات، بـــۆئەوەی فرەیــــی قــــوڵی هــــۆی (نەژاد) و (جێگرەوەکانی ئێستای) لە ڕوانگەی یەکێتی و ناسنامەی نیشتیمانی تا ڕێژەیەک ڕوون بکەینەوە.

ڕاســیزم بـۆ گەشــەپێدانی وردەکارییەکــانی، ســەرەتا خــــۆی وەک ناســــیۆنالیزمی بــــاڵا پێشکەشــــدەکات. ناسیۆنالیزمی سیاسی پەتی وەک پێگەیەکی ئاشتیخوازانە، لە جیهـانێکی پـڕ لە کێبڕکـێ یـان نـاکۆکی بێبەزەییـانە بە لاواز دادەنرێـت. (لە ئەمـڕۆدا زمـانی "نـاکۆکی ئـابووریی" نێـودەوڵەتی لە هەر کـاتێکی تـر زیـاتر بـرەوی پێـدراوە).

---

124 . Guillaumin, L‟ Idéologie raciste, p. 6.

ڕاسیزم خۆی بە ناسیۆنالیزمی (تەواو) دەزانێت، کە تەنیا لە بارێکـــدا چانســـــی ســـــەرکەوتنی هەیە، کە پشـــــت بە یەکگرتـوویی نیشـتیمانی ببەسـتێت. یەکگرتـووییەک کە بە ئاڕاســــــتەی دەرەوە، ناوەوەشــــــە. لەبەرئەوە ئەوەی بە ڕاسـیزمی تیـۆری (نەژاد) یـان (کولتـور) یـان هەردووی ئەوان نـاوی دەبەن سـەرچاوەی یەکگرتـوویی نەتەوەیـیە، کۆمەڵێک لەو تایبەتمەنـدییانەی تـایبەتن بە نەتەوەییەکـان، هـــی خۆیـــانە، لە (نەژادی منـــدالاکانی)دایە، کە مـــیللەت دەتوانێت بیر لە ناسنامەی خۆی لە بـاری نایابدا بکـاتەوە. لە ئەنجامـــدا پێویســـــتە لە دەوری نەژاد یەکبگرێـــت و پێویستە لەگەڵ نەژاد کە (میرات)ێکە پێویستە لە هەرجۆرە لەناوچوونێـک بپارێزرێـت، هەم لە ڕووی (ڕۆحـی)، هەم لەڕووی (جەســــــتەیی) یـــــان (تـــــا مـــــۆخی ئێســـــک) هاوشێوەسـازی بکـات. ئەم بـابەتە بـۆ کولتـوریش وەک جێگرەوە یان دەرکەوتنی ناخی نەژادی ڕاستگۆیە.

هەڵــبەتە ئەمە بەو واتــایەیە، کە تـێکەڵەی بانگەشــەی چـوونە پـاڵی (گەڕانەوە)ی تـاک، هاوڵاتیـانی (لەدەسـتچوو) بۆ نموونە ئەڵمانییە (سوودیتین[125] یان تیرۆلـی[126])ییەکـان بۆ جەسـتەی نیشـتیمانی ڕاسـیزمە، بانگەشـەیەک، کە وەک چـۆن بەباشـــی دەردەکەوێـت پەیوەنـدی نزیکـی لەگەڵ بەرفراوانبـوونی یـان ناسـیۆنالیزم (پـان سـلۆڤینیایی، پـان

[125]. ســـودیدتین Sudetendeutsche لە نـــاوی چیـــای (ســـودیتین) وەرگیـــراوە. ئەو ئەڵمانیـــانەی لەو نـــاوچەیە ژیـــاون بە ئەڵمـــانی ســـودیتین ناوبراون.

[126]. ئەڵمانییەکانی دانیشتووی ئیتاڵیا.

ژێرمەنیـــزم، یـــان تۆرانیـــانیزم، یـــان عەرەبیـــزم، یـــان ئەمەریکـــــاییزم ، ....) بەڵام بەر لە هەرشـــــتێک ئەمە بەو واتایەیەی، کە ڕاسیزم تا ئەوەندی پەیوەندی بە میللەتەوە هەیە بەردەوام مەزادێکـــی (نایـــابگەرایی) دروســـتدەکات. میللەت بۆ ئەوەی خۆی بێت پێویستە لەڕووی نەژادی یان کولتـورییەوە پـاک بێـت. لەبەرئەوە پێویسـتە پێکهاتەکـانی (درۆزن، بێگـــانە، دوورگە، جیهـــانی نیشـــتیمانی) بەر لە لەنـاوچوون یان دەرکـردن لە نـاخی خۆیـدا جیـا بکـاتەوە. ئەم پێویســتییە جێــی دوو دڵــیە ڕاســتەوخۆ بەرپرســی نەژادســـازی گـــروپە کۆمەڵایەتییەکـــانە، کە تایبەتمەنـــدییە کۆمەڵسـازەکانیان بە نـاوی دەرەکـی و ناپـاک ناودەبرێت، ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە پەیوەندی بە شـێوازی ژیـانەوە هەبێـــت، یـــان پەیوەنـــدی بە بـــاوەڕ یـــان ڕەچەڵەکـــی نەتەوەییەوە هەبێت. بەڵام ئەم پڕۆسەی گۆڕینی نەژادە بۆ میللەتـی بـاڵا دەبێـتە هـۆی زیـادبوونی بێکۆتـای مەترسـی. پێویستە بە سـوودوەرگرتن، لە پێوەرێکی دڵنیـای ڕووکـار یان ڕەفتار، توانای ناسینی (نەتەوەییە ڕاستەقینەکان) یان (نەتەوەییە پێویستەکان) بوونی هەبێت، وەک (فەڕەنسـاییە فەڕەنســـییەکان) یـــان (ئینگلـــزە ئینگلیزەکـــان)، کە (بـــێن ئەندرســـــۆن) لەبارەیـــانەوە بە ســـــەرنجدانە پلەبەنـــدی چینەکـــــــان، دەســــــتەبەندی کارمەنـــــدانی دەوڵەت لە ئیمپراتـــۆرییەتی بەریتانیـــادا باســـیان دەکـــات. (ژێـــرمەنە تیوتۆنیـک)ە ڕەسـەنەکان. جیـاوازی دانـانی نازییەکـان لە نێـوان ئاگـــایی نەتەوەیـــی و یاســـای هـــاوڵاتیبوون یـــان

ئەمەریکایی بوونی ڕەسەن و ئەسپەکان، بە تێپەڕین لە سپیپێست بوونی هاوڵاتی (ئەفریکنەر). بەڵام ئەم پێوەرە، لە کرداردا پێویستە لە ناخی نەریتە دادوەرییەکان یان وردبینییە کولتورییە شاراوەکاندا، بە ڕەتکردنەوەی سەرجەم تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵسازی، سەرجەم سیستمە جیاوازەکان گەشە بکات. ئەمکارە گەڕانی ناسیۆنالیزم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی مەحاڵ لە ڕێگەی نەژادەوە سەرلەنوێ دەوروژێنێت. بێجگە لەوە زیاتر دەبینرێت، کە ئەو پێوەرانەی لەم ڕێگەیەوە ئاماژەی (نەژادی) هەروەها لە ڕێگەی یەکەمەوە کولتوری دەدۆزنەوە، پێوەرەکان زیاتر چینی کۆمەڵایەتین، یان لە کۆتاییدا بە شێوەی سیمبولی نوخبەیەک هەڵدەبژێرن، کە پێشتر بەهۆی نایەکسانییە چینایەتییە ئابووریی و سیاسییەکانەوە هەڵبژێردراوە، یان چینەکان لە ژێر دەستی ئەوانەدان، کە (پێکهاتەی نەژادی) و (ناسنامەی کولتوریان) بەر لە هەرشتێک جێی پرسیارە. ئەم کاریگەریانە بە وردی پێچەوانەی ئامانجی ناسیۆنالیستییە، ئامانجێک، کە نەک دروستکردنی نوخبەگەراییەک، بەڵکو دامەرزاندنی پۆپۆلیزمێکە، هەروەها نە گومان بردن بە هاوشێوە نەبوونی (جەماوەر)، بەڵکو نیشاندانی یەکگرتوویی پێویستە.

لەبەرئەوەیە ڕاسیزم دەیەوێت بە پێچەوانەوە کار بکات، لە میکانیزمی پتەوبوون، کە پێشتر لە پەیوەندیدا لەگەڵ ڕۆڵی دژە سامی لە ناسیۆنالیزمە ئەوروپاییەکاندا

باســـمانکرد ســـوود وەرگرێـــت. ناســـنامەی (نەژادی–کولتـــوری) (نەتەوەیـــیە ڕاســـتەقینەکان) بە نادیـــاری دەمێنێتەوە، بەڵام دەتوانرێت ئەو لەگەڵ تێگەیشتنی دژ لە ئاشـکرایی شـێوە خەیـاڵی جـێ بانگەشــەی (نەتەوەیـیە درۆزنەکـان) پەیپێبرێت. لێـی دڵنیـا ببـنەوە. جولەکەکـان، (واگەکـــان)، کـــۆچبەران، پاکییەکـــان، ڕەســـەنەکان، ڕەشپێستەکان... بە دەربڕینێکی تر (ناسنامەی نەتەوەییە ڕاستەقینەکان) بەردەوام دەبێـتە جێگومـان و مەترسـی، ئەو واقعیـیەتەی، کە (ناسـنامەی درۆیـنە) زۆر ئاشـکرایە، هەرگیـز گەرەنتـی ئەوە ناکـات، کە (ناسنامەی ڕاستەقینە) بە تەواوی ئاشکرا بێت. بەمشێوەیە ڕاسیزم بە هەوڵدانی بـۆ دیـاریکردنی جەوهەری هاوبەشـی نەتەوەییەکـان بە ناچـاری ڕووبەڕووی گەڕانێکـی بەگومـان بـۆ نـاوەڕۆکی ڕەســـەنایەتی دەبێـــتەوە، کە ناتوانرێـــت بـــدۆزرێتەوە، (هەروەهـــا ڕاســـیزم) باســـی میللەتـــی بچـــووکتری کردووەتەوە، میللەتی مێژوویی نـاجێگیر دەکـات.(127) ئەمە دەتوانێـــت لە بـــارێکی ئـــاوارتەدا ببێـــتە هـــۆی

---

127. ئەم بـابەتە دەبێـتە هـۆی سەفسـەتەیەکی بەرفـراوان: ئەگەر پێویستە بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە نەتەوەی فەڕەنسی نەوە یەک لە دوای یەکەکـانی کـۆچبەرانە ئەو کـاتە پەیوەسـت بـوونی مەعـنەوی ئەوان بەو مـیللەتەوە لەسـەر بنەمـای تێگەیشـتنی ئەوان پاسـاوی بـۆ دەهێنرێتەوە، ئەمە وەک ئامادەیی بە فەڕەنسـی بـوون لێکدەدرێتەوە. بەڵام بەردەوام دەتوانرێـت پرسـیار بکرێـت ئایـا تێگەیشـتنیان تەنیـا شتێکی دەستکرد و ڕووکار نییە؟

پێچەوانەبـــــوونەوەی خەیـــــاڵی نەژادی. لەولایەنەوە، کە لەوانەیە بتوانرێت پاکی نەژادی – نەتەوەیی بدۆزێتەوە و سـەرچاوەگرتنی لە سـەرچاوەی جەمـاوەرەوە گەرەنتـی بکـات. پێویسـتە ئەو لە چوارچێـوەی ئامـانجی مرۆڤێکـی نەتەوەیـی بـالادا دروسـتبکات. واتـای هەمـوارکردنەوەی نەژادی نازییەکان ئەمەیە. بەڵام پێویستە ئەوەشی بۆ زیـاد بکرێـــت، کە ئەم لایەنگـــرییە لە ســـەرجەم تەکنەلۆژیـــا کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردنی مرۆڤ، لە نەریتێکی تـایبەتی خوێندنی (بەریتانیایی تەواو)یشدا شـاراوە بووە. هەروەهـا پێویستە باس لەوەش بکرێت، کە ئەم لایەنگرییەی ئەمڕۆ لە بەکارهێنانی (پەروەردەیی) دەروونناسیدا بە ڕوانیـان لە جیاوازییەکانی شارەزایی هزریدا زیندوو بێت.

هەروەها ئەمە خێرایی زۆری تێپەڕین لە ناسیۆنالیزمی بـالا بـۆ ڕاسـیزم وەک بـان ناسـیۆنالیزم ڕوونـدەکاتەوە. پێویسـتە ئەم واقعیـیەتە بە جـدی وەربگیرێـت، کە تیـۆرە نەژادییەکانی سـەدەی نۆزدەیەم، بیسـتەم کۆبوونەوەکـانی زمـان، نەژاد و نەریت پێناسـە دەکەن، کە وەک بنەڕەتێکـی گشـــتی هاوشـــێوەی دەوڵەتە مێژووییەکـــان نـــین، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام ئامـاژەی نـا ڕاسـتەوخۆیە بـۆ یەک یـان چەنـد دانەیەک لەوانە. ئەمە بەو واتـایەیە، کە چوارچێـوەی گشـــتی ڕاســـیزمی تیـــۆری، کە لە پێشـــەوە لایەنەکـــانی کۆمەڵناسـیمان باسـکرد لێـرەدا ڕۆڵـی بنچینەیـی هەیە بە (گشتسـ ــــازی تــــایبەتی) هەروەهـــــا بە سیمبولســــــازی

ناسیۆنالیزم توانای بوون دەدات. لە کۆتا باسدا دەمەوێت ئەم لایەنە بە وردی باس بکەم[128].

ئەفسانە نەژادییە کلاسیکییەکان بە تایبەتی ئەفسانەی ئارییایی لە سەرەتادا نەک بە میللەت بەڵکو زیاتر ئاماژە بە (چین) دەکەن. ئەمکارە لە ڕوانگەی ئەرستۆکراتییەوە ئەنجام دەدەن. لەم هەلومەرجەدا نەژادی باڵاتر یان نەژادە بەرزترەکان، نەژادە پاکەکان هەرگیز نە لەگەڵ کۆمەڵی نەتەوەیی لێکدەچن، نە لەودا سنوردار دەبن. ئەمە واتا کۆمەڵی نەتەوەیی ئاشکرا، دامەرزاوەیی پێویستە گۆڕانکارییەکانی خۆی بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێکی نادیاری تر ڕێکبخات. بەڵام ئەوەی لەبارەی ئەرستۆکراتی ڕاستە، لەوانەیە دەرەنجامی تێپەڕینی باری ئەندێشەی ئەو سەردەمە بێت، کە ناسیۆنالیزم بە تازەیی خۆی دەنوواند، لەبارەی سەرجەم تیۆرییە ڕاسیزمییەکانی دواتر ڕاستە، ئەگەر لە ڕاستیدا وەک بینیمان سەرچاوەیان بایۆلۆجی

---

128. هانا ئارێنت (واتای نهێنی) درکپێکراو لەلایەن (هەستی شەشەم)ەوە، کە لە بەشی کۆتایی ( The Origins of Totalitarianism, p. 471) باسیدەکات بە هێزی ڕێگری ترس لێکیدەداتەوە نەک پرۆسەی بە سیمبولبوون. کە بە بۆچوونی ئارێنت لە زاتدا (لۆژیکی بوونی ئایدۆلۆژی) شاراوەیە. هەروەها ئارێنت پێیوایە بەستنەوەی بە جۆرێکی هیومانیزمەوە کەمتر لە پەیوەندی ئەو بە سیمبول سازییەوەیە، بەڵکو ئەم (واتا نهێنییە) پەیوەندی بە چارەسەرکردنی ئیرادەی مرۆڤایەتی لە جوڵەی ئاسایی مێژوو یان سروشتەوە هەیە، کە بزووتنەوەی تۆتالیتارەکان پەلەکردن لێیبە ئەرکی خۆیان دەزانن.

یـان جەسـتەیی هەروەهـا ئەگەر کولتـوری بێـت. ڕەنگـی پێست، شێوەی کەللەسەر، زەمینە فکرییەکان یان هزری بـاڵاتر لە نەتەوەیـی بـوونی ئەرێنـی هەیە. ئەمە ڕوویەکـی تری دوودڵی پابەند بوون و پاکییە. دەرەنجامی ئەم بابەتە دژی ئەوەی خوارەوەیە، کە زۆرێک لەوانەی لەبارەی ئەو پرسـیارەوە تووێژینەوەیـان ئەنجامـداوە، هـاتووەتە ڕێیـان. لە ڕاستیدا (نێودەوڵەتی بوون) یـان (بـان ناسـیۆنالیزم)ێکی ڕاسـیزمیانە بـوونی هەیە، کە مەیلـی بـۆ بە سـیمبولکردنی کـۆمەڵگە بـێ کـات و بـان مێژووییەکـانی وەک (هینـدۆ– ئەوروپاییەکـــان، ڕۆژئـــاوا، شارســـتانێتی جـــولەکە – مەسـیحی)، ئەو کۆمەڵگـانە هەیە، کە هاوکـات داخـراو و کراوەشـن، هـیچ سـنوورێکیان نیـیە، تـاکە سـنووریان، کە (فیختە) بۆی دەرکەوتبوو (سـنوورە دەروونییەکـان)ە، کە لە خـودی تاکەکـان یـان بە دەربڕینێکـی وردتـر لە (زاتـی) ئەوانەوە (ئەوەی سـەردەمێک بە ڕۆحـی ئەوان نـاودەبرا) جیانابێتەوە. لە ڕاستیدا ئەمە سنوورەکانی مرۆڤایەتییەکی نموونەییە[(129)].

لێـــرەدا بەرزتـــر بـــوونی ڕاســـیزم لە ناســـیۆنالیزم، هەرچەنـدە هێشـتا بە ئەنـدازی ناسـیۆنالیزم نیـیە، بەڵام فۆڕمێک لەخۆدەگرێت، کە دژەکەی شتێکە پێشـتر بینیمـان

---

[129]. یەکێک لە بەرجەستە ترین نموونەکان لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا لە بەرهەمەکانی ئێرنست یونگەردا دەدۆزرێتەوە. بۆنموونە بڕوانن لە:
Der gordische Knoten, Klostermann, Frankfurt-am-Main 1953.

ئەم بەرزتـر بـوونە ناسـیۆنالیزم بـۆ پانتـاییەکی بێکۆتـا بەرفـراوان دەکـات. هەروەهـا لێکچوونەکـانی لەگەڵ بـاج وەرگرتنـی کەم تـا زۆری کاریکاتێرەکـانی لە ئیلاهیـات لە گنۆسـیس[130] لێـرەوە سـەرچاوە دەگرێـت. ئەگەری خلیسـکانی ئیلاهیـاتی گشـتگەرا بەرەو ڕاسـیزم لەو شـوێنانەدا، کە ئەم ئیلاهیاتـانە لەگەڵ ناسـیۆنالیزمی مۆدێرن پەیوەندی پتەویان هەیە لێرەوە سەرچاوە دەگرن. ئەم بـابەتە بەر لە هەرشـتێک ڕوونیـدەکاتەوە، کە بـۆچی هۆکـاری نەژادی پێویسـتە لە جیـاوازییە نەتەوەییاکـانی رابـردوو، گرێـدراوییە (بـان نەتەوەیی)ەکـان ڕێکبخـات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە بەرامبەردا لە کارایی ناسیۆنالیزم دڵنیا بێـت. لەم ڕووەوە بـوون کە دژایەتـی سـامییەکان بە پێوەرێکی ئەوروپایی کاریکرد. هەموو ناسیۆنالیزمێک لە تـاکی جـولەکەدا، کە بە شـێوەیەکی نـاکۆک لەلایەکەوە بە شێوازی مەحاڵی کوورتکردنەوەی تـوانەوە، ئاوێتەبوونیان دادەنرێـت. لەلایەکـی تریشـەوە (جیهـان – نیشـتیمان)، هەروەهـا وەک هـاولاتی ڕەسـەن، هەروەهـا بـێ ڕەچەڵەکەکـانی بە دووژمنـی خـۆی و نـوێنەری سـەرجەم (دووژمنە میراتییەکان)ی تر دەبینی. ئەمە بەو واتـایە بـوو، کە سـەرجەم ناسـیۆنالیزمەکان لە بەرامـبەر خـاڵێکی هاوبەشـدا واتـا هەمـان (ئەوی تـری بـێ دەوڵەت) پێناسـە

---

130. گنوسـیس بە واتـای مەعـریفەت دێت و وشـەیەکی یۆنـانییە. قوتابخانەی گنۆسیس بزووتنەوەیەکی فکری دێرینە و جەخت لەسەر ئاگایی لە نهێنییە ئیلاهییەکان دەکاتەوە.

کرابـوون. ئەمە بەشـێک بـوو لە خـودی ئایـدیای ئەوروپـا وەک سـەر زەوی (دەوڵەت-مـیللەتە مۆدێرنەکـان)، یـان بە دەربڕینێکـی تـر وەک لانـکەی شارسـتانێتی بـووە. مـیللەتە ئەوروپاییەکـــان یـــان (ئەوروپـــایی - ئەمەریکـــایی)، کە هاوکات چووبوونە بەرەنگارییەکی توونـد بۆ دابەشکردنی جیهـــان بـــۆ ئیمپراتـــۆرییەتە کۆلۆنیالیســـتییەکان، بۆیـــان دەرکەوت، کە بەیەکەوە کۆمەڵەیەکیـــــان پێکهێنـــــاوە، لە ڕێگەی هەمان کێبڕکێوە لە جۆرێک (یەکسانیدا) هاوبەشـن، کـۆمەڵە و یەکسـانییەک، کە ناویـان لێنـا (سـپی). هەڵـبەتە لێرەدا دەتوانرێت وەسفی هاوشێوە بۆ پەرەسەندی گشـتی نەتەوەی عەرەب، جولەکە - ئیسرائیلی، یەکێتی سـۆڤێتیش بکرێت. کاتێک مێژوونووسان لە پرۆژەیەکی گشـتیدا لەنـاو ناســـیۆنالیزمدا دەدوێـــن، مەبەســـتیان مەیلیـــان بـــۆ ئیمپریـالیزمی کولتـورییە (سـەپاندنی وێنـایەکی ئینگلیـزی، ئەڵمـــانی، فەڕەنســـی، ئەمەریکـــایی، یەکێتـــی ســـۆڤێت بـــۆ مـرۆڤ، سـەپاندنی کولتـوری جیهـانی بەسـەر سـەرجەم مرۆڤایەتیدا)، بەڵام لە پرسیاری ڕاسـیزمی ڕادەکەن، بەڵگە هێنانەوەکانیـــان لە باشـــترین بـــاردا کەمووکـــورتی هەیە، چـونکە ئیمپریـالیزم تەنیـا وەک ڕاسـیزمە، واتـا تەنیـا تـا ئەوەی، کە میللەتـی ئیمپریالیسـتی وەک ئـامڕازی تـایبەتی ئەرک و پێزانینـــی بنچینەییتـــری هەبێـــت، کە ســـەرجەم میللەتەکان چارەسـەرێکی بێجگە لە دووبـارە ناسـینەوەیان نییە، توانیـوویەتی خـۆی لەگەڵ ئەرکێـک، لە چوارچێـوەی

بەدەستهێنانی کارێک لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جیهانی، دامەزراندنی (شارستانێتی)یەک بگۆڕێت.

لەم تێڕامان و گریمانانە دوو ئەنجام بەدەست دێنین. سەرەتا ئەوەی، کە لەم هەلومەرجەدا ئێمە نابێت زۆر سەرمان سووڕبمێنێت، ئەوەیە کە بزووتنەوە ڕاسیستە هاوچەرخەکان بوونە هۆی پێکهاتنی (تەوەرە) نێودەوڵەتییەکان، پێکهێنانی ئەو شتەی (ویلهیلم رایش) بەشێویەکی هاندەر، بەڵام ورد بوو، چونکە نیگەرانییەکانی تێگەیشتنی کاریگەرییە باوەکانی ئەم بە نێودەوڵەتی بوونە دژیەکە، نێودەوڵەتی بوونی ترە، کە مەیلی زۆری بۆ هێنانەدی خود لە (ناسیۆنالیزمی نێودەوڵەتی) هەیە. بە وردی بەهەمان ئەو شێوەیەی، کە حزبە کۆمۆنیستییەکان بە پەیڕەویکردنیان لە نموونەی (نیشتیمانی سۆسیالیستی)، لە دەور و ژێر سێبەری ئەودا، لە گۆڕاندابوون بۆ (حزبی نیشتیمانی)، گۆڕانێک، کە لە هەندێک باردا سوودی، لە دژایەتی سامییەکان وەردەگرت. بابەتێکی تر، کە بەهەمان ڕێژە جێی گرنگی پێدانە. نزیکی ڕێکخستنی دووبارە نیشاندانەوەی مێژوو وەک (بەرەنگاری چینایەتی) لە بەرامبەر یەکتردا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بە دواوە بوو، کە هەر یەکێک لەم دووانە بە (شەڕە ناوخۆیی نێودەوڵەتی) هەژمار دەکران. بڕیار بوو چارەنووسی مرۆڤایەتی دیاریبکەن. لەم ڕووەوە هەردوویان بان نەتەوەیی بوون، هەرچەندە جیاوازی نێوانیان، کە حاشاهەڵنەگرە ئەوەبوو، کە بەرەنگاری چینایەتی بڕیار بوو میللەتەکان و ناسیۆنالیزم

هەڵبوەشــێنێتەوە، بەڵام بەرەنگــاری نەژادی دەبــوو بــۆ هەمیشە دۆخ و پێگەی هەموو میللەتێک لە زنجیرەی پلەی میللەتەکــان تۆمــار بکــات. بەمشــێوەیە ئەو توانــایە بە ناسیۆنالیزم دەدات، کە پێکهاتە تەواو نەتەوەییەکان لەگەڵ ئەو پێکهاتـانە تـێکەڵاو بکات، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزکــار بــوون (دژە سۆســیالیزم و کۆمــۆنیزم). ئەو واقیعیــــیەتەی، کە ئایــدۆلۆژیای بەرەنگــــاری نەژادی بە جۆرێـــک تـــوانی بـــازنەیەک بە دەوری گشـــتگەرایی بەرەنگاری چینـانەیەتی بکێشـێت و وێنـایەکی جیـاواز، بۆ جیهــان لە بەرامبەریــدا دابنێــت، تەواوکەری گشــتگەرایی (ناسیۆنالیزم) بوو، کە لە دروستکردنی بان ناسیۆنالیزمدا بەکارهێنرا.

ئەنجــامی دووەم، کە مـــن پێیگەیشـــتووم ئەوەیە، کە ڕاسیزمی تیۆری بە هـیچ شـێوەیەک ئەنتـی تێزی ڕەهـای هیومـانیزم نییە. بەشـێوەیەکی دژیەک تێیدا زیـاتر ئامـاژە، پراگمــاتیزمی تێــپەڕین لە ناســیۆنالیزمەوە بــۆ ڕاســیزم نیشــاندەدات، بەڵام لەنــاو ناســیۆنالیزمدا دەمێنێــتەوە، ئەو هەلە بە ڕاســـیزم دەدات توونــــدوتیژی تـــایبەتی خـــۆی گەشــەپێبدات. ئەمە چوارچێــوەی گشــتییە، کە لە کۆتاییــدا ســـەرکەوتوو دەبێــت. ئەوەی ئــێمە بــۆ دڵنیــایی لەئەمە، وەرگرتنی ئەنجامی پێویست لەو. دووچاری گوماندەکات. ئەو نیگەرانییەیە، کە هێشتا لە نێوان هیومانیزمی تیۆری و هیومــانیزمی پراکتیکیــدا باڵادەســتە. ئەگەر هیومــانیزمی پراکتیکی لەگەڵ سیاسـەت یان ئەخلاقی بەرگری لە مـافی مەدەنــــی بێســــنورداری و ئــاوارتە بـــوون وەک یەک

وەرگـــرین، بە ئاشـــکرا دەبینـــین ڕاســـیزم و هیومـــانیزم ناسـازگارن، لە تێگەیشـتن لەم بـابەتە گرفتمـان نابێت، کە بـــۆچی دژە ڕاســـیزمی کـــارا ناچـــار بـــووە خـــۆی وەک هیومـانیزمی خـاوەن (یەکگرتـوویی لـۆژیکی) گەشـەپێبدات. بەڵام ئەمە بەو واتـــایە نیـــیە، کە هیومـــانیزمی پراکتیکـــی لەسەر بنەمای هیومانیزمی تیۆری دامەزراوە (واتا لەسـەر قوتابخـــانەیەک، کە مـــرۆڤ وەک یەکجـــۆر، ســـەرچاوە و ئامـــانجی ڕاگەیـــانراو، ڕەســـمی دادەنێـــت). هیومـــانیزمی پراکتیکـــی دەتوانێـــت لەســـەر ئیلاهیـــاتێکیش دابمەزرێـــت، لەســـەر فـــۆڕمێکی نـــا ئـــایینی لە حـــیکمەت، کە پێشـــنبینی مـرۆڤ بەر لە پێشـبینی سروشـت دادەنێت. یـان لەسـەر بنەمایەکی تەواو جیاواز. واتا لەسەر شیکارێک بۆ دژیەکی کۆمەڵایەتی و بـزووتنەوە ڕزگاریخوازەکـان، کە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی تایبەتیـان بە جێگـرەوەی چەمکە گشـتییەکانی مـــرۆڤ، جـــۆری مرۆڤـــایەتی دادەنێـــت. بەپـــێچەوانەوە پەیوەنـدی پێویسـتی نێـوان دژە ڕاسـیزم و هیومـانیزمی پراکتیکـی، بە هـیچ جۆرێـک ڕێگـر نیـیە لەوەی ڕاسـیزمی تیـۆری، هیومـانیزمی تیـۆریش بێت. واتـا لێرەدا دژیەکـی لەنـاو جیهـانی ئایـدۆلۆژی هیومـانیزم ئاشـکرا دەبێت، کە تێیـدا ئەنجـامەکە بەپێـی پێـوەرە سیاسـییەکانی بـێجگە لە جیـــاوازی ســـادەی نێـــوان هیومـــانیزمی هاوشێوەســـاز، هیومانیزمی جیاوازییەکان دیاریدەکرێت. یەکسـانی ڕەهـای مەدەنـی، کە بەر لە پرسـیاری (گرێـدراوی) بە دەوڵەتێکـی تـایبەتییەوەیە، فۆڕمەڵە بوونێـک، نمـایش دەکـاتەوە، کە بە دڵنیـــاییەوە بەهێزتـــرە، کە گشـــتاندنی هیومـــانیزمییە.

لەبەرئەوەیە بە باوەڕی من پێویستە پەیوەندی نێوان ئەم چەمکانە بەشێوەیەک بخوێنینەوە، کە پێچەوانەی خوێندنەوەی نەریتی بێت، دەتوانرێت بوترێت پێویستە "ئەو دووبارە لەسەر پێیەکانی بوەستێنین". ئەمڕۆ هیومانیزمی پراکتیکی تەنیا لە بارێکدا بەدەست دێت، کە سەرەتا دژە ڕاسیزمی کارا بێت. بە دڵنیاییەوە بە واتای ئەزموونکردنی وێنایەک لە مرۆڤ لە بەرامبەر وێنایەکی تر بۆ مرۆڤ دەبێت. بەڵام بەشێوەیەکی جیانەبووەوە لەو بە واتای دانانی سیاسەتێکی هاوڵاتیبوونی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر سیاسەتیکی هاوڵاتیبوونی ناسیۆنالیستیشە[131].

**سەرچاوە:** http://problematicaa.com

---

[131]. من لە زۆرێک لە وتارەکانمدا گرنگیم بەم بابەتە داوە:
„Suffrage universel“ (with Yves Bénot), Le monde, 4 May 1983; „Sujets ou citoyens? – Pour l“ Égalité“ ; „La Société métissée“ , Le Monde, 1 December 1984; „Propositions sur la citoyenneté“ , in C. Wihtol de Wenden, ed., La Citoyenneté, Edilig–Fondation Diderot, Paris 1988.

# ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایی و
# ناسیۆنالیزمی خۆرهەڵاتی؛
## *ئایا جیاوازییەکی بایەخدار هەیە؟*

بیندێکت ئەندرسۆن
وەرگێڕانی: محمد چیا

شتێکی باشە، کە ئێمە چیدی زۆر لەبارەی بەها ئاسیاییەکانەوە نابیستین، ئەو "بەهایانەی"، کە ڕەوانبێژییەکەی، لە بێشەرمییەکەیەوە بوو بەڕادەی گۆڕان بۆ دەستەواژەگەلێکی قایلکەر، کە سەرکردەکانی هەندێک وڵاتان دەریدەبڕن. وەک پاساوهێنانەوەیەک بۆ دەسەڵاتی خۆسەپێن، گەندەڵ، بنەماڵە. هەرچۆنێک بێت، قەیرانی دارایی لە ساڵی 1997، زەبرێکی توونديدا لە بانگەشەکانی ئەمانە، کە پێیان وابوو ڕێگایەکی خێرایان دۆزیووەتەوە بۆ گەشەکردن و بوژاندنەوەی هەمیشەیی ئابووریی. بەڵام مەسەلەی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەوە دەگەیەنێت شێوەیەکی ئاسیایی تایبەتی هەبێت، لەو ناسیۆنالیزمەدا بڵاونابێتەوە کە ئێستا لەسەر ئاستێکی فراوان بڵاوە، بەڵکو ئەوە تێدەپەڕێنێت بۆ ئەوەی کە ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەک، ئەوەش لەبەرئەوەی بنچینە دوورترەکانی بە شێوەیەکی تەواو و ڕوون دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێداگرییە بەدناوەی کە ئیمپریالیزمی ئەورووپیی ڕەگەزپەرست نیشانیداوە، کە "خۆرهەڵات خۆرهەڵاتە، خۆرئاواش خۆرئاوایە؛ بەیەک ناگەن". بەوپێیەی ژمارەیەک لە ناسیۆنالیستەکان، لە چەند بەشێکی جیاواز لە ئاسیا، لە کاتێکی زووی سەدەی بیستەمدا، ئەم پێداگرییەیان بەکاردەهێنا، لەسەر بەشکردنێکی ڕەگەزی، کە شیاوی چارەسەرکردن نییە، بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەرهەڵستییەکی میللی لە دژی دەسەڵاتێک، کە لەو کاتەدا تەواو خۆرئاوایی بوو. ئایا نموونەی ئەم جۆرە دابەشکردنە ڕیشەییەش هەیە، لەڕاستیدا پاساوی بداتەوە

لەسـەر ئاسـتی تیـۆری بووبێـت یـان لەسـەر ئاسـتی ئەزموونی؟

لەلای خـۆمەوە، پێمـوانییە، جیـاوازییە هەرە گرنگەکـانی نێـوان نەتەوەکـان لە ڕابـردوودا، یـان ئەمـڕۆ، یـان لە ئاییندەیەکی نزیکدا، لەسەر ئەو جۆرە دابەشکارییە بێت کە لەسـەر بنەمـای خـۆرهەڵات و خۆرئـاوایە. کـۆنترین نەتەوەکانیش لە ئاسایدا وەک هندستان و فیلیپین و ژاپۆن کـۆنترن لە زۆرێـک لەو نەتەوانەی کە لە ئەورووپـا هەیە، زەوییەکانی ئەورووپای ئەودیو دەریاکان، وەک کۆرسیکا، ئوسـکتلەندا، نیوزلەنـدا، ئیسـتونیا، ئوسـترالیا، ئوسـکادی، ئەوانـی تـر... نەتەوەی فیلیپینـیش لە ڕیشـە و بنچینەیـدا- لەبەر چەنـد هۆکـارێکی ڕوون- زۆر لە نەتەوەی کوبـا، نەتەوە کیشـوەرییەکانی ئەمریکـای لاتـین دەچـن، نەتەوەی "میجـی" زۆر هاوشـێوەن لەگەڵ نەتەوەکـانی کۆتاییەکـانی سەدەی نۆزدەیەم، کە لە تورکیـای عوسمان و ڕووسـیای قەیسەری، ئیمپراتۆریەتی مەزنی بەریتانیـادا دەیانبینینەوە، هەروەهـا هاوشـێوەی نەتەوەی هنـدین ئەوانەی مـرۆڤ دەیـان بینێـتەوە لە ئیرلەنـدا، میسـر. پێویسـتە ئەوەش زیـادبکەین ئەوەی مـرۆڤ بە خـۆرهەڵات، خۆرئـاوای دادەنێت بە شێوەیەکی جەوهەری، بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ماوەی زیاتر لە سـەدەیەک بەکارهێنـانی پیاوە نەخۆشـەکەی ئەورووپا زۆر بەکـارهێنراوە، وەک ئامـاژەیەک بـۆ تورکیـای عوسـمانی، سـەرەڕای ئەوەی دانیشـتوانەکەی ئاڕاسـتەیەکی ئـایینی

ئیسلامییان هەبووە. هەتا ئێستاش تورکیا هەوڵدەدات بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە. لە ئەوروپاش، کەوا ڕاهاتووە وەک مەسیحی لەخۆی بڕوانێت- ئەلبانیای موسوڵمان لەبیردەکات- کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی مسوڵمانەکان تێیدا ڕوویان لە زیادبوونە. هەردەمیش ڕووسیا وەک هێزێکی ئاسیایی ئەژمارکراوە، هەتا ئێستاش لە ئەوروپا زۆرێک لە مرۆڤەکان بەم شێوەیە بیردەکەنەوە. دەکرێت ئەوەش زیاد بکەین، کە لە ژاپۆن خۆیدا هەندێک خۆیان بە جۆرێک لە سپیپێست دادەنێن؟ پاشان خۆرهەلات لە کوێوە دەستپێدەکات، لەکوێوە کۆتاییدێت؟ میسر دەکەوێتە ئەفریقاوە، لە کاتێکدا هەردەم بەشێک بووە لە خۆرهەڵاتی نزیک، هەتا ئێستاش بەم شێوەیە ماوەتەوە، لەگەڵ وەستانی بەکارهێنانی زاراوەی خۆرهەڵاتی نزیک، وەک ژاپۆن، بەم شێوەیە لەخۆی ناڕوانێت. دەوڵەتی تەیمووری خۆرهەڵاتی نوێی بچووک، دەیەوێت وا لەخۆی بڕوانێت کە ئایا بەشێکە لە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، یان بەشێک لەو ئۆقیانووسەی، کە دەکرێت لە چەند گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە وا لێیبڕوانرێت - وەک لیما و لۆس ئەنجلوس- ئەوەی کە خۆرئاوای دوورە.

ئەوەش بۆتە مایەی شڵەژاندنی ئەم گرفتانە کۆچکردنی بەکۆمەڵی دانیشتوانە بەناو سنوورەکانی ئەوروپا و ئاسیادا، کەوا گریمانە کراوە جێگیر بێت. دوای

کردنەوەی بەندەرەکانی پەیماننامەکان[132]، لە چین ساڵی 1842، بە ملیۆنـــان مـــرۆڤ لە شانشـــینی ئاســـمانیەوە (المملكة السماوية) بەناو دەریادا ڕێگەیان گرتەبەر- بەرەو باشـــووری خـــۆرهەڵاتی ئاســـیا، ئوســـترالیا، کالیفۆرنیـــا- دواتـریش، بۆ شـوێنەکانی تـری جیهـان. ئیمپریالیسـتەکان هینـدییەکانیان بـرد بـۆ ئەفەریقـا، باشـووری خـۆرهەڵاتی ئاســـیا، ئۆقیانوســـیا، کـــاریبی، جاوییەکانیـــان بـــرد، بـــۆ ئەمریکـــای لاتـــین، باشـــووری ئەفریقـــا، ئۆقیانوســـیا، ئیرلەندییەکانیشیان برد بۆ ئوسترالیا. ژاپۆنییەکان چوون بـۆ بەڕازیـل، فلیپینییەکـانیش بـۆ ئیسـپانیا، هەروەهـا بەو شـێوەیە. جەنگـی سـارد و پێشـهاتەکانی بـوونە مـایەی خێراکردنـــی لێشـــاوی کـــۆچ و ڕەوەکـــان، کە ئێســـتا کۆرییەکـــان، ڤێتنامییەکـــان، لاوســـییەکان، تایلەنـــدییەکان، مالیزییەکـــان، تامیـــل و هیتریشـــی گرتـــۆتەوە. لێـــرەوە کەنیسەکان لە کۆریا، چین، ژاپۆن دەرکەوتن، مزگەوتەکان لە مانچســتەر، مارســیلیا، واشــنتۆنی پایتەخــت، پەرســتگا بودییەکـــان، هیندۆســـەکان، ســـیخ لە لـــۆس ئەنجلـــۆس، تۆرینتۆو لەندەن و دەکا دەرکەوتن. هەموو ئەوەش، کە لە پەیوەنـدییە هاوچەرخەکانـدا هەیە ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن ئەم شەپۆلانە بەردەوام دەبن، ڕەنگە خێراتریش ببن. هەتا ژاپۆن کە پێشـتر داخـراو بـوو، ئێسـتا هێندە خەڵکی بیانی تێـدا نیشـتەجێبووە، کە لە هەمـوو کـاتێکی پێشـتر زیـاترە،

---

[132] بەندەرەکانی پەیماننامەکانtreaty ports، ئەو ناوەیە کە نراوە لە شارە بەندەریەکان لە چین، ژاپۆن، تایوان، کۆریا کەوا کرایەوە لەبەردەم بازرگانی ئازاد و بەپێی پەیماننامەیەکی ستەمکارانە.

پێدراوە دیمۆگرافییەکانی ئەو وڵاتە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کۆچکردنی زیاتر بۆ ئەو وڵاتە مەسەلەیەکی بنچینەییە ئەگەر بیەوێت لە گەشەکردن و بوژاندنەوە بەردەوام بێت. ئەم کۆچکردنانەش- ئەوەی، کە بەرهەمیدەهێنن لە ناسنامەکان، ئەوەی لێی بەرهەم دێن- مەسەلەگەلێکی زۆر ئاڵۆزن، هەتا ئێستاش تارادەیەکی دوور هیچ وەڵامێک لە بارەیەوە نییە. ڕەنگە پێتان خۆش بێت چیرۆکێکی تایبەتتان لەبارەی ئەم بابەتەوە بۆ بگێڕمەوە.

چوار ساڵ لەمەوپێش، سەبارەت بە ناسیۆنالیزم، وانەم بە بازنەیەکی تویژینەوە وتەوە، لە خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی (یەڵ)، لە سەرەتاوە داوام لە هەر خوێندکارێک کرد ناسنامەی نەتەوەیی خۆی ئاشکرا بکات. هەتا ئەگەر تەنها ناسنامەیەکی کاتییش بێت. لە پۆلدا سێ خوێندکار هەبوون بەهۆی شێوازی ڕووخسار و ڕەنگی پێستیانەوە پێموابوو "چینین". بەڵام وەڵامەکانیان چاوەڕواننەکراو بوون بۆ من و بۆ هەمووانیش. ئەویش لەبەرئەوەی یەکەم، کە بەتەواوی دەیتوانی بە شێوەزاری کەناری خۆرئاوای ئەمریکا قسە بکات. پێداگری کرد لەسەر ئەوەی "چینییە" سەرەڕای ئەوەی بۆمان دەرکەوت لە ئەمریکا لەدایکبووە، هەرگیز چینی نەبینیووە، بەڵام ئەوەی دووەمیان بە ئارامییەوە وتی ئەو "هەوڵدەدات تایوانی بێت". ئەو خەڵکی خێزانێک بوو لە کۆمینتانگ کە ساڵی 1949 لەگەڵ چیانگ کای شیک گواستبوویەوە بۆ تایوان، ئەم لە تایوان لەدایکبووبوو، لەوێ ناسنامەی خۆی دیاریکردبوو، لەبەرئەوە، ئەو "چینی" نەبوو. سێهەمیشیان

بەتووڕەییەوە وتی "من سەنگافوریم، نەفرەت. من ماندوو بووم لەو ئەمریکیانەی کە پێیان وایە من چینییم، من چینی نیم!" بەم ێشوەیە ڕوونبۆوە تاکە چینییەکە ئەمریکی دەرچوو.

**نەتەوە کریولییەکان**

ئەگەر جیاوازییەکان لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، لەنێوان ئەوروپا و ئاسیادا، تەوەرگەلێکی زیاتر واقیعی نەبن یان جێی بایەخپێدان بن، پێویست بێت لەسەر بنچینەیان بیر لە ناسیۆنالیزم بکرێتەوە، وەک بینیت، ئەی دەبێت چ ئەلتەرناتیڤێک هەبێت کە زیاتر بەکەڵکی ئەمە بێت؟ یەکێک لە وێناکردنە بنچینەییەکان، لە کتێبەکەمدا (کۆمەڵە وێناکراوەکان)- الجماعات المتخيلة- ئەوە بوو کە هەموو نەتەوەکان بە پۆلە جیاوازەکانیانەوە بەبێ بیرکردنەوە ناتوانرێت لێیان تێبگەین، لە شێوە بنچینەییە کۆنەکاندا کە لێیانەوە مەمالیکەکان سەریهەڵداوە، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتەکان لە جۆرەکانی پێش نوێ یا نوێ بەراییەکان. کۆنترین شێوەکانی ناسیۆنالیزمیش- ئەوەیە، کە ناوم لێناوە ناسیۆنالیزمی کریولی -کە لە ئەنجامی فراوانبوونەکانی هەندێک لەم ئیمپراتۆریەتانەوە پەیدابووە. بەناو دەریا و زۆرجار بە ئاراستەی ناوچە دوورەدەستەکان، بەڵام نەک بە هەمیشەیی. پێشەنگی ئەمانەش دانیشتوانی شارە کۆنەکان بوون، کە لەگەڵ میترۆپۆلدا ئایین، زمان، نەریتەکانیان هاوبەش بوون، بەڵام بە شێوەیەکی ڕوولەزیادبوو هەستیان بە

چەوساندنەوە دەکرد، لەسەر دەستی ئەوانەدا نامۆ بوون لێیان. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەمریکای لاتین کە لەنێوان سالآنی (1776-1830)دا سەبەخۆییان بەدەستهێنا بەناوبانگترین نموونەن لەسەر ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم. زوو بێت یان درەنگ، مێژووی ئەم نەتەوە کریولیانە، بەتایبەتی ئاوێتەبوونە دیمۆگرافییەکان لەنێوان نیشتەجێبووەکان و گەلە ڕەسەنەکاندا، بە چاوپۆشین لە نەریتەکان و جوگرافیا و کەشە لۆکاڵیەکان و ...هتد، دەبێتە یەکێکی تر لە پاساوەکان.

هێشتا ئەم نەتەوە کریۆلیانە تارادەیەکی دوور زیندوون، بەڵکو دەتوانرێت بووترێت کە بڵاودەبنەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی ناسیۆنالیزمی نیشتەجێبووە فەرەنسیەکان لە (کیوبیک) هێشتا لە گەشەکردندایە، هەر لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە هێشتا لە هاتووچوونی جیابوونەوەدایە لە کەنەدا. لە وڵاتەکەی منیشدا (ئیرلەندا)، هێشتا پرسی "نیشتەجێبووەکان" لە باکوور، ئەو مەسەلە گەرمەیە کە هەتا ئێستاش بۆتە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی تەواوەتی وڵات یەکنەخرێت. هەندێکی تریش لە کۆنترین نەتەوەکان لە باشوور، ئەندامانی ئیرلەندای لاو، کە لە ساڵی 1798ـەوە یاخبوونیان ڕاگەیاند، لە خێزانە نیشتەجێبوەکانەوە سەریانهەڵداوە، یان لەو خێزانانەی کە تێکەڵن لەنێوان نیشتەجێبووەکان و دانیشتوانە ڕەسەنەکان، ئەوانەی ڕیشەیەکی تەواو کاتۆلیکییان هەیە. ئەمەش ڕەوشی ئەو بابوباپیرانەیە کە لەم یاخیبوونەدا بەشدارییان کردووە.

بەڵام ئوســـــترالیەکان و نیوزلەنـــــدییەکان، خەریکــــی بوونیادنـــانی نەتەوەگەلـــێکن، کە مـــۆرکی کریـــولی هەیە، ئەوەش لە هەوڵێکدا بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە شانشینی یەکگرتوو، بە تێهەڵکێشکردنی ڕەگەزگەلێک لە نەریتەکانی دانیشتوانە ڕەسەنەکان و نەریتی ماویی و هێماکانی. وەها دیـارە هەمـوو ئەم نموونـانە نـامۆبن، بەڵام سەرکێشـیی دەکەم بە ئەنجامـدانی جـۆرە کـارێکی نێگەتیـڤ و ئەوە دەخەمەڕوو کە هەنـــدێک لە ڕووخســـــارەکانی نەتەوەی تـایوانی بەشـێوەیەکی ڕوون کریـولین، ئەمەش بە هەمـان شێوەی هەندێک لە ڕووخسارەکانی نەتەوەی سەنگافوری، تەنانەت ئەگەر جیاوازی لە کردار و ڕەفتاریشدا هەبێت.

بـــــازنە ســــــەرەکیەکانی ئەم نەتەوانە بـــــریيتيیە لە نیشــــــتەجێبووەکانی "ئەودیــــوو ڕووبـــــار" لە نـــــاوچە کەنارییەکـــــانی باشـــووری خـــــۆرهەڵات، هەنـــــدێک لە هەڵهاتووەکـان لە دەوڵەتـی ئیمپراتـۆری و هەنـدێک لەوانە، کە ئەو دەوڵەتە نــاردنی بــۆ ئەوێ. ئەو نیشــتەجێبووانە خۆیـان بەســـەر ئەو دانیشــتوانانەدا ســـەپاند، کە پێشــتر لەوێبــوون، بە شـــێوەیەکی دروســـت و تەواوکـــاری لە هەنـدێک حـاڵەتەدا هەنـدێکجاریش بەزۆر، بەشـێوازێک کە نیوزلەندا و بەڕازیلمـان بیـردەهێنێتەوە، هەروەهـا فەنزویلا و باشـووری ئەفریقیامـان بیـردەهێنێتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەو وڵاتە کریولیـانە، کە بە ڕێژەیەکـی جیـاواز لە زمـان و ئـــایین و کولتـــووردا هاوبەشـــن لەگەڵ میترۆپۆلـــدا. بە تێپەڕبـــوونی کـــات توانیـــوویەتی پەرە بە نەریتەکـــان و هێماکان و ئەزموونگەلێکی مێژوویی جیا و تـایبەت بدات.

له کۆتایشدا هەنگاوینا بەرەو سەربەخۆیی سیاسیی کاتێک هەستیکرد، کە ناوەندی ئیمپراتۆری زۆر مافخۆر و ستەمکارە یان زۆر دوورە. پێویستە ڕێگەی ئەوەش نەدەین بە خۆمان، کە زیادەڕۆیی بکەین لە پێداگریی لەسەر ئەو گرنگییە بێهاوتایەی کە پەنجا ساڵ تایوان هەیبوو لەژێر حوکمی ئیمپرالیزمی ژاپۆنیدا. لە کۆتاییشدا نیشتەجێبووە فەڕەنسیەکان لە(کیوبیک) نزیکەی 200 ساڵ گیرۆدەی دەستی حوکمی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بوون، هۆڵەندییەکانیش لە باشووری ئەفریقا بە هەمان شێوە بوون بۆ ماوەی نیو سەدە. ئاسان نییە بووترێت کە ڕۆشنبیریی ئیپمریالی ژاپۆنی زۆر نامۆتربوو لە ڕۆشنبیری "چینیی" ئەودیوو ڕووبار، بەراورد بەو نامۆییەی کە ڕۆشنبیری ئیمپریالیزمی بەریتانی هەیبوو لە ڕۆشنبیری "فەڕەنسی" ئەودیوو ڕووبار.

ناتوانین بانگەشەی هەر جۆرە جیاکارییەکی ئاسان بکەین لەنێوان ڕەگەزپەرستیی کریولییە ئەورووپییەکان یان خۆرئاواییەکان و ڕەگەزپەرستییە کریولییەکانی تر. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باشووری ئەفریقا و ئەرجەنتینیش زۆر ڕەگەزپەرست بوون، ئەمە لەکاتێکدا زەحمەتە بوترێت خەڵکی کیوبیک زیاتر ڕەگەزپەرست بوون لە کۆچبەرەکانی باشووری خۆرهەڵاتی چین بۆ تایوان یان لە کۆچبەرە ژاپۆنیەکان بۆ بەڕازیل. ئەگەریش ئەم وتەیە دروست بێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم شێوەیەکی کریولیدا دەبین بۆ ناسیۆنالیزم، کە لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم و بیست و بیستویەکەمدا بەدیاردەکەوێت

بەبێگومـــان، لە هەردوو ئەمریکـــا، ئەورووپـــا، ئوســـترالیا، نیوزلەندا، هەروەها لە ئاسیادا. ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە، کـــاریگەرییەکی لاوەکیـــی پێشـــبینینەکراوی هەیە: بـــوونی زۆرێک لەو نەتەوانەی کە ئەمڕۆ هاوبەشی ئیسپانی، یان فەڕەنسی، یان ئینگلیزی، یان پرتوگالین (بە هەموو جۆرە تایبەتییەکانیەوە)، بەبێ ئەوەی هیچ نەتەوەیەکیان خەیاڵی ئەوە بکات کە ئەو "خاوەن" ئەم زمانەیە.

شـێوەیەکی تـر هەیە لە ناسـیۆنالیزم کە لەکتێبەکەمـدا (کۆمەڵە وێناکراوەکـان) باسـمکردووە، کە وادیـارە لێـرەدا پەیوەندیـداربێت، ئەوەی کە نـاوم لێنـاوە ناسـیۆنالیزمی فەرمـــی. ئەم شـــێوەیە لە ناســـیۆنالیزم بە شـــێوەیەکی مێژوویـی وەک پەرچەکردارێکـی هەڵـگەڕاوە لە ژێـرەوە گەشەیکردووە بەسەر نەتەوە میللیەکاندا ئاڕاستە بووە لە دژی فەرمانڕەواکـــان، ئەرســـتۆکراتەکان و ناوەنـــدە ئیمپریالیەکـــان. بەناوبـــانگترین نمـــوونەش لەســـەر ناسیۆنالیزمی فەرمی بریتیە لە ڕوسیای ئیمپراتۆری، بە شێوەیەک قەیسەرەکان دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بەسەر سەدان کۆمەڵەی ڕەگەزیی و زۆرێک لە تایفە ئایینییەکاندا، ئەوان لە بازنە تایبەتییەکانی خۆیاندا بە زمانی فەڕەنسی قســـەیان دەکـــرد، وەک نیشـــانەیەک بـــۆ جیـــاوازیی شارســـتانێتیان لەژێـــر دەســـتەکانیان، مەســـەلەکەش وا دەردەکەوت وەک ئەوەی جوتیـــارە ڕوســـەکان بە تەنهـــا ئەوان بە ڕوسی قسە بکەن. ئەمە لەکاتێکدا بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزمە میللییەکان لە ئیمپراتۆریەتیەتەکەدا لەسەدەی نۆزدەیەمدا (ئۆکرانی، فینلەندی، جۆرجی و هتد...)، وای لە

قەیسەرەکان کرد ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوە، کە ئەوان دواجار لە ڕووی نەتەوەییەوە ڕووسن، بۆ ئەوەی لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا -واتە تەنها لە ماوەی 120 ساڵدا- دەستیانکرد بە سیاسەتێکی کوشندە کە بریتیبوو لە بەڕووسیکردنی خەڵکەکەیان، یان ئەوەی کە قەیسەرەکان خەڵکەکانیان کردە یەک گەل، ئەمەش بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەوە بوو، کە پێشتر نکۆڵییان لێدەکرد. بە هەمان ئەم ڕێگەیە، لەندەن هەوڵی بە ئینگلیزکردنی ئیرلەندای دا (بە سەرکەوتنێکی گەورەوە)، ئەڵمانیای ئیمپراتۆریش، (بەبڕێکی کەمتر لە سەرکەوتن) هەوڵی بە ئەڵمانیکردنی پشکەکەی خۆی دا لە پۆلەندا، فەڕەنسای ئیمپراتۆریش (بە ئاستێکی ڕێژەیی) زمانی فەڕەنسیی سەپاند بەسەر کۆرسیکا، کە بەزمانی ئیتاڵی قسەیاندەکرد، ئیمپراتۆریەتی عوسمانییش (بەبێ هیچ سەرکەوتنێک) زمانی تورکی سەپاند بەسەر جیهانی عەرەبیدا. وەک پێشتریش ووتم، کۆششێکی زۆر کرا، لە هەر حاڵەتێک لەم حاڵەتانەدا، بۆئەوەی پێستی ناسیۆنالیزمی تەسک و کورت بدەن بەسەر جەستەی ئیمپراتۆریەتی کۆن و بەرفراواندا.

ئایا ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایی بوو یان ئەوروپییەکی بێهاوتا؟ پێموانییە ئەمە مومکین بێت. بۆ نموونە، با سەرنجێک لە ڕەوشی نامۆی ژاپۆن بدەین، کە لەم ماوەیەی دواییدا کتێبێکی سەرنجڕاکێشی (تیسا مۆری سوزوکی) ئەم پرسەی لەخۆگرتبوو[1]. تێیدا بە وردەکارییەکی جوان ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە هاوەڵێتیی

گەڕانەوەی (میجـــی)ی کـــردووە[2]. لە وەرچەرخـــانێکی کتـــوپڕی لەو جـــۆرەدا، کە هەنـــدێک لە دانیشـــتوانی دوورگەکانی ئاینۆ، ریوکیو پێی سەیری یەکتریان دەکرد، لەگەڵ یەکـدا مامەڵەیـان دەکـرد. هەردەمـیش سیاسـەتی شۆگۆنی تۆکۆگاوا ڕێگریی لە ئاینۆ کردووە کە جلوبەرگی ژاپۆنیە تۆکۆکاوییەکان لەبەربکات، یان دابونەریتەکانیان وەربگرێت. بە هەمـان شـێوەش نوێنەرەکـان لە (ریوکیـو)، ئەوانەی کە بەرتیلیـان دەهێنا بۆ (ئیدۆ) ڕێنمایی ئەوەیان پێدەدرا جلوبەرگی چینی لەبەربکەن، بە شـێوەیەک کە بە ڕێژەیەکـــی زۆر نـــامۆ و جیـــاواز بێـــت. لە هەردوو حاڵەتەکەشـــدا، بیـــرۆکەی بنچینەیـــی هێنـــدەی بکرێـــت دابڕکردنی ئەم گەلە بەربەریانەیە لە پێگەی ئیمپراتـۆریی. بەڵام لەگەڵ هەڵکشـــانی ناسـیۆنالیزمی فەرمـــی میجیـــا، سیاسـەتێکی تەواو پـێچەوانە هاتەئـاراوە. ئێسـتا (ئـاینۆ و ریوکیـــو) بە دوو جـــۆری بەرایـــی و کـــۆن دادەنـــرێن لە ڕەگەزی ژاپۆنی، بە هەمـان شـێوەی ئۆلیگاریشـیی میجـی خۆیـان، کردنـی هەمـوو کۆشـشـێکی ڕازیـکەر لە هەنـدێک کاتـدا زۆربەی جـاریش بە زۆرەملێـی بـۆ ئەوەی ئەوانە بکـرێنە ژاپـۆنی (بە ڕێژەیەکـی جیـاواز لە سـەرکەوتن). دەکرێت بوترێت سیاسەتی ئیمپراتۆریی دواتر لە کۆریا و تـایوان هەمـان لـۆژیکی گـرتەبەر. پێویسـتبوو لەسـەر کۆرییەکـان نـاوی ژاپـۆنی بەکـاربهێنن، بە زمـانی ژاپـۆنی قسـە بـکەن، پێویسـت بـوو لەسـەر تایوانیەکـانیش هەمـان ڕێچکەی ئەمـان بگرنەبەر، وەک برا بچووک. بڕوا وابوو کە لە دواجاردا پێویستە لەسـەریان ببنە ژاپۆنی، ئەگەر لە

پـلەی دووشـدا بـن، بە تەواوەتـی وەک ئیرلەنـدییەکان لە شانشـینی یەکگرتـوو هەتـا سـاڵی 1923، پۆلەنـدییەکان لە ئەڵمانیا هەتا ساڵی 1920.

لە کاتێکـدا ئەو ڕەوشـەی، کە زۆرتـر جێـی سـەرنجە برییتیە لە ڕەوشـی ئیمپراتۆریەتی ئاسمانی (الإمبراطوریـة السـماویة)، کە خێزانـی مانشـۆ حوکمڕانیـانکرد -بە مانشـۆ قسە دەکەن- لە ساڵی 1644 هەتا ڕووخاندنی پێش کەمتر لە 90 سـاڵ (هـیچ سـەیریش نییە، چونکە هەر لە سـەدەی یـانزەیەمەوە هـیچ خێزانێکـی ئینگلیـزی بـوونی نیـیە لە بەڕیتانیـای مەزنـدا، هەردوو فەرمـانڕەوا لە خێزانـی فەرمـانڕەوای ئێسـتا، جـۆرجی یەکەم و دووەم ئەڵمـانی بـوون، بە تەواوی ئینگلیزییـان نەدەزانـی، هـیچ کەسـێکیش گوێی بەمە نەدەدا). لە نیشانە گرنگەکانیش لەسـەر تـازەیی ناسـیۆنالیزمی چینـی ئەوەیە، کە ئەم ڕەوشـە سەرنجڕاکێشە تەنها ژمـارەیەکی زۆر کەمـی بێزار دەکرد هەتا پێش 110 ساڵ.

ئیمراتـۆریەتی بێـوەژنیش[3]، تەنهـا لەکۆتاییـدا تـوانیی سـوود لە دووژمنـایەتیی نـاوخۆیی وەربگرێت لەبەرامبەر ئیمپریالیزمە خۆرئاواییەکاندا بەناوی کولتووری چینییەوە، بەڵام وادەکەی درەنـگ بـوو، لە سـاڵی 1911 بنەمـاڵەکە پوکـانەوە، هەروەک چۆن تـاڕادەیەک مانشـۆش پوکـایەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەمـڕۆ بەناوبـانگترین نوسـەر لە چینـدا (وانگ شۆ)یە، کە لەبنچینەدا مانشـۆیە، بەڵام ئەم حەقیقەتە نادرکێنێت.

کاتێــک لە کۆتاییــدا ناســیۆنالیزمی چینــی پەیــدابوو، وادەکە تــاڕادەیەک درەنــگ بــوو، لە مێــژووی جیهانییــدا، ئەمەش ڕێـگەی بە (لــی تــا چــاو[4]) دا وتــارێکی بەناوبانــگ لەبارەی چینەوە بنووسێت. ئەمە لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی چینــی، لە ڕەوشــێکی تەواو جیــاوازدا ســەریهەڵدا، کە هاوشێوەیەکی زۆر کەمی هەیە لە جیهاندا. لەو ماوەیەدا، ئیمپریالیزم جیاواز بوو لە ناویشیدا ئیمپریالیزمی ژاپۆنی، چووە قوڵایی چینەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری چین داگیرنەکــرا. لەو کــاتەدا چەنــد ئیمپرالیزمێکــی ڕکــابەر هەبوون. هەتا بەریتانیای مەزنیش، کە تووشی ناڕەحەتی دەبووەوە لە دەستبەسەرداگرتنی هیندی گەورە و فراوان. ســەرەڕای ئەوەش هێنــدەی ئەوەی چینــی ئیمراتــۆری ســنووری ڕاســتەقینەی هەبــوو، ئەوا ئیمپراتــۆریەتێکی قەیسەری لاواز (تتروسن) هاوبەشی بوو لەم سنوورەدا. سەرکەوتنی هێزی دەریایی ژاپۆنیش بەسەر کەشتیگەلی قەیسەریدا تەنها پێش شەش ساڵ لە داڕمانی بنەماڵەی مانشۆ ڕوویدا، پێش 12 ساڵ لەو کۆتاییە خوێناوییەی بەســەر قەیســەریەتدا هــات. هەمــوو ئەمە هــانی زۆربەی ناسیونالیســتەکانی نەوەی یەکەمیــدا لە چــین بــۆ ئەوەی وەها وێنا بکەن کە ئیمراتۆریەتەکە دەتوانێت بگۆڕێت بۆ نەتەوە، بەبێ ڕەنج و کۆششێکی زۆر. ئەمەش لە هەمان کاتدا خەونی (ئەنوەر پاشا[5] بوو لە ئەستەنبوڵ، هەروەها خەونی (عەقید منگستۆ هیلا مریام) بوو لە "ئەدیس ئەبابا" لە دوای سێ نەوە، هەروەهــا خەونــی عەقیــد (پــۆتین) لە مۆسکۆی ئەمڕۆدا. بەمەش بەپێی زۆرێک لە بۆچوونەکان

کۆکردنەوەیەکیان ئەنجامدا لەنێوان ناسیۆنالیزمی میللی لای بزووتنەوەی دژ بە ئیمپریالیزمی جیهانی و ناسیۆنالیزمی فەرمی، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەدیارکەوت. ئێمەش دەزانین کە ئەمەی دواییان ناسیۆنالیزمێک بوو کە لە دەوڵەتەوە سەرچاوەی دەگرت، نەک لە گەلەوە، لەلایەنی زاڵبوون بەسەر زەویدا لێیدەڕوانرا، نەک لە لایەنی ڕزگاربوونی میللیەوە. لێرەوە ئەو دیمەنە نامۆیە دەبینین، دیمەنی کەسێکی وەک (سەن یات سەن)، ئەو ناسیۆنالیستە میللیە ڕەسەنە، کە کۆمەڵێک داواکاریی پڕوپووچی هەبوو سەبارەت بە کۆمەڵە زەوییەک لە زۆرێک لە ناوچەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست، لەسەر بنەمای کۆمەڵە داگیرکارێکی هەرێمیی ڕاستەقینە یان وەهمی، کە فەرمانڕەواکان لە بنەماڵە پاشاییەکان پێی هەستاون، کە زۆرێکیان چینی نەبوون، هەریەک لە کۆمینتانگ و حزبی کۆمۆنیستی چینی دواتر مەسەلەی ئەم میراتەیان لە ئەستۆگرت، بە ڕێژەی جیاواز و بەپێی گۆڕانی کاتەکان و قۆناغەکان.

هەرچۆنێک بێت، ئیمپراتۆریەتی ئاسمانیی پێشوو تەواو بێهاوتا نەبوو بەو شێوەیەی کە خستمەڕوو. میراتگرەکانیان لە چەندین کاتی جیاوازدا و بە پلەی جیاواز، چەند جۆرێک لە سنوور و وڵاتانی نوێیان قبوڵکرد، کە ئیمپریالیزم و ناسیۆنالیزمی دژ بە داگیرکەر پێکیانهێنا: مەنگۆلیا، کۆریا، ڤێتنام، بۆرما، هیندستان. ئەم قەبوڵکردنەش هەروەها لەو بیرۆکە نوێیەوە دێت کە ئەوە

پێیوایە چینیەکان نەتەوەن، ئەمەش وایلێدەکات چینییەکان لەڕووی بنچینەیـــیەوە وەک دەیـــان وڵاتـــی تـــر کە نوێنەرایەتییـان لە نەتەوە یەکگرتوەکـان هەیە، پێشـتر لە کـۆمەڵەی گەلان هەبـووە. مێژوونووسـە تایوانییەکـان ئەوەیـان ڕوونکـردۆتەوە کـۆمەڵە فەرمانڕەواکـان لە چەنـد کـاتێکی جیـاواز لەنێـوان سـاڵانی 1895-1945 ڕەوشـی تایوانیـــان قبـــوڵکردووە وەک داگیرگەیەکـــی ژاپـــۆنی، پشـتیوانییان لە خەبـاتی گەلـی تـایوانی کـردووە لەپێنـاو وەرگرتنـی سـەربەخۆیی لە ژاپۆن. وەک چۆن هەندێکجار لەگەڵ گەلـی کۆریـادا کردوویـانە. پێشـتریش وتـوومە ئەو دژیەکیـانەش کە هەیە لەنێـوان ناسـیۆنالیزمی میللـی و ناسیۆنالیزمی فەرمی (ئەو ناسیۆنالیزمەی دەوڵەت تەبەنی دەکـات) دژیەکیەکـی بێهاوتـا نـین. بەڵکـو دەکرێـت لە شوێنێکی تری جیهاندا بیانبینینەوە، بەڵام ئەمڕۆ بایەخێکی تـایبەتی هەیە. بەهـۆی قەبـارەی زەبەلاحـی چیـنەوە لە ژمـارەی زۆری دانیشـتوانەکەیدا، لە سسـتمەکەیەوە، دوای وازهێنـــانی لە سۆســـیالیزم، کە پێشـــتر پاســـاوی دیکتـــاتۆریەتەکەی پێـــدایەوە، هەمـــوو نیشـــانەکانی وەرچەرخان بۆ ناسیۆنالیزمی فەرمـی دەخـاتەڕوو ئەمەش بە ئامانجی نوێکردنەوەی شەرعیەتی حوکمەکەی.

**دیمەنگەلێك لە ڕابردوو، ئاینده**

تایبەتمەنـدیەکی تـری ناسـیۆنالیزم فەرمـی هەیە کە جیایدەکاتەوە لە شێوەکانی تری ناسیۆنالیزم، ڕەنگیشە لە دادپەروەریـیەوە بێـت، بووترێـت کە هەمـوو کـۆمەڵگە

ڕێکخراوەکان لە گەرەنتیکردنی یەکگرتوویدا (بەشێوەیەکی هەندەکی) پشتیان بەستووە بە دیدێک بۆ ڕابردوو، کە زۆر دژیەک نییە لەگەڵ یەکتردا. گواستنەوەی ئەم دیدەش، لە ڕێگەی کولتووری زارەکیی و هۆنراوەی میللی و ڕێنماییەکان و زۆر شتی ترەوە بووە. ئەوەش زەحمەتە بدۆزرێتەوە لەم جۆرە دیدەدا بایەخپێدانی توندە بە ئایندە. بەڵام هەموو ئەوە زۆری نەبرد بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا لەگەڵ هاتنی ناسیۆنالیزم بۆ جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، ئەوەش لەبەرئەوەی خێرایی ڕوولەزیادبوو بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریی و سیاسی و شۆڕشی پیشەسازی و ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، وایکرد نەتەوە ببێتە یەکەم نموونەی سیاسیی ئەخلاقی، کە بەهێزەوە پشت بە بیرۆکەی پێشکەوتن دەبەستێت. ئەمەش هەروەها هۆکاری داهێنانی چەمکی کۆمەڵکوژییە، کە بەم دواییانە ڕوویاندا، وێڕای ئاماژەکانی تۆمارە کۆنەکان بۆ ناوی هەزاران گروپ، کە بەهێواشی و لەسەرخۆیی بەدرێژایی چاخەکان دیارنەمان بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک تێبینی ئەوە بکات یان بایەخی پێبدات مەگەر زۆر بە دەگمەن نەبێت. هەروەک چۆن خێرایی گۆڕان، هێزی ئایندە کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕانی بیرۆکەکانی مرۆڤ لەبارەی ڕابردووەوە گۆڕانکارییەکی جەوهەریە.

لە کتێبی (کۆمەڵە وێناکراوەکان)دا هەوڵمداوە ڕۆشنایی بخەمە سەر سروشتی ئەم گۆڕانە بە بەراوردکردنی

بەوەی ڕووبەڕووی دەبیـــنەوە، لە نەهامەتیەکـــان کاتێـــک یەکێک کۆمەڵە وێنەیەکمان پیشاندەدات کە بۆمـان گیـراون ئەوکـــات هێشـــتا شـــیرەخۆرە بـــووین. ئەم نەهامەتییـــانە ڕوویـــاننەدەدا، ئەگەر یـــادەوەریی پیشەســـازی نەبێـــت، کە شـــــــێوەی وێنەگەلێکـــــــی فۆتـــــــۆگرافیی وەرگرتـــــــووە. بابوباپیرانمـــان جەخـــت دەکەنەوە کە ئەو منـــاڵانە ســـەر بەئێمەن، بەڵام ئێمە خۆمـان بیرمـان نـایەتەوە کە وێنەمـان گیراوە، هەروەها ناتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین چۆن بووین کاتێک تەمەنمان یەک ساڵان بووە، هەروەهـا نەماندەتوانی خۆمـان بناسـین ئەگەر یـارمەتی بابوباپیرانمـان نەبـووایە. ئەوەش ڕوودەدات لەواقیعـدا ئەوەیە کە سـەرەڕای بـوونی ژمـــــــــارەیەک زۆر لە شـــــــــوێنەوارەکانی ڕابـــــــــردوو لە دەوروبەرمـــانە- شـــوێنەوارەکان، پەرســـتگاکان، تۆمـــارە نوســـراوەکان، بەرهەمە دەســـتییەکان و ...هتـــد، ئەوا ئەم ڕابـــردووە زەحـــمەتە پێبیگەیـــت، بە شـــێوەیەکی دەرەکـــی دەمێنێـــتەوە بە شـــێوەیەکی ڕوولەزیـــادبوو ســـەبارەت بە ئێمە. لە هەمان کاتدا هۆکارگەلێکی زۆر هەیە هانماندەدات، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەیـن پێویسـتمان بەو ڕابـردووە هەیە. ئەگەرچی تەنها وەک جۆرێک لەنگەرگرتن بێت. ئەمە لەکاتێکـــدا ئەوە دەگەیەنێـــت لەمـــڕۆدا پەیوەنـــدیمان بە ڕابـــردووەوە سیاســـی و ئایـــدۆلۆژی و جێینـــاکۆکی و پارچەپـــارچە بـــووە، بەڵکـــو هەلپەرســـتییەکە زۆر زیـــاتر لەوەی لە چاخە کۆنەکاندا هەبوو.

ئەمە دیاردەیەکی چوارچێوە جیهانییە، شتێکی بنەڕەتییە سەبارەت بە ناسیۆنالیزم. لەکاتێکدا چین جارێکیتر ئەو نموونەیە فەراهەم دەکات، کە زیاتر جێی سەرنجدانە، بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. حکومەت ساڵی جارێک نمایشێکی تەلەفزیۆنی زەبەلاح نیشاندەدات، بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بەردەوام دەبێت، جەماوەرێکی زۆری هەیە، هەموو گەلە جیاوازەکانی تێیدا دەردەکەون کە کۆماری چینی میللییان لێپێکدێت. ئەو شتەی کە زۆر دیارە لەم نمایشە درێژەدا بریتیە لە جیاکارییەکی توند لەنێوان گەلی (هانی) مەزن و کەمینەکانی تردا. بە شێوەیەکی ئاسایی دەخوازرێت کەمینەکان بە جلی نەریتی و کولتوورییی خۆیانەوە دەربکەون، کە جلی بریقدار ڕەنگاوڕەنگن، کە لە ڕاستیدا دیمەنێکی زۆر جوان دروست دەکات. بەڵام (هان) خۆیان ناکرێت بە جلی نەریتی و کولتوورییەوە دەربکەون. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی وێنە مێژووییەکان و تۆمارەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە جلوبەرگەکانی گەلی (هان) چەندە ڕەنگاوڕەنگ و جوان بوون. بەم شێوەیە پیاوەکان دەردەکەون، بۆ نموونە بە جلوبەرگی کارکردنەوە، کە لە مۆدێلی ئیتاڵیی و فەڕەنسییەوە وەرگیراون، کە هیچ شتێکی تێدا نیە ئاماژە بە گەلی (هان) بکات. بەم شێوەیە (هان) وا دەردەکەوێت کە ئاییندەن، کەمیینەکانیش بریتین لە مێژوو لە تابلۆیەکی تەواو سیاسییدا، ئەگەرچی ئەمەش بە شێوەیەکی تەواو ئاگاییانە نەبێت. ئەم ڕابردووە کەوا

کەمینەکان نیشانەیەکی ڕوونی ئەون، هەروەها بەشێکە لە ڕابردوویەکی گەورە، کە لە ڕێگەیەوە ڕەوایەتی دەدرێت بەو پارچە زەویەی کە دەوڵەتی چینی لەسەر وەستاوە. ئەمەش وایلێدەکات ڕابردوویەکی چینیی بێت.

سروشتییە لە نموونەی ئەم جۆرە لە وتاری فەرمییدا، ڕابردوو باشتربێت هەرچەندە کۆن بێت. دەکرێت بە چاوێکی سەرنجدانەوە سەیری ئەم دیاردەیە بکەین. ئەگەر لە هەندێک لە شێوەکانی ئەو شوێنەوارانە وردبینەوە، کە دەوڵەت چاودێرییان دەکات. یەکێک لە نامۆترین ئەم شێوانە وەک پەرچەکردارێک دەرکەوت لەسەر ئەو تیۆرەی کە قەبوڵکردنێکی فراوانی هەیە، ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەگەزی مرۆیی ئەگەری زۆرە لەو شوێنەدا دەرکەوتبێت، کە ئەمڕۆ بە خۆرهەڵاتی ئەفریقیا دەناسرێت. ڕوونیشە ئەمە بیرۆکەیەکی باش نییە لە بازنە فەرمییەکاندا، کە پێشینەکانی گەلی (هان)ی مەزن گەلی ڕەسەن بن، پێشینەکانی هەموو گەلەکانی تر لە ئەفەریقیا ژیابن نەک لە چین، بە شێوەیەک کە خەریکە ناکرێت بە چینیی وەسف بکرێن. هەربۆیە داراییەکی زۆر تەرخانکرا بۆ تووێژینەوە لەناو سنووری چینی ئێستادا، لەبارەی هەندێک پاشماوەی ماددیی کەوا کۆنتربێت لە هەموو شتێک لە ئەفریقادا هەیە. لە هەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی تەواوەتی جیابۆتەوە. لێرەدا نیازی ئەوەم نیە لاقرتێ بە پەکین بکەم، لەگەڵ ئەوەی ئەمە تا ئەوپەڕی ڕادە دەڕوات، بەڵکو جەخت لە ئەگەری بەراوردکردنی بەغەیری خۆی

بکەمەوە. ئاسانترین شێوازیش بۆ خستنەڕووی ئەمە ئەوەیە بۆتانی باسبکەم کاتێک، کە من منداڵبووم لە ئیرلەندا، لە کتێبخانەیەکدا، کە کتێبی بەکارهاتووی دەفرۆشت دایکم کتێبێکی گەورەی منالانی بۆ دۆزیمەوە، ناونیشانەکەی مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی بوو. کە لە کۆتایی سەدەی نۆزیەمدا بڵاوکرابۆوە کاتێک کە هێشتا ئیرلەندا بەشێک بوو لە شانشینی بەریتانیای مەزن و ئیرلەندای یەکگرتوو. لە بەشی بەراییەکەیدا لەندەن پیشاندەدات، کە بەدوای مێژووی دێرین و هەرە کۆنی خۆیدا دەگەڕێت بە هەمان ئەو شێوەیەی کە لای پەکینییەکان دۆزیمانەوە. ئەم بەشە مشتومڕی داستانێکی زارەکی دەکات بە زمانی (گیلیی)، بەناوی مانگای گەنمڕەنگ، لە سەدەی یانزەهەمدا تۆمارکراوە، کاتێک کە هێشتا زمانی ئینگلیزی بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە. کاتێک گەورە بووم، بە ڕێکەوت چاپێکی دواتری هەمان ئەم کتێبەم بینییەوە، لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا بڵاوکرابۆوە. لەو کاتەدا بەشی زۆری ئیرلەندا سەربەخۆ بووبوو، مایەی سەرسامییش نیە کە ئەو بەشەی باس لە مانگای گەنمڕەنگ دەکات تێیدا نەمابوو، وەک ئەوەی هەر نەبوو بێت.

## جەنگی زمانەکان

با دواجاریش سەرنج لە شێوەیەکی تر لە ناسیۆنالیزم بدەین. وەک بزانم بریتییە لە شێوەیەکی ئەورووپی ڕەسەن،

بۆ ئەوەی بپرسم ئایا دەتوانین بڵێین کە هێشتا شێوەیەکی خۆرئـاواییە بەهەر مانـایەکی بەسـوود لە ماناکـان؟ ئەم شـێوەیە نـاودەنێم بە ***ناسـیۆنالیزمی زمـانەوانی***، کە لەسـەرەتای سـەدەی نـۆزدەیەمەوە لە ئیمراتـۆریەتە بنەماڵەییەکانی ئەوروپادا سەریهەڵدا، بنەما فەلسەفییەکانی لە تیۆرەکـانی (هێـردەر و ڕۆسـۆ)دا بینیـیەوە. بـاوەڕی بنچینەیـیش لای ئەم نەتەوایەتیـیە زمـانەوانییە ئەوەیە هەمـوو نەتەوەیەک مـافی ئەوەی هەیە خـاوەن زمـان و ڕۆشـنبیریی وێژەیـی تـایبەتی خـۆی بێـت، کە ئەم دووانە پێکەوە گوزارشـت لە بلیمەتیی مێژوویی ئەم گەلە دەکەن. لێرەشەوەیە ئەو وزە هەرە مەزنە تەرخانکراوە، بۆ دانـانی فەرهەنگی زۆری زمانەکان، کە پێشتر نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگـانە بوونیـان نەبـووە، وەک چیکـی، هەنگـاری، ئـۆکرانی، سـڕبی، پۆڵەنـدی، نەرویجـی و ...هتـد، لەگەڵ زیـادبوونێکی خـاو لە فێربـوونی خوێنـدنەوە لەلایەن گەلانەوە، نەریتە زارەکییەکـان گۆڕانیـان بەسـەردا هـات و چاپکران و بڵاوکرانەوە. ئەم بەرهەمانەش بەکارهێنران بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر زاڵبوونی زمانە گەورەکـانی تـردا، زمانەکـانی خـانەوادە ئیمپراتۆرییەکـان، وەک زمـانی عوسـمانیەکان، ئەڵمـانی، فەڕەنسـی، پاریسـی، ئینگلیـزی، دوواجـاریش ڕووسـیی مۆسـکۆڤی. ئەم هەڵمەتـانە سەرکەوتووبوون لە هەندێک کاتدا، هەندێک جـاری تـریش شکستیان هێنـا، چونکە ئەنجامەکە بە شێوەیەکی سیاسـی دیـاری دەکـرا لەهەر حاڵەتێکـدا. سـەرکەوتنەکانیش

زانراوبـوون، تـا ڕادەیەکـی دوور پێویسـت ناکـات لێـرەدا لەسـەریان بووەسـتین. بەڵام شکسـتەکان، نادیـار، جێـی بایەخپێدان بـوون. بۆ نموونە پـاریس سـەرکەتوو بـوو لە سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر سیستەمی قوتابخـانەیی، زۆربەی دەزگاکـانی بڵاوکـردنەوە، لەوەی زمـانگەلێکی زۆر بچـووکرانەوە کە پێشـتر بە شـێوەیەکی کرداری لە فەرەنسا بەکاردەهێنرا بۆ ئاستی شـێوەزار یـان زمـانە عامییەکـان. بەڵام مەدریـد هەمـان سـەرکەوتنی بەدەستنەهێنا لە گۆڕینی زمانگەلێکی زۆر، کە لەئیسـپانیادا بەکـاردەهێنران (وەک کەلکاتـالۆنی و گلیسـی) بـۆ ئەوەی بیانکـاتە تەنهـا شـێوەزارێک لە زمـانی قەشـتالی. بەڵام لەنـدەن، زۆر نزیکبـۆوە لە زاڵبـوونی تەواوەتـی بەسـەر زمـانی گیلیـی وەک زمـانێکی زینـدوو، بەڵام لەمـڕۆدا لە هەوڵی گەڕانەوەیەکی فراواندایە.

ئەگەر گەڕایـنەوە بـۆ ئاسـیا، پێکهـاتەیەکی مەزن دەبینیـنەوە، لە هەوڵەکـانی ناسـیۆنالیزمی زمـانەوانی، کە زۆر بەسـوودە لە لێکـۆڵینەوەی بەراوردکارییـدا. ئەم پێکهاتەیەش بۆ خۆی جەخت لە زەحمەتی بەرگیرکـردن دەکـاتەوە لەو بیـرۆکەیەی کە پێیـوایە یەک شـێوە ناسـیۆنالیزمی ئاسـیایی هەیە. فەرمانڕەواکـانی (میجـی) هەمـان ڕێگەی پاریسـیان گـرتەبەر، شـێوەزاری تۆکیۆیـان سـەپاند بەسـەر هەمـوو وڵاتـدا. هەمـوو شـێوەکانی تریـان بچووککردەوە بۆ تەنها شێوەزارێکی پەراوێزی، لە کاتێکدا زمـانی (کیوشـۆ)، کە قسـەی پێـدەکرا لە هۆنشـۆ، زانـراو

نەبـوو. ئـێمە ئاگـادارین لەو پرۆسـەیەش، کە بـووە هـۆی بچـووککردنەوەی کـانتۆنیە، هـۆکینیە، هاکـا و ...هتـد کە ئەمـانە زمـانگەلێکن لەخۆیانـدا. لە تایلەنـدیش، تایلەنـدیی بـــانکۆک زاڵبـــوو بەســـەر ئەوەی پێیـــان دەوترێـــت شێوەزارەکانی باکووری وڵات و باکووری خۆرهەڵاتیی و باشووریی، ئەو شێوەزارانەی کە خەڵکی بانکۆک نـایزانن. ڤێتنـام، ئەندەنوسـیاش نمایشـی دوو حـاڵەتی دووڕەگیـی سـەرنجراکێش دەکەن. لە حـاڵەتی یەکەمـدا، داگیـرکەرە فەڕەنسـییەکان ویسـتیان (مانـدرینی) لەنـاوبەرن بە سـەپاندنی پیتـی لاتینـی بەسـەر زمـانی ڤێتنامیـدا، لە خوێنـدنگەکان و خانەکـانی بڵاوکـردنەوە، کە سەرپەرشتییان دەکردن. لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و سـییەکاندا ناسیۆنالیسـتە ڤێتنامییەکـان بە شـێوەیەکی ڕوولەزیـادبوو ئەم شۆڕشـەیان قبوڵـدەکرد، پێـی فـراوان دەبـوون، هەسـتان بە دانـانی بنچینـەیەک بـۆ زانـین و نووسـین و خوێنـدنەوە بە زمـانی ڤێتنـامی لە چوارچێـوەیەکی بەرفراوانـدا، ئەمەش لە ڕێـگەی بڕینـی پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆ و جەوهەریـیەوە لەگەڵ نەریتـی ئەدەبی مۆرک چینی، کە سەدەکانی پێشوو ناسیوویەتی. بەڵام لە دوورگەکـانی هینـدی خـۆرهەڵاتی هۆڵەنـدی، حکومەتی داگیرکەر- کەوا گومانێکی زۆری هەبوو لەوەی زمـانی هۆڵەنـدی بەهـایەکی جیهـانی هەبێت، زۆر شـێلگیر بـوو لە خەرجکردنـی دارایـی پێویسـت بـۆ بڵاوکـردنەوەی زمـانی هۆڵەنـدی لە ئەرخەبیلـی زەبەلاحـدا-لە ڕێـگەی دروسـتکردنی شـێوەیەکی دیـاریکراو لە زمـانی کـۆنی

هـاوبەش لەنێـوان دوورگەکانـدا، کە بـرییتیە لە مەلاویە. لە کۆتاییەکـــانی ســـەدەی بیستەمیشـــدا، ناسیۆنالیســـتە ئەندەنووســـییەکان بڕیاریانـــدا ئەم زمـــانە، کە ئەمـــڕۆ پێیـدەوترێت ئەندەنووسـی، زمـانی نەتەوەیـی ڕاسـتەقینە بێت، بەمەش زمانە گەورەکانی تری وەک جاوی و وۆندی و مادوری و بۆگینی، گۆڕان بۆ تەنهـا زمـانێکی هەرێمـی. ســـەرەڕای ئەوەی زۆربەیـــان کۆنتربـــوون لە مەلاوی، هەندێکیشـــیان نەریتـــی ئەدەبـــی بەرزتریـــان هەبـــوو لە نەریتەکانی مەلاوی.

هەریەک لە هیند و فیلیپین -ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێـــت- شکســـتیان هێنـــا لە دروســـتکردنی زمـــانێکی ناسیۆنالیستیی قبوڵکراو بەگشتی. هێشـتا زمـانی داگیـرکەر -ئینگلیزی و ئەمریکی- زمـانی کـارا بـوون لای دەوڵەت و دەســـــتەبژێری نیشـــــتمانی. لەو دوو شوێنەشـــــدا ڕۆشنبیرییەکی ئەدەبیی بەهێـز هەیە، بە زمـانی ئینگلیـزی- ناسیۆنالیسـتی- کە سـازاوە لەگەڵ کولتوورەکـانی هینـد و بەنگالی و تامیلی و تاگالۆگی، سیبوانیدا. پاکستانی کۆنیش دابەش بـوو بـۆ دوو دەوڵەتـی جیـا، کە بە شـێوەیەکی هەنـدەکی هۆکـارەکەی بـریتییە لە سـەرکوکردنی زمـانی بەنگـالی لەلایەن کەراچیـیەوە، کە لە بەنگلادیـش بـووە بزوێنەر بۆ ناسیۆنالیزمێکی زمانەوانیی توندی هاوشێوەی ناسیۆنالیزمە زمانەوانییە بەراییەکان لە یۆنان و نەرویج و چیکۆسـلۆڤاکیای پێشـوو. بەڵام تەیمـوری خـۆرهەڵات، دەوڵەتـی ناسیۆنالیسـتی هەرە نـوێ لە ئاسـیا، سـەرەڕای

بچووکیی قەبارەکەی، زیاتر لە بیست کۆمەڵی ڕەگەزیی زمانەوانی لەخۆدەگریێت، زمانی پورتوگالیی هەڵبژارد وەک زمانێک بۆ دەوڵەتەکەی، هەروەها زمانێکی هاوبەشی سادەی هەڵبژارد (کە بریتییە لە تیتۆمی) زمانێک بۆ یەکێتیی نیشتمانی.

قورسە بگوترێت ناسیۆنالیزمی هیندی، یان ناسیۆنالیزمی تەیمووری خۆرهەڵات، یان ناسیۆنالیزمی ئەندۆنووسی، یان ناسیۆنالیزمی تایوانی ئەمڕۆ کەمتر شێلگیر و مەترسیدارن لە ناسیۆنالیزمی چینی، یان ناسیۆنالیزمی تایلەندی، یان ناسیۆنالیزمی ژاپۆنی، یان ناسیۆنالیزمی کۆری، بەدوای یەکدا. کاتێکیش پرسیار دەکرێت. چی دەکات مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، بەتایبەتی ئەمڕۆ؟ ئەوا ڕاڤەکردنەکە بە مەحاڵ دەمێنێتەوە بەبێ بیرکردنەوە، لە ڕۆڵی ئامڕازە ئەلەکترۆنییەکانی ڕاگەیاندندا، کە ئەمڕۆ لەلایەن زۆربەی مرۆڤەکانەوە پڕاکتیک دەکرێن و بەکاردەهێنرێن، کە ڕۆڵەکەی لە ڕۆڵی چاپەمەنیەکان زیاتر بووە، ئەویش لەبەرئەوەی تەلەفزیۆن دەکرێت وێنەکان و هێماکان یەکسەر بڵاوبکاتەوە، بە زمانە جیاوازەکان و گەیاندنی هەتا بە منداڵان، ئەوانەش کە خوێندنەوە نازانن. سەرەڕای ئەوەش، زۆرێک لە خەڵک بە چەندین شێوە لە کارامەیی ڕاهاتوون لەسەر بەکارهێنانی هەموو زمانەکان لە چێوە جیاوازەکاندا، بەبێ ئەوەی ئەمە هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ناسنامەی نەتەوایەتییاندا بهێنێت.

بەڵکــو دەکرێــت بووترێــت، وەک لە جێگەیەکــی تــردا کـــردم، پەیوەنـــدیکردنە ئەلەکترۆنیەکـــان لەگەڵ کـــۆچە بەلێشـــاوەکان، کە سیســـتمی ئـــابووریی جیهـــانی ئێســـتا دروستیکردووە، خەریکە شێوەیەکی نوێ لە ناسیۆنالیزم دروســـت دەکـــات، کە بە ناســـیۆنالیزمی مەودا دوورەکـــان ناوی دەبەم: ناسیۆنالیزمێک وەک پێشوو پشت نابەستێت بە پێگەیەکــی هەرێمــی یــان زەوی لە نیشــتماندا. ئەوەش لەبەرئەوەی هەنـــدێک لە توونـــدترین ناسیۆنالیســـتەکانی ســـیخەکان ئوســـتورالییەکانن، هەنـــدێک لە توونـــدترین ناسیۆنالیستەکانی کروات کەندەیین، هەندێک لەتووندنترین نەتەوەخـــوازە جەزائیرییەکـــان فەڕەنســـیین، هەنـــدێک لە توونـدترین ناسیۆنالیستە چینییەکان ئەمریکین. ئەنتەرنێت و خزمەتگوزارییە بانکیەکان، گەشتی نێودەوڵەتی هەرزان بۆ ئەم جۆرە خەڵکانە، بواری ئەوەیان بۆ دەڕەخسێنێت کـــــار لە سیاســـــەتی وڵاتە بنچینەییەکانیـــــان بـــــکەن کاریگەرییەکی توند، هەتا ئەگەر نیازی ئەوەشیان نەبێت لەوێ بژین. ئەمەش هۆکارێکی تـرە بـۆ ئەو بـڕوایەی کە هەر جیاکـــارییەکی توونـــد و بـــڕەر لەنێـــوان نەتەوایەتـــی ئاسیایی، نەتەوایەتی ئەوروپی دوورە لە ڕاستیەوە.

## پەراوێزەکان:

1- Tessa Morris-Suzuki, Re-Inventing Japan: Time, Space, Nation, Armonk, NY 1998.

2- گەڕانەوەی میجی (Meiji Restoration)، یان چاکسازی میجی، ماوەیەکی گوێزانەوەیە لە مێژووی ژاپۆن، لە سییەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، کە تێیدا وڵات وەرچەرخانێکی ڕیشەیی بەرفراوانی بەخۆوە بینی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، دوای زیاتر لە دوو سەدە لە حوکمی شۆگنیی خێزانی تۆکۆگاوا. ئەم گەڕانەوەیە بووە هۆی حوکمی خێزانی تۆکۆگاواو ماوەی ئیدۆ، دوای ئەو وڵات چووە قۆناغێکی هاوچەرخەوە. شۆگۆنییەتیش (shogunate) لە شۆگن (shogun)وە هاتووە، ئەویش ئەو نازناوەیە، کە بە حاکمی سەربازی ژاپۆنی دەوترا هەر لەساڵی 1192 هەتا کۆتایی ماوەی ئیدۆ ساڵی 1868.

3-ئیمپراتۆریەتی بێوەژن یان ئیمپراتۆریەتی دایکی چین زیاتر لە 47 ساڵ فەرمانڕەواییکرد لەساڵی 1861تا مردنی لەساڵی 1908.

4- لی تا چاو (1888-1927) یەکێکە لەدامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی چینی، مامۆستا بوو لە زانکۆی پەکیین، شۆڕشی ڕووسی وایلێکرد لێکۆڵینەوە لە مارکسیزم بکات. بەرهەمە فیکریەکانی لەسەر شۆڕشی جووتیارە هەژارەکان دیارە لای ماو تسی تۆنگ.

5- ئیسماعیل ئەنوەر پاشا، لەلای خۆرئاوا بەناوی ئەنوەر پاشاوە ناراوە (1881-1922)، سەرکردەیەکی سەربازی بوو عوسمانی بوو. لە ئیستەنبوڵ لەدایک بووە، کۆلیژی سەربازی تەواوکردووە. پەیوەندی بە حزبی ئیتیحاد و تەرەقییەوە

کـــردوەە، بەشـــداری لە شۆڕشـــی 1908 کـــردووە لە دژی دەســـەڵاتی عوســـمانی، هەروەک چـۆن بەشـداری لە جەنگـی تەرابلــوس کــردووە لە دژی ئیتاڵیەکــان پاشــان چــووە بــۆ ئیسـتەمبوول بـۆتە وەزیـری بەرگـری لە دەوڵەتـی عوسـمانیدا. لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا سـەرکردایەتی سـوپای سێی عوسمانی کردووە، لە دژی ڕوەکان، لەجەنگی قەوقازدا، پاشـان ڕووبەڕووی هێرشی بەریتانی بۆتەوە لە عێراق سـەرکردایەتی هێزە عوسـمانیەکانی کردووە لە عێراق، سـەرکەوتوو بـووە لە شـکاندنی سـوپای بەریتـانی و نەیهێشـتووە بێتە نـاو بەغـدادوە لەساڵی 1916، بەڵام زۆری نەبرد پاشەکشەی کردوو تێکشکا، ئینگلیـز تـوانی سـاڵی 1917 بەغـداد داگیربکـات، لە بوخـاری کــوژراوە لە جەنگێکــدا لە دژی بەلشـــەفیەکان لە ناوەڕاســتی ئاسـیا سـاڵی 1922، ئەنـوەر پاشـا، بە یەکێـک لە سـەرکردە عوسـمانیەکان دادەنرێتن کە پلانـی جینۆسـایدکردنی ئەرمەن و ئاشووریەکان داڕشتووە.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان، ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلي مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕداره تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | ڕەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشيعي في الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | ڕێبین ڕەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | ڕێبین ڕەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئاییندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |
| 211 | داعشیزم خەلافەت و تیرۆر | ئەسعەد جەباری | 2017 |
| 212 | شارە زەردەواڵە | موعتەسەم نەجمەدین | 2017 |
| 213 | لەبارەی خوو رەفتاری مرۆڤەوە | وەهاب حەسیب | 2017 |
| 214 | کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | نەوزاد عەلی | 2017 |
| 215 | شارنشینی رۆژهەڵاتی ناوین | چنور فەتحی - وریا غەفوری | 2017 |
| 216 | بەخشین رێگایەک بۆ گۆڕینی جیهان | بیل کلینتۆن | 2017 |
| 217 | هێزی بێهێزەکان | ڤاتسلاڤ هاڤڵ | 2017 |
| 218 | رۆڵی سیاسی کەمینەکان | د. موسڵیح خزر جبوری | 2017 |
| 219 | ئەدەبیات ئەمەیە | پێشەوا فەتاح | 2017 |
| 220 | جوانییەکانی وەرگر | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا | 2017 |
| 221 | کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سۆسیال دیموکرات | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 222 | ئەلف بێ | ژیل دۆلۆز ، کلەیر پارنێت | 2017 |
| 223 | بزووتنەوەی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ | ئێرنست مەندڵ | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | جۆن جەی میرشەمیر | بۆچی سەرکردەکان درۆ دەکەن؟ | 224 |
| 2017 | فوئاد سدیق | خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ ئیسلامناسی | 225 |
| 2017 | ئالوین تافلەر و هایدی تافلەر | جەنگ و دژە جەنگ | 226 |
| 2017 | هاوکار عەبدوڵڵا | داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا | 227 |
| 2017 | مایکڵ بوراوۆی | مارکسیزمی سۆسیۆلۆژییانە | 228 |
| 2017 | ئەکرەم میهرداد | سنوورەکانی سیاسەت و دیموکراسی لە کوردستان | 229 |
| 2017 | مێهرداد سەمەدزادە | ئەزموونی عەلمانییەت لە هندستان | 230 |
| 2017 | جۆن مالینۆ | ئەنارشیزم لە ڕوانگەی ڕەخنەی مارکسیزمەوە | 231 |
| 2017 | ماری لیمۆنییە، ئۆد لانسۆلین | فەیلەسوفان و عەشق | 232 |
| 2017 | کەریم یەڵدز | کوردەکانی سووریا نەتەوەیەکی لەبیرکراو | 233 |
| 2017 | هیڵمۆت ڕایش | مۆدێلی بەرهەمهێنانی ئاسیایی | 234 |
| 2017 | میشێل فۆکۆ | شوێنەکانی تر | 235 |
| 2017 | فرەدریک ئەنگڵس | سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی یۆتۆپی | 236 |
| 2017 | جۆرج باتای | تیۆری ئایین | 237 |
| 2017 | پۆل ریکۆر | خۆشەویستی و دادپەروەریی | 238 |
| 2017 | مارتین هایدگەر | فەلسەفەو میتافیزیکا چییە؟ | 239 |
| 2017 | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل | فەلسەفەکار و سیاسەت | 240 |
| 2017 | هانا ئارێنت | حەقیقەتو سیاسەتو ئێمەی پەنابەر | 241 |
| 2017 | ئەنوەر حسێن (بازگر) | کورد لەناو عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجیندا | 242 |
| 2017 | پیتەر کیڤیستۆ | هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی | 243 |
| 2017 | ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد | مێژووی بزاڤی چەپ لە ئێران | 244 |
| 2017 | کاوە تەیب جەلال | کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان 1976-1988 | 245 |
| 2017 | ڕێباز عبدالکریم قادر | پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 246 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 247 | کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران _کۆمەڵە(سازکا) (1969_1988) | شەیما سەعید حمەلاو | 2017 |
| 248 | لە سوقراتەوە تا سارتەر | ت.ز.لاڤین | 2017 |
| 249 | چەپ و ئیسلام و تیرۆر | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 250 | پۆپۆلیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 251 | فێمینیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2017 |
| 252 | کۆنگرەی نەیەوەیی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 253 | دادگا لەتراژیدیاوە بۆ ئینتیما | نەبەز محەمەد | 2018 |
| 254 | فاشیزم | کۆمەڵێک نووسەر | 2018 |

iDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە